قورئانیە کان

گومانەکانیان لەبارەی سوننەت

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نوسینی

خادم حسين إلهي بخش

وەرگێڕانی

بـلال جـلال حـداد

ڕێبوار فتاح احمد

پێداچوونەوەی

• مامۆستا خليل أحمد •

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

قورئانیەکان

گومانەکانیان لەبارەی سوننەت

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: قورئانیەکان و گومانەکانیان لەبارەی سوننەت

نوسینی : خادم حسین اللهی بخش

وەرگێڕانی: بیلال جلال حداد و رێبوار فتاح احمد

پێداچونەوەی: م. خلیل احمد

نۆرەی چاپ: دووەم

ساڵی چاپ:2021زاینی- 1442کۆچی

قەبارەی لاپەڕە:17*24

تیراژ:(1000) دانە

ژمارەی سپاردنی (112)ی ساڵی (2018)ی وەزارەتی پۆشنبیری حکومەتی هەرێمی پێدراوە.

Tishk For typography Distributing تیشک

ناوەندی تیشک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

Tishk.libray Tel: 07701432113_07501178680

قورئانیەکان

و

گومانەکانیان لەبارەی سوننەت

نوسینی: خادم حسین اللهی بخش

پێداچونەوە: مامۆستا خلیل أحمد

وەرگێران: بـلال جلال حداد

ڕێیوار فتاح أحمد


بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەش :

بەو موسڵمانانەی لە غوربەتی سونندا ، بە سوننەت ئاشنان .

بەو نەوە نوێیانەی ، قورئانی پیرۆز و سوننەتیان لە دڵیاندا هەڵگرتووە .

بەو مامۆستا ماندونەناسانەی خزمەتی قورئان و سوننەت دەکەن .

بەو دڵسۆزانەی هەرکاتێ بەڵگەی سوننەتیان بینی ، قبوڵی دەکەن .

بە تۆی خوێنەر ، کە لەم سەردەمی دوری لە کتێبەدا ، کتێب دەخوێنیتەوە .

بە هەموو خوێنەرێك بەدوای ڕاستیدا بگەرێ . .

پێشەکی وەرگێڕ[١]

بەناوی خوای گەورە و خالقمان، پەروەردگاری ڕۆزی دەرمان، خاوەن و ژێنەر و بەخشەرمان، سوپاسێ تا ڕازی دەبێ لێمان، سەلام و صەلاوات بۆ سەر گیانی خۆشەویستمان ﷺ، لەسەر ئال و بەیت و هاوەڵان، لە کۆچبەران و پشتیوانان، لەسەر هەرکەسێ دەبێتە پشتگیر لەبۆ سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ.

پاشان:

لەبەر گرنگی کتێبەکە، بەندە شتێکی وام نیە و شایستەی قسە کردنیش نیم، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەم کارە پێویستە شتێك عەرزی خوێنەری بەڕێز بکەم..

ئەم کتێبە باسی میژوویی تێدایە، پێناسە و کەسایەتی تێدایە، فیکر و فەلسەفە و بۆچوونی جیاوازی تێدایە، أصول و فیقە و زمان و ئەدەب و زۆر شتی تریش دێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەم مەیدانی ململانێی فیکریەش نەفەس و دیدگا و عەقڵ و دین و ئەخلاق و زۆر شتی تریش دەبنە سەرباز بۆ خاوەنەکەی، لەوانەیە لە یەکێك لەسەنگەرەکانەوە سەربازەکان بەهێز بن و تۆکمەیی و قووەت ببەخشنە خاوەن سوپا، لەوانەشە پێچەوانە بێت و ببنە هۆی لاوازیی سوپا سالار، خۆ لە سەرەتا و کۆتایشدا هەر سەرۆك بەرپرسە بۆ نەنگی و بۆ سەرکەوتنیش..!

بە کورتی، کاری من چی بوو؟!

---

(١) لێرەوە سوپاسی برای بەڕێزم م. ڕێبوار دەکەم کە ئیجازەی داوە ئەم وتانە هی هەردوکمان بێت.. وفقه الله

وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانە خۆی بۆ خۆی ئاسان نیە لەبەر هەمەڕەنگی باس و خواسەکانی و جۆراو جۆری زاراوە و مشتومڕەکانیشی لەلایەك، کەمی و زۆری زمانەکەی خۆشمان کە هەندێ جار پێتێك بە دێڕێك و وشەیەك بە زیاتر دەبێ بکرێتە کوردی تاوەکو مانا و ئامانجی بابەتەکە بگاتە خوێنەری بەڕێز، لەلایەکی ترەوە هەندێ جار وشەکانم بە عەرەبی هێشتۆتەوە، چونکە بەو شێوەیەش لای خوێنەری کورد ئاشناترە، نمونەی (حەدد=سنورەکان ، ئاحاد=ڕیوایەتی جگە لە متواتر ، راوی=گێڕەرەوە ، . . . .) هەندێ جار هەر ئەمانەشم کردووە بەکوردی بۆ خزمەتی وشەکان.

هەندێ شت کە سودی زۆری بۆ ئێمە نیە نەمنوسیوەتەوە، نمونەی ئەو ڕێگرییانەی کە هاتوونەتە پێش بۆ نوسەر لەکاتی لێکۆڵینەوەکەیدا، ئەوە تەوفیرێکی نیە بینوسین یان نا، بەڵام ئاماژەمان پێ کردووە.

تا توانیبێتمان هەڵە چنی وشەکانمان کردووە، بەڵام پێ دەچێ هەر شتی هەڵە و نوسینەکی مابێتەوە، ئەوەش لە هەموو کتێبێکدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، کە هیوادارم کەم بوو بێت.

هەندێ جار لەوانەیە ڕێکی لە دەربڕینەکاندا بەئاسانی دەستت نەکەوێ، ئەوە لەبەر :

یەکەم: عەرەبیەکەش ڕەکیك و وشك بووە.

دووەم: کاتێ کردومانە بە کوردی، ڕەکیك بووەتەوە.

سێیەم: بابەتەکە فیکری و کەلامی و فەلسەفی و. . . بێت، چاوەڕێی ئەو ڕەکاکەتەی نارێکی لێ دەکرێت. .

هەروەها هەندێ جار وشەیەکم پێناسە کردووە بۆ ناسین و ئاشنابوون پێی، هەندێ جاریش کوردیەکەی نامۆبووە، جا عەرەبیەکەم لە پەراوێز داناوە.

بۆناوی ئەم گروپە، هەندێ جار بە (قورئانی) و هەندی جار بە (نەیاری سوننەت) و هەندێ جار بە (نکۆلێکاری سوننەت) و هەندێ جاریش بە (دژەسوننەت) و هەندێ جاریش (بەناوقورئانی) ناویانمان وەرگێراوە هەریەك لەبەر هۆکارێکە، وەکو بانگەشەی خۆیان یەکەم، وەکو نەرمی نواندن دووەم، و وەکو وەصفیی کرداریان سێیەم، و وەکو نەنگی کارەکەیان چوارەم.

هەندێ جار دەربڕینی جیاوازمان بەکارهێناوە یان بڵێین کەمێ زاراوە و شێوەزارەکانی کوردیمان تێدا بەکار هێناوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەرناوچەیەك پشکی خۆی تێدا ببینێتەوە، خۆ دەکرێ لەم ڕووەوە هەندێ هەڵە یان نەنگی دروست بووبێت..!

لە کۆتاییدا کەمێ لەسەر بابەت و فیرقەکەش بێژین..

ئەم گروپە لە بەناوی قورئانیەکانەوە، پێویستە بناسرێن بە نەوە و باوان و خەڵك و مەلا و مامۆستایان و چینەکانی تریش، لەبەر ئەوەی ڕادەی دینداری و زانستی و تێگەیشتن و تەبایی و سەربەخۆیی و ڕەفتار و ئامانج و زۆر شتی تریش بۆ خەڵکی ڕوون ببێتەوە تاڵ بێت یان شیرین، چونکە ئەوە ڕەوتێکە و هاتووە..!

جا ئەوەی تێدایە، کوردستان وەکو سیفەتی هەمیشەیی لەم ڕەوتەشدا زۆر دواکەوتووە وەکو باقی بوارەکانی تری ئاینی وسیاسی و فکری، ئەم ڕەوتەش هاوردەیە و هەندێ تەرزی کۆنی شوێنانی تر و دەردخواردی نەوەی نوێ دەدرێتەوە.

بۆچی ئەم کتێبەمان وەرگێرا . . ؟!

بیرمە لە ساڵی ٢٠١٠ لە سەفەرێکی وڵاتی ئەردەندا کەمێ لە بۆن وبەرامی ئەم گروپەم هەست پێ کرد، کە هاتمەوە هەستم بە بونی شتێکی وەها کرد لە زانکۆدا دەجوڵێنرێ، ئەوە بوو برایەك نوسراوێکی چەند پەڕەی بۆ هێنام لەشارێکی کوردستانەوە، کە ئەمانە نکۆڵی هەندێ سوننەت دەکەن، چ دەڵێن و مامۆستایان وەڵامی گومانی ئەمانە بدەنەوە باشە . . !

ئەوە بوو لە گۆڤاری زانستدا کە گۆڤارێکی زانکۆیی بوو، چەند بابەتێکم لەسەر نوسی، پاشان لە ساڵی ٢٠١٥ – ٢٠١٦ لە گۆڤاری (وەڵام)دا چەند بابەتێکی ترم لەسەر نوسینەوە ، لەسەر بۆچوون و گومانەکانیان .

هەروەها لە ئینتەرنێتەوە، هەندێ ململانێ و هەندێ وەڵام و بێنەوبە لە نێوانماندا هەیە، هەندێ هاوڕێیەتی و هەندێکی ڕوبەڕوبونەوەمان هەیە، ئەوە بوو دوای چەندان نوسینی بابەتی، و چەندین دێڕی کورت و تەنز ئامێز و چەندین وێنە پۆستەرمان لەسەر بڵاوکردنەوە، کە دەرەنجام هێرش کرایە سەر فەیسبوکەکەم و سوتێنرا، ئەڵبەتە ناوْمنا تیرۆرکراو لەبەر ئەوەی لەبەر ململانێی فیکری لەناو برا . .

سوپاس بۆ خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان کردین، داواکارم لێمان قبوڵ بفەرموێ، کەموکورتیەکانمان لێ ببورێ، هەرکەسێك تێبینی یان ڕەخنە یان چاکسازیەکی پێ باشبوو، سوپاسی دەکەین بۆمان بنێرێت و خودا پاداشتی هەمو لایەك بەخێر بداتەوە .

بـــلال جـــلال حـــداد

کوردستان ـ گەرمیان – کەلار

٢٠١٧/٣/١٨

قورئانیەکان[١]

گومانەکانیان لەبارەی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ

پێشەکی

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، صەلاوات و سەلام لەسەر بەرێزترینی پەیامبەران و نێردراوان، سەید و پێشەوا و پێغەمبەرمان محمد و ئال و بەیت و هاوەڵانی پاك و باشی، وەلەسەر هەرکەسێك رێگەی ئەوان بگرێتەبەر و هێڵکاری رێگەیان بگرێت و ڕێبازی ئەوان بگرێت هەتا رۆژی پاداشت و سزا.

پاشان: بێ گومان کتێبی خوای گەورە (قورئانی پیرۆز) بریتیە لە سەرچاوەی یەکەمی تەشریع و یاساکانی ئاینی ئیسلام، و سوننەتیش سەرچاوەی دووەمە پاش قورئانی پیرۆز، ئەحکامەکانی ڕونکردۆتەوە، گشتگیرەکانی ڕەوان کردووە، کە بریتیە لە جێ بەجێ کردنی کرداری بۆ داخوازیەکانی پەروەردگارمان، لەسەر دەستی کۆتای پەیامبەران ﷺ، بێ گومان خوای گەورە گرەنتی پاراستنی کتێبی خۆی (قورئانی پیرۆز)ی لە ئەستۆی خۆی گرتووە لەوەی بگۆڕدرێ و بەلاڕێدا ببرێت، یان زیادبکرێت یان کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەستورێکی زیندوو بێت بە درێژایی سەردەمان و ڕۆژگار، هەرچۆن پەروەردگارمان زانایانی جەربەزەی ئەم ئومەتەی هەر لە هاوەڵان و تابعینەوە (شوێنکەوتوان) و شوێنکەوانی دواتریش لە

---

(١) (ئەم نوسینە کتێبی (القرآنیون و شبهاتهم علی السنة) یەك بەرگی قەبارە گەورەیە ، لە نوسینی (خادم حسین ئیلاهی بەخش) کە پرۆفیسۆری یاریدەر بووە لە زانکۆی (أم القری) کۆلێژی پەروەردە لە شاری (طائف). لەم پێشەکیەدا هەندێ گۆڕانکاریم کردووە بۆ گونجاندنی حالی واقعی خۆمان وەکو ئەمانەتی زانستی ئەمە دەڵێم.

فەرمودەناسان و فەقیهەکان بوونە کەفیلی پاڕێزگاری لە ڕونکاری ئەو دەستوورە (سوننەت)، هەرچۆن لە (معصوم ﷺ)ەوە گواستراوەتەوە، جا موسڵمانان دینداریان پێ کردووە هاوڕێ لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، هەر لەساتی ناردنی پێغەمبەرەوە ﷺ تاوەکو ئەو ڕۆژەی خوا کۆتایی بە زەوی و دانیشتوانی دەهێنێت.

بەڵام دوژمنانی ئومەتی ئیسلامی ئۆقرەیان نەگرتووە لەتاو ئەوپێشکەوتن و سەرکەوتنانەی موسڵمانان، بۆیە پیلانیان گێڕاوە بۆ داروخاندنی بنچینەکانی ئیسلام و گوماناوی کردنی موسڵمانان لەبەرامبەر ئاینەکەیاندا، جا بێ گومان سەختبوو لەسەریان کە زاڵ ببن بەسەر لەناوبردنی قورئاندا، بۆیە ڕووی تیرە ژەهراویەکانیان کردۆتە سوننەت کە هەوڵی تێکدانی بدەن و گومانی لەسەر دروست بکەن، بۆ ئەم مەبەستەشیان چەندین ڕێگەی جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ نکۆڵی کردنی سوننەت بە ورد و درشتیەوە پاش ئەوەی هەوڵی تەواویان داوە بۆ گوماناوی کردنی سوننەت.

هەندێکیان بە بیانوی ئەوەی کتێبی پڕ نرخ (قورئانی پیرۆز) هەموو ئەو شت و یاسا و بابەتانەی تێدایە کە موسڵمانان پێویستیان پێیەتی بە ورد و درشتیەوە، بەمەش هیچ دەرفەتێك نیە بۆئەوەی سوننەت بکرێت بە سەرچاوەی شەریعەت و حوکم و یاسای لێ هەڵگۆزرێت، چونکە سوننەت وەحی خوای گەورە نەبووە دابەزێنرابێت، بەڕاستی هیچ بواریك نیە بۆ موسڵمان جگە لە شوێنکەوتنی ئەوەی خودا نازڵی کردوە (کە تەنها قورئانە)، هەروەها گێڕانەوەی حوکم و یاسا بۆ سوننەت و دادوەری پێ کردنی سەردەکێشێ بۆ هاوەڵگەرایی و شیرك بۆ خوادانان لە یاسادا، ئەوەش خودا ڕێگری لێ کردووە بەم فەرمایشتە (ان الحکم الا لله)،

سەرباری ئەوەی سوننەت لای پێغەمبەر ﷺ بریتی نەبووە لە شەرع و ئاین، چونکە هاوەڵانیش هەروا تێگەیشتون کە شەرع نەبێت، بۆیە ڕێگریان لێ کراوە سوننەت بنوسنەوە.

جا بێگومان فەرموودە چۆنێتیەك بووە بۆ هەلومەرجەکانی سەرەتای ناردنی ئیسلام کە ڕێنمونی ئەو کەسانەی کردووە کە لەوسەردەمە پێغەمبەریان بینیوە و لەگەڵیا ژیاون، هەروەها فەرمودەکان ڕەخنەیان لێ دەگیرێت لە هەردوو ڕوی (سەنەد و مەتنەوە)، (سەنەد = ڕەچەڵەك یان ڕێگای پیاوانی گێڕەرەوە)، (مەتن = دەقی فەرمودەکان)، و فەرمودەناسان تانەیان داوە لە پیاوانی گێڕەرەوە و دەقەکانی فەرمودەش، جا بەم پێیەش دەوترێ ئەوەی بۆچونی پیاوان (مرۆڤـ) تێکەڵ ببێت بێ گومان شایستە نیە بکرێتە ئاین.

هەرچۆن ئەم سوننەتە تۆوی پەرتەوازەیی لە نێو موسڵمانانداا چاندووە و یەکڕیزییانی تێکداوە، بەڵام قورئان پێداگیرە لەسەر یەکبوونی ئومەت و کۆکردنەوەی تێکڕای پێکهاتەکانی، جا هەر شتێك لابدات لە ئامانجەکانی داخوازی قورئان پێویستە ڕەدبکرێتەوە . . . هتد.

جا ئەم نکۆڵیانە لەوەی سوننەت سەرچاوەیەکی تەشریع و ئیسلامە میژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی، بەڵام سەرچاوەکانی میژو وردەکاریمان دەست ناخات لەدوای ئەو سەدەیەوە لەسەر تاکەکان و کۆمەڵانێ کە خۆیان بە ئیسلام پەروەر بزانن و بانگەشەی ڕیشەکێش کردنی سونەت بکەن، وە ئەو کەسانەی کە ئیمامی شافعی باسیانی کردوە کە لەمێژودا ون بوون و لە دوتوێی پەڕەکانی میژودا نەماون، اللهم جگە لە هەندی تاکی وەکو شیعەگەران، و نمونەی

ئەوەی ئیمامی السیوطي رحمه الله له بارەیەوه کتێبێکی نوسیوه (مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة).

پاشان له سەدەی سێیەمی هیجریدا بیری نکۆڵی کردنی سونەت به ورد و درشتیەوه شۆڕبویەوه بۆ هەندێ له ولاتانی عەرەبی و جگه له عەرەبیەکانیش وەکو له لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلات ناسەکاندا، وه شێوەیەکی ڕێکخراوی وەرگرت له نیمچه کیشوەری هیندی له ماوەکانی سەرەتایی سەدەی بیست، ئەوەبوو له هیندستان و پاکستان کۆمەڵێك سەریان هەڵدا که بانگەشەی نا پەسەندی (پشت به سونەت بەستن) یان راگەیاند له ڕووی تەشریع و یاسای ئیسلامەتیەوه، ناوی خۆیان نابوو (ئەهلی قورئان) لەبەر بۆچونیان که دەیانوت تەنها قورئانمان بەسه بۆ حوکم و یاسا دانان و پێویستمان به سوننەت نیه.

بێ گومان زانایانی ئەو ناوچەیه دژی ئەم بیروبۆچونه وەستانەوه به تەکفیر کردنی هەرکەسێك ئەو باوەڕەی هەبێ، دەستکرا به دەرکرنی چەندین فەتوا لەبارەیانەوه، وه دانانی ئەوکەسانەی بیری دژه سونەتیان هەیه به هاوکارانی داگیرکەران له لایەکی تردوه، ئەمه بەبێ ئەوەی دابنیشن گومان و لاڕێیەکانیان ڕون بکەنەوه و بەرپەرچی هەڵەکانیان بدەنەوه به ڕێگایەکی ڕازیکەر، یان ڕونکرنەوەی نەنگی ئەم بیره کلۆڵە، و لاڕێییەکەی و بۆچونه ناپەسەندە نامۆکانیان له ڕاڤەی قورئان و تەشریعاتی ئیسلامیشدا.

جا نەمبینیوە کەسێك پێشم کەوتبێت لە نوسینێکی وەها دریژ و بابەتیانە لەسەر (قورئانیەکان)[١] مەگەر (المودودي رحمه الله) کە نوسینی هەیە لە پوچەڵ کردنەوەی هەندێ لە گومانەکانیان لەسەر سوننەت، هەروەها نوسەر (إفتخار أحمد بلخي) کە لەسەر هەندێ بۆچوونی تەشریعیان نوسیویەتی.

لە ڕاستیدا ئەوەی پاڵنەری بەندە بوو بۆ ڕۆشتنە نێو بابەتی (أهل القرآن له باکستان و موفق الإسلام منها)[٢]، چەند خاڵێك بوو، لەوانە:

١. پشتیوانی لە سەرچاوەی تەشریعی ئیسلام، وە ڕونکردنەوەی هەقیقەتی ئەوانەی کە نکۆڵی لە بەڵگەبوونی سوننەت دەکەن بە وردودرشتیەوە، و هەوڵەکانیان بۆ زاڵکردنی گومانەکانیان بەسەر سوننەتدا، لەگەڵ پیشاندانی هەندێ بۆچوونیان لە بابەتی یاسادانانی شەرعی (تەشریع) و بیروباوەڕیان وەکو سەرەنجامی ئەو نکۆڵیانە، تاوتوێم کردوە بە پێی بنچینەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، بە پێی بەڵگەی دەقی (نەقڵ) و ژیریاری (عەقڵ).

٢. ئەوەش پاڵنەرم بوو، کە هەندێ گەنجان و لاوانی موسڵمانان کەوتونەتە تۆڕی ڕاوی قورئانیەکانەوە، بەهۆی دڵپاکی خۆیانەوە کە پێنەگەشتون بە پێگەیشتنی خوازراوی ئیسلامەتی، بۆیە هەق و باتڵیان لێ تێکەڵ بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێزانینی نواندنەکەیان نەوەك بەنرخی کالاکەیان.

---

(١) لێرەوە بەدوا لە جیاتی ناوی (قورئانیەکان) پەسەندتر وایە ناوی (دژە سوننەت = نەیارانی سوننەت) یان بۆ بەکاربهێنرێت، وە نوسەری بەڕێزیش لە سەردەمێکی زووتردا ئەوەی بۆ بەکار هێناون، ئەگینا ئێستا نزیکەی کۆڕایی هەیە لەسەر ئەوەی ناوی گونجاو بۆ ئەم دەستەیە لە خەڵك (دژە سونەت = نەیاری سونەت) بێت، والله اعلم. (وەرگێڕ)

(٢) ناونیشانی کتێبەکەیەتی ماناکەی (ئەهلی قورئان لە پاکستان و هەڵوێستی ئیسلام لەبارەیانەوە).

٣ . دیاریەك بکەم بۆ کتێبخانەی ئیسلامی (زمان عەرەبییان) کە پیلانەکانی دوژمانی تێدا ڕون کرابێتەوە، و لابردنی دەمامکەکەیان بێت لەسەر هەقیقەتیان، بۆ ئەوەی نیازپاکان و دڵسۆزانیش بۆ دینی خودا ئاشنا بن بەو کەین و بەینەی لە دژی ئیسلام دەکرێت لە لایەن هەندێ لە نەیارانی نێو عەرەبزامانان .

٤ . گروپی (قادیانیەکان) و (بزوتنەوەی قورئانیەکان) لەیەك کات و ساتدا لە ڕیزی موسڵمانان قوت بونەوە و جیابوونەوە، کە گروپی یەکەمیان خزمەتکاری دوژمنانی ئیسلام بوو لەسەدەی چواردەی کۆچی دا (سەدەی بیستی زاینی) کە ئەمە لای هەموان ئاشکرایە و زانراوە، هەرزوو لە چالاکی خاوبونەوە و کەوتن لەبەر بلاّوبونەوەی هەواڵی دەرچونیان لە بازنەی ئیسلام، لە لایەکی ترەوە دەبێ بڵێین (قورئانییەکان) چالاکیەکانیان جگە لە هیندستان و پاکستان نەبردۆتە دەرەوە بۆ شوێنانی تر! بەڵام لەم سەردەی بیست و یەکدا لە ولاّتانی تریش و بگرە لە هیچ ولاّتێکدا نیە نمونەی تاك و تەرای ئەم (دژە سونەتانە) نەبینرێت، ئەمەش ئەو خوێندنەوە وردە دەردەخات کە لێکۆڵەران ئاماژەیان بە نەخۆشیەکە دەدا .

٥ . بیری نکۆڵی کردنی سوننەت لە نیمچە کیشوەری هیندی سیمای هەیمنە و دەسەلاّتی ڕۆژهەلاّتیانی پیشان دەدا (سۆفیەت و هاوشێوەکانی)، وە (دژە سوننەتەکان) لە پاکستاندا لە بانگەشەکارانی ئاشکرای بیری (ئیشتراکی) بوون لە سەروەت و سامان و ئابوری دا، ئەمەش لەبەر خرابی و گەندەڵی دابەشکردنی سەروەت و سامانی ئەم ولاّتە – کە بە یاسای ئیسلام کاریان نەدەکرد ـ ، جا ئەم

دوو بەرداشە[۱] موسڵمانانی دەهەنجنی. سەروەتەندانێ کە زیادەڕۆیی و بەفیڕۆدانی سامانی وڵات کاریان بوو کە هەزارەها کیلۆمەتر زەوی و زاری کشتوکاڵیان داگیرکردبوو، هەژارانیش بە ڕامااڵینی زەوی و دامااڵینی بەردەاڵن، لەبەر شۆستە و شەقامەکاندا لاواز بووبوون، پاروویی ڕۆژانەیان دەست نەدەکەوت، لەم پەنهانیەدا سەرکەوتنی بیری دژە سوننەتەکان بەدی دەکرێت.

لەم ساتە وەختانەدا قورئانیەکان (دژەسونەتەکان) داوای دامەزراندنی (ناوەندی میللەت) یان ڕاگەیاند بۆ ئەوەی ببێتە شوێنگرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و (مجلس التشریع)ی وڵاتانی ئیشتراکی، لەگەڵ چەندین بۆچوونی تر کە خزمەتی بە دوژمنانی ئیسلام دەکرد، وە دەسەاڵت بگرنە دەست لە ڕووی ماددی و هزریەوە، هەروەها سەربازگەی ڕۆژهەاڵت (معسکر الشرقي) ڕاستەوخۆ بیانوی دەبێ بۆ دەست تێوەردانی پاکستان و دەوروبەری، هەرچۆن لە ئەفغانستان ڕووی دا بە پاڵپشتی ئەم بیرۆکانە و جگە لەمانیش لە بیری ئیشتراکی.

ئێستاش لە وڵاتانی میصر و عیراق و سوریا و وڵاتانی تر، لە الیەن دەسەاڵتەوە هەمان تەنگژەی ئابووری هاتۆتە کایەوە، لە الیەنی فیکریشەوە هەمان ڕەوتی دژە سوننەت هاندەدرێت و چەندین کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و نوسین و بابەت و بااڵوکراوەی ئینتەرنێت[۲] و تۆڕەکۆمەاڵیەتیەکانی وەکو فیسبوك و تویتەر و سایتەکانی تریش، بۆ ئەوەی دەروازەی چەندین الڕێیی و بێ دینی تر بکەنەوە بۆ موسڵمانان، هەوڵی پەکخستنی پرۆژەی فێرکردن دەدرێت، دواتریش لەوانەیە بە

---

(۱) بەرداشی یەکەم زوڵم و ستەمی فەرمانڕەواکان و دوریان لە دادپەروەری ئیسالم، بەرداشی دووەم گومانەکانی بەناو قورئانی (دژە سوننەت)ەکان.

(۲) ئەم برگانە هی خۆمن بۆ گونجان و حاڵی ئێستای خەڵك بۆ باسەکان

ناوی هاوکاری و کۆمەکەوە بانگەشەی خاچپەرستی و نکۆڵی لە ئیسلام و سوننەت و بنچینەکان بێتە کایەوە، کە پێویستە ئێمە قۆڵی لێ هەڵماڵین و ئامادەی هەمو قوربانیەك بین تاوەکو ئەو تەوژمەی بەر ئێمە و سەردەمی ئێمە کەوتوە تێکۆشانی خۆمان بکەین و کاریشمان هەر بۆ لای خوای گەورە دەچێتەوە.

دەروازەی یەکەم

دوو بەش لە خۆ دەگرێت

بەشی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی قورئانیەکان.

دووەم:سەرچاوە مێژووییەکانی قورئانیەکان.

بەشی یەکەم

مێژووی سەرهەڵدانی قورئانیەکان

ئەمانەی لە خۆ گرتووە:

ئەلف: سەرهەڵدانی قورئانیەکان.

بـــاء : ژیاننامەی ناودارترین بانگخوازەکانیان.

جیم: گروپی قورئانیەکانی سەردەم.

دال : هەڵوێستی حکومەت و زانایان و میللەتان لەسەریان.

ئەلف

سەرهەڵدانی قورئانیەکان

بێ گومان تەوژمی بیرۆکەی (تەنها پشت بەستن بە قورئان) و بەبێ سوننەت بۆ تەشریعاتی ئیسلامی دەستی بە تەشەنەکردوە لە هیندستان ئەویش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بوو، دوابەدوای بلاوبونەوەی ئەو بانگەشە و بیرۆکانەی ئەندامانی بزوتنەوەکەی (السید أحمد خان)، ئەوەش کاریگەریەکانی بە زویی لە ناوچەی (بنجاب) لە ناوەڕاستەکانی هیندی یەکگرتوو بلاوبویەوە، بۆ نەگبەتی ئەم ناوچەیە هەردوو بزوتنەوەی نەنگی داڕوخێنەری ئیسلام لێرەدا سەرچاوەی گرتووە کە ئەوانیش (قادیانیەکان) و (قورئانیەکان = نەیارانی سوننەت)ن.

جا لە ساڵی ١٩٠٠ز لەم ناوچەیەدا (غلام أحمد قادیانی) دەستی کرد بە بانگەواز و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، هەروەها لەساڵی ١٩٠٢ز (غولام نەبی)ی ناسراو بە (عبدالله جەگرەلەوی) کە دامەزرێنەری بزوتنەوەی قورئانیەکانە دەستی کرد بە چالاکیە ڕوخێنەرەکانی خۆی، کە نکۆڵی هەموو سوننەتی کرد بە یەکجاری، کە مزگەوتی (جینیان والی) لە ناوچەی (لاهور)[1] ی کرد بە بنکە و مەڵبەندی

(١) (لاهور) ناوی شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی پاکستان و پایتەختی هەرێمی (بینجاب)ە.

بزوتنەوەکەی، ئەمە سەرباری ئاشوب و بەلای (أحمد رضا بەریلی)[١] کە نزیکبوو تەواوی هیندستان بگرێتەوە لەو کاتانەدا.

بزوتنەوەی (قورئانیەکان=نەیاری سوننەت) لەسەرەتادا دوو کەسایەتی سەرکردایەتیان دەکرد، (محب الحق عظيم آبادي)[٢] لە ناوچەی (بەهار)ی هیندستان، وە (عبدالله جەگرەلەوی) لە ناوچەی (لاهور) لە هەمانکاتدا، بەڵام ئەوەی هەبوو کە محب الحق لە کرداری ڕوکەشیەکانی ئیسلامدا زۆر جیاوازی نەبوو

---

(١) ئەو کەسەیە کە گروپی (بیرلەویەکان) دەدرێنە پاڵی و کە بزوتنەوەیەکە بەنێوی ئیسلامەوە، کە بەربلاوبوویەوە لەنێو هەموو چینەکانی پاکستان و هیندستان بە یەکسانی، بیریان وابوو هیچ گرفتێك نیە لە سوژدەبردن بۆ قەبر ئەگەر گەورە ڕاگرتنی مردوەکەش بێت، هاوشێوەی تری باوەڕەکانی دەرەوەی ئیسلامەتی..

دامەزرێنەری ئەم ڕەوتە کە (سەید أحمد رچا خان)ـە لە ١٨٦٥ز لە ناوچەی بەریلی لەدایك بووە لە هیند، لە ساڵی ١٩٢١ز کۆچی دوای کردووە، دەستی بالای هەبووە لە داتاشینی بیرۆکەی نائیسلامی و ئاخنینی بە ئیسلاما، لەوانە:

یەکەم: پێغەمبەری نوور بووە و هیچ سیفەتێکی مرۆڤی نەبووە.

دووەم: پێغەمبەر لە پەنهانی و غەیبی زانیوە.

سێیەم: پێغەمبەر لە یادی مەولود دا لە جەستەی مووبارەکی ئامادەدەبیت، ئەمیش بە دوو جاوی خۆی دەیبینێ (حاضر و ناظر).

چوارەم: پێغەمبەر سەرپشکە لە ڕەفتارکردن لە کەون و گەردووندا.

لە گۆڤاری (البیان) لاپەرە ٣٥ـ٤١ ژمارەی مانگی ڕەجەب و شەعبانی ١٣٩٩ ی کۆچی.

(٢) (الحافظ السيد محب الحق) کە دراوەتەپاڵ شاری عظیم آباد لە هیندستان، ناوچەی (بەهار) ی (بەتەنی)، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هاتۆتە دونیاوە، لەسەرەتاکانی کاردا حەنەفی مەزهەب بووە، لەسەر تەریقەی نەقشبەندی بووە لە تەصەوفدا، دواتر گۆڕا و لەو ڕێبازانەی پێشو لایدا بوبە ئەندامێکی سادەی گروپی نەیارانی سوننەت، چەندید نوسینی هەیە لەوانە:

١. دعوة الحق، ٢. شرعة الحق ٣. منهاج الحق، ٤. بلاغ الحق.، کتێبی یەکەم و دووەمی پێش ئەوەی ببێت بە قورئانی نوسیوە، سێیەم کتێبی لەکاتی ئەملاولاکردن و یەکلانەبوونەوە نوسیوە، چوارەمیشی لەکاتێ نوسیوە کە ئیتر باوەری بە سوننەت نەماوە بۆ وەرگرتنی دین.

لە هەردوو گۆڤاری (البیان) و (طلوع الاسلام) بابەتی بلاو دەکردەوە، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا کۆچی دوای کرد لە شاری (کراتشی) دوای سەربەخۆیی پاکستان.

لە کۆی موسڵمانان، بەڵکو هەڵدەستا بە کردارەکانی بەڵام لای وابوو کە هەموو ئەوانە دەتوانرێت لە قورئانی پیرۆزدا بدۆزرێتەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ سوننەتی شکۆدار[١]، ئەمەش وای کرد کە چاوی نەکەوێتە سەر و خەڵك واقی وڕنەمێنێ و توشی شۆك نەبن پێی، هێشتا سەرباری ئەوەی چەندین لادانی ئاشکرای لەسەر خۆی تۆمار کردوە، وەکو ئەو گوتەیەی: (خودایا بت پەرستی باوەڕبون بە بەرزەخ بسڕەوە هاوشێوەی سڕینەوەی پەیکەر پەرستی لە کەعبەدا)[٢]، وە نکۆڵی دەکرد لە پێگەی ئیمامەت لە ئیسلامدا بە بیانوی ئەوەی لە قورئاندا نەهاتووە و لەسەر بنچینەی سوونەت دارێژراوە. . . هتد، کە دواتر دەچینە سەری.

بەڵام (عبدالله جەگرەلەوی) هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ڕێبازی حۆی جیاوازکردوە لە موسڵمانان، لە ڕاجیایی لە بارەی پایەی دووەمی ئیسلام (نوێژ)ەوە بیگرە تا گەشتە ئەوەی گرۆیەکی تازەی دامەزراند بەناوی (أهل الذکر و القرآن)، ئەمەش تا کات زیاتر تێدەپەڕی ڕاجیاوازی زۆرتر دەکەوتە نێوان نەیارانی سوننەت و موسڵمانان، بەم شێوەیە عبدالله جەگرەلەوی بناغەی حیزبەکەی دانا کە تەنها پشت بە قورئانی پیرۆز دەبەستن.

جا لەژێر ڕۆشنایی لێکۆلینەوە و خوێندنەوەمان بۆ سەرهەڵدان و گەشە سەندنی بزاوتی (نەیارانی سوننەت)، دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە ئەمانە لە گرنگترینیانە:

---

(١) (انکار حدیث إیك فتنه إیك سازش) پرۆفیسۆر محمد فرمان، لا ١٧٩

(٢) محب الحق منهاج الحق لا ٤٩ .

١ . زۆرینەی ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر ڕەوتی نەیارانی سوننەت کۆڵیوەتەوە، کۆڕان لەسەر ئەوەی سەهەڵدانی ئەم بزاوتە و جموجوڵە دژە بۆچوونی ئاینیە بەرهەمی تۆوی نێژراوی ئەندامانی بزوتنەوەی سەید أحمد خانە[١] ، وە (ثناء الله) لەو بارەیەوە قسەی هەیە و دەڵێ : (ئای چەند شووم بوو ئەو ڕۆژەی کە عەلیکرە پێچەوانەی هەرچی موسڵمانە بیریکردەوە، کە بانگەشەی تەنها پشت بەستن بە قورئانی پیرۆزی کرد لە ئایندا، وتی سوننەت هیچ بەڵگەیەکی تێدا نیە بۆ ئاین و شەریعەت، ئەم دەنگۆیە کاریگەری لە (محب الحق عظيم آبادي) کرد لە ماڵەکەی خۆیدا لە هندستان، هەرچۆن کایگەریەکی گەورەشی لەسەر عبدالله جەگرەلەوی کرد لە شاری (لاهوری پاکستان)[٢] .

٢ . داگیرکەران بە شێوازە جیاوازەکانیانەوە :

أ . موسڵمانان توشی نەنگی و وەستانێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بوون بە هۆی پەکخستنی شۆڕشەکانیانەوە لە ساڵی ١٨٥٧ز، بەو هۆیەوە لە ولاتانی دەوروبەر

---

(١) تەماشای (عبدالرحمن الأعظمي) بکە لە کتێبی (نصرة الحديث) لاپەرەی ٢، هەروەها محمد اسماعيل السلفي لە (جماعت إسلامی کا نظرية حديث) لاپەرە ٩٢، هەروەها عطاء الله حنيف لە پێشەکی (برق إسلام لمحمد شرف الدين) ، هەروەها بەڕێز إفتخار أحمد بەڵخی لە کتێبی (فيتنة إنكار حديث کا منظر و بس منظر) بەرگی ١/ ٦٢، هەروەها پرۆفیسۆر حافظ عبدالرزاق لە (لغز شين) لاپەرە ٢٣، هەروەها میژوو نوس سليمان الندوي لە پێشەکی (تدوين حديث) لاپەرە ٢٨، وە محمد عبدالرشيد نعماني لە پێشەکەشکراوی (متفقه فتوی لأسرة مدرسة نيوتاون)، هەروەها نوسەر احتشام الحق لە (فيتنة إنكار حديث بر إيك طائرانه) لاپەرە ٦٤، بانگخواز مەودودی لە (سنت کی آئینی حيثيت) لاپەرە ١٦ .

(٢) گۆڤاری (أهل الحديث) لاپەرەی ٣، ژمارەی مانگی مارس ١٩٣٣ز. مەبەستی لە پێچەوانە بوونی عەلیکرە ئەو بزوتنەوەیە کە أحمد خان دایمەزراند، لەمەوە دەردەکەوێ هەندێ زیادەڕۆی کردووە، چونکە لە ئەندامەکانی بزوتنەوەکەی سەید أحمد خان نەبستراوە تەنها قورئانیان بوێت، بەڵکو هەندێ گومانیان دروست کرد لەسەر سوننەت، دواتر لەسەر ئەوگومانانە بزوتنەوەی قورئانیەکان بیرۆکە داروخێنەکەیان بونیاد نا، کە لە باسی دیدگای سەید أحمد خان بۆ سوننەت بەوردی لەسەری دەڕوین لە بەشی داهاتودا.

دواکەوتن لەڕووی سیاسی و رۆشنبیریەوە، هەرچۆن دەسەڵاتی ئینگلیز بە نێتەگلاوەکەی ئەوەی دەویست، چونکە هەمیشە بەدگومان بووە بەرامبەر موسڵمانان، ئیتر سەرقاڵی کردن بە خۆیانەوە و گرفتی لەنێوانیاندا دوست کرد، بۆئەوەی نەیانپەرژێتە سەر ئینگلیزەکان و تۆمەتەکانی سەر ئینگلیز بڕەوێتەوە و لەبیر بچێت کە لێرەولەوێ و ماوە ماوە دەهاتە گۆڕێ، و لەولاشەوە هەندێ کاری ئاوەدانکرنەوەی دەکرد، هەمیشە کاری بۆ هاندانی موسڵمانان دەکرد کە بە نەزانی بمێننەوە لە ڕوی زانستی دین و ژینەوە، کە ئەوەش بووبە دەرەنجامی کوێرەوەی و لەدەستدانی زانستی ڕاست و دروستی ئیسلامی لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەی موسڵمانان[1].

ب. دەسەڵاتی داگیرکەر هانی هەموو کەسێکی دەدا کە هاوکاری و دەستباری مانەوە و چەسپانی ئینگلیزی بکردایە بۆ مانەوەی لە هیندستان بەهەر بیرۆکە و پێشنیارێك، ئەوەبوو پێداویستی و نان و خۆراکی بۆ ئەو جۆرە کەسانە دابین دەکرد، لە سەرتەڵی ئەو کەسانە (سەید أحمد خان) و شوێنکەوتووانی بوو .

ج. قۆستنەوەی پەروەردەکردنی هەندێ کەسایەتی لە نێو موسڵمانانداڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ، پڕکردنی بیریان لە هەندێ بۆچوون کە لە بەرژەوەندی ئینگلیزدا بێت ـ ئەگەر لە حیسابی ئاینیش بێت ـ ، کە سەپاندنی دەسەڵاتی قایمتر کرد لەسەر موسڵمانان، جا لەو کەسانەی لەم داوەدا تێوەگلان (غلام أحمدی قادیانی) و عبدالله جەگەرەلەوی و شوێنکەوتوانیان بوو.

---

(١) (المسلمون في الهند)، نوسەر: أبو الحسن علی الحسني الندوي. لاپەرە ٩٣ .

(٢) بۆ ئەونە بەخشینی نازناوی (نجم الهند=ئەستێرەی هیند) بە سەید أحمد خان، وە بەخشینی نازناوی (شمس العلماء=خۆری زانایان) بە (نذیر أحمد) یەکێك لە ئەندامانی بزوتنەوەکەی سەید أحمد خان.

د. (پارچەیان بکە سود دەبینی) لە یاسا گرنگەکانی سیاسەتی ئینگلیزی بوو بۆ گێژ و دەبەنگ و سەرمەست کردنی ژێردەستەکان، بۆئەوەی چاویان لەسەر دەستی داگیرکەر نەمێنێت، بۆ ئەم مەبەستە گلاّوەش داگیرکەر هەوڵیدا چەند بیروباوەڕی نائیسلامی بئاخنێتە نێو ئیسلامەوە، ئەمەش لەڕێگەی ئەو بەکرێگیراوانەی بەناو موسڵمان بوون، ئەوەش بووبە هۆی شەقکردنی یەکڕیزی موسڵمانان.

٣. سەرسام بوونی هەندێ لە گروپ و ڕەوتە ئیسلامیەکان بە پێشکەوتنە زانستیەکەی ڕۆژئاوا کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا هاتەکایەوە، و ڕاڤەکاری بۆ بابەتەکانی ئیسلام لەژێر کاریگەری بیردۆز و دیدگاکانی ڕۆژئاوا و تەباکردنی ئیسلام بەو پێوەرانە، جـــا یەکەم خەڵك سەرپەرشتی ئەم بۆچوونانەی کرد گروپەکەی سەید أحمد خان بوو، دواتریش (قورئانیەکان=نەیارنی سوننەت) ئەو ڕێچکەیان گرتەبەر، لەبەر ئەو پەیوەندیە ڕۆحییەی لەنێوان هەردوو لایەندا هەبوو.[1]

٤. لەوانەیە هۆکاری ڕاستەخۆی هاتنەکایەوەی نەیارانی سوننەت لە نێو موسڵماناندا ئومێدی یەکخستنی ڕێزەکانی موسڵمانان بووبێت، و ڕزگاربوون لە گروپ و فیرقە و مەزهەبەکانی حەنەفیەکان و حەنبەلیەکان و شافعیەکان و . . . ، گوایە موسڵمانان کۆبکرێنەوە لەژێر یەك ئالاّدا، بەڵاّم بەهۆی نەزانینی و دوریان لە بنەما پتەوەکانی[2] ئیسلامەوە گومڕابوون و ڕێگەکەی خۆشیان تەی نەکرد و

---

(١) نمونەی بیردۆزی (خلقی ئادەم) و بوونی مرۆڤ لەپێش ئەم نەوەی ئادەمە ، و لارکردنەوەی مانای ئایەتەکان لەژێر ئەو بیردۆزانە. تەماشای (پرویز إبلیس و آدم) لاپەرە ٦ـ٣٥ .

(٢) گۆڤاری (إشاعة القرآن ٩ لاپەرەوە ٣٩ ، ژمارەی مانگی نۆڤەمبەر ١٩٠٣ز ، نوسینی (عبدالله جەگرەلەوی). هەروەها نوسینی (حشمت عەلی) هەمان گۆڤار لاپەرە ١٠ ، ژمارەی مانگی دیسەمبەر ١٩٢٧ز . کتێبی (بلاغ

نەشگەشتن بە ئەنجام، بەڵکو دەسەڵاتی داگیرکەر ئەمەی قۆستەوە و هاندیدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بۆچوونە داڕوخێنەرەی (نەیاری سوننەت).

ئەمانە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قورئانیەکان بوو لە نێو موسڵمانانداء، لەوانەیە لەدوای ئەم زانیاریانە واباش بێت ئاشنا ببین بە هەندێ لە ناودار و کەسایەتیەکانی ئەم ڕەوتە، بۆئەوەی بۆمان ڕوون ببێتەوە ئاخۆ تاچەند بۆچونیان پەیوەندی هەیە بە بۆچوونی جگە لەخۆیانەوە و هەروەها چەندیش کاریگەری هەیە لەسەرئەوانی تر، چونکە خۆیان وایان پیشانداوە کە دەیانەوێ هەڵسانەوەیەك بە ئیسلام ببەخشنەوە.

❁❁❁

الحق)ی (محب الحق) لاپەرە ٢٢ و ٢٩ . و کتێبی (منهاج الحق) لاپەرە ٧٨ . هەروەها گۆڤاری (بلاغ الأمر تسرية) لاپەرە ١ ، ژمارەی مانگی ئیبریل ١٩٢٨ز.

بـــاء

ژیاننامەی ناودارترین بانگخوازەکانیان

ئەم کەسایەتیانە لەخۆ دەگرێت:

عبد الله جەگرەلەوی .

أحمد الدين ئەمرەتسەری.

الحافظ أسلم جراجبوری.

پەرویز.

عبدالله جەگرەلەوی

١. سەرەتای ژیانی:

ناوی عبدالله کوڕی عبدالله جەگرەلەوی لە دانیشتوانی لاهورە، ئەوە کەسەیە کە بانگەوازی خەڵکی کرد بۆ مەزهەبێکی تازە و ناوی شوێنکەوتوانی نا (أهل الذكر و القرآن)، کە نکۆڵی هەموو سوننەتی کرد بە هەموو شێوەیەك، و چەندین نوسینی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە. [1]

عبدالله لە گوندێك لەدایك بووە ناوی (جەگرەلە) بوو لەناوچەی میانوالی لە هەرێمی بینجاب لە وڵاتی پاکستان، لە کۆتایی دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەمی زاینیدا لە خێزانێکی خاوەن زانست و ئاین پەروەر، باوکی لەو کەسانە بوو خۆی لەژێر بەیداخی شێخانی (تەونەسە بیراج) دا بوو، لەبەر ئەم پەیوەندیە ڕۆحیە بوو کە باوکی بردی بۆ لای شێخانی ئەوکاتە، ئەویش دەستی هێنا بەسەریدا و ناوینا (غلام نەبی) ئیتر بەو ناوەوە ناسرا بوو هەتا ساڵی ١٨٩٩ز، کە ئەم ناوەی لەگەڵ ناوی خۆی (عبدالله) دا تۆمارکردبوو لە دوای نوسینی پێشەکی تەفسیرەکەی، دواتر حاشای لەو نازناوە کرد لەبەر گومانی ئەوەی کە پێ دەچێ شیرك بێت، ئیتر تامردن لێی بوبەوە.

---

(١) (نزهة الخواطر) دانراوی عبد الحي الحسني ، بەرگی ٨/ ٢٨٩ .

٢.ژیانی خێزانیی:

عبدالله جەگرەلەوی دوو جار هاوسەرگیری کردووە، یەکەمیان لە میانەی تەمەنی گەنجی بوو خودا دوو کوڕی پێ بەخشی (إبراهیم) و (قازی محمد عیسا)، بەڵام (إبراهیم)ی کوڕی بۆچوون و ڕێچکە باوکی لا پەسەند نەبوو کە دژ و پێچەوانەی ئاینی زۆرینەی موسڵمانانە، بۆیە ڕەدی کردەوە کە لە شوێنەکەتوانی باوکی بێت، نەیویست لەسەر ڕێچکەی باوکی بڕوات، ئەمەش وای کرد کە عبدالله جەگرەلەوی تۆمەتی بێڕێزی و مافخۆری باوکایەتی بداتە پاڵ (إبراهیم) وپاشان بەڕەسمی بێ بەشیکرد لە میراتەکەی، بەڵام خوای گەورە زۆر جوان بۆی قەرەبوو کردەوە و زیاتری بەسەردا بەخشی، ئەم کوڕە لە ٢٠ ذي القعدة ١٣٣٦ك ، ١٩١٨ز کۆچی دوای کرد[1].

بەڵام کوڕی دووهەمی (قازی محمد عیسا) هاوڕای بابەی بوو لەڕێچکەگریدا، شوێنی مەزهەبەکەی کەوت و پشتیوان و هاوکاری بابەی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕێکی زیرەك و زڕنگ نەبوو ئەستێرەی زۆری نەخایاند ون بوو بەئاوابوونی ئەستێرەی باوکی.

هاوسەری دووەمی (مەریەم جەمیلە) کە خاوەنی زانیاری فراوان بوو لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لە هەشتا ساڵیدا خواستی، ئەم ئافرەتە خۆی کردە قوربانی خزمەتی مێردەکەی سەرباری جیاوازی زۆر لە ڕووی تەمەن و بیرکردنەوەیاندا، ئەو ئافرەتە هەمان وتە و بۆچوونەکانی مێردەکەی دوبارە دەکردەوە، لەبەر ئافەرەتی

---

(١) گۆڤاری (اهل الحدیث) لاپەرەی ١٦ ، ژمارەی مانگی مارسی ١٩١٩ز.

نەبا دەبووە جێگری[1] میردەکەی بۆ بەڕێوەبردنی حیزبەکەی عبدالله، کچێکی لێ بوو کە زۆر لە دایکی زیرەکتر و زرنگتربوو لە زانیاری و زانستەکاندا، ئەم کچەی عبدالله کاری تایبەت بوو بە بانگردنی کچان لە (ئایبەت ئاباد) لە پاکستان، بەردەوام بوو لەسەر بۆچونەکانی باوکی، تۆوی ئەو فیکرەی لەناو میشکی کچاندا دەچاند.

بەم شێوەیە (مەریەم جەمیلە) وەلامی فەرمانی خودای دایەوە و لە ساڵی ١٩٧٨ز کۆچی دوای کرد، ئەویش راپێچ کرا بۆ لای میردەکەی و هەردووکیان بۆ دادگایی خودایی بۆ لێپێچینەی هەرچی کردار و گوفتاریان هەبوو، ئیتر ئەگەر چاکبووە پاداشتی چاکە و ئەگەر خراپ بێ گومان ئاکامی خراپە.

٣. بێریاری و ژیانی زانستی:

عبدالله جەگرەلەوی زانستە سەرەتاییەکانی لای باوکی خوێندوە، دواتر خراوەتە بەرخوێندنی ئاسایی لە قوتابخانەکاندا نزیکی گوندەکەی خۆیان، پاشان گەشتی کردوە بۆ (بنجاب) لە دیلهی بۆ خوێندنی فەرمودەی شکۆداری پێغەمبەرﷺ، لەخزمەتی زانای فەرموناسی ناسراو (نذیر حسین)، لەمیانەی خوێندندا مامۆستاکەی فیراسەتی کردوە لە نەنگی و پەستی بیری ئەم قوتابیە و ترساوە لەوەی لەو کەسانە دەربچێت کە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ ی بەسەردا ڕاست ببێتەوە کە دەفەرموێ: "لاَ أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ، يَأْتِيهِ الأَمْرُ مِنْ أَمْرِي، مِمَّا أَمَرْتُ بِه، أَوْ

---

(١) بەڵام دوای مردنی عبدالله مێردی کردەوە بە (غازی خان) یەکێك لە وەفادارانی میردەکەی، ئەو پیاوەی کە عبدالله کۆتایی تەمەنی لەلای ئەو بردەسەر تاوەکو مرد.

نَهَيْتُ عنه، فيقولُ: لاَ أَدْرِي، ماَ وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللهِ اتَّبَعْنَاهُ "[١]، واتە: با کەسێکتان لەسەر ڕاخەرەکەی بە ئاسودەیی دانەنیشێت کاتێ فەرمانێکی منی پێ دەگات یان نەهییەکم دەبیستێ، بڵێ ئەمانە نازانم تەنها ئەوەی لە کتێبی خودا (قورئان) دا بینیمان شوێنی دەکەوین و تەواو.

جـــا دوای گەڕانەوەی لە شاری دیلهی بووبە مامۆستا و شێخێکی ئەهلی حەدیس[٢]، ئیتر دەستی کرد بە وتنەوەی وانە و نوسینەوە لە بواری زانستە ئیسلامیەکان.

پێدەچێ لادانەکانی ئەم پیاوە لەسەر ڕێبازی ئەهلی حەدیس بگەڕێتەوە بۆ دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، و یەکەم ئاستەنگی فیکری و مەزهەبی هاتبێتە ڕێی ئەو دیبەیت و تاوتوێیە بێت کە لەگەڵ ئامۆزاکەی خۆیدا کردبوی (قازی قمر الدین)ی حەنەفی لەسەرەتاکانی ئەم دەیەیە، بە خستنە ڕووی هەندێ گرێ بۆ عبدالله جەگرەلەوی لە بوارەکانی فەرمودەی شەریفدا، کە خستیە نێو ئەو تێکەڵ کردنە، ئیتر ئەو وتە ناوداڕەی وتبوو (ئەم قورئانە تاکە وەحی خودایە بەتەنها کە ناردبێتی بۆ محمد علیه السلام، بێ گومان جگە لەم قورئانە وەحی ترمان نیە). ئیتر دوای ئەوە دەستی دایە نوسینەوەی تەفسیرێکی قورئانی پیرۆز و (نواب الله دادخان)ی ئەمیری

---

(١) ئیمامی شافعی لە (الرسالة) دا هێناویەتی وە (الترمذي: كتاب العلم/ ٢٥٨٧؛ أبو داود: كتاب السنة/ ٣٩٨٩؛ ابن ماجه: المقدمة/ ١٣ .) (وەرگێڕ)

(٢) ئەهلی حەدیس بەوانە دەوترێ کە کاربە فەرموودە دەکەن لە گەورە و بچوکی بابەتەکانیاندا، سەلەفین لە بیروباوەڕدا و لایان پەسەند نیە کە چاولێکەری هەبێ لە بابەتە شەرعیەکاندا، هەرچۆن پەیوەست نین بە هیچ کام لە مەزهەبە فیقهیەکانەوە لەو بۆچوونانەی کە لەسەر دەق و نەصێکی قورئان یان سوننەت نەبێت. (وەرگێڕ)

ناوچەکە هاوکاری و پاڵپشتی کرد بۆ بەچاپ گەیاندنی کتێبەکەی لەبەر هاوڕایی و هاومەزهەبیان لە دژی سوننەت، دواتریش عبدالله (لاهور)ی بە شێوەیەکی بەردەوام کرد بە مۆڵگەی بزوتنەوەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازە تازەکەی، ئەوەبوو هەندێ لە سەرمایەدارانی ناوچەکە پەیوەندیان بەڕێزەکانیەوە کرد نمونەی (بابا محمد جەتو) [1] کە خاوەنی بازرگانیەکی فراوان بوو، و (محکم دین کەفەش) بازرگانی گەورەی شمەك، هەردوو بازرگان بونە پشتیوانی ماددی بۆ پرۆژەکانی (أهل الذکر و القرآن).

هەروەها عبدالله جەرگرەلەوی توانایەکی باشی لە هەردوو زمانی زیندوی ناوچەکە هەبوو (زمانی عەرەبی و زمانی ئوردویی)، هەروەها عەربی و زانستەکانی زمانەکەی بەباشی دەزانی لە (النحو و الصرف و البلاغة و الأدب) وە کتێبی (ترجمة القرآن بآیات الفرقان) گەورەترین بەلگەیە بۆ ئەو توانایە، ئەوی تێبینی دەکرێت لە کتێبەکانی بە زمانی (ئوردوی) زۆری کەوانەکاریە لەکاتی وەرگێڕانی وشەکان لە عەرەبیەوە بۆ ئوردویی، لەوانەشە ئەم توانایە و ئەم ڕوانگانە وای لە عبدالله کردبێت بگات بەو دەرەنجامەی بڵێ قورئانی پیرۆز هەموو شتێکی تێدایە بەرگ بۆ بەرگ ورد و درشتی بابەتەکانی باسکردووە، تەنانەت ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ و ژمارەی نوێژەکانیش.

---

(١) پێشتر حەنەفی مەزهەب بوو، دواتر چووە ڕێزی خەڵکانی ئەهلی حەدیس بۆ ماوەی سی ساڵ بەردەوام بوو، دواتر پەیوەندی بە میرزا غولام أحمدی قادیانی کرد و هەمیشە پێیدا هەڵدەدا بەبێ ئەوەی بەیعەتی پێ بدات، لە کۆتاییدا پەیوەندی بە عبدالله جەگرەلەوی کرد و بووبە یەکێك لە ستونە دیارەکانی قورئانیەکان و لەساڵی ١٩١٢ز کۆچی دوای کرد. بۆ زانیاری بڕوانە گۆڤاری (أهل الحدیث) بەرگی ٢٣، لاپەرە ٣٠، ژمارەی ١٩١٠ز، هەروەها گۆڤاری (إشاعة القرآن) لاپەرە ١١، ژمارەی نۆڤەمبەری ١٩٣٤ز.

سەمەرە ئەوەیە هەرکاتێ پرسیارێکی لێ کرابا و داخوازی ڕونکردنەوەی شتێکی لێ کرابا، یەکسەر دەستی بەم کەوانە کاریە بێ نرخانە دەکرد بۆ پینەی بۆچوونە نەنگەکانی، لە بەشی چوارەمی ئەم دەروازەیەدا دەچینە سەر ئەو باسانە و وەڵامی گومانەکانیش دەدەینەوە ـ إن شاء الله ـ.

ئەوەبوو ژیانی ئەم پیاوە لە ڕوی زانستیەوە پڕبوو بە زۆریی نوسینەکانی، وە گفتوگۆکەرێکی لێزان بوو، تاوتوێکارێکی بەتوانا بوو، هەندێ جار توندی و تیژی لێ دەبینرا، زۆر سوکایەتی بە توراسی ئیسلامی و هەڵگرانیشی دەکرد، باکی نەبوو لە بانگەشەکانی و گوێی بە کاریگەریەکانی نەدەدا لەسەر دڵی خەڵکی، هەربۆیە شوێنکەوتوانی کەم بوون و ناویشی زوو کوژایەوە لە نێو خەڵکدا، ئەم پیاوە نوسراوی زۆر بوو، لەوانە:

١. (تفسير القران بآيان الفرقان)، یەك بەرگە.

٢. (ترجمة القرآن بآيان الفرقان)، سێ بەرگی گەورەیە.

٣. (صلاة القرآن ما علم الرحمن بآيات الفرقان)، یەك بەرگە.

٤. (إشاعة القرآن في جواب إشاعة السنة)، یەك بەرگە.

٥. (الزكاة و الصدقات كما جاء في آيات بينات)، یەك بەرگە.

٦. (برهان الفرقان على صلاة القرآن)، یەك بەرگە.

٧. (ترك افتراء تعامل)، یەك بەرگە.

٨. (المناظرة) كە لەنێوان خۆی و مەولانا (إبراهيم ميرسيا لكوتی) ڕویدا، یەك بەرگە.

٩ . وتوویژێك كه لەنێوان خۆی و مەولانا (محمد حسین)ی بەڕێوەبەری گۆڤاری (إشاعة السنة) دا ڕوویدا، یەك بەرگە.

١٠ . (رد النسخ المشهور في كلام الرب الغفور) ، یەك بەرگە.

١١ . (البيان الصريح لإثبات كراهة التراويح)، یەك بەرگە.

١٢ . (روح الإنسان كما بينه القرآن)، یەك بەرگە.

١٣ . (حالات عيسى ورسول ربانی)، یەك بەرگە.

١٤ . (بيان اعتقاد أهل حديث)، یەك بەرگە.

هەروەها نوسینەکانی لە گۆڤاری (إشاعة القرآن) كە ژمارەیەکی زۆرە.

هەموو كتێب و نوسینەکانی بە زمانی ئوردویی بوو، بەنزیکەیی هیچ لە كتێبەکانی لە بازاری هاوچەرخدا نەماوە، بەڵکو زۆربەی نوسینەکانی لە كتێبخانە كۆنەکانیشدا نابینرێتەوە، پێدەچێت ئەو گومناویەی بۆ دڵسۆزی موسڵمانان و غیرەتی ئیسلامەتی بێت بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام، و وەستانەوە لەڕووی هەرشتێك كه ویستی زیان گەیاندنی هەبێت بە ئیسلام، ئەوەش لەبەر پاراستنی نەوەکانی داهاتوی ئیسلام.

لە میانەی گەڕانم بۆ كتێبەکانی عبدالله جەرگەرەلەوی گەیشتم بە كتێبخانەی (ڕیئبەوە)ی قادیانیەکان، كه وادەزانم تاكه كتێبخانه بێت لەناو كتێبخانەکانی پاكستاندا، كه زۆرترین ژماره لە كتێبەکانی عبدالله جەگرەلەوی پاراستبێت.

توانیم زانیاری لەسەر حەوت كتێبی سەرەتای ڕێزبەندیەکەی پێشوو پەیدا بكەم، هەروەها هەندێ بابەتی نوسراویشی لە هەردوو گۆڤاری (إشاعة القرآن) و (إشاعة السنة) كه لە لاهور دەركراون و بڵاوكراونەتەوە.

٤. پەیوەندیەکانی لەگەڵ داگیرکەردا :

ڕاجیاوازی هەیە لەبارەی پەیوەندی عبدالله جەگرەلەوی بە ئینگلیزەکانەوە و ئاستی پشتیوانیەکانی بۆیان، ئەوەتا (أحمد غولام پەرویز) و ئەوانەی بۆچوونی ئەویان هەیە دەڵێن (بێ گومانین لەوەی غولام أحمدی قادیانی یەکێکە لە تۆوەکانی ئینگلیز کە حکومەتی بریتانیا چاندویەتی، بانگەوازەکەشی لە ناخی پلانەکانی ئینگلیزەوە سەریهەڵداوە، بەڵام دڵنیاین کە عبدالله جەگرەلەوی نیّت و ویستێکی پاك و ئامانجێکی دڵسۆزانەی پێوەدیاربوو، بە گڕی پەرتەوازەیی موسڵمانان و پارچەپارچەی فیرقەکانەوە دەسوتا، کە لەسەردەمەکەی دا دەیبینین)[1].

لەبەرامبەریشدا لێکۆڵەرانی نمونەی (محمد عەلی قصوری) پێوایە کە حکومەتی بریتانیا دەستی لە پشتی هەردوو گروپی (قادیانیەکان) و (جەگرەلەویەکان) هەبووە، بەو پێیەی دەڵێ: (لەم دواییانەدا پلانەکانی ئینگلیز چوارچێوەیەکی تازەیان بە خۆیانەوە بینیوە بۆ دژی ئیسلام، دەبینی لە ڕێزەکانیدا ژمارەیەکی زۆر لە قەشە بانخوازەکانی تێدایە، کە توانیویانە هەندێ کەسایەتی موسڵمان ڕاو بکەن، بیخزێننە نێو تۆڕی دژایەتی و لادانەکانی دژی ئیسلام، هەرچۆن هەندێ دونیا ویست خۆیان پلکاندوە بەو پلانەوە، ئەوەبوو ئینگلیز هانیدان بۆ وروژاندنی هەموو جۆرە گومانێك لەسەر فەرمودە شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ، چاك چاك دڵە پڕ نیفاقەکانیشیان قۆستەوە لە نێو موسڵمانانداً، کە لەسەروی هەموو ئەوانەوە عبدالله جەگرەلەوی بوو، بێ گومان خاچپەرستان هەڵیانبژارد بۆ ئەم کارە گرنگەیان، ئەمیش نالّە و گالّەی نکۆڵیکردنی و نەیارِیی هەرچی سوننەتە ئاشکرا کرد، و

---

(١) (فرقة أهل القران) لاپەرە ٨ .

دەستی کرد بە بانگەوازی بۆ ئەم بیرۆکە داڕوخێنەرە، ئەوەبوو نامە و پەیامی پشتگیری لەلایەن خاچپەرستانەوە دەگەشتە لای، ئەم زانیاریانەم لە ڕێگەی یەکێك لە برادەرانی ڕاستگۆ دەستکەوت، کە کاری وەرگێڕانی ئەو نامە و پەیامانە بوو، چونکە عبدالله جەگرەلەوی زمانی ئینگلیزی نەدەزانی، وە ئەگەر توزێ هەوڵ و تێکۆشان بکەین دەتوانین ئەو نامانە بەدەست بخەین، بەڵام نامانەوێ ئەو کارە بکەین)[1].

پێدەچی ڕێگرێك لەوەی کە دکتۆر (محمد عەلی) ناوی هاوڕێکەی نەهێنێ و نامەکانی بڵاونەکردبێتەوە، ئەوە بێت کە تازە وڵاتی پاکستان سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە، و قورئانیەکان و قادیانیەکان پلە و پۆستی زۆریان هەبوو تێیدا لە هەندێ پۆستی هەستیاردا بوون، زۆریش توند بوون لەسەر کەسانێ کە ڕاجیاوازیان بکات یان بیەوێ زەرەریان لێ بدات، ئەوەشی بۆ کەسێکی وردبین و لێکۆڵەر دەردەکەوێ ئەو پەیوەندیە بەتینەیە لەو دەیەیەدا لە نێوان بزوتنەوەی جەگەرەلەوی و دەوڵەتی داگیرکەردا هەبووە، ئەگەر چی پەیوەندیەکە پەنهانیش بوبێت، ئەوەش لەوانەیە کات و گوزەران بۆمانی ڕون بکاتەوە زووبێت یان درەنگ.

٥.دیدی زانایان بۆ بیری عبدالله جەگرەلەوی:

عبدالله شاری لاهور (بەشاری زانست ناسراوە) لە ساڵی ١٩٠٢ز بەدواوە کرد بە مۆڵگەی هەمیشەیی خۆی بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە موسڵمانان، و بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی لە نێو خەڵکیدا، بەڵام لەبەرامبەریشدا گۆڤاری (إشاعة السنة) چنگ

(١) گۆڤاری (الإعتصام)ی هەفتانە، لاپەرەی ٦٥ – ٦٦، ژمارەیەکی تایبەت بە بەڵگەیی سوننەت (حجية السنة) فیبرایری ساڵی ١٩٦٥ز.

لەسەر پشت بۆی لە دوربیندا بوو، زوو زوو بۆچوونەکانی کۆ دەکردەوە بۆ پیشاندانی ڕای گشتی، و لەولاشەوە بۆ ناوەندەکانی زانستی بۆ وردبونەوە و لێکۆلینەوەیان، ئەوەبوو دوای پیشاندانی هەندێ لە بۆچوونە گەومڕاییەکانی عبدالله جەگرەلەوی، داخوازییان لە زانایانی ئیسلامی و سەروەرانی ئاینی کرد کە دیدگا چییە لەسەر کەسێك کە هەڵگری ئەو بۆچوونانە بێت؟ ئاخۆ مرۆڤ بە موسڵمانی دەمێنێتەوە ئەگەر وەها بیرکردنەوەیەکی هەبێت؟! یاخود لە بازنەی ئیسلامەتی دەڕواتە دەرەوە ؟ یان لە سنوری ئیسلامدا دەمێنێتەوە؟

ئەوەبوو زۆرینەی زانایانی وڵاتانی (هیندستان و پاکستان و بەنگلادیش) فەتوایان بەوە فەرموو کە (عبدالله جەگرەلەوی کافر بووە) لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٠٢ز، گۆڤاری (إشاعة السنة) هەستا بە بڵاوکردنەوەی چەندین ئیمزای زانایانی ناوداری ناوچەکان لەسەر ئەوەی فەتوای کافربوونی عبدالله جەگرەلەوییان دابوو، و فەرموویان ئیسلامەتی لەگەردنی دەرچووە، پەیوەندی بە ئیسلام و موسلمانانەوە نەماوە[1] ، سەرباری ئەوانەش عبدالله هەربەردەوام بوو لەسەر بانگەوازی خۆی و تاوەکو هەناسەکانی کۆتایی تەمەنی هەڵمژی، گەشتە بەر بارەگایی پەروەردگاری هەربەو بیرە چەوتەوە ڕۆشت.

٦.نەخۆشیەکەی و کۆچی دوایی :

نەخۆشی تەشەنەی کرد لە لاشەی ئەم پیرە پیاوەدا لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩١٢ز، دکتۆرەکان ئامۆژگارییان کرد کە لە (لاهور) بڕوات بۆ شوێنێکی تر بەڵکو هەندێ تەندروستی بێتەوە جێی خۆی، ئەوەبوو ڕۆشت بۆ لای یەکێك لە شوێنکەوتوانی

(١) گۆڤاری (إشاعة السنة) بەرگی ١٩ هاوپێچی حەوتەم، لاپەرە ٢١١ .

نزیکی لە شاری (مولتان) بەڵام هیچ سوودێکی تەندروستی لەو ڕۆشتنەی نەبینی، بەڵکو نەخۆشی زۆرتر و توندتر بەربووە گیانی و جەستەی تەواو ماندو کرد، هەتا وای لێ هات بکەوێ لەسەر جێگە و هەڵنەسێتەوە، دواتر تامەزرۆی شار و ناوچەی خۆی بوو، پێی خۆشبوو لە نزیکی کەسوکاری بنێژرێت، هەرچەندە خزم و نزیکانی زۆرێکیان لاهوریان جێهێشتبوو، ڕوویان کردبووە ناوچە جیاجیاکانی پاکستان، ئەوەبوو (غازی خان) کە یەکێك بوو لە شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانی بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان لە شاری (میانوالی) کە نزیکە لە جەگرەلەوە، ئەوەبوو عبدالله جەگرەلەوی لەوێ مایەوە و تاوەکو تەمەنی لەوێدا بە کۆتا گەیشت و ئەجەلی هات لە ساڵی ١٩١٤ز، لە ناوچەی (یاروخەیل) لە (میانوالی).

❁❁❁

أحمد الدين ئەمرەتسەری

١. سەرەتای ژیان:

خواجه أحمد الدين كوڕی خەواجه میان محمد كوڕی محمد إبراهيم، خاوەن بیرێكی قوڵی ڕەوتی (قورئانیەكان = نەیارانی سوننەت) لەساڵی ١٨٦١ز له دایك بووه له شاری (ئەمەرەتسەر) له وڵاتی هیند، لەدوای لەدایك بوونی، باوكی بردویەتی بۆ لای پەروەردەكار و مورشیدەكەی خۆی (شێخ غولام عەلی قەصوری) [١]، بۆ ئەوەی نزای بۆ بكات بەپێی ڕێوڕەسمی ئەوكاتەی ناوچەكە، شێخ دەستی هێناوه بەسەریدا و بەناوی (أحمدالدين) ناوی ناوه.

خەواجه أحمد الدين وانەكانی قورئانی پیرۆزی لای خافز (إمام الدين) خوێندووه، هەرچۆن وانەكانی تری ئاینی لای پزیشك (أمين الدين كوڕی حسام الدين ئەمرەتسەری) خوێندووه، دواتر پەیوەندی كردووه به قوتابخانەی فەرمی (موبەشیرین) لەوێ كیتابی موقەددەسی خوێندووه لەگەڵ زانستەكانی سەردەم. [٢]

دوای دەرچوونی له قوتابخانەی موبەشیرین، پەیوەندی كرد به قوتابخانەی ناوەندی ئیسلامیەوه له ئەمەرتسەری تاوەكو بڕوانامەكەی بەدەست هێنا، ئەمەش كۆتا

---

(١) أحمد الدين زوو زوو سەردانی ئەم شێخەی دەكرد، ئەوەبوو شێخی دەیگوت (أحمد الدين) كوڕی ڕۆحی منه، جا غلام عەلی نازناوی سەرۆكی یەكخوا پەرستانی هەبوو (رئيس الموحدين)، ئەم شێخه تەفسیری سێ جوزئی سەرەتای قورئانی پیرۆزی كردووه، هێشتا دەستنوسه لای (محمد حسين عرشي) بەڕێوەبەری گۆڤاری (فيض الإسلام الراولبندي) یه، بەڵام بەرواری كۆچی دوای شێخم دەست نەكەوت.

(٢) كورتەیەكم له گۆڤاری (بلاغ) ژمارەی مانگی سیپتەمبەر ١٩٣٦ز. كه ئەم ژمارەیه تایبەت بوو به ژیاننامەی خەواجه أحمد الدين.

بڕوانامە و ئاستی خوێندنی یاسایی بوو کە خەواجە أحمد الدین بەدەستی هێنا، بەڵام خۆشەویستی و ڕۆچوونی لەسەر خوێندنەوە ئەم پۆشاکی ناوداریەیان دەست خست، ئەوەبوو بە ناونیشانی مامۆستای ئەدەب لە قوتابخانەی ئیسلامی دامەزرا.

لە ساڵی ١٩١٧ز خانەنشین کرا بەهۆی تەواوکردنی تەمەنی یاساییەوە، وە لەساڵی ١٩١٨ز کرایەوە بە مامۆستای قوتابخانەیەکی سەرەتایی تایبەت بە کچان، سەر بە ئیدارەی ئەمەرتسەری بوو تا ساڵی ١٩٣٠ز، لەم ماوەیەدا خەواجە سەرقاڵی وتنەوەی وانەی قورئانی پیرۆز بوو، کە بووە هۆی بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئەم کەسایەتیە لە ناو نیوچە کیشوەری هیندی، جێی خۆیەتی بڵێین خەواجە ئەوەندە تامەزرۆی خوێندنەوە بوو، هەرگیز نەیدەزانی ماندوو بوون چییە لە ڕێی فێربووندا، نارەحەتیەکانی ڕێگەی فێربوونی قبوڵ بوو، هەرچەندە هەرلە منداڵیەوە خوێندن بووە هۆی کزبوونی چاوی و ئیدی شیفای بۆ نەهاتەوە و نابینابوو هەتا کۆتایی تەمەنی بە نابینایی بردەسەر.

أحمد الدین ئەم زمانانەی بە باشی دەزانی (عەرەبی و فارسی و ئوردوی و ئینگلیزی) ئەما زمانی (بنجابی) ئەوە زمانی دایکی بووە، ئەم زمانانەشی دەزانی (بەهاشی، پەشتو، جوەرەمکەیە، و سیکهدەهرەمیە)[1].

(١) بڕوانە (قرآن سی ، قرآن تك) ، نوسەر : محمد حسین عرشی ، ص ١٥ .

٢. پەیوەندی بە زانایانی سەردەمەوە:

أ.پەیوەندی بە أحمد خان:

بێ گومان خەواجە أحمد الدین سودی لە بۆچونەکانی سەید أحمد خان بینیوە ئەگەر نەشیکردبێت بە بنچینە و چەقی بازنەی بیرکردنەوەکانی، لەبەر تۆندی ڕەخنەکانی زانایان لەسەری، و ڕێگری لە بێژەرەکەی ئەو کاتە، بۆیە خەواجە أحمد لایەنی خۆپارێزی هەڵبژارد و ئەوەی سەید أحمد خان بە ئاشکرا دەیوت ئەم بە خوازە و نەناسراوی و پەنهانی دەیگووت.

(ضیاء الله) کوڕی گەورەی أحمد الدین، کە هەستا بە نوسینەوەی ژیاننامەی باوکی لەڕووی ئەم پەیوەندییەوە دەڵێ: (وادەردەکەوێ یەکەم کەس کە بنچینەکانی بەڵگەهێنانەوە تەنها بە قورئانی پیرۆزی دارشتبێت سەید أحمد خان بووبێت، بەڕاستی بۆچوونەکانی زاڵ بوو بەسەر عەقڵی چەقبەستوی موسڵمانانداا، دوای ئەو عبدالله جەگرەلەوی هەمان ڕێچکەی گرتەبەر، خەواجە ماوەیەك سودی لە فیکر و بۆچوونەکانی عبد الله دەبینی، و بۆچونەکانی عبدالله زۆر کاریگەری هەبوو لە بواری ڕێکخستنەوەی فەرمودەی داتاشراو و دروست کراو لەسوننەتی پاکڕاگیراو جیابکرێتەوە، ئێستا ئەوانەی تا دوێنێ سوننەتیان گەورەتر لە قورئان دەبینی گەشتون بەوەی لە پاش قورئان ببینن)[1].

(١)گۆڤاری (بلاغ) لاپەرە ٨٨ ، ژمارەی مانگی سێپتەمبەر ، ساڵی ١٩٣٦ ز ، ژمارەی تایبەت بە ناسینی أحمد الدین.

ب. پەیوەندی لەگەڵ عبد الله جەگرەلەوی:

أحمدالدین هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی بانگەوازەکەی عبدالله جەگرەلەویەوە پەیوەندی هەبووە لەگەڵیدا لە ساڵی ١٩٠٢ز، خەواجە زوو زوو سەردانی دەکرد لە ماوەی پشووی هاوین و لەو ساڵانەی کە مامۆستایی قوتابخانەی ئیسلامی بوو، بۆ تاوتوێ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر زۆرێك لە بابەتە زانستیەکان، ئیتر جاری واهەبوو عبدالله کاری لەسەر بیری خەواجە دەکرد، جاریش واش هەبوو خەواجە أحمدالدین ئەوی قایل دەکرد بە بیروڕاکانی.

کاتێ کە عبدالله جەگرەلەوی کتێبی (صلاة القرآن)ی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بڵاو کردەوە، خەواجە أحمدالدین خێرا سەردانی کرد و ئامۆژگاری کرد کە لەم کاتەدا ئەم بابەتە بڵاو نەکاتەوە، لە میانەی گفتوگۆکەیاندا بوون بانگی عەسری فەرموو، ئەوەبوو أحمدالدین بەو شێوەی کە جەگرەلەوی نوێژی دەکرد نوێژەکەی ئەنجامدا، جەگرەلەوی پێی وت: (ئەوە چۆن ڕێگری لە کتێبەکەم دەکەیت، کەچی نوێژەکەت بەپێی کتێبەکەمە؟) خەواجە أحمدالدین لە وەڵامدا وتی: (من ئەم بۆچوونەت بە هەڵە و باتڵ نازانم، بەڵام تەفرەقە نانەوە لەنێو موسڵمانانداا جائیز نیە). [1]

ج.پەیوەندی لەگەڵ دکتۆر محمد إقبال:

خەواجە أحمدالدین هەستا بەسەردان کردنی بەردەوامی دکتۆر محمد إقبالی شاعیر بە مەبەستی گۆڕینەوەی ڕا و بۆچونەکانیان لە بارەی بابەتە ئاینیەکان، بۆئەوەی

(١) گۆڤاری (بلاغ) لاپەرە ٢٠ ، ژمارەی مانگی سیپتەمبەر ، ساڵی ١٩٣٦ ز ، بۆ دریژەی جۆری نوێژەکە دەتوانی بڕۆیتە بەشی کۆتایی لە بابەتی دووەمی ئەم کتێبە .

دیدگای خۆیان لە شەریعەتی خوای گەورە هەڵنجێنن[١]، جا لەبەر ئەم سەردانە یەك لەدوای یەکانە هەندێ خەڵك گومانی ئەوەیان برد کە دکتۆر محمد إقبال بووەتە نێچیری تۆڕی قورئانیەکان، ئەم دەنگۆیە تەواو قوڵ بویەوە بەتایبەت لەوکاتەی محمد إقبال لەهەندێ شیعریدا ڕەخنەی لە هەندێ گروپی ئیسلامی گرتبوو، بە دەربڕینێکی ڕوون پێیان دەڵێ کە پشتیان لە قورئان کردووە و ڕوویان کردۆتە جگە لە قورئان.

بەڵام زمانحاڵی واقعی وانەبوو بەرەحمەت بێت، چونکە ئەو بۆچوونی وابوو هەر بابەتێك پالاوتە و باش بێت و پێکابێتی لەهەر کێ و لەهەر کێوە بێت وەریبگرێت، لەسەر فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: (الحکمة ضالة المؤمن، فحیث وجدها فهو أحق بها)[٢] واتە: دانایی ونبوی ئیماندارە، لەهەرکوێ دا بینیەوە، ئەو شایستەترە وەریبگرێت. بەڵام ئەوەش هەبوو کە دکتۆر بەرەحمەت بێت زۆر جار لەسەر شتێك هێندە ڕۆدەچوو، خوێنەر و بیسەری قسەکانی وای دەزانی ئیتر داننانێ بە جگە لەو بیروبۆچوونەدا[٣]. هەر ئەو تەرزە لە نوسین و وتاری بەکارهێنابوو لە ڕەخنەکانی بۆ سەر گروپە ئیسلامیەکان کە گوتبوی وازیان لە قورئان هێناوە و شوێنی شتی تر کەوتون، وای کرد کە هەندێ کەس وایاندەزانی

---

(١) (قرآن سی ، قرآن تك) لاپەرەکانی ٢٢ – ٣٣ .

(٢) رواه الترمذي في سننه. حدثنا محمد بن عمر بن الوليد الكندي أخبرنا عبد الله بن نمير ، عن إبراهيم بن الفضل ، عن سعيد المقبري ، عن أبي هريرة . وهذا حديث غريب ، لا نعرفه إلا من هذا الوجه. وابراهيم بن الفضل المخزومي ضعيف في الحديث.
شێخی ئەلبانی بەرەحمەت بێت فەرمویەتی: (ضعيف جدا – ٢١٦ (كذا الاصل والصواب : انه رقم " مشكاة المصابيح ، وهو في " ضعيف الجامع الصغير " برقم ٤٣٠٢)). (بلال)

(٣) وادەزانم ئەمە جیاوازی جەوهەری نێوانی شیعر و پەخشان بێت.

کە ڕاوبۆچونی گروپی (أهل الذکر و القرآن) کە (گروپی قورئانیەکان بوون) دەڵێتەوە. لەکاتێکدا کە دکتۆر دیدگای ڕوون بوو هەروەها لە گۆڤاری (لشاعر الشرق) دا بە ڕونی بۆچونی خۆی دەردەخات لەچەندین شوێندا کە باوەڕی تەواوی بە سوننەتی پاکیزە هەیە، و بە بنچینە و کۆڵەکەی ئیسلامی دەزانێ.

لەو بابەتانەی گومان هەڵناگرێ، دکتۆر محمد إقبال سودی بینیوە لە بۆچوونەکانی خەواجە أحمدالدین ئەگەر چی نەڕۆشتۆتە ڕیزەکانیانەوە و نەڕۆشتوەتە ژێر کاریگەری بۆچونەکانیەوە لەبارەی دووەم سەرچاوەی ئیسلام (سوننەت).

د.پەیوەندی بە قادیانیەکانەوە:

خەواجە أحمدالدین لە ژیانیدا لەگەڵ بیروبۆچونە جیاوازەکاندا زۆر کەوتۆتە نیقاش و تاوتوێ و گفتوگۆوە، هەروەها لەگەڵ کەسایەتیە دیارەکاندا کە پێی وابوو کاریگەریان هەبووە لەسەر ئیسلام، نمونەی (ئاریيە سەماج)[1]، وە لەگەڵ ئەهلی حەدیس دا، هەروەها لەگەڵ غولام أحمد دامەزرێنەری گروپی قادیانیەکان[2]، بەبێ ئەوەی ساتێك بکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە لەهەمان کاتدا هەوڵی داوە توند نەبێت لەگەڵ بەرامبەردا و تاوتوێی کردووە بە شێوازێکی جوان، لەبەر ئەم شێوازە جوانەی لە وتار و قسەکردندا، زۆرێك لە قادینیەکان و ئاریيەکان و ئەهلی حەدیس

---

(١)گروپێکە لە گروپە هیندۆسیە تووندڕەوەکان.

(٢)غولام أحمد کوڕی غولام مرتضی کوڕی عطاء محمد (١٨٤٠ـ١٩٠٨ ز) ناسراوە ، لە ساڵی ١٨٩١ز بانگەشەی ئەوەی کرد کە مەسیحی کوڕی مەریەمە ، لەساڵی ١٩٠٠ز بانگەشەی ئەوەی کرد کە پێغەمبەرێکی نێردراوی خودایە ، هەرچۆن باوەڕی بە نەسخی هەندێ ئەحکامی ئیسلام هەبوو ، نوسین و بەرهەمی زۆرە لەوانە (براهین أحمدیة ، فتح الإسلام ، توضیح مرام ترياق القلوب ، تحفة الندوة).

و خاچپەرستانیش لە وتار و دانیشتنەکانیدا ئاماژە دەبوون، بەڵکو خەواجە خۆیشی لە دانیشتن و بۆچوونە جیاوازەکاندا ئاماژە دەبوو.[١]

٣. چالاکیەکانی لە بانگەواز و بەرهەمە زانستیەکانی:

خەواجە أحمدالدین لە ساڵی ١٩٢٦ز هەستا بە دامەزراندنی گروپێکی تایبەت بە خۆی لە ئەمرتسەر بەناوی (أمة مسلمة)[٢]، ئەوەبوو خەڵکی بەتەوژم و بەخێرایی پەیوەندیان دەکرد بە ڕێزەکانی گروپەکەیەوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بەناوی (بلاغ)ی تایبەت بە کۆمەڵەکەی، کە کاری بڵاوکردنەوەی بۆچوون و دیدگاکانی ئەم کۆمەڵەیە بوو[٣]. ئەوەبوو ئەندامان و بانگخوازانی کۆمەڵەی (أمة مسلمة) هەموو دەست لەناو دەست بە جەختێکی تەواوە کاریان دەکرد، بەڵکو کتێب و بڵاوکراوەکانیان لەسەر ئەرکی ماددی خۆیان لە چاپ دەدا و بۆ هەرکەسێك بیناسن و ناونیشانی بزانن دەیاننارد بەبێ بەرامبەر، کە ئەمە بووە هۆکارێکی کاریگەر بۆ بڵاوبوونەوەی بۆچونەکانیان و پەیوەندی کردنی خەڵك بەڕێزەکانیانەوە، ئەمە سەرەڕای جوانی و دامەزراوی ڕەفتار و ئەخلاقی أحمدالدین، کە بەڕاستی هۆکارێکی زۆر دیار و کاریگەر بوو بۆ فراوانکردنی چالاکیەکانی (أمة مسلمة)، و سەرنجی زۆرێك لە دەوڵەمەند و ڕەوانبێژان و ژیریار و بیریارانی بۆخۆی ڕاکێشا، نمونەی خاوەن کارگەکانی سابوون کە ناوی (کوندەن سوب) بوو، هەوەها (محمد حسين عرشي)، و (خەواجە عباد الله اختر)، و

---

(١) گۆڤاری (بلاغ) نوسەر: ضياء الله ، لاپەرە ٤٦ ، ژمارەی مانگی سیپتەمبەر ١٩٣٦ز.

(٢) گۆڤاری (البيان) لاپەرە ٣ ، ژمارەی مانگی نۆڤەمبەر ١٩٤٠ز.

(٣) (فيتنة إنكار حديث) نوسەر: إفتخار أحمد بەلخی. لاپەرە ٩٥.

(سۆفی غولام مصطفی تبسم) و (سەید مقبول أحمد) و (جعفر شاه بوله‌واری)، و (محب الحق عظیم آبادي) و (ثمنا عمادی) و (أسلم جیراجبوری) ، و زۆرێکی تر جگە لەمانە لە وانەبێژان و مامۆستایانی زانکۆ و ئەندامانی فەرمانگەی دادوەری لەسەردەمی خۆیدا.

بەڵام ئەوانەی ناومانهێنا لەسەرەوە هەریەکە پێگەیەکی کاریگەری هەبوو بۆ فراوانکردن و بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی خەواجە أحمدالدین، بەڵکو بۆ سودگەیاندن و زیادکردنی بۆچوونی زیاتریش، دەتوانین بڵێین هەریەکێك لەوانە قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە لە فیکری خەواجە (أحمدالدین)دا، خاوەن شێوازێکی تایبەتی خۆیەتی بەڵام لە سنوری بەرنامەی گروپی (أمة مسلمة) کاریان دەکرد، هەرچەندە هەرکەسێکیان نوسین و بەرهەمی تایبەتی خۆی هەیە، لە زانستە جیاوازەکان و هونەرە هەمە چەشنەکاندا.

ئەوەی تێبینی بکرێت لەسەر فیکری أحمدالدین بوونی ڕەخنە بەردەوامەکانیەتی لە بابەتی چۆنیەتی دابەشکردنی میراتی لەلای موسڵمانان، و بانگەشە کردنی ئەوەی تەنها لە قورئاندا هاتووە لەسەر میرات بەسە و پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ سوننەت، بۆ نمونە بەشداربوونی کوڕەزا سەرباری مردنی کوڕ، هەروەها (وەسێت)یان کردە فەرزی عەین لەسەر هەموو کەسێك کە پێش مردنی (وەسێت) بکات ئەو سەروەت و ماڵەی کێ بەمیراتی وەربیگرێت، هەروەها پشك کەوتنی هەموو ئەندامانی خێزان بەبێ گوێدانە دین و دیانەتی کەسەکان.. هتد، هەندێکی تر لە بۆچوونە سەیروسەمەرەکانی کە پێچەوانەی کۆڕای موسڵمانانە.[1]

(١) باسی دانەدانەی ئەم بۆچوونانە و جگە لەمانەش دێتە پێشەوە و لەسەریان دەدوێین لەبەشی کۆتایی ئەم کتێبە.

ئەوەی ڕاستی بیت خەواجە أحمدالدین بیرێکی قوولّی هەبوو بۆ شتەکان، لە نوسینەکانیدا زۆر ڕۆدەچوو لە زانیاری و ڕوانگەکانی بابەتەکە، وە لەهەموو ڕوانگەکەیەوە لەسەری دەدوا بە پشت بەستن بە قورئان، و بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هیچ سەرچاوە و زانست و دیدگایەکی تر.

أحمدالدین ژمارەیەکی زۆر نوسینی و کتێبی هەبوو، لەوانە:

١. (معجزة قرآن)، یەك بەرگە.

٢. (أصل المطاع)، یەك بەرگە.

٣. (تفسیر بیان للناس) گەیشتۆتە ئایەتی ﴿وَلَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ ﴿القصص: ٧٠﴾، حەوت بەرگە.

٤. (برهان الفرقان)، یەك بەرگە.

٥. (ریحان القرآن) یەك بەرگە.

٦. (قرآن مجید و رسول حمید)، یەك بەرگە.

٧. (مباحثت جوشت خوري) كە سەر (بەبۆچونەكان لەسەر خواردنی گۆشت)، یەك بەرگە.

٨. (خیر كثیر در اثبات وجوب رب قدیر)، (سەلماندنی خوای گەورە)، یەك بەرگە.

توانیم بگەم بە چوار كتێبی سەرەتای ئەو ڕیزبەندیەی سەرەوە، هەروەها نوسین و بابەتەكانی خەواجە لە گۆڤارەكانی (بلاغ) و (البیان) ی سەر بە گروپی (أمة مسلمة) بوون.

٤. نەخۆشیەکەی و کۆچی دوای:

لە ساڵی ١٩٣٣ز خەواجە تۆشی ماتەم و خەمی لەدەستدانی هاوسەری بوو، دوای ئەوەی پێنج کوڕ و کچێکی لێ بوو بوو، ئەوانیش (ضیاء الله، عطاء الله، هیدایة الله، ثناء الله، سخاء الله) بەڵام ئەم کۆستکەوتن و لەدەستدانە زۆر پشت شکێن بوو بۆ تەندروستی أحمدالدین، لەیەکەم ڕۆژی کۆچی دوای خێزانی کاریگەری لەسەر هێز و توانای دەرکەوت، هەتابێ زیاتر کەمتوانای دەکرد و دەیڕوخاند و تاوەکو لە ٢ ی یۆنیۆ ڕۆژی سێ شەممە لە ساڵی ١٩٣٦ز خەواجە أحمدالدین گەشت بە حاڵی دایکی منداڵان و وەفاتی کرد، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ دەبوو لەسەر سەرجێگە کەوبتوو.

❁❁❁

خافظ أسلم جراجبوري

١. سەرەتای ژیانی و چالاکیە زانستیەکانی:

ناوی محمد أسلم کوڕی زانای گەورە (سلامة الله بەهوبالی) [١] یە میژوو نوس و فەیلەسوف ، یەکێك لە ستون و پایە دیارەکانی ڕەوتی قورئانیەکانە. [٢]

لە ساڵی ١٢٩٩ ك – ١٨٨٠ ز ، لە شاری جراجبور لە ناوچەکانی (أعظم کَرە) ی ولاتی هیندستان، لە خێزانێکی ئەهلی حەدیس، لەڕێی سەفەری حەجی ماڵی خودا لە دایك بووە، پێش ئەوەی بگاتە نۆ ساڵانی تەمەنی هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، لەبەر ئەوەبوو نازناوی (الخافظ)ی پێ بەخشراوە، پاشان لە میانەی خوێندنیدا زمانی فارسی فێربووە و وەکو زمانی ئاینی ئەوکاتە، پاشان بیرکاری، ئەوجا زمانی ئینگلیزی، هەرچۆن زمانی عەرەبیشی لە خزمەت مەولانا فتح الله خوێندووە.

ئەوەی زانراوە لەسەری (الحافظ أسلم) نەرۆشتۆتە خوێندنی یاسای لە قوتابخانە یاساییەکان، هەرچۆنیش نەرۆشتۆتە هیچ لە زانکۆکان، بەڵام ئەوە خۆشەویستی و عیشقی خوێندن و زانست بوو کە پلەی بەرز کردەوە بۆ ئەو ئاستە بەرزە.

جا لە ساڵی ١٩٠٢ ز، بووبە یەکێك لە نوسەرە سەرەکیەکانی ڕۆژنامەی (بەیسە) لە لاهوور، لێرەوە ناوبانگی بڵاوبوویەوە لە نیوەچە کیشوەری هیندی، بەڵام لە ساڵی

---

(١) نیسبەتە بۆ ناوچەکانی (بەهوبال) ی هیندستان.

(٢) (إنکار حدیث کی نتائج) نوسینی : محمد سرفراز خان. لاپەرە ٧٥.

١٩٠٦زاینی دا وازی لەم کارە هێنا بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی دواناوەندی (علیکرە) وەکو مامۆستای زمانەکانی عەرەبی و فارسی دابمەزرێ.

وە لە ساڵی ١٩١٢ز بووبە بەرێوەبەری گشتی ئەم قوتابخانە دواناوەندیە، و لە ساڵی ١٩٢١ز ئەم قوتابخانە دواناوەندیە کرا بە زانکۆی (عەلیکرە ی ئیسلامی)، کە (الحافظ أسلم) وەکو وانە بێژ لەوێ بوو بۆ زمانی عەرەبی و فارسی، بەڵام زۆر لەم زانکۆیە نەمایەوە، و لەسەر داوای مەولانا محمد[1] عەلی ڕەحمەتی دەوامی خۆی گواستەوە بۆ زانکۆی (الملیة) ی ئیسلامی[2].

٢. پەیوەندی بە (قورئانیەکان = نەیارانی سوننەت) و بیرکردنەوە و بەرهەمە زانستیەکانی:

پێدەچێ پەیوەندی کردنی بە نەیارانی سوننەتەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو دودڵیە دەرونیەی هەیبوو لەسەر بابەتی بێ (پشك) بوونی کوڕەزا لەگەڵ مامەکانیدا لە میراتدا بە مردنی باوکی لە میراتی باپیرەیدا، جا دەڵێ: (لە میانەی خوێندن و خوێندنەوەم لە کتێبی (السراج فِي علم المیراث)[3] وەستام لەسەر بێ بەشبوونی کوڕەزا کە پشکی ناکەوێ لەگەڵ مامەکانیدا بە مردنی باوکی لە میراتگرتنی مالّی باپیرەیدا، دڵم

---

(١) محمد عەلی ڕەحمەتی لە ناوچەی (ڕامپۆر) ی هیندستان لە ساڵی ١٨٧٨ز لەدایك بووە ودەرچووی زانکۆی (عەلیکرە) و دواتر خوێندنی بالای لە زانکۆی ئرکسفۆرد خوێندووە، لە ولاتاندا زۆر زۆر گەراوە بۆ خزمەتی ئیسلام، و لەساڵی ١٩٣١ز کۆچی دوای کردووە، (تەماشای الموسوعة العربیة بکە لەماددەی ناوی محمد علی)

(٢) ئیستا شوێنەکەی گواستراوەتەوە بۆ دیلهی ، ئەوکاتە مەبەست لە دامەزراندنی زانکۆکە بلاوبوونەوەی زانستە ئیسلامیکان بوو ، هەروەها دەرکردنی داگیرکەران و لەهەمانکاتیشدا کەمکردنەوەی پێگەی زانکۆی (عەلیکرە). تا ئێستاش بەردەوامە لە وانەوتنەوە.

(٣)دانراوی سراج الدین محمد الحنفي.

ئەمەی پێ قبوڵ نەکرا، هەرچەند گەڕام لە کتێبەکانی میرادا کەسییکم نەبینی هاوڕام بێت، دواتر بینیم قورئان هاوتای بۆچوونەکەمە لەو بابەتەدا)[1].

ئەما پەیوەندی بە خەواجە أحمدالدین و کاریگەربوونی بە بۆچوونەکانی بەڕووڕی بۆمان دەرکەوتووە و لە وەرگێرانی کتێبی (معجزە قرآن) بۆ زمانی عەرەبی و بلاوکردنەوەی لە ولاتانی عەرەبی[2]دا، هەروەها (الحافظ) لە بواری میراتدا لەسەر ڕێباز و مەزهەبی خەواجە أحمد ڕۆشتووە، هەربۆیە کتێبێکی نوسی بەناوی (محجوب الإرث) وەکو ڕەخنەیەك لەسەر یاساکانی میراتی کە هەموو موسڵمانان کۆڕان لەسەری، هەروەها تێکەڵکردنی ڕەنگی بۆچوونی ئیشتراکی بە ئیسلام بە ئاشکرا لە دید و تێروانینەکانی (الحافظ أسلم) دا دیارن، هەرچۆن باوەڕی وابوو کە زەوی و زاری خەڵك موڵکایەتی بگەڕێتەوە بۆ وڵات، هەروەها پێشنیاری دامەزراندنی (ناوەندی میللەت) لە جیاتی (ئەنجومەنی تەشریعی حاکم) لەلای ئیشتراکیەکان.[3]

شایەنی باسە ئەوەی (الحافظ أسلم) لە قورئانیەکانی تر جیادەکاتەوە زانیاریە بەرفراوانەکەیەتی بە زانستە ئیسلامیەکان، لە فەرموودە و تەفسیر و فیقهـ و میرات و أصولـ و جگە لەمانەش لە زانستە ئیسلامیەکان، لەبەر ئەمەش بوو نوسین و

---

(١)گۆڤاری (طلوع الاسلام) لاپەرە ١٥ ، ژمارەی ٧ ، یەنایر ١٩٥٦ز.

(٢) بەناوی (الوراثة في القران).

(٣) ئەم پیاوە لە پیاهەڵدانی یەکێتی سۆفیەتدا دەڵێ: (میللەتی ڕووس کاری ئیسلامیان بۆ خۆیان تازەکردوە کە کە لە سەدە کۆنەکاندا پیادە دەکرا، بەڵکو جوانتریش لەوە ، هەستا بەکۆتایی پێهێنانی سەرمایەداری و موڵکایەتی زەووی و زار و خاوەن ناوچە و زەویەکان ، ئەمەش مانای تەواوی (لا) یە لە وشەی (لا إله الا الله) کە یەکەم خشتی بیناى ئیسلامەتیە ، ئەم کارەش خودی کارکردنی تەواوە بە شایەتومان) لە کتێبی (نوادرات) لاپەرەی ١١٥ .

بەرهەمی زۆری هەبوو لە بواری ڕەخنە لەسەر ئەو زانستانەی دانراون بۆ خزمەتی سوننەت.

ئەمما شێوازی نوسین و کتێبەکانی، زۆر سادە و سەنجڕاکێش بووە، ئەمەش بە شایەتی ڕاجیاوازەکان پێش هاوبیرانی، هەروەها شێوازی نوسینی بەوەش ناسراوە کە زۆر بەلای ماناکاری وشەسازیدا بووە و پێچاویەتیەوە بە مانا مەجازیەکانیدا بۆ بەلاڕێدا بردنی مانا حەقیقیەکەی.

سەرباری ئەوانە دەستێکی بالای هەبووە لە نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی بە زمانی ئوردویی بەتایبەتی سەدە زێڕینەکان، و کتێبی (تاريخ أمت) گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەو توانایە، هەر ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە خەڵکی نازناوی (علامة)ی پێ ببەخشن، هەرچەندە زۆرینەی نوسینەکانی مێژووی لە کتێبی (تاريخ الأمم الإسلامية) ی خضري بك هەڵگۆزیبوو.[1]

ئەوەی ناکرێ لێکۆڵەرێك نکۆڵی لێ بکات ئەوەیە کە (الحافظ أسلم) بە دووەم کەس دادەنرێ لە دوای (پەرویز) کە هەڵکەوتوون لەڕووی بەرهەمی نوسینەوە، و هەستاون بە بلاوکردنەوەی بۆچوونی قورئانیەکان.

٣. بەرهەمە زانستیەکانی :

(الحافظ أسلم) نوسنی زۆرە، گرنگترینی:

١. (الوراثة في الإسلام)[2]

٢. (تاريخ نجد)

---

(١) (قول فيصل) نوسەر: ماهر القادری ، لاپەرە ١٣ .

(٢) ئەم بەرهەمەی بەزمانی عەرەبی بووە ، ئەوانی تر بە زمانی ئوردوویی.

٣. (حياة عمرو بن العاص)

٤. (تاريخ ملت)

٥. (نكات قرآن)

٦. (تعليمات قرآن)

٧. (حياة حافظ شيرازى)

٨. (محجوب الإرث)

٩. (عقائد إسلام)

١٠. (مقام حديث)

١١. نوسراوەکان و بلاوکراوەکانی

١٢. (تاريخ قرآن)

١٣. (حياة جامي عبدالرحمن)

١٤. (نوادرات)

سەرباری زۆرێك لە نوسراو و وتاری هەمەجۆر و هەمەچەشن لە بوارەکانی ئاینی کە ناوبانگی ئەم پیاوەیان بەرزکردەوە لە گۆڤارەکانی (بلاغ) و (بیان) لە شاری ئەمرەتسەر، گۆڤاری (الجامعة) و (أهل الحديث) و (طلوع الإسلام) و (المعارف) لە شاری أعظم کورەهـدا، و جگە لەمانەش.

هەموو ئەو کتێبانەی بە چاپ گەیەنراون بەڵام ئێستا لە بازارەکانی کتێبدا بەردەست نین بەدەگمەن ئەگەر هەبن، و کتێبخانە گشتیەکان لێی بێ بەش نین، من توانیم بگەم بە دە دانە لە کتێبەکانی بەپێی ڕیزبەندی سەرەوە، هەروەها گەشتم بە نوسراوەکانی لە دوتوێی زۆرێك لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارانە.

٤. کۆچی دوایی:

دوای دامەزراندنی حکومەتی پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧ ز، کۆچی کرد بۆ پاکستان وەکو باقی کۆچبەرانی تر، ئەوەش لەسەر تکای قوتابیە ناوداراکەی خۆی (پەرویز) بەڵام ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کورت خێرا گەڕایەوە بۆ هندستان لەبەر دەست نەکەوتنی کەش و هەوایەکی لەبار لە پاکستان.

لە مانگی مارسی ١٩٥٥ز، نەخۆشی تەوژمی کردە سەر جەستەی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەخت تر دەبوو، تاوەکو لە بەرواری ٢٨ ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٥٥ز لە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیدا کۆچی دوای کرد، و گەشتە دیوانی پەروەردگار بۆ وەرگرتنی دەرەنجامی کارەکانی.[1]

❁❁❁

(١) گۆڤاری (طلوع الإسلام) ژمارەی ٧ ی مانگی یەنایر ، ساڵی ١٩٥٦ز.

پەرویز[١]

١. سەرەتای ژیانی و چالاکیە زانستیەکانی:

ناوی غولام أحمد پەرویز کوڕی فضل الدین کوڕی رحیم بخش، لە بەرواری ٩ ی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٠٣ز لە دێی (بەتالە) نزیکی ناوچەی قادریان هاتۆتە دونیاوە، لە ناوچەکانی (کورداس پور) لە (بنجابی ڕۆژهەڵات) لە وڵاتی هیندستان لە خێزانێکی زانستخواز بوو، زانستە ئاینیە سەرەتاکانی لە لای باپیری خوێندووە، باپیری بەرەحمەت بێت زانایەکی گەورە بوو بە زۆرێك لە زانستە ئیسلامیەکان، سەرباری ئەمە پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ سۆفیگەرانی ڕێچکەی (چەشتیەکان)[٢]، ئەوەبوو مێشك و بیری نەوەکەی بارگاوی کرد بە زانستە جیاجیاکانی ئاینی و نهێنی بوارەکانی تەصەوف، بەڵام هەر زوو پەرویز هەڵگەڕایەوە و بوویە دوژمنی سەرسەختی ئەو پەنهان و نهێنییانە.

لە ڕووی خوێندنی یاسای لە ئاستی ناوەندی تێپەڕی نەکرد، دواتر ڕۆشتە قوڵایی زانستەکان، و لە چاپخانەیەکی حکومی دامەزرا بە پلەی نوسەر، کۆتا پلەیەك

---

(١) ناوەکەیم بە کوردی نوسیەوە، چونکە (برویز) لەبەر ئەوە بووە کە کتێبەکە عەرەبیە و پیتی (پ) لە عەرەبیدا نیە، ئەگینا لە زمانی فارسی و کوردی و ئوردو دا پیتی (پ) هەیە و دەنگەکەشی وەکو یەکە لەو زمانانەدا. (وەرگێڕ)

(٢) ئەم ڕێچکەیە خۆیان دەدەنە پاڵ شیخ نظام الدین دەهلەوی کە لە ٩٣٦ ك کۆچی دوای کردووە ، لە هیندسان ناسراو بە (محبوب الهی) ، پەنجەی ڕێز و شانازی و شایەتی بۆ دریژ دەکرایەوە ، لەبەر زانست و تەقوای زۆری ، سواری و کاروانی زانستخوازی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕێگەیان دەبڕی بۆ خزمەتی ئەم پیاوە.

لێرەوە دەستی کەوتبێ پێش سەربەخۆیی پاکستان بوو، ئەوەبوو کرابە بەڕێوەبەری ئەو چاپخانەیە.[١]

لە ساڵی ١٩٣٨ز (سەید نذیر أحمد) دەست پێشخەری کرد بۆ پاڵپشتی دارایی بۆ دامەزرندی گۆڤاری (طلوع الإسلام) بە بێ ئەوەی ناوی لە پرۆژەکەدا بهێنرێت، لەبەر ئەوەی کارە فەرمیەکان ڕێگەیان بەو پاڵشپتیانە نەدەدا، و تا ئێستاش ئەو گۆڤارە بەناوی پەرویزەوەیە، لە دوو ساڵی سەرەتادا ئەو بابەتە ئیسلامیانەی بڵاودەکردەوە کە سەرنجی خەڵکی بۆخۆی ڕاکێشا، بەردەوام داخوازی و پشتیوانی لە زیاد بووندا بوو تاوەکو گروپی (العصبة الإسلامیه) بوون بە پاڵپشتی کە بەسەرکردایەتی(محمد علي جناح)[٢] بەڕێوە دەچوو بە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی موسڵمانانەی سەربەخۆ، بەڵام دوای سەربەخۆیی پاکستان پەرویز کاروبار و گۆڤارەکەشی لە هیندستانەوە گواستەوە بۆ پاکستان.

(١) (قول فصل) لاپەرە ٩.

(٢) محمد علي نجاح (١٨٧٦ز – ١٩٤٨ز) لە کراتشی هاتۆتە دونیاوە و دەرچووی کۆلێژی یاسابوو لە زانکۆی (لنکۆڵن) ی بریتانیا لە ساڵی ١٨٩٦ز، دواتر گەڕایەوە نیشتمان و پەیوەندی کرد بە (المؤتمر)ی هیندیەوە ، لە ساڵی ١٩٢٠ز پەتی پەیوەندیەکانی بە (المؤتمر)ەوە بچڕا، و لە حزبی (العصبة الإسلامیة) دا چالاکیەکانی دەرکەوتەوە هەتا ساتەوەختی سەربەخۆی پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧ز، و پلەی دەستە ڕاستی سەرۆکی بەدەست هێنا لەم پاکستانی نوێدا. (تەماشای الموسوعة العربیة) بکە.

٢. بیرباوەڕ و چالاکی بانگخوازیەکانی:

دوای ئەوەی پەرویز ڕۆشت بۆ ناوچەی کەراتشی و تەواو جێنشین بوو، لەوێ چالاکیەکانی زۆر زۆر پتەوبوون لەبەر نەبوونی هیچ هێزێکی بەرامبەر و ململانێ کار، و لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەو پاڵپشتیە پتەوەی حکومەت لە پشتیەوە، بەم شێوەیە زەمینەیەکی گونجاوی بەپیتی بۆ ڕەخسا تاوەکو بیروڕاکانی تێدا بچێنێ، وە بنچینەکانی بانگەوازی بۆ شوێنکەوتوانی دانا، وای لە نوسینگە فیکریەکانیان کرد بکەوێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ناوی لێنان (نوادی طلوع الإسلام) وەکو پاشکۆی گۆڤارەکەی[١]، چەند ساڵێکی نەخایاند کە ناوی بە هەموو ناوچەکانی پاکستاندا بڵاو بوویەوە، بەڵکو ناوبانگی گەشتە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی و ئەمریکا[٢]، ئیتر خەڵك تەوژمیان بەرەوە ڕێکخستنەکانی دەبرد.

وە لەلایەکی ترەوە دەرگای ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتیەکان دەستێکی بااڵیان هەبوو لە پێداهەڵدان و ناوبانگکردنی، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە ڕۆشنبیران و پارێزەران و دادوەران و وتاربێژان و مامۆستایانی زانکۆکان و قوتابیان و ئەندازیانیش پەیوەندی بکەن بە ڕێزەکانیانەوە و ببنە ئەندام تێیدا.

لە نۆفەمبەری ساڵی ١٩٥٦ز یەکەمین کۆبونەوەی گشتی بۆ هەموو یانەکانی (طلوع الإسلام) ئەنجامدرا لە شاری لاهور، دواتر هەموو ساڵێك کۆبونەوەی گشتی

---

(١) لەوانەیە ئەو نیسبەتی (دکتۆر محمد مصطفى أعظمي) لە نامەی (دراسات في الحديث النبوي الشريف . . .) پێداوە لە لاپەرەی ٢٨ـ٣٢ ، بۆ پەرویزی داناوە کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی (أهل القرآن) بووە ، لەبەر ئەو ئامانجە بێت کە پەرویز هەیبووە لە تەحکیمی قورئانی پیرۆز بەتەنها ، بەڵام ناونانی کۆمەڵەکەی بە (أهل القرآن) نەسەلماوە لێیەوە کە کارێکی وەهای کردبێت.

(٢) بڕوانە کتێبی (منزل به منزل) پرویز ، لاپەرەی ٢٥٤ ، و گۆڤاری (البينات) لاپەرە ٣ ، ژمارەی مانگی جماد الآخر لە ساڵی ١٣٩٤ ك.

ئەنجام دەدرا بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و لێکۆڵینەوە لەو گرفتانەی دەهاتە ڕێی بلاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانیان لە تەواوی جیهانی گەورەی ئیسلامی دا[١].

لەخودی ئەو ساڵەدا پەرویز وەکو ئەندامی لیژنەی (تەقنین) (نوسینەوەی دەستور) لە پاکستان هەڵبژێردرا، بەڵام ئەو کارە زۆر بەردەوام نەبوو، چونکە دەستوری پاکستان سەرلەبن هەمووی هەڵوەشایەوە بەهۆی کودەتای سەربازی بەسەرکردایەتی جینیرالّ (أیوب خان)[٢]، و دوای سەرکەوتنی کودەتاکە فەرمانی هەڵوەشانەوەی هەموو حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کرد، جگە لە (طلوع الإسلام)[٣]، ئەڵبەتە لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەم ڕەوتەی پەرویز لەگەڵ هەموو جۆرە دەسەلاتێکدا خۆی دەگونجاند، وە بۆچوونی دامەزراوەی (ناوەندی میللەت) لای پەرویز هەبوو، کە هەموو کەسێك دەیتوانی پلەی تێدا بگرێتەوە دەست، ئەوەبوو دەسەلاتی تەشریعی بەرفراوانیەکی وەهای بۆ ئەم ناوەندە فەراهەم کرد، کە بە هۆشداری بێ یان یاسایی یان ئاسایی بێ یاخود بە ناچاری، ئائەمە ئەو شتەیە کە هەموو سەرکردەیەك پێویستی پییەتی بۆ مانەوەی لەسەر حوکم، لەوەدەچێ ئەمە یەکێك بێت لەو هۆکارە پەنهانیانەی کاریگەربوو لەسەر لابردنی یاسای ڕەگەزمانەی شارستانی ئیسلامی لەژێر سایەی حکومەتەکەی جینیرالّ، و حەلاّل کردنی یاسا دەستکردەکان لە جێگەی ڕەگەزنامەی باری شارستانی.

---

(١) بڕوانە کتێبی (پرویز منزل به منزل) لاپەرەی (س) لە پیشەکیەکەیدا.

(٢) ماستەرنامەی (پەرویز) لێکۆڵەر خاتوو (کوپر تسنیم G.A) لاپەرەی ٣ ، ساڵی ١٩٧٣ز ، پێشکەشی کۆلێژی فەلسەفەی زانکۆی لاهوری کردبوو.

(٣) (قول فیصل) لاپەرە ١٨ .

لەڕاستیدا هزری پەرویز بە تایبەتمەندی زانیاریيە زۆر و فراوانەکەی لەبارەی هزری ئەوروپی دەناسرێتەوە، کە بە پێویستی دەزانی ئیسلام بە ڕەنگی هزری ئەوروپا ڕەنگ بکرێت، سەرباری ئەمەش بۆچوونی وابوو کە بیردۆزی زانستەکان ڕاستیەکن هیچ قسەیەك و موناقەشەیەك هەڵناگرێ، هەرلەبەر ئەمەش دەبێ هەموو تەفیسری قورئان لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانستانەدا شی بکرێتەوە[1]، هەروەکو چۆن شێوازی گوتاری هێندە قەشەنگ و زوڵاڵ بوو خوێنەری توشی سەرسامبوون دەکرد بە جۆرێ هەرچی وتەی باتڵی تێدابوو دەیکردە نێو میشکی گوێگرەوە، هەروەها لارکردنەوەی مانای وشەکان و بەلاڕێدا بردنی بابەت و ئامانجەکانی دێڕەکان لەنێو نوسینەکانیدا چۆنت پێ خۆشە بڵێ وابووە . . ! هێندە بالادەست بوو بە لارکردنەوەی گومراکەرانە . چونکە هیچ بابەتێکی بیروباوەڕی ئیسلامی نیە ئیللا پەرویز دەستی مزەڕەتی پێگەیاندووە، بەڵام بە شێوەیەك کە کەسێك قوڵنەبووبێتەوە لە زانستە ئیسلامیەکاندا هەر هەستی پێ ناکات . . ! !

٣. پەیوەندی پەرویز بە نەیارانی سوننەتەوە (قورئانیەکان):

پەرویز خۆی باس لەیەکەم بەرخورد و پێکدادانی فیکری دەکات کە زۆر کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی هەبووە بۆ تەواوی ژیانی، بەڵکو هۆکاری پشتکردنە زۆرینەی زۆری موسڵمانان و ڕۆشتنە ڕیزی نەیارانی سوننەت (قورئانیەکان) هوە بوو .

---

(١) نمونەی بیردۆزی پەرەسەندن لە سەرەتاکانی دروست بوونداە ، و نکۆڵی کردنی ڕوداوە ئاساییەکان و جگە لەمانەش ، کە لە بابەتەکانی کۆتاییدا دێتە ڕێمان .

دەڵێ: (ڕۆژێك له خوێندنەوەی تەفسیردا بووم بەسەر ئەم ئایەتەدا تێپەریم كه دەفەرموێ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ آذَوْا مُوسَى فَبَرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّا قَالُوا وَكَانَ عِنْدَ اللَّهِ وَجِيهًا﴾[1]، واته: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە وەكو ئەوانە مەبن كه ئازاری موسا پێغەمبەریان ﷺ دا، بەڵام خودا لەو وتانە پاراستی كه پێیان دەگوت، بەڕاستی لەلای خودا پلەی بەرزی هەیە موسا پێغەمبەر ﷺ.

دەڵێ: بێ گومان ئەو ئازارانەی لێرەدا هاتووە له شوێنەكانی تردا قورئان ئاماژەی بۆ كردووە به دڕێژی و بەوردی، هەر له نكۆڵی و بێزاری بەنی ئیسرائیلەكان و داواكاری زۆر و ناپێویستیان بەبێ هۆكار، و شتانێكی تر كه هەموو بوونە هۆكاری لەدەستدانی نازونیعمەتەكانی خودا لەسەریان. كەچی من تەفسیری ئەم ئایەتەم له فەرمودەیەك كه ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە لەو ڕیوایەتەی كه بوخاری و تورمزی دەیگێڕنەوە لەوتۆمەت و ناوزەندانەی بەنی ئیسرائیل دەیانخستە پاڵ موسا پێغەمبەر ﷺ، كه گوایە گەڕە و پێستی نەنگیی هەیە، و گوایە بەردێك جلەكانی موسا پێغەمبەر ﷺ ی ڕفاندووە، دوای ئەوەی موسا پێغەمبەر ﷺ بەردەكە دەبینێتەوە لێی دەدات...، دڵم گوشرا و سنگی تەكهەڵچنیم[2]، ئیتر ڕۆشتمە قوڵایی تێفكرین و وردبوونەوە بیركرنەوەوە، هەرچی گومانێك دەهات بە مێشكما دانە دانە وەڵامم دەدایەوە بەدوای یەكدا)[3].

---

(١) (الأحزاب: ٦٩)

(٢) وتەكەی ئەمەبوو(فارتعدت فرائصی) بەڵام یان دەبوو بە وەرگێرانی حەرفی بیكەم بە كوردی، یان مانای ئەو حاڵەتەبكەم بە كوردی، منیش وەكو تەبعی حاڵ ماناكاری و دارشتنەوەم لاپەسەنترە، تاوەكو بابەت و مەبەستەكان بگوازرێتەوە بۆ ئەو زمانەی بۆی وەردەگێردرێت.

(٣) كتێبی (پرویز شاهكار رسالت) لاپەرەی ٢٩ – ٣٠ .

لەوانەیە بۆ یەکەم جار کە ئەم بۆچوونەی ئاشکراکرد و دەستی دایە گومانەکانی لەبارەی سوننەتەوە بۆ ئەوەی متمانە لەسەر سوننەت لابەرێت و بانگەوازی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بۆچونەکانی خۆی بکات بە ئاشکرایی و بەبێ وچان، بەرواڕەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە مزگەوتی سکرتاریەت لە دیلهی، کە لەلایەن بەرپرسیانەوە مۆڵەتی تایبەت درابوو بە پەرویز بۆ ئەوەی وتاری هەینی تێدا بڵێتەوە، لەبەر دڵسۆزیەکانی ڕابردووی، بەڵام دەبینرا ڕۆژ بەڕۆژ زمانی وتارەکانی دەگۆڕێت!! سەرەتا لە لارکردنەوە و تەئویلی ماناکانی سوننەت دەستی پێ کرد، پاشان دژایەتیەکی ئاشکرا، وە لەکۆتاییدا نکۆڵیکردنی گشت سوننەت و نەبوونی هیچ جۆرە متمانەیەك و نەمانی مانای بەڵگەبوون تێدا بۆ شەریعەتی خوای پەروەردگار، ئەوەبوو ئەم تەرزە لە بۆچوونی لار زۆری نەیاخایاند و جۆشوخرۆشی ئیسلام پەروەریی تەواوی مزگەوتی داتەنی و رۆشتنە سەر (موسا الفراش) لە سکرتاریەت، ئەویش یەخەی کراسی وتاربێژی دادڕی و هێنایە خوارەوە و ئێتر دوری خستەوە لە وتار بێژی و ئەو تڕوهاتانەی دەیهۆنیەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئێتر بۆجارێکی تر نەگەڕایەوە سەر مینبەر بۆ وتارخوێنی. [1]

لەم کاتانەدا بوو کە پەرویز پەیوەندی کرد بە مامۆستاکەیەوە (الحافظ محمد أسلم جراجبوری) و دەستی بە خوێندنی وانەکانی کرد، بەم شێوەیە میراتی هەرچی بۆچوونی خەواجە هەبوو لەبارەی سوننەتەوە وەریگرت، هەرچیش کە (الحافظ) بە دریژایی تەمەنی لەبۆی زیاد کردبوو، بەڵام ئەوەبوو ئەوکاتە لە شاری دیلهی کەش و زمینەی بۆ نەڕەخسا تا تۆوی نەنگی فیکرەکەی بچێنێت لەنێو

(١) (قول فیصل) لاپەرە ١٥ .

موسڵمانانداا، لەلایەك بوونی ئەو زانا شکۆدار و دلسۆز و بەئەمەکانەی هەبوو، لەلایەکی تریشەوە باری سیاسی ناجێگیری کە پێدەچوو بشکێتەوە بەسەر موسڵمانانداا لەو کاتەدا، ئەوەبوو بۆچونەکانی پەنگی خواردبووەوە لە سنگیدا تاوەکو ئەوکاتەی پاکستان سەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئەمیش وەکو هەموو موسڵمانان کۆچی کرد بۆ پاکستان و لە شاری (کراتشی) مۆڵگەی بۆ فیکر و گروپەکەی دامەزراند، بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەب و فیکر و بۆچونەکەی.

ئەگەر بمانەوێ لە دیدگای پەرویزەوە بڕوانین کە بۆچونی چۆن بووە بەرامبەر (سەید أحمد خان) بێگومان دەبینین زۆر شکۆدار تەماشایی دەکات لە ڕیزبەندی بیریارانی ئەم سەردەمە نازناوی لێ دەنێ، دەڵێ: (لەم سەردەمەی ئێستاماندا سەید أحمد خان و دکتۆر محمد إقبال بە بەناوبانگترین بیریاران دەژمێردرێن)[1].

ئەما دیدگای لەبارەی (عبدالله جەگرەلەوی) دەبینین زۆر بە ڕێبازەکەیدا هەڵدەدات و نکۆڵی هەندێ وردەکاری لێ دەکات لەسەر قورئانی پیرۆز[2]، جگە لەوەی پەرویز پێی وابوو ئەو وردەکاریانە بدرێتە (ناوەندی میللەت)، جـــا دەبینین ئەم دوو پیاوە هەمان سەرچاوەی فیکری و هەمان ئامانجیشیان هەیە، بەڵام کەمێ جیاواز بوون لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکەیان، هەردوکیان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ئیسلام

---

(١) (فرقة أهل القران) ، لاپەڕە ٨ .

(٢) پەرویز دەڵێ: ئێمە وا دەبینین کە عبدالله جەگرەلەوی پیاوکی نیاز پاك بوو ، بە گڕی حاڵی ناهەمواری ئیسلام و موسڵمانان دەسوتا لەم سەردەمەدا کە بوونەتە چەندین گروپ و فیرقەوە ، دەیوست پەی ببات بە چارەسەر ئەم گرفتاریە بۆیە بانگەوازی هەموو موسڵمانانی کرد بۆ کۆبونەوەی تەنها لەدەوری قورئانی پیرۆز ، لەبەر ئەمەش بوو کە هەنگاوەکانی سەلامەت بوون لەسەر ئەو ڕێگە ڕاستە ، جگە لەوەی ئاماژەی بەوەدەکرد کە کارکردن بە ئیسلام و کاراکردنی حوکمی ئیسلام جگە لە قورئان پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نیە) . کتێبی (فرقة أهل القران) ، لاپەڕە ٨ ، (پرویز منزل به منزل) لاپەرەی ١٠ .

تەنها بە قورئانەوە تەواوە و پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نیە، بەڵام لەم تەواوێتی ئیسلامەدا ڕایان جیاواز بوو، چونکە پەرویز وای دەبینی کە قورئان بە گشتیەکانەوە تەواوە لەو ڕێگەیەشەوە دەگەی بە وردەکاریەکانی کەدانراوە بۆ (ناوەندی میللەت). بەم پێیەش دیارە هەردوولا گەشتوون بە ئامانجە فیکریەکەیان کە بریتیە لە خستنی پێگەی سوننەت کە سەرچاوەی دووەمی تەشریعاتی ئیسلامیە.

٤. نوسین و بەرهەمەکانی:

پەرویز بە تاکە کەسی قورئانیەکان دادەنرێت لە زۆری نوسینەکانیدا، بەڕاستی مافی خۆیەتی کە ناوی بنێین نوسەری هەموو نەیارانی سوننەت، ئەمەش ناوی هەندێ لە نوسینەکانیەتی:

١. (تبویب القران)، سێ بەرگە.
٢. (سلیم کی نام خطوط)، سێ بەرگە.
٣. (قرآنی فیصلی)، سێ بەرگە.
٤. (قرآنی قوانین)، یەك بەرگە.
٥. (من و یزدان)، یەك بەرگە.
٦. (إبلیس و آدم) یەك بەرگە.
٧. (کتاب التقدیر)، یەك بەرگە.
٨. (شاهکار رسالت) یەك بەرگە.
٩. (إنسان نی کیاسوجا)، یەك بەرگە.
١٠. (أسباب زوال أمت)، یەك بەرگە.
١١. (گاهرە کی نام خطوط) یەك بەرگە.
١٢. (مقام حدیث) یەك بەرگە.

١٣. (إسلامی معاشرە)، یەك بەرگە.

١٤. (منزل بە منزل)، یەك بەرگە.

١٥. (قتل مرتد)، یەك بەرگە.

١٦. (برق طور)، یەك بەرگە.

١٧. (شعلە مستور)، یەك بەرگە.

١٨. (جهان فردا)، یەك بەرگە.

١٩. (مذاهب عالم کی آسمانی کتابین)، یەك بەرگە.

٢٠. (قائد أعظم و طلوع إسلام)، یەك بەرگە.

٢١. (فردوس گم گشتە)، یەك بەرگە.

٢٢. (ختم نبوت و تحریك أحمدیت)، یەك بەرگە.

٢٣. (نظام ربوبیت)، یەك بەرگە.

٢٤. (عربی و خود سیکی)، یەك بەرگە.

٢٥. (پاکستان کامعمار أول)، یەك بەرگە.

٢٦. (جوئی نور)، یەك بەرگە.

٢٧. (إقبال أور قرآن)، یەك بەرگە.

٢٨. (إسلام کیاهی)، یەك بەرگە.

٢٩. (مطالب الفرقان)، دوو بەرگە.

٣٠. (مفهوم القرآن)، سێ بەرگە.

٣١. (لفات القرآن)، چوار بەرگە

٣٢. لێکۆڵینەوە و نامیلکەکانی کە زیاترە لە ژمارەی ئەو کتێبانەی لەسەرەوە هاتووە، سەرباری ئەو بابەتانەی کە پەرەکانی گۆڤاری (طلوع الإسلام) ی

ڕەشکردەوە، پێش ئەویش گۆڤاری(معارف) و جگە لەمانەش گۆڤارە ئیسلامیەکانی تر.

بەندە بۆ خۆم گەشتووم بە شازدە کتێبی یەکەم لە ڕیزبەندیەکەی سەرەوە و بینیویانم، هەروەها زۆریك لە بابەتەکانی لە گۆڤارەکاندا.

٥. تێڕوانینی زانایان لەسەر بۆچونەکانی:

لە ڕاستیدا شاری لاهور ـ شاری إقبال ـ لە ساڵی ١٩٥٨ز بەدواوە بووبە مۆڵگەی هەمیشەیی بانگەوازەکانی گروپی (طلوع الإسلام)ی نەیارانی سوننەت بەڵام ئەوبوو زانایان چنگ لەسەر پشت چاویان لەسەر کەوان بوو بۆیان، بە جۆرێ کە مەولانا مەودودی بەهەمان شێوە شاری لاهوری کرد بە پێگەی سەرەکی بۆ (الجماعة الإسلامية)ی یارانی سوننەت، و زۆر جوان تیشکی خستبووە سەر بانگەشەکانی پەرویز، و خەڵکی هۆشدار دەکردەوە لە نەنگیەکانی خۆی و شوێنکەوتوانی و دەرەنجامی خراپی ئەو بۆچوونانەی پەرویزی دەخستە ڕوو کە لە قیامەتدا بەرپرسیارە لەسەری.

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦١ز، بۆچوون و باوەڕەکانی پەرویز بە کۆکراوی دوای لێکۆڵینەوە خرایە بەردەستی زانایان بۆ ئەوەی فەتوای حوکمی وتەکانی ڕوون بکەنەوە، ئاخۆ کەسێکی وەها پەیوەندی بە ئیسلامەوە دەمێنێت؟ یاخود ئیسلام لەکەسی وەها بێ بەرییە؟

بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکانی قوتابخانەی عەرەبی ئیسلامی لە شاری کراتشی ئەرکی ڕێکخستن و خزمەتی پرۆژەی فەتوادانەکەی لە ئەستۆ گرت، لە فەتوادانەکەدا نزیکەی زیاتر لە هەزار زانا لە زانایانی موسڵمان و پیاوانی ئاینی پاکستان و

هیندستان و شام و حیجاز کۆڕا بوون، بەتێکرا حوکمی کوفریان بەسەریدادا و ئاشکرایان کرد کەسێك ئەوها بیروباوەری نەنگ بێت بەرامبەر ئیسلام و سوننەت ئیسلامەتی لەگەردنیدا نەماوە و دەرچووە لە ئیسلام. [1]

تا ئێستا[2] ئەم کابرایە زیندووە و هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچونەکانی، و حیزبەکەشی (طلوع إسلام) بەهێزترینی نێو حیزب و بزوتنەوە (قورئانیەکان = نەیارانی سوننەت)ە کە ئێستا لە مەیدانی ململانێدا هەبن، کە لەبەشی داهاتودا زیاتر تیشك دەخەینەسەری.

دوای ئەم خیستنە ڕووانە کە پێناسینی بەناوبانگترینی بانگخوازانی ڕەوتی قورئانی بوو، مرۆڤ پرسیارێك دێت بە میشکیدا، ئایا ئێستا کەس هەیە لەم سەردەمەدا شوێنکەوتەی ئەوانە بێت؟ یان نا؟ ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە لەپەڕەکانی داهاتودا لەسەری بدوێین و بیخەینە ڕوو.

---

(١) چاپکراوی فەتواکە، پێشەکی لاپەری (س). هەروەها کتێبی (شاهکارە رسالت) ی خودی پرویز، لاپەرە ٤٤٦.

(٢) کاتی نووسینی ئەم کتێبەیە کە نوسەر نوسیویەتی..

جیم

گروپه قورئانیيەکانی سەردەم

گروپه قورئانییەکان لەم سەردەمەدا:

لە ئێستادا چوار گروپی (قورئانی = نەیارانی سوننەت)

هەن کە دوو خاڵ کۆیان دەکاتەوە:

١- یەکدەنگی قورئانییەکان لە پشتبەستن بە قورئان بە تاك و تەنها لە هەموو کاروباری دونیاو دوا ڕۆژدا.

٢- وە هەروەها سونەتی پێغەمبەر ﷺ ماڵ نیە بەسەر دینەوە و نابێتە بەڵگە و حوججە لە دیندا، وە هیچ بوارێك نیە بۆ ئەوەی سوننەت هاوتا بکرێت لەگەڵ قورئان و تێکەڵ بە دین بکرێت.

گروپی یەکەم
(گروپی امت مسلم اهل الذکر والقرآن)

وە ئەم کۆمەڵەیە تاکە پاشماوەی فیرقەی (عبدالله جەگرەلەوی)یە کە دامەزرێنەری بزوتنەوەی قورئانیە، وە بە پارتی خۆی و پارتی (خەواجە احمد الدین)ەوە ناونرا، کە لە ڕاستیدا پەیوەندی بە گروپی (خەواجە)ەوە نەبوو، کە محمد رمضان[1] بەردی بناغەی دانا، کە قوتابی (عبدالله جەگرەلەوی)بوو، ئەم گروپە لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا گرو تینێکی زۆری هەبوو لەگەڵ چەندین چالاکی جۆراوجۆر، ئەگەر چی هەر زۆر زوو لە دوای مردنی بەرە بەرە خۆری ئەم گروپە بەرەو ئاوا بوون چوو دەستیکرد بە لەناوچون و کەمبوونەوە، هەربۆیە ئێستا چەند هەزار کەسێك پەیڕەوان و شوێنکەوتەی هەیە زۆر بە کەمی جووڵەو گەشەی نوێ لە ڕیزەکانیا بە دی دەکرێت.

وە لە بەد شانسی ئەم کۆمەڵەیە ئەوە بوو پۆستە هەستیارەکانی کەوتە دەست نەزان و ناشارەزا و ناتەواو و نەخۆشەکانیان، نەخۆشییەك کە چاوەڕوانی چاکبونەوەی لێنەدەکرا، ئەمەش وای لە کۆمەڵەکە کردبوو کە پەیوەندیکردن پێیانەوە بوبووە شەرمەزاری.

---

(١) لە ساڵی ١٩٣٩ کۆچی دوایی کرد بە پێی گوتەی کورەکەی محمد اسماعیل کە ئێستا لە (کۆجەر ئەنولەی) پاکستان دەژی وە بڕوانە پەڕەی ٣٧٠ لە نامەکە(الرسالة).

ئەڵبەتە کاتی نوسینەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆتایی حەفتاکان بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیست. (بلال)

ئەم کۆمەڵەیە چەندین بنکە و سەنتەری لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی پاکستاندا هەیە، بەڵام بنکەی سەرەکییان دەکەوێتە (دار القران ١١٠ N سمن اباد لاهور) وە من سەردانی ئەو بینایەم کرد لە ساڵی ١٣٩٩ك ـ ١٩٧٩ ز، ئەم بینایە وەکو مزگەوتێك وایە بەڵام میحرابی تیا نیە، جێگەی سەد نوێژخوێنیشی تیا نابێتەوە لە یەك کاتدا، ئەندامەکانی ئەم گروپە نوێژی هەینی تیا دەکەن.

وە من بۆ خۆم نوێژی هەینیانم بینی کە زۆر تایبەت بوو بۆ هەر ڕکاتێك تەنها سوجدەیەك دەبەن، وە بە پوختی لە بەشی کۆتایی بابی دووەم باسی نوێژەکانیان دەکەین، هەر لەو بینایەدا هۆڵێکی بۆ خوێندنەوە تیایە وەکو هەر ژوورێکی ئاسایی هەندێ کتێبی کۆنی تیایە لەگەڵ نوسراو و چاپکراوەکانی (اهل الذکر و القرآن).

شایەنی باسە گروپی (امت مسلم اهل الذکر و القرآن) گۆڤارێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە ناوی (بلاغ القرآن) تیایدا بۆچون و بیرۆکەکانیان پەخش دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە بە هەموو ناوچە دورە دەستەکانی پاکستاندا، هەر بۆیە خەڵکی حەزیان لێبوو پەیوەندی بکەن بەم کۆمەڵەیەوە، لە کاتی ئێستادا (محمد علی رسول نەکری) سەرکردایەتی ئەم کۆمەڵەیە دەکات، کە ئێستا لە نزیکەی حەفتاکانی تەمەنیایەتی، پەیوەندیم پێوە کردوو گوێم لە هەندێ گوفتارەکانی بوو، وە بە تووندترین سەرانی قورئانیەکان دەژمێردرێت لە دژی سوننەت و ئەوانەی حەدیث دەگێڕنەوە، وە هیچ وتارێك لە وتارەکانی بێبەش نابێت لەو کارە دزێوو ئابڕو بەرانەی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم گروپە ئەوەیە پەیڕوان و سەرانی ئەم کۆمەڵەیە ناوی خۆیان لە سەر چاپکراوەکانیان تۆمار ناکەن، تەنها بەناوی (إدارة بلاغ القرآن)ەوە

دایدەنێن، هەربۆیە نوسراوەکانیان ناتوانرێت بەتەواوی بزانرێت هی چ کەسێکی دیاریکراو وەچ نوسەرێکی تایبەتەلە کۆمەڵەی (اهل الذکر و القرآن).

هەرچەندە کۆمەڵەی (بلاغ القرآن) مزگەوتی تایبەت بە خۆیان هەیە لە زۆربەی شارەکانی پاکستاندا، ڕۆژانە تەنها ٣ نوێژ لە مزگەوتەکانیان دەکەن، بە پێی تێگەیشتنی خۆیان کە گوایە لە قورئانی پیرۆزدا وا هاتووە، وە ئەوەی پەیڕەوان و یارانی ئەم کۆمەڵەیەی بێ جیا دەکرێتەوە لە ڕوکەشیاندا بریتیە لە نکوڵیکردنیان لە سڵاو کردن لە کاتی ڕوخسەت وەرگرتن بۆ چونە ژوورەوە بۆ لای یەکتر، وەکو لاسایی کردنەوەی ئەم نەصەی قورئان، کە دەفەرموێت : ﴿سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ﴾[1].

❁❁❁

(١)(الزمر: ٧٣).

گروپی دووەم
گروپی (أمة مسلمة)

ئەم گروپە خەواجە احمدالدین دایەزراند لە (ئەمرەتسەر) لە هندستان، وە لە زێدی خۆی کۆچی کرد بۆ لاهور لە ڕۆژانی سەربەخۆیی پاکستاندا لە ساڵی ١٩٤٧ز، بەڵام لە بەر ناکۆکی و ناتەبایی لە نێو ڕیزی ئەندامەکانیدا کە بووە هۆی لێکترازان و جیابوونەوەی پایەکانی ئەم گروپە لە یەکتری، تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە پەکیان کەوت چونکە سەرمایەدارو دەوڵەمەندەکانیان بە تەواوی دووركەوتنەوە لە هاوکاری دارایی گروپەکانیان، هەموو ئەمانەش وایان کرد کە لە هەر زۆر زوو لەناو بچن، سەرباری زۆری کتێب و نوسەرەکانیان و زۆری ئەو پێنوس و خامانەی کە بەرگرییان لێدەکرد، ئەم گروپە لە ڕابردوودا خاوەنی دوو گۆڤار بوون بە ناوەکانی هەریەك لە (بلاغ) و (بیان)_ یەکەمیان لە مانگی ٦ ی ساڵی ١٩٣٩ز لە کارکەوت و بلاوکراوەکانی ڕاگیراو (البیان) جێی گرتەوە ئەگەرچی ئەمەشیان تەمەنی زۆر درێژ نەبوو بە هۆی کێشەی قەیرانی داراییەوە نەیتوانی کارەکانی بە باشی تێپەڕێنێت، سەرەنجام لە سەرەتای شەستەکاندا ئەمەشیان لە کار وەستا، هەموو ئەم هۆکارانە بوونە هۆی شکست و پووکانەوەی ئەم گروپە.

لەم کۆتاییانەدا ئەندامە دڵسۆزەکانی ئەم کۆمەڵەیە هەستیان بەوەکرد کە پێویستە سەر لە نوێ کارەکانیان ڕاپەڕێننەوە، هەر بۆیە سەر لە نوێ دەستیان کردەوە بە کۆبونەوە و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیان و ئەنجارەیان زۆر بە بەخشندەییەوە

دەیانبەخشیە کۆمەڵەکەیان، پاشان چەندین پلان و بەرنامەی تۆکمەیان دارشت بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی هەموو بزوتنەوە قورئانییەکان لە سەر یەك مێزی گفتوگۆ، گومانی تیانیە کە بەخەبەر هاتنەوەی ئەمانە لە دوای پوکانەوەیان و هێزی کۆکردنەوەیان ئاماژەیەکی ڕوونە بە مەترسی ئەم گرووپە، لە کاتێکدا زۆربەی هەرەزۆری دامەزرێنەر و نوسەرەکانیان هێشتا لە ژیاندان کاری ڕۆژنامەوانی و نوسەریی دەکەن.

تەنانەت شارێك لە شارەکانی پاکستاندا نیە ئیللا ئەندامی ئەم گرووپەی تیایە، وە (امة مسلمة) چەندین بنکە و بارەگایان لە زۆربەی شارە سەرەکییەکانی پاکستاندا هەیە، بەڵام بنکەی سەرەکیان دەکەوێتە (بینای دار القرآن ٣ نسبت رود لاهور) سەردانی ئەم بنکەیەم کرد و چاوم بە هەندێك لە ئەندامەکانی کەوت وە هیچی کەم نیە لە بزوتنەوەیەك ئیللا چەند هەنگاوێکی هاندەرانەی یەك لەدوای یەك نەبێت.

ئەوەی پێویستە بزانرێت و ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە پەیڕەوان و شوێنکەوتوانی ئەم کۆمەڵەیە لە کارو کردەوەیان بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە لە کارو کردەوەی موسڵمانان دەچێت، لە هەریەك لە پێنج نوێژەکە و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ..... ، وە ئەمەش وای کردووە جیاکردنەوەیان ئاسان نەبێت لە موسڵمانان بە شێوەیەکی ڕوکەشی، وە گۆڤاری (فیض اسلام) وێنای دید و بۆچوونی نارەسمی ئەم کۆمەڵەیە دەکات لە کاتی ئێستادا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامەکانیان لە هەوڵدان بۆ ئەوەی جارێکیتر گۆڤاری (البیان) سەرلە نوێ بخەنەوە گەڕ.

وە لەبەر ئەو نسکۆو پوکانەوەیەی کە پێشتر توشیان بو بوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نەمتوانی ژمارەی تەواوی ئەندام و پەیڕەوانی ئەم کۆمەڵەیەم دەست بکەوێت، بەڵام

ئەوەی کە دڵنیاین لێی ئەوەیە کە ژمارەیان زۆر زیاترە لە ئەندامەکانی (بلاغ القرآن) ی پێشووتر، چونکە لە ڕیزەکانیاندا چەندین کەسی کارامە و لێهاتوو لە گەنجانی کچ و کوڕ هاتوون لە هەریەك لە ڕۆشنبیر و خوێندەوار مامۆستای زانکۆ و پزیشك و پارێزەران.

هەروەها گروپی (امة مسلمة) کۆبونەوەی هەفتانەیان هەیە لە بارەگای سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە بە مەبەستی ڕا گۆڕینەوە، وە پلان دانان بۆ داهاتوو، وە بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەنجامەکانی هەفتەی پێشوو، هەروەها کۆکردنەوەی بەخشینەکان و ناردنی نێردراوەکانیان بە مەبەستی ئامۆژگاریکردن و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی.

گروپی سێیەم
گروپی طلوع اسلام

لە پێشوتردا باسی ئەم گروپەمان کرد لە ژیاننامەی پەرویز دا، لێرەشدا ئەوەی بۆ زیاد دەکەین و دەڵێین کەوا گرۆی (طلوع اسلام) بە چالاکترین گرۆی قورئانی سەردەم دادەنرێت، وە لە چاو پێشویدا چالاکیەکانی کەمبویەوە بۆ ماوەیەکی کەم، بە هۆی ئەو فەتوایەی زانایان دەریانکرد بە تەکفیرکردنی بیرۆکەکانی (پەرویز)ی دامەزرێنەری.

گروپی (طلوع اسلام) لە لایەن غولام احمد پەرویزەوە لە هندستان دامەزرا پێش سەربەخۆبوونی پاکستان، ئەگەر چی لە دوای چوونی لە دهلی بۆ پاکستان بزوتنەوەکەی چالاك کردەوە، هیچ شارێك لە شارەکانی پاکستان نیە مەگەر لقێك لە لقەکانی (طلوع اسلام) ی تیایە، بەوەشەوە نەوەستاوە ئەم گروپە بەڵکو پەلی هاویشت بۆ ولاتانی ئەوروپا لە رێگەی دەریاوە، هەروەها چەندین لقی لە شارەکانی ئەوروپا هەیە کە تیایدا بیر و ئایدیای پەرویزی[1] تیا بڵاو دەکەنەوە.

شایانی باسە بۆ ماوەی سی و ئەوەندە ساڵە لە رۆژانی پشووی هەفتەکاندا بانگخوازەکانی (طلوع اسلام) وانەی راڤەی قورئانی پیرۆز دەڵێنەوە، هەروەها وانەکانیان لە رێگەی ئامێرێکی تۆمارکەرەوە تۆمارددەکەن و پاشان لە زیاتر دە شار

(١) بڕوانە گۆڤاری (طلوع اسلام) لاپەڕەی ١٦ ژمارە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٨ز .

لە شارە سەرەکییەکانی پاکستان گوێی لێ دەگیرێتەوە، هەروەها لە شوێنەکانی تریش گوێی لێدەگیرێتەوە لە بارەگاکانی تر لە ڕێگەی دەریاکانەوە.

بەم بۆنەیەوە خۆم ئامادەی یەکێك لە وانەکانی پەرویز بووم لە ساڵی ١٩٧٨ز، بینیم ژمارەیەك کە لە چوارسەد کەس کەمتر نەدەبوون ئامادەی وانەکەی بوون، تەنانەت یەك نەخوێندەواریش لە نێوانیاندا نەبوو، بەڵکو هەموویان خامە و پێنووسیان بە دەستەوە بوو هەر چییەکیان ببیستایە لە بیرۆکەکانی پەرویز دەیاننوسییەوە، وە هەروەها لە سەرووی دەیان ئامێری تۆمارکردن دانرابوو کە قسەکانی بۆ شوێنی دوورتر دەگواستەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیر و خوێندکارانی ناوەندی و زانکۆکان لە کچان شانبەشانی پیاوان ئامادەی بوون، وە لە ڕیزی پێشەوەی شوێنی تایبەتیان بۆ دانرابوو بە بێ حاجزێك لە نێوان ئەوان و پیاوەکاندا کە لە یەکیان جیا بکاتەوە.

ئەوەی گومانی تیانیە بریتیە لە لایەنگرانی بیری پەرویزی لە نێوان چینی ڕۆشنبیرەکاندا، تەنانەت لە نێوان ئەوانەش کە دەیانەوێت لە ژێر سێبەری ئالاّی ئیسلامدا بمێننەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی خواست و ئارەزووە سەرکەشەکانیاندا، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە زۆربەی نوسەرەکانی (امة المسلمة) لە (الامرتسریە) پەیوەندیان کرد بە ڕیزەکانی (طلوع اسلام) بۆ دریژەدان بە نوسینەکانیان، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەندامەکانی (اهل الذکر و القرآن) پەیوەندییان کرد بەم کۆمەڵەیەوە.

هەروەها (طلوع اسلام) بنکەیەکی سەرەکی هەیە دەکەوێتە (B ٢٥ کل برك لاهور).

ئەم گروپە گۆڤاریٚکی مانگانەی بەردەوامیان هەیە لە ژێر ناونیشانی (طلوع اسلام) بۆ ماوەی چل و ئەوەندە ساڵە بیرو ڕاکانیانی تیا بڵاو دەکەنەوە، وە لە ناوەڕاستی شەستەکانی ئەم سەدەیەدا بوو بە هەفتانە بۆ ماوەیەك، لەبەر ئەو هاوکارییە دارایییەی کە بە شێوەیەکی نهێنی دەستی دەکەوت لە چەند لایەنێکی نەناسراوەوە، وە هێشتا گۆڤاری (طلوع اسلام) هەموو مانگێك دەردەچێت بە زمانی لاتینی ئەمەش وەکو ئاماژە و تەحەدایەك بۆ ئەو هەست و سۆزەی خەڵکی ناوچەکە هەیانە.

بەو بۆنەیەوە هەڵسەنگاندنەکان جیاوازن سەبارەت بە ژمارەی شوێنکەوتوانی (طلوع اسلام) هەندێك دەڵێن چەند ملییۆنێك دەبن هەندێکیتریش بە دەیان هەزار دەیانخەملێنن، وە ڕاستیەکەش لە نێوان هەردولایە، وە ئەوانەی کە دەڵێن ژمارەیان زۆرە پێدەچێت سەرەتای دەرکەوتنی بزوتنەوەکەیان لێك دابێتەوە، بەڵام ئەوانەش کە دەڵێن کەمن پێدەچێت زۆر بە تەواوی ئاگادار نەبن بە چالاکییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەو دەرەوەی ووڵاتدا.

وە ڕاستییە ناخۆشەکە ئەوەیە ڕۆشنبیر و بەرپرس و خوێندەوارەکان گەوزانەتەوە لەناو درۆ و ساختەکانی (طلوع اسلام) و هەڵخەڵتاون بە درۆ زەقەکانیان.

گروپی چوارەم
گروپی تحریك تعمیر انسانیت

ئەم بزوتنەوەی (تعمیر الانسانیت) گروپێکە لە گروپە قورئانییەکانی سەردەم، تازە سەریهەڵداوە و گەشە دەکات، دەرکەوتنەکەشی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت (عبدالخالق مالوادە)ی دەوڵمەند دەیباتە ڕێوە کە زۆر هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی متمانەی خەڵکی بە دەست بهێنێت لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا، هەروەها خودی عبدالخالق خۆی سەرۆکایەتی ئەم بزوتنەوەیە دەکات.

وە ئەوەی جێی سەرنجە کەسێکی گەنجی دەمڕوت بووە بە وتاربێژی ئەم بزووتنەوەیە کە زۆر چالاکە و گورج و گۆڵە، ئەویش بریتیە لە (قاضي كفاية الله) کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە زمانی عەرەبیدا، زمانی عەرەبی وەکو زمانی اردو و ئینگلیزی دەزانێت بە قسە کردن و نوسینیش.

وە قاضي تەنها کەس بوو لە وتارخوێنانی بزوتنەوە قورئانیەکان کە پەیوەندیم پێوە کرد بە عەرەبییەکی ڕەوان و بە شێوازێکی مۆدێرن قسەی دەکرد. سەردانی ماڵەوەیانم کرد و چەندین زانیاریم دەربارەی بزوتنەوەکەی لێوەرگرت، پێم ووت ئایا ئەم بزووتنەوەیە سەربەخۆیە یاخود سەر بە بزوتنەوەکانیترە؟ وەلاّمی دامەوە بەوەی سەربەخۆیە سەربە هیچ بزوتنەوەیەکیتر نیە، وە دەیویست هەموو گروپ و بزوتنەوە قورئانییەکانیتر لە ژێر سایەی ئەم بزوتنەوەیە بژین. هەروەها باسی (عبدالله جەگرەلەوی) هاتە ناو باس و بە باشی زانی و سەرسام بوو بە بیرۆکەکانی و وتی: ((بیرۆکەکانی لە سەر سوننەت سنوری فەرمانەکانی خوای تێنەپەڕاندووە، وە بیرۆکەکانی عبدالله دەستی هەیە لە لەناوبردنی عەقلی بەستوو،

بە کار نەهێنانی عەقڵ لە کاتێکا فەرزکرابوو بە سەر موسڵمانانی پێش خۆیان کە عەقڵیان بەکارنەخەن)) . وە قاضي زۆر بە وریاییەوە وەڵامی دەدامەوە چونکە لە داهاتوو دەترسا و ئاواتە خوازبوو نمونەی ئەم بزوتنەوانە لە جیهانی ئیسلامیدا تەشەنە بکات بە گشتی .

هەر بەو بۆنەیەوە کەسێکم دەستکەوت کە ئەزموون و شارەزاییەکی زۆری هەیە ، دەربارەی بزوتنەوەکانی پێش بزوتنەوەکەی خۆی ، وە درك بە خاڵی لاوازی ئەو بزوتنەوانە دەکات ، وە ئەو هۆکارانەش کە وای لەو بزوتنەوانە کردبوو گەشە نەکەن ، وە بە خامە و پێنوسەکەی خۆی تاوەکو ئێستا بە دەیان نامیلکەی نوسیوەتەوە لەوانە (قران حکیم اور عقل) واتە قورئان و عەقڵ (تعارف قران بزبان قران) شیککردنەوەی قورئان بە خودی قورئان (قران حکیم اور سأنس) قورئان و زانستەکان (مقصد نزول قران) .

بزوتنەوەکەش بە بەخشندەییەوە دەبەخشیت لە پێناو چاپکردنی ئەوانەی قاضي دەیاننوسێتەوە و زۆر بە جوانی دەینوسنەوە ، هەروەها دابەشی دەکەن بە سەر خەڵکیدا بە بێ بەرامبەر ، وە بنکەی ئەم بزوتنەوەیە لە حاڵی حازردا دەکەوێتە (B ١٦ کەبور تەهلە هاوس لیك ڕوود بورانی ئەنار کەلی لاهور) ئەم بزوتنەوەیە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی نیە تەنها ئەوەندە نەبێت وانە و ووتارەکانی قاضي کە لە ڕۆژانی هەینیدا دەیڵێتەوە ئەوان هەموو ڕۆژانێکی چوار شەممانە لە ڕۆژنامەی (مشرق)ی ڕۆژانە بڵاوی دەکەنەوە ، ئەم گروپە لە بەرنامەیاندایە کە هەفتەنامەیەك دەربکەن بۆ ئەوەی بیرو ئایدیای گروپەکە لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاو بکەنەوە ، وە بیریان لەوەش کردەوە کە بزوتنەوەی (امة مسلمة) بهێننە ناو بزوتنەوەکەیانەوە ، بەڵام هەوڵەکەیان سەرینەگرت و شکستیان هێنا لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ ز .

دال
هەڵوێستی حکومەت و زانایان و میللەتان لەسەریان

دوای ئەو نمایشە کورتەی بزووتنەوە قورئانییەکانی سەردەم پرسیارێکی سروشتی دێتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا دەبێت هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر ئەم بزوتنەوانە چی بێت؟ ئاخۆ هەڵوێستی زانایانی ئیسلام چی دەبێت؟ پاشان هەڵوێستی عەوامی موسڵمانان چی دەبێت؟

وە پێش وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە بە گونجاوی دەزانم تیشك بخەمە سەر تێکڕای ئەندامانی بزوتنەوە قورئانییەکان، تێکڕای ئەندامەکانیان بە هەر چوار گرووپەکەیانیشەوە ناگاتە ٣٪ ی دانیشتووانی پاکستان لە کاتی ئێستادا، هەروەها فەتوای تەکفیرکردن لە دژی پەرویز لە ناوبانگییەکەی کەم کردەوە و کاری تێکردن، وە بونیان بە شێواز و رێژەیەی کە هەن هیچ مەترسییەك نابن بۆ سەر قەوارەی ئیسلامی لە پاکستان.

ئەمجا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە کەمێك بگەڕێینە دواوە، پاش سەربەخۆبونی پاکستان زۆربەی پۆستە هەستیارەکانی ئەو ولاتە کەوتە دەست قادیانی و قورئانییەکان، بەو بۆنەیەوە هەردوو بزوتنەوەکە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی، لە ساڵی ١٩٥٨ز کۆنگرەیەکی جیهانی بەسترا بە سەرپەرشتی دەوڵەت بۆ سەرانی بیری ئیسلامی، بە مەبەستی چەسپاندنی بیری قورئانی لە سەراپای جیهانی ئیسلامیدا، ئەگەر چی زانایانی شام و مصر و مەغرب

هاواریان کرد بە ڕووی پەرویزدا و تەکفیری ئەو جۆرە بیرکردنەوانەیان کرد، گوایە ئەوەش دژایەتیکردنێکی ئاشکرا و ڕوونە بەرامبەر ئیسلام، لە پاش شکستی ئەو کۆنگرەیە ئەوەبوو لە لایەن یەکێك لە کۆمپانیا ئەمریکیەکانەوە کۆنگرەیەکی تریان بەست، ئەمەشیان بە دەردی ئەوەی پێش خۆی چوو[1].

لەوانەیە شکستی یەك لە دوای یەکی ئەو کۆنگرانە خاڵی وەرچەرخانی دیار بێت لە لایەن زانایانی ئیسلامەوە، کە هەموو توانایان خستەگەڕ بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم بزوتنەوانە لە ناو خەڵکیدا، کە بووبوونە هۆی پەستبوون و بێزاری لە ناخی خەڵکیدا ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، وە ئەم هەوڵانەشیان بەرهەمی هەبوو لە کاتی خۆیدا، کە چونکە زۆر لەو موسڵمانە ناشارەزایانەی کە بە ڕووکەشی بریسکەدار خەڵەتابوون دەست بەرداری ئەو گروپانە بوون، پاشان ئەم هەستە تونده‌ی دژ بەو بزوتنەوانە هێدی هێدی بەرەو نەمان چوو، زۆر کەمبویەوە، هەروەها نەرمی نواندنی زاناکان لە ڕوبەڕوبونەوە و ڕەخنەگرتنیان دژ بەو بزوتنەوانە و وازلێهێنانیان بۆ کات بۆ ئەوەی ئەوانیش بە دەردی گروپەکانیتری پێشخۆیان بچن، هەرچەندە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بۆ خۆ گێل کردن و خۆ دەربازکردنە لە ڕاستییەکان، بەڵام ئەمەش بەرپرسیارێتیەو نە لای خەڵك وە نە لای خوای گەورە دەربازیان ناکات، چونکە ئاگرێکی بچوك بەسە بۆ سووتانی ماڵێك بە تەواوی ئەگەر ڕێگری لێنەکەیت، وە ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانانە

(١) بڕوانە گۆڤاری البینات لاپەڕەی ٣ ژ جمادی الاخرە ١٣٩٤ ك وە مصطفی السباعي السنة و مکانتها فی التشریع الاسلامي لاپەڕی ٤٦٠ .

ڕووبەڕووبوونەوەی خراپەکاران نەوەك دەستبەرداریان بین بۆ کات بۆ ئەوەی لە ناویان بەرێت.

ئەوەی نامۆیە ئەوەبوو کە زۆرینەی زانایانی پاکستان کە بەناوبانگن و هەموو خەڵك دەیانناسێتەوە کاتێك باسی بزوتنەوە قورئانییەکان دەکەن تەنها بە نکوڵیکارانی سوننەت ناویان دەبەن ئەم نکوڵیکردنەشیان دەرەنجامی باشی نەبوو، وە زانیارییان بەم بزوتنەوانە هاوشێوەی زانیارییان بوو بە قادیانییەکان لە پێشدا.. !!

وە بە باشی دەزانم لێرەدا هەڵوێستەیەك بکەین و ئاماژە بە هەندێ خاڵ بکەم کە بە هۆیەوە کۆمەڵگەی موسڵمانان لەم دۆخ و پێشهاتە چاوەڕوانکراوە بپارێزین، و ئیسلامی پێ بپارێزین لەو ئاستەنگییانەی دێنە ڕێی لە داهاتوودا.

١. باشتر وایە چەندین پەیمانگای تایبەتمەند بۆ ئەومەبەستە بکرێتەوە بۆ دراسەکردنی بیرو هزر و نوسینەکانیان، لەگەڵ هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوە لەوەی ئەم بیرۆکانە خەریکی چ شڵەژانێك دروست دەکەن لە گەورە ڕاگرتنی مرۆڤ جگە لە خودا.

٢. دووبارە گەڕانەوەی پایە و شکۆی مزگەوت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئیسلامی تەندروست، هەر بۆیە پێویستە لەسەر وتارخوێنان و بانگخوازان کەوا ناو بە ناو وتاری سارێژکەر تایبەت بکەن و ئامادەی بکەن، کە تیشك بخاتە سەر ئەو بیرۆکە جەنجاڵانە، وە پەیوەندییان بە بیردۆزە ڕۆژئاواییەکانەوە بخەنە ڕوو.

٣. قایل کردنی ئەو زانایانەی کە وازیان هێناوە لە بە گژاچونەوەی ئەم بیرۆکانە بە گەڕانەوەیان بۆ ڕێنوێنی کردنی کۆمەڵگا و ئاشناکردنیان بەم مەترسیە کە لەوانەیە توشی ببن.

٤. ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە هەستێ بە بلاوکردنەوەی بیری ئیسلامی دروست لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیەوە، پاشان تۆمارکردنی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کەسایەتیە شارەزا و لێهاتووەکانی دەوڵەت و بلاوکرنەوەی.

٥. لەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەکانە بەوەی دووبارە چاو بخشێننەوە بە کارو بەرنامەکانیاندا، و بگەڕێنەوە بۆ کارە شکۆدارەکانیان لە بلاوکردنەوەی یاسا وڕێسا ئیسلامیە دروستەکان، و ئامۆژگاریکردنی موسڵمانان لە مەترسی ئەو بزوتنەوانە لەگەڵ یاسا و ڕێسا لە ناو بەرەکانیان.

خۆ ئەگەرهاتوو بەرپرسەکان درك بەو ڕاستیە ئازاربەخشە نەکەن ئەوا بێگومان پەنجەی پەشیمانی دەگەزن دوای ئەوەی کار لە کار ترازا، و زۆر ئەستەمە بتوانرێت ڕێگە لە پەتایەك بگیرێت دوای ئەوەی بلاوبوویەوە و خەڵکی هەموویان تووشی بوون، و دانا ئەو کەسەیە ئەرکەکەی لە کاتی خۆیدا جێبەجێدەکات.

دوای ئەو نمایشە میژووییەی گروپە قورئانییەکان، وە بانگخوازە دیارەکانی، و ناسینی گروپەکانیان لە کاتی ئێستادا، هەروەها هەڵوێستی دەوڵەت و زانایان و کۆمەڵانی موسڵمانان دەربارەیان، پێویستە میژووی بیری بزوتنەوەی قورئانی لەوانەی پێش ئەمانیش لە نکولێکارانی سوننەت بە گشتی یان هەندێکی پیشان بدرێت، وە ئەمەش ئەو بابەتە دەبێت کە قسەی لە سەر دەکەین لە بە شی دووەمدا.

دەروازەی دووەم

حەوت بابەت لەخۆ دەگرێت

یەکەم: پێناسەی (سوننەت) لە ڕووی زمان و زاراوە.

دووەم: هەڵوێستی شیعە لەسەر سوننەت.

سێیەم: هەڵوێستی خەواریج لەسەر سوننەت.

چوارەمەم: هەڵوێستی موعتەزیلە لەسەر سوننەت.

پێنجەم: هەڵوێستی (قورئانیان)ڕابردوو لەبارەی سوننەتەوە.

شەشەم:نکۆڵی کردن لە سوننەت ، لەنیمچە کیشەوەری هندی:

أ.سەید أحمد خان

ب.چراخ عەلی

حەوتەم:نکۆڵی کردنی سوننەت لە ناو عەرەبەکاندا

یەکەم

پێناسەی (سوننەت) لە ڕووی زمان و زاراوە

پێش ئەوەی باسی ئەم بزووتنەوانە بکەین کە نکوڵی سوننەت دەکەن بە تەواوی یان هەندێکی، پێویستە ئەوە بزانین سوننەت چییە، وە ماناکەی لە ڕووی زاراواوە و زمانەوانییەوە.

دەڵێین: سوننەت لە زماندا بریتیە لە ڕێباز و بە سەرهات و ژیاننامەیەکی باش بێت یان خراپ[١].

سەرەتا خوای گەورە دەفەرموێت: [يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ][٢]. واتە: خوای بالاّ دەست دەیەوێ ڕونی بکاتەوە و ڕێنمایتان بکات بۆ سوننەت وڕێرەوی ئەوانەی پێش خۆتان.

هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: ﴿لَتَتَّبِعُنَّ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ شِبْراً بِشِبْرٍ أَوْ ذِرَاعاً بِذِرَاعٍ﴾[٣].

واتە: ﴿ شوێنپێی ئەوانەی پێش خۆتان هەڵدەگرن بست بە بست باڵ بە باڵ ﴾ سوننەن لێرە بە واتای ڕێباز هاتووە، ئەجا ووتەی خالد ی کوڕی عبدالله الهذلي:

فلا تجز عن سيرة انت سرتها فأول راض سنة يسيرها[٤]

---

(١) بڕوانە الراغب الاصفهاني _ المفردات بابەت (سنن) . وە الفيروز ابادي _ القاموس المحيط بابەت (سنن) وە الفيومي _ المصباح المنير بابەت (سنن) وە محمد ابي بكر_ مختار الصحاح _ بابەت (سنن)

(٢) سورەتی النساو ایەتی ٢٦ .

(٣) الحديث رواە مسلم ج٨\٥٧ . وە لە بوخاری لەگەڵ فتح الباري ج ١٣|٣٠٠ .

(٤) بڕوانە محمد عجاج الخطيب (السنة قبل التدوين) پەڕەی ١٤ .

وە لە زاراوەدا : واتاکەی بە گوێرەی بەکارهێنان و مەبەستەکەی دەگۆڕێت :

لەلای فەرموودەناسان : ئەوەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتبێ لە کردارو گوفتار یان هەر ڕووبکردنەوەیەکی دین وە یاخود هەر سیفاتێکی کەسایەتی و ڕەوشتی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر چی پێش پێغەمبەرایەتی بێت یان دوای پێغەمبەرایەتی[١].

لە لای بیرمەندان و مافپەروەران : بریتیە لە سیفاتێکی شەرعی بۆ کارێك کە واجب نەبێت، لە کاتێکا بە کردنی پاداشتی لە سەر وەردەگریت بەلأم بە تەرککردنی و نەکردنی سزانادرێت لە سەری[٢].

وە جیاکاریان دەکرد لە نێوان تەلأقی بیدعە و جگە لە بیدعە وەکو : (دەیانوت تەلأقی سوننەت وایە و تەلأقی بیدعەش وایە و بەو شێوەیەیە)[٣].

مانای سوننەت لە لای ئوصولییەکان : سوننەت بریتیە لە کردار و گوفتار و ڕووبکردنەوەکانی[٤] پێغەمبەر ﷺ. هەندێکیان ئەمەشیان بۆ زیاد کردووە وەکو ئەوەی (چی بە خەیالّیدا هاتووە ویستوویەتی بیکات و نەیکردووە پێغەمبەر ﷺ)[١].

---

(١) وانە محمد ی کوڕی طاهیري جەزائیری لە (توجیه النظر الی اصول الاثر) لاپەڕەی ٢ . وە السباعي السنة و مکانتها لاپەڕەی ٤٧ . العجاج (السنة قبل التدوین) لاپەڕەی ١٦ .

(٢) بروانە بدران ابو العینین اصول الفقه الاسلامی لاپەڕەی ٧١ . وە محمد زکریا البردیسی اصول الفقه لاپەڕەی ١٩٣ .

(٣) بڕوانە السباعي السنة و مکانتها لاپەڕەی٤٨ . وە عبدالله ی کوڕی عبدالرحمان الدارمی سنن الدارمي ج١/١٦٠ .

(٤) بڕوانە محمد بن علی شوکانی (ارشاد الفحول) لاپەڕەی ٣٣ . ابا یحیی زکریا الانصاری لە (لب الاصول) لاپەڕەی ٩١ . وە عبدالله بن احمد ناسراو بە ابن الملك لە (شرح المنار) لاپەڕەی ٢٠٥ . وە امیر

وە سەرچاوەی ئەم جیاوازییانە لە زاراوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامانج و مەبەستی هەموو کۆمەڵەکان کە مەبەستیانە، موحەدیسەکان مەبەستیان بوو پێغەمبەر ﷺ وەکو سەرمەشق و سەرداری خۆیان دابنێن، هەروەکو ئەوەی کە خوای گەورە هەواڵی پێداوین، هەر بۆیە هەموو شتێك کە پەیوەندی بە پێغەمبەرەوە هەیە هەر لە کردار و گوفتار و هەواڵ و ڕوونکردنەوەکانی و گێڕانەوەکانی لە ڕوانگەی ڕەوشت و کەسایەتی و خەڵقی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر چی ئەمەش ئاماژە بێت بۆ حوکمی شەرعی یان نا.

وە بیرمەند و مافپەروەرانی شەریعەت دەیانەوێ شوێنی خودی پێغەمبەر ﷺ بکەون چونکە کردارەکانی بۆ خۆی بریتیە لە شەریعەت، وە حوکمی شەرع لە مانە زیاتر تێناپەڕێت لە سەرکرداری بەندەکان، لە ئەرکە واجبەکان و یان حەرامکراوەکان وە یاخود مەکروهەکان.

وە زانا ئوصولییەکان دەیانویست پێغەمبەر ﷺ ئەو یاسا دانەرە بێت کە ڕێگە دادەنا بۆ ئەوانەی دوای خۆی لە زانایان و ئەوانیش بۆ عەوامی موسڵمانان، وە دەستوری ژیان بۆ خەڵکی ڕوون دەبێتەوە، ئەمانیش کردار و گوفتار و ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ مەبەستیان بوو کە بەمەش حوکمە شەرعییەکان دادەمەزرێت[٢].

بادشاه (تيسير التحرير) ج١٣\١٩ . وه البرديسى اصول الفقه لاپەڕەی ١٩٣ . بدران ابو العينين اصول الفقه لاپەڕەی ٧١.

(١) بڕوانە احمد بن علی بن حجر فتح البارى ج١٣\٢٤٥ .

(٢) بڕوانە محمد العجاج الخطيب اصول الحديث لاپەڕەی ١٩ . وه سنه قبل التدوين لاپەڕەی ١٥ . السباعي سنه و مكانتها لاپەڕەی ٤٨ . وه محمد بن السيد علوى مالكى \ مباحث في الحديث الشريف لاپەڕەی ٦ .

وە پێناسەی سوننەت بەپێی ئوصولییەکان ڕوونە لای زانایان، ئەویش بریتیە لە دابەشکردنەکانیانە بۆ سوننەت، چونکە ئەمە ڕێگەی هەمیشەیی حوکمە شەرعییەکانە، بەم پێیەش بێت سوننەت دابەش دەبێت بۆ سێ بەش، گوفتاریی، کرداریی، تەقریری (ڕاپۆرتی).

١. سوننەتی گوفتاری:

ئەمەش بریتیە لە فەرمودەکان و گوفتارەکانی پێغەمبەر ﷺ، کە لە شوێنە جیاوازەکاندا فەرموویەتی وە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان هەیە بە یاسادانانی شەرعی، وەکو دەفەرمووێت: (لَا تلبسوا الْحَرِير وَلَا الديباجَ، وَلَا تَشْرَبُوا فِي آنِيةِ الذَّهَبِ وَلَا الْفِضَّةِ)[١] واتە: (ئاوریشم و دیباج[٢] مەپۆشن، وە لە قاپی ئاڵتون و زیو مەخۆنەوە). پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ فَكُلُوهُ لَيْسَ السِّنَّ وَالظُّفُرَ)[٣].

واتە: ئەوەی خوێنی ڕژا (لەئاژەڵان) و ناوی خودای لەسەر هێنرا بیخۆن (حەڵاڵە)، ئەگەر کەڵپەدار و چڕنوکدارەکان نەبوو.

---

(١) الحديث رواه مسلم ج ٦\١٣٧.

(٢) (جۆرە جلێکی ئاوریشمە)

(٣) الحديث رواه البخاري ج ٦\٢٢٥.

٢. سوننەتی کرداری:

ئەمەش بریتیە لە کردارەکانی پێغەمبەر ﷺ ، کە هاوەلاّن گواستویانەتەوە لە بابەتی پەرستش و شتیترێش، وە ئەمەش دەبێتە دوو جۆرەوە، کردارگەلێك کە دەبێتە شەرع و کردارگەلێك کە نابێتە شەرع.

جۆری یەکەم: وە ئەوکردەوانەی کە بە شەرع دانانرێن لە سێ خاڵدا کۆ دەبێتەوە:

أ) وەکو ئەو کردارانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە وەکو هەرکارێکی ئاسایی ژۆژانەی مرۆڤ لە دانیشتن و هەستان و خواردن و خواردنەوە. . . ، ئەمانە و چەندین شتی ڕێگەپێدراون بە سەرچاوەیەکی شەرع دانانرێن بۆ ئەوەی پەیڕو بکرێت، وە پێویست نیە لە سەر ئومەتی موسڵمانان شوێنی بکەون لە بەر ئەوەی لە پەیامەکەدا نەهاتووە، خۆ ئەگەر هەر کەسێك ئیقتیدا بکات بە پێغەمبەرەوە ﷺ، و ئەو کارانە وەکو پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوا چاولێکردنێکی باشە و شوێنکەتنێکی جوانە، وەکو چاولێکردنی ابن عمر خوای لێ ڕازیبێت بۆ پێغەمبەر ﷺ لە خواردن و خواردنەوەی وە جل پۆشینی.

ب) ئەو کردەوانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، وەکو ئەزموون زیرەکی لە کارو باری دونیادا، وەکو گەیشتنیان بە یەکەم بیری ئاو لە غەزای بەدر و جێهێشتنی ئەو شوێنە دوای ئەوەی خەبابی کوڕی مونذر خوای لێ ڕازی بێت پێی ڕاگەیاند کە نابێت لێرە بمێننەوە، وتی: (ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایا ئەمە فەرمانی خوایە کە لێرە بمێنینەوە و نابێت تێپەڕێنین یان بۆچوونە؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: بەڵکو ئەوە بۆچوونە، خەباب وتی: نەخێر نابێت لێرە بمێنینەوە، وە پێغەمبەر

ﷺ ئەوەی لێ قەبوڵ کرد)[1] وە یان کردارەکانی پێغەمبەرﷺ لە بازرگانی و ئەو شتانە.

ج) ئەو کارانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە لە بابەتی وەحی (سروش)، کە پەیوەندی بە خودی پێغەمبەرەوە ﷺ) هەیە، ئەمەش لە بەزەیی و حیکمەتی پەروەردگارە بۆ پێغەمبەرەکەی بە تەنها، وەکو واجبیونی شەونخونی و شەونوێژ، ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَكَ﴾، وە زیاتر لە چوار ژن، وە ڕێگەپێدانی ویصاڵ لە کاتی ڕۆژوودا تەنها بۆ پێغەمبەر ﷺ.

جۆری دووەم: لە ئاکارەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە شەرعە و دەبێت پەیڕەوبکرێت و لە دوو حاڵەت تێنا پەڕێت:

أ) دەبێت ڕوون و کورت و پوخت بێت یان تایبەت بێت بە هەموان لە قورئانی پیرۆزدا هاتبێت، ئەو کاتە حوکمی تایبەت و ڕوونکراوە دەبێتە حوکمێکی گشتی و سوننەتیش دەبێتە تایبەت لە واجبەکاندا، وەکو کردارەکانی پێغەمبەر ﷺ لە نوێژ و حەجدا ، وە بڕینی دەستی دز، وە نمومەی گوتەی عمر خوای لێ ڕازیبێت، لە کاتی ماچکردنی بەردە ڕەشەکە وتی: (من دەزانم کە تۆ تەنها بەردێکی نە سود و نە زیانت بە دەست نیە، خۆ ئەگەر پێغەمبەرم ﷺ نەبینایە باوەشی پیاکردی و ماچی کردی ئەوا من ئەوەم نەدەکرد)[2]

ب) چاو لێکردنی پێغەمبەر ﷺ وەکو سەرمەشقێك لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

---

(١) احمد بن علی بن حجر العسقلانی _ الاصابه فی تمیز الصحابه ج\٣٠٢ .

(٢) بوخاری ج ١٦١\٢ .

دەبێت بزانیت پێغەمبەر ﷺ بە چ سیفاتێك کردوویەتی ئایا واجبە یان نەدبە (سوننەت) یاخود ڕێگە پێدراوە (موباح) . . . یان نازانیت، خۆ ئەگەر زانیت واجبە یان نا ئەوا پێویستە چاو لە پێغەمبەر ﷺ بکەیت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾[1] وە بەمەش شوێنکەوتنەکە تەواو و ڕێك دەبێت لە بەر زانینی سیفات و مەبەستی کردارەکە.

خۆ ئەگەر سروشتی کارەکەت نەزانی هەندێك دەڵێن بوەستی هەتا ڕوون دەبێتەوە، هەندێکیتر پێیان وایە دەبێت ئیقتدای پێوە بکرێت تاوەکو بەڵگەیەك دێت بۆ وەستان و نەکردنی، کۆمەڵێکیتر جیاوازییانکردووە لە نێوان ئەوەی کە ئایا مەبەست هەیە لە کارەکەدا یاخود مەبەستێکی دیاری تێدا نیە، خۆ ئەگەر مەبەست دەرکەوت ئەوا کردارەکە موستەحەب دەبێت وە ئەگەر نا موباح (ڕێگە پێدراو) دەبێت[2].

❁❁❁

(١) سورەتی الاحزاب ، ئایەتی ٢١ .

(٢) بڕوانە دابەشکردنی سوننەتە کردارییەکانی هەریەك لە احمد بن ادریس القرافی تنفیح الاصول لاپەڕەی ٢٨٨ . وە محمدبن محمد الغزالي المنخول من تعليقات الاصول لاپەڕەی٢٢٥ . وە علی بن ابی علی الامدي الاحكام في اصول الاحكام ج ١\١٧٣ . وە شرح المنار لاپەڕەی ٢٤٨ . وە عبدالله بن عمر البيضاوي نهاية السئل في شرح منهاج الاصول ج ٣\ لاپەڕەی ٦٤٣ . فتح الباري ج ١٣ \ ٢٧٤ .

٣.سوننەتی تەقریری (چەسپاندن) :

ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بووە لەهەندێ کارەکانی هاوەلاّن و نکولّی لێ نەکردوون بەوەش ڕێگە پێدراو دەبێت چونکە ئەگەر هەلّە بووایە ئەوا پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ نەدەبوو لە ووتنی حەق، ڕازی نەبوون و پێباش نەبوونی ئەو کارانەیانی ڕوون دەکردەوە، بۆ نمونە خالیدی کوڕی وەلید بزن مژەکێکی لە سەر خوانی پێغەمبەر ﷺ خوارد لە مالّی خوشکی دایکی(ثور)ی بە ناوی (میمونة) کە خێزانی پێغەمبەر ﷺ بوو، پێغەمبەر ﷺ سەیری دەکردو ووتی : ((لم يكن بأرض قومي فأجدني أعافه))[1]

واتە : لە مەملەکەتی مندا ئەمە ناخورێ بۆیە مەیلم لێی نیە . .

بەو پێیەش (شاه ولی الله الدهلوی) هەموو بەشەکانی سوننەتی کۆکردەوە و وتی : (بزانە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت کراوە و لە کتێبەکانی فەرمودەدا تۆمارکراوە و هاتووە دەبێتە دوو بەشەوە .

یەکەمیان : ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێدەکات فەرمانی خوایە و وەحییە و دەبێت گوێڕایەلّی تەواو بکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾[2] وە زانستی دواڕۆژ و گەورەیی دەسەلاّتی خوا لە دروستکراوەکانیا، هەموو ئەمانە دەدرێنە پاڵ سروش . . .

دووەمیان: ئەوەی کە بۆچونی خودی پێغەمبەرە ﷺ وە هیچ فەرمان نیە . لەمەدا موسڵمانان سەرپشکن لە وەرگرتنی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ((إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ إِذَا

---

(١) رواه مسلم ج\ ٦٨ .

(٢) سورەتی الحشر ئایەتی ٧ .

أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ دِينِكُمْ فَخُذُوا بِهِ وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ رَأْيِي فَإِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ))[1]، واتە((بێگومان من مرۆڤێکم وەکو خۆتان ئەگەر فەرمانم پێکردن بە شتێك لە دین ئەوا وەریگرن ، ئەگەر فەرمانم پێکردن بە شتێك لە بۆچونی خۆم ئەوامن تەنها مرۆڤێکم)) .

بەمەش لە واتای سوننەت گەیشتین لە ڕووی زاراوە و زمانەوانی زانایانەوە، بە گوێرەی ئامانج و مەبەستیان، لە کاتی تویژینەوەکانیان لەسەر سوننەت، دوای کۆڕاییان کە سوننەت سەرچاوەی دووەمی یاسادانان و شەرعە لە پاش قورئان وەکو شوێنکەوتنیان بۆ هاوەلاّن و ئەوانەی دوای ئەوان لە تابیعین، ئەحکامەکانی دینی ئیسلامی لێ وەردەگیرێت هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆز وەردەگیرێت، تەنانەت دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ کە بارودۆخەکە بە خاوێنی مایەوە. تا دەرکەوتنی گروپە سیاسی (ڕامیاری) و کەلامییەکان لە نێوان موسلّمانەکان: لە شیعە و خەواریج و موعتەزیللە بۆیە ئەو بارودۆخە خاوێن و پاك و بێگەردەیان تێکدا، وە نەچوونە ژێر باری هەندێك سوننەتەوە لە دەرەنجامی شوبوهاتەکانیان ، کە دواتر باسی هەلّوێستی هەریەك لەم گروپانە دەخینە ڕوو سەبارەت بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

❁❁❁

(١) حجة الله البالغة ج١\١٣٨ . و الحديث رواه مسلم برِوانه شرح النووي ج ١٥ لاپەڕەی ١١٧ .

دووەم

هەڵوێستی شیعە لەسەر سوننەت

هەڵوێستی شیعە لە سەر سوننەت پەیوەندی بە هەڵوێستیانەوە هەیە لەسەر هاوەڵان دوای ئەوەی بەیعەتیاندا بە ئەبو بکری صدیق بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، سەرە ڕای ئەوەی کە دید و بۆچونیان سەبارەت بە جێنشینی جیاوازە لە بۆچونی موسڵمانانیتر، چونکە جێنشینی لای شیعە لە بەرژەوەندییە گشتییەکان نیە تاوەکو دیدو بۆچون و تێڕوانینی ئومەتی لەسەر وەربگیرێت، بەڵکو ((بریتیە لە پایەیەك لە پایەکانی دین و یاسایەکە لە یاساکانی ئیسلام، وە پێغەمبەر ﷺ نابێت شتێکی وا پشتگوێ بخات و بیدەنە دەست ئومەی ئیسلامی خۆیان، بەڵکو پێویستە جێنشینێکیان بۆ دابنات کە پارێزراو بێت لە تاوانە گەورە و بچوکەکان))[1].

وە هەر سەبارەت بەم عیصمەت و پارێزراوییەش خاوەنی (دعائم الاسلام) دەڵێت: (خەڵکی موحتاج و هەژارن پێویستیان بە ئەئیممە و وەصیەکان هەیە دوای نەمانی سروش و پەچڕانی پێغەمبەرایەتی، و خوای گەورە بە محمد پێغەمبەر ﷺ کۆتایی بە پێغەمبەرایەتی هێنا، وە کاروباریانی دایە دەست ئەئیممە یەك لە ئالوبەیتی پێغەمبەر ﷺ و کاروباری خەڵکی بە ئەئیممە سپاردووە هەتا ڕۆژی دوایی)[2].

---

(١) بڕوانە احمد بن علي الطبري كتاب الاحتجاج لاپەڕەی ٨٨ وە عبدالرحمان بن خلدون مقدمة ابن خلدون لاپەڕەی ١٩٦ ، محمد كلانتر مقدمة شرح اللمعة الدمشقية لاپەڕەی ٩ .

(٢) ج ٣\١١ للنعمان بن محمد بن منصور الفاگمی وە بڕوانە محمد بن خليل المقدسی الرد على الرافچە لاپەڕەی ١٤٦ ، مخگوگ بمكتبه الجامعه ژمارە ٤٥٩

شیعە لە سەر ئەم بنچینەیە دەڕوانییە زانستە شەرعییەکان و پایەکانی ئیسلام تاوەکو هەندێکیان دەیانوت دین بەشێکەلە: (ناسین و ئاشنابوون بە ئیمام و وە ئەمانەت پارێزی)[١]

لەڕۆچووەکانی شیعە ڕۆچوونە لە بابەتی پێشەوای موسڵمانان علي ﷺ لە ئاستی مرۆڤایەتی بردیانە دەرەوە، بەڵکو بانگەشەی خوایەتیان بۆ علي ﷺ بڵاوکردەوە وەکو (سەبەئیە، موغیرییە، بەیانییە، ئەلجەناحییە، ئەلمەنصوریییە، ئەلخەطابیە، ئەلحەلولیە)[٢]

لە دیدگای ئەم ڕۆچوونەیانەوە دەیانڕوانییە ئەو هاوەڵانەی کە بەیعەتیان دابوویە ئەبو بکری صدیق لە بری علي ﷺ بۆ جێنشینی، و (الجارودیة) پێیان وابوو کە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بە علي ﷺ کرد بۆ جێنشینی بە بێ ناوهێنان، بۆ ئەوەی علي ﷺ لە دوای خۆی ببێتە پێشەوای موسڵمانان بەڵام خەڵکی کەمتەرخەمیان نواند کاتێك لەو وەسفەی پێغەمبەر ﷺ تێنەگەیشتن، وە بە دوای ئەو کەسەش نەگەڕان کە پێغەمبەر ﷺ مەبەستی بوو بەڵکو ڕۆشتن ئەبو بکریان هەڵبژارد بەو پێیەش کوفریان کرد)[٣].

لە کاتێکا (الکاملیة) زیاتر ڕۆچوون لەوانەی پێش خۆیان، پێیان وابوو هاوەڵان کوفریان کردووە کە بەیعەتیان نەدایە علي ﷺ، وە (علي ﷺ) یش کوفری کرد کە

---

(١) عبدالکریم الشهرستانی الملل و النحل ج ١\٢٠٦ .

(٢) بڕوانە عبدالقاهر البغدادی الفرق بین الفرق لاپەڕەی ٢٣٠ .

(٣) الملل و النحل ج\ ٢١٢ .

شەڕی لەگەڵ نەکردن، وە پێویست بوو لە سەری شەڕی بکردایە هەروەك چۆن شەڕی جەمەل و صەفینی کرد. [١]

وە ئەنجامی چاوەڕوانکراوی ئەمەش بریتیە لە: نەمانی متمانە بە زۆربەی هەرەزۆری هاوەڵان لە گەیاندنی پەیامەکە خوا، و پشت نەبەستن بەوانەی لە ڕێگەی هاوەڵانەوە گەیشتبێتە دەستی موسڵمانان چونکە کوفریان کردووە دوای ئیسلامەکەیان، بە هۆی ئەم مەنهەجە نامۆیەوە ڕەتکردنەوە و نکوڵیکردنی سوننەتی لێکەوتەوە لەلایەن هەندێ شیعەوە.

میانڕەوەکانی شیعە ئەوە نالێن کە تۆندڕەوەکانیان دەیڵێن سەبارەت بە جێنشینی، بەڵام تێڕوانینیان بۆ هاوەڵان و گواستنەوەی ئاینی ئیسلام لە ڕووی متمانەوە زۆر جیاواز نیە لەوانەی پێش خۆیان، هەر بۆیە سوننەت قەبوڵ ناکەن مەگەر لە ڕێگەی ئەوانەوە نەبێت کە سەرخەر و پشتیوانی عەلی بوون و ژمارەیان لە پانزە هاوەڵ تێناپەڕێنێت. وە ئەمەش ئەو بنچینەیەیە بۆ قەبوڵکردن و وەرگرتنی ڕیوایەتەکان داینناوە، بەو بۆنەیەوە فەرموودەکانی هەموو هاوەڵانی تریان ڕەتکردەوە.

ئەگەرچی فەرموودەی شیعەگەرانیش بە واجب دانانرێت مەگەر فەتوای ئەئیممەکانیانی لەسەر بێت، و لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕیوایەتیان کردبێت چونکە بڕوایان بە پارێزراوییان هەیە، نوعمانی کوڕی مەنصور دەڵێت: (ئەوەی پێویستە قەبوڵ بکرێت و پەسەند بکرێت و بگوازرێتەوە و خەڵکی پێ فێر بکرێت، ئەوەیە

(١) بڕوانە الفرق بین الفرق لاپەڕەی ٥٤ .

کە لە ئەئیممەی ئال و بەیتەوە هاتووە، نەك ئەوەی کە لە موحەدیثە داهێنەرەکانەوە هاتبێت)[١]

بەم هۆیەوە هەندێك لە شیعە پێیان وایە عیلم و زانستی ئەئیمەکانیان (لدني)ە و بەڵکو زانستیان هەر لە هاتنەدونیاوە تا پیری وەکو یەکە و زیاد ناکات، دەربارەیان دەڵێن: (زانستی ئال و بەیت ناوەستێ لە وانە ووتنەوە دوبارەبوونەوە، و هیچ شتێك لەو ڕۆژەی کە تیایدان زیاترنابێت لە ڕۆژی پێش خۆی، لە بەر ئەوەی زانیارییان لە تەمەنی پیرییاندا هاوتایە لەگەڵ زانستیان لە کاتی لە دایکبویاندا). [٢]

لە سەر ئەم بنەمایە شیعە ڕیواياتەکانی ئەئیمە کانیان بە موتەواتری دەیهێنن وە ئەوەش لە ڕێبازی شیعەوە هات واجبە. بەڵام ئەوەی لە جگە لەم ڕێبازەوە بێت ئەوا جێگەی پرسیارە و قەبوڵ نیە و ڕەتدەکرێتەوە و نابێت هیچ کرداری بکرێت مەگەر لە گەڵ فەتوای ئەئیمەکان یەك بگرێتەوە.

بەمەش شیعە نکوڵی زۆربەی هەرەزۆری ئەوانە دەکات کە لە سوننەتدا هاتووە، ئەمجا چەندین فەرموودەیان هەڵبەست بۆ بە گەورە ڕاگرتنی ئەئمەکانیان و سەرۆکەکانیان و پارتەکانیان بە مەبەستی بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستێکی بالا و شکۆمەند، بۆ ئەوەی دڵەکان وا ڕابێنن قسەکانیان وەرگرن و پەسەندی بکەن، پاشان دەیکەنە دین، ابن ابی الحدید دەڵێ: (بزانە کە بنچینەی درۆ لە فەرموودەدا لە لایەن شیعەوە هاتووە . . . . وە هاوکات بووە بە نەزانینی ئەهلی سوننە) [٣].

دعائم الاسلام و ذکر الحلال و الحرام ج ١\٨٤ .

(١) لاپەڕەی ١٧٣ ی علی بن احمد ناسراو بە ابن الصباغ .

(٢) بڕوانە محمد بن حسن الگوسی الاستبصار لاپەڕەی ٣و ٤ .

(٣) شرح نهج البلاغه ج ٢\١٣٤ .

کورتەی قسەکان ئەوەیە ئەم جیاوازییەی بۆچوونی شیعە بەرامبەر هاوەڵان هۆکاربوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەو سوننەتانەی کە لە ڕێگەی زۆرینەی هاوەڵانەوە گوێزراوەتەوە، و شیعە ڕەتیکردەوە، تەنها ئەوانەیان نەبێت کە لە ڕێگەی پشتیوان و سەرخەرانی عەلییەوە نەبێت. خۆ ئەگەر بهاتایە شیعە هەموو ڕیوایاتەکانی پەسەند و قەبوڵ بکردایە ئەوا وازیان لەو قسەیەیان دەهێنا سەبارەت بە پێشەوایی کە دەبێت لە ئەهل و بەیت بێت، و وازیان لەو قسەیە دەهێنا سەبارەت بە مەعصومیی و پاڕێزراوی ئەئمەکانیان، و زانستە لەدوننیەکانیان واز لێدەهێنا و ئێمەش ڕزگارمان دەبوو لە وەڵامدانەوەی شوبوهاتەکانیان لە سەر سوننەت لە لایەن ئەوانەی کە لە دوای خۆیان دێن لە هەر یەك لە خەواریج و موعتەزیلە..

سێیەم
هەڵوێستی خەواریج لەسەر سوننەت

ئێمە لێرەدا باسی مێژووی خەواریج[١] ناکەین ، بەڵکو بابەتەکەمان لە سەر یەك خاڵی دیاریکراوە ، ئەویش تێڕوانینی خەواریجە لەسەر سوننەت ، و ئایا تاچ ئاستێك پابەندبوونە بەسوننەتەوە لە کردارەکانی ڕۆژانەیاندا ، هەروەها ئایا لای خەواریج سوننەت سەرچاوەیەکی سەربەخۆیە یان ناسەربەخۆیەو تابعی قورئانی پیرۆزە؟!

شایانی باسە ئەوەی خەواریجەکان نوسیویانە نەکەوتۆتە دەستمان تابزانین دینداریکەیان سەر بە کام سەرچاوەی یاسادانانە لە ئیسلام ، بە هۆی وونبونی کتێبەکانیانەوە لە ڕووداوە مێژووییەکاندا ، یان هیچیان لەسەری نەنوسیوە ، وە ئەمەشیان زیاتر ڕێی تێدەچێت لەبەر ئەو سروشتە دەشتەکییەی کە هەیانبوو ، هەر لە بەر ئەمەشە ناتوانین بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەین لەسەر ڕاوبۆچونی خەواریج لەسەر سوننەت ، چونکە قسەی دژبەیەکە ، یان ڕیوایەتکردنی ڕووداوێکە کە ئەگەری هەیە درۆ بێت ، هەر بۆیە هەوڵ ئەدەین و دەگەڕێین بە دوای ئەو نوسراوانەدا کە لەسەر خەواریج نوسراون بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بیخەینە ڕوو ، کردار و گوفتاریان لە ڕوانگەی ئەو سەرچاوانەی کە لەلای تۆێژەرانی مێژوویی و

---

(١) الخوارج کۆی خارجە لە هەموو دەرچوویەك لە پێشەوای ڕاستی موسڵمانان دەنرێت ، وە ئەم ناوە زیاتر بڕایە بالأی ئەوانەی خروجیان کرد لە علی بن ابی طالب ﷺ دوای ڕووداوی صەفین . وە بڕوان تاریخ الخوارج و ارائهم الملل و النحل ج ١\١٥٥ . المواقف ج٨\٣٩٢ . الفرق بین الفرق لاپەڕەی ٧٢ و دواو ئەوە . الکامل لابن الاثیر ج ١٣\١٦٦ دوای ئەوەش . فجر الاسلام لاپەڕەی ٢٥٦ لاحمد امین .

گروپەکان بوونی هەیە، وە هیچ چارەیەکیترمان نیە جگە لەوە، ئەوەش زۆر دڵنیامان دەکاتەوە کە خەواریجەکان دیدو بۆچون و تێڕوانینەکانیان دەربارەی هەموو بەشەکانی سوننەت بە موتەواتری گوێزراوەتەوە، (ابن الاثیر) دەربارەی ئەو گفتوگۆ و ڕووبەڕووبونەوەیەی نێوان عبدالله ی کوڕی عباس و خەواریج ڕوویدا دەدوێت . .

ئیبن عەباس پێیانی ووت : (ئێوە لە دوو حوکمدا نەتانپێکاوە و تێکەوتوون ، یەکەم لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا﴾[١] . (واتە : ئەگەر هەردوکیان ویستی چاکسازیان هەبێت خودا سەرکەوتنیان پێدەدات) ئەی چی دەڵێن دەربارەی ئومەتی محمد ﷺ ؟ خەواریج ووتیان : ئەگەر خوای گەورە حوکمەکەی دایە دەست خەڵکی بۆ ئەوەی خۆیان پێیدابچنەوە ئەوە ئەو حوکمە بۆ ئەوانە . ئەی ئەوحوکمە چیە کە دەریکردووە و بەندەکانی بۆیان نییە لێی دەرچن؟

ئیبن عەباس دەڵێ: دووەم ئایەتی ﴿يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾[٢]. واتە : (با دوو کەسی دادپەروەر لە خۆتان دیاری بکات) . خەواریج ووتیان : تۆ حوکمی ڕاو و بەروبوم و نێوانی ژن و پیاوان دەشوبهێنی بە حوکمێ لەسەر خوێنی موسڵمانان هاتۆتە خوارەوە، هەروەها پێیان ووت : ئایا ئەمە دادوەرییە لای تۆ عەمری کوڕی عاصت لایە کە دوێنێ شەڕی لەگەڵ دەکردین ئەگەر ئەوە دادپەروەری بێت ئەوە بزانە ئێمە نامانەوێت، و حوکمی خواتان دایە دەستی پیاوان دەبێت هەرحوکم بۆ

(١) سورە النساء، ئایەتی ٣٥ .

(٢) سورەتی المائدة ، ئایەتی٩٥ .

خوابێت، و حوکمی خوا بەسەر موعاویە و هاوەڵانیدا سەپاوە، یان دەبێت بکوژرێن، یاخود دەگەڕێنەوە، وە لە نیوان خوتاندا مەوادعەتان کردوە خوای گەورە مەوادعەی پچڕاندووە لە نێوان موسڵمانان و ئەهلی جەنگدا لەوەتەی سورەتی تەوبە دابەزیوە مەگەر باج و سەرانە بدەن)[1].

وە ئەم ڕیوایەتە وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ لەسەر ئەوەی چی لە ناخی خەواریجدا گوزەراوە، و تێڕوانینیان بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە پێش و لەپاشی فیتنەدا چۆن بووە، خۆ ئەگەر شیکاری بکەین ئەمانەی تیدا دەبینینەوە:

١. سەرپێچیکردنی خەوارج قەبوڵناکرێت ئەگەر چی سەرپێچیکارەکە صەحابی بێت یان جگە لەو.

٢. هەریەك لە موسڵمانەکان سەرپێچی خەواریج بکات مامەڵەی دوژمنی لە گەڵدا دەکرێت و نابێت دانوستانیان لەگەڵدا بکرێت بەڵکو پێویستە باج و سەرانە بدەن، و ماڵەکانیان وەکو دەستکەوتی جەنگی دەستی بەسەردا دەگیرێت خوای گەورە دەفەرموێت [قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾[2]

٣. زینا کردن سزاکەی سەد جەلدەیە و لێرەدا بە ڕوونی نکوڵی کردنی گروپی (ئەزارقە)کانی خەواریج دەبینین لە ڕەجمکردنی زیناکاری هاوسەردار

---

(١) الکامل فی تاریخ ج ٣\١٦٦

(٢) سورەتی التوبة ئایەتی ٢٩.

هەرچەندە لە سوننەتی صەحیحدا هاتووە، وە لە سەردەمی عبدالله ی کوڕی[١] زوبێردا خوروجیان کرد و نکوڵیان لە ڕەجمی زیناکاری هاوسەردار دەکرد.

٤. شیخ الاسلام ئیبن تەیمییە دەربارەیان دەڵێت: بنچینەی ڕێبازەکەیان بریتیە لە گەورە ڕاگرتنی قورئان و بانگەشە کردن بۆ شوێنکەوتنی بەتەنها، بەڵام لە سوننەت و جەماعە دەرچوون، وە ئەوان پێیان وایە شوێنی سونەتێك ناکەون کە پێیان وایە سەرپێچی قورئان بکات. وەکو ڕەجم، نصاب، وە دزیکردن و جگە لە وانەش)[٢]

٥. بڕینی دەستی دز لێرەدا بە کورتی باسکراوە کە گرووپێك لە خەواریج بەناوی (ئەزاریقە)یە باسی کردووە بەبێ ڕەچاوکردنی مەرجی پاراستن و هەڵگرتنی مااڵەکە لە دز، وە ئەم گروپە ناگەڕێنەوە بۆ ئەو حوکمەی کە لە سونەتی صەحیحدا هاتووە ئایا دەبێت چۆن دەستی ببڕێت؟ و دەبێت چەند بدزێ؟ ئەوجا دەستی ببڕدرێت.[٣]؟!

هەرچەندە کات زیاتر تێپەڕێت ئەوانە زیاتر لە حەق و ڕاستی دوور دەکەونەوە و خراپتر لەوانەی پێش خۆیان ڕۆچوونە لە باتڵ و نەفامیدا، لە حەفتاکانی سەدەی یەکەمی کۆچی سەرۆکەکەیان بە ناوی (نافع بن الازرق) بڕیارێکیدا و تێیدا ووتی: (هەر کەسێك لە خەواریجەکان لە مااڵ دانیشتن و دواکەون بۆ جیهاد ئەوا جێگەیان نابێتەوە، بە دڵنیاییەوە هەرکەسێك دوابکەوێت ڕزگاری نابێت، ئەمەی بە هاوەڵەکانی وت و بانگی کردن بۆ ئەوەی خۆیان بێبەری بکەن لێیان، و حەاڵڵ نیە

(١) بڕوانە الملل و النحل ج١\١٦٤ . بڕوانە علي بن حزم الظاهري الفصل فی الملل و الاهواء و النحل ج ١٨٩\٤ .
(٢) رسالة الفرقان بين الحق و الباطل ، ضمن مجموعة الرسائل الكبرى ج ١٥٦\١
(٣) دواتر پشت بەخوا دێینە سەر ڕونکردنەوەی مەرجەکانی حەد لە باسی دووەم ، لە بەشی کۆتایی.

بۆیان ژنیان لێ بهێنن و کچیان بەمێرد پێبدەن، و نابێت سەربڕاوەکانیان بخۆن، و شایتومانیان لێ قەبوڵ نەکرێت و ئالای دینیان لێ بسێنرێتەوە، و میراتیان حەڵاڵ نیە، و کوشتنی منداڵ و پیشاندان[١]، و هەموو موسڵمانان کافرن وەکو کافرەکانی عەرەب هیچیان لێ وەرناگیرێت یا ئیسلام دەبن وە یاخود دەکوژرێن)[٢].

خۆ ئەگەر ئا ئەمە حوکمەکەی بێت لەسەر هاوڕاکانی خۆیان ئاخۆ دەبێت چ حوکمێکی هەبێت لە سەر نەیارەکانی ؟!

ئەوەی جێی باسە و گومانی تێدانیە بریتیە لە دورکەوتنەوەی خەواریجەکان لە دین و ڕاستی بە تێپەڕ بوونی کات، ئیمامی (خەتیبی بەغدادیی) دەیگێڕێتەوە کە خەواریجەکان پێیان وابوو کە ماڵی سەرپێچیکارەکانیان ماڵی کافرە و کوشتنی منداڵ و ئافرەتیان ڕێگە پێدراوە، و ئەزاریقەکانی خەواریج نکۆڵی ڕەجمیان کرد و کوفریان کرد بەوە خواردنی ئەمانەتی خەڵکیان حەڵاڵ کرد کە خوای گەورە فەرمانیداوە بە پاراستن و بەجێ گەیاندنی ئەمانەت، دەیانوت سەرپێچیکارەکانمان موشریکن و پێویست نیە لە سەرمان ئەمانەت و ڕاسپاردەکانیان بە جێی خۆی بگەیەنین، و حەددیان لەسەر تۆمەت هەڵبەستەکاری پیاوان جێ بەجێ نەدەکرد . . ! بەڵام لە سەر ژنەکان جێ بە جێیاندەکرد[٣].

---

(١) یان پیشاندان و تێگەیاندنی دینی ئیسلام بە منداڵ پێش کوشتنی بە گوێرە ی لێکدانەوەکانی خەواریج ئەگەر وەریگرت وازی لێدێنن وەگەر نا لە ملی دەدرێت.

(٢) الکامل ج ٣\٣٣٧ .

(٣) بڕوانە (الفرق بین الفرق) لاپەڕەی ٨٤ وە الملل ج ١\١٦٤ .

پاشان (النجدات) هات و لەوانەی پێش خۆی خراپتر ، ئەمیان حەددی لەسەر مەیخۆر لادا[١] پاشان بە دوایاندا (المیمونیة) هات لە کوفر و سەرشۆڕی ئەمیان ئەوەبوو نیکاح و مارەکردنی کچەزا و کوڕەزایان حەلاڵ کرد[٢]و کچانی نەوەی برا و خوشکەکانیان لە پیاو مارەدەکرد، لەبەر ئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا لە لیستی حەرامکراوەکاندا ناویانی نەهێناوە[٣]، پاشان زنجیرەیان کۆتایی هات لە سەر دەستی (المعبدیة) کە ئەمانیش سەمەرەیان ئەوەبوو زەکاتی لە بەندە و کۆیلەکان وەردەگرت پاشان دابەشکردنەوەی بە سەریانەوە[٤].

لە ڕاستیدا ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بەم هەموو بۆچوونە نامۆیانە و لێیان وردببینەوە بە ووردی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لای خەواریجەکان (هاوەڵانی بەڕێز) شیرکیان ئەنجامداوە دوای بە شداریکردنیان لە فیتنەکاندا، بۆیە دین وەرگرتن لێیان دروست نیە، وە بەمەش ئەو فەرمودانەی کە گێڕابوونەوە سەبارەت بەو حوکمانەی پێشوو بەرپەرچ درانەوە لە دوای فیتنەکان، بە هۆی ڕازیبونیان بەو حوکمانە و شوێنکەوتنی سەرانی ستەمکار، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش بوو دادوەری و متمانەیان لە دەستدا لە گەیاندنی زانستی دین.

بەمەش خاوەنی کتێبی (أصول الدین) هەموو نکوڵیکاریەکانی سوننەت دەداتە پاڵ خەواریج بە نکوڵیکردنیان بۆ بەڵگە چەسپاوەکانی سوننەت، کاتێك ووتی: (دووەم نکوڵیکردنی خەواریج بریتیە سوننەتە شەرعییەکان و ئەو بەڵگانەی کە

---

(١) بڕوانە الفرق بین الفرق لاپەڕەی ٨٩ وە الملل ج ١\٧٥ .

(٢) بڕوانە الفرق بین الفرق لاپەڕەی ٩٦ وە الفصل ج ١\١٧٥ .

(٣) بڕوانە عبدالرحمان بن احمد الایجی شرح المواقف ج ٨\٣٩٥ . چاپەمەنی السعادە ١٣٦٩ ك .

(٤) بڕوانە الفرق بین الفرق لاپەڕەی ١٠١ .

کۆڕایی (إجماع) هەیە لەسەری، چونکە پێیان وابوو هیچ حوکمێکی شەرعی بەڵگەی نیە تەنها لە قورئان نەبێت، بەو پێیەش نکوڵییان کرد لە ڕەجم و مەسح کردن لەسەر خوففە لەبەر ئەوەی لە قورئاندا نەهاتوون، و دەستی دزیان دەبڕی بە دزینی کەم و زۆر چونکە پێان وابوو فەرمان بە بڕینی دەستی دز هاتووە و موتلەقە، وە ڕازی نەبوون بە ڕیوایەتی نیصابی بڕین و ئەو ڕیوایەتانەش کە چاوپۆشی دەکا لە هەندێ جۆری دزی کە دەستی تێدا نابڕێت)[1].

بە کورتی خەواریج ڕازی نەبون بە سوننەت مەگەر لە ڕێگەی صەحابییەکەوە هاتبێت کە بەشداری نەکردبێت لە فیتنە گەورەکەدا، و ڕوداوەکانی دواتریش، بەمەش فەرمودەکانی جمهوری صەحابە لە دوای فیتنەکە کەوتە ژێر پرسیارەوە دەبوایە پالأوتن بکرێت، و خۆیان جیاکردەوە لە موسڵمانان بە بیرو بۆچونە نامۆکانیان کە بوونە هۆی پەیدا بوونی شوبوهاتەکان لە سوننەتدا لە ناو ئەوانەی دوای ئەمان دێن لە موعتەزیلە و قورئانییەکانی پێشین و پاشین.

❁❁❁

(١) لاپەڕەی ١٩ عبد القاهر بن طاهر البغدادي.

چوارەم
هەڵوێستی موعتەزیلە لەسەر سوننەت

سوننەت لای موعتەزیلە[1] گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، هەروەها سەرچاوەکان شتێکی ئەوتۆیان پێ نەداوین لەسەریان و هەڵوێستێکی ڕونیان پێنەداوین کە کۆڕابن تێیدا لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، تەنانەت ئەو شتانەی بە دەستمان گەیشتووە و لەبەردەستماندایە کەمن و پوختەیە و کە لەوەی موعتەزیلە لەسەرین، و بە گوێرەی ئەو دەقانەی باسکراوە لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکاندا ئەویش ئەوەیە کەوا دوو گروپی توندڕەو یان زیاتر لەخۆدەگرێت.

یەکەم: توندڕەوەکانی موعتەزیلە بە دووری نازانن درۆ هەبێت لە سوننەتی موتەواتر و ئاحادیشدا، لەبەر ئەمەشە نابێت ئیش بە ڕێساکانی بکرێت و بەوەشی کە لە سوننەتەوە هاتبێت، ئیمامی (خەتیبی البغدادی) گەڕایەوە بۆ سەر قسەکەی خۆی لە بارەی (النظامیة)ەوە و دەڵێت : (لە خەبەری موتەواتیردا دەکرێت درۆ

---

(١) ناو نراوە موعتەزیلە لە بەر کەنارگیری و تەرککردنی تێکەڵاوبونیان بە خەڵکی وە شوێنکەوتووانی لە مەجالیسی حسن ی بەصرین ،بە هۆی تاکڕەوی بۆچونی لە سەر ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان، لە گەڵ ئەوەشدا سەربەخۆییانە لە بیرکردنەوە عەقڵیە نامۆییەکانیان، کە لە گەڵ بیر و هزری کۆمەڵانی موسڵمانانداز یەکناگرێتەوە بە هیچ شێوەیەك، وە بۆ زانینی تەواوی بیرو بۆچوونەکانیان بە تەواوی بڕوانە ئەم سەرچاوانە المواقف ج ٨\١١٥ . دواتر و ٨\٣١٢ .وە دوای ئەوە. وە شرح اصول الخمسة. وە اصول الدین لاپەڕەی ٢٣ . وە الفرق بین الفرق لاپەڕەی ١١٧ . دوای ئەوە . الملل و النحل ج ١\٥٤ . وە ئەوەی دوا ئەوە دێ. وە الفصل ج ٤\١٩٢ وە دوای خۆی.

ڕوبدات بە هۆی جیاوازی فیکری و کەسێتی لە نێوان هەواڵدەرەکە و ئەوانەی بلاّوی دەکەنەوە)[١].

هەروەها لە کتێبی (اصول الدین) دا هەمان مانا دووپات دەکاتەوە، دەڵێت: (لەگەڵ (النظامیة)دا کە دەڵێن دەکرێت کە ئومەت لەسەر هەڵەیەك کۆڕابن چونکە ڕیوایەتی موتەواتر هیچ بەڵگەیەکی تێدانیە لەبەر ئەوەی دەکرێت ئەویش درۆ بێت، جا تانە لە هاوەلاّن دەدەن و یاسای قیاسیشیان لە شەریعەتدا بەتاڵ دەکەنەوە)[٢].

هەرچۆن (الجاحظ) لە کتێبی (المعارف) دا باسی (النضامیة) ی کردووە، و لە کتێبە بەناوبانگەکەشیدا بەناوی (الفتیا) (ئەهلی حەدیسی لەکەدار کرد بە هۆی ڕیوایەتکردنی فەرمودەکانی أبو هریرە ، و پێی وابو کە وا أبو هریرە ﷺ درۆزنترینی کەسەکانە، و تانەی لە عمری کوڕی خەتاب ﷺ داوە، وە پێی وابوو کە عمر ﷺ لە ڕۆژی حودەیبیە گومانی لە دینەکەی هەبوو[٣]. . . . وە إبن مسعود ﷺ درۆیکردووە لەو ڕیوایەتەی کە دەڵێت (بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لە سکی دایکیدا بەختەوەرە)[٤] وە ڕیوایەتی (کەرتبوونی مانگ[٥]....)[٦].

---

(١) الفرق بین الفرق لاپەڕەی ١٤٣ .

(٢) لاپەڕەی ١١ .

(٣) پێدەچێت مەبەستی قسەکەی عمری کوڕی خەتتاب بێت خوای لێ ڕازی بێ کاتێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی مەرجەکانی صولح و ووتی: ئایا ئێمە موسڵمان نین، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بۆ نا فەرمووی : ئایا ئەوان موشریك نین فەرمووی: بۆ نا (عمر) یش فەرمووی: ئیتر بۆچی ئەم ملکەچیە قەبوڵ بکەین.

(٤) رواه مسلم بلفظ (چارە ڕەش ئەو کەسەیە کە لە سکی دایکیدا چارە ڕەش بوە وە بەختەوەر ئەو کەسەیە کە پەند لە غەیر ی خۆی وەربگرێت) ج ٨\٤٥

(٥) حەدیسی کەرتبونی مانگ رواه البخاري نقلا عن الفتح الباری ج ٨\٦١٧ .

(٦) الفرق لاپەڕەی ١٤٧ . وە بروانە الملل ج ١ \ ٧٢ و ٧٤ .

وە هەڵوێستی (أبی الهذیل العلاف) شێخی موعتەزیلەکان و قوتابی (واصلی کوڕی عطاء) هیچ لەسەر هەڵوێستی (النظامیة) لەوانیتر کەمتر نییە لەسەر سوننەت، وە (الشهرستانی) دەگێڕێتەوە دەڵێت (کۆمەڵێك لێوەی دەگێڕنەوە کە ووتویەتی بەڵگە ناچەسپێ مەگەر بیست کەس بیگێڕنەوە و یەکێکیان یان زیاتر ئەهلی بەهەشت بێت، و زەویش هەرگیز بێ بەش نابێت لە ئەولیاکانی خوا کە مەعصوم بن، کە درۆناکەن و تاوانی گەورە ئەنجام نادەن ئا ئەمانە بەڵگەن نەك تەواتر، دەکرێت کۆمەڵێکی زۆر کە لە هەژمارنایەن درۆ بکەن ئەگەر ئەولیا نەبن)[1].

ئەگەر بێت و هەواڵی موتەواتر درۆی تیابێت ئەوا ئاحاد لە پێشترە بۆ درۆ، بەڵکو بەڵگەش نین لە حوکمە شەرعییەکانیاندا تەنها ئەوە نەبێت کە لەقورئاندا هاتووە .

دووەم: گروپێکی تری موعتەزیلە زیانێکی کەمتری هەبوو لە گروپەکانی پێشووی خۆی، ئەگەرچی هەموویان هەر خراپ بوون، بەڵام هەندێکیان لە هەندێکیتریان باشترن، و ئەوانەش بریتین لەو گروپەی کە هەندێك لە حەدیسەکانی ئاحاد یان نکۆڵیکرد، ئەوەبوو هەموو گروپەکانی موعتەزیلە تۆشی ئەم نەخۆشیە بوبون لە کوڵیکردنی هەندێك سوننەتی ئاحاد، ئیمامی (شاطبي) لە بارەی (أبی بکر کوڕی محمد)ەوە دەڵێت: (عەمری کوڕی عوبێد) دەڵێ: کەس ناتوانێت لە دز خۆشببێت جگە لە دەسەلاتدار و کاربەدەست، ووتی: حەدیسەکەی صفوانی کوڕی ئومەییەم بۆ گێڕایەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ەوە کە دەفەرموێت: (فهلا قبل أن تأتيني به)[2]،

(١) الملل و النحل ج ١\ ٦٧ .

(٢) رواه ابو داود في سننه ج ٤\١٣٨ و لفظه (فهلا كان قبل ان تاتيني به).

(عمرو بن عبيد) فەرمووی: سوێند دەخۆیت بە خوا کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی وتبێت ، وتم: ئەی تۆ سوێند دەخۆیت بە خوا کە وا پێغەمبەری خوا ﷺ نەیوتبێت)[١].

پاشان (الجعفرية المبشرية) هات، ئیجماعی هاوەڵانی لەسەر حەددی مەیخۆر بە هەڵە دانا، بەبەڵگەی ئەوەی کە ئیعتبار لە جێبەجێکردنی حەددەکاندا بە دەق و تەوەقوفە، و هاوەڵان کۆڕابوون لەسەر ئەوە بە بۆچونی خۆیان، و بەمەش دانیان نەناوە بە سوننەتی کرداری کە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ەوە هاتووە، لەم حەددە کە یەکێکە لە حەددەکانی خودا)[٢].

وە (الخياط)یش لەوانە بوو کە نکوڵی کردووە لە خەبەری ئاحاد، دەڵێت:ـ کە ئەگەری درۆی تیایە، بەم شێوەش هەرچی فەرمانێکی فیقهی بە خەبەری ئاحاد بێت ڕەدی کردۆتەوە)[٣].

جا ئەوەی لە سوننەتدا هاتووە دەربارەی هەرشتێك کە نابینرێت و هەستی پێ ناکرێت لە بابەتە غەیبیەکان، و تەنانەت ئەو هەوالانەی لە بارەی داهاتووی مرۆڤەوەیە لە دوای مردن کە چی بەسەر دێت ئەوە ڕەتدەکرێتەوە لە لای زۆربەی گروپە موعتەزیلییەکان، هەر بەم بۆنەیەوە بابەتی ناوگۆڕ و نەکیر و منکری نکۆڵی کرد، و بۆچونیان لە بارەی (صراط)ەوە دووفاقە لە نێوان باوەڕپێکردن و باوەڕپێنەکردنی، بەڵکو شەفاعەتیشیان بۆ ئەنجامدەرانی تاوانە گەورەکان بە ناڕاست دانا و ڕەتیان کردەوە،و ئەو فەرمودانەی کە هاتوون لە بارەی ئەوەوە وەکو بەڵگەیەك لە لایەن پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو دەفەرموێت: (شفاعتي لاهل الكبائر

---

(١) الاعتصام ج ١\٢٣٢ .

(٢) الملل و النحل ج ١\٧٥ وە دریژی باسی ئەم حەددە دەکەین لە بابی دووەم لە بەشی کۆتایی .

(٣) الفرق لابەڕەی ١٨٠ .

من أمتي)[١] ڕەتیان کردەوە بە بیانوی ئەوەی کە فەرموودەکە فەرمودەیەکی ئاحادە بەڵگە ی لەسەر دانامەزرێت[٢].

(القاضي عبدالجبار) هەستا بە ڕەتکردنەوەی ئەم شەفاعەتەو وتی: (لای ئێمە شەفاعەت بۆ تەوبەکارانی ئیماندارانە بەڵام لای مورجیئەکان بۆ خراپەکارەکانە لە نوێژخوێنان، و ئەمەش ئەوە دەسەلێنێت کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ شەفاعەت بۆ خاوەنی تاوانەگەورەکان بکات!! بیکات و نەیکات وەکو یەك وایە، چونکە ئەگەر شەفاعەت نەکات پاداشت وەرناگرێت لەبەر ئەوەی شکۆی خۆی دەشکێنێت، خۆ ئەگەر شەفاعەتی بۆ بکات هەم دیسانەوە پاداشت وەرناگرێت چونکە پاداشکردنی کەسێك کە شایستەی پاداشت نەبێت ئەوە کارێکی قێزەونە، وە ئەوەی کە موکەلەف بێت بە فەرموو ناچێتە بەهەشت، وە بەڵگەکان دەیسەلێنن کە سزا بەردەوام و نەبڕاوەیە، ئەی چۆن خراپە کارێك لە ئاگر دەردەچێت بە شەفاعەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئائەوەش حاڵی بوو بێت کە باسمانکرد)[٣]؟!

لە هەموو ناخۆشتر و بەدبەختیتر ئەوەیە کە قاضي بە تەواوەتی ڕەتی بینینی خوای گەورەیشی کرد لە بەهەشتدا[٤].

ئەگەرچی بە ڕوونی لە قورئاندا هاتووە و خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ (٢٢) إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾[٥] وە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموێت ((هل تمارون في القمر ليلة البدر ليس دونه سحاب، قالوا: (الصحابة) لا يا رسول الله

(١) رواه ابو داود ج ٤\٢٣٦ . عن انس ابن مالك .

(٢) المواقف ج ٨\٣١٢ و٣١٧ . و ابن تيمية اقتضاء الصراط المستقيم لاپەڕەی ٤٤٣ .

(٣) شرح الاصول الخمسه لاپەڕەی ٦٨٩ .

(٤) الاصول الخمسه لاپەڕەی ٢٣٢ .

(٥) سورە القيامه، ئایە تی ٢٢ .

قال : (هل تمارون في الشمس ليس دونه سحاب، قالوا لا قال : فانكم ترونه كذلك)[١] شوبهەو گومانی عەقڵی وەکو شوبهەکەی لە ڕەتکردنەوەی شەفاعەت.

ماوەتەوە بڵێین کە هەڵوێستی موعتەزیلە لە نکوڵیکردنی سوننەتدا بە ئاحادیشەوە لە بواری عەقیدە و زۆر بەربلاوە لە نێو ڕیزەکانی موعتەزیلەدا و ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەم نەفیکردنەیان لە ڕواڵەتدا دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستنیان بە عەقڵ و پێشخستنی عەقڵ ئەمجا نەقڵ، هەروەکو الجاحظ دەڵێت: (حوکمی یەکلاییکردنەوە تەنها لە ڕێگەی هزرەوەیە و پشت تەنها بە عەقڵ دەبەستین)[٢].

جا بەم شێوەیەش هەڵوێستی موعتەزیلەکانمان زانی لە بارەی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وە لە ڕووی قەبوڵکردنی حوکمە شەرعیەکان بیر و باوەڕی ئاینشیان، ئەم هەڵوێستەی موعتەزیلەکان کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەر ئەوانەی دوای ئەمان هاتن لە هێرشکەرەکان.

❁❁❁

(١) رواه البخاري نقلا عن الفتح الباري ج ٢\٢٩٢ .

(٢) رسالة التربيع و التدوير ، لاپەڕەی ١٩١ یەکێکە لە نامەکانی جاحظ .

پێنجەم

هەڵوێستی (قورئانیەکان)ی ڕابردوو لەبارەی سوننەتەوە

لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچیدا هەندێ کەس لەم میللەتە هەستان بە بانگەشەی لابردن و ڕێشەکێش کردنی هەموو سوننەت، دامالێنی پێگەی بەڵگەبوونی سوننەت بۆ ئەحکام و تەشریعاتی ئیسلامی، دەرەنجامی ئەو گومانانەی کە شیعەگەران و خەواریج و موعتەزیلەکان تەشەنەیان پێ دابوو.

ئیمامی شافیعی (رحمه الله) باسی تاوتوێ و دیبەیتێك دەکات لەنێوان خۆی و یەکێك لەوانەدا ڕوویداوە، بەناونیشانی (سەرگوزەشتەی ئەو گروپەی کە نکۆڵی هەموو هەواڵ و ڕیواپاتیان دەکرد)، دەفەرموێ: (یەکێك لەو پیاوانەی کە بە زانستخوازان و پیاوانی زانا دادەنرێ پێی وتم: تۆ پیاوێکی عەرەبی، و قورئانی پیرۆزیش بە زمانی خۆتان دابەزیوە، تۆ لە پیاوە بەتواناکانی بۆ لەبەرکردن و پاراستنی قورئان، هەندێ فەرمانی خودای تێدایە کە فەرزی کردووە لەسەرمان، خۆ ئەگەر کەسێك گومان لە دڵیدا هەبێت بەرامبەر پێتێك لە پێتەکانی قورئانی پیرۆز باوەڕی تۆ وایە کە داوای تۆبەی لێ دەکەی، ئەگەر تۆبە نەکات و گومانی هەبێ لە قورئان دەیکوژی، خوای گەورە دەفەرموێ [تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ][1]، واتە ڕونکردنەوەی هەموو شتێکە... ئەی ئێستا لای تۆ یان هەرکەسێکی تر جائیزە لەسەر بابەتێکی قورئان بڵی ئەم فەرزە گشتییە و جارێکی تر بڵێ نا نا ئەم فەرزە تایبەتیە؟! یان ئەم فەرمانە بۆ فەڕزبوونە، جارێکی تر بڵێ نا.. نا. ئەم فەڕزە بۆ

(١) (النحل: ٨٩).

دەلالەتە، هەرکاتیش ویستی لێبوو بڵێ بۆ حەڵاڵ بوونە . . ؟! هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانەشت لەسەر فەموودەیەك دامەزراندووە کە لە پیاوێکەوە دەیگێڕیتەوە، یان دوو فەرموودە یان سێ یان زیاتر، بە حیساب تا دەگاتە پێغەمبەری خوا ﷺ، لەکاتێکدا ئەوەی لە تۆ و هاوبیرانتەوە دەیبینم گەشتوون بەهەر کەسێك فەرموودەتان لێوە وەرگرتبێ دێنە وەصفکردنی بە ڕاستگۆ و لەبەرکار و هۆشیار و بیرتیژ، منیش هەرکەس لەوانەی ئێوە پێی گەیشتوون دەناسم و پێیان گەیشتووم کە لە فەرموودەکاناندا هەڵە دەکەن و لەبیریشیان دەچێ و تێکەڵیش دەکەن، بەڵکو هەر خۆتان دەڵێن فلاّن کەس لە فلاّن فەرموودەدا هەڵەی کردووە، فلاّن کەسی تر لە فلاّن فەرموودەی تردا هەڵەی فلاّنی کرد . . ! کەچی دەتانبینم کاتێ پیاوێك لەسەر ڕیوایەتێکتان (کە حەڵاڵەکانی لەسەر دادەنێن و حەرامەکانیشی لەسەر دیاری دەکەن) بڵێ هەڵەتان کردووە، لەوە زیاتری پێ ناڵێن: (بئس ما قلت = ئای چەند وتەیەکی خراپت وت). ئایا جائیزە کە جیاوازی بخرێتە نێو بابەتەکانی قورئانی پیرۆز؟ بەهۆی بیستنی قسەی کەسانێکەوە کە خۆتان بەوشێوەیە وەصفیان دەکەن؟ و پێگەی وتەی ئەوانە بەرز دەکەنەوە بۆ ئاستی وتەی خوای پەروەردگار، و خۆشتان ڕێگە بەهەندێکی دەدەن و هەرخۆشتان ڕێگری لە هەندێکی تری دەکەن . . ؟!

ئەم نەیارە دەیوت: ئەگەر ئێوە لەسەر وتەکانی ئەو ڕاویانە ئەحکام دابەزرێنن، و هەموو ئەو سیفەتانەی تێدا بێت کە دەتانەوێ بۆ وەرگرتنی ڕیوایەت. ئەی باشە چ بەڵگەیەکتان هەیە بۆ سەر ئەو کەسی کە ڕەدی دەکاتەوە و وەریناگرێ؟ چونکە من یەك دانە لە هەواڵ و ڕێوایەتانە وەرناگرم، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەگەری نادیاریان

تێدابێت، و من هەوالٌ و ڕیوایەت وەرناگرم هەتاوەکو سوێند بەخودا نەخوات لەسەری هەر چۆن دەتوانێ سوێند و شایەتی لەسەر کتێبی خودا بدات کە هیچ گومان و دووددڵیەکی نیە لە یەکێك لە پیتەکانیدا، یان کارێکم بۆ بکات کە هاوتای ئەو شایەتی و سوێند و دڵنیاییە بێت ! واشنازانم هەبێ . . !)[1]

جـــــا هەموو بەڵگە و بۆچوونەکانی ئەم کەسانە بۆ وەرنەگرتنی ڕیوایەت لەم چەند خاڵەدا کورت دەبێتەوە :

١ . بێ گومان قورئان هەموو شتێکی ڕوون کردۆتەوە لە دووتوێی پەڕەکانیدا، وردودرشتی پێویستیەکانی ئومەتی باس کردووە کە هیچ پێویستمان بە سوننەت ناکەوێ بۆ ئاینی خوای گەورە .

٢ . ئەگەر حوکمێکی سەربەخۆ یاخود تازە لە ڕیوایەتێکدا هاتبێت کە لە قورئاندا نەهاتبێ، ئەوا هەوالٌکی جێگومان دژ و بەرامبەری قورئانی پڕ دڵنیایی وەستاوەتەوە، کە هەرگیز دەقێکی جێگومان ناتوانێ دژی دەقێکی پڕدڵنایی بوەستیتەوە، خۆ ئەگەریش هاوڕای قورئان بوو، ئەوکات ئێمە شوێنی قورئان کەوتووین نەوەك سوننەت، هەروەها ئەگەر بۆ ڕونکردنەوەی گشتگیریەکی قوئان هاتبێت ئەوکات دەقێکی گوماناوێ بووەتە ڕونکەرەوەی دەقێکی پڕ دڵنیایی، کە دڵنیاکە هەرکەس گومانی لێ هەبێ کافر دەبێت و گوماناوییەکە هەرکەس نکۆڵی بکات کافرنابێتەوە .

٣ . ئەم فەرموودانە لەکەسانێکەوە ڕیوایەت دەکرێن کە هەرگیز ئەگەری هەڵە و درۆ و تێکەڵکردنی زانیاریەکان لەسەریان لاناچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی

(١) کتێبی (جماع العلم) بەرگی ٧/ ٢٧٣ .

متمانەی خوازراو کە بتوانێ بەڵگەیەکی یەقینی و یەکلایی فەراهەم بکات بۆ دروشمە جێگیرەکانی ئیسلام لەڕێی ئەم سەرچاوەوە (سوننەت)، کەوایە (سوننەت) نابێتە هاوکار و هۆکاریش بۆ چەسپاندنی یەك شتیش لە ئاینی خوای پەروەردگار، چونکە هەموو سوننەت ناتوانێ پلەی گومان و وەهم تێپەڕێنیت، بۆ ئەم مەبەستەش گومانی باش بردن بە کەسانی ڕاوی و دەقەکانی ڕیوایەت هیچ جێگەیەك قایم ناکات بە ئاینەکەی خوای گەورە.

خوێنەرانی بەڕێز ، لەوانەیە خاڵێك بێتە خەیاڵمانەوە و بڵێ : بۆ دەچێت ئەو نەیارانەی سوننەت هەواڵ و ڕیواياتی (موتەواتر) یان لا پەسەند بێت و بە یەکلاکەرەوە و یەقینی ببینن، ئەی بۆ ئیمامی شافیعی (رحمه الله) هەموویانی لەژێر یەك ناونیشاندا داناوە بەم بڕگەیە (ردت الأخبار کلها) ؟

وەڵامیش ئەمە دەبێت، ئەو نەیارانەی سوننەت، ڕیوایەتی موتەواتریش بە یەکلا و یەقین نازانن، بە بیانووی ئەوەی تاك تاکی سەنەدەکان بە گومان وەرگیراون، بۆیە هەڵەکردن و درۆکردن و تێکەڵ بوونی زانیاری و گومانی باش و خراپ لەمانەشدا نابڕێتەوە بۆیە هەر جێی گومانە، ئەوەی دەردەکەوێ نەیارەکەی ئیمامی شافیعی رحمه الله لە باقی وتەکانیدا ئەوەیە کە هەرکەسێك ڕیوایەت و فەرموودەکان وەرنەگرێت ئەوە تەنها بەناو عیبادەتەکان بکات بەسیەتی وەکو نوێژی یان زەکات و هیچ پێویستی بە کات و چۆنێتیەوە نیە، تەنانەت ئەگەر لە ڕۆژێکدا تەنها دوو ڕکات نوێژیش بکات بەسیەتی، واتە ئەم کابرایە دەیەوێ خەڵك وەها تێبگەیەنێ کە بەهیچ شێوەیەك ژمارەی نوێژەکان و ژمارەی ڕکاتەکانیش لە ڕیوایەتەوە

وەرنەگرن، هەرچەندە ئەوە لە خەبەرە موتەواترەکانە کە کۆڕای موسڵمانانی لەسەرە.

بیرم نەچێ ئاماژە بە بۆچوونی هەر دوو بەڕێزان (مصطفى السباعي) و (الشيخ الخضري) بکەم، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەردووکیان، بۆ ئەوە دەرەنجامەی بەڕێز (الخضري بك) پێی گەیشتبوو لە کتێبی (تاريخ التشريع الإسلامي)دا کە ئەم گروپە دەداتە پاڵ مەزهەبی موعتەزیلەکان، کە کابرای رکابەری ئیمامی شافیعی رحمه الله لە گفتوگۆکەدا لە ڕیزی موعتەزیلەکانی شاری بەسرەی عێراق دەژمێرێت، بەهۆی ئەو ململانێ تونديەی لە شاری بەسرەدا هەبوو لەنێوان ئەهلی حەدیس کە ئیمامی شافعی لە دیبەیتەکەدا نوێنەریان بوو، ئەو پیاوەش کە نوێنەری موعتەزیلەکانی ئەو سەردەمە بووبێت، بۆ پاڵپشتی وتەکەشیان ئاماژە بەو وتانە دەکەن کە لە کتێبی (مختلف الحديث)ی ئیمامی (ئیبن قوتەیبە) لە لاپەرەی ٢٧٦ هێناویەتی، کە باسی دید و بۆچوونی مامۆستایانی موعتەزیلەدەکات لەبارەی سوننەتەوە و ئەو زمان دریژیەی دەیانکرد لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، باسی گەورە موفتیانی[1] کردوون، وەکو باسمان کرد لە بڕگەی (دیدگای موعتەزیلە بۆ سوننەت).

بەڵام لەمەدا هاوڕایان نیم کە ئەو گروپە لە مەزهەبی موعتەزیلەکان بووبن، واشنازانم ئەو پیاوەی ڕکابەری ئیمامی شافیعی رحمه الله لە موعتەزیلەکان بووبێت، لەبەر ئەم چەند خاڵە:

١. ئەوانەی کە موناقەشە و گفتوگۆدەکەن کەسانی دیار و سەرکردەی گروپ و مەزهەبەکان، یان هاوشێوەی ئەوانە، هەروەها بە شێوازی قسە و فەلسەفەی

(١) (السنة و مكانتها) لاپەرە ١٤٩.

گوتاری موعتەزیلەکان ئاشنابووین کە چۆن بەڵگە دەهێننەوە، ئەوەش هیچ لە ئەو شێوازەی ڕکابەرەکەی ئیمامی شافیعی رحمه الله ناچێت.

٢. ئەوەش زانراوە کە موعتەزیلەکان هەموو ریوایەتێك ڕەد ناکەنەوە، بەڵکو زیاتر نکۆڵی لەو ئەو ڕیوایەتانە دەکەنەوە کە لەگەڵ هەستەوەرەکان و بەرجەستەکاندا نایەتەوە (واتە غەیبیات) و صیفاتە تەواوەکانی خوای پەروەردگار و جیانی مەلەکوتی و هەواڵ و گوزەرانی ڕۆژی قیامەت، ئەو شتانە نکۆڵی لێدەکەن کە بیریان نایبڕێت و مێشکیان وێنای ناکات، جگە لەم بوارانە موعتەزیلە ڕیوایەتی وەردەگرت لە بوارەکانی تری شەریعەتدا، نمونەی چۆنیەتی نوێژ بە شێوەی زانراوی نێو مسڵمانان، و ڕۆژوو گرتن و حەج کردن و زەکات بەخشین و هاوشێوەکانی، لە هەموو ئەو بابەتانەدا وەکو باقی موسڵمانانن..

٣. ڕکابەرەکەی ئیمامی شافیعی رحمه الله، بۆچوونی گەنیوی خۆی و هاوبیرانی ئاشکرا کردووە کە ئەوەندەیان بەسە کە (بەناو عیبادەتێك بکەن و تەواو) بەناوی نوێژ، بەناوی ڕۆژوو، بەناو زەکاتێ ببەخشن بەسیانە. ئەوەتا دەڵێ: (ئەوەی شتێك بکات کە بەناوی نوێژ بێتەوانێ یان تەنها ناوی زەکاتی بەسەردا بیتەوانێ، ئەوە ئەرکی سەر شانی خۆی بەجێ گەیاندووە، ئەو عیبادەتانە نەبەستراوە بە هیچ کاتێکیشەوە، لە ڕۆژێکدا دوو ڕکات نوێژ بکات بەسیەتی)[1].

بەڵکو ئەوەی دەبینین خۆی کورت هەڵبێنێ لەسەر تەنها بەناو نوێژێك بکات یان نا، ئەوانە زیاتر هەندێ لە خەواریجەکانن نەوەك موعتەزیلە، ئەوەتا زانای بەڕێز (ئیبن حەزمی زاهیری) دەفەرموێ: (بێ گومان هەندێ خەڵك هەن خۆیان لە

(١) (جماع العلم) کە لەگەڵ (الأم) دا چاپکراوە، بەرگی ٧/ ٢٧٥.

بەئیسلامەوە ناوناوە کەچی کۆڕایی هەموو موسڵمانانی لەسەر کە فڕیان بە ئیسلامەوە نیە، نمونەی هەندێ لە خەواریجەکان کە زۆر زیادەڕەویان کرد، هەتا گەشتنە ئەوەی بڵێن نوێژ تەنها یەك ڕکاتە لە بەیانیان و یەك ڕکاتە لە ئێواران)[١].

هەروەها ئیمامی (الحافظ البغدادي رحمه الله) باسی ئەم ڕێچکەیە دەکات و دەیداتە پاڵ خەواریجەکان نەوەك موعتەزیلە، دەفەرموێ: (بێ گومان خەواج بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەڵگە بۆ حوکمەکانی تەشریعی ئیسلامی تەنها و تەنها لە قورئانی پیرۆزەوە وەردەگیرێت نەوەك شتی تر)[٢].

هەرچۆن (شەرهرستانی) ڕێچکەی نکۆڵی کردنی هەندێ ئەحکامی و سنورەکان (الحدود) کە بەهۆی سوننەتەوە دامەزراوە، دەداتە پاڵ خەواریج، بۆیە لەکاتی ژماردنی گومڕاییەکانی گروپی (ئەزاریقە) ی خەوارجدا دەڵێ: (چوارەم: لابردنی حوکمی ڕەجمی زیناکاری موحصین بە بیانوی ئەوەی کە لە قورئاندا نیە)[٣].

ئەمانە بەشێکبوون لە بەڵگەکان لەسەر دیدگای خەواریج بۆ سوننەت، کە بۆمان دەردەخات نکۆڵی کردنی هەموو سوننەت کاری هەندێ سەرانی خەواریجە نەوەك موعتەزیلەکان، و ئەو گروپەش کە تیوە گلاوە بەو بۆچوونە لاروچەوتە تۆندرەوەکانی خەوارجن، سەرباری ئەمەش هیچ سەرچاوەیەکی مێژوو پێمان ناڵێن کە هیچ ڕێچکەیەك لە موعتەزیلەکان ئەم بۆچوونەی نکۆڵی هەموو سوننەتیان هەبوو بێت، و هەموو بەڵگەکانی تەشرعی ئیسلامی کورت بکەنەوە لە تەنها

---

(١) (الفصل) بەرگی ٢/ ١١٤ .

(٢) (أصول الدين) لاپەرەی ١٩ .

(٣) (الملل و النحل) بەرگی ١/ ١٦٤ .

قورئاندا، بەڵکو زۆر ڕوونە ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تەنها بە قورانەوە پەیوەستن و پشتیان کردبێتە سوننەت زیاتر خەواریجەکانن نەوەك موعتەزیلەکان.

بەم شێوەیە زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەوانەی موناقەشەی ئیمامی شافیعییان کردبوو (رحمه الله) کەسانی خەوارجی توندڕەوی زێدەڕۆ بوون.

جێی خۆیەتی بڵێین ئەو ڕێچکەی کە نکۆڵی سوننەتیان دەکرد لە کۆندا زۆر بلاونەبووە لە ولاتانی ئیسلامیدا، بەڵکو تەنها بەشێوەیەکی تایبەت لە عێراقدا هەبوون، هەربۆیە بۆچوونی تاکەکەسی ژمارەیەکی کەم نابێتە بۆچوونی گشتی خەڵکەکە.

بەکورتی، ئەو کابرایە لە هەر گروپێك بوو بێت، گرنگ ئەوەیە ئیمامی شافیعی رحمه الله زانیاری ئەوەی بۆ تۆمارکردبووین کە لەسەردەمی خۆیدا کەسانێکی تاك و تەرا هەبوون کە نکۆڵی بەڵگەبوونی سوننەت بکەن، و تەنها پشت بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز ببەستن، ئەوەش ڕوون بوو کە یەکێك لەو نەیارانەی سوننەت گفتوگۆی کردووە لەگەڵ ئیمامی شافیعی دا (رحمه الله)، کە ئیمامیش بە بەڵگە و ڕونکردنەوە وەڵامی تەواوی داوەتەوە، ئەوەشی بۆ سەلماندوە کە سوننەت سەرچاوەیەکی سەربەخۆی تەشریعە لە ئیسلامدا، و ئەو پیاوەی گەڕاندەوە بۆسەر ڕێگای ڕاست.

شەشەم

نکۆڵی کردن لە سوونەت لە نیمچە کیشوەری هیندی

هیچ کتێبێکی میژویی نابینین کە پێمان بڵێ، و لەبارەی ئەندام و کەسایەتی و گروپانێ بدوێ بۆمان کە خۆیان دابێتە پاڵ ئیسلام و بانگەشەی ڕیشەکێشکردنی سوننەتیشان کردبێ دوای سەدەی دووەمی کۆچی، ئەو کەسانەش کە ئیمامی شافیعی باسی کردوون کەوتنە پەڕەکانی میژووەوە، بارودۆخ هەروا تێپەڕی بۆ ماوەی نزیکەی یازدە سەدە[١].

لەو بارەیەوە نوسەری ئیسلامی مامۆستا مەودودی (رحمه الله) دەڵێ: (پێش ئەوەی سەدەی سێیەم تەواو بێت کۆتایی بە تەمەنی ئەم بۆچوونە ئاشوبە هات (فیتنەی نکۆڵی لە بەڵگەبوونی سوننەت) بەزوویی کە لە وڵاتی عێراق[٢] لەدایك بووە و گەشەکردنەکەشی لەم سەردەمەدا کەوتە وڵاتی هیندەوە.

هەرچەندە سەرەتای ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە بۆ هیند و بۆ کەسایەتی (سەید أحمد خان) و (مەولەوی شەیخ جەراغ عەلی)، پاشان سوارچاکی پێشەنگی نەیارانی سوننەت (مەولەوی عبدالله جەگرەلەوی)، دواتر (أحمد الدین ئەمستەری) دوای ئەویش مەولانا ئەسلەم جەراجبوری، وە لە کۆتایشدا (غولام أحمد پەرویز) سەرۆکایەتی ئەم ڕەوتەی گرتە دەست کە گەیانیە کەنارەکانی گومڕایی[٣].

---

(١) تەماشای کتێبی (دراسات في الحديث و تاريخ تدوينه) لا ٢٦ بکە.

(٢) بەڵکو تەواوتر ئەوەیە لە میسر بێت ، هەروەکو لە بابەتی (نکۆڵی سوننەت لە ناو عەرەب زماناندا).

(٣) کتێبی (سنت کی ائینی حیهیت) واتە (پێگەی سوننەت لە شەریعەتدا) لا ١٦ .

لەژێر ڕوشنایی ئەوەی کە مامۆستا مەودودی ئاماژەی بۆ کردووە دەتوانین لە بیرکردنەوەکانی (سەید أحمد) و (جەراغ عەلی) تێبگەین لەبارەی سوننەتەوە، چونکە بیرکرنەوەی ئەم دوانەبووە هۆی گەشەکردن و ئاشکراکردنی نهێنی و پەنهانیەکانی (قورئانیەکان = نەیاری سونەت) کە بانگەشەی نکۆڵی کردنی سونەتیان کرد بە یەکجاری، ئەمەش لەژێر ناونیشانی بزوتنەوەی زانستی و ڕۆشبیری وپێشکەوتن خواز، ئەوەبوو هەندێ لەو کەسانەی کە هیچ پەیوەندیەکیان بە زانستی ئاینیەوە نەبوو لەخەڵکە سادەکە و هەندێ لە ڕۆشنبیرانیش. . . .

یەکەم: ڕای سەید أحمد خان بەرامبەر بە سوننەت[1]:

(١) سەید أحمد خان کوڕی أحمد میر المتقي کوڕی عیماد الحسیني ، لە شاری دیلهی لە مالێکی ڕێزدار و شکۆدار لە بەرواری ١٧ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨١٧ز ، لەسەر ڕێڕەوی خێزانە ئیسلامیەکان بە فێربونی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کردووە ، دواتر هەندێ کتێبی زمانی فارسی و عەرەبی خوێندووە ، لە ساڵی ١٨٣٨ز باوکی کۆچی دوایی کردووە ، بەشێوەیەك کۆچی دوایی باوکی خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی سەید دا ، چونکە بوە هۆی بڕینی ئەو موچەیەیەی ئەم خێزانە دەستی دەکەوت لە دیوانی مەغۆلی ، پاشان سەید أحمد خان پەیوەندی بە کارگەی ڕۆژهەلاتی هیندیەوە کرد بۆ کارکردن ، لەوێ ئینگلیزەکان سەرنجی زیرەکی و وریاییەکەیان دا و پلەیان بەرزکردەوە بۆ یاریدەدەری دادوەر لە دادگا ئینگلیزیەکان . تەماشای کتێبی (میر نجات علي سید أحمد خان) بکە لاپەرەی ٢٠ .

کاروانی زانستی سەید بە نوسینی کتێب و بلاوکردنەوەی گۆڤاری ڕۆشنبیری و زانستی دەستی پێ کرد ، وە بە دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگا و یانەی زانستی کۆتایی هات ، لە کۆتاییشدا کردنەوەی زانکۆی عەلیگرەی ئیسلامی ، جا لە ساڵی ١٨٤٧ز کتێبی بەناوبانگی (آثار الصنادید) بلاوکردەوە و لەوێدا باسی پاشماوەی کۆنی شاری دیلهی باسکردوە ، لە شۆرشی مانگی مەی (مایۆ) ی ساڵی ١٨٥٧ز پشتیوانی لایەنی دەسەلاتی کرد ، وە کتێبێکی لەبارەیەوە نوسی بەناوی (هۆکارەکانی شۆڕشی هیندی) کە حکومەت بە بەرپرسی ئەو شۆڕش و یاخیبوونەی خەڵك دەبینێت ، وە دەستی کرد بە پێشنیار بۆ ڕێنیشاندانی ئینگلیز بۆئەوەی کاری پێ بکەن لە سیاسەتی ئایندەدا ،تەماشای (دائرة المعارف البریطاني) بکە بەرگی ١/ ٣٦٩ چاپی ١٩٧٥ز ، هەروەها لە دەستکەوتە زانستیەکانی سەید کتێبی (جام جم) کە بەسەرهات و سەربوردەی پاشاکانی مەغۆلی تێدا باسکردووە هەر لەسەرەتای چوونە نێو هیندستان هەتاوەکو سەردەمی بەهادورشا ،وە کتێبی (خطب أحمدیة = وتارەکانی ئەحمەدی) کە بەرپەرچی نوسراوێکی (سرولیم میور) ی ڕۆژهەلاّت ناس دەداتەوە ، هەروەها (تبیین الکلام) کە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزە و لەمیانەی ئەم کتێبەدا هەوڵی ئەوەی داوە کە تێکهەڵکێش بکات لە نێوان ئایینی ئیسلام و خاچپەرستیدا ، وە کتێبی (تاریخ بجنور) و (تصحیح آین أکبر = چاکسازی ئاینی گەورە) و (حل طعام أهل الکتاب = حەلاّلی خواردنی ئەهلی کیتاب) و (الجن و الجان علی ما في الکتاب = جن و جنۆکە وەکو ئەوەی لە قورئاندا هاتووە) و (خلق الإنسان = بەدیهێنانی مرۆڤ) کە لەم کتێبەدا کرۆکی بیردۆزی پەرەسەندن پەسەند دەکات لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا ، و کتێبی (ترقیم في قصة أصحاب الکهف و الرقیم) و (النظر في بعض مسائل الإمام الغزالي = نیگا لە هەندی بابەتی ئیمامی غەزالی) ، ئەمانە سەرباری ئەو نوسراوانەی کە لە گۆڤاری (تهذیب الاخلاق = پاڵاوتنی ڕەفتار) بلاوی کردۆتەوە ، و شێخ محمد اسماعیل هەموی کۆکردەوە و لەژێر ناونیشانی (مقالات سرسید) ، هەروەها تەفسیرێکی قورئانی پیرۆزیشی هەیە کە بە ڕوونی هەندێ کرۆککاری و ئیستنباتی بۆ هەندێ بیردۆز و بۆچون کردووە لە قورئانی پیرۆزدا .

کاریگەری داگیرکەران لەسەر میللەتانی موسڵمان زۆر زۆر بووە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی زاینیدا، چونکە چنگیان توندکردبوو لەسەر وڵاتانی ئیسلامی، و هێزی خۆسەپێنیان زۆر توندکردبوو، لەم ئان و ساتانەی ئەم سەدەیەدا کە هەندێ لە موسڵمانانی هیند هەستیان بە داروخانی دەروونی کرد، و ئاسایشی ناخیان بەتەواوەتی هەڵکەنرا، لە دڵ و دەروونیاندا ئەوهەستە چەسپا کە بێ توانان بەرامبەر ڕابوون دژی ئەم هێرشە داگیرکاریە، ئیتر دەستیان دایە چاولێکەری داگیرکەران لە ڕووی دین و ژینیانەوە، وایان دەزانی ئەوە ڕێگەی ڕزگاری و پێشکەوتن و سەرفرازیە، چونکە بااڵبوون و دەسەاڵت و زاڵبوون زۆر جار ژێردەستەکان ناچار دەکات کە پشك و بەشی خۆیان لە فریادرەسی زاڵەوە وەربگرن، ئەمەش کاریگەری سەردەم و زەمانەبوو لەسەر سەید أحمد خان، جا هەر شتێك لەگەڵ ئارەزووی فیکری ڕۆژئاوادا نەهاتبایەوە سەید أحمد خان بێ یەك و دوو ڕەدی دەکردەوە و نکۆڵی لێ دەکرد ئەگەر ئایینی ئیسلامیش بوایە،

وە خاوەن پەرتوکی (نزهة الخواطر) بۆچوونی خەڵکی لەبارەی سەید أحمد خان کورت دەکاتەوە لەم دێرانەدا:

خەڵکی دوو گروپن لەتێڕوانینیان بۆ سەید أحمد خان ، هەندێکیان کورتڕەوە لە ئاستی ئەو وەی مافی ئاستی سەید نادەن بەڵکو تاسەر ئیسقان ڕۆدەچن ڕەدی دەکەنەوە ، لەبەرامبەردا هەندێ زیادەڕەوی دەکەن لە پیاهەڵدان و کە سنوری ئاسایی تێدەپەڕێنن و نازناوی موجەدیدی گەورە و موجتەهیدی باڵا ی پێ دەدەن ، بەاڵم ئەو نەگەشتبووە پلەی زانایان ، بەڵکو کەمی و نزمی ئاستی ناگاتە هەندێ لە ئاستی بەڕێزان و خاوەن فەزڵەکان نوسراوەکانیشی بەڵکەن لەسەر وتەکەم ، ئەگەر تەماشای نوسراوەکانی بکەی دەبینی ئەم پیاوە عەقڵێکی فراوانی هەیە بەاڵم زانستێکی کەمی هەیە ، سەرباری ئەمەش خوا لێی خۆش بێت کرداری زۆر کەم بوو بەندایەتی لاواز بوو ، نوێژی نەدەکرد و ڕۆژووی نەدەگرت لە زۆربەی کاتەکاندا) بەرگی ٨/ ٣٠ عبدالحی الحسینی.

وە لە بەرواری ٢٧ ی مارسی ١٨٩٨ز بەرامبەر بە ٤ ی ذي القعدة ی ١٣١٥ کۆچی وەفاتی کردووە لە عەلیکرە ، وە لە تەنیشت مزگەوتەکەی کە خۆی بونیاتی نابوو لە ناوەندی زانکۆکەدا نێژرا.

هەرشتێکیش لەگەڵ ئارەزووی ڕۆژئاوادا تەبابوایە قائیل دەبوو پێی و وەریدەگرت ئەگەر چی پێچەوانەی ئاینی ئیسلام و کۆدەنگی موسڵمانانیش بێت.

أبوالحسن نەدەوی لەوبارەیەوە دەڵێ: (ئەمما سەرۆکایەتی دووەهەم کە سەید أحمد خان بانگەشەی بۆ دەکات لەسەر بنەوای شارستانیەتی ڕۆژئاوا، وە لەسەر بنەوای ماددەگەری و وەرگرتنی زانستە سەردەمیەکان بەهەموو ئاراستەکانیەوە و بەڵکو بەهەموو نەنگی و پەستیەکانیشیەوە، هەروەها تەفسیری ئیسلام و ڕاڤەی قورئان بە شێوازێك کە ڕێك هاوتابێت بەو ئاراستە و ڕێڕەوانەی خاچپەرستی لە شارستانیەتی نوێ و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم پێی گەیشتووە، وە هاوتا ببێتەوە بە بۆچون و زەوق و ئارەزووی ڕۆژاواییەکان، لەولاشەوە نکۆڵی هەموو بابەتێك کە هەستەکان و تاقیگەکانی زانستی نەیسەلمێنێت، و ئینکاری کردنی هەموو ئەو بابەتانەی زانستەکانی سروشت ناسی دانی پێدانەنێت لە بواری هەقیقەتی پەنهانەکان (غەیب) و بابەتی شتەکانی ئەودیوی سروشت)[1].

خاوەن پەرتوکی (کفاح المسلمین فی تحریر الهند) لە بارەی سەید أحمد خانەوە دەڵێ: (وادیارە کە ئەو ڕووبەڕوو بونەوە قوڵەی کە لە نێوان سەید و زانایاندا ڕویداوە لە بارەی هەڵوێستی سەلامەت و هاوکاریی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، و بانگەوازەکەی سەید بۆ وەرگرتن و چونەژێر کاریگەری فیکر و ڕەفتاری ڕۆژاواییەکان بووە هۆی ئەو تەنگژیەی توشی سەید أحمد بوو، چونکە لەڕێڕەوی زانایان لایدابوو لە بابەتە ئاینیەکاندا، وە ڕێڕەوێکی تری گرتبوو بۆ پیشاندان و دەربڕینی بۆچوونە تازەکانی کە تەنها لەگەڵ بیر و ویست و ڕەوتی خۆیدا دەگونجا، بەڵکو لەمەش زیادەڕۆیی

(١) کتێبی (الصراع بین الفکرة الإسلامیة و الفکرة الغربیة) لاپەرەی ٧١ .

زیاتری کرد که گەشتە ئەوەی تەفسیری قورئانی پیرۆزی کرد تەنها عەقڵی خۆی کردبوو بە بنچینەی یاسای تەفسیرەکەی، پەیوەست نەبوو بە مانای وشەکان و دەلالەتەکانیانەوە، بەڵکو تەنانەت ئەوەی کە زانایانی ئیسلام لە تەواوی مێژوو تێیدا کۆڕان، لەوانە نکۆڵی بەهەشتی کرد، نکۆڵی دۆزەخ و فریشتەکان[1] وجنۆکەی[2] کرد، سەرباری ئەمانەش دەستی کردبوو بە جنێودان بە ئیمامانی مەزهەبەکان و گاڵتەجاڕی بە فەرمودەزانان و دروشمەکانی ئیسلام.

(ئیتر ڕای گشتی موسڵمانان لە دژی سەید وروژا، بەرەبەرە ڕای گشتی دژی زۆر توند بوو بەتایبەت ڕای موسڵمانان بە گشتی لەبەر ئەو هەموو نکۆڵی و ئینکاریەی زانایان دژی بۆچوونەکانی بلاّویان کردەوە بەڵکو سەری بۆ ئەوە کێشا کە بڕیاری کافربوونیان بەسەریدا دا، ئەو بڕیارەش زیاتر لەبەر ئەو بۆچونەی بوو کە وتبووی قورئانی پیرۆز تەنها ماناکەی[3] نازڵکراوە بۆ پێغەمبەر، پێغەمبەری خوا خۆی وشەکانی قورئانی داڕشتۆتەوە بەویستی خۆی)[1].

---

(١) سەید نکۆڵی فریشتەکانی نەکردبوو بەتەواوی ، بەڵکو لەسەرەتاکاندا دەیگوت هێزی بەڕێوەبەری جیهانن کە دەکرێت دەسەلاّتی بەسەردا بگرن ، یان ئەو هێزەن کە لە قەدەری مرۆڤدان و دەکرێ بەدەست بهێنرێ ، تەماشای کتێبی (مقالات سرسید) بکە بەرگی ١/ ٢٢٠ .

(٢) سەید نکۆڵی لە جنۆکەش نەکردبوو بە یەکجاری، بەڵکو ئینکاری ئەوەی دەکرد کە جنۆکە ئەو ماناسەی هەبێ کە هەموو کەس بیستویەتی و مەخلوقێکن لە پریشکی ئاگر دروست کراون ، تەفسیری بەوە دەکرد کە گوایە جنۆکە دانیشتوانی دارستانەکان و بیابانەکانن، تەماشای پەرتوکەکەی بەناوی (الجن و الجان كما في القرآن) بکە لاپەڕە ٥ هی سەید أحمد خان .

(٣) بەڵێ بێ گومان ئەم وتەیەی وتبوو لە بنچینەی چوارەمدا لە بنچینەکانی تەفسیرەکەی بۆ ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز بەم شێوەیەك : ﴿ لەو خاڵە بەرجەستانە ئەوەیە کە قورئان نازڵ بووە بۆ سەر دڵی محمد یان بە نیگا(وەحی) بۆی هاتوە ، جا ئەگەر وامان دانا کە جیبریل پێی گەیاندووە بە (گۆیەکەی) (لفظه) هەروەکو بیرووباوەڕی زانایانی ئیسلام ، یاخود بەبێ هۆکاری جیبریل ڕاستەوخۆ بە دەستکەوتی نبووەت پێی گەیشتووە، ئەمەش بە (روح الامین) دەربڕاوە بەبێ جیبریل دابەزیوەتە سەر دڵی علیه اسلام کە ئەمەیە ئێمە

ئەوەش هەندێ وتەی زانایان و نوسەرانی ئیسلامی بوو لەسەر سەید أحمد خان و هەندێ لە بیرۆرا ئاینیەکەی، بەڵام لەبارەی بۆچونەکانی لەسەر سوننەت (کە ئێمە لەو بارەیەوە قسان دەکەین) ئەوە زۆر بەڕوونی لە کتێبەکانی خۆیدا نوسیویەتی و ئاشکرای کردوە، بەڕاستی زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر سوننەت و ئەو حوکمانەن کە لە ڕێگەی سوونەتەوە هاتوون، زۆرینەی نوسین و وتارە ئاینیەکانی سەید أحمدی داگیرکردبوو، سەرەتا بە پێچانەوە و لارکردنەوەی مانای بابەتە پەنهانیەکان (غەیبیەکان) دەستی پێ کرد کە لەسوننەتدا هاتوون، بۆ نمونە مانا و مەبەستەکان لە بارەی ئەو فریشتەیەی کە دەچێت بۆ لای کۆرپەلە لە ڕەحمی دایکدا بۆ نوسینی ڕزق و ڕۆزی و ئەجەلی منداڵ، مانای لاردەکاتەوە بەوەی (ئەوە خوازەیە (کینایە) بۆ ملکەچی و فێرکاری ئەندامەکانی جەستەی منداڵ لە ڕەحمی دایکیدا بۆ کردارەکان کە لەدوای لەدایك بوونی دەیکات، جا ئیتر عەقڵی کاردەکات و دڵی لێدەدات بۆ شتەکان ڕێك بەپێی ئەوەی فریشتەکە بۆی نوسیوە لە ڕەحمی دایکدا)[٢].

بۆ نمونە مانا لارکردنەوەی وشەی (شەیتان)، گوایە (ئەو هێزە دوژمنکاریانەن کە مرۆڤ ناتوانێ بەسەریاندا زاڵ ببێت)[٣].

دینداری پێ دەکەین و من باوەڕم بەمەیان هەیە﴾. تەماشای (تحرير في أصول التفسير لاپەرەی ١٩) و (مقالات سرسید) بەرگی ٢/ ٢٢٧ .

(١) پەرتوکی (كفاح المسلمين في تحرير الهند) لاپەرەوە ٤٤ و ٤٥ نوسینی : دکتۆر عبدالمنعم نـمر .

(٢) مقالات بەرگی ١/ ١٢٨ .

(٣) مقالات بەرگی ١/ ٢١٩ .

پاش ئەو هەنگاوە و سەید أحمد خان هەنگاوی تری بڕی و گەشتە نکۆڵی کردنی وردودرشتی سوننەت، بۆ نمونە نکۆڵی لەوە دەکرد کە ژمارەی زەویەکان هاوتای ئاسمانەکان بێت لە ژمارەدا، جا دەیوت: (ئەم وتانەی کاتی خۆی جاهیل و نەفامان دەیانگوت جگە لەوان کەسی تر نەیدەگوت، جا لەسەر بنەمای گوتەی (مثلهن) لە ئایەتەکەدا[١] ئەم چیرۆکانە داڕێژراونەتەوە، هەموو لەم ڕوانگەیەوە بووە، خودا و پەیامبەرکەی بەریئن و بێ تاوانن لێی)[٢].

هەروەها نمونەی نکۆڵیکردنەکانی لەو کارانەی لە دەرەوەی یاساکانی عادەت و سروشتدان، جا هەر شتێك لەم بابەتانە لە قورئانیشدا هاتبێت نکۆڵی لێکردووە دەڵێ هەرگیز ڕووی نەداوە، نمونەی ئەوەی (پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ خرابێتە نێو ئاگرەوە، یان هاتنە دونیای پێغەمبەر عیسا ﷺ بەبێ باوك، یان نەهەنگ پێغەمبەر یونسی ﷺ قوتدا بێت)[٣]، یاخود ماناکانی لاردەکاتەوە بەوەی ئەوانە (وشەی مەجازین)[٤]، (جا ئەگەر هەر باسێکی ناسروشتی لە سوننەتدا هاتبێت ئەوە یەکسەر نکۆڵی لێ کردووە بە بیانووی ئەوەی شتی وەها لەگەڵ یاساکانی سروشتدا ناگونجێ، و هەرگیز شتێ لەگەڵ سروشتدا نەگونجێ ناکرێ ڕاست بێت)[٥].

---

(١) مەبەستی ئایەتی (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ) (الطلاق:١٢) ، جا سەید أحمد خان (مِثْلَهُنَّ) بە هاوتابوونی کەمال و تەواوی ڕاڤەی کردوە لە هێز و دەسەلاتی بەدیهێنانەکەی دا . مقالات بەرگی ١/ ٢٥٠ .

(٢) مقالات بەرگی ١/ ٢٥٧ .

(٣) مقالات بەرگی ٢/ ٢٥٢ .

(٤) مقالات بەرگی ٢/ ٢٣٩ . و (التحرير في أصول التفسير لاپەرە ٢٥ بەدواوە)

(٥) مقالات بەرگی ١/ ٣٢ .

وە نمونەی نکۆڵی کردنی بۆ ئەو پێوەند و سنورانەی کە لە سوننەتی صەحیحدا هاتووە لەبارەی وەسێتی پێش مردن، بە بیانوی ئەوەی (قورئان بە ڕەهایی باسی کردووە، و زانایان ئەم شتانەی خودا فراوان باسی کردووە تەسکیان کردۆتەوە، جا لاناکەینەوە بۆ هیچ بەرتەسك کردنەوەیەك هەر شێوەیەك بێت)[١].

وە نکۆڵیەکانی لەبارەی جنۆکەوە، کە باوەڕی بەوە نەبووە کە لەئاگر دروست کرابن، هەرچەندە لە سوننەتی صەحیحدا هاتووە – بەڵکو لە قورئاندا هاتووە ـ نکۆڵی کردووە کە دەجوڵێن و دەتوانن خۆیان بنوێنن بە شێوازی جیاواز[٢].

دواتر سەید أحمد خان بنچینە گشتیەکانی دانا بۆ گومان دروست کردن لەسەر سوننەت بە گشتی، جا دەیوت: (دوای کۆچی دوای پێغەمبەر، ڕوایەتەکان بە زمان دەگێڕدرانەوە تاوەکو سەردەمی نوسینەوەی کتێبە باوەڕپێکراوەکان، بۆیە ئێمە ناتوانین چاو پۆشی بکەین لەو ڕێ و ڕەسم و چۆنێتیانەی کە ئەو کتێبانەی فەرموودەی لەسەر نوسراوەتەوە، چونکە تەنها لەسەر بیر و هۆش و لەبیرمانەوە بونیات نراوە. لەکاتێکدا ئەو هەموو کاتەی بەسەرچووە زیادکردن و خستنە سەری شتانی تازەی لێ گومان دەکرێت)[٣].

سەید زیاتر دەڵێت: (ئەوەی لەم کتێبی فەرمودانەدا نوسراوەتەوە تەنها وتەی ڕاوییەکانە (گێڕەرەوەکان)، ئێمە نازانین چی دەگوزەرێ لە نێوان گۆتە ڕاستەقینەکان کە لەسەر زاری موبارەکی پێغەمبەر ﷺ دەرچووە لەگەڵ ئەو دەربڕینانەی گێڕەرەوەکان ئاخۆ چەندە جیاوازن و چەندە وەکو خۆی

(١) مقالات بەرگی ١/ ١٨٠ .

(٢) پەرتوکی (الجن و الجان علی ما فِي القرآن) لاپەڕەی ٢١ ، و مقالات بەرگی ١/ ١٨١ .

(٣) مقالات بەرگی ١/ ٢٣ .

گێراویانەتەوە، ئەڵبەتە هیچ سەیر نیە کەسێك لەو گێڕەوانە هەڵەی کردبێت لە تێگەیشتنی لەفەرموودەیەکدا کە ئەوەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی مانا ڕاستەقینەکەی فەرموودەکە)[١].

جا لەسەر ئەم بنەوا و بۆچوونەی یاساکانی دامەزراندوە بۆ تێگەشتن و وەرگرتنی حوکمی هەڵگوێزراو لە سوننەت، بەشێوەیەکی گشتی یاساگەلێکی وای داناوە کە هەرگیز موسڵمان نابێ شوێنی بکەوێت، (بێ گومان ئەو حوکمانەی زانایان لە دەقەکانی سوننەت وەریانگرتووە ئەوە حوکمانێکی ئیجتهادیە و هەرگیز نەص و دەق و بەڵگەیی نیە و حەتمی و یەکلایی نیە، بەهۆی بونی ئەگەری ئەوەی لەوانەیە پێغەمبەر ئەو مەبەستەی نەبووبێت کە ڕاوییەکان وتوویانە)[٢].

دواتر هەنگاوی تری بڕی بەرەوە پێشەوە ـ بۆ گومڕایی ـ، دەستی کرد بە سەرزەنشت کردنی زانایانی فەرمودەناس، بەوەی تاوانباری دەکردن بەوەی ئەو هەموو هەوڵەی داویانە بۆ پاکسازی کردنی ڕەچەڵەکی فەرمودە (سند الحدیث) بەڵام ئەو هەوڵەیان نەداوە بۆ پاکسازی دەقەکانی فەرموودە، دەڵێ : (بێ گومان ئێمە سوپاسی فەرمودەناسان دەکەین بۆ هەوڵی زۆریان لەم بارەیەوە جگەلەوەی کە ئەوان زۆربەی بەڵکو هەموو هەوڵیان لە سنوری چەسپاندنی ڕاستگۆیی ڕاوییەکان و نەچەسپانی تێپەڕی نەکردووە، ئەمەش لەکاتێکدا ئەو ڕاوییانە چەندین ساڵ بەسەر مردنیاندا تێپەڕی بوو، دوای ئەو هەموو ماوەیە دەستکراوە بە وردبینی و بەدواداچوون، بەڵکو ئەم لێکۆڵینەوانەش بوەتە بنچینەکانی وەرگرتنی

(١) مقالات بەرگی ١/ ٤٩ .

(٢) مقالات بەرگی ١/ ٦٩ .

فەرموودەکان یان وەرنەگرتنی، جا ئەم کارەی ئەوان ئەگەر ئەستەمی حەتمی نەبێت لانی کەم شتێگی زۆر گرانە و لە لوتکەی سەختیدایە)[١].

هەروەها بەهەمان مانا دەڵێ: (بێ گومان ئێمە نازانین ئایا ئەو فەرمودانەی کە بە ڕاست دانراوە ئایا ئەو هەوڵە گرنگەی بۆ دراوە بۆ پاراستنی پێکهاتە و ماناکانی یان نا؟! ناشزانین چ ڕێگەیەك گیراوەتەبەر بۆ ئەو مەبەستە؟!)[٢].

لە کۆتاییدا سەید أحمد خان گەشتە ئەوەی خۆی یاسا بۆ وەرگرتنی سوننەت دابنێ بەدانانی مەرجانێك کە ئەستەمە بەدی بێت بۆ زۆرینەی حەدیسەکان، جا دەڵێ: (پێوەری گونجاوی سەلامەت بۆ وەرگتنی سوننەت ئەوەیە تەماشای ئەو ڕیوایەتانە بکەین لە دیدگای قورئانەوە، جا هەرچی لەگەڵ قورئاندا هاتەوە وەری دەگرین و هەرچی لەگەڵ قورئاندا نەهاتەوە فڕێی دەدەین. . . . بەم پێیەش هەر شتێك درایە پاڵ پێغەمبەر ﷺ پێویستە ئەم سێ مەرجەی تێدا بەدی هاتبێت:

١. پێویستە فەرموودەی ڕیوایەت کراوە بە دڵنیایی و یەقینەوە وتەی پێغەمبەر ﷺ بێت.

٢. دەبێ شایەتی هەبێت بیسەلێنێ کە ئەو وشانە کە ڕاوی هێناویەتی خودی ئەو وشانەی پەیامبەرەﷺ.

٣. نابێ ئەو وشانەی ڕاوییەکان گێڕاویانەتەوە مانای زیاتری هەبێ لەوەی کە ڕاڤەکاران باسیان کردووە، جا ئەگەر یەك دانەش لەم مەرجانە بەدی نەهات هەرگیز ڕاست نیە کە وتەی پێغەمبەر ﷺ بووبێت، یاخود فەرموودەیەك نەبێ لە فەرمودەکانی. [٣]

---

(١) مقالات بەرگی ١/ ٢٣.

(٢) مقالات بەرگی ١/ ٢٣.

(٣) مقالات بەرگی ١/ ٤٠.

جا خۆ ئەم مەرجانە لەسەر زۆرینەی زۆری فەرموودەکان جێ بەجێ نابێت مەگەر موتەواتیری گوتەیی (المتواتر اللفظي)، تەنانەت لە فەرمودە صەحیحە موتەواتیرە مانایی‌یەکاندا (المتواتر المعنوي) بەدی نایەت، یاخود لە فەرموودەی (ئاحاد) دا کە زۆرینەی ئەحکامی موسڵمانانی لەسەرە هەر بەدی نایەت.

دووەم: ڕای جەراغ عەلی[1] لەبارەی سوننەت:

جەراغ عەلی بە یەکێك لە پایە گەورەکانی ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت کە سەید أحمد خان دایمەزراند، جا جەراغ علی شیری ئەم قوتابخانەیەی خواردۆتەوە، بەڵکو بە تووندوتۆڵترین شێوە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی سەید أحمد کردووە، هەوڵی داوە کە ئیسلام ڕەنگ بکاتەوە بەوشێوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەیەوێ هەر وەکو چۆن سەید أحمد خانی مامۆستای هەوڵی بۆ دابوو.

دکتۆر محمد مصطفی أعظمي دەڵێ: (بێ گومان داگیرکەران ئاگادارىون لە ترسناکی گیانی جیهادی چەکداری لە نێو موسڵمانانداء هەر بۆیە دەستیان کرد بە لێدانی ئەو فەرمودانەی باسی جیهاد دەکات، جا جەراغ عەلی و موتەنەبی درۆزنی قادیانی لە سەرکردەکانی ئەم قوتابخانەیەبوون، هەرچۆن داڕوخانی دەروونی ئەو نەخۆشیەبوو کە پیاوانێکی وەکو سەید أحمد خان و عبدالله جەگرلەوی و أحمد الدین

---

(١) ناوی جەراغی عەلی کوڕی محمدە لە ساڵی ١٨٤٤ز لە خێزانێکی زانست پەروەر لە دایك بوو ،لە خوێندنی ئەکادیمی تاوەکو ناوەندی خوێندووە ، بەڵام خولیای خوێندنەوە و زیرەکی وژیریەکەی گەیاندی بەو پێگە ناسراوە ، لە ساڵی ١٨٧٣ ز ئەم پیاوە چووەتە ژێر کاریگەری گۆڤاری (تهذیب الأخلاق) گۆڤاری نەیارانی سوننەت بووە کە بزوتنەوەکەی سەید أحمد خان پەخشیان دەکرد ، پاش چەند ساڵێك دەستی بە نوسین کردوە لە هەمان شێوازی سەید أحمد گۆڤاردا، پاشان بوە بە ئەندامێکی دیاری بزوتنەوەی عەلیکرە ، لە ٥ ی یۆنیۆ ١٨٩٥ ز لە شاری بومبای هیند کۆچی دوای کردوە و لەهەمان قەبرستانی گشتی شارەکە نێژراوە.

ئەمرتەسری و ئەوانی تری لەخشتەبرد، وە لەدوای ئەوان غولام أحمد پەرویز سەری هەڵدا کە چالاکیەکی بەرچاوی هەبوو، ئەوبوو هەستا بەدامەرزاندنی کۆمەڵەیەك بە ناوی (ئەهلی قورئان) هەرچۆن گۆڤارێکی مانگانەی دەرکرد و چەندین کتێبی لەو ڕووەوە بڵاوکردەوە، وە غولام أحمد چاولێکەریەکی تەواوی هەبوو بۆ توثیق صدیقی هەرچەندە بانگەشەی سەربەخۆیی و ئیجتهادی دەکرد، چونکە ئەو نکۆڵیەکی تەواو یەکلایی دەکرد کە فەرمودەکان هیچ بەهایەکیان هەبێ لە تەشریعدا)[1].

دەتوانین بیروباوەڕ و بۆچوونی جەراغی عەلی بەرامبەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

١. باڵاپۆشی ئافرەتان ئەوە نیە کە ئیسلام فەرمانی پێ کردووە، جا دەڵێ: (پەیامبەر ئەمری بە خێزانەکانی نەکردووە بە باڵاپۆشی، هەر چۆن ڕێی لێ نەگرتوون بیکەن، بەڵکو ڕێوشوێنی وردبونەوە و تێگەیشتنی بۆیان داناوە کە کلتور و پۆشاکیانی پێ چاکسازی بکەن، بۆیە فیقهی ئیسلامی ڕەچاوی ئەو لایەنەی کردووە لەبەر ئەوەش فەرمانی پێنەکردوون کە دەستان و ڕومەتیان بپۆشن)[2].

٢. جەنگەکانی پەیامبەر ﷺ هەمووی پارێزگاری بووە و هەرگیز جەنگی هێرش بردنی نەکردووە، ئەوانەشی دەڵێن کە ئیسلام دەوڵەتی دامەزراندووە بە هێز و بەزۆرداری و تیر و شیر بەڵگەیەك شك نابەن لەسەری، بەڵکو بەڵگەی مێژوویی پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت و ناشتوانن بەرپەرچی بدەنەوە)[3].

---

(١) دراسات في الحديث النبوي لاپەرە ٢٨ .

(٢) پەرتوکی (جراغ علی ونواب بار جنك) / أعظم الكلام في ارتقاء الإسم ، بەرگی ٢/ ١٧ .

(٣) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ٢ و ١٩ .

٣. (مەبەست لە وشەی (الجهاد) مانای تێکۆشان و جەنگ و شەڕ نیە لەگەڵ دوژمناندا وەکو ئەوەی موسڵمانان و رۆژهەڵاتناسەکان ڕاڤەی دەکەن، بەڵکو واتای ئەوەیە هەوڵ و تێکۆشانێك بەکار بهێنرێت بۆ بەدەست هێنانی شتێ کە مەبەست بووە، ئەما تەفسیر بکرێ بەوەی جەنگ بێت لەگەڵ دوژمناندا ئەمەیان زمانی عەرەبی و ئایەتەکانی قورئانیش پشتیوانی ناکات، بەڵکو زانایانی ئەدەبی دەیچەسپێنن کە مەبەستی (الجهاد) بەهیچ جۆرێك مانای جەنگ ناگەیەنێ)[١].

٤. (پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو جۆرەکانی تاوان و ستەم کە بەهۆی جەنگەوە بەرپادەبوو سڕییەوە و بنبڕی کرد، ڕێگری ئەوەشی کرد کە پیاوان و ژنانی جەنگاوەری دەستگیرکراو بکرێتە بەندە و کەنیزەك، بەڵکو فەرمانی کردووە کە ڕێگەیان بۆ بکریتەوە و ئازاد بکرێت وەکو چاکەکاریەك یان بەوەرگرتنی بڕێك فیدیە لە بری کەسێکدا بۆ ئازاد کردنی، وە هەرگیز بە بەندەکردن و کوشتنی دیلەکان نەهاتووە لە قورئاندا ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً﴾[٢].

واتە: ئەگەر گەشتن بە کافران لە جەنگدا، بدەن لە گەردنیان هەتا تەواو تەواو لاوازیان دەکەن بە کوشتار، ئەوجا بەدیل بیانگرن و توندیان بکەن، دواتر یان بە گۆرینەوە یاخود بە چاکەی خۆتان ئازادیان بکەن.

بێ گومان پێغەمبەر بەپێی ئەم ئایەتە کاری کردووە و هەرگیز لای نەداوە لێی)[٣].

---

(١) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ١٨٥ و ٢٢١ .

(٢) سورەتی (محمد) ئایەتی ٤ .

(٣) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ٢٢٤ .

٥ . (ئەو ڕیوایەتانەی کە باسی فرۆشتنی ئافرەتان و منداڵانی بەنی قورەیزە دەکات هەرگیز ڕاست نیە، سەرباری ئەوەی کە پێغەمبەر سەعدی نەکردووە بە حاکمیان، چونکە ئەو حوکمە خۆی لە خۆیدا تەواو نیە چونکە پێچەوانەی حوکمی قورئانی پیرۆزە، هەروەك باسمان کرد)[١] .

٦ . (ئەو ڕیوایەتانەی لەبارەی ناردنی دوو کەنیزەك لە لایەن قەوقەسەوە بۆ پەیامبەر هەرگیز صەحیح نیە، چونکە ئەوانە خۆیان کەنیزەك نەبوونە و دیلی جەنگیش نەبوونە، وتاری قەوقەسیش ڕونترین بەڵگەی ئێمەیە، جا نازانین چۆن لە کتێبەکانی سیرەت و ژیاننامەدا کراون بە کەنیزەك، وە چۆنیش ماریا کراوە بە خێزانی ڕەسول اللە(ﷺ)، من بە گومانم لە ناردنەکەشی، ئەگەر بۆ تاوتوێ گرێمانی بکەم کە ناردوویەتی بۆی، هەرگیز داننانێم بەوەی ماریا یەکێکە لەو دوو کەنیزەکە نێردراوانە، هەر چۆن هیچ لەبارەی صەحیح بوونی ڕیوایەتەکانی نازانم، بەڵکو ئەوە زیاتر هەقە کە ماریا خێزانی رسول اللە نەبووە، چ جای ئەوەی دایکی کوڕەکەی بوبێت، بەڵکو هەموو ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە و دروست کراوە، ئەصڵ و ئەساسی نیە)[٢] .

٧ . (پێغەمبەر گوزەرانی ئافرەتانی باش کرد لە سەردەمی پەیامبەریدا، بۆیە کۆیلایەتی و کەنیزەکی نەهێشت، و فرە ژنی سنوردار کرد، بەڵکو بەهیچ شێوەیەك کۆیلایەتی نەهێشت و فرەژنیشی بنەبڕ کرد هەتا ڕۆژی قیامەت)[٣] .

---

(١) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ٢٣٠ .

(٢) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ٢٣٧ .

(٣) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ٧٨ .

٨ . (قورئان مانای زەکاتی ڕوون نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنها هانیداوە کە لەوەی زیادە لە پێویستەکان بدرێت بە هەژاران ﴿وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ ﴾[١])[٢] .

٩ . لە کۆتاییدا دەمامك لەسەر حەقیقەتی خۆی ڕادەماڵێ کە بۆچوونی چۆنە لەبەرامبەر سوننەت، جا دەڵێ: (قورئان کامل و تەواو لە هەموو ڕوویەکەوە، پێکدێتەوە لەگەڵ هەموو شارستانیەت و پێشکەوتنێکدا، شوێنکەوتوانی بەرز دەکاتەوە بۆ بەرزترین ئاستی شارستانی و مەدەنیەت، جا ئەگەر جوان ڕاڤەی بکەین و جوان دەربببڕین ئەوە بەو ئاقارە جوانەمان دەبات، خۆ ئەگەر سنورداری بکەین و قەتیسی بکەین لە ڕاڤەی موفەسیران و ڕێبازی کۆنی ئەوان بە پێی ڕیوایات، ئەوکاتە هەموو شتێکمان لێ ئاوەژوو دەبێتەوە، وە بەرەو داڕوخان و دواکەوتن دەڕۆین لە جیاتی ئەوەی پێشبکەوین و لەگەڵ سوارانی سەردەمدا برۆین، چونکە ڕیوایەتەکان کەمێکی نەبێت صەحیحی تێدا نیە، بەڵکو زۆرینەی ڕیوایات گریمانە و وەهمی زانایانە، یان بەڵگەگەلێکی ئیجماع و قیاسە، ئەم ڕێبازانەیە کە یاساکانی فیقهو شەریعەتی لەسەر دەڕوات، گومانی تێدا نیە کە ئەم ڕێچکەیە ڕێگریمان لێ دەکات بەرەو پێشکەوتن و سەردەمیانە برۆینە پێشێ)[٣] .

هەروەها لە شوێنێکی تردا زیاتر دەڵێت: (بێ گومان لێکۆڵەرانی فەرموودە کە فەرمودەیان کۆکردۆتەوە و صەحیحیان لە سەقیم[٤] جیاکردۆتەوە ڕاشکاوانە وتویانە فەرمودەکان هەرچەندە سەنەدەکەی بەهێزبێت ناکرێت پشتی پێ

(١) سورەتی (البقرة) ئایەتی ٢١٩ .

(٢) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ١٠٩ .

(٣) پەرتوکی (جراغ علی) تحقیق الجهاد لاپەرە ١٢١ .

(٤)دژی صەحیح (ناصەحیح).

ببەستریّت، ئەوەشی تێیدا باسکراوە حەتمی یەکلاکەرەوە نیە، جا ئەگەر زۆر وردببینەوە لەم لایەنە دەگەین بەوەی بڵێین : پێوەرەکانی ڕاستگۆیی و بنچینە عەقڵیەکان پێویست نین بۆ جیاکردنەوەی فەرمودەکان، چونکە فەرمودە خۆی لە خۆیدا ناتوانرێ پشتی پێ بەستریّت، جا هیچ بەهایەك نیە بۆ ئەوەی لەسەری دەدوێ)[1] .

بەم شێوەیە لەوانەیە توانیبێتمان بۆچونی جەراغی عەلی لەسەر سوننەت بخەینە ڕوو، چۆنیش دینداری بە دووەم سەرچاوەی ئیسلامەوە دەکات، بێ گومان بۆچوونەکانی ئەم و بۆچوونەکانی سەید أحمد خان و ئەندامانی تری قوتابخانەکەیان گەورەترین دەنگۆی هەبوو لە نکۆڵی کردنی هەموو سونەت، کاریگەرش بووە لەسەر ئەو کەسانەی دوای خۆیان سەریان هەڵدا لە هیندستان و بۆچوونی ئەمانی وەرگرتبێ، و بانگەوازی خەڵکیشیان بۆ کردبێت، جا بۆچوونەکانینا هیچ ئامانجێکی تری نەبوو جگە لەوەی بە ئاشکرا بڵێن تەنها قورئان بەسە، ئەمە ئەو کارەبوو کە عبدالله ی دامەزرێنەری (ئەهلی زیکر و قورئان) لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵ دوای مردنی سەید أحمد خان ئەنجامی دا، دوای ئەویش جەراغی عەلی کۆمەڵەی دامەرزاند بۆ گومانکاری لەسەر سوننەت، بۆ داروخاندنی دووەم سەرچاوەی خودایی بۆ حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی، جا باتڵی بە بەرگی هەق دادەپۆشی و خەڵکی بۆ بانگ دەکرد، دەستی کرد بە تاوتوێ و جیدال لەگەڵ ئەوانەی بەرپەرچیان دەدایەوە بۆ وتەکانی یان کتێبەکانی، بۆ ئەوەی قاڵەقاڵ و هەراوهوریای فیکری دروست بکات لە نێو موسڵمانان‌دا .

---

(١) پەرتوکی (أعظم الكلام) بەرگی ١/ ٢٠ .

ئەمەش بنچینە میژوویی‌یەکان بوو بۆ بزوتنەوەی نکۆڵی کردن لە سوننەت لەسەرەتاکانی سەدەی یەکەمی کۆچی تاوەکو سەرهەڵدانی بزوتنەوەی قورئانیەکان بۆ جاری دووەم، کە لە چەند ولاتێکی ئیسلامیدا سەریان هەڵدا لە چەند کاتیکی نزیکدا، ئەوەی گرنگ بوو ئەو جموجوڵە بوو لە نیمچە کیشوەری هیندی دا سەری هەڵدا کە لە میانەی پەڕەکانی دواتردا باسیان دەکەین، پاشان با ببینین گومانەکانیان لەسەر سوننەت چیە؟ وە ڕێبازیان بۆ ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز چییە؟ بۆچوونە عەقیدەیی‌یەکان و تەشریعیەکانیان چۆنە وەکو دەرەنجامێکی چاوەڕوان کراو بۆ نکۆڵی کردنی سوننەت وەکو سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی، ئەوەش لە دەروازەی دواتردا دەخەینە ڕوو.

❁❁❁

حەوتەم

نکۆڵی لە سوننەت لەناو عەرەبەکاندا

(١) کاریگەری ڕۆژئاواگەری بۆ نکۆڵی کردنی سوننەت:

زانکۆی ئەزهەر هەر لەسەرەتای بوونیەوە شوێنکارێکی بڵندی هەبووە لە ڕووی زانستەوە لە جیهانی ئیسلامیدا، ئێستاش جێی شانازیە لەبەر ئەو خزمەتەی بە ئاینی ئیسلام دەکات، بە پەخشکردنی زانستەکانی هەر لە تەفسیر و فیهو و زمانی عەرەبی و .... تاوەکو ئەم ڕۆژگارەش، وەکو بڵێی بۆچوونی چەسپاو پێش ڕێکخستنەوەی پرۆگرامی خوێندن ئەوەبوو لە نێو کۆمەڵگەی موسڵماندا کە دەرچووی زانستگەی ئەزهەر نمونەی هۆشیاری ئاینی و پێگەیشتووی چاوگەیەکی سەلامەتی ئیسلامیە، هەروەکو یەکێك لە دانیشتوانی دورگەی مەلەقا[1] بەم شێوەیە دەڵێت: (هەرکەسێك زانست لە میسر نەخوێنێت، ئاین لەوێ فێرنەبێت ناگونجێ ببێتە نمونەی ئیمانی ڕاست و دروست، و باوەڕێکی پتەو، بێ گومان لە بیروباوەڕدا سنورێکی وایان تێپەڕاندووە کە جگە لە فەتواکانی ئەزهەر پشت بە فەتوای دی نابەستن، یان وتەی زانایەك لە زاناکانی ئەزهەر، چونکە فێرخوازی میسری لێرە نمونەیەکی شکۆداری قوتابی ئاینیە و تێگەشتووی شاراوەکانیەتی، لێزانی ئەحکامەکانیشە)[2].

---

(١) یەکێکە لە دورگەکانی ڕۆژهەڵاتی هیندستان.

(٢) گۆڤای (الفتح المصرية) بەرگی ٤/ ٦٥٣

جا لەبەر ئەو سەنگینی ئەزهەر و کێشی مەحەکی زانستیەکەی دوژمنانی ئیسلام پیلانی ئەوەیان دارشت بۆ خستنی پایەکانی، ئەوەبوو گولەکانی میسری موسڵمان کەبە پاراوی پێگەشتبوون زۆنگاوی تیاچوون و کاولکاریان پێ چەشتن، لەجیاتی بێگەردی خەوش و خڵتەیان تێ ئاژەنی، جا لەسەردەمی محمد علی پاشا دەست کرا بە ناردنی دەستەی زانستی بۆ ئەوروپا و هاتووچۆدەکرا بۆ خوێندنی زانستەکان، عادل ئەبو عەمشە ئەم ماوەیە وەصف دەکات و دەڵێ: (محمد پاشا بەوەوە نەوەستا کە قوتابخانەگەلێکی لەمیسر کردەوە، بەڵکو ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٠٩زاینی دا یەکەم نێردراوی زانستی نارد بۆ ئیتاڵیا، دواتر ئاراستەی گەشتەکانی گۆڕی بۆ فەرەنسا، جا یەکەم دەستەی گەورەی نێردراوی زانستی نارد بۆ فەرەنسا لە ساڵی ١٨٢٦زاینی بوو، و شێخ رفاعة الطهطاوي کرد بە پێشەوای ئەم گەشتە)[1].

ئەم نەنگیە لە سەردەمی ئیسماعیل پاشادا زیاتر ڕوون دەبێتەوە ــ کورەزای محمد علی ــ هەرکە چەمکی سەرۆکایەتی حوکمی گرتە دەست خێرا هەموو دەرگاکانی میسری بەڕووی شارستانیەتی ئەورووپادا والاکرد، پێدەچی منداڵێتی و گەنجی کە ئەم دوو قۆناغەی لە ئەوروپادا بە هاتوچۆی نێوان ڤییەننا و پاریس بەسەر بردبوو، کاریگەری هەبوو بێت بۆ ئەم دەرگاوالاکردنەی، ئەم حەز لە چاولێکەرییەی بۆ ئەوروپا لەوەدا زۆر زیاتر دەردەکەوێ کە هەموو فەرمانبەرانی ولاتی ناچار کرد بە پۆشینی جلی ئەورووپی[2]. جا تێکڕای بۆچوونەکەی ئەوەبوو کە محمد تەلعەت دەیگێڕێتەوە: (ڕەفتار و ئەخلاقی میسریەکان و خۆگرتنەکانیان

(١) پەرتوکی (قضايا المرأة في الشعر العربي الحديث في مصر) ، لاپەرە ٢٧ .

(٢) پەرتوکی (مذكرات قليني باشا) بەرگی١ لاپەرە ٧ ، چاپی دووەم.

کە لە ئەوروپاوە بۆیان ماوەتەوە دوای ماوەیەکی کەم سەردەکێشێ بۆئەوەی نمونەیەکی تەواوی ئەخلاق و خورەوشتەکانی ئەوروپابن)[١].

هاوتا بەپێی سیاسەتی گۆڕینی میسر بۆ قەڵایەك لە قەڵاکانی ئەوروپا بریارێکی دەرکرد بە دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای نوێنەران، هەرچۆن بریاری دادگا تێکەڵاوەکانی دەرکرد، و (نوبار پاشا)ی وەکو نوێنەری میسر نارد بۆ ئەوروپا بۆ ئامادەسازی بۆ ئەوکارانە، هەرچەندە پێشتر مەرج بوو دادگاکان دادوەر و نوسەر و فەرمانبەرانی تری تەنها لە موسڵمانان بن[٢]، بەڵام دواتر ئەم مەرجە گۆڕا و ڕێگە بە قیبتیەکان و جگە لەوانیش درا کە ببنە دادوەر لە دادگا تایبەتیەکاندا[٣] کە لەدوای دادگا تێکەڵاوەکان هاتەکایەوە، دواتر کارکرا بۆ بەکارهێنانی یاساکانی فەرەنسا لەو دادگایانەدا)[٤].

تاریکستانی ئەم کەش و هەوایە بە هاتنی سەید جمالدین الأفغاني لە ساڵی ١٨٧٠ زاینی و بەگەشتنی بە میسر زیاتر نالەباربوو، پاش ئەوەی ریاز پاشا بانگێشتی کرد، و خانویەکی بۆ دروست کرد لە ناوچەی (حارة اليهود)، زۆری پێ نەچوو ماڵەکە گۆڕدرا بۆ بنکەی زانایان و فێرخوازان، دواتر ئەفغانی لەنزیك یانەی ئەزبەکی دەستی کرد بە وتنەوەی وتارەکانی و وانەکانی بۆ قوتابیەکانی خۆی

(١) پەرتوکی (تربية المرأة و الحجاب) لاپەرە ١١ .

(٢) پەرتوکی (مذكرات قليني باشا) بەرگی١ لاپەرە ١٠-١٢ ، چاپی دووەم.

(٣) دادگا ئەهلیەکانادا.

(٤) پەرتوکی (حديث عيسى بن هشام) لاپەرە ٤٠-٤٣ ، نوسینی محمد المويلحي. چاپی چوارەم.

شەوان هەتا سپێدان، بەجۆرێ کە پرسیاری وردترین بابەتەکانیان ئاراستەی ئەفغانی دەکرد بەو پێیەی (ئەبو ڕەییە) دەیگێڕێتەوە)[١].

ئەوجا لەو کەسانەی پەیوەندیان کرد بە دانیشتنەکانی ماڵەوەی ئەفغانی هەر یەك لە ﴿شێخ محمد عەبدە، عبدالكريم سلمان، إبراهيم اللقاني، سعد زغلول، إبراهيم الهلباوي﴾ پاشان یانەی ئەزبەکییە فراوان بوو کە هەریەك لە ﴿محمود سامی البارودي، عبدالسلام المويلحي، إبراهيم المويلحي، علي مظهر، سليم النقاش، أديب إسحاق﴾[٢]ی لە خۆ گرت.

هەروەها جمال الدين ئەفغانی یەکەم کەس بوو وتی میسر تەنها هی میسریەکانە[٣]، جا ئەم دروشمە زۆرێك لە هەوادارانی گاور و جولەکەی بەلای ئەفغانیدا ڕاکێشا، بەوشێوەیە (پەیوەندی نیشتمان) لە جیاتی (پەیوەندی ئاینی) دانا، سەرباری ئەوانەش بێ گومان ئەفغانی باوەڕی بە یەکێتی[٤] هەرسێ ئاینەکە هەبوو، وە ناکۆکی نێوان ئەم ئاینانەی بۆ ئاینزاکانی دەگەڕاندەوە : (وە لەبارەی جیاوازی ئاینەکان و ئاینزاکان دەگەڕێتەوە بۆ پێشەواکانی هەندێ لەوئاینانە، ئەوانەی کە بازرگانی بە ئاینەوە دەکەن)[٥].

دوای وەدەرنانی ئەفغانی لە میسر بوارەکان گەشەیان کرد، بیری سیاسیش دەستی بەگەشەکرد، ئەوجا (حزبی نیشتمانی داوای لە (تەوفیق پاشا) کرد کە چاکسازی لە

---

(١) پەرتوکی (جمال الدين الافغاني ، تاريخه و رسالته و مبادئه) لاپەرە ٤٥ ، نوسەر : محمود أبو رەييه .

(٢) پەرتوکی (زعماء الإصلاح) لاپەرە ٧٠ـ٧٣ . نوسەر : أحمد أمين

(٣) پەرتوکی (جمال الدين الافغاني ، تاريخه و رسالته و مبادئه) لاپەرە ١٢٣ ، نوسەر : محمود أبو رەييه .

(٤) واته (وحدة الأدينا) .

(٥) پەرتوکی (الأعمال الكاملة لجمال الدين الأفغاني) لاپەرە ٢٩٢ ، نوسەر : محمد عماره . چاپی قاهيره

بارودۆخەکە بکات، هەروەها وەصفی حزبەکەشی کە شێخ محمد عەبدە ماددەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی دارشتبوو بە هاوکاری (بلنت)ی ڕۆژهەلاتناس کە حزبێکی سیاسیە نەوەك حزبێکی ئاینی)[1]، وە بەرپرسانی ئەم حزبە نەفی کران دوای شکستی جەیشی میسری، هەر چۆن بەرپرسانی شۆڕش بۆ هەتاهەتایی نەفی کران، وە سوپای ئینگلیزی داگیرکەر دوای کرد کە شێخ محمد عەبدە بگەڕێنرێتەوە بۆ میسر بەمەرجی ئەوەی سەرقاڵی سیاسەت نەبێت، هەرکە شێخ محمد عەبدە لە مەنفا گەڕایەوە یەکسەر بەیاننامەی خۆی بە نەفرەت کردن لە سیاسەت بلاوکردەوە[2]، دوای ئەوە ئیتر هەوڵی دەدا کە ئیسلام ملکەچی شارستانیەتی ئەورووپا بکات، بەتایبەتی لەو کاتەی کە گەشتە پۆستی فەتوادان.

بەدڵنیاییەوە ئەو بۆچوونانەی کە شێخ محمد عەبدە بڵاوی دەکردەوە لە سنوری چاکسازی ئاینی و کۆمەڵایەتی کاریگەری دیاری هەبوو لەسەر ئەوانەی دوای خۆی، بەڵکو هەیانبوو لەو ڕێگایەوە گەشتە ڕوخاندنی ئاینی ئیسلام و بنچینە چەسپاوەکانی، وە مصطفی عبدالرزاق کە یەکیکە لەوانەی فێرخوازی شێخ محمد عەبدە بووە لە ئەزهەر بابەتی بانگەوازی چاکسازیەکەیان بۆ کورت دەکاتەوە لەم وتانەدا:

---

(١) پەرتوکی (الأعمال الكاملة لجمال الدين الأفغاني) بەرگی ١ لاپەرە ٣٦٧ ـ ٣٧٠ ، نوسەر: محمد عماره. چاپی بەیروت

(٢) پەرتوکی (المحافظة الجديد في النثر المعاصر في مائة عام) لاپەرە ٤٦ ، نوسەر: أنور الجندی

ڕێکخستنی بانگەوازی شێخ لە بواری ئاینی دا

لە سێ بواردا خۆی دەبینێتەوە:

١) ئازادکردنی بیر لە پێوەندی تەقلید، بۆئەوەی عەقڵ چۆك دانەدات لەبەرامبەر هیچ شتێك جگە لەبەڵگە، نە سەروەرانی دونیا و نە سەروەرانی دین کەسیان حوکمی عەقڵ نەکەن.

٢) ئاین هاوڕێ و دۆستی زانستە، لەهیچ خاڵێکدا دژ ناوەستنەوە، چونکە هەر یەکێکیان کاری خۆیان دەکەن، هەردووکیان گرنگترین پێویستیەکانی مرۆڤن کە ناتوانرێ دەستبەرداریان ببێت.

٣) تێگەیشتنی ئاین بەوشێوەی کە پێشین تێگەیشتون پێش سەرهەڵدانی ڕاجیاوازی، گەڕانەوە بۆ سەرچاوە زوڵاڵەکەی سەرەتایی، چاوکەی ئەوەڵی ئیسلام لە پاراوی و گەڕانەوەی بۆ خاوەنی ئاینەکە لە قورئان و کەمێکیش لەسوننەتی کرداری. جا لەبەر ئەوەی سوننەتی موتەواتیر زۆر کەمە بۆیە شێخ بە ڕونی لە تەفسیری سورەتی فاتیحەدا دەڵێ: بنچینە ئەوەیە کە مەزهەبەکان و بۆچونە جیاوازەکان بەسەر قورئاندا بهێنرێن.[1]

وە (جاب H. A. R) مامۆستای پەیمانگای لیکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە لەندەن لەهەمان بابەتا نوسیویەتی، لە ڕێگەی پێشکەوتنی ئەدەبی عەرەبی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە نێوان نوێگەران و موقەلیدەکان، دەڵێ: قوتابخانەی میسری نوێ لە دامەزراندی ڕۆژنامەی (الجريدة) لە ساڵی ١٩٠٧ زاینی دا، کە زمانحاڵی حزبی ئومە بوو، کە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە (أحمد لطفي السيد) هێلکاری

(١) گۆڤاری ((السياسية الأسبوعية المصرية))، لاپەڕە ١٧، ژمارەی ٥٥ بەروار ٢٦/ ٣/ ١٩٢٧ز.

پلانەکانی دەکێشا . . . کە گەنجانی موسڵمان لەدەوری أحمد لطفي بەگ کۆبونەوە کە لە چینی نوێی میسر بوون، ئەوانەی چۆڕاوی تازەیان نۆشیبوو، خوێندنیشیان لەسەر پرۆگرامی رۆژئاوابوو. . . کە تێروپڕبووبوون لە نۆشینی ڕۆحی رۆژئاوا لەبەر زۆر تێکەڵاوی و مانەوە لە فەرەنسا، بۆیە هیوا و ئاواتی ئەم نوسەرە گەنجانە کورت هەڵنەهاتبوو لەوەی کە ولاتیان ببینن ئازادبووە لە ڕووی سیاسیەوە، بەڵکو ئەوەش بوو کە ولاتیان بتوانێ شوێن پێی خۆی توند بکات لە شارستانیەتی جیهاندا، ئەمەش سەرباری ئەوەی پێیان وابوو کە موسڵمانن دەبێ لەسەر ڕێڕەوی ئیمام محمد عەبدە برۆن، بۆیە ڕۆشتن کاریان بەوە کرد لەسەر چۆنیەتی بنەماکانی ئیسلام و بنچینەکانی، بەو شێوەیەی کە ژیانی تازە و بیری نوێ دەیخوازێ)[1].

ئەم ڕازانەوە و کرانەوەیە لەنێو چینی ئەدیبەکانی میسردا دوای مردنی شێخ محمد عەبدە زیاتر بڵاوبوویەوە لەچاو چینەکانی تردا، لەبەر گەرانەوەی زۆرێك ژمارەی ئەو قوتابیە نێردراوانەی ئەوروپا لەڕوویەکەوە و دامەزراندنیان لە پێگە گرنگەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانەوە، هەروەها هاندان و پشتگیری ئینگلیزی داگیرکەریش بۆ ئەم چینە ئەدەبیە لە ڕوویەکی ترەوە.

دەتوانین ئەو ئەدیبە تازەگەرانە دابەش بکەین بۆ دوو بەش، گروپێکیان کەوتەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فەرەنسیەوە کە بەرپرسی ئەم گروپە محمد هیکل کە سەرۆکی (تحرير السياسي) و هەفتەنامەی (السياسة) ، (جەب)ی نوسەر لە وەصفی (هەفتەنامەی السياسة) دا دەڵێ: بێ گومان (هەفتەنامەی السياسة) بووەتە

(١) گۆڤاری ((السياسية الأسبوعية المصرية))، لاپەڕە ١ ، ژمارەی ٢٠٤ بەروار ١/ ٢/ ١٩٣٠ز .

سەرمەشقی فیکری ئازاد بە نێو موسڵمانە میسریەکاندا کە کێبڕکێی هەردوو ڕۆژنامەی کۆنی سوری (الأهرام و المقطم) دەکات.

گروپەکەی تریش کەوتەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئینگلیزەوە، بەڵام ئەمەیان لە بستێك تێنەپەڕی، کە ناودارترینی ئەوانەی کە چاولێکەری ئەم ڕێچکەیە بوون: العقاد و إبراهيم عبدالقادر المازني بوون.

لێرەدا دکتۆر هەیکەل لە متمانەترین پشتیوانەکان بوو بۆ ئەم مەبەستە لە نێوان هاوڕێکانی پێشتری لە زانکۆی قاهیرە[1]، هەروەها لە نێوان مامۆستایانی پەیمانگایی مامۆستایان، هەربۆیە هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم ماوەیە ماوەی پێگەیاندن و ئامادەسازی بوو، یان بەوشێوەی مامۆستا أحمد لطفي السيد کە بەرێوەبەری زانکۆ و وەزیری مەعاریفی ئەوکاتە بوو دەڵێ: (سەردەمی گواستنەوەیە نەوەك سەردەمی نوسینەوە)، جا لە ناودارترینی ئەو گوێزەرەوانە دکتۆر طه حسين ، منصور فهمي بەگ ، أحمد أمين ، دکتۆر أحمد ضيف ، شێخ مصطفى عبدالرزاق ، و العقاد و المازني بوون.

بەڵام (جەب) ئەوانەی ناوبران تۆمار دەکات لە تازەگەران، و پلەبەندی و ئەندازەی تازەگەری هەریەکەیان ڕوون دەکاتەوە، جا دەڵێ: (لەوێدا لە نێوان تازەگەرانی میسریەکاندا. پلەبەندی جیاواز هەیە لە چۆنییەتی بوون بە ڕۆژاوایی، دەبینی شێخ مصطفى عبدالرزاق و مامۆستا منصور فهمی تا ئێستاش لە خۆپارێزانن[2]، و

(١) گۆڤاری ((السياسية الأسبوعية المصرية)) ، لاپەڕە ٤ ، ژمارەی ٢٠٤ بەروار ١/ ٢/ ١٩٣٠ ز.

(٢)محافظين.

العقاد و دکتۆر هەیکەل کەمتر پەیوەستن بە خۆپاریزانەوە، و دکتۆر طه حسین له هەموویان زیاتر نزیکه له تونديڕەویەوە ـ بۆ باوەڕەکەی ـ)[1].

جـــا ئەگەر دەرەنجامە ڕوخێنەررەکانی ئازادی بیروڕا لەنێو نەوەی موسڵماندا هەڵبسەنگێنین له میسردا ئەوە له سێ چەمکدا دەبینینەوە:

١. بەشێکیان ئاینی کردبووە ئامانج بۆ ڕیشەکێش کردنی، بۆ ڕوخاندنی هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەست دەبنەوە بە (الله) سبحانه، بۆیە ئەمانە هیچ شتێکیان پێ قەبوولْ نەبوو جگه له ماددەیی و بەرجەستەییەکان.

٢. بەشێکیان وایان دەبینی سوننەت ڕێگرە له پێشیانەوە، که ناهێڵێت تازەکاری و تازەگەری بکەنەوە له سنوری ئایندا، هەربۆیە گەشتنه ئەوەی نکۆڵی سوننەت بکەن له بابەتەکانی تەشریعدا، بۆیە بانگەشەی ئەوەیان کرد که تەنها قورئان بەسە بۆ دامەزراندنی ژیانێکی ئیسلامیانه به گەورە و بچوك و هەموو لایەنەکانیەوە.

٣. هەندێ له وردەکاریەکانی سوننەتدا نکۆڵیان دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو وردەکارییانه له ژێر ڕۆشنایی عەقڵ و فیکری چاولێکەران به ڕۆژاوا، یان بەهۆی گومانه لەناکاوەکانەوە له دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژاوا...

له میانەی ئەو دابەشکردنەی سەرەوەدا دەمەوێ خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێم، که ئامانج بۆ داڕوخاندنی ئاینی ئیسلام بێ گومان ئامانجی لەناوبردنی سوننەتە و شتێکی تر هەڵناگرێ، ئەوەش جێبەجێ کاری ئەوانەیە بانگەشەی نکۆڵی کرنی سوننەت دەکەن، بێ گومان ئەمەش وەڵامدەرەوەی ویستەکانیانه، هەروەها ئەوەی

(١)گۆڤاری ((السیاسیة الأسبوعیة المصریة)) ، لاپەڕە ١٦ ، ژمارەی ٢٠٥ بەروار ٨/ ٢/ ١٩٣٠ ز

نکۆڵی هەندێ سوننەتی صحیح بکات بێگومان دور نیە ڕۆژێك بگاتە نکۆڵی کردنی هەموو سوننەت، چونکە هیچ دور نیە ئەوەی چۆڕێ مەشڕوب بخواتەوە لەوانەیە پێکێکیش بخواتەوە، بۆیە ئەم سێ بەشەی سەرەوە لەم ڕوانگەیەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لەبەر نزیکبونەوەی لە نکۆڵی کردنی سوننەت بەگشتی بە واقعی یان شلگیری یان بەزوویی یاخو لە داهاتوودا.

(٢) ئەو ئەدیبانەی بانگەوازیان دەکرد بۆ گومان دروست کردن لەسەر بابەتە چەسپاوەکانی ئیسلام:

گومان دروست کردن لە ئەدیبێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، وە لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ڕوانگەیەکی تر جیاوازە، هەبوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پەیامی ڕیسالەت کارێکی دەستکەوتە و بە هەوڵ و ماندوبوون دەتوانی پەی بەری بە بیری جوان و ناوازە، هەبوو تۆمەتی دەدایە سەر ڕاستگۆترین مرۆڤی سەر زەوی (محمد ﷺ) بەدارِشتنەوەی قورئانی پیرۆز و داهێنانی وشەکانی، هەشیان بوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کتێبە ئاینیەکان بەگشتی و تێیاندا قورئانیش دژەیەکن و زۆرێك لە ئەزموون و تاقیگە زانستیەکان ئەو دژیەکانەیان سەلماندوە لە زۆر ڕوانگەوە، کەوای لە هەندێکیان کردبوو بە گومان و نابەدڵی تەماشای هەواڵەکانی قورئان و موعجیزات و ئەحکامەکانیان دەکرد مەگەر شتانێ ئەزموون و تاقیگەیی زانستی بیسەلێنێ، هەشبوو پشتی لەو ئایەتانە دەکرد کە لە مەککە دابەزیبوون بە بیانووی ئەوەی ئەوکاتەی لە مەککەدا بوو نوسینەوە بوونی نەبووە.

بەڵکو هەندێکیان بێ سڵەمینەوە و چاونەترسانە نکۆڵی بوونی (خوا = الخالق) و ڕۆح و مانەوەی هەتاهەتایی دوارۆژی دەکرد... هتد، لە بابەتە پەنهان و

غەیبەکان، دوای ئەم هەنگاوەش پێغەمبەری ﷺ لە پەیام و ڕیسالەت دادەماڵی و ئاسایی دەبینی، هەروەها دەشڵێ کۆچکردن بۆ مەدینە و ڕوداوەکانی دوای ئەوەش هەموو بابەتێکی ئاسایی بووە، پلان و هەنگاوەکانی کۆچکردن زادەی عەقڵی مرۆڤییە و باروحاڵێکی تایبەت خواستویەتی، جا هەشیانە سەیروسەمەر دەڕوانێتە بابەتی لابردن و نەمانی زۆڵم و ستەم لەسەر ستەمدیدەکان بەهۆی ناردنی پەیامبەرەوە، بەڵکو پێغەمبەر و پەیامەکەی لە شۆڕشگێڕی و شۆڕشێکی ئیشتراکی و دەڵێ محمد تەنها ڕاپەرنێکی کردووە دژی سەرمایەداری، هەندێکی تر جێنشینەکانی تێکۆشەری ڕەسول الله تۆمەتبار دەکات بە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، هێرش و جیهادەکانیان بەوە ناودەهێنن کە تەنها بۆ ئەوەبووە ماڵ و مووڵکی خەڵکی بخەنەژێر دەستی خۆیانەوە.

کەسانی تر بەراوردی لایەنی ئابووری ئیسلام لەگەڵ ژیانی ئابووری بیابانیە سادەکەی سەردەمی نەفامی دەکات وەکو نابینایەك کە خۆرەتاوی ئیسلامەتی نابینێت، باوەڕی وابوو کە ئابووری دەشتەکی لە ئیسلامدا زۆر خراپتربووە لەو حاڵەی پێش ئیسلام هەیبوو.

جـــا یەکێك لەو ئەدیبانە هەموو چارەسەرەکان تەسك دەکاتەوە تەنها لەداڕوخانی هەموو بەها باڵاکانی ڕابردوو چاسەر دەبینێتەوە، و داهێنانی بەها و ڕەفتارانێك کە لەگەڵ ژیانی تازە و مۆدێرنەدا بگونجێ، یەکێکی تریان چارەسەر لە دامەزراندنی شارستانیەتی مەدەنی دەبینێتەوە، بۆ کەمکردنەوەی دوریەکان و لابردنی نەهامەتیەکانی ئومەت، ئەو سەردێڕانەی سەرەوە لەم چەند بوارەی خوارەوەدا دەخەینە بەردەستت لەگەڵ ڕوانگەی ئیسلامیەوە:

پەیامی پەیامبەرایەتی (الرسالة):

دکتۆر زەکی موبارەك لەبارەی ڕوانگەکانی مرۆڤایەتی لە پێغەمبەر ﷺ دا دەدوێ، بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکات و دەڵێ : (بێ گومان کەسایەتی محمد تا ئێستا خوێندنەوەیەکی تەواوی بۆ نەکراوە لە ناوچە موسڵمانەکاندا. چونکە موسڵمانان لە هەموو کات و بارەکاندا بە پێغەمبەری دەزانن، گوایە هەنگاوێ نانێ و هەنگاوێ هەڵناگرێ بە بێ وەحی خودا، ڕێگەدان و ڕێگەنەدانەکانیش خۆبەخۆ نیە و بەبێ جوبرەیل هیچ ناکات، بەم پێیەش بێت کەسایەتی محمد لە هەموو ڕوانگەیەکەوە پێغەمبەرانەیە و دورە لە مرۆڤایەتیەوە)[1].

سەرباری ئەمەش زیاتر دەڵێ، کە زۆربەی موسڵمانان باوەڕیان وایە پەیامبەرایەتی ناتوانرێ بەدەست بهێنرێت، مەبەستیشیان ئەوەیە بە هەوڵدان و وردبونەوە و قوڵ بونەوە لە مانا بالاکان بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو موسڵمانان پێیان وایە ئەم پەیامبەرێتیە ڕێز و شکۆیەکە خودا بەویستی خۆی دەیبەخشێ بە کەسێك کە بیەوێ، ئەم بیروباوەڕەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیسلام لەناو بارودۆخێکی بت پەرستیدا سەری هەڵداوە، یان ملکەچی بت پەرستی بووە، خۆ پێغەمبەر توشی نارەحەتی نەکرا جگەلەوەی وتبوی من وەکو خۆتان مرۆڤم، جا خۆ بیویستایە دەیتوانی وەصفی خۆی بکات بە جۆرێك لە خوداوەندیی ئەوجا لە دڵیاندا ئەو وەصفەش دەچەسپا بە بێ گوێدان)[2].

---

(١) ئەم بانگەشەیە تا ئێستا هیچ موسڵمانێك نەیکردووە لە ڕابردودا ، وە دابەش کردنی سوننەت بۆ تەشریعی و ناتەشریعی وەلامێکی دەمکوت کەر دەبێت بۆ ئەم بانگەشە بۆش و بەتاڵە.

پاشان دکتۆر ئاماژە بە رێگای بەدەست هێنانی پێغەمبەرایەتی دەکات ــ خۆی وتەتنی (مانا بالآکان) ــ وە ئەو تێفکرینانەی کە دەروونی دەگونجێنێ بۆ ئەو مانابالآیانە، ئیتر لە پێناویدا تێدەکۆشێ تاوەکو بەدەستی دەهێنێ، لە ژێر ناونیشانی (ئیسلام ئاینی ململانێ)[1] دەنوسێت، دەڵێ: (بەخێری ئەو تێکۆشانانەی کە پێغەمبەر لە ماوەی ژیانی بازرگانی ـ پێش بوون بە پێغەمبەر ـ توانی خوێندنەوە بکات بۆ ڕەفتاری عەرەب و گەشت و جولەکەکان کە میللەتانێك بوون کوشتارێکی نابوتیان دەکرد بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتەکانیان، هەروەها توانی دور و نزیك بگاتە ڕەفتارەکانی حەبەشە و میسر و هیند و فارس و ڕۆم و یۆنان، لەم ڕوانگانەوە و لەم میانەدا نەفسیەت و دەروونی سازا بۆ هەستکردن بە نرخەکانی پاداگیری و تێکۆشان)[2].

منیش[3] پێمخۆشە پێتان بڵێم کە لای کەسانی بەرچاو ڕوون شاراوە نیە کە سەرچاوەی ئەم نیگا و بۆچوونەی دکتۆر زەکی موبارەك و ئەوانەشی بانگەشەکەی ئەو دەکەن لە بیرەوەرانی لارێ، پێیان وایە پێغەمبەرایەتی بە وەرزش کردنێك و ڕاهێنانانێك بەدەست دێت، یان لە خوێندنەوەی ڕەفتاری میللەتان، یان تێکۆشان لە پیناو مانا بالآکاندا... هتد، ئەمانە تەنها بیری زەکی موبارەك و هاوبیرانی نیە بەتەنها، بەڵکو بیرۆکەی کۆنی داگیرکەرانە، وە یەکەم کەسێك کە ئەم بیرۆکەی گرتە خۆی لە موسڵمانان (سەید أحمد خان)ی قورئانیەکان بوو لە هیندستان، ئەوەبوو لە تەفسیرەکەیدا بۆ قورئانی پیرۆز یاساکانی لەسەر ئەوە بونیادنا کە

---

(١)(الاسلام دین النضال)

(٢)گۆڤاری (الرسالة المصریة) بەرگی ٨ لاپەرە ٤٠٧ .

(٣) نوسەر.

ڕاڤەکردنێکی سروشتی هەبێ و دژی وەستایەوە لەگەڵ بونی موعجیزات و کارەکانی دەرەوەی توانای مرۆڤدا (موعجیزە)... لەبەر ئەمەبوو پێغەمبەرایەتی وەکو دەرەنجامێکی بەدەستهاتوو وێناەکرد کە بە هەوڵدان و ڕاهێنانی دەرونی بەدەست دێت، جا پێغەمبەرایەتی لە ڕوانینی (سەید أحمد خان) دا بریتی بوو لە مرۆڤبوونیکی تەواو سورشتی، و ڕێگای بەدەست هێنانیشی ڕێگەیەکی مرۆیی ئاساییە و هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نیە)[1].

جـــا ئەم بۆچوونە وای لە (غولام أحمدی قادیانی) کرد کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی خۆی بکات لە وڵاتی هیندستان، کە پۆشاکی کرداری ئەم بۆچوونەی پۆشی و زۆر لە پێش میسرییەکانەوە بوو بە نزیکەی نیوسەدە، بەم پێیەش ئەم بۆچوونە تازە نیە بۆ جیهانی ئیسلامی، هەرچەندە تازەبوو بۆ عەرەب زمانان[2].

هەر لەبەر ئەوەیە کە بەدور نابینرێت کە دەستی قادیانیەکان یان دەستی ئینگلیزیەکان لە پشت ئەم بیرۆکەیەوە هەبێت لە میسردا، چونکە ئینگلیزی داگیرکەر کە میسری داگیرکرد، تالاوی جیهادی موسڵمانانی هیندی چەشتبوو، هەر ئەوەش وای لێ کردبێ لە میسر لە پشتی ئەم بۆچوونەوە بێت، لە ترسی هەمان حاڵەتی موسڵمان بۆ جیهادکردن لە دژیان، چونکە دەترسا هەر چۆن نێچیر لە شیر دەترسێ، بۆیە بەهەموو شێوەیەك و لە هەموو ڕوانگەیەکەوە پیلانیان بۆ دارشت، لەوانە

---

(١) بۆزیاتر ئاشنابوون بەم بۆچوونانە بڕوانە کتێبی (الفکر الاسلامي الحدیث و صلته بالاستعمار الغربي) لاپەرە ٤٢ ، نوسەر: دکتۆر محمد البهی.

(٢) نوسەر بڕگەی (الناطقین بلغة الضاد) ی بەکار هێناوە ، بەڵام کە بیکەیتە کوردی زۆر ڕەکیك دەردەچی، بۆیە من دەربڕینی (عەرەب زمان) م بەکار هێناوە کە ڕوونە.

کەشخۆش کردن بۆ بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ ئەوکەسانەی خزمەتی ئامانجە گلاوەکانیان دەکەن لە داگیرکاریەکانیاندا.

کەچی کاتێ دەگەڕێیتەوە بۆ باسی (پێغەمبەرایەتی) لە قورئانی پیرۆزدا، وە ئەوەی کە خوای گەورە تایبەتی کردووە بە پێغەمبەرانیەوە، دەبینی بەڕاستی بەخشێکی خودایە، و هیچ هەولٌ و تێکۆشانی مرۆڤانە بەدەستی ناهێنێ، هەروەها ئایەتەکان لەو بارەیەوە زۆر زۆرە بەشێوەیەك کەم سورەت هەیە کە ئەو باسەی تێدانەبێت ﴿وَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِ كَافِرُونَ (٣٠) وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ (٣١) أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ (٣٢) ﴾[1]

خۆ بە پێی ئەو بانگەشەی دکتۆر زەکی موبارەك بێت، بازرگانەکان و دەوڵەمەندەکان لە پێشتربوون بۆ ئەوەی بن بە پێغەمبەر، ئەوانەی کە بە زستان و هاوین گەشتیان دەکرد و هەمیشە ڕێبواربوون، چونکە هەڵی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ڕەفتار و کلتورەکان بۆ ئەوان ئاسانتر بوو لەچاو پیاوێك (محمد بن عبدالله ﷺ) کە لە تەواوی تەمەنیدا یەك جار لە سنووری نیوەدورگەی عەرەبی دەرچووە.

(١) سورەتی (الزخرف).

قورئانی پیرۆز (القران):

خوای گەورە خۆی پاراستنی قورئانی پیرۆزی لەئەستۆ گرتووە هەر لەو ڕۆژەوەی دابەزاندوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە ئەم زەویە و ئەوەشی تێیدایە دەباتەوە و کۆتایی دونیا دێت ، ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾[1] ، بەڵکو تەحەدای مرۆڤی کردووە کە نمونەیەك هاوتای قورئان بهێنن ، بەڵکو دە سورەت، یان سورەتێك بهێنن هاوشێوەی قورئان بێت ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾[2] ، جا ئەوانە بەسەر چوون کە نکۆڵی (سورەتی یوسف) یان دەکرد و دەیانگوت لە قورئان نیە ، ئەوانە بوونە دێرێکی ڕابردوو چونە پێچەکانی مێژووەوە، بەڵام تەحەدداکە هێشتا بەردەوامە و ماوە تا ئێستاش .

وە موڵحیدان گومانیان وابوو کە ئەو تەحەددا کردنە پەیوەستە بە دانەپاڵی قورئان بۆ خوای گەورە، خۆ ئەگەر توانیبایان کە قورئان لە خودایی بوون دابڕنن ئەو کات ڕەخنەگرتن لە قورئان لەلایەن مرۆڤەوە ئاسان دەبوو ، دەشیان توانی کە نمونەیەکی بهێنن یان لەو باشتر و تەواوتر بهێنن ، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە ئەدیبە نوێخوازەکانی میسر وەکو (طه حسين، و توفيق الحكيم، و دريني خشبة، و زكي مبارك، و كامل منصور. . . نزیك بوو شێخ مصطفى عبدالرزاقیش بچێتە ڕیزی ئەوانەوە) هەموو هەوڵی دانینی موعجیزەیی قورئانیان دەدا .

---

(١) سورەتی (الحجر) ئایەتی ٩ .

(٢) سورەتی (البقرة) ئایەتی ٢٣ .

جا هەر یەك لەوانەی سەرەوە هەوڵی دەدا بگاتە مەبەستی خۆی لەو کیتابە پاڕێزراوەدا (قورئانی پیرۆز) بە پێی توانای نوسینەکی و وتارەکی خۆیانەوە، بۆیە گۆڤاری (الرسالة المصرية) لە ژمارە سالاّنەکانیدا کە لەسەرەتای سالاّنی کۆچی دەردەچوو هەڵگری ژەهرێکی تاڵ بوو لەو بوارەدا . .

ئەوەتا توفیق الحکیم کە لەژێر ناونیشانی (نجم أحمد) دا نکۆڵی دەکات کە ئیسلام باشتر بێت لە ئاینە لاڕێکراوەکانی وەکو جولەکە و خاچپەرستی، بانگەشەی یەکێتی ئایینان (وحدة الأديان) دەکات بەناوی محمد ﷺ یشەوە بە داهێنانی شێوازی پێغەمبەرانە، ئەو بانگشەش لەژێر کاریگەری گوزەرانی و باری ژیانی خۆی بوو کە لە گەشتەکانیدا دەیکرد، جا دەڵێ: (کەوایە ئیسلام چی یە؟ و چۆن بە دەرکەوتنی محمد سەری هەڵدا؟، وە گاوریش بە دەرکەوتنی مەسیح، و جولەکەش بە دەرکەوتنی موسا ؟، لێرەدا دەبێت جیاوازی لە نێوان هەق و پۆشاکی هەق بکەین، وە جیاوازی نێوان مانا و شێواز بکەین، ئیسلام جگە لە شێوازێك لە شێوازەکانی هەق زیاتر نەبووە، وە پۆشاکێکە لە پۆشاکەکانی، بەهەمان شێوەش مەسیحیەت و هەروەها جولەکەیش، بەڵکو هەموو ئاینە ئاسمانیەکانیش بەهەمان شێوەن، بۆیە دەبینی لە هەقیقەتدا یەکن، بەڵام لە شێوازا جیاوازن، و لێرەدا دەتوانین پلەبەندی لەنێوان شێوازەکاندا دیاری بکەین، لێرەشەوە دەتوانین شانازی بە کۆتا ئاین بکەین لەبەر ئەوەی شێوازێکی گشتی و یەکلا هاتووە، سادە، بیانوبڕ، کارلەجێ و پتەوە، پێکهاتەی ڕوون و ڕەوان، بۆیە پلەبەندی و باشتر پەسەند کردن لە بنچینەکاندا نیە چونکە هەموی یەکی یەکتایە، بەڵکو باشتر پەسەند کردن لە پۆشاکەکاندا دەبێت .

(لێرەوە پرسیارێك بە مێشکدام دێت. . . ئایا دروستە پەسەندکردنی باشترین لە نێوان پۆشاکەکاندا لە کاتێکدا هەمووی لەلایەن خوایەکی کاملّ و بێ هەڵەوە هاتووە، ئەو خودایەی بەهیچ شێوەیەك ئەگەری هەڵەی لێ ناکرێت، ناکرێ شتێکی بۆ ڕاست بکرێتەوە کە پێشتر دەری کردبێت، یان ئەوەیە کە هەقیقەتی هەق تەنها کاری خودایە و لای خودایە، بەڵام شێوازەکەی کە دەگەیەنرێتە مرۆڤەکان ئەرکی پەیامبەران و ئەنبیایە؟؟.

پێش وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە وردبینەوە لە بابەتێکی تر، ئایا سروشت و سیفەت و ڕەفتار کاریگەریان هەبووە لەسەر پێغەمبەر لە دەستنیشان کردنی شێوازەکانی پەیامەکەی؟ ئاخۆ بارودۆخی ئەو ژیانەی کە پێغەمبەری تێدا گەشەی کرد کاری کردۆتەسەر ئەوەی ئەو (چوارچێوە)ی کە (بابەتی) پەیامبەری تێدا ڕەنگ بداتەوە. ئەگەر ئەو پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە بێ گومان شوێنکەوتنی شێوازی ئاینەکانی تری بە پێغەمبەرانەوە دەبینرێت بەبێ غوبار، بۆیە پێغەمبەر بەرپرسی شێوازی ڕێگەی ڕونکردنەوەی هەق، بەرپرسیارێتیەك کە لەچاوگەی کەسایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر شەریعەتەکەی)[1].

وە پێنوسی مامۆستا (دريني خشبة) بە پەنهانکاری دێتە نووسین بۆ گومان دروست کردن لەسەر قورئانی پیرۆز، ئەوەش لە هەژمارکردنی (محمد) لەڕیزی ئەدیباندا، گوایە وتەکانی (قورئان) بەرهەمێکی ئەدەبی بەهێزە کە تەحەددای مرۆڤایەتی پێ کردووە، وە ناونیشانی وتارەکانی لە گۆڤاری (الرسالة) دا بە (محمد الأديب الأعظم) بوو، تێیدا دەڵێ: (پاشان ئەوەتا پێغەمبەران هەموویان تەحەددای

(١)گۆڤاری (الرسالة) سالّی پێنجەم بەرگی (١/ ٥٢٥) ژمارە ١٩٦ بەرواری ٥/ ٤/ ١٩٣٧ ز .

نەتەوەکەیان کردوە بە بەهێزی دەربڕینەکانیان، بە دارشتنی قسەکان و سەرسامی شێوازی دەربڕین. . ؟ باشە ئەمانە ئەگەر ئەدەبیات نەبێت چی یە؟ ئەی خاوەنی ئەم وتانە ئەگەر سەروەری ئەدیبان نەبێت چی یە؟ بێ گومان اللە ئەوەیە کە قورئانی بەسەر زمانی محمد هێناوە کە تەحەددای مرۆڤایەتی پێ بکات ئەگەر دەتوانن نمونەیەکی بهێنن؟ نەیانتوانی، تا ئێستاش تەحەداکە بەردەوامە، بۆ ئایندەش مرۆڤ بێ توانایە لەوەی نمونەی قورئان بەرهەم بهێنن، بۆیە قوران وەحی اللە یە وبەسەر زاری پەیامبەرەکەیدا هاتووە)[1].

وە ئەردەف دەڵێ: (جا ئەگەر کەسێك دەڵێ ئەدەب بریتیە لە چیرۆك، خۆ پێغەمبەر چیرۆکی لە تەواوترین و جوانترین و سەرنجڕاکێشترین ئاستدا بووە، بەجوانترین دەربڕین و بەهێزترین شێواز بووە. . ، خۆ ئەگەر کەسێك دەڵێ ئەدەب بریتیە لە شیعر. . بێ گومان محمد شاعیر نەبووە و نەشیاویشە کە شاعیر بێت، سەرباری ئەمەش بەدڵنیاییەوە خودا قورئانی هێناوە بەسەر زمانیدا لە مانا و وەصف و نمونە و تەشریع و دانایی و جوانی دەربڕین و ئیعجازی ڕێکخستن بە شێوەیەك کە هەرگیز بۆ هیچ شاعیر نەهاتووە لە شاعیرانی هەموو دونیا)[2].

وەکاتێ زەکی موبارەك قورئان دەخاتە بەر پرسیارەکانیەوە ناخی خۆی دەردەخات بەرامبەر قورئان، بەڵام لە سزاکانی وڵات دەترسێ و بۆچونەکانی خۆی ئاشکرا ناکات. . . دەڵێ : (بەڵام ئاخر چ گەورەییەك لە دروست کردنی تۆدا هەیە ئەی پێغەمبەر. . تۆ گوایە قورئانت لە جبرەئیلەوە ریوایەت کردووە بەو پێیەی

(١)گۆڤاری (الرسالة) سالّی پێنجەم بەرگی (٧/ ٥٢٨)

(٢)گۆڤاری (الرسالة) سالّی پێنجەم بەرگی (٧/ ٥٣١)

ئیمانداران دەیڵێن، یان قورئانت داڕشتۆتەوە بەو پێیەی موڵحیدان دەیڵێن، وە ئەم قورئانە ڕەخنەی زۆری لەسەرە و ڕووبەڕووت کراونەتەوە، جا ئەگەر وەحی بێت ئەوە تۆ بەرزترین بااڵکانی لە گەیاندنی ئەمانەتی، وەگەریش خۆت نوسیوتەتەوە وەکو موڵحیدان دەڵێن هەر بەرزترن بااڵکانی لە پەروەردەی دەرونی چونکە توانیوتە ئەوەی لە ناختابووە تۆماری بکەیت لە کیتابێکی بەنرخ و بڵند دا . .

(هەروەها کوانێ کەسێك خۆی بخاتە سەر ئاینێکی خۆییەوە؟ بەوشێوەیەی تۆ کردت لە کاتی ریوایەت کردنی قورئان یان کاتی داهێنانی قورئان؟ . . بەدڵنیاییەوە گەورەترین دەستورت دانا بۆ بنەواکانی مرۆڤایەتی، ئەوەش دەستوری ڕاستگۆییە، ئەی ڕاستگۆترینێ کە میژووی ناسیبێتی لە پیاوانی مەرد.

(هەروەها وام لێهاتووە بە ئاسانی بڕیاری ئەوە بدەم کە پێغەمبەرایەتی ماوەیەکە لەماوەکانی شکۆمەند بوونی سروشتی مرۆڤ، خۆ ئەگەر تەنرسابام لە ئاشوب مانای ئەم لایەنەم بە دریژی دەخستە ڕوو)[1].

أحمد حسن الزیاد کە سەرۆکی گۆڤاری (الرسالة) یە مانەوەی موعجیزەکانی قورئان و نەوێران لە ڕەخنەگرتن لێی لەو هەموو ماوەی ڕابردودا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی موسڵمانان وەرەعیان هەبووە، و پشتگوێ خستنی ئەو ڕاوییەکان لە باسی ئەو ڕەخنانەی کە موشریکەکان گرتویانە لە کیتابی خودا، بەم شێوەیەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرکەوتن بە پەیژەی ڕەخنەگرتن لە قورئانی پیرۆز، کە زۆر ئاساییە کە ڕەخنە لە قورئان بگیرێت، دەڵێ: (قورئان بەوپێیەی کە کتێبێکە ئایەتەکانی یەکلاکەرەوەیە و پاشان ڕونکراوەتەوە لەلایەن خودای دانا و زاناوە،

(١)گۆڤاری (الرسالة) ساڵی پێنجەم بەرگی (٧/ ٥٠٩)

ناوێردرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت لە ڕوانگەکانیەوە، بەو پێیەش کە موعجیزەی پێغەمبەرە و تەحەددای عەرەبی پێ کردووە کە ئەگەر دەتوانن یەك سورەتی نمونەی قورئان بهێنن، ئیتر موسڵمانان خۆیان پاراستوە بەوەی شوێنی قورئان بکەون و چاوی لێ بکەن ئەمەش خۆ قوتارکردنێکە لەوەی پێیان بوترێ ئێوە دژایەتی دەکەن، و پاکڕاگرتنیش بێت بۆ کتێبی خوای گەورە کە نەبادا بە وتەی مرۆڤ بچوێنرێت، لەوانەش کە هیچ گومانی تێدا نیە هەندێ لە گومانکاران و هەواڵسازان لە مێژەوە ڕەخنەیان لە قورئان گرتووە بەوەی بەڵگەکانی باتڵ بکەنەوە، یان پلانەکانی نەهێڵن هەروەکو لە (موسەیلەمەوە) [1] دەگێڕنەوە وتویەتی: (یا ضفدع نقي ما تنقين، فلا الماء تكدرين و لا الشارب تمنعين)، بەڵام ڕاویانی فەرموودە ئەمەین پشتگوێ خستووە ئیتر لەبەر خۆپارێزی بێت یان خۆبەگەورەتر زانین لە ئاستی ئەو قسانە. [2] هەروەها گومان کردن و گومان دروست کردن لەژێر پەردەی گفتوگۆدا دەبینرێتەوە لای شێخ مصطفى عبدالرزاق کە مامۆستای فەلسەفەبوو لە کۆلێژی پەروەردە، لەسەر زاری گەشتیارێکەوە دەگێڕێتەوە: (من باسی بیروباوەڕی خۆمت بۆ دەکەم بۆ ئەوەی بزانی لایەنی هێز و لاوازیەکەی چییە..، لەبارەی باوەڕ بەخوا ئیمانم گەشتۆتە ئاستێکی چەسپاوی وەها کە هیچ گومانێك نەیلەرزێنێ، لەبارەی پەیامبەرانیشەوە تەنها وا دەیان بینم کە پیاو چاکی پاڵێوراوی میللەتەکەیان بوونە، کە بەهرەی دەرونێکی پاکیان پێ بەخشراوە، و ژیریاریەکی بڵندیشیان هەبووە، جا

(١) (موسەیلەمەی درۆزن) ناسراوە لە مێژووی ئیسلامی و نێو موسڵمانانداە.

(٢) (تاريخ الادب العربي) پۆلەناوەندیەکان لاپەرە ٨٦، چاپی ٢٤. (بێ گومان وتەی ئەم پیاوە ڕاست نیە، چونکە هەرکەس ڕەخنەی لە قورئان نەگرتبێت لەبەر ئەوەبووە بینیویەتی ناتوانێ و سەرناکەوی، ئەمەش بەوپێیەی زۆر زۆر هەوڵی نەزۆکانە دراوە بۆ دژایەتی قورئان و لەکارخستنی...)

کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە خەڵکی شادبکەنەوە بە چاکەکاری و خێرداری، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێنیشاندراون بۆ دانانی بنچینەگەلێك هەر چۆن دانایانی تر یاسا و بنچینەکانیان داناوە بۆ چاکسازی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، یان بۆ ڕون و ئاشکراکردنی پەنهانیەکانی گەردوون کە لای کەسانی تر ڕوون نیە.

(جا کاتێ لە دڵنیاییاندا تەواوی و هەقی بابەتەکەیان شکۆی کرد، ئیدی گوتیان ئەمە لای خواوە هاتووە بۆمان، ناویان لێنا وەحی، وەکو زانایانی تر کە زۆر متمانەیان بە زانستەکەی خۆیان هەبێت، بەڵام ئەمانە واناکات کە بۆچوونەکانیان ڕزگار بکات لە بەدواداچوونی ژیریەکان، ئەمەش ڕێگری لە متمانەیان ناکات هەر چۆن ڕێ لە متمانەی برایانی دانای تریان لە دانایان و حەکیمان ناگرێ لە هەموو سەردەمانی ترد)[1].

جا لە هەموو ئەوانەی پێشەوە بوێرتر و بێ ڕووتر بەرامبەر خوای پەروەردگار و کتێبی خوا (قورئانی پیرۆز) بریتیە لە (طه حسین) لە زۆرێك لە نوسینەکانیدا، وەك بڵێی هەموو ژیانی تەرخان کردبێت بۆ ئەم ڕێبازە داروخێنەرە، بێ گومان لە بەڵگەنامەی ئەو تۆمەتەی کە دکتۆر عبدالحمید سعید لە پەرلەمانی میسر دا خوێندیەوە، کە (طه حسین)یش بەسەر قوتابیانیدا دەیخوێندەوە. کە گوایە قورئان دوو شێوازی گوتاری تێدایە کە زۆر پێچەوانەی یەکن و لێك جیاوازن، یەکێکیان وشك و پەتیە کە پەیوەستە بە کەشی شاری مەککەوە، کە لەم شێوازەدا هەڕەشە و سزا، سەرکوب و تۆندی، ڕەقی و توڕەیی و جوێن دەبینرێ. . . . ، تبت یدا أبي لهب. . . تا کۆتایی سورەتەکە، جگە لەمە ئایەتەکانی تریش کە تایبەتە بە هەموو

(١) (الرسالة) بەرگی ٦/ ٤٤٧ ، ژمارە ٢٤٦ لە بەرواری ٣١/ ٣/ ١٩٣٨ز.

تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی ناوچەکە و دەوروبەر، بەڵام دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە شێوازەکانی ئاخاوتنی گۆڕی بە حوکمی بارودۆخەکە، لەبەر ئەوەی لە شاری مەدینە خەڵکانی تر هەبوون وەکو جولەکەکان، کە کتێبی تەورات هەبوو، بۆیە شێوازی گوتاری گۆڕا بۆ نەرمی و جوانی و ئاشتەوایی کە بریسکەی رۆشنبیری و ڕۆشنگەری پێوە دەرکەوت)[1].

لە بەڵگەنامەی لیژنەکەدا لە بەرواری ١٩٢٧/١٢/٢٨ کە فەرمان کرابوو لەوەزارەتەوە بە خوێندنەوەی کتێبی دکتۆر (طه حسين) بەناونیشانی (في الأدب الجاهلي) کە ڕاپۆرتێکی لەسەر بنوسرێت، کەبووبە هۆی هەڵچوونی موسڵمانان ـ ئەو کتێبەی کە دواتر بەناوی (في الشعر الجاهلي) ناونرا ـ وتەی کۆتایی لیژنەکە ئەمەبوو: (بێ گومان لیژنەکە بەشەکانی کتێبەکەی خوێندۆتەوە و بینیویەتی زۆر شتی تێدایە دژی ئاینی ئیسلامە، سنوری زۆری بەزاندووە لە بنچینەکان و لقەکانی ئیسلامدا)[2].

کە ئەویش دوانزە ڕوانگەبوو کە کتێبەکە بواری ئاینی ئیسلام لە خوێنەران دەشێوێنێ، ئەمانەی خوارەوەن بە پێی دەربڕینەکانی لیژنەکە:

١. تێکدانی یەکڕیزی و یەکگری نەتەوەیی و هاوسۆزی ئاینی، ئەوانەشی پەیوەستە بەم بەیتەوە لە (مقدمة الكتاب و منهج البحث).

---

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٦/ ٦٤٦ .

(٢) بەشێك لە دریژەی بەڵگەنامەی لیژنەکە ، کە لە گۆڤاری (الفتح) بڵاوکراوەتەوە ، بەرگی ٦/ ٦٥١ .

٢ . شێواندی باوەڕ بوون بە تەواتوری[١] قورئان و خوێندنەوەکانی قورئان، تێکدانی ئەوەش کە قورئان وەحی خوای گەورەبێت لە (باب اللهجات و انتحال الشعر)

٣ . شێواندنی وێنەی کەرامەت و ڕێزی پیاوچاکانی سەلەف لە زانایان و زمانەوانان، و عیرفانی چاکەکانیان لە (باب السياسة و الدين و انتحال اشعر) .

٤ . شێواندنی ئەو متمانەی هەبوو لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ئەوانەی نوسراوتەوە لەسەری .

٥ . تێکدانی باوەڕبوون لە بەڕاستدانانی قورئان، گومانی ئەوەش کە نەپارێزراوە لە درۆ .

٦ . شێواندنی یەکڕیزی ئیسلامی، ئەو یەکڕیزیەی کە ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر ﷺ هێنایە کایەوە لە نێوان (پشتیوانان و کۆچبەران)[٢] .

٧ . شێواندنی سنوری ڕێزی پارێزراوی هاوەڵان و تابعیەکان .

٨ . گومان دروستکردن لەوەی کە قورئان پاێزراو نیە لە گاڵتەجای و قسەی هیچ، لەو باسانەی کە لە سورەتی (الجن) و لە (صحف إبراهيم) و (ملة إبراهيم) .

٩ . تێکدان و گومان دروست کردن لەوەی کە پێغەمبەرﷺ و خاوخێزانی پاکیزە و پاکڕابگیرێن لە گاڵتەجاری و کەم و کورت بینین .

١٠ . بەڕاست نەزانین و شێواندنی ڕاستگۆیی قورئان و پێغەمبەرﷺ لەو هەواڵانەی لەبارەی (صحف إبراهيم) و (ملة إبراهيم) .

---

(١) تەواتور : لە زانستی فەرمودەدا بە هەواڵ و حوکمێك دەوترێ کە ڕیوایەت و گێڕانەوەی زۆر زۆر بێت و

١١ . تێکدانی پاکێتی قورئان و هێنانی ئەو ناپاکییانەی رۆژهەلاتناسەکان لەبارەی قورئانەوە نوسیویانە .

١٢ . تێکدانی ڕێز و ئەدەب و ڕەوشتی جوان بە گشتی لەبەرامبەر خوای گەورە و پێغەمبەران و بەڕێزانی بەندەکانی خودا .

ئەم هەموو شێواندنەی کردبوو لە خوێنەر بۆ ئەوەی بگاتە دەرەنجامی ئەوەی کە بڵێ (ئەدەبی جاهیلی[1] داهێنراوە و هەڵبەستراوە بۆیان، بۆیە نە ئەدەبی جاهیلی بوونی هەبووە و نە بێژەرانی ڕاستبوون)[2] .

هەروەها طه حسین لە ژێر پەردەی (الأدب الجاهلي) دا هانی قوتابیانی دەدا کە هەستی ڕەخنەیان هەبێ لە قورئان، هانی دەدان بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆیان لەسەر قورئان بڵێن بە پێی پێوەرەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان، جا دەڵێ: (قورئان کتێبێکە وەکو هەموو کتێبەکانی تر و دەبێ ملکەچی ڕەخنەکان بکرێ، پێویستە هەموو ئەوانەی بەسەردا ببرێت کە بەسەر کتێبەکانی تردا براوە لە ڕەخنەدا، زانست یەکلاتان دەکاتەوە کە دیدگا و بینینتان بگۆڕن بۆ پیرۆزی و بۆچونی پیرۆزبوون، بە کتێبێکی ئاسایی بێتە پێش چاوتان، ئیدی قسەی خۆتانی تێدا بکەن، وە پێویستە هەر یەکێك لە ئێوە پەیوەست بێت بە ڕەخنە لە لایەن و شتێکی تایبەتی ئەم قورئانەوە، و ڕونی بکاتەوە چی لەسەری هەیە، لە ڕوانگەی وشەسازی و ماناکاری و تێڕوانینەوە – ڕەخنەی لێ بگرن ـ)[3] .

---

(١) بابەتێکی گرنگی ئەدەبیاتی عەرەبیە باسی ئەدەب و شیعری پێش هاتنی ئیسلام دەکات (بیلال) .

(٢) دەقی بەڵگەنامەی لیژنەکە کە گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٦/ ٦٥١ وەرگیراوە .

(٣) گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٦/ ٦٤٦ .

وا دەردەکەوێ ئەم ئاراستە ترسناکە شومە کە دکتۆر طە حسین تۆوەکەی دەنێژێت وا بە تەواوی لە کۆلێژی ئاداب دا بلاّو دەبێتەوە، ئەوەش (محمد أحمد خلف الله أفندي)یە کە یەکێکە لە بەڵێن پێدراوانی کۆلێژ لە زانکۆی (فؤاد الأول) لەو تۆژینەوەی پێشکەشی دەکات بۆ دکتۆرا لە ساڵی ١٩٢٧دا، بە ناونیشانی (الفن القصصي في القرآن الكريم) بەسەرپەرشتی (أمين الخولي)، جا لە ڕێسای تۆژینەوەکەی لە نامەکەیدا ڕێسای بەدرۆدانان و دژایەتی و زەندەقەی وای هێناوە پێشتر نەبینرابێت، بۆیە ئەوەبوو لێژنەی گفتوگۆ و موناقەشە هەر نامەکەیان ڕەدکردەوە، و داخوازی ڕێککردنەوە و هەموارکردنەوەی هەندێ بابەتیان لێ کردبوو)[1].

جا لە نامەی دکتۆراکەیدا . . ! دوای هەموارکردنەوەی ـ بەپێی بۆچونی کۆلێژ ـ چیرۆکەکانی قورئان دابەش دەکرێن بۆ سەر سێ جۆر :

١ . جۆری میژووی .

٢ . جۆری نواندن . . . دەڵێ : مەبەستمان لەم جۆرە ئەوەیە کە هەندێ لە پێشینان وا دەبینین کە ڕوداوەکان تەنها بۆ ڕونکردنەوە و شیکاری بووە، بۆ ڕاڤە و شیکردنەوە بووە، بەشێوەیەك کە هەرگیز ناکرێت ڕوداوی ڕاستەقینەبن، لێرەوە ئەوەندەمان بەسە کە گرینانە و خەیاڵ کردنن بەپێی دەربڕینی پێشینان)[2].

(١) (الفن القصصي في القرآن الكريم) چاپی چوارەم ، ساڵی ١٩٢٧ز ، کتێبخانەی ئەنجلو لە میسر ، قاهیرە.
(٢) (الفن القصصي في القرآن الكريم) لاپەرەی ١٢٠ .

وە (أفندي) بۆچوونی خۆی وەکو ڕونکردنەوەیەك دەخاتە ڕوو، لە هەندێ ڕاڤەکار و موفەسیری نەناسراوەوە کە وتویانە (پێناسەی چیرۆکە نواندنیەکان بەوە دەکەن کە تەنها سیناریۆ بووە، و سیناریۆش نمونەیەکە لە جۆرەکانی ڕەوانبێژی، و جۆرێکە لە هونەرەکانی(البیان)، و (البیان) لە عەرەبیدا لەسەر بنەوای ڕاستەقینە و واقیع دادەنرێ هەروەها لەسەر خەیاڵ وکلتوریش، بۆیە مەرج نیە کە ئەو چیرۆکانە ڕوی دابێت، مەرجیش نیە ئەو کەسایەتیانە هەبووبن، مەریش نیە ئەو گوتە و گوفتارانە لە لایەن ئەو کەسایەتیانەی لە سیناریۆکاندا هەیە وترابێت بەڵکو دەکرێت تەنها گریمان بێت و خەیاڵ بێت)[1].

هەروەها محمد أحمد خلف الله بانگەشە دەکات و لەسەر وتەی خوای گەورە: ﴿وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ .... ﴾[2] دەدوێ و دەڵێ ئەمە چیرۆکی نواندن و سیناریۆیە، بەو مانایەی دەکرێ هەندێ لەم ڕوداوانە هەر ڕوویان نەدابێت. . . .

بەڵام ئەو بۆچوونەی محمد أحمد خلف الله بەڕاستی بەدرۆدانانی دەقی ڕاشکراوی قورئانی پیرۆزە، کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ ﴾[3]. واتە: ئەوە کتێبە کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ڕێنمونیە بۆ تەقواداران.

بۆیە نەرێ کردن و گومان دروست کردن لە قورئانی پیرۆز ڕامانەکێشێ بۆ بەدرۆدانانی هەرچی تێدایە، یان هەواڵی لەسەر داوە، یان گێڕاویەتیەوە لەسەر

(١) (الفن القصصي في القرآن الكريم) لاپەرەی ١٥٣ .

(٢) (ص: ٢١)

(٣) (البقرة: ٢)

زمانی کەسێکەوە، چونکە ئەوە هەمووی راستەقینەیە و حەقە، ڕوی داوە بەوشێوەیەی کە دەیفەرموێ، واقیع بووە بەوشێوەی پێی ڕاگەیاندووین، چونکە ئەگەر وانەبووایە نەرێ کردنی گومان هیچ سودی نەدەبوو، حاشا ئەگەر قورئانی پیرۆز شتێکی تێدابێت لە چیرۆکەکان کە ڕوی نەدابیت وەکو ئەفەندی دەیڵێ.

٣. شێوازی خورافی[١]، کە چیرۆکەکە لەم ڕێگەیەوە دەناسینەوە (لەوێدا جەستەیەك هەبووە بۆ چیرۆکەکە، یان پەیکەرێك بۆ بەسەرهاتەکە، یان شتی تر، بەڵام نە جەستەکە و نە پەیکەرەکە مەبەست نین، بەڵکو مەبەستی ڕاستەقینە لە چیرۆکەکەدا بریتیە ئاراستەکردنی ئاینی یان ڕەفتاری)[٢]، (هەندێ جار قورئان هەندێ دەربڕین دەهێنێ کە خەڵك بەکاری دەهێنن، یان قسەی پێ دەکەن، هەرچەندە لە حەقیقەتدا هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نیە لە خودی دەربڕینەکاندا، وەکو گوتەی: ﴿كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ﴾[٣] واتە: هەروەکو چۆن کەسێك شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت هەڵدەسێتەوە. هەروەها گوتەی: ﴿بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ﴾[٤] واتە: هەتا گەشتە شوێنی هەڵهاتنی خۆرەکە.

ئەوی بەدرۆدانانەی لەسەرەوە بینیتان دوای دەستکاری و هەموار کردنەوەی نامەی دکتۆراکەی بوو، جا بۆچونتان چۆنە بۆ پێش هەموار کردنەوەکەی؟، لەبەر ئەمە بوو لێرەوە ئیتر گۆڤاری (الفتح) نازناوی شێخی موڵحیدەکانی بەخشی بە (أحمد

---

(١) (اللون الأسطوري)

(٢) پەرتوکی (الفن القصصي) لاپەرە ١٧١ .

(٣) ﴿البقرة: ٢٧٥﴾

(٤) ﴿الكهف: ٩٠﴾

لطفي السيد)[١] كه سەرۆكی زانكۆی میسر بوو لەبەر ئەو هەموو هێرشە نالەبارەی دەیكردە سەر قورئانی پیرۆز، لەو كاتەی كه پۆستی سەرۆكایەتی (مصلحة المساحة)[٢]، كه چاپكردنی قورئانی پیرۆزی بەڕێوه دەبرد، (أحمد لطفي) لەیەكێك لەسەردانەكانیدا بە یەكێك لە فەرمانبەرە ئینگلیزیەكانی دامەزراوەكەی وت كه چەند پەڕەیەكی قورئانی پیرۆزی پیشان بدات، بەڵام پیاوە ئینگلیزیەكه دەستی بە قورئانەكەوه نەدا لەبەر ئەوەی تێگەیەنرابوو لەم ئایەته: [لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ][٣]، واته: تەنها پاكەكان دەستی پێوه دەدەن - ئیمانداران -. بۆیە كابرای ئینگلیزی بانگی فەرمانبەرێكی موسڵمانی كرد كه داواكەی (أحمد لطفي) جێ بەجێ بكات، بەڵام (أحمد لطفي) بەمە قەڵسبوو ڕووی گوفتاری كرده كابرای ئینگلیزی و وتی: (گوێ بەو قسانە مەدە كه پێیان وتوی، دەست بە قورئانەكەوه بدە و چۆن دەتەوێ بەكاری بهێنە بۆ هەرچی دەتەوێ)[٤].

پاشان هەندێ لەو گومانكارانە هەندێ دەست و دەمیان شلكرد لەسەر قورئانی پیرۆز لەو ئایەتانەی كه لە شاری مەدیینە دابەزی بوون كه گومانی لەسەر نەبێ، لێخۆشبونیان بۆ دەركرد! كه ڕەخنەی لێ نەگرن لەبەر ئەوەی ئامرازی نوسینەوه و پاراستن لە مەدینە بەربڵاوبووه، بەڵام هەوڵی ئەوەیان دەدا كه هێرشی نارەوا بكەنە سەر قورئان لە ئەو ئایەتانەی كه لە شاری مەككه دابەزیوه، ئەوەتا گۆڤاری (مصر

---

(١) ئەوەی كه كۆلێژی ئادابی گرتبووه خۆی-

(٢) تكونت المساحة الجيولوجية المصرية عام ١٨٩٦ ورأسها ليونز عند إنشائها وبعد عامين تكون جهاز حكومي جديد هو مصلحة المساحة المصرية و الذي ضم المساحة الجيولوجية ضمن أنشطته. (بيلال)

(٣)﴿الواقعة: ٧٩﴾

(٤)گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٢/ ٦٢٨ .

الفتاة) له برگەی بابەتە ئەدەبیەکانی گۆڤارەکەدا خوێنەرانی ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی گومان بکەن لە ئایەتەکانی مەککی[1]، ئەم گومانانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ژیانی موسڵمانان لە قۆناغی مەککی دا بەرقەرار نەبووە، بەهۆی ئازار و چەوسانەوەکانی قورەیش کە بەسەر موسوڵمانان دەیانهێنا، وە لەبەر کەمی ژمارەی هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێت، وەك بڵێی ئەوەیان لێ شاراوەیە کە ژمارەیەك لە دە کەسە نوسەرەکەی مەککە کە قورەیش شانازی پێوە دەکردن هەر لەسەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلام لە مەککەدا موسڵمان بوون، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ هۆکاری گومانی ئەمانە چەندە لاواز و بێ مانایە کە دەیبەستنەوە بە کەمی و زۆری ژمارەی هاوەڵانەوە، چونکە بۆ نوسینەوەی قورئانی پیرۆز یەك کەسی خوێنەوار بەسبووە و لەوە زیاتریش هەبووە لە مەککەدا، سەرباری ئەمەش هاوەڵان سەرشادی قورئان بوو بوون، بە جۆرێك هیچ ئایەتێك دانەدەبەزی یەکسەر لەبەریان دەکرد، کە ئەوەش بەسە بۆ توانای نوسینەوە لە هەرکاتێ کە گونجاو بێت بۆ نوسینەوەی، هەرچەندە نوسەران لەسەرەتای ئیسلامەوە لە مەککەدا نادیار و غائیب نەبوون.

جا تەنەزول کردنی (فريد وجدي أفندي) زۆر نادیار و گوماناویە لە گۆڤاری (مصر الفتاة) هەروەها زۆر سنوریش دەبەزێنێ، کە لە ژمارەی (١٧٥٠٣) نوسینێکی بلاوکردۆتەوە لە گۆڤاری (الأهرام) لەژێر ناونیشانی (مذهب القرآن في المتشابهات) کە تێیدا دەڵێ: (جا ئەمە دەچێتە عەقڵەوە کە نیگاکار و بەخشەری وەحی ئیسلام (جل شأنه) داخوازی ئەوە بکات کە ئایەنەکەی لەسەر بنەمای باوەڕی سەرەکی وەربگیریت، و ئایەنەکەی دابێتە دەستی دیاری کردنی تاکەکەسی و حەرامکارێك لە

(١)گۆڤاری (مصر الفتاة) بەرگی ١/ ٨٨ ــ ١٠٣، گۆڤاری (الفتح) بەرگی ١٥/ ١٦ .

هەموو دوانییەکان، و هەموو پەیوەندێك بە بێ ئازادیەکی هەقیقی، دواتر ژێرباری بکات بەوەی شتی پلە دوو جێ بەجێ بکات کە لە ڕوکاردا دژە یەکن، و پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی گەردوونن، و عەقڵ دەستەوسانە لە تێگەشتنی، ئەمەش بەبێ ئەوەی مەوقیفێکی ڕوونی بۆ دیاری بکات. !

(جا ئێمە ڕوەچین لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە دیدگای پێویستیی ئاینی، نەوەك دیدگایی ئارەزووی عەقڵگەرایی، پێویستە ئەوە بچەسپێنرێ و لێرەشەوە ئێمە لەبەردەم دوو ڕیانی جیاواز داین: یان ئەوەیە بگەین بەوەی ئێمە لەبەردەم ئاینێك داین هەرگیز شیکاریە زانستیەکان بەسەری دا ناسەپێنرێ، ئیتر ئەوەش دەچەسپێ کە دەوترێ ئەمە کۆتا ئاینە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، یاخود ئەوەیە بڵێین چاوەڕێی چارەنوس بین و لێگەڕێین زانست هەڕەمەك بکات بە ئاین و دواتریش تووڕی بداتە نێو جیهانی ئەفسانە و خورافاتەوە وەکو هەزارەها ئاینی تری مرۆڤ کردی وا لێ کرد)[1].

جا مانای ئەوانەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرگوزەشتەی پێغەمبەران، و موعجیزەکانی نێردراوان و خۆشیەکانی دوارۆژ و سزاکانی... ئەمانە باسی هەمە واتان، و هەرگیز ناتوانین بیان چەسپێنین تاوەکو زانستی ڕۆژئاواییەکان بە تاقیکردنەوە نەیسەلمێنن، ئەمە بەڕاستی ئاشووبە، پێم بڵێ کێ هەیە لێی دەرباز ببێت لەکاتێکدا بە ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا گۆش کرابێت؟، بەڵکو تا بینەقاقای نقوم و نگرۆی ئەوان بووبێت، لە ڕاستیدا هەژارێکی نمونەی ئەمە لە دوو حاڵەت زیاتر هەڵناگرێ:

(١) وەرگیراوە لە گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٨ / ٢٤٠.

ڕاڤەکاری و پینەکاری بۆ بابەتە چەسپاوکانی ئیسلام، ئەڵبەتە ئەگەر ڕێگە و ڕێچکەیەکی بۆ پەیدا کرد، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی بە پەت و پەردەی ئایندا هەڵبواسێ و خۆی پەنا بدات لە تۆمەت و دژایەتی دینداران، بەڵام ئەم ڕێگە نەزۆکە دوژمنانی ئیسلام لە سەرەتاکانی پرشنگی ئیسلامەوە گرتیانەبەر، کەچی نەیانتوانی خۆیان حەشاربدەن پێی.

جا ئەگەر ڕێگەی یەکەمیان بۆ نەچێتە سەر بەچۆکدا دەکەون و خۆیان بەدەستەوە دەدەن و دەوەشکێنە ئیسلامەوە و ئەوەی دوژمنانی ئیسلام و دوژمنانی خوای پەروەردگار و دوژمنانی مرۆڤایەتی دەیڵێن، ئەمانیش دەیڵێنەوە و بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەوەتا (محمود محمد الخضري) گاڵتەجاڕی بە بۆچوونی پاداشت و سزای دواڕۆژ دەکات، بەڵکو بە بەرپرسی هەموو گەندەڵی و فەسادیکی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی دەژمێرێ، کاتێ دەڵێ:

(لە شتە ڕونەکانە، کە ئاینەکان پاداشت و سزا بە نێوی چاکەکاری و تاوان و گوناهـەوە دەردەبڕن، ئیتر ئیماندارەکان هەوڵ و تەقالای ئەوەیانە تا ئەوپەڕی توانا ژمارەکەی زۆر لەو چاکەکاریانە کۆبکەنەوە، ئەگەر چی ئەو چاکەکاریانە هیچ سودێکی بۆ کۆمەڵگا نەبێت...، بەڕاستی ئەم بۆچوونی پاداشت و سزایە سەردەکێشێ بۆ دروست بوونی گرفت لە شکۆمەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، هەر چۆن قەیرانی ئابووری سەردەکێشێ بۆ گرفتاری نرخی دراو، هەربۆیە لە حاڵەتی یەکەمدا کۆمەڵگا زەرەرمەند دەبێت، وە لە حاڵەتی دووەمیشدا دەسەڵات زەرەرمەند دەبێت.

(لە دەرەنجامدا دڵنیاین کە بۆچونی پاداشت و سزا، واتە بابەتی بەهەشت و دۆزەخ، هۆکارێکی کاریگەری بەهێزە بۆ ئاراستەکردنی تاك، بەڵکو لەسەر کۆمەڵگاش. . . ، بە باوەڕی من ئاین زۆر بێ تاوانە لەم جۆرە بازرگانییانە) [1] بەهۆی ئەم هەوڵە دوژمنکارانەوە، ڕێکخراوی (کۆمەڵگەی الرابطة الشرقية) لە ساڵی ١٩٢٨ ، زۆربەی ئەو لاڕێیانەی کە پەیوەندیان بە ڕێزەکانی ڕێکخراوەکەوە کردبوو، توانیان هەفتە نامەیەك بلاوبکەنەوە بە ناوی (الرابطة الشرقية) کە ڕێباز و پرۆگرامی ئەم ڕێکخراوەیە لە ژمارە پێنجی هەفتەنامەکەدا ئاشکرابوو، کە دەڵێ: (الرابطة الشرقية دەیەوێ کار لەسەر ئەوە بکات لە ڕێزەکانی ڕێکخستنیدا پایەدارانی شەرەفمەد سەربخات، لەهەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا، وە دەیەوێ ئەم ڕێکخراوە لە میانڕەوی و میانگیریدا بمێنێتەوە لە نێوان هەمولایەکدا، لانەداتەوە بەلای ئارەزوەکاندا و هەوەسەکانیش لارێی نەکەن، بۆ ئەوەی پانتایی مەیدانی تێکۆشانی فراوان بێت بۆ بانگەوازەکانی چاکسازی لە هەموو سۆنگەیەکەوە، بۆچون و مەزهەبە فیکریەکان لەخۆ بگرێت بەهەموو چەشنەکانیەوە، سڵ لە هیچ بۆچونێك لە بۆچونەکان نەکاتەوە نە بە ستەم نە بە شیکاری)[2] .

لەپاش ئەو هەوڵە نەگریسانەیان، دورنیە کە (سلامة موسی) لەم بارەوە بڵێت، بەتایبەت لە دوای ئەو وتارەی لە بلاوکراوەکاندا بلاوکرایەوە، بانگەشەی یەکسانکردنی پیاوان و ئافرەتان دەکات لە بابەتی میراتی دا، بەڵکو دژی هەموو شەرع و ئاینێکە کە پێچەوانەی بۆچوونەکەی بێت، (مامۆستا سلامة موسی

(١) (السياسة الاسبوعية) بەرگی ١٣ ، ژمارەی ١٤٦ ، بەرواری ٢٢ ی دیسەمبەر ١٩٢٨ز .

(٢) هەفتەنامەی (الرابطة الشرقية) لە دەستپێکی ژمارە پێنج لاپەری ٣ ، مارسی ١٩٢٩ ز .

مەسیحی کە هەموو خەڵکی بۆچوونی ئەو دەزانن لەوبارەیەوە، تۆندڕەوە لە پاڵنەرەکانی تازەگەریدا، هەروەها هەمووان ئەوەی لەسەر دەزانن و هەفتەنامەکەمان دەیەوێ بڵندگۆ و زمانحاڵی هەموو رۆژهەڵاتیەکان بێت، هیچ جیاوازی نەکات لە نێوان ئاینەکانیان و ڕەگەزەکانیان، هیچ ئانێك بەسەر ئاینێکی تردا سەرنەخات، چونکە گۆڤارەکەمان گۆڤاری برایەتییە نەوەك ترازان و دوبەرەکی)[1].

لە ئەندامانی (کۆمەڵگەی الرابطة الشرقية) و دەستەی نوسەرانی هەفتەنامەکە ئەم کەسایەتیانە بوون (دکتۆر طه حسين، و سلامة موسى، و دکتۆر هيكل بك، مامۆستا أحمد أمين، و مصطفى عبدالرزاق، و براکەی بەناوی علي عبدالرزاق. . . .) ئەم کۆمەڵە و دەستەیە بوو کە وای کرد کە ناوی (جمعية الإتحاد المصرية) داببڕێت بەسەر ڕێکخراوەکەدا. [2]

جا لەبەر ئەوەی کۆبونەوەی ئەم خەڵکانە هیچ ئامانجێکیان نەبوو جگە لە گاڵەگاڵی فیکری و شەڕ و هەراکەیان نەیتوانی هەڵبکشێ و بەرزبێتەوە بەرامبەر بزوتنەوە ئیسلامیە پتەو و بەتواناکاندا، لەبەر ئەمەو و ترسانیش لە ڕاپێچکردنیان بۆ دادگا هەر زوو نگرۆبوون و لێکترازان بەوێنەی یەکگرتنەکەیان، بەم شێوەیە یەکگرتن و ڕێکخراوەکەیان تەمەنی لە دووساڵ و چەند مانگێك تێنەپەڕی.

بۆیە باشترین شاهێد لەسەر ئەم تێکەڵکێشیەیان، یان بڵێین بەدەردی ئەو پەندەی دەڵێ: (ئەگەر دزان یەکبگرن ئیتر پریشکی دزی پرش دەداتەوە)، ئەوەتا (زكي مبارك) پەردە لەسەر بیروبۆچوونەکانی (طه حسين) لەدوای ئەو ناکۆکیەی کەوتە

(١) هەفتەنامەی (الرابطة الشرقية) ژمارە دوو، لاپەری ٢٠ ، دیسەمبەری ١٩٢٨ ز

(٢) گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٦ / ٦٧٥ ، بەرگی ٧/ ١٥١ .

نێوانیان هەڵدەداتەوە و هەقیقەتی دەخاتە ڕوو . . (ڕۆشتی و ئەوجا بۆچوونەکانی ڕۆژهەڵات ناسەکانت وەرگرت، و بەئاودێری تەبشریرەکان ئاودرایت، و خۆ بەشی تۆ تەنها ئەو ڕاپۆرتە بوو مێشکی پەرتکردیت بۆ گشت شتێ، خۆشت باش دەزانی کە تەنانەت یەك بۆچونیشت نیە کە بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچون پێی گەشتبی، بێ گومان لە کتێبی (النثر الفني) تەحەددام کردی کەچی بێدەنگ بویت و خۆت خزاند، چونکە دڵنیایی کە ماڵەکەت لە ماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازترە، نوسین و کتێبەکانت لەرۆژو ساتی لەدایکبونیان دەمردن، دەتوانی پرسیار لە لیژنەی نوسین بکەی بۆ ئەوەی هەوالّت بەنێ کە کتێبی (الأدب الجاهلي) یەك نوسخەشی لێ نەفرۆشرا جگە لەو نوسخانەی کە قوتابیانی کۆلێژی ئادابت ناچار دەکرد کە بیکڕن)[1].

ئەوە بەشێکی هەقیقەتەکان بوو، تەواوی هەقیقەتیش ئەوەیە ئەم بۆچوونانەی ئەو لاڕێیانە بلاّوی دەکەنەوە، بێ گومان مەیدانی ئیسلامیەکان ئاشنابون پێی هەر لەسەرەتایی سەرهەڵدانی (السيد أحمد خان)، کە لەمەوپێش بینیمان کە بۆچوونەکانی سەید أحمد لەگەڵ بۆچوونی میسریەکان هیچ جیاوازییەکی نیە، لەو ڕوانگەیەوە کە گوایە قورئان وتەکەی لای محمدەوە بووە و ماناکەشی هی خودا بووە . . . ، بەڵام ئەمە موسڵمانان بەرپەرچیان دایەوە و ڕەدیان کردەوە، بەردەوامیش بەو حاڵەوە دەمێنێتەوە و بۆیان ناچێتەسەر، چونکە خودا خۆی کتێبی خۆی دەپارێزێ، بۆیە گاڵەگاڵی هیچ کەسێك ناتوانی بچوکترین درز بخاتە

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی ٩/ ٥٦٩ .

متمانەی موسڵمانانەوە بە کتێبی پەروەردگاریان، هەرچەندە زۆر خۆی شپرز بکات و وتەکانی بڕازێنێتەوە و دەربڕینەکانی بەهێزبکاتەوە.

خۆری پرشنگداری ڕووننبێژی و ڕەوانبێژی لە مێژووی عەرەبدا لەچاو ئەم گاڵتە جاڕیانەی ئەمانە کردیان جگە لە خۆ سوککردن هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە، بۆچونەکانیان لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە زۆر لەوە بێ نرخ تر وەڵام بدرێتەوە، چونکە قورئان تەحەددای کەسانێکی کرد کە زۆر زۆر لەمان ڕونبێژتر و ڕەوانبێژتربوون، چونکە لەسەردەمی ئەواندا زمان پاراوبوو، لاربونەوە و زاراوەش زۆر نەبوو، ئەوەبوو کەسێکی وەکو (عتبة بن ربيعة) هیچ نەمایەوە بۆی جگە لەوەی دانی پێدانا کە قورئان لە لوتکەی ڕونبێژی و ڕەوانبێژییە، بەو وتەی کە دەربڕی بۆ وەصفی قورئان (من وتەیەکەم بیستووە واللە هەرگیز وتەی نمونەی ئەوەم نەبیستووە).

جا ئەوەی کە قورئان وەصف بکرێت کە وتەی مرۆڤە، تۆمەتی نەزۆکی ئەمرۆ نیە، بەڵکو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای دابەزینی قورئانی پیرۆز لە شاری مەککە پێش چوارده سەدە، لەمەش ڕونتر ئەوەیە قورئان لەسەر زاری موشریکەکانەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ * ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ * فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ * إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ * سَأُصْلِيهِ سَقَرَ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ * لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ * لَوَّاحَةٌ لِلْبَشَرِ *﴾[1].

هەروەها لە ڕسوابوونە و هەرگیز گونجاونیە کە موسڵمانێك بێت و بڵێ ڕەخنە لە قورئان دەگرم، یان بڵێ بارودۆخ کاریگەری لەسەر قورئان هەبووە، یان بڵێت

(١) ﴿المدثر: ٢٢ – ٢٩﴾

باری ژیان و بارودۆخ کاریگەری هەیە لەسەر باری دەروونی بۆ داهێنانی قورئان. . . . ، جا خۆ ئەگەر بوارەکانی وەحی بەوشێوەیە بڕۆشتایە کە ئەمانە بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوە محمد یەکەمین کەس دەبوو کە بت بپەرستێت – دور بێ لە پەیامبەرمان کە ڕازی بێت بە بوونی بت چ جا بیانپەرستێت – چونکە خزمەکانی هەموو هاوڕابوون لەسەر پەرستنی بتەکان، بەچۆکدا کەوتبوون بۆ بتەکان بە شەو و ڕۆژ، کەوایە باروگوزەران زیاتر بانگەوازی بۆ شیرك و بت پەرستی دەکرد، بەڵام پەیامبەر بانگەوازی بۆ تەوحید دەکرد، باری ژیانی خەڵك پڕبوو لە ستەم بەڵام بانگەوازی پەیامبەر بۆ سەرخستنی ستەمدیدەکان بوو، خەڵکی کچانیان لەناودەبرد و زیندەبەچاڵیان دەکرد و پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕا بەڵام پەیامبەر بانگەوازی بۆ دەکرد ڕێزگرتن لە کچان و گەیاندنی خزمایەتی. . . هتد، دەی ئیتر کوا کاریگەری باری ژیان و حاڵەتی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر دەرونی پەیامبەر و قورئان هەبووە، بەڵکو پێچەوانەی ئەم بۆچونانەش بەدی کراوە لە واقیع و ڕاستەقینەدا، وە لە مافی بانگەواز لەسەر باوەڕداری موسڵمان ئەوەیە کە بیگەیەنێت بە هەموو جیهان لەژێر هیدایەتی قورئان، بۆ ئەوەی داری ئیمان شکۆبکات و ڕێنوێنی مرۆڤایەتی بکات بۆ زانینی پێگەی قورئانی خوای پەروەردگار.

دژەیەکەکانی کتێبە ئاینیەکان:

کۆلێژی ئاداب بووبوو بە گۆڕەپانێکی فراوان بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی کتێبە ئاسمانیەکان، لەسەر دەستی کەسانێکی قەساب ئاسا کە هیچ بایەخێکیان نەدەدا بەم ناز و نیعمەتانەی لە ولاّتانی ئیسلامی دەستیان دەکەوت، ئەوەتا (طه حسین) لە

ئاهەنگێکدا کە کۆلێژی ئاداب گێڕابووی لە ٦/ ٤/ ١٩٣٢ وتارێکی پێشکەش کرد، کە ڕۆژنامەی (السیاسة) لە ڕۆژی دواتردا بڵاوی کردەوە، تێیدا دەڵێ: (دژەیەکیەکی زۆر دەرکەوتووە لە نێوان دەقەکانی کتێبە ئاینیەکان و ئەو دەستکەوتانەی کە زانستی نوێ پێی گەیشتووە لە تیۆری و یاساکاندا، کاتێ کە ئاین جەخت لە بوونی خودا و پەیامبەرایەتی دەکاتەوە، بەڕاستی زانست دان بەو دوخاڵەدا نانێ، بۆیە زانای ڕاستەقینە ئێستا دید و تێڕوانینی بۆ ئاین زۆر سادە بووەتەوە هەروەکو ئەوەیە کە تەماشای کتێبێکی زمانەوانی بکات، هەروەها دیدگاکانی بۆ فقهـ و بۆ جلوبەرگ و شتانی تر کە تەنها بابەت و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین، کە پێگە و کۆمەڵێك دایان هێنابێت و تەواو، بەمەش دەگەین بەودەرەنجامەی کە لە دیدگای زانستەوە وادەبینرێت کە ئاین لە ئاسمانەوە نەهاتووە، وە وەحی بۆ کەس نەهاتۆتە خوارەوە، بەڵکۆ زادەی سەرزەوییە هەر چۆن کۆمەڵە و گروپەکان زادەی سەرزەمینن)[1].

هەروەها مامۆستا مصطفی عبدالرزاق کە مامۆستای یاریدەدەربوو بۆ وانەی فەلسەفە لەسەر سەکۆکانی کۆلێژ لەوتارەکانیدا بۆچوونی خۆی دەخستە ڕوو: (زانستە ئاینییەکان تاکو ئەمڕۆژگارەی ئێستامان لەسەر هیچ بنەمایەکی جێگیر دانەمەزراوە، و هیچ پێناسەیەکی گشتگیری بۆ دانەنراوە، بەڵکو بەردەوام لێکۆڵەران هەوڵی ئەوە دەدەن کە درەختی ڕەچەڵەك بۆ ئاینەکان دابتاشن هەروەکو

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦/ ٦٧٥) و بەرگی (١٤/ ٨٩٤) .

چۆن زمانەوانان هەوڵی ڕەچەڵەکداری بۆ زمانەکان دەدەن، بەڵام لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوون)[١].

ئەوەش دکتۆر (هەیکەل بەگ)ـە کە داخوازی لە نوسەری کتێبی (آداب اللغة العربية) دەکات کە ئەو بنچینانەی بونەتە سەرچاوەی دارشتنەوەی قورئان بناسێنێ: (ئێمە خوازیارین کە خاوەنی کتێبی (آداب اللغة العربية) ئاشنامان بکات بەو سەرچاوە و دیدگایانەی کە ئەم کتێبەی (قورئان)ی لێوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵکو خوازیارین کە کتێبێك تایبەت بکات بە پەیامبەر و ژیاننامەی پەیامبەر لە ڕوانگەی ئەدەبیەوە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە پەیامبەر پشتی پێ بەستوون، وە چۆن چۆنی گەیشتۆتە ئەو شێوازانەی ئەدەب)[٢].

ئەوەش (محمد أحمد خلف الله)یە نمونەی دژیەکەکانی قورئانی پیرۆز دەخاتە ڕوو، لە خامە نادادپەروەرەکەیدا دەڵێ: (قورئان لەسەردەمی سەرەتایدا ئەوە دەچەسپێنێ کە جنۆکە زانست و زانیاری هەیە بەهەندێ شت، دوای پێشکەوتنی کات نکۆڵی ئەوەدەکات کە جنۆکە هیچ شتێك بزانێ، هەروەها چیرۆکی پەیامبەر موسا لە سورەتی کەهفدا لەسەر هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی ژیان دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی نامێژوویی دامەزراوە)[٣].

بەڵکو هەوڵە دوژمنکارانەکانی دکتۆر (طه حسين) بۆ کتێبە ئاینیەکان دەگاتە ئاستێکی دژواری وەها کە هەڵدەکوتێتە سەر دەستوری حکومەتی میصر، کە لە گۆڤاری (الحديث)ی شاری حەلەب بڵاوی دەکاتەوە و دەڵێ کە دەستوری میصر

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦/ ٦٧٥).
(٢)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦/ ٦٧٥).
(٣) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٧/ ٨٦١).

بوەتە جێی پەرتەوازەیی، بەهۆی ئەو ماددەیەوە کە نوسراوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە ئاینی فەرمی ولاتی میصر ئاینی ئیسلامە، چونکە ئەمە دژە بە واقعی ژیانی ولات و نەتەوەکانی میصر، بێ گومان ئاسمانی میصر جگە لە موسڵمانانیشی تێدایە)[١].

گاڵتەجاڕی بە بەدیهێنەرمان (الله) عزَّ و جلَّ :

هەوڵە نەگریسەکانی گومان دروست کردن لە پەیام و نامیلکەوە گەشتە نوسینی کتێب لەسەر بەدیهێنەرمان (الله) عزّ و جلّ، ئەوەش کۆتا خاڵ بوو کە ڕۆژاوا لە دژایەتی کردنی ئاینەکان پێی گەیشت، ئەوەتا (الزهاوي) کە خاونی کتێبی (الکائنات)ـە لەسەر ڕێڕەوی ماددەگەرایان دەچێت، گەشتۆتە ئەوەی نکۆڵی دەکات لە بوونی بەدیهێنەر (الخالق) و ڕۆح و مانەوەی هەتاهەتایی قیامەت. . . ، بەڵکو هەموو ئەو بابەتانەی ماددەگەرایان نکۆڵی لێ دەکەن، دواتر بە یەك وشە کۆتایی بە کتێبەکەی دەهێنێت و دەنوسێت (انتهال)، بەمەش سوکایەتی بەهەموو ئەو بۆچوونانە دەکات کە لە کتێبەکەیدا چەسپاندویەتی، ئەمەش بە شێوازی فێڵبزبانەی خۆی بیانووی ئەوە دەگێڕێ کە لەترسی شەڕوهەرای حکومەتی ئازادی کوژدا وەهای وتووە.

بێ گومان ئەم شێوە فرتوفێڵانە لە تێڕوانین وەفاداربوو بۆ خاوەنەکەی و بووە هۆی ڕزگارکردنی لە هەموو سزایەك، چونکە پەند بە کۆتایی بەسەرهاتەکانە و ئەوەش ڕوویدا بەسەر (الزهاوي)دا لەگەڵ کێشمەکێشی حکومەتدا، چونکە حکومەت و یاسا نەیانتوانی یەك تۆمەتیشی بەسەردا ڕاست بکەنەوە.[٢]

---

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦/ ٦٢٩)

(٢) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٢/ ٥٤٢)

ئیتر دەرگا زیاتر والآبوو بۆ شێوەی ئەم بۆچوونە ناپەسەندانە لە میصردا، لە خودی میصریەکانەوە بیگرە بەجۆرێ هەرکەس ویستبای خۆی لارێ بکات ئەوە دەرگای رۆژنامەکانی بۆ والآکرابوو، بەڵکو هەرکەسێکی تریش لە ولآتانی تری ئیسلامی کە بوار بۆ بۆچوونی گەنیوی نەبوایە هانای دەهێنا بۆ چاپ و چاپەمەنیەکانی میصر چونکە پێشوازیەکی باشی لێ دەکرا، ئیتر قۆناغی پەیامناردن لە ولآتانی تری ئیسلامیەوە دەستی پێ کرد بۆ ئەم هەوڵە ناشکۆمەندە، کە شانازیان پێوە دەکرد، و ئەوە هەفتەنامەی (السیاسة)یە کە وتارێکی (عبدالواحد بن محمد الجیلاني)ی خەڵکی سەنگافور بلآودەکاتەوە کە نکۆڵی بوونی بەدیهێنەرمان (الله) دەکات، بەڵکو سەیری لێ دێت کە ئاسمان و زەوی دروست کرابێت و لە نەبوونەوە و هێنرابێتە بوون، دەڵێ (چۆن شت لە نەبوونەوە دەخوڵقێنرێ، مانای سەرەتای دروست بوونی زەوی و ئاسمان چی یە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خوایەك هەبێت ئەم ڕێکخستنانەی کردبێ؟ و هەرچی بوێ بیکات؟! جیهانی لە هیچەوە هێنابێتە بوون...؟! ئەوەش پێکەنیناویە هەندێ دەڵێن ناتوانین ڕاڤەی مانای (الله) بکەین، چونکە ئەگەر بێت و تاقیبکرێتەوە و شیبکرێتەوە ئەوە دەگەین بەوەی خوایەکی کۆتاهاتووە)[1].

جـــا دوای ئەوەی ئەو گومانکارانە گەیشتنە گرەنتی و ئاسایشی چەسپاندنی پەیامەکانیان، کە گوایە لە لوتکەی مرۆڤایەتیدایە، و دەتوانرێ بە جدی و تێکۆشان بەدەست بهێنرێت، گەشتنە ئەو دەرەنجامەی کە قورئان تەنها وتەی خودی موحەممەدە و خواوەندیش جگە لە داهێناوێکی مرۆڤکرد هیچی تر نیە، ئیتر دەستیان کردە ڕاڤەکردنی

(١) هەفتەنامەی (السیاسة) ژمارەی ١٨٥ ، لاپەرە ٢١ ، بەرواری ٢١ ی سیپتەمبەر ١٩٢٩ ز .

ڕوداوەکانی ئیسلام و بابەتە ئیسلامیەکان لەسەر ڕێڕەوێك كە هیچ دیدگایەکی باوەڕداری نەبێت و هیچ باوەڕێکیشی لەسەر دانەمەزرێ، بەڵکو تەنها گۆڕانکارییەك بووە لە ڕوانگەی ویست و ئیرادەی مرۆڤەوە بووە بۆ مەرامی ئابووری و شۆڕش گێڕی، دواتر هەموو ڕوداوێکی میژووی ئیسلامیان بەم دیدگا لاروچەوتە لێك دەدایەوە.

کۆچـــکردن:

(إبراهيم عبدالقادر المازني) هەڵبژاردنی شاری مەدینە بۆ کۆچکردن و دامەزراندنی پێغەمبەر و هاوەڵانی بە بڕیارێکی مرۆڤی و سروشتی خودی پێغەمبەر ﷺ وەصف دەکات، دەڵێ بەهیچ شێوەیەك وەحی خودایی پەیوەندی بە بڕیار و ئاراستەی کۆچکردنەوە نەبوو بەو جۆرە، (لەدوای وردبونەوە و خوێندنەوەی ژیاننامەی پڕ سەروەریی پێغەمبەر ﷺ بۆم ڕون بوویەوە کە هەڕەمەکی نەبووە، هەر چەندە وەحی نەبوو لایەن خودایشەوە، بەڵکو پلانێکی تۆکمە و بەجێ بوو، قۆڵ بونەوەی زۆری هەبووە و بیری تێدا خراوەتە کار بەشێوەیەکی سروشتی، و ڕوداوەکانیش لە بەختی ئەو پلانەدا بوون)[1].

پاشان هۆکارەکانی ئەو بژاردەیە دەژمێرێت، و دەڵێ: (ئازاردانەکانی هۆزە قورەیشیەکان تابێ زیاتر دەبوو بە هۆی ئەو بانگەوازەی بانگی دەکرد بۆ خواناسی و خواپەرستی، و بانگەوازی ئیسلامەتی، ئەم بارودۆخە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەردەوام بوو، بۆیە گونجاوە کە پێغەمبەر ﷺ بە سروشتی خۆی بیر بکاتەوە لە دەروازەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ ڕزگاربوون لەو نارەحەتیە...، و من وای بۆ دەچم زۆر سروشتی و مەعقول بێت کە بیر لە یەسریب (مەدینە) بکاتەوە....، چونکە

(١)گۆڤاری (الرساله) بەرگی (٦/ ٤٥٢).

یەسریب رێرەوی هاتوچۆی بووە لە پێشتر، ئەوکاتانەی کە کاری بازرگانی دەکرد. . . . ، و سەرباری ئەوەش کە دۆست و ئاشنای لەوێ هەبوو، پاشان باوکیشی (عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب) لەوێ نێژراوە، هەروەها دایکیشی لەو تازەییانەی وەفاتی باوکی هەموو ساڵێك سەردانی گۆڕی عبدالله ی دەکرد، و منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد. . . ، بێ گومان ئەمانە واپیشان دەدات یەسریب پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە دڵیدا، و پەیوەستە بە هەستەکانیەوە، بۆیە ناکرێ چاو پۆشی بکات لە یادەوەریەکانی منداڵی و هەتیوی و باوکی بەخاك سپێردراوی لەوێ و دایکی ماندووی ئەو بیابانەیە)[1].

مـــن لێپێچینەوە لەگەڵ (المازني)دا ناکەم لەسەر ژماردنی هۆکارە سروشتیەکان، کە بەهۆیەوە مەیدانی پەیامبەرێتی لە زۆربەی خاڵەکاندا دەرکردووە، بەڵکو پرسیارێکی ئاراستە دەکەم بەڵکو جگە لەخۆیشی خەڵکی تریش پەندی لێ وەربگرێت، گرنگیان بکە کە سەروەرێك یان پێشەوایەك یان سەرۆکێ کە هەمان ئەم بیانوانەی هەیبێ ـ ئەم کابرایە داینناوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ جیاوازی پێگەکەشدا، کە مەدیینەی هەڵبژاردووە بۆ کۆچکردن، ئایا دەگونجێ لە پێش ئەم شارە، دوو جاری تر شوێنکەوتوانی بنێرێ بۆ شوێنانی تری وەکو پشتەوەی دەریاکان؟!، عەقڵیشی نەشکابێت بە هەبوونی نزیکانی لە مەدیینە و گۆڕی بابی و سەردانەکانی دایکی لەبیرکردبێت؟! ئاخۆ خەڵك و شوێنکەوتووانی چۆن تەماشای ئەو بڕیارانە و ئەو دەرەنجامە دەکەن؟!

---

(١)گۆڤاری (الرسالة) بەرگی (٦/ ٤٥٢)

بەڵکو بێ گومان ئەو کۆچکردنەی بۆ شاری مەدینە بەشێك بووە لە بریاری خوایی و بەشێکیشە لە پەیامی ئاسمانی، بەڵام لەگەڵ هەندێ سروشت و ڕووداوی ژیانی پەیامبەردا یەکیانگرت بوو.

محمد ﷺ شۆڕشگێڕێکی ئیشتراکی بووە:

مامۆستا (بەندەلی الجوزي الفلسطيني) کە مامۆستای وانەبێژبوو لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمدا، لە زانکۆی (باکو بەلشەفییە) کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی (تاریخ الحرکات الاجتماعیة) لەوێدا نوسەر هەرچی هەوڵ و توانای هەیە دەیخاتە گڕ بۆ ئەوەی وێنای پەیغەمبەر بکات بە شۆڕشگێڕێکی ئیشتراکییە، بەڵکو لە یەکێك لەبەشەکاندا بەناونیشانی (بنچینە ئابوریەکانی ئیسلام) جەخت دەکاتەوە کە پەیامبەر هەڵنەساوە بە بزونتەوەیەکی ئایینی و ئەخلاقی، بەڵکو لەڕاستیدا هەستاوە بە شۆڕشێکی ئیشتراکی، ئەوەش بەبەڵگەی ئەوەی کە هانی جوتیارانی دەدا بۆ ڕاپەڕین دژی سەرمایەدارەکان)[1].

جـــا نمونەی ئەم کەسانە وەکو چەند کەسێکی کوێرەوەرن کە بە چاوی نابیناوە بگەن بە فیلێك، هەرکەسەیان دەستی بەر شوێنێکی فیلەکە بکەوێت، دواتر هەرکەسەیان وەصفی فیل دەکەن بەو بەرکەوتن و دیدگایەی خۆیان هەیانە، جا هەرکامیان دەستی بەر لولەوانەی فیلەکە کەوتبێ وا خەیاڵ دەکات فیل لە بۆری ئاو بچێ، هەرکێ دەستی بەر لاقی فیلەکە کەوتبێ وا خەیاڵ دەکات فیل لە ستوونی خێمە بچێت.....، لەڕاستیدا ئەوان باوەڕیان بە پەیام و پەیامبەرێتی نیە، بەڵکو دیدگایان بۆ ئەم کومەڵگە نمونەییەی کە ئەو سیفەتە جوانانەی تێدا هاتە کایەوە، هەر لە نەمانی ستەم و سەربەرزی

(١) گۆڤاری (السیاسة) ژمارە ١٥٧ ، لاپەرە ١١ ، بەرواری ٩ ی مارسی ١٩٢٩ز .

ستەمدیدەکان، ئیتر وایان زانی کە پێغەمبەر شۆڕشکێی ئیشتراکی کردووە، چونکە ئیشتراکی تەنها بانگەشەی ئەو دروشمە بریقەدارانە دەکات، ئەگەر چی لە هیچ نەتەوەیەکدا دروشمە بریسکەدارەکانی ئیشتراکی نەهاتۆتە کایەوە.

تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورە (الجهاد) :

دوای ئەوەی کە دوژمنانی باوەڕی ئیمانداران توانیان بیروباوەڕی ئیسلامەتی لە ئەندامەکانی خۆیان ڕابماڵن، ئیتر کاریان ئاسان بوو بۆ هەموو تانە و تەشەرێکی نەنگ بە موسڵمانان، بەڵکو هیچ جیاوازی نیە ئەو تانەوتەشەرانە بگرنە پێغەمبەر ﷺ و جێنشینە ڕێنیشاندراوەکانی (خوایان لێ ڕازی بێت) لە دوای خۆی...

ئەوەتا (علي عبدالرزاق) بوونی جیهاد و تێکۆشانی پێغەمبەر ﷺ تەنها بە بانگەواز وێنا ناکات، یان تەنها بۆ گەیاندنی پەیامی خودایی نازانێ، چونکە غەزا و جیهاد بۆ پاشا و دەوڵەتانە: (یەکەم شتێك کە دێت بەبیری مرۆڤدا لە بارەی پاشایەتی و دەسەڵاتەوە، کە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ سەریهەڵدا، بابەتی جیهادە، بێ گومان پێغەمبەر ﷺ غەزا و تێکۆشانی کردووە لەگەڵ نەیارانی ئاینەکەیدا لە هۆزەکانی عەرەب، ولاتانی ڕزگارکرد، و غەنیمەتی لێ دەستکەوتن، پیاوان و ئافرەتانی کردە ژێردەستە و کۆیلە، ئەوە گومانی تێدا نیە پێغەمبەر ﷺ چاوی بڕیبووە ناوچەکانی ئەودیوی دورگەی عەرەبی، خۆی ئامادەکردبوو بۆ ناردنی سوپاکەی بۆ ئاسۆکانی سەر زەوی، ئەوەبوو کە بەکرداری دەستی کرد بە ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ حکومەتی ڕۆمانی لە ڕۆژئاواوە، و بانگەوازی کیسرای فارسیەکان دەکات بۆ هاتنە نێو ئیسلامەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە، هەروەها نەجاشی لە حەبەشە و موقەوقەس لە میصر.

(لەیەکەم ڕوانیندا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە جیهاد تەنها بۆ بانگەوازی ئاین نەبووە، نە بۆ ئەوەش کە خەڵکی بێنە نێو ئیسلامەوە و ئیمان بە خودا و پێغەمبەر ﷺ بهێنن، بەڵکو پێدەچێ بۆ چەسپاندنی سوڵتان و دەسەلات، و فراوانکردنی پانتایی دەسەلات بێت.

(بانگەوازی ئاین تەنها بانگەوازە بۆ لای خوا، بڕبڕەی پشتی ئەم بانگەوازەش تەنها بە ڕونکردنەوەی ڕێگاکە دەبێت، و جوڵاندنی هەست و دڵەکانیش بە هۆکارەکانی ڕازی کردن دەبێت، بەڵام قوەت و هێز و زۆرلێکردن هەرگیز شایستە نیە لەگەڵ بانگەوازییەکدا کە ئامانجی ڕێنوێنی دڵان و پاکیزەیی باوەڕ بێت، هەرگیز نەمانبینیوە و نەمانزانیوە کە مێژووی بانگەوازی پەیامبەران کەسێکیان ناچار کردبێ بۆ باوەڕهێنان بە اللە بە هۆی زەبر و شمشێرەوە، هەرگیز نەمانبیستووە کە پەیامبەرێك جەنگی لەگەڵ نەتەوەکەی کردبێ بۆ باوەرکردن بە ئاینەکەی)[1].

ئەم درۆیەی (علي عبدالرزاق) بێ پێشین بوو، جگە لە ڕۆژهەڵاتناسەکان هیچ کەسێ وای نەوتووە، تەنانەت بە موسڵمانێکی سادەش وەڵام دەدرێتەوە، سەرباری وەڵامی زاناکانمان، چونکە لەڕاستیدا بچوکترین ڕوداوی ژیانی پەیامبەر ئەم درۆیە وەڵام دەداتەوە، بانگەشەکەی پوچەڵ دەکاتەوە، تەنها ئەوە بەسە ئاماژە بە نامەی پێغەمبەر ﷺ بکەین کە ناردی بۆ هیرقەل کە بچکوترین پەیامی پاشایەتی و دەسەلاتگەرایی تێدا نابینرێ لە ڕەفتاری پێغەمبەر ﷺ دا . . .

(١)کتێبی (الإسلام و أصول الحكم) لاپەرەی ١١٦ ، کتێبخانەی الحياة بيروت ١٩٧٨ز.

کە فەرمووی: (بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە محمد پێغەمبەری خوداوە ﷺ بۆ هیرقەل گەورە و سەرداری ڕۆم، سەلامەتی بۆ هەرکەسێ کە شوێنی ڕێنمایی بکەوێ، پاشان..

بێ گومان من دەمەوێ بانگەوازی بکەم بۆ ئاینی ئیسلام، ئیسلام وەربگرن سەلامەت دەبن، خۆت بدەرە دەستی ئیسلامەتیەوە خودا دوجار خێرت بۆ دەنوسێت، بەڵام پشت لەم ئاینە بکەی ئەوە تاوانی ئەریسیەکانیشت دەکەوێتە سەر، ئەی ئەهلی کیتاب وەرن.... تا تەواوی ئایەتەکە)[1].

فەرمایشتی (أَسْلِمْ) واتە (ئیسلام ببە) کە پەیامی پێغەمبەر ﷺ بووە، هەموو بانگەشە و گاڵەگاڵی شپرزی ئەو نوسەرە پووچ دەکاتەوە کە دەیویست بیپێچێتە پەیامبەری گوێرایەڵی کراو، ڕوون دەبێتەوە کە پاشاگەر و دەسەڵاتگەر نەبووە کە لەدەستی خەڵکی وەرگرێتەوە.. ! بەڵکو پەیامی خودایی پێبووە.

هەروەها (علي عبدالرزاق) ئەبوبەکری صدیق بە یەکەم پاشا لە ئیسلامدا ناوزەند دەکات، گوایە هاوەڵانیش هەستیان بەو خواستەی ئەبوبەکر کردووە لە کۆتاییەکانی تەمەنی خەلافەت و مردنی ئەبوبەکر دا.. !

دەڵێ: (ئەوان لەورۆژەدا تەنها سەرقاڵی تاوتوێی دامەزراندنی دەسەڵات و مەملەکەت و چەسپانی وڵات بوون، و حکومەتێ کە بەوردی دابمەزرێ، ئەوەبوو کە زاراوەکانی ئیمارەت و ئومەڕاء و وەزارەت و وەزیرەکان لەزاریان دەبیسترا، باس و خواسی هێز و شیر لە ئارادا بوو.... ، ئەوانەش بۆ هیچ مەبەستێك نەبووە جگە لەمەبەستی دەسەڵات و دامەزراندنی وڵات، لەژێر ئەم کاریگەریانە بوو کە

(١) ئیمامی موسلم ریوایەتی کردووە بە ڕافەکەی ئیمامی نەوەوی (١٢/ ١٠٧).

کۆچبەران و پشتیوانان پێشبڕکێ کەوتە نێوانیان بۆ دەستکەوت، گەورە هاوەڵانیش کەوتنە ئەو پێشبڕکێیەوە، تا لە کۆتاییدا بەیعەت درا بە ئەبوبەکر، بەم پێیەش دەبێتە یەکەم پاشا لە ئیسلامدا)[1].

هەروەها جەنگ و جیهادەکانی ئەبوبەکری صدیق لەدژی هەڵگەڕاوەکان تەنها بە جەنگێکی سیاسی وێنا دەکات، کە هەموو موسڵمانان بە جیهادێکی ئیسلامی دەیزانن، ئەوەش وانییە..! دەڵێ: (هیچ ساتێ دودڵ نین لەوەی کە زۆربەی جەنگ کە ناونراوە جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکان لە سەرەتاکانی خەلافەتی ئەبوبەکر هەرگیز جەنگێکی ئاینی نەبووە، بەڵکو جەنگێکی سیاسی پوخت بوو، ئەوە موسڵمانی سادەیە وادەزانێ جەنگێکی ئاینی و شەرعی بووە، بێ گومان هیچی لەبەر خاتری ئاین نەبووە)[2].

سەمەرە ئەوەیە ئەم کابرایە لە میانەی لێکۆڵینەوەکەیدا لە کتێبی (أصول الحکم في الإسلام)دا بانگەشەی ئەوە دەکات کە خەلافەت هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئەو رۆژەی لێکۆڵینەوەکەی نوسیوەتەوە بۆەتە نەگبەتی و بەڵا بۆ سەر ئیسلام و موسڵمانان..، (ئەوەی واقعی بێت کە بیڵێین ئەوەیە چاکسازی موسڵمانان لە دونیایان و ژیانیان هەرگیز نەوەستاوەتەوە بەو خەلافەتانە، ئێمە زۆر بێنیازین لەو خەلافەتە بۆ ژیانی دونیامان و مەیدانی دینداریشمان، بەڵکو بمانەوێ زیاتر لەوەش دەڵێین لەسەری...، بەڵکو خەلافەت نەگبەتیەکە لەو

(١)کتێبی (الإسلام و أصول الحکم) لاپەرەی ١٨٣ ، کتێبخانەی الحیاة بیروت ١٩٧٨ز.

(٢)کتێبی (الإسلام و أصول الحکم) لاپەرەی ١٩٦ ، کتێبخانەی الحیاة بیروت ١٩٧٨ز

رۆژەوە تاوەکو ئێستا هەر نەنگیە بۆ موسڵمانان، و سەرچاوەی شەڕ و گەندەڵیە)[١].

(ئەوە هەقە بیڵێین، ئیسلام بەریە لەو خەلافەتە کە کراوەتە بەر ئیسلام و موسڵمانان، بەریە لە هەموو ئامادەکاریەکانیشی، هەر لە دڵخۆشکەری و ترسان لە خەلافەت، و نیشانەی دەسەڵات و هێز بێت..، هیچ کات ئیسلام ڕێگری نەکردووە کە موسڵمانان پێشبڕکێی وڵاتانی پێشکەوتوو بکەن بۆ بواره سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بە هەموو چەشنەکانیەوە، بڕۆن ئەم نەنگیە بڕوخێنن، ئەم سیستەمە تەوقە کە زەلیل و ملشۆڕی کردووین)[٢].

درۆگەلێکی کردووە کە هیچ موسڵمانێك گومانی لێ نیە کە ئەم کابرایە درۆدەکات، بەڵکو هیچ ژیرێك نیە باوەڕی پێ بکات، بۆیە بۆ ڕێزی خۆمان تەنها ئەو پەندەی بۆ دەکەینە وەڵام ﴿ئەگەر قسەکەر شێت بێ، خۆ دەبێ گوێگر عاقڵ بێ﴾، جا لە ڕوانگەی ئەو شێت بوونە، وتەی (سەید محمد گەیلانی) دڵڕەقین دەهێنین، ئەو کەسەی ڕق و کینەی لە ئیسلام و موسڵمانان لە لوتکەدا بوو، لەبارەی جەنگی خولەفای ڕاشدین دێتەگۆ، کە هیچ شەڕ و جەنگێك لە جیهاندا نەبووە هاوتایی جەنگی ئەوان پڕ لە دادگەری و وژدان بێت لە دوای پێغەمبەر ﷺ، جا دەڵێ: (ئەبوبەکر تەنها لەبەر خۆشەویستی ئیسلام نەجەنگاوە، عەلی کوڕی ئەبی تاڵب لەبەر خۆشەویستی ئیسلام نەجەنگاوە، عومەر لەبەر خۆشەویستی ئیسلام نەبووە ئەو قوربانیانەی لەوشتره مێ کردووە، عوسمان لەبەر خۆشەویستی

(١)کتێبی (الإسلام و أصول الحكم) لاپەرەی ٨٣ ، کتێبخانەی الحیاة بیروت ١٩٧٨ز

(٢)کتێبی (الإسلام و أصول الحكم) لاپەرەی ٢٠١ ، کتێبخانەی الحیاة بیروت ١٩٧٨ز

ئیسلام نەبووە کە ڕووبەڕوی هەیام بویەوە، بەڵکو هەریەکێك لەوانە تەماع و بەرژەوەندیەکی تاکەکەسی هەبووە، لەژێر پەردەی ئەم جیهادە دروستکراوەدا کردویانە، ئەو جەنگە زۆر لەخۆکردنە . . ، بەڵێ لەژێر پەردەی جیهاددا و لەپشتی ئەو شکۆمەندیە خۆپەرست و ستەمکارانەوە هەوڵی خۆیان دەدا، خۆپەرستی و دەسەلاتگەرایی بوو، خۆ جارێ پێغەمبەر ﷺ تەواو لەم دونیا نەرۆشتبوو، هەرزوو دەمامکی ڕیابازی، و پەردەی خۆپەرستی هەموو هەڵمالڕا، ئیترهەقیقەتی ئەو کەسانە ڕون و ئاشکرا بوو کە زۆر دونیا ویست بوون)[1].

پێشتریش (طه حسين الكيلاني) لەم جۆرە ناوناتۆرە و چپە چپ و سنورانەی دەبەزاند، ئەوەتا لە (فی الادب الجاهلی)دا لەو چاپەی کە لەبازارەکاندا کێشرایەوە، لاپەرەی (٢٧٩) دەڵێ : (بێ گومان ئیسلام تەبایی و ئاشتی بلاوکردەوە لە نێو هۆزەکاندا، ئەو گرتەکانی سەردەمی نەفامی کۆتایی پێهێنا، ئەمەش جۆرێکی تر بوو لە پاڵە پەستۆ لەسەر ژیانی عەرەبی، چونکە بەم کۆت و بەندانە مافی تاکە کەس زەوتکرا و مافی کۆمەڵگەش پێشێلکرا، بەم پێیەش ژیانی ماددی و ئابوری ناوچەکان لەسەر دەمی ئیسلامدا خراپتر بوو لە ژیانی پێش هاتنی ئیسلام)[2].

ئەوەش مامۆستا (محمود المنجوري) پێشنیاری شیکردنەوە و ترازانی هەموو پەیوەندیە خێزانی و ژیانە هاوچەرخیەکان دەڵێ با دابڕێت لەو پەیوەندیەکانی ڕابردوو، ئەم قسانەی لە گوتارێکدا وت کە لە کۆمەڵەی گەنجانی مەسیحی (جمعية الشبان المسيحي) لە قاهیرەدا، جا وتبووی: (دەستوری خێزانی لای ئێمە

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٢/ ١٠٨).

(٢)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٤/ ٨٩٢)

گەندەڵترین جۆرە، ئەگەر چی بێ حیجابی زۆر ئاسایی بوەتەوە، بەڵام هێشتا خێزانەکان لەژێر یاساگەڵکی گەنیودان. . . . ، هەروەها دەنالێنین بەدەستی نەنگی تەشریعەوە، بەرێزان تەشریعیش خۆتان دەزانن لە کۆمەڵێ بنەما و بنچینە سەرچاوەی گرتووە کە زۆر زۆر دورن لەم ژیانی کۆمەڵایەتیەی ئێستامان. . . . ، باشە ئەی ڕێگەی چاکسازی چییە؟ بە ڕای من ئێمە بە چەند پلەی مەدەنیەتدا تێپەڕیوین، دەبێ ئێستا ئەو ئەو بابەتە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیانە دابروخینین کە پەیوەستمان دەکاتەوە بە ڕابردووەوە، ئەوەش ئاسانترین ڕێگەیە بۆ چاکسازی. . ، بە بۆ چوونی من دەبێ باری خێزانیی ئیستا هەموو دابروخێنین. . . . ، دەبێ تەشریع و یاساکانمان لە گیانی سەردەمیانەوە سەرچاوە بگرێت، و بەوشێوەیە بێت کە پێشکەوتن خوازی دەیەوێ)[1].

بەڵکو خراپترین و ترسناکترین بەناو چارەسەرێك بینیبێتم ئەو وتانەیە کە مامۆستا (أحمد أمین) لە (الرابطة الشرقیة) لە ژێر ناونیشانی (وحدة العالم) کاتێ لەنوسینەکەیدا دەڵێ: (ئێشتا جیهان بووەتە تۆرێکی پەیوەست، توند و پێکەوە چنراوەتەوە، هەموو بەشێکی بە متمانەوە پەیوەندی بە بەشی ترەوە دەکات، ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە جیهان لە پارچەی بچوك بچوکی جیاواز پێکهاتبوو. . . . ، جیهان بەپێی ئەو پێکەوە بەستنە بەرێوە دەچێ، بەشێوەیەکی بەرفراوان، ئێستا لێك نزیکبونەوەی ڕێبازی سیاسی و ئابووری و فیکری هەیە. . . ، بۆیە ئێستا جیهان جگە لە مەدەنیەتێکی یەکپارچە هیچی تری بۆ

(١) گۆڤاری (السیاسة الاسبوعیة) ژمارە ١٦٤ ، پەرەی ٢٧ ، بەرواری ٢٧ ی ئیریل ١٩٢٩ز .

ناشێت، ئەم پەیوەندیە مۆدێرنە بەهێزەش جگە لە یەك شێوازی شارستانیەت ڕێگە بە شارستانیەتی تر نادات چ بگات بە چەندین شارستانیەت. . .

(جا ئەگەر ئەوەش تەواو بێت کە دەڵێین جیهانی ئێستا دوو شارستانیەت هەڵناگرێت، دەتوانین بڵێین کە ڕۆژهەلاتی ئەم سەردەمە ناتوانێ شارستانیەتێکی تایبەتی هەبێت کە جیاواز بێت لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا. . . ، جا بەم پێیەش جیهانی ڕۆژهەلات ناچارە بەرەو شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەنگاو بنێت، ناشتوانی هیچ ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر، ئێستا دڵسۆزانی نەتەوەکان هەوڵی ئاراستەکردنی شارستانیەتی خۆیان دەدەن بەرەو ڕۆژئاوا، باشترین ڕێگەش ئەویە کە کۆمەڵگا بۆ ئەو هەنگاوە ئامادەبکرێت، و هاندانی هۆکارەکانی بەرەو ڕۆژئاواچوون کارا بکرێتەوە بە پێی پیلانی چاکسازان، و هەوڵی بەهێزکردنیشی بدرێت لەناوەوەی خۆیدا، نەوەك لەدەرەوە، و پێویستە ئامادەسازی بۆ بکرێت، نەوەك دواتر بچەسپێنرێت بەسەریدا بەناچاری)[1].

جا خوێنەری بەڕێز. . ببینە . . !!

دەرونی کەسانێك کە قەڵای ئیمانی تێدا داڕوخابێت، نیشانەکانی کرێ گرتەیی و نۆکەری بێگانەی لێ دەردەکەوێ، دەیەوێ موسڵمانان ببنە پاشکۆی ڕۆژئاوا لە فیکر و شارستانیەت و دینەکەشیاندا. . . ، بەڵام هەرگیز وتەکانی پێغەمبەر ﷺ ی ڕاستگۆمان بەهەڵەدا ناچێت کە فەرمویەتی: (لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ مَنْصُورَةٌ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ. . .) خۆ ئەگەر تەمەنی (أحمد أمين) درێژ بوایەتەوە بۆ ئەم سەردەمە بەچاوی خۆی دەیبینی بەهەڵەدا چووە و ئەم میللەتە کلتوری ڕۆژئاوای

(١) گۆڤاری (السياسة الاسبوعية) ژمارە ٢ ، پەرەی ٥٢ ، بەرڕواری ١٥ ی دیسەمبەر ١٩٢٩ز .

پێوە نالکێت، بەهەمو هێزە داپلۆسێنەکانیشیانەوە، بە دزینی هەموو سەروەتی جیهانیش ناتوانێ شارستانیەتی خۆی بسەپێنێ...، بەڵکو هەموو بەرەو ئیسلامەتی و شارستانیەتی ئیسلام دەگەڕێنەوە، ئەو شارستانیەتەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە و ئازادی زەوتکراویشی دەخاتەوە جێگەی خۆی.

جا (حەدەس جیب) ڕاستی وتوە کە هاوڕایە لەگەڵ ئاین پەروەراندا کە لەسەرەتای سەرهەڵدانی گوماناکاریەکانەوە، پێیان وابوو خوێندن لە ئەوروپا و لەسەر پرۆگرامی ڕۆژئاوا ڕۆشتن تەنها دارمانی ئەخلاقی و گەندەڵی ئاینی دێنێتە کایەوە، ئەوەشی بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ کردووە لەسەرەتای وتارەکەیدا لە بابەتی پێشکەوتنی ئەدەبی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، جا دەڵێ: (ئەگەر ئێمە وێنای ئەوە بکەین ئەم بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆشتنە دەگاتە چ بەرهەمێك لە ڕوانگەی چالاکی گومانکارانەوە، بێ گومان مرۆڤ هیچ دەرفەتێکی نامێنێ جگەلەوەی هەست بە نیگەرانی پاریزکاران و ئاین پەروەران دەکات کە دەترسن ئەم بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆشتنە سەرچاوەی هەموو داروخانێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی و فیکر بێت)[1].

(٣) هەڵوێستی موسڵمانان لەبارەی گومانکاران لە ڕووی کۆمەڵگا و فەرمانگەشەوە:

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئەوەیە، ئایا ئەم هەموو نوسینە بۆچوونی گومانکارانی خستۆتە ڕوو، ئەی هەڵوێستی پشتیوانانی ئیسلام چیە؟ ئاخۆ ئەوانەی ئەم هەموو نەنگی و پەستی و ڕێگریە لە بەردەم ئیسلامدا دەکەن بەو شێوازەی زمان و ئەدەبەوە سەردەکەون؟

---

(١) گۆڤاری (السیاسة الاسبوعیة) ژمارە ٢٠٥، پەرەی ١٥.

ئەوەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن پشتیوانانی ئیسلامەتی بەهێزتر بوون لە هێرشی گونامکاران، هەروەها پاڵپشتیەکی باش هەبوو لە هەموو هێڵەکان و هەموو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیەوە، ئەندامان و حیزبەکان و رێکخراوەکانیش، ئەمەش چەند لایەنێکە لەوانە:

١. گەورەترین دادگایی کرداری جێ بەجێ کرا لەسەر سەکۆی پەرلەمانی میصری، کە دادگاکە ڕوی کردە دکتۆر (طه حسین) لە ڕۆژی ١٣ی سیپتمەمبەری ساڵی ١٩٢٦، لەبارەی گومانی دووەمەوە لەسەر کتێبی (الشعر الجاهلي) ئەوەبوو ماوەی دادگاکە و تۆمەت و ڕونکردنەوەکانیش نزیکەی دوو سەعات و نیوی خایاند، کە لە کۆتاییدا گەشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

أ. دەست بەسەراگرتنی کتێبی (في الشعر الجاهلي) چونکە قورئان بە درۆ دەزانێ، ناچارکردنی بە گەڕانەوەی هەموو ئەو بڕە پارەیەی لە لایەن زانکۆوە خەرج کراوە بۆ ئەو کتێبە.

ب. داخوازی لە نوێنەرایەتی گشتی بە بەرزکردنەوە ڕاپۆرت و ڕاپێچکردنی (طه حسین) نوسەری کتێبەکە لەبەر ئەو تانە و قسە ناڕەوایانەی کردویەتی بەرامبەر بە ئیسلام کە ئایینی فەرمی وڵاتە.

ج. لەکار لابردن و دورخستنەوەی لە زانکۆ، بەهۆی پەیوەست نەبوونی بە کاری پسپۆڕی خۆیەوە.[1]

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦) لاپەرەکانی (٦٤٤ ، ٦٤٧ ، ٦٥٠ ، ٦٥٣) و گۆڤاری (السياسة

٢. کەسێکی تریان بەناوی (دکتۆر فخری فرج میخائیل) لەبەرواری ١٤/ ٢/ ١٩٢٩ لە هۆڵی وانە وتنەوە لە زانکۆی ئەمریکی وتارێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی (ئایا ئافرەت یەکسانە بە پیاو لە هەموو ماف و ئەرکێکدا.. ؟)، لەوێوە هێرشێکی نارەوای کردە سەر بابەتی میرات لە ئیسلامدا، بەوەی کە یەکسانی تێدا نیە، کە دواتر وتارەکەی بەچاپ گەیەنرا و بڵاوکرایەوە، بەڵام نوسراوە نابەجێیەکەی هێندەی نەبرد کە داوای لەسەر تۆمارکرا و بەهۆی تۆمەتەکانیەوە دۆسیەی لەسەر تۆمار کرا، دواتر دادگا یاسای بەسەردا جێ بەجێ کرد و ئەوەی باجی هەڵە و خراپەکانی بوو لێی وەرگیرا. [١]

٣. لەو کەسانەی نەیاری ئیسلامن (حکیم واصف) کتێبێکی نوسی بەناوی (زهرة الغابة) کە تێیدا تانە و قسەی نابەجێ بە ئیسلام دەڵێ، ئەم کارە ناپەسەندانەی ئەمیش هیچ بەرهەمێکی نەبوو جگە لەوەی بەهۆیەوە دادگایی کرا. [٢]

٤. کاتێ کە (سید محمد کیلاني) وتارێکی نوسراوی لە کتێبێکدا، کە ئازاری موسڵمانانیدا بە پێکهاتەی کتێبەکەی، ئەمیش نەگەشت بە ئامنجەکەی و دەستەی دادوەران دابارینە سەری بە نامەگەلێك بۆ تەمبێ کردنی نوسەر لەسەر ئەو زماندرێژیەی کردووەیەتی، دەستەی دادوەرانیش هات بە پیری داخوازییەکانەوە، بریاری دەست بەسەرا گرتنی نوسەر و چاپخانەی دا، لەگەڵ برایەکی نوسەر کە ریکلامی بۆ کتێبەکە کردبوو، ئەوەبوو گەشتن بە سزای یاسایی خۆیان. [٣]

---

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٤/ ٧٢٧ ، ٧٦٢).

(٢)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٣/ ١٢٢٢).

(٣)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٢/ ١٣٢)

٥ . ئەوەش بەنوێنەرایەتی شێخی ئەزهەر، داخوازیان لە وەزیری ناوخۆ کرد کە دەست بەسەر کتێبی (لاحام ئیلیکسەندەرین) بگرێت لەبەر ئەوەی هێرش و قسەی نابەجێی کردووە لەسەر ئاین و داب و نەریتی گشتی، وەزیریش داواکەیانی وەرگرت، ئەوەبوو دەست بەسەر کتێبەکەدا گیرا، لە دوای ئەوەوە ئەزهەر هەمیشە چاوەدێری چاپکراوەکانی دەکرد بۆ ئەوەی هەر نوسراوێك دژی ئاین بێت یان شتی نارەوای تێدابێت، داخوازی دەست بەسەرا گرتنی لەسەر بکات، لە باسی نکۆڵی کردنی سوننەت زیاتر لەسەر ئەم لایەنە دەدوێین . (١)

٦ . ئەوەتا زانایانی ئەندام لە ئەنجومەنی وانە وتنەوە لە کۆلێژی شەریعە و أصول الدین و زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئەزهەر فەتوایان دەرکرد بە کۆڕایی هەموو زانایان لەسەر بابەتێکی (محمد أحمد خلف الله) لەبەر ئەوەی ئەو دەقانەی لە فەتواکەدا ئاماژەی پێکراوە هەمووی کافرکارە و خاوەنەکەی لە ئیسلامەتی وەدەردێنێ، بەڵکو سەرپەریشتیکاری لێکۆڵینەوەکەش بەو وتانە ڕازی بێت ئیسلامەتیەکەی هەڵدەوەشیتەوە، بەو هۆیەشەوە داوایان لە دەولەت کرد کە سزای ناوبراو بدات . (٢)

٧ . بەکۆڕایی بۆچوونی لیژنەی ئەدەبی و ڕێکخراوە ڕۆشنبیریەکان لە سوریا بڕیاری کشانەوەی کتێبەکانی (طه حسین) درا لە ناوەندە گشتیەکاندا، لە هەموو شاردێکدا، بەڵکو بەبەر چاوی هەموانە سوتینران، بەبەڵگەی ئەو وتانەی

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦/ ٧٦٤)

(٢) دریژەی فەتواکەیان لە گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٧/ ٨٨٩)

نوسیبووی له کتێبەکانیدا، داوایان له هەموو موسڵمانانی وڵاتانی تر کرد که هەمان هەڵوێستیان هەبێت. [١]

٨. نوسەری کتێبی (الاسلام و أصول الحکم) ئاماژە بەوە دەکات که له ساڵی ١٩٢٥ دا کاتێ کتێبەکەی بڵاوکرایەوە، زانایان و مامۆستایانی ئاینی دژی هەستان و تەکفیریان کرد و به زندیقی دژی ئاین ناوزەندیان کرد، ئیتر رۆژنامە و مینبەرەکان هەموو تێکڕا دژی وتەکانی وەستانەوە، و خۆپێشاندان لەدژی کرا، ئەوەبوو حکومەتی ئەوکاتی میصر فەرمانی دەرکرد که کتێبەکەی کۆ بکرێتەوە و بسوتێنرێت، نوسەریش له کارەکەی دور بخرێتەوە[٢]، بڕوانامە زانستیەکانیشی لێ بسەنرێتەوە[٣]، بەم شێوەیەش کۆمەڵانی خەڵك ڕازی بوون و بارگژیەکان کپ بوونەوە. [٤]

ئەمەی سەرەوە نمونە و وێنەیەکی کەمی هەڵوێستی حکومەتەکان و ڕێکخراوەکان بوو..، بەڵام تاوتوێ و گفتوگۆی نوسینەکی، ئەوە باسێکی دور و درێژی هەیە، چونکە وەڵامدانەوە و نوسین و هەڵوێستەکان نزیکەی نیو سەدەی خایاندووە، هەروەها هەزارن لاپەرەی نوسەرە ئیسلامیەکان و نائیسلامیەکانیشی گرتۆتەوە، بۆ نمونە (محمد اسماعیل عبد النبي) تاوتوێی (توفیق الحکیم) دەکات، تەواو تەکی پێ

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٨/ ٢٤١).

(٢) لەکاتەدا دادوەری دادگای شەرعی بوو.

(٣) بڕوانامەکانی زانکۆی ئەزهەر بوو ، چونکە یەکێك بوو لە دەرچوانی زانکۆی ئەزهەر.

(٤) هەمان کتێب (الاسلام و أصول الحکم) لاپەرەی ٥ .

هەڵچنی و هیچ دەروازەیەکی بۆ نەهێشتەوە کە قوتاربێت لەسەر ئەو تۆمەتانەی لە کتێبی (نجم أحمد) کردبووی.[1]

ئەوەش شێخ (عبداللطیف جلاهم) یەکێکە لە ئەزهەرییەکان کە دێتە پێشەوە بۆ وەڵامدانەوەی (فرید أفندی وجدي) لەسەر کتێبی (مذهب القرآن في المتشابهات)، کە هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێبازی ڕاست، ئەوەش سەید رشید رضا، کە لە زانکۆی ئەمریکی وتارێکی پێشکەش کرد لەسەر وەڵامدانەوە و هاوسەنگ کردنەوەی تەرازوی فیکری لەسەر بابەتی یەکسانی لە میراتگریدا، هەروەها شیخ الاسلام لە (خەلافەتی عوسمانی)دا پێنوسی تۆندوتۆڵ دەکاتەوە بۆ پشتیوانی کردنی ئەو ستەم و ساختەکاریانەی لەلایەن بیریارانی ئازادی خوازەوە دەوترا لە میصر و جگە لەوانیش، ئەوەی ڕاستی بێت جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین هیچ هێرش و بیانوویەك بە ئیسلام نەگێردراوە ئیللا وەڵامدراوەتەوە بە وەڵامێکی تۆکمەتر و پتەوتر لەوان، بەهێزترییش لە ڕووی بەڵگەهێنانەوە، نمونەی ڕەخنەکانی دکتۆر (ممدوح حقي) لەسەر کتێبی (الاسلام أصول الحکم. . .) بەڵکو هەندێ جار چەند کەسێك لە وەڵامدانەوەیەکدا هاوکار دەبن لەسەر بۆچونێك یان کتێبێك، نمونەی بەرپەرچدانەوەی کتێبی (في الشعر الجاهلي)، ئەوەبوو زیاتر لە نوسەرێك بەشداری تێدا کرد، لەوانە (سید محمد الخضر حسین) لە کتێبی بەناوبانگی (نقض کتاب في الشعر الجاهلي)

لێرەوە و لەم دیدگایەوە دەبینین کە هەڵوێست و وەڵامدانەوەکان زۆر بەهێزتر بوون لە هێرشی نەیاران، هەرکەس بە پێی توانای خۆی بەشداری تێدا کردووە، جا

(١)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١١/ ١١٦٣)

کتێب به کتێب وەڵامدرایەوە، خاوەن پلە و پۆستیش به سزادان و دورخستنەوە. . . . هەروەها فەتوا دەرانیش به فەتوا وەڵامدرانەوە.

(٤) نکۆڵی کردنی هەموو سوننەت به گشتی:

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچینە بەشی دووەم لە بەرهەمەکانی میصر، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە به دۆسیەی نکۆڵی کردنی سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ، بەڵام سەربازانی ئەم گۆڕەپانەش هەر وەکو ئەوەی پیشووە لە (عەلمانیەکان و ڕۆژئاوگەران)، دەبینی زۆربەیان لە پسپۆریەکانی دەرەوەی زانستە شەرعیەکانن وەکو هەڵگری بڕوانامەی پزیشکی یان ئەندەبی یان پارێزەرن. . . . . هتد، زۆر کەمن ئەوانەی نکۆڵی لە سوننەت دەکەن کەسانی شەرع دۆست و فێرخوازانی زانستە شەرعیەکان بن، کە ئێستا باسی ناوداڕەکانیان دەکەین، لەگەڵ گومانەکانیان و نکۆڵیەکانیان لەسەر سوننەت، لێرەدا وەڵامەکانیان نانوسین چونکە لەبەشی داهاتودا وەڵامی گومانەکانیان دەدەینەوە کە زۆربەی گومانی بانگەشەکارانی وڵاتی هیندستانە.

أ. **پزیشك محمد توفیق صدیقی) و هەڵوێستی بەرامبەر سوننەت (١٢٩٨ ك – ١٣٣٨ ك):**

به بەدوادا چونی پەڕاوەکانی میصر دەبینین بلاوکراوەی (المنار) یەکەم بلاوکراوەیە که دەستی داوەتە بلاوکردنەوەی گومانەکانەکانی سەر سوننەت، ئەوەش لە ژمارەکانی (نۆ و دوازدە) دا لە ساڵی نۆیەمی بلاوکراوەکە لە ساڵی ١٩٠٦ ز – ١٣٢٤ ك، که (سید رشید رضا) لەمیانەی ناساندنی پزیشکی خێزانیەکەیدا دا دەڵێ: (گەورەترین نامۆیی و ناپەسەندی که وەرگێر تێکەوتووە رحمه الله تعالی، و هەوڵی زۆری داوە بۆ سەلماندنی و پشتیگریکردنی گومانی ئەوەی که گوایە (سوننەت) لە أصولی ئاینی ئیسلام نیە . . ، ئەمەش دوای ئەوە دێت که گومانەکەی پێ گەشتبوو، و خۆی و دکتۆری برادەری (عبده إبراهیم) خوا لەهەردووکیان خۆش بێت گومانەکەیان لاپەسەندبوو، هەردووکیان هاتنە سەردانم و گومانەکەیان بۆ باسکردمەوە . . . ، منیش بۆم دەرکەوت ئەم گومانە بۆ جگە لەمانیش لە ئازادیخوازی باسکراوە . . . ، ئەوەشم زانی که ئەم گومان و بۆچوونانە لە ناوچەکانی تری موسڵمانان بلاوکراوەتەوە، ئەوەشم بۆ ڕوون بویەوە که ئەم بۆچوونانەن دیدگای جیاوازی لەسەرە و ڕاجیاوازیشن لەسەر گومانەکەیان، ئەمەش بە نوسین و دیبەیت و تاوتوێ و موناقەشە نەبێت یەکلا نابێتەوە، لەبەر ئەو دوو هۆکارە و پەیدابوونی دەرفەتیش بۆ خۆم تاوەکو پێداچوونەوە و بەدواداچوون بکەم لە بابەتەکە بۆ خاوەنی وەرگێرانەکە و هاوڕێکەشی، پێشنیارم بۆ کرد که بۆچوونەکەی بنوسێت و لە بلاوکراوەی (المنار) بۆی بلاو دەکەینەوە . [1]

(١) گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (٢١/ ٤٩٢) .

کەواتە ئەوەی دکتۆر (توفيق صديقي) لە دوو نوسینەکەی لەژێر ناونیشانی (الإسلام هو القرآن وحده) بریتی بوو لە دەرهێنان و دەرەنجامی دوو دکتۆری برادەری کە یەکێکیان موسڵمانەو نەوەی دایك و باوکێکی موسڵمانە و ئەویتریشیان قیبتیە کە لەسەر دەستی سەید رشید رضا بەنهێنی موسڵمان بووە، کە ئیسلامبوونەکەی ئاشکرانەکردبوو تاوەکو دوای دوو ساڵ[١]، بەڵام بە پێشنیاری سەید رشید رضا و بە نواندنی نوسەرێکی روکەشی کە دکتۆر توفیق صدیقی بوو، ئەم تاوتوێ و گفتوگۆیە نزیکەی دە پازدە ساڵێك دریژەی کێشا لە ژمارەکانی گۆڤاری (المنار)، ئەوەبوو (أحمد منصور الباز) خۆی تەرخانکرد بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو دکتۆرەکە[٢]، هەروەها مامۆستا مەلا (طه البشري نجل الشيخ سليم البشري) شێخ و مامۆستای ئەزهەر نوسینەکانی ئەمیش لەژێر ناونیشانی جیاواز جیاوازدا بوو (الدين كل ما جاو به الرسول)[٣] و (أصول الإسلام الكتاب، السنة، الإجماع، القياس)[٤] کە بەزنجیرە بڵاوکراوەتەوە، پاش ئەمان لە هیندستانیشەوە وەڵامی گومانەکان دراوەتەوە و گەشتۆتە گۆڤاری (المنار) لەلایەن مامۆستا (صالح اليافعي الحيدر آبادي الدكنى) لە ژێر ناونیشانی (السنن و الآحاديث النبوية)[٥].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر نوسینی ئەو دوو دکتۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە گومانەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا گەڵاڵە دەبێت:

---

(١) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٢١/ ٤٨٨).

(٢) دەتوانی بگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانی أحمد منصور لە گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٩/ ٦١٠).

(٣) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٩/ ٦١٠).

(٤) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٩/ ٦٩٩).

(٥) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٢١/ ٤٩٣).

١ . هەردوو دکتۆر وا خەیاڵیان کردووە کە سوننەت پارێزراو نیە، و گرنگی تەواوی پێنەدراوە، سەرچاوەی ئەم گومانەش ئەوەیە گوایە بەڵگەمان نیە کە پێغەمبەر ﷺ جگە لە قورئانی پێ گەشتبێت . . . ، دەڵێن : (هیچ جیاوازیەك لە نێوان موسڵمانانداا نیە کە بەڵگەکانی قورئان یەکلا و بڕاوەیە . . ، بەپێچەوانەی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ، کە بێ گومان هیچی لێ نەنوسراوەتەوە تا ماوەیەکی زۆریش دوای کۆچی دوای پێغەمبەر ﷺ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ پێغەمبەر ﷺ جگە لە قورئانی پێنەگەشتووە کە بیگەیەنێت بە جیهان، قورئانیش ئەوەیە کە خودا خۆی پاراستنی لە ئەستۆ گرتووە)[1].

٢ . گوایە فەرموودە درۆ و ساختەی تێ ئاخێنراوە، ئەوەش لۆژیکی نیە کە بنەوای ئاینەکەمان لەسەر شتانێ دابنێین کە نەزانین هەق و باتڵەکانی کامەیە، (تێکۆشەرانی ئاینزا وردبونەتەوە لە فەرموودەکان بۆیان ڕوون بوەتەوە چەند جیاوازی تێدایە، دوای وردەکاری و لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوتووە کە زۆربەی قسەی درۆ و ساختەیە . . . ، ئاخۆ ئەمە عەقڵ قەبوڵی دەکات کە خودا داوای دینداری لە خەڵك بکات بەهۆی شتانێکەوە کە ڕاست و درۆی لێك نەکرێتەوە؟!)[2].

٣ . گوایە فەرموودەکان پەیوەستن تەنها بە سەردەمی ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا ژیاون، پەیوەست نیە بە خەڵکان و سەردەمانی دوای ئەوانەوە، دەڵێ (گریمان کە

(١)گۆڤاری المنار المصرية ، بەرگی (٩/ ٥١٥ ، ٩١٢) ئەمەش چوارەم گومانە لە گومانی هیندیەکان ، لەم کتێبەدا لە لاپەرەی ( ) وەڵامەکەی دەبینیتەوە .

(٢)گۆڤاری المنار المصرية ، بەرگی (٩/ ٥١٦) ئەم گومانە وەڵام دراوەتەوە لە گومانی ژمارە شەش ، لە لاپەرەی ( ) لەم کتێبەی بەردەستت .

ئایەتی ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾[١] گشتگیر بێت بۆ هەموو فەرمانێك، بەڵام ئەمە سود بە کەسی تاوتوێکار ناگەیەنێ کە بەڕێز (طه البشري)ـە، چونکە ئەو وتانەی پێغەمبەر ﷺ گوتارێك بوو بۆ ئەوانەی لەبەردەستیدا بوون، خۆ ئەگەر بۆ ئێمەی وتبێت ئەوە وەریدەگرین، یان بە جۆرێکی تر بڵێین سوننەت گوتاری تایبەتی پێغەمبەرە ﷺ، بەڵام قورئانی پیرۆز گوتاری گشتگیری خودایە)[٢].

٤. گوایە (سوننەت) جێی گومانە، گومانیش لای خودا پەسەند نیە، لەم بارەشەوە دەڵێ (ئەوەی ڕاستی بێ دەمەوێ بڵێم ئەگەر وەرگتنی سوننەت واجب بوایە لەسەرمان، و لایەنی دووەمی ئاینی ئیسلام بوایە، ئەوە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی پارێزگاریان لێ دەکرد تاوەکو دەگەشتە دەستمان، هەرچۆن قورئانی پیرۆزمان پێ گەیشتووە و هیچ گومان و ڕاجیاوازی لەسەر نیە، ئێستا ئەگەر بەو گومانانە دینداری بکەین مانای وایە خوا دەیەوێ بە گومانەوە بیپەرستین، لە ڕاستیدا گومان لای خوای گەورە هیچ نرخێکی نیە)[٣].

٥. گوایە (سوننەت) لە کتێبەکانی ئەهلی کیتاب دەچێ چونکە تەنها بەهۆی لەبەرکردنەوە گێراویانەتەوە، دەڵێ (هەروەها کەسانی جێ متمانە پێ دەچێ هەڵەیان کردبێت، یان خۆیان بە خەڵکانی چاك پیشاندابێت، بۆ ئەوەی

---

(١) ﴿الحشر: ٧﴾

(٢) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٩/ ٩١٠، ٩١٩، ٩٢٠) ئەم گومانەش لە وەڵامی گومانی مارە پێنجدا بە ڕوونی دراوەتەوە.

(٣) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٩/ ٩١٢) ئەم گومانەش لە میانەی وەڵامی گومانی ژمارە هەشتدا دراوەتەوە لە بەشی وەڵامدانەوەی گومانەکانی ئەم کتێبە.

چاوبەسمان بکەن و فەرمودەیان لێ وەربگرین، و پێغەمبەر ﷺ لێی بەریئە، لەبەر ئەو زیاد و کەمکردنانەی لە سوننەتدا کراوە، بۆیە زیاتر لە کتێبی ئەهلی کیتاب دەچێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا نەنوسراوەتەوە، هەروەها هاوەڵانیش کۆیان نەکردۆتەوە لە دووتوێی کتێبدا)[١].

٦. ئایا (سوننەت) دەتوانێ شەرع و ئەحکامی زیاتر لەوانەی کە لە قورئاندا هاتووە دابنێ؟ سوننیەکان دەیانەوێ بۆ پشتیوانی قسەکانیان ئەم ئایەتە بکەن بە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرموێ [يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ][٢]، واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا بکەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن، و کاربەدەستانیشتان.

بەڵام ئێمەی قورئانییەکان دەڵێین ئەو گوێڕایەلییەی پێغەمبەر ﷺ هیچ ملەجەڕێی ناوێ، بەڵام ململانێ لە بابەتێکی ترایە، ئایا پێغەمبەر ﷺ واجب و کارێکی لەسەرمان پێویست کردووە کە لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتبێت؟

(ئەگەر دەڵێن بەڵێ، دەی ئایا کاربەدەستانیش بۆیان هەیە لە جیاتی پێنج فەرزە نوێژەکە بیکەن بە حەوت فەرزە نوێژ بەسەرمانەوە؟ یان ڕۆژووی مانگێکمان لێ بکەن بە دوو مانگ؟ ئاخر فەرمان بەوەش کراوە کە گوێڕایەڵی کاربەدەستانیش بکەین)[٣].

---

(١) گۆڤاری المنار المصرية، بەرگی (٩/ ٩١١) ئەم گومانەش لە میانەی وەڵامی گومانی ژمارە ﴿ دوو، هەشت﴾ دا دراوەتەوە لە بەشی وەڵامدانەوەی گومانەکانی ئەم کتێبە.

(٢) [النساء: ٥٩].

(٣) گۆڤاری المنار المصريه، بەرگی (٩/ ٥١٧)

زۆربەی وەلآمی ئەم گومانانە لە وەلآمە جەرگبڕەکانی ئیمامی شافعیدا هەیە بۆ نەیارەکانی لەم کتێبەدا لە لاپەرەی ( )[١]، هەروەها لەوەلآمی گومانی ژمارە یەکی گوامنکارە هیندیەکاندا هێناومانە، بەلآم لێرەدا بە کورتی دەڵێم وتە و بۆچوونی زانایانی فەرموودەناس لەسەر دەقەکانی سوننەت ئەوەیە کە دەفەرموون سوننەت دەبێتە سێ بەش و جۆرەوە:

أ) ئەو سوننەتانەی کە هاوڕا و پشتیوان بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هاتوون، ڕێك هەمان باسی ئایەتەکانی تێدایە لە ڕووی سنوردارکردن و گشتاندن، درێژە باس و فراوان بوون، بۆ نمونە ئەو فەرمودانەی بەڵگەن لەسەر فەرزبوونی نوێژ و زەکات و ڕۆژو و حەج، کە فەرمویەتی: (بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ..) هەروەها وەکو فەرموودەی (لاَ يَحِلُّ مَالُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، إِلاَّ بِطِيبِ نَفْسٍ مِنْهُ) خۆ ئەمانە هاو واتای ئەم ئایەتە پیرۆزەن کە خوای گەورە دەفەرموێ ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾[٢].

ب) سوننەت دەبێتە ڕونکاری و ڕاڤەی حوکمەکانی قورئانی پیرۆز، بۆ نمونە حوکمە گشتگیرەکانی تایبەت دەکاتەوە، یان وردەکاری بابەتە فراوانەکانی، یان ڕەهاکانی پەیوەست دەکاتەوە، نمونەی ئەو فەرمودانەی کە وردەکاری پایەکانی نوێژ و مەرجەکان و سوننەتەکانی ڕون دەکاتەوە، یان حوکمەکانی کڕین و فرۆشتن، یان ئەو ئەحکامانەی کە پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوە، بۆ نمونە:

---

(١) خاڵی پێنجەم لە بەشی بنچینە مێژوویەکان بۆ بیرۆکەی قورئانییەکان.

(٢) (النساء: ٢٩).

فەرمودەی (يَؤُمَّكُمْ أَقْرَؤُكُمْ لِكِتَابِ اللَّهِ) واتە: کامتان زیاتر شارەزایە بە قورئان با ئەوەتان پێشنوێژیتان بۆ بکات.

وە فەرمودەی (وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ)، واتە: ئاگر بۆ ئەوەی پاژنە پێی ناشوات لە دەستنوێژدا.

یان فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاوەڵی بەڕێز موعازی کوڕی جەبەل کاتی ناردی بۆ وڵاتی یەمەن: (إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبَادَةُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ، فَإِذَا عَرَفُوا اللَّهَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ....)[1] واتە: تۆ بۆ لای خەڵکێکی ئەهلی کیتاب دەچی، با یەکەم بابەت کە بانگەوازیان دەکەی تەنها خوا پەرستی بێت، ئەگەر ئەوە فێربوون هەواڵیان بەرێ کە خودا پێنج نوێژی لەسەریان فەرز کردووە لە شەو و رۆژیکدا.

ئەم جۆرە زۆربەی زۆری سوننەت پێکدەهێنێت. زیاتر سونەت لەم ڕوانگەوە هاتووە.

ج) هەندێ حوکم تەنها لە سوننەتدا هاتووە و قورئان لەبارەیەوە هیچی نەفەرموە، قورئان فەرزی نەکردوە، و ڕێگریشی لێ نەکردووە، بۆ نمونە فەرمودەکان لەبارەی بەردبارانکردنی کەسی ناپاکی هاوسەرکردوو بە زینا، و شیرخواردن و تکاکاری، و حوکمی خواستنی ئافرەت لەگەڵ پوری دا بۆ پیاوێك لە فرەژنیدا، یان میراتگری باپیرە...

جـــا هیچ ڕاجیاوازی لە نێوان زانایاندا نیە لەسەر دوو جۆرەکەی سەرەتا لە فەرموودەکان، هەر لە هاتن، و چەسپاندنی ئەحکامانێك کە تەنها لە ڕێگەی

(١) رواه البخاري في صحيحه.

سوننەتەوە هاتبێت، کە زۆرینەی لەسەر فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ وەستابێتەوە، بەڵام لە جۆری سێیەمدا ڕاجیاوازی هەیە کە ئەویش ئەو فەرمودانەیە کە سەربەخۆ هەندێ ئەحکامیان چەسپاندووە کە لە قورئاندا نەجێگیرکراوە و نەڕێگریشی لێ کراوە، ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی زانایانمان (جمهور العلماء) لەسەر ئەوەن کە واجب و پێویستە کار بکرێت بەو فەرمودانەی بەسەربەخۆ و جگە لە قورئان هەندی ئەحکامیان چەسپاندووە، لەپەناشدا ئیمامی (الشاطبي) و هەرکەس بۆچوونی ئەوی پێ پەسەندە دەفەرمون ئەم سوننەتانە پشتیان پێ نابەسترێت ئەگەر نەگەڕێنەوە سەر بنچینەیەکی قورئانی پیرۆز.

زۆرینەی زانایان (جمهور العلماء) دەفەرموون ئەو دەقانەی کە لە قورئاندا هاتوون فەرمان دەکەن بەوەی کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکرێت لەهەموو (فەرمانەکانی و ڕێگریەکانی) گشتگیرن، هیچ جیاوازی نەکردووە لە نێوان (سوننەتی جەخت لێکراو، و سوننەتی ڕاڤەکار، و سوننەتی سەربەخۆ)، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾[1]. واتە: گوێڕایەڵی خودا بکەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن، و ئاگاراربن، خۆ ئەگەر پشتتان لێکرد ئەوە بزانن ئەرکی سەرشانی پێغەمبەرەکەمان ﷺ تەنها گەیاندنێکی ڕوونە.

هەروەها زانایان فەرمویانە کە فەرمودەیەکی زۆر هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات کە شەریعەتی ئیسلامی لەسەر دوو بنچینە دامەزراوە کە ئەوانیش (الکتاب و النسة)ن، بۆیە ئەوەی لە سوننەتدا هاتووە و لە قورئاندا نەهاتووە پێویستە لەسەرمان هەروەکو

(١) ﴿المائدة: ٩٢﴾

حوکمەکانی قورئانی پیرۆز وەریبگرین و کاری پێ بکەین، ئەم بۆچونەشیان بەدادگایی واقع بینی ئیسلامی پشت ڕاستکردۆتەوە، کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ بە موعازی فەرموو: (بم تحكم ؟ قال: بكتاب الله. قال، فإن لم تجد ؟ قال: بسنة رسول الله)[1]. واتە: ئەی موعاز بەچی یاسایەك حوکم دەکەی؟ وتی: بە قورئان، وتی ئەگەر شتێك لە قورئاندا نەبوو؟ وتی: بەسوننەتی پێغەمبەر ﷺ.

پاشان لۆژیکی تەندروست ڕێناگرێ لەوەی کە وتە و فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ سەربەخۆ تەشریع بکات چونکە ئەو پارێزراوە لە تاوان و هەڵە، خاوەنی شەریعەتی ئیسلام (الله) سەرپشکە لەوەی فەرمان بکات بە پێغەمبەر ﷺ کە پەیامەکەی خوا و ئیسلام بگەیەنێ ئیتر چ بە قورئان بێت یان جگە لە قورئان.

لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵ ئەو بۆچونەی سەرەوەدا نین، وتەی ئیمامی الشاطبي دەکەن بە بەڵگە بۆ بۆچونەکانیان: (سوننەت دەبێ بە پێی قورئان بپێورێت، چونکە سوننەت وردەکاری قورئانە، ڕونکاری ناڕونەکانیەتی، درێژەی باسە کورتەکانیەتی، ئەمانەش چونکە سوننەت ڕونکاری قورئانە..، بۆیە هیچ سوننەتێك نابینیت ئیللا قورئان ئاماژەی پێکردووە بەشێوەیەکی گشتی یان

---

(١) الحديث مشهور ، وهو عمدة الأصوليين في عدة مسائل كالقياس وغيره.

ولفظه:

أن رسول الله صلى الله عليه وسلم لما أراد أن يبعث معاذا إلى اليمن ، قال : كيف تقضي إذا عرض لك قضاء ؟ قال : أقضي بكتاب الله . قال : فإن لم تجد في كتاب الله ؟ قال : فبسنة رسول الله صلى الله عليه وسلم. قال : فإن لم تجد في سنة رسول الله صلى الله عليه وسلم ؟ قال : أجتهد رأيي ولا آلو. فضرب رسول الله صلى الله عليه وسلم صدره وقال : الحمد لله الذي وفق رسول رسول الله لما يرضي رسول الله.

الحديث أخرجه أحمد والدارمي وأبو داود والترمذي.

وقد ضعفه جمع من أهل العلم ، وصححه بعضهم كابن عبد البر وابن القيم.

وسبب الخلاف الجهالة في حال أصحاب معاذ ، والحارث بن عمرو.

(وەرمگرتە لە کورتەی حوکم لەسەر فەرمودەکە) (بلال)

فراوان. . . ، بەهەمان شێوە هەرچی بەڵگەبێت بۆ ئەوەی قورئان بریتیە لە گشتگیریەکانی شەریعەت و بنچینەی ئیسلام ئەوە نیشانەیەکە بۆ ئەم بۆچوونە.

(چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾[1] واتە: بێ گومان تۆ لەسەر گەورەترین و جوانترین ڕەوشتەکانی، وە دایکە عائیشە ﵂ا فەرمویەتی کە ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ وەکو قورئان بووە، ئەوەش کورتەی وەصفی ڕەوشتی بووە، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە وتەکانی و کردایەکانی وچەسپانەکانی هەموو دەگەڕێتەوە بۆ قورئانی پیرۆز، چونکە ڕەوشتەکانی لەم بوارانەدا گەڵاڵە دەبێت. . ، کەوابوو سوننەتێ کە سودی فەرمانێکی هەبێت هەتمەن ئاماژەیە بۆ ڕونکردنەی قورئان و دەگەڕێتەوە بۆ قورئان)[2].

دەبینی زانایانی ئەهلی سوننەت بە هەردوو بۆچوونەکەوە بەکۆڕایی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە بەڵگەی سوننەت ئەحکامانێك دەچەسپێت ئەگەر چی لە قورئاندا دەقی لەسەر نەهاتبێ و بە ڕاشکاویش باسی نەکرابێت، بەڵام ئەوەیە کە هەندێ لەو زانایانە ڕاشکاوانە ناویان ناوە سوننەتی سەربەخۆ لە حوکمدا، هەندێکیش دەفەرموون بەڵکو هەرچۆنێك بێت لە ڕوانگەیەکەوە هەر دەگەڕێتەوە سەر بنچینەیەکی قورئانی پیرۆز، بەڵام هەردولا ملکەچن بۆ شکۆمەندی سوننەت و هەرچەندە بە دەق باسی ئەو حوکمە چەسپاوەی سوننەت نەکرابێت لە قورئاندا ئەمان دانی پێدا دەنێن، بەڵام تەنها لە دەربڕین و وشەکاریدا جیاوازیان هەیە بەوەی

---

(١) ﴿القلم: ٤﴾.

(٢)کتێبی (الموافقات) ی ئیمامی الشاطبي بەرگی (٤/ ٩) .

یەکێك دەفەرموێ سوننەتی سەربەخۆ، و ئەوەی تر دەفەرموێ هەر موتابعی قورئانە، سەرباری قبوڵی هەردولایان بۆ ئەحکامەکانی.

ئاخۆ ئەو دوو دکتۆرە چەند نەزان و نادانن، کاتێ لە ئایەتی ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾[1] کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ و کاربەدەستانیان پێکەوە بەراورد کردووە و دەڵێن وەکو یەکن.. ! بەبێ ئەوەی ورد ببنەوە لە سیاقی ئایەتەکە و بکۆڵنەوە لە نهێنی و حیکمەتی (وَأَطِيعُوا) بۆچی دوبارە بووەتەوە بۆ گوێڕایەڵی (اللَّهَ) و (الرَّسُولَ) ، بەڵام لە (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)دا نەهاتوە بەسەر بەرخۆیی، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی هاوفەرمانی هەیە لە نێوان گوێڕایەڵی خوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ، و جیاوازن لە گوێڕایەڵی (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)، چونکە گوێڕایەڵی کاربەستان و زانایانیش بە پێوەری قسە و فەرمانەکانیانە ئایا بەپێی شەرعی خودا و پێغەمبەر ﷺ وتویانە یان نە. بۆیە هەرگیز (أُولِي الْأَمْرِ) کاربەدەست سەربەست نابێت بۆ گوێڕایەڵی، بەڵکو بەپێی شەریعەت تەماشای دەکەین. بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین سوننەت و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بەسەر بەخۆیی هاتووە و وشەی (گوێڕایەڵی)یش بەسەر بەخۆ بۆ پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێ کراوە لە ئایەتەکەدا، ئەمەش واتا گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ مانای گوێڕایەڵی خوای گەورە، چۆنکە پەیامبەر و گەیەنەری ئاینەکەی خوایە، بۆ تەواوی باوەڕمان بە پەیامەکەی دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و ڕێگریەکانیشی بین، ئیتر ئەگەر ئەو فەرمانە لە قورئانی پیرۆزدا هاتبێت یاخود نا ئێمە تەماشای

(١) ﴿النساء: ٥٩﴾.

فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ دەکەین، چونکە بە دەقی قورئان فەرمان کراوە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ .

٧ـ گومانێکی تری ئەو دوو دکتۆرە ئەوەبوو گوایە شوێنکەوتنی سوننەت کوێڕایەڵیە بۆ مرۆڤێك[١]، ئەمەش بە دەقی شەریعەتی ئیسلام قەدەغەیە، دەڵێن: (خەڵکانی سەردەمی سەرەتایی ئیسلام خویان گرتبوو بە ڕێوایەتەوە بە تۆندیەکی بێ وێنە، بەڵکۆ شکۆ و شانازیان بە زۆری ڕێوایەتەوە دەکرد، هەتا وای لێهات ڕیوایات گەشتە ئاسۆکانی زەوی و بڵاوبویەوە، بەهۆی ئەوەشەوە دژیەك و جیاوازیەکی زۆر هاتۆتە کایەوە، ئەستەم بوو مرۆڤ دینداری بکات بە بێ ئەوەی چاولێکەری نەکات)[٢]. . . . !

بەڕاستی نەفامی بەڵا و نەخۆشییە، زانستیش ڕزگاری و سەرفرازییە، ئاخر کاتێ هاووێنەی ئەو جانەوەرانە هەڵدەکوتنە سەر بۆیسانێك و بەروبوومی دارەکانی لێك جیاناکەنەوە، شوتی و گوژاڵکە لێك ناکەنەوە تەنها لەبەر ئەوەی ڕەنگیان کەمیك لێکدەچێت، شێوەی درکی غەرقەد لە درکی گوڵەباخ لێك ناکەنەوە، بەو هەموو جیاوازیەوەی لە نێوان ئەو دوو بەرە و ئەو دوو گوڵەدا هەیە . . ! چاوەڕێی چی لێ دەکرێت . . !؟

جا گوێڕایەڵی و شوێنکەوتن لە مانا تەواوەکانی بەندایەتیە بۆ خوای گەورە، و ملکەچییە بۆ فەرمانەکانی، و شوێنکەوتنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کارێکی خۆرسکی و لۆژیکیە بۆ کەسێك ڕازی بوبێت بە خواپەرستی بەتەنها، و

(١) ئەوە ڕەوشتەکەیانە بۆ جەنابی پێغەمبەر ﷺ . . !!

(٢)گۆڤاری المنار المصریە ، بەرگی (٩/ ٥١٦).

جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ تەقلیدی کوێرانە هەیە بۆ زانایەك یان کەسێك بەبێ بەڵگە و پێش چاو ڕۆشنی، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو بابەتە زۆر زۆر ڕوونە ڕێك هاوتایی ڕونی ڕۆژ، چونکە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ لە ڕووی شەریعەتی ئیسلامەوە داواکراوە، بەڵام بۆ کەسی تر بەو ڕەهاییە نیە..!، بێ گومان خودای پەروەردگارمان گوێڕایەڵی و بەندایەتی هیچ کەسێ وەرناگرێت مەگەر بەوشێوە و بەڕێگەی پێغەمبەر ﷺ وەریگرتبێت و پیادەی بکات.

جا سەمەرە ئەوەیە کە ئەم دوو دکتۆرە دوای نکۆڵی کردن لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، هیچ بەرهەمێکیان نەبوو جگە لەوەی وێنایەکی پێکەنین ئامێزیان بۆ ئیسلام کێشا و دەڵخەکییانە بۆیان ڕوانیەوە، یەکەم شتێ کە گیریان بەدەستیەوە خوارد و ڕێی پێ گرتن نوێژبوو، جا فەرموو تەماشای هەڵگۆزینی مانا و مەبەستەکانی نوێژ بکە چییان لێ بەسەر هێناوە..!

دکتۆر صدیقی دوای ئەوەی کە ئایەتی نوێژی کاتی ترس دەهێنێتەوە بۆ بەڵگەی ﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ... ﴾[1]. واتە: ئەگەر ڕۆشتن بەسەر زەویدا و گەشتتان کرد بۆ تێکۆشان لە ڕێگەی خودا تاوانتان لەسەر نابێ ئەگەر لە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە.

جا سەیر لەوەدایە کە دکتۆ صدیقی دەڵێ: جا ئەگەر نوێژی ترس تەنها یەك ڕکات بێت بۆ کەسی نیشتەجێ، مانای ڕوکەشی سیاقەکە ئەوە دەگەیەنێ کە کورتکردنەوەی نوێژ واجب و پێویست نیە، بەمەش مانای وایە لەکاتی نەبوونی ترسدا نوێژ لە ڕکاتێك زیاترە، بەمەش واتە قورئان فەرمانی کردووە بە موسڵمان لە

(١) (النساء: ١٠١) .

کاتەکاندا زیاتر لە ڕکاتێك نوێژ بکات، بەڵام ژمارەی ڕکاتەکانی دیاری نەکردووە، بەڵکو بۆ کەسەکەی جێ هێشتووە چەندی پێخۆش بوو بیکات، چەندیی ویست زیاتر بکات یان کەمتر، بەمەرجێ لە سنوری میانگیری زیاتر و کەمتر نەبێتەوە، چونکە زیادەڕەوی لە ئایندا بیزراوە، بەڵکو لەهەموو شتێکدا زیادەڕەوی باش نیە)[1].

پاشان دەڵێ: (هەربۆیە ئەگەر ئیمە بڕوانینە ژمارەی ئەو ڕکاتە نوێژانەی پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی لە کاتەکاندا، ئەڵبەتە بەبێ تێڕوانین بۆ (بەناو سوننەت) کە موجتەهیدەکان دایانهێناوە و ناویان ناوە فەرزەکان، دەبینین پێغەمبەر ﷺ پەیوەست نەبووە بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕکات و لە نوێژدا، بۆیە جاری واهەبووە زیاتری ئەنجامداوە و جاری واش هەبووە کەمتر، هەربۆیە مەزهەبەکان لە ژمارەی نوێژە سوننەتەکاندا ڕاجیاییان هەیە لەم ناوناندا (سوننەت، مەندوب، مستحب، ڕەغبەت) و جگە لەمانەش لەو دابەشکردن و ناونانانەی کە هەرگیز پێغەمبەر ﷺ نەیناسیوە و پیادەشی نەکردووە، نە خۆی و نەهاوەڵانیشی.

پاشان دەبینی ئەو ڕکاتانەی کە لە ڕۆژێکدا ئەنجامی داوە لەڕوی ژمارەکانەوە لەیەکتری جیاوازن، نوێژی بەیانی چوار ڕکاتی کردووە، نیوەڕۆ دە ڕکاتی کردووە یان دوازدە ڕکاتی کردووە، بەڵام سەرباری ئەمە تێبینی ئەوە دەکەین کە هیچ کاتێك لە دوو ڕکات کەمتری نەکردووە، پەیوەستیش نەبووە بە هیچ ژمارەیەکی دیاریکراوەوە، ئەمەش پاڵپشتی بۆچوونی ئیمەدەکات)[2]..!

---

(١) گۆڤاری المنار المصرية ، بەرگی (٩/ ٥١٨)

(٢) گۆڤاری المنار المصرية ، بەرگی (٩/ ٥١٩)

هەر ئەم بۆچوونەبوو وای لە (قورئانیەکانی هیندستان) کرد کە چەندین جۆر و شێواز نوێژیان دەکرد لە ڕووی ژمارەی ڕکاتەکان و ژمارەی نوێژەکانیشەوە، جا ئەم شێوەیەی دوو دکتۆر یەکێکە لە شێوەکانی ئەوان، دەتوانی تەماشای بەشی تایبەت بەم بابەتەوە بەی (آراء القرانیین التشریعیة موقفهم من الصلاة)[1].

لەبارەی زەکاتیشەوە دوو دکتۆر پێیان وایە (بە دڵنیاییەوە لۆژیك وامان پێ دەڵێ کە نرخی شمەك و مااڵت و پارە بە هەموو جۆرەکانیەوە یەك بڕی دیاری کراوی لێ دەدرێت بەزەکات، ئەوبڕەش بەشێوەی گشتی یەکسان بووە لای عەرەب، بۆ نمونە ئەوەی ٢٠ دیناری هەبووە وەکو ئەو کەسە دارا بوو کە ٢٠٠ دیرهەمی هەیە، ئەوەی ٤٠ مەڕی هەبووە حاڵی وەکو ئەوکەسەیە کە ٥ وشتری هەبووە، هەر بۆیە لەو ٤٠ مەڕە یەك دانەی زەکاتی کەوتووە دەبینی بۆ پێنج وشتریش هەر یەك مەڕ زەکاتەکەیەتی، خۆ ئەگەر ئەو ژمارەنانە یەکسان نەبوونایە دەبووە هۆی ستەمکردن لە هەندێ خەڵك و قوتاربوونی هەندێ خەڵکی تر.

دکتۆران دەڵێن: لەوەشەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە ئەوەی سوننەت بۆ عەرەبی ئەو سەردەمە ڕونی کردۆتەوە هیچ ناگونجێ لەگەڵ میللەتاندا لەسەردەمە جیاوازەکاندا، هەربۆیە قورئان هیچ شتێکی لەوبارەیەوە نەهێناوە بە ڕەهایی...، و حسابات و ژمێریاریەکەی بۆ میللەتان داناوە تا لەگەڵ بوارەکانی ژیانیاندا بگونجێ، جا پێویستە لەسەر کاربەدەستان و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری کە لە دەقەکانی قورئان بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی ڕێچکەیەك بۆ یاسای ئەم نەتەوەیە دابڕێژنەوە، پاشان ئەگەر لە هەموو چارەك لە دەی (٢.٥ ٪) بۆ سەردەمێك باری گوزەرانی هەژارانی دەبرکردبێت،

(١) لەبەرگی دووەمی کتێبەی خۆماندا.

مەرج نیە ئیتر بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك ئەو بڕە شیاوبێت و بگونجێت، لەبەر ئەمەیە کە خودا لە قورئاندا ئاماژەی بەم بڕەش نەداوە ، ئەوە دانایی و کاربەجێیی خودای گەورەیە)[١].

لەمەشدا دەبینین نکۆڵیکارنی سوننەت لە هیندیەکان زۆر لەمان پێشکەوتووتر بوون لە گوفتار و بەهێزتریش بوون لە ئەندازەی گومانەکانیاندا، لەڕووی واجبێتی زەکات و میقدار و بڕی پێویستەکەشی، زۆر باشتر لە ئەم دوو میصریە قسەیان کردووە، دەتوانین بۆ ئەم بابەتەش بگەڕێینەوە بۆ بابەتی (آراء القرانیین التشریعیة موقفهم من الزکاة)[٢].

بەڵام ڕاوبۆچوونی دوو دکتۆر لە بابەتی (رەجمی خیانەتی زینا) و (کوشتنی مورتەد) هەمان ڕاوبۆچوونی هیندیەکانە، گوایە ڕەجم لە قورئاندا نەهاتووە[٣]، و کوشتنی مورتەدیش پێچەوانەی ئایەتەکانی قورئانە کە ئازادی بیروڕا و دینداری بۆ خەڵکی فەراهەم دەکات[٤]، و کوشتن و عیدام کردنیان بۆ پەند یان بۆ جەنگ بووە نەوەك بۆ حەدد و یاسای شەریعەت وەکو ئەوەی لە سەردەمانی ڕابردوودا پیادەکراوە، سەرکردەش (ئیمام) سەرپشکە وەکو پەندێك ئەو یاسایانە جێ بەجێ بکات، ئەگەر سودی تێدا بینی، هەروەکو چۆن دەستی دز بڕین جێ بەجێ ناکرێت لەبەکەم دزی کردندا، بەڵکو دەرفەتێکی دەدرێتێ بۆ ئەوەی خۆی چاك بکات، ئەگەر تەوبەی کرد و چاکسازی کرد ئەوە باشە، ئەگەر نا دەستی دەبڕنەوە.

---

(١) گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (٩/ ٥٢١)

(٢) لەبەرگی دووەمی کتێبەی خۆماندا.

(٣) بۆچونیان لە گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (٩/ ٥٢٣) بڵاوکراوەتەوە.

(٤) بۆچونیان لە گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (٩/ ٥٢٣) بڵاوکراوەتەوە.

(خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم بابەتەش لە کۆتایی ئەم کتێبەدا موناقەشەیەکی زانستیمان کردوون لە (آراء القرانیین التشریعیة موقفهم من الزکاة)[١] .

پاش ئەم هەموو جموجوڵە، لە کۆتاییدا (محمد توفیق صدقي) لە هەندێ هەڵەی نەنگی خۆی پەشیمان بونەوە، ئەمەش دوای موناقەشە و تاوتوێی بابەتەکان لە گەڵ زانایاندا بە نوسینەکی، بەشیوەیەك کە هەناسەیەکی بە خاوەنی گۆڤاری المنار بەخشی و پشوویەکی بە ئومێدواریەکەی بەخشی بەم دەربڕینە (سوپاسی خوای گەورە دەکەین کە ڕاستی وتەی ئێمەی دەرخست لەبارەی ئەو پیاوەوە کە خاوەن بیروباوەڕە، ملکەچ دەبێت بۆ هەرشتێ کە بۆی دەردەکەوێ هەققە)[٢]، کاتێ دکتۆر لە دوای بینینی بۆچوونەکانی سەید رشید رضا لەبارەی هەندێ لە وردەکاریەکانی بابەتی تاوتوێکەیان، لە پەڕەی دانپێنانەکەیدا دەڵێ: (گرنگترین شتیان ژمارەی رکاتەکانی نوێژە، کە وادەبینیم ئەوەی بەڕێز خاوەنی گۆڤاری المنار المصریة لەبارەیەوە نوسیویەتی بەسە بۆ وەڵامدانەوەی من، لێرەوە من داندەنێم بە هەڵەی خۆم بە پێش چاوی خەڵکەوە، و أستغفر الله تعالی لەوەی کەوتومە یان نوسیومە).

هەروەها دەڵێ: (بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەو بیروباوەڕەی کە بە یەقین و دڵنیایی پێی گەیشتووم، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر و وردبونەوە و قوڵبونەوەیەکی زۆر، کە ئیسلام بریتیە لە قورئان، و ئەوەشی کە موسڵمانان لەسەری کۆڕان لە سەلەف و خەلەف بە باوەڕیان و کرداریان ئەوە ئاینی باوەڕپێکراوە لای من، بە وتەیەکی تر

(١) لەبەرگی دووەمی کتێبەی خۆماندا.

(٢) گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (١٠/ ١٤٠)

ئەو دو بنچینەیەی ئەصل و بنچینەی ئیسلامی لەسەرە (قورئان و سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ) بەو مانا و تێگەیشتنەی سەلەف، واتە رێگەو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کە کاری پێ کرد و شوێنکەوتوانی کرداریان پێ کردووە.

بەڵام سونەتی گوفتاری ناچێتە ئەو ئاستەوە جگە لە گوفتارانێك کە کۆڕایی لەسەر نەبێت، جگە لەوانەش پەیوەندی بە ژیان و یاساکانی رۆژانەوە هەیە، نمونەی هەندێ لە حدودەکان، وە هێندی بڕی زەکاتەکانی مالّ و سامان و زەکاتی سەرفترە، هەروەها ئەو شمەکانەی زەکاتیان دەکەوێت و جگە لەوانەش کە وردەکاریەکانی تر لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتبێت ئەوا رەوایە بۆ پێغەمبەر ﷺ هەندێ رەفتاری لەم بابەتانەدا بکات ئەگەر پێویست بوو)[1].

جـــا نازانم چۆن ئەم سێ وەصفانەی (سید رشید رضا) لەسەر ئەم دکتۆری خێزانییە[2] پێکەوە گرێ بدەم، جارێك لەکاتی نکۆلێکردنی دکتۆر بۆ سوننەت لەکاتی نوسینی کتێبەکەیدا[3]، جاری دووەم لەکاتی ئەم دانپیانانەی دواییەدا کە پێی وابوو کاربەدەستان دەتوانن حدودەکان دەستکاری بکەن بەپێی گونجانی سەردەم، جاری سێیەمیش لەم رونکردنەوەی کۆتاییەدا، کاتێ (سید رشید رضا) لە وەصفی دکتۆردا دەڵێ: (من چاك دەیناسم کە باوەرێکی تەندروستی هەیە و عەقیدەی پاکە، ئیمانی بە پەرستراوێتی خودا و پەیامەکەی هەیە، بەوشێوازەی کە کۆمەڵانی موسڵمان لەسەریەتی، فەرزەکانیش ئەنجام دەدات) [4]، ئەمە لەگەڵ وتەی

(١)گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (١٠/ ١٤٠)

(٢) مەبەست (محمد توفیق صدقی) یە.

(٣) تەماشای گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (٩/ ٥٢٤) بکە.

(٤) گۆڤاری المنار المصریة ، بەرگی (٢١/ ٤٩٢).

(بەڕاستی لۆژیك و عەقڵ دەستەوسانە لەوەی قەناعەت بکات کە باوەڕداربێك ملکەچ بێت بۆ ئاینی خودا و ئیمانی هەبێ کە کیتابی خودا حوکمێکی لەسەری فەرز کردووە، بەڵام ئەم دەتوانێ بیانگۆڕێ بە ویستی خۆی، و جێگۆڕکێی نێ بکات لەگەڵ حوکمێکی تردا بە ئارەزووی خۆی! ئەمەش پشتکردنە لە پەیامی خودا، و جگە لەپەیامی خودا شکۆدار دەکات، پاش ئەم دژەیەکانە پێی وابێ کە ئیماندارە و موسڵمانە..!)[1]، بەڕاستی سەید رەشید رضا بە پەنهانی ئەم لوغزە دەهێڵێتەوە لەسەر خۆی بۆ ماوەیەکی کاتی و بۆ مێژووی سەردەی خۆی جێیدەهێڵێت، بەڵکو لێکۆڵەران ئەو نهێنی و وەصف و حەقیقەتانەش لێك بدەنەوە لەسەر ئەم کەسایەتیە.

ب – محمود أبو رية:

بەرچاو رۆشنترین کەسی نێو عەرەبەکان لە نەیارانی سوننەت بۆ هەموو گومانەکان، هەر لە بیستراو و بینراو و وتراو و ڕیوایەت کراویش لەسەر گوانکاری (محمود أبو رية) بوو، بێ گومان گۆڤاری (الرسالة) هەر لە ئیبریلی ساڵی ١٩٥١ ـەوە خۆی تەرخان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی (محمود أبو رية) لەسەر سوننەت لەژێر ناونیشانی (في الحديث النبوي) دواتر لە دوتوێی بەرگی کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی (أضواء على السنة المحمدية)دا بەچاپ گەیەنرا و بۆ یەکەمین جار لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٥٧ خرایە بازارەوە، دواتریش چەند جارێك چاپکراوەتەوە.

---

(١) گۆڤاری المنار المصرية ، بەرگی (١٧/ ٢٦٣).

سەرەتای لادان و لاڕێبوونی (محمود أبو رية) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٦٣ ی کۆچی دەبینین لە گۆڤاری (الفتح الاسلامية)دا دەنوسێت و پشتیوانی لە قورئان دەکات، لە پەناشدا دەکوتێتە سەر سوننەت، کێ دەیزانی (محمود أبو رية) پۆشاك و دەمامکی پۆشیوە و لە ژێر پەردەی ناونیشانی (تدوين القرآن الكريم)دا دڵسۆزییەکی ژەهراویی خۆی دەردەوشێنێتەوە..! بەگوتەی : (ئەگەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەستابان بە نوسینەوەی فەرموودەکان، وەکو چۆن هەستان بەنووسینەوەی قورئانی پیرۆز، ئەوە بێ گومان کارەکەی ئەوان هەمان ئەم فەرمودانەی ئێستا نەدەبوو کە لەبەردەستماندایە، ئەوکات هەمووی دەبووبە موتەواتر، شتێك نەدەبوو بەناوی صەحیح، و ناوی حەسەن، و ناوی ضعيف ، و موضوع)[١].

پێش ئەم وتارەی دەبینین ئەم پیاوە زۆر چالاکانە و زیندوو پاڵپشتی لە ئاین و وڵاتانی ئیسلامی دەکات، دەبینین جارێك بانگەشەی هاوکاری بۆ حیجاز دەکات بۆ ئەوەی موسڵمانان دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەت، جارێکیش بۆ حەرەمەین، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم بەناونیشانی (ما يجب على المسلمين للحجاز)[٢]، جارێکی تریش دەبینی بانگەواز بۆ پاککردنەوەی عەقیدە و بیروباوەڕ دەکات بەناونیشانی (تطهير العقائد أساس الإصلاح في البلاد)[٣]، بەڵکو دەبینین یەکێکە لەو کەسانەی کە بەرپەرچی لاڕێی (توفيق الحكيم) دەداتەوە لەسەر یەکگرتوویی ئاینەکان)[٤](نجم أحمد).

---

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٠٥/١٧).

(٢) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١١/ ١٠٣٤).

(٣) گۆڤاری (الفتح) ژمارەی(٥٤٣).

(٤) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١١/ ١١٠٠) ژمارە (٥٤٦).

باشە..؟! ئەی چی ڕوویدابوو لە محمود أبو ریة؟ چی بەسەر فیکریدا هاتبوو..؟! چۆن لە پشتیوانی سوننەتەوە سەنگەری گۆڕا بۆ هێرش و نکۆڵی؟ با خۆی وەڵامان بداتەوە لە کتێبی (أضواء علی السنة المحمدیة)دا دەڵێ: (پاش ئەوەی لە خوێندنەوەکانمدا گەیشتم بە کتێبەکانی فەرموودەی پەسەندکراو، گەشتم بە گەڵێك فەرموودە کە زۆر دوورە لە وتەی تۆکمە، و لە زمانی پاراو، و موحکەمی پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو شتێ سەرنجی ڕاکێشام کە زۆرێك لە فەرموودەکان ماناکانی لۆژیك و عەقڵ وەریناگرێ، زانستێکی ڕاستیش نایسەلمێنێ، هەستە ڕوکەشیەکانیش پشتیوانی ناکات، قورئانی موتەواتریش پاڵپشتی نەکردووە[1].

پاشان دریژە بە قسەکانی دەدات و تۆمەت دەخاتە سەر مامۆستاکانی کە پێیان وتووە کە ئەو فەرموودە تۆمارکراوانە لە کتێبەکانی فەرموودەدا، دەقی ئەو گوفتارانەیە کە لە زمانی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە گۆ (چ وتەکە، چ ماناکەی)، دەڵێ: (زۆر سەیرم لێ دەهات، چۆن نمونەی ئەو وتانە لەزمانی پێغەمبەر ﷺ دێتە گۆ، کە شۆڕاوەتەوە لە ڕووبێژی و ڕەوانبێژی، لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ زمانپاراوترینی عەرەب بووە، یاخود چۆن ئەم قسە بێ مانا و سەقیمانەی وتووە؟! کاتێ ئەو تۆکمەترین بانگخوازبووە، ئەم سەرسوڕمانەشم کاتێ بۆ دروست بوو کە گوێم لە هەندێ مامۆستا بوو خوا لێیان خۆش بێت، دەیانگووت ئەم فەرمودانە کە لە کتێبەکانی سوننەتدا تۆمارکراوە هەمووی هەقیقەتی وشەکان و ماناکانی وتەی

(١) لاپەرەی (١٩) چاپی چوارەم، دار المعارف میصر.

پێغەمبەر خوایە ﷺ، پێویستە لەسەر موسڵمانان هەمووی وەربگرن، سەرباری ئەوەی هەرچی تێدایە)[١].

خۆ هەندێ ڕوانگەی وتەکانی (محمود أبو رية) ڕوی ڕاستیان هەیە، چونکە زانکۆی ئەزهەر گرنگیەکی وای بە فەرموودە و زانستی فەرموودە نەداوە هێندەی فیقهو زمان..، واقعیش شایەتی ئەوە دەدات، ئەوەتا مامۆستایانمان خودا بیانپارێزێ گرنگی زۆر بە فیقهو زمان و تەفسیر دەدەن بەڵام بۆ سوننەت وەها نایان بینین، مەگەر سوننەتێ پەیوەندی بەو بوارانەوە هەبێت، لێرەوەبوو کە بەڕێز (محب الدين الخطيب) لۆمەی ئەزهەر دەکات لەسەر ئەم کەمتەرخەمییە، تکای ئەوەشی کردووە کە چی تر گرنگی بە فەرموودە و زانستەکەی بدەن، دەڵێ: (بەڕاستی گەورەیی و شکۆ دەبێت بۆ ئەزهەر لە پێدانی مۆڵەتی زانستی و پێگەی زانستیی خۆیدا گرنگی بە ڕوانگەی فەرموودە و زانستەکانی بدات، چونکە ئێستا ئەو زانستە لە نامۆترین زانستەکانە لە چاو هەر بوارێك لە بوارەکانی تر لە زانستە ئیسلامیەکان، بەڵکو پێمان وتراوە کە کەسی واهەیە لە ئەزهەر تانەوتەشەر لەو زانستە دەدات، و لایەنگری ئەو بیرۆکەیە گوایە قورئان دەکرێتە ترسێك بۆ لەناوبردنی زانستەکانی سوننەتەوە، دەبێ موسڵمانان پشت بکەنە زانستی فەرموودە تاوەکو بێ پایە و عەمودی بکەن)[٢].

بەڵام لەڕاستیدا ئەوە زۆر دوورە کە زانایان بە (محمود أبو رية) یان وتبێت کە سوننەتی تۆمار کراو لە کتێبەکاندا خودی ئەو گوفتانەن بە وشە لە زمانی پیرۆزی

---

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (١٩).

(٢) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٠/ ٩٩٩) .

پێغەمبەر ﷺ هاتبێتنە گۆ، چونکە کارێکی نەزانکارانەی وەها لەکەسێکەوە دەرناکەوی مەگەر زۆر نەزان بێت بە زانستەکانی فەرموودە، ئەوەش هەرگیز لەزانایانەوە دەرناچێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر گومانەکانی (محمود أبو رية) دەبینین لەمانەی خوارەوەدا گەلاڵە دەبن:

١- (محمود أبو رية) مەرجی ئەوەی هەیە بۆ وەرگرتنی سوننەت کە (خودی وشەکان) لە زمانی پێغەمبەر ﷺ ەوە وەرگیرابێت، ئەوەتا لۆمەی زاناکان دەکات لەو بارەیەوە و دەڵێ: (ئەوان هەموویان کارێکی گرنگیان بێ بایەخ تەماشاکردووە کە زۆر گرنگ بوو بۆ ئەم زانستە بیزانن و ڕوون بێت لە وانەکانی فەرموودەناسیدا، ئەوەش بریتیە لە زانینی هەقیقەتی دەقەکە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، و ئایا فەرمانی کردووە بنوسرێتەوە لەکاتی وتنی فەرمایشتەکەدا، هەر وەکو چۆن فەرمانی بەنوسینەوەی قورئان کردووە)[1].

بەڵکو ڕۆدەچی لە لۆمەکردندا، و تۆمەتی ئەوە بە زانانیانی فەرموودەدا دەکات کە نەیانتوانیوە بگەن بە ویستی پەسەند و ویستراوە لە کارەکانیاندا: (سەرباری ئەو ماندوبونەی کە کێشاویانە لەم ڕێگەیەدا بەڵام نەگەشتن بە ئامانجی ویستراوی ئەم بواره، نەشگەیشتوون بە ئاستی چەسپاندنی یەقینێ کە دەرونی پێی تۆقرە بگرێ، و دڵ بگاتە دڵنیایی کە ئەوەی نوسیویانە هەمان فەرمایشتی وتراوە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ، بەجۆرێ دوودڵی لێ نزیك نەبێتەوە، یاخود گومان بەرۆکی نەگرێ)[2].

---

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (١٨ و ٢٠).

(٢) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (٢٥٨).

٢- زانایان تۆمەتبارەکات بەوەی کە لە پشکنینیی فەرموودەدا بۆ دیاری کردنی فەرموودەی صەحیح لە ناپەسەند هەوڵەکانیان جێی شکۆ ینە، چونکە گەیشتن بە پەنهانیەکانی دەرون کارێکی گرانە، دەڵێ: (دەی چۆن توانیویانە بگەن بە ناخی مرۆڤەکان؟ و ناوەرۆکی دڵیان بخوێننەوە، تا بگەن بە هەقیقەتەکانیان، لەبەر ئەمەیە کە هیچ فەرمودەیەك لەو کتێبانەدا نەهاتووە بگات بە پلەی موتەواتر کە لە وتەکانی پێغەمبەر ﷺ ی خوایە، بەڵکو تەنها ئەوەیە کە بە پێی کەسانی گێڕەرەوە دەگاتە پلەی صەحیح یان نەخێر هەر درۆبووە و هەڵبەستراوە و هیچ بنچینەیەکی نیە، ئەم خاڵەش هیچ کتێبێك نیە لێی دەرباز ببێت، تەنانەت ئەو کتێبانەش کە ناونراون صحیحەکان کە بریتیتە لە صحیحی بوخاری و موسلیم)[1].

جـــا ئەوە خۆشە کە ئەم دوو گومانەی (محمود أبو ریە) تازەنین، نکۆڵیکارانی هیندی زۆر پێشی ئەم کەوتوون لە بڵاوکردنەوەیدا، ئەوەتا (سید أحمد خان) مەرجی بۆ وەرگرتنی سوننەت ئەوەیە ڕیوایەت کرابێت بە خودی وشەی پێغەمبەرﷺ ـ کەپێشتر ئەمەمان باسکرد ـ هەروەها عبدالله جەگرلەوی دامەزرێنەری بیری نکۆڵی کردنی سوننەت کە دێتە پێشمان. . . ، ئەم خاڵەش لە وەڵامی ژمارە هەشت لە وەڵامی گومانەکان لەم کتێبەدا دێتە بەریدی بەرێزت.

٣- (محمود أبو ریة) دەڵێ بێ گومان فەرموودە بووەتە هۆی پارچە پارچە بوونی میللەتانی موسڵمان، کە پەرتەوازەی کردووە بۆ چەندین گرۆی لێك ترازاو، ئەمەش لەگەڵ بانگەوازی ئیسلامدا یەکناگرێتەوە کە باسی یەکڕیزی دەکات، یەکگوفتاری و لەژێر یەك بەیداخبووندا ناهێڵێ، بەڵام ئەگەر سوننەت

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (٢٥٨ ، ٢٨٦ ، ١٧).

لەسەردەمی خودی پێغەمبەر ﷺ دا کۆکرابایەوە، ئەوا میللەتی موسڵمان لەم نەخۆشیە پارێزراو دەبوو.

دەڵێ: (ئەوجا میللەتی موسڵمان تێکڕا وەریان دەگرت بە ملکەچی و ڕازی بونەوە، هەرچۆن پێش ئەمە ئایەتەکانی قورئانیان وەرگرت، هەموو ڕۆژلەیەك لە باوانی وەریدەگرت بە وشە و ماناکەیەوە، هیچ دوو کەسێکیش لە موسڵمانان ناکۆك نەدەبوون لەسەری، دواتر میللەتی موسڵمانیش لەسەر نوور و ڕوناکیەکەی دەرۆشت، و ڕێنیشاندەری دەبوو بەبێ مەزهەبگەرایی و پەرتەوازەیی، کە ئەوەش بنەوایی ئاینە)[1].

ئەم گومانەشی هیچی تازەی تێدا نەبوو، بەڵکو نکۆڵیکانی هیندی زۆر لەم تۆکمەتر و فراوانتر ئەم گومانەیان خستەڕوو، کە دەتوانی لە وەڵامی گومانی ژمارە حەوت بیخوێنیتەوە.

٤- پاشان (محمود أبو رية) دێت زیانەکانی دواکەوتنی نویسنەوەی فەرموودە دەژمێرێت، ئەمەش بە چاوداخستن لەو واعیقەی کە کۆمەڵگەی موسڵمانان لەسەر بنچینەی قورئان وسوننەت کاریان کردووە، جا وادەبینێ کە دواکەوتنی نوسینەوەی فەرمودە.. ! ڕاستەکانی تێکەڵ بە ناڕاستەکان کردووە، بۆیە ناتوانرێ ڕاست و ناڕاستی لێك جودا بکرێتەوە، دەڵێ: (لەبەر ئەم هۆکارەیە کە گەیشتن بە فەرموودەی ڕاست و صەحیح ئەستەمە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەناخی ڕیوایەتکاران زۆر ئەستەمترە، ئەگەر ئەمەش زانرا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دواکەوتنی نوسینەوەی فەرمودەکان هۆکارێکی زیانبەخشە بە فەرمودە لەپاش بڵاوبونەوەی

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (٢٦٩ ، ٩٦).

وتەکان بە ئاسۆکانی گێڕانەوەدا، و تێکەڵبونی صەحیح لەگەڵ هەڵبەستراوەکاندا، ئیتر بە درێژایی سەردەمەکان نەتوانراوە پالاوتە بکرێن)[1].

ئەم وتانەشی هیچ تازە نیە لە گۆڕەپانی گومانەکاندا، بێ گومان عبدالله جەگەرەلەوی ئەمەشی وروژاندووە، ئەمەش لە وەڵامی گومانی ژمارە دوو دەبینیتەوە.

٥- (محمود أبو رية) بۆچوونی (السيد رشيد رضا) دوبارە دەکاتەوە لەبارەی هەواڵی تاکەوە (خبر الاحاد) وەکو دێتە ڕێمان، کە وا ئەم هەواڵانە نابێتە دین بۆ هەموو وسڵمانان، دەڵێ: (خەبەری ئاحاد کە زۆرینەی (جمهوری) زانایانی سەلەف کاریان پێ نەکردووە چونکە سەنەدەکانی جێی جیتهادن، بۆیە ئەوەی سەنەدەکەی تەواوە تەنها خاوەنەکەی کاری پێ دەکات، هەرکەسیش سەنەدەکەی بۆ یەکلابویەوە دەتوانێ کاری پێ بکات، بۆی نیە بکرێت بە ئاینی کۆمەڵی موسڵمان بەگشتی و پەیوەستیان بکەن پێوەی، کە تەقلیدی ئەو کەسە بکەن کە هێناویەتی)[2].

جـــا خۆ ئەگەر لە ڕوانگەیەکی واقیعیانەوە بڕوانیتە ئەم بۆچوون و گومانانە، دەبینی هیچ بەرهەمێکی نیە جگە لە هەرایەکی گەورە لە نێو موسڵمانانداو، و هەرگیز ناتوانی یەککریزی فەراهەم بکەین لە دینداریدا، و سەردەیکێشێ بۆ دژەیەکی و بەرەیەککەوتن لە کاتی کارکردن و خۆگرتن لە نێوان مسڵمانانداو لەیەك کاتد، ئەمەش لە ئاینی مرۆڤی پەسەندی ناکات چ بگات بە ئاینی خودایی، بۆ نمونە

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (٢٧١).

(٢) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (٤٠٧).

کۆکردنەوەی هاوسەرێتی لە نێوان ئافرەتێك و پوریدا لای یەك مێرد دەکرێ حەرام بێت لای کەسانێك مادام فەرمودەکەیان لاپەسەندە بەڵام بۆ موسڵمانانی تر حەڵاڵە چونکە فەرمودەکەیان لا صەحیح نیە؟! یان ئەو دوو مرداڕەوە بووە و ئەو دوو خوێنە (ماسی و کوللە، جگەر و سپڵ) لای هەندێ حەڵاڵ بن و لای ئەوانی تر حەڕام؟!.... هتد لە حوکمەکان.

ئەوەشی کە (محمود أبو ریة) دەڵێ جمهوری زانایانی سەلەف لەگەڵ ئەوەدان کە فەرمودەی ئاحاد کاری پێ نەکرێ لە ڕاستیدا نادیارە، کوا؟! کام جمهورە وای وتووە؟ ئایا زانایانی چوار مەهەبن؟ یان زانایانی فەرموودەن؟ ئەمانە هەموو ناگونجێن و شتی وانیە لەگەڵ نوری ئەم زانستی فەرموودەدا نایەتەوە، تەنانەت لای فێرخوازێکی ئەم زانستە، بەڵکو خودی (محمود أبو ریة) ڕازی نابێ بەم هەرایە چونکە خۆیان گوتەتنی ئەوان تەنها کار بە ئیسلامی پێش سەرهەڵدانی خیلاف و مەزاهیب دەکەن. جـــا ئەگەر لە وشەی (جمهوری سەلەف) مەبەستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ی خوایە، ئەمەش ڕاست نیە چونکە هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێت کاریان بە سوننەت کردوە و بەبێ ئەم بیانوەی ئاحاد و نائاحادە، هاوەڵان لەم تۆمەتە بەرین، چونکە هەرکە پێیان گەشتبا ئەوە سونەتی پێغەمبەر ﷺ خێرا هەوڵی جێ بەجێ کردنیان دەدا، بەبێ گوێدانە ئەوەی کەم کەس گێڕاویانەتەوە یان زۆر کەس.

لەڕاستیدا کاتێ ئەمانە ئەو دەرگایەیان کردەوە، ئیتر پیلانگێڕەکان و نەیاران دەستیان کردە نکۆڵی کردنی سوننەت، هەرکەس بۆ خۆی هەستاوە و نکۆڵی بەشێك دەکات، بە بیانوی ئەوەی لای ئەو فەرموودەیە لای ئەو پەسەند نیە و صحیح نیە،

دەبینی ئەم نکۆڵی بوونی موعجیزەکان دەکات، ئەو نکۆڵی بەرزکردنەوەی پێغەمبەر عیسا ﷺ دەکات بۆ ئاسمان، دابەزاندنی بۆ زەوی لە کۆتاییدا دونیا، ئەویتر بانگەشەی یەکسانی پیاو و ئافرەت دەکات لە میراتگیریدا . . ، کەسێکی تر حوکمی وەقفی ئەهلی لە میراتدا لەسەر منداڵ دەدات، ئەوەی دی ماناکانی فەرمانی قورئانیی بۆ بڕینی دەستی دز یاخود قامچی لێدانی زیناکار لاردەکەنەوە بۆ کارێکی ئاسایی و بەبێ هیچ سزایەك، بەبیانووی ئەوەی سوننەت لەو ڕوانگانەوە لای ئەو صەحیح نیە . . !

ئەمەش ئاشوبی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ هاوتایی لە نێوان ئیسلام ورۆژئاواگەریدا دروست بکەن، کەوتوونەتە ئەو دۆڵێکەوە کە هەرچی رۆژئاوا بە راستی نەزانێ ئەمانیش دەڵێن صەحیح نیە، لە ژێر ناونیشانی (جمهور السلف) ، وەڵامی ورد و درشتی ئەم گومانەش لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە لەژێرناونیشانی (بەرهەمی تێکدەرانی میصر) .

٦- وە ترسناکترین هەنگاوێك کە (محمود أبو ریة) ناشتی بۆ داڕوخاندنی سوننەت، ئەوەبوو کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ڕەزای خوایان لەسەر بێت بە گەوج و گێل ناوبردووە، گوایە ئەحباری جولەکە چەندین وتەیان لەنێو ڕێزەکانی صەحابەدا بڵاوکردۆتەوە و داویانەتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆیە هاوەڵانیش وەریانگرتووە لەبەر لاوازی ئاستیان بەرامبەر ئەحبار و ئاینزا جولەکەکان، دەڵێ: (ئاینزا جولەکەکان هەستان بە تێکەڵ کردنی چەندین درۆ و تڕوهات بە بانگەشەی ئەوەی لە کتێبەکانیاندا هەیە، یان بەشێکە لە زانستی پەنهانیان، یان لەخودی پێغەمبەر محمد ﷺ بیستویانە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها لە درۆ هەڵبەستن زیاتر هیچی تر نەبووە،

ئەی صەحابەی هەژار چوزانێ و لەکوێرا بزانێ ڕاست و درۆیان لێك جیابکاتەوە؟ لەکاتێکدا زمانی عیبرانی نازانن کە زمانی کتێبی جولەکەکانە، لە لایەکی تریشەوە زرنگی صەحابە لە جولەکە زۆر کەمتر بووە و لەپیلانگێڕیشدا زۆر لاوازتربوون لەوان، بۆیە بازاڕی ئەو درۆ و دەلەسانە گەرمتر دەبوو تێیاندا، ئیتر صەحابە و تابعینەکانیش هەموو شتێکیان لەو جولەکە زنگ و زیتەلانەوە وەردەگرت بەبێ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە، واشیان دادەنا کە هەمووی صەحیحە بەبێ گومان)[1].

ئەمانە درۆگەلێکن کە (السید رشید رضا) ڕێی بۆ خۆشکردبوو، کاتێ دەڵێ: (هەرگیز خورافەیەك نابینیتەوە کە ئاخنرابێتە نێو کتێبی تەفسیر و میژووی ئیسلامی، لە بوارەکانی سەرەتای دروست بوونی مەخلوقات و پێکهاتەکانی، پیغەمبەران و وتەکانیان، ئاشوب و فیتنەکانی کۆتایی زەمان، ئیللا دەبینی لە سەنەدەکەیدا (کعب الأحبار، و وهب بن منبه) هەیە، پەندێکیشی لەسەری هێناوە (في كل واد أثر من ثعلبة) واتە (هەموو دۆڵێکدا جێ پێی مام ڕێویلە هەیە)، بۆیە هەرگیز نەخەڵەتێی بە هەندێ صەحابە و تابعین کە ئەو هەوالانەی ئەم دوانە و جگەلەوانیش بلاویان کردۆتەوە تێیاندا بگرێنەوە)[2].

لێرەدا درێژە بە بابەتە زانستیەکەی و وەلامی ئەم گومانە پوچانە نادەینەوە[3]، بەڵکو ئەوەندە بەسە بۆ وەلامدانەوەی کە ڕیوایەت و هەوالی ئەهلی کیتاب هەیە ئاساییە و هەشیەتی جائیز نیە بگێڕدرێتەوە، ئەمەش پێغەمبەر ﷺ ڕونی کردۆتەوە بۆ هاوەلانی خوایان لێ ڕازی بێت، و کتێبی زانستەکانی فەرموودە زۆر بە وردی و درێژی باسی

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (١٤٧).

(٢)گۆڤاری المنار المصریە ، بەرگی (٢٧/ ٧٨٣).

(٣) لەبەر بێ وەلامی نیە ، بەڵو هەموو گومانەکان لەبەشی گومانەکانی ئەم کتێبەدا هەیە .

ئەم بابەتەی کردووە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە ڕیوایەتی (کەعب و وەهب)یش لەژێر یاسا و ڕێساکانی ئەو زانستە دەقیق و وردەکارەدا دەبن .

بەڵام ئەو پرسیارەی کە چاوەڕێی وەڵامەکەی دەکەین لە (محمود أبو رية) و هاوبیرانی کە بۆمان ڕوون بکەنەوە کامانەن ئەو فەرمودانەی کە بەڕێزترین نەوەی ئومەتی ئیسلام کە هاوەڵانن پێ خەڵەفاون؟! ، پاشان خۆتان بەکام ڕێسا و یاسا و پرۆگرام ئەم درۆ و دەلەسەیانەتان ئاشکراکردووە کە هاوەڵان پێی خەڵەفاون؟! – حاشا کە ئەوان ئەوهابن ـ ، لە کاتێکدا زۆرینەی ئەوانەی بانگەشەی ئەم ئاشکراکردنانە دەکەن نەوەی ئەم سەردەمەن، و هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نیە بەڵگەی یان شایەتیەکی تێدا بێت کە ڕێیان بۆ خۆش بکات بۆ جیاکردنی ڕاست و ناڕاستیەکان لەیەکتریەوە، جا هەر چاوەڕێی سەلماندنی هەر ناکرێ کە بتوانن کام ڕیوایەتەیان مەبەستە بیسەلمێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی دەسەلمێت ئەوەیە ئەو فەرمودانەی هاوەڵان گێڕاویانەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ خۆیان بیستویانە لێیەوە .

لەڕاستیدا، نەیشارینەوە تاکە سەرچاوەی ئەم گومانکار و نەیارانەی سوننەت تەنها ڕۆژهەڵات ناسەکانن، ئەوانەی کە پەیام و دروشمی تەبایی فیکری لە نێوان ڕۆژئاواگەری و ئیسلامەتی دەشەکێننەوە، هەر لە بیردۆزی داروین بۆ پەرەسەندنی بونەوەران، و نکۆڵی کۆتایی جیهان، نکۆڵی هەموو شتێك دەکەن جگە لە ماددیات و بەرجەستەکان . . ، جا لەبەر ئەوەی فەرمودەکان ڕێ لەم پاتاڵیە دەگرن، ئەمانیش بیانوی بۆ دەدۆزنەوە تاوەکو وەرینەگرن و نکۆڵی لێ بکەن، ئەگەر بیانووەکە بگاتە ئەو ئاستەش کە بێ ئەدەبی بەرامبەر هاوەڵانی خۆشەویست و

تۆمەتی گێلی و خەڵەفاویی و گێژیان بەسەردا بدەن، تەنها بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان.

٧- خۆ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ئەو نمونانەی کە (محمود أبو رية) هێناویەتیەوە بۆ (فەرمودەی هەڵبەستراو = الموضوع) یان بەشێك لەوانە، نمونەی ئەم فەرمودەیە دەبینیتەوە (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار . . .)، دەڵێ (بەڕاستی توشی شۆك بووم کە ئەم گڕێیەم بینی (متعمدا) کە هەرگیز لەوتەی پێغەمبەرێك ناچێت کە بە پەیامی ڕاستگۆییەوە هاتبێت و فەرمانی پێ کردبێت، دژی درۆ بێت و ڕێگری لێ کردبێت)[1]، بەڵام هەنگاوی سەرەتایی بۆ ئەم بەدرۆ دانانی فەرمودەیەی موتەواترە[2]، ڕێشاڵەی چنین و ڕێسانەکەی خاوەنی پەرتووکی (فجر الإسلام) دایتاشیوە لەو وتەیەی دا: (بۆمان ڕون دەبێتەوە ئەم قسە هەڵبەستنە بە زاری پەیامەبەرەوە ﷺ هەر لەسەردەمی ژیانی خۆیشیدا هەبووە، بۆیە فەرمودەی (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار . . .) گومان زیاتر لەلای ئەوەدایە کە بۆ ڕوداوێکی ڕاستەقینە وترابێت، کە درۆیەکیان لەسەر پێغەمبەر ﷺ ساختەکردبێت)[3]، جا ئەم کارەساتەی (محمود أبو رية) تێوەی گلاوە لەدژی سوننەت، مەگەر ئەم شعرەی بە باڵادا بخوێنرێت:

وليس يصح في الأذهان شيء إذا احتاج النهار إلى دليل

ئیتر هیچ لە بیردا بەڕاست دەرناچێ کاتێ وترا ڕۆژ پیویستی بە بەڵگەیە

---

(١) (أضواء على السنة المحمدية) لاپەرە (١٩).

(٢) هەندێ لە زانایان جگە لەم فەرمودەیە بە موتەواتر نابینن.! (ئەم کابرایەش هاتووە دەڵێ درۆیە و هەڵبەستراوە). . !

(٣) أحمد أمين ، پەرتوکی (فجر الإسلام) لاپەرەی (٢١١) چاپی دەیەم ، دار الكتاب العربي بيروت.

ئەوە ئەو ئازادی ڕادەربڕینە بوو کە نوسەرانێکی نمونەی (محمود أبو رية) بانگەشەیان بۆدەکرد بۆ داروخانی بیروباوەڕی میللەتی موسڵمان، دەرەنجامی ناتەواوی عەقڵیان بوو، یان ئارەزوو پەرستی دەرونییان بوو، ئەمانە چەقی سوڕانەوەی باس و خواسەکانی ئەوان بوو.

جـــــا لەبەر ئەوەی (محمود أبو رية) بێ هونەربوو لە دەربڕینەکانیدا، ڕووتەقیو بوو لە تۆمەتە درۆینەکانیدا، بەتایبەت لەسەر ڕیوایەتکاری گەورە و لەبەرکاریی سوننەتی بەڕێز ئیمامی ئەبوهورەیرەﷺ، جارێك بە پیری لاژوو[1]، یان وەصفی زۆر نابەجێی تری دەکات (نە لە ناو وشترەکاندا مایەوە و نە لە مەیدانی جەنگدا بینرا)[2]، یان پێی دەڵێ (بێ نرخێکی بۆگەن بوو)، لەم ناوناتۆرە نابەجێیانە کە وتەی لاکۆڵان و تەنانەت کەسی سەرشەقام خۆی لێ دەپارێزێ و نایڵێت، لەڕاستیدا چاوەڕێ دەکرا شۆڕەسواری تۆمەت و ئیهانەت سەرمەشقی بێت، یەکێك لەو کەسانەی کە ڕۆچوو لەم دژایەتیەی سەروەرمان ئەبوهریرەﷺ کەبریتیە لە (طه حسين) لە ڕۆژنامەی (الجمهورية) لە بارەی کتێبی (أضواء على السنة المحمدية) لە میانەی ڕونکردنەوەی هێرشە ناپەسەندەکاندا دەڵێ: (بەڕاستی ستەمە ئەبوهورەیرەیەك کە هاوەڵێتی پێغەمبەر ﷺی نەرکردووە لەبەر پاروو نانەکەی نەبێت، بێ گومان ئەوەش دەزانین کاتێ کە موسڵمان بوو، نوێژی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ کرد و گوێبیستی هەندێ فەرمایشت بووە، هەنێ نوسەران دەڵێت تەنها سێ ساڵ هاوەڵێتی پێغەمبەر ﷺ ی کردووە، لەولاشەوە دەوترێ ڕیوایەتەکانی زۆر

---

(١) الطعام الدسم.

(٢) پەندێکە، چۆن لە کوردەواری بە کەسێ بێ کەڵك بێت دەڵێن (میزی بووە بە دەرمان) واتە کەڵکی هیچی نیە و کراوە بەشت..!

زیاتر لە ڕیوایەتەکانی موهاجرین کە لە شاری مەککەوە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا بوون و لە مەدینەش بەردەوام لە خزمەتیدابوون، یان زۆرتری گێڕاوەتەوە لە هاوڵانی ئەنصار کە هاوەڵێتی پێغەمبەر ﷺ یان کردووە لەساتەوەختی کۆچکردنی بۆ مەدیینەوە تاوەکو کاتێ خوای گەورە گەراندیەوە بۆ لای خۆی، ئائەمانە بەسن بۆ خۆپارێزی و وریابوون لەو فەرموودانەی کە لە ئەبوهورەیرەوە دەگڕێدرێنەوە)[1].

لەبارەی ئەو وتانەشی کە (محمود أبو ریة) هێناویەتی لە میانەی نوسینی کتێبەکەیدا، گوایە لە سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراوی ئیسلامی وەریگرتووە، بەداخەوە لەم حاڵەتانە دەرناچن، یان لە ڕووانگەیەکەوە وتراون دورن لە مەبەستەکانی (محمود أبو ریة)ی خاوەنی کتێبی (أضواء علی السنة المحمدیة)، یان ئەوەیە بەڵێ ئەو وشە و ڕستانە هاتووە بەڵام پێشینان بەم مەبەستەی نوسەر نەیانهێناوە، یاخود ڕاستیگەلێکن بەڵام قرتێنراون و بچڕێنراون. . . ، فەرموو چەند نمونەیەك ببینە لە کتێبی (أضواء علی السنة المحمدیة) تا بزانی تاچەند دورویی و لادانی لە دەقەکاندا کردووە، تاچەندیش ئەمانەتی زانستی هەیە:

(محمود أبو ریة) لەکتێبی (البیدایة و النهایة)ی ئیمامی ئیبن کەسیرەوە وتەی ئیمامی عومەری هێناوە کە بە (کەعبی ئەحبار)ی وتووە: (واز لە فەرموودە وتن دێنی؟! یاخود بتنێرم بۆ سەرزەمینی مەیمونەکان؟)[2]، بەڵام کە تەماشای دەقی وتەکە دەکەیت لە سەرچاوەکەدا وانیە، دەقەکەی ئین کەسیر (واز لە گێڕانەی پێشترت دەهێنی)[3]، بەڕوونی دیارە کە (محمود أبو ریة) بڕگەی (پێشتر)ی لابردووە و

(١) ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٥٨ز.

(٢) (أضواء علی السنة المحمدیة) لاثقرة (١٦٥)

(٣) بەرگی (٨/ ١٠٦) چاپی دووەم ١٩٧٤ز مکتبه المعارف بیروت. .

ئەوەی بۆ مەرامی خۆی دەشێ زیادی کردووە، بۆ ئەوەی بگاتە بانگەشەکەی خۆی کە هاوەڵان ڕیوایەتیان لە کەعبی ئەحبارەوە وەرگرتووە و ئەویش وتەی داوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ، تا بیکاتە بەڵگەی ئەوەی هاوەڵان ریوایەتیان لە جولەکەکانی وەکو کەعب وەرگرتووە. بەداخەوە (محمود أبو رية) یەکەم کەس نیە ئەم تۆمەتانەی هەڵبەستبێ، بەڵکو پێش ئەمیش کاری ڕۆژهەڵاتناسەکان بوو.

ج. پزیشك (أبو شادي أحمد زكي) (١٨٩٢ – ١٩٥٥ ز)

شاعیر ناسراوی میصری، کوڕی پارێزەری ناسراو (أبو شادي محمد)، هەر لەسەرەتایی گەنجێتیەوە بەچاوگەی ڕۆژئاواگەریی پێ گەیی، لەسەر ئەوە پەروەردەبوو بوو، جا لە تەمەنی بیست ساڵیدا کە ساڵی ١٩١٢ بوو باوکی ناردی بۆ خوێندنی پزیشکی لە بریتانیا، لەوێدا دە ساڵ مایەوە و دواتر گەڕایەوە نیشتمانی خۆی، بە بەرهەمێکی ئەدەبی فراوانەوە، کە شیعرەکانی لە چەند دیوانەشیعرێکدا کۆکرابوەوە لە وانە (الشفق الباكي) و (أشعة و أطلال).

١- ئەوەی لەبەرهەمەکانی جێی ئاماژەیە بۆ ئێمە کتێبی (ثورة الإسلام)ە، کە هەق و باتڵی تێدا تێکەڵ کردووە، گاڵتە و سوکایەتی بە سوننەت وکۆکەرەوانی دەکات، لافی ئەوەی لێدەدا کە هەمووی دروستکراوە، هەرگیز ڕازی نیە بدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ. دەڵێ: (ئەوە سونەنی ئیبن ماجە و بوخاری و هەموو کتێبەکانی فەرمودە و سوننەتانە کە چەندین هەواڵ و فەرمودەی لە پەرەکانیان کۆکردۆتەوە هەرگیز عەقڵ قبوڵی ناکات صەحیح بن، ڕازیش نابین بدرێتە پاڵ

پێغەمبەر ﷺ، و زۆربەی بانگەوازە بۆ سوکایەتی بە ئیسلام و موسڵمانان و پێغەمبەر ﷺ ی گەورەمان)[1].

بەڵکو تۆمەتی ناپاکی و خیانەت دەخاتە پاڵ ئەوانەی پەیوەستن بە سوننەتەوە: (جا گۆرانی بە بااڵی ئەبوداود و نەسائی و موسلیم هەڵدان، و هۆنینەوەی فەرمودەی هەلەق و بەلەق کە هیچ لەگەڵ پەروەردەی قورئانیدا نایەتەوە، یان دەبێتە خراپ تەفسیرکرنی قورئان، یاخود نەزانین بە ڕۆحی قورئان دەدات. جاکەوابێ دەبێ بکشێینەوە لە باننگەشەی شیاوی ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێ، کەواتە هاوتای خیانەت و ناپاکیە بە پەیامی ئیسلامی هەمیشە زیندوو)[2].

خۆش ئەوەیە وتەکەی تازە نیە لە گۆڕەپانی گوماندا، چونکە لەم ڕوانگەیەوە زۆر لەمە ڕاشکاوانە قسەی لاروچەوت و زۆرتریش وترا بێت وتەکانی (الحافظ أسلم)ـە، کە درێژەی باس و وەاڵمەکانی لە وەاڵمی گومانی ژمارە شەش دەخوێنیتەوە لە کۆتایی ئەم کتێبەی بەردەستتدا.

٢- ئەم شاعیرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەحکامەکانی قورئان و سوننەتیش قابیلی گۆڕانکاریە بە پێی کات و شوێن، چونکە بۆ هۆکارانێکی تایبەت دابەزیون، هۆکارەکە نەما بێت، ئەوە دەلیل بۆی ناشێت، و دەڵێ: (جا قورئانی شکۆمەند و فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ بریتیە لە کۆمەڵێ دیدگای ڕەفتار و هەڵسوکەوت بۆ باروخاڵێکی تایبەت، دەکرێ حوکمەکانی بخرێتەبەر هەموارکردن بەپێی گۆڕانی کەش و بار، کە بە ئارامی ئاماژەی تێدایە بۆ ڕۆشاییەکەی و

(١) کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (٢٥) کتێبخانەی الحیاة بیروت.

(٢) کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (١٧) کتێبخانەی الحیاة بیروت.

هۆکارەکان و بارودۆخەکەشی، نەك حوکمێکی بەردەوام و بەستوو، کە هیچ گۆڕانێك قەبوڵ نەکات بەپێی گۆڕانی هۆکار و بارودۆخەکان.[١]

دواتر ئەمە لەشوێنێکی تردا ڕونتر دەکاتەوە و دەڵێ: (هەرگیز شایستەنیە و گونجاونیە کە بیروباوەڕێك پشتیوانی بکرێ لە وڵاتێکدا کە خەڵکێکی جیاواز و کۆمەڵێ چین و توێژی جیاوازی تێدا بژی، لێرە هەتمەن دەبێ یەکسانی فەراهەم بکرێت بۆ هەموو دانیشتوان و بکرێت بە مەرجێکی چەسپاو بۆ سەرکەوتنی وڵاتێکی ئیسلامی دیموکراتی لەم سەردەمەی ئێستادا، چونکە ئاسمان و ڕێسمان جیاوازی هەیە لەنێوان ئیسلامی پێشووتر لە سنورێکی تەسکدا لەگەڵ بارودۆخی فراوانی جیهانی سەردەم...، جا ئەو بابەتە کردارییانەی بۆ سەرەتای پەیامی ئیسلامەتی دەشیان، یان بۆ کاتی دەرکەوتنی پرشنگی ئیسلام گونجاو بوون، هەرگیز بۆ ئەم سەردەمە و گەلانی ئەم سەردەمە ناشێن، بۆ نمونە گەلی میصر، کە زیاتر لە بیست ملیۆن دانیشتوانی هەیە، کە دوو ملیۆن لە باشترین چینەکانی کۆمەڵگای میصری ئەوانەن کە ئیسلامیان وەکو ئاین وەرنەگرتووە)[٢].

جا لە نمونەی ئەو بابەتانەی لە دیدگای (أبو شادي أحمد) شایستەی گۆڕانکاریە، و لەژێر تروسکەی بیری ڕۆژئاواگەریدا پێشنیاری ئەوەش دەکات کە بخرێنەبەر گۆڕانکاری، (قوامة المرأة)یە، جا دەڵێ: (ئەوەی کە ڕۆحی ئیسلام قبوڵی بکات و دیدگایەکی گونجاویشە ئەوەیە کە ئافرەت ببێتە سەرپەرشتی پیاوان لەم سەردەمەدا، هێندەی ئەوەی دەوترێ با پیاوان سەرپەرشتی ئافرەتان بن، چونکە ئەم شکۆبوونە

(١) کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (٦٣) کتێبخانەی الحیاة بیروت.

(٢) کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (١١٥) کتێبخانەی الحیاة بیروت.

زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دیدگایی ئابووری، نەزیاتر و نەکەمتر، بە پێچەوانەی سەردەمی کۆنی سەرەتای سەرهەڵدانی پرشنگی ئیسلامەتی)[١].

ئەم کابرایە بەڵایەوە ئاساییە یاسای ئەم ئایەتە سەروژوور بکاتەوە ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾[٢] ، واتە : پیاوان بالآدەسترن لەسەر ئافرەتان. بەڵام بۆ ئەمشیان نکۆلیکارانی هیندی زۆر لەم تۆکمەتر بانگەشەیان کردووە لەم بارەیەوە، لەبەشی وەڵامی گومانەکان دریژە دێتە خزمەتت.

جا ئەم پزیشکە بە حوکمی خوێندنی لە ئەوروپا و بەسەر بردنی کۆتاییەکانی تەمەنی لە ئەمریکا لەدوای جێهێشتنی میصر، هۆکاری توندی ڕەخنەکانین لە شیعرەکانیدا، بەهەمان شێوە نەمانی ئاسایش و ئارامی میصر و بارودۆخی سیاسی پێش شۆڕشی ١٩٥٢ ، بە دوری نازانین ئەم وتانە بە زمانیدا بێت، بەڵکو لەمە زیاتر لە سنور دەردەچێ و دەست دەکات بە هاندانی موسڵمانان کە چاو لە شارستانیەتی تازەی ئەمریکایی بکەن، چونکە بە بیروڕای ئەم پزیشکە ژیانی ئەمریکایی لە ڕووی فیکر و واعقیشەوە نزیکە لە ئیسلامەتیەوە، بەڵکو خودی ئیسلامی نابە، دەڵێ: (ئیسلام لە ڕووی تیۆری و کرداریەوە زۆر نزیکە لە بنچینەکانی شارستانیەتی ئەمریکا، نزیکە لە ژیانی ئەمریکا لە ڕووی فیکر و ڕەفتاریشەوە، ئاخۆ موسڵمانان دەگەن بەم هەقیقەتە پڕ شکۆیە و ئیتر سەرفراز بن)[٣].

---

(١) کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (٢٤) کتێبخانەی الحیاة بیروت.

(٢) ﴿النساء: ٣٤﴾.

(٣)کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (٥٧) کتێبخانەی الحیاة بیروت.

هەروەها دەڵێ: (ئەو ئالاّیەی ئێستا ئەمریکا هەڵیکردووە بۆ پشتگیری لە جیهانێکی ئازاد رێك خودی ئەو ئالاّیەیە کە بەیداخەکەی محمد هەڵیدابوو)[1].

جا ئەم کابرا بەکرێ گیراوە جۆرێ خزمەتی بابەتەکەی خۆی دەکات.. ! بەبێ گوێدانە چەپ و ڕاستی خۆی. تەماشا دەکەی دیدگای بۆ بینینی ئیسلام پڕە لە تانە و تەشەر، لە پیلانی داڕمانی سوننەتەوە هەنگاو هەڵدەگرێ بۆ داڕوخانی قورئان، پاش ئەوە داڕوخانی ئاینی ئیسلامی بۆ ئاسان دەبێت، دەبینی بانگەوازی ئەو دەکات کە موسڵمانان ببن بە خاچپەرست پێش ئیسلام[2]، بەڵکو بەشداری کردووە لە دامەزراندنی بزوتنەوەی پەرلەمانی جیهانی بۆ ئاینەکان بۆ ئەوەی ئاینی یەکخواپەرستی و بتپەرستی و ئیسلام و یەهودی و خاچپەرستی پێکەوە کۆبکاتەوە لەگەڵ بۆزیدا[3].

لێرەوە (أبو شادي أحمد) بوو بە یەکێك لە بانگەشەکارانی (وحدة الأديان = یەکێتی ئایینەکان)، گرنگ نیە بەلایەوە کە تانەی نارەوا بگرێتە هاوەڵانی بەڕێزی وەکو (ئەبوهورەیرە و ئەنەسی کوڕی مالیك و عبدالله ی کوڕی عەببباس) بیانداتە بەر تۆمەتی درۆهەڵبەستن بە زمانی پێغەمبەرەوە ﷺ، بڵێ درۆیان بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڵبەستووە – حاشا کەو ئەو بەڕێزانە وەها بن ـ، دەڵێ: (بێ گومان موسڵمانانێکی زۆر خەڵەتاون بە فێڵێ زەندیقەکان، جا مەپرسە لە گەوجی

(١)کتێبی (ثورة الإسلام) لاپەرە (٦١) کتێبخانەی الحياة بيروت.

(٢)کتێبی (ثورة الإسلام) لاپەرە (١٢٤) کتێبخانەی الحياة بيروت.

(٣)کتێبی (ثورة الإسلام) لاپەرە (١٣١) کتێبخانەی الحياة بيروت.

نمونەکانی وەکو ئەبوهریرە، چونکە فەرمودەگەلێکیان هەلبەستووە، و لەژێرکاریگەری ڕیواياتی ئیسرائیلیەکاندا بوون)[١].

د. دکتۆر إسماعيل أدهم (١٩١١ز – ١٩٤٠ز):

نوسەری تورکی، لە شاری ئەسکەندەریە لەدایك بووە، دکتۆرای هێناوە لە زانستەکان لە زانکۆی مۆسکۆ، ئەندامی ئەکادیمیای زانستی سۆفییەت بووە، ماوەیەك وەکو مامۆستای بیرکاری دەوامی کردووە لە زنکۆی (سان ترسبرج)، دواتر لە پەیمانگای ئەتاتورك لە ئەنقەرە، و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ میسر ئاراستەی گۆڕیوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و میژوویی، وە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا توشی نەخۆشی سیل بووە و بە خۆکوژی کۆتایی بە ژیانی هاتووە[٢].

ئەم گەنجە کتێبێکی بەچاپ گەیاند لە سالی ١٣٥٣ك لەژێر ناونیشانی (مصادر التاريخ الإسلامي) لەدوو تۆپێدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەم گەنجینە پڕ بەهایە لە سوننەت، کتێبە صەحیحەکانیشی لەگەڵدا بێت هەمووی بە بێ بنەما و بێ ستون هەژمار دەکات، بەڵکو دەڵێ گومانم هەیە لێیان، درۆ و دەلەسە بەسەر ئەو ریوایەتانەدا زاڵە. جا ئەم دکتۆرە نوسینەکانی هاوشێوەی مەلزەمە بڵاو دەکردەوە لەترسی ئەوەی نەوەك کەسێك لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، بەڵام وادیاربوو ئەزهەر هێشتا گوڕی تێدا مابوو، ئەوەبوو مامۆستایانی ئەزهەر داخوازی ڕاکێشانەوەی کتێبەکەیان کرد لە بازرەکاندا، وە وەرگرتنەوەی ئەوانەی کە بەدەستیان کەوتبوو. [٣]

---

(١) کتێی (ثورة الإسلام) لاپەرە (١٧٤) کتێبخانەی الحياة بيروت.

(٢) تەماشای (الموسوعة العربية الميسرة) بکە ، لاپەرە (١٥٠).

(٣) (السنة و مكانتها في التشريع الإسلامي) لاپەرە ٢٣٧ ، نوسەر: مصطفى السباعي.

ئیتر دوای کشانەوەی کتێبەکە، بەو ئاراستەیەدا نەبینرایەوە، هەرچەندە نوسینی زۆر بوو لە گۆڤاری (الرسالة)، لەسەر ئەوە بەردەوام بوو لە ساڵی ١٣٥٦ هەتا ساتەوەختی خۆکوژیەکەی، ئەوەی کە بێ گومان بێت ئەوەیە کە ئەم ئاراستە و ڕێڕەوەی دکتۆر کە لە کۆتاییشدا بەرەو تیاچونی برد، بە هۆی خوێندن و چوونە مۆسکۆ بوو، بەڵکو بووبە یەکێك لە داخوازیکارانی (المجتمع الشرقي لنشر الإلحاد). [1]

دوای هاتنەوە لە مۆسکۆوە بۆ میسر وەڵامێکی لۆژیکیە بۆمان، چونکە هیچ خوێندکارێك زانیاریەکانی کاتی خوێندنی هەروا هاکەزایی نیە و ببڕێتەوە، بەڵکو فیکری پێ گۆش دەکات و ئامانجی بۆ دیاری دەکات کە ڕێرە و ئاسۆکانی ژیانی تێدا بەرجەستە دەبێت، جا لەبەر ئەوەی مۆسکۆ ڕقەبەر و دوژمنی ئاینەکانە بێ گومان خوێندکارێ لەوێ بە دڵ و داو بخوێنی بڕوانامە بەدەست ناهێنێ هەتاوەکو نەبێتە دژ و ڕقەبەری ئاینەکەی پێشووی.

هـ. محمد أبو زيد الدمنهوري:

ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت لەم پیاوەدا، ئەو دوو کتێبەیەتی بەناوی (الزواج و الطلاق المدني في القرآن) و (تفسير القرآن بالقرآن)، وتەکانی کورت دەکرێتەوە کە بۆچوونی لەسەر سوننەت ئەوەبوو کە بە نەگبەتی و نەهامەتی بۆ موسڵمانان و بەڵا بۆ ئیسلام و ئاینی خودا ناوزەندی کردووە، بەڵکو خۆزگە دەخوازێ کە هەرچی سوننەتە بسوتێنرێ لە بووندا نەهێڵرێت، بەڵکو

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٨/ ٧٨٠).

سوتاندنەکەش لە صەحیحی بوخاریەوە دەست پێ بکرێت و پاشان صەحیحی موسلیم بۆ ئەوەی دڵی ئەو خەڵکە ئاسودەبێت بە سوتاندنیان[١] . . !

جا سەمەرەی ئەم کابرایە ئەوەیە کە پێگەیشتنی زانستیی لە بنکەی (دار الدعوة و الارشاد) بوو کە بەڕێز (السید رشید رضا) سەرپەرشتیاری بوو، گومان لەوەدا نیە هەندێ نەفەسی ئەم فیکرەیە لە مامۆستاکانیەوە وەرگرتبوو، نمونەی (دکتۆر محمد توفیق صدقي) کە مامۆستای بنەماکانی سەرەتایی پزیشکی بوو لەژێر ناوی (سنن الکائنات).

أبو زید بەشێوەیەکی گشتی هەمان قسەکانی (مەناوییەکان) دەکاتەوە، کە نکۆڵی پەیامبەرێتی باوکە ئادەم دەکات علیه السلام، هەروەها دەڵێ ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی یەك جۆر مرۆڤ نیە[٢]، و تەفسیری موعجیزەکانی نێو قورئان بەجۆرێك دەکات کە لەمێژووی موسڵمانانداا هیچ کەسێك وای نەگوتووە و ماناکانی لە ڕوانگەکەی هەڵدەگێڕێتەوە بەجۆرێك وادەرکەوێ کە هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نەبووە، وەکو ئەو بانگەشە نەنگەی بۆ وتەی خوای گەورە لەسەر بەسەرهاتی پەیامبەر سولەیمان علیه السلام [قَالَ يَاأَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ][٣]، گوایە هێنانی تەختی پاشایەتی بەوە نەبوو کە نائاسایی بێت و خودی تەخت و تاجەکە بهێنن، بەڵکو ئەوە باسی پلانی جەنگ بووە کە پەیامبەر سولەیمان مەبەستی کاتی جەنگان بووە، سەرباری ئەمانە یەکێك بووە لەوانەی کە نکۆڵی نەسخ دەکات لە قورئانی پیرزدا: (بەڵام ئێمە بێ گومان لەوانەیەن کە بڕوامان بە بوونی نەسخ نیە بۆ

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٢/ ٤٠٥).
(٢) گۆڤاری (المنار) بەرگی (٣١ / ٤٩).
(٣) ﴿النمل : ٣٨﴾.

ئایەتی قورئان و هەموو ئایەتەکان واجبە بخوێنرێنەوە ، و کاری پێ بکرێت هەتا ڕۆژی قیامەت)[١] .

گۆڤاری (الفتح) هەواڵی ئەوە بڵاودەکاتەوە کە (أبو زید) تۆمەتی درۆی خستۆتە سەر ڕاویەکانی سوننەت، ئەوەش لەبەر هۆکارێك بووە. ئەمە چیرۆکەکەیەتی: جارێك لە جارەکان (أبو زید) لای مامۆستا محمد حامد فقی دەمێنێتەوە بۆ نانخواردنێك، مامۆستا کیژۆڵەی خزمەتکاری دەنێرێ بۆ بازار شتی خەڵکراو بکرێ بۆیان، بەڵام کیژۆڵە دواکەت، کاتێ گەشتەوە ماڵێ بیانووی خۆی هێنایەوە بۆ ئەوەی ببوورێ، مامۆستا پێی وت: تۆ درۆ دەکەی.. ! جـــا کاکە (أبو زید) ئەمە دەقۆزێتەوە و دەڵێ: (ئاخۆ ئەو ڕاویانەی کە بوخاری ڕێوایەتیان لێ وەردەگرێت لەم کیژۆڵەیە ڕاستگۆترن؟!)[٢] .

بۆیە لەڕاستیدا کەسێك فیکر و تێڕوانینی ئەوها بێت بۆ ڕاوییانی سوننەت دووڕە خۆی بپارێزێ لە هێرشی نالەبار بۆ هەرکەسێ، ئەوەتا لە گۆڤاری (الرابطة الشرقیة)دا لەمیانەی ڕەخنەگرتنی لە (فجر الإسلام) دەڵێ کۆیلەکردن و دیلگرتن هەرگیز لە ئیسلامدا ڕەوانیە (ئەم قسەیەبوو کە مامۆستا أحمد أمین کردیە بناغەی بۆچونی لەسەر کتێبە فیقهیەکان، کە دەڵێ: مرۆڤ چۆن بۆی هەیە مرۆڤی برای بفرۆشێتەوە، کە بیخاتە ئاستی ئاژەڵ، یان پیاوێك لە ئافرەتی بێشوماردا لەزەت ببات؟! کە هاوسەریشی نین، ئەم بابەتە لە ئیسلامدا هیچ بنەمایەکی نیە، جا ئەگەر مامۆستا لێبکۆڵێتەوە لە بابەتی هاوسەرگیری لە قورئاندا دەبینێت ئەم کەنیزەك گرتنە

---

(١) گۆڤاری (الرابطة الشرقیة) بەرگی (١/ ٧٠).

(٢) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٦/ ١٠١).

کارێکی ناپەسەند و قیزەونە، چونکە قورئان دەفەرموێ هەرکەس چێژ لە ئافرەتێك وەربگرێت لەدەرەوەی پرۆژەی هاوسەرگیری ئەوە یان زینا یان بەدڕەوشتی کردووە[1].

ئەم سەخافەتانە و تۆمەت و تانەی قیزەون لە هاوەڵانی بەڕێز و خۆشەویست کە پڕ شکۆترین سەردەمیان هەبوو، هەروەها تابعییەکانی شوێنکەوتەیان، هەموو زادەی بۆچوونی خۆی نەبوو، بەڵکە هەموو هەڵگرتنی هەمان بۆچوونەکانی ڕۆژئاوا بوو بەساویلکەیی وەریان دەگرت، چونکە هەمان وتە یان هاوبیرەکانی (جراغ عەلی) و هاوڕێکانی لە ئەندامانی بزوتنەوەی (سەید أحمد خان) دەیڵێنەوە، کە لەپێشتر ئاماژەمان پێ کردووە و وەڵامیشمان دایەوە.

و. ئەو کەسانەی نکۆڵی سوننەتیان دەکرد بەڵام کتێبی سەربەخۆیان لەسەری نەنوسیوە:

أ. پارێزەر أحمد أفندي صفوت:

گۆڤاری (المنار) هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە پارێزەری ناسراو (أحمد أفندی صفوت) وتارێکی پێشکەش کردووە بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە پارێزەران و دادوەران لە شاری ئەسکەندەریە لە بەرواری ١٧/ ١٠/ ١٩١٧، بەسەرپەرشتی سەرۆکایەتی پارێزەران (ئەنتۆنی بیك سلامە)، لەوێدا کۆمەڵێك بنەوا و یاسای هێنابووە بەرباس بۆ ئەوەی بگۆڕدرێت لە میانەی یاساکانی دادگەری کەدەبێ داببڕێت لە دادگاییکردندا، پاشان ئەو وتارەی چاپکرد و دابەشی کرد بەسەر ئامادەبواندا، کە تێیدا چەند هێرشێکی کردۆتە سەر سونەت لە چەند ڕوانگەیەکەوە، لەوانە:

---

(١) ژمارەی هەشت، لاپەرە (٦٩) مانگی سەفەری ١٩٢٩ز،

(سوننەت یان ئەوەتا تایبەتە بە ڕۆداوی تاکە کەسیەوە، کە دواتر بوەتە یاسای دادگەری لە سروشتی خۆیدا، یان ئەوەتا گشتاندن کراوە لەشێوەی یاسای گشتی و بنەوای گشتی دواتر بووە بە تەشریعێك کە لە کاربەدەستی سەردەمەکەوە دەرکراوە، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتر ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر ڕۆداو و دیاردەیەکدا هات، کاربەدەستی ئەو سەردەمەش دەتوانێ بە پێی پێویستی سەردەم یاساکان بگۆڕێت و هیچ گرفتێکی تێدا نیە...

دەڵێ (بەوپێیەش وتەکەم دووبارە دەکەمەوە کە بێ گومان هەر حوکمێك کە لە قورئاندا نەهاتبێت ئەوە هیچ فەرزنیە وەربگیرێت و کاری پێ بکرێت، ئیتر ئەوەی لە سوننەتدا یان بە کۆڕایی زانایان هاتبێت ئەوە وەرگرتن و کارپێ کردنی تەنها جائیزە بۆ تاکەکەس، خۆ ئەگەر مەصلەحەت لەوەدا بوو کە لایبات ئەوە بۆی هەیە لێی لابدات...

وە دەڵێ (جا ڕەسول الله بە سیفەتی خۆی پەیامبەر و سەرکردە و کاربەدەستێك یان دادوەر بووە بۆ ئومەت، کاتێ پرسیارێکیان لێ دەکرد حوکمی دەدا، ئەم حوکمانەش یان بۆ تاکە کەسێك بووە کە تەنها خودی کەسەکە کاری پێدەکات و تایبەتە بەوەوە، یان وەکو پەیامبەر فەرمایشتی کردووە کە ئەوکات دەبێتە بنچینە و ڕێسای گشتی، ئەمەشیان هاوتای ئەوەیە کە بڕیارێك لە خاوەن دەسەلاتێکەوە دەرچووبێت، ئەم جۆرەش لە دەسەلات هەموو کەسێکی تریش هەیەتی لەسەردەمەکانی تردا، بۆیە ئاساییە و دەکرێ ئەوەی پێویستی کرد لاببرێت)[1].

(١) گۆڤاری المنار المصریه، بەرگی (٢٠/ ٤٠٧).

ب. حسين عامر:

ئەمیش بابەتی (الوقف الاهلي) دەوروژاند، ئەوەی کە شتانێ تایبەت بکرێت بۆ مالّ و منداڵ و نەوە، هەڵاو هەرایەکی زۆری نایەوە، ئەوەش لەدەرئەنجامی وازهێنان لە هەندێ زەوی وەقفکراو لە میصر، ئەوەبوو دوژمنانی دین ئەم پێ خزانەیان کردە هەلێك، کردیان بە پلیکانەیەك بۆ سەرکەوتن لە دژایەتی کردنی سوننەت و داروخاندنی، دواتریش داڕوخاندنی هەموو حوکمێك کە بەهۆی سوننەتەوە چەسپابێت، ئەوەبوو (حسين عامر) نوسینێکی لە بەرواری ٣/٨/١٣٤٦ك لە گۆڤاری (الأهرام) بڵاوکردەوە کە تێیدا هێرش دەکاتە سەر شەریعەتی ئیسلام، جوێنیش بە شوێنکەوتوانی ئیسلام دەدات، تۆمەت و حوکمی بێ متمانەیی دەدات بەسەر سوننەت و ئەوحوکمانەش کە بەهۆیەوە چەسپاون.

دەڵێ (بێ گومان حوکمە شەرعیەکان هیچ ڕێگەیك نیە پەی پێ ببرێت ئیللا لەڕێگەی قورئانەوە، بەڵام سوننەت هیچ متمانەی پێ ناکرێت، بۆ حوکمەکانیش هیچ پشتی پێ نابەسترێت)[1].

ج.زينب أحمد:

زینب أحمد لە گۆمەڵگەی گەنجانی مەسیحی لە میصر وتارێکی پێشکەش کرد لەسەر بابەتی (ئایا زمانی عەرەبی بەسە بۆ ڕۆشنبیرکردنی گەنجانی نەوەی ئێستا) لەوێوە لایدایەوە بۆسەر کتێبخانەی عەرەبی، بەتۆمەتەوە دەڵێ ڕاستە کە دەریایەکی پڕ سەروەتە، بەڵام هیچ کەڵکی نیە بۆ خەڵکەکەی لەبەر ئەوەی ڕیزبەندی و ڕێگاکانی نوسینەوە، بەهۆی ئەو بێ مانایەی کە بە (مەتن و سەنەد) ناسراوە،

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٢/ ٥٠٧) ژمارەی (٨٢) ساڵی ١٣٤٦ك.

گوتی هەموو کتێبەکانی عەرەبی بە کتێبەکانی سوننەتیشەوە توشی داڕمان و لادان و زیان بوونە، بەهۆی نوسەران و بەسەرچوونی سەردەمەکانەوە، بەڵام ئەوە تەنها قورئانە کە پارێزراوە ئەویش لەبەر هەوڵدان و گرنگی دانی خەلیفەکانی ڕاشیدین کە کۆیان کردەوە و پاراستیان)[1].

ئەمەش درۆیەکی تر بوو، تیرێکی تریش بوو بۆ لێدانی سوننەت، کە گوایە نوسەران (نوسخەکاران) کە دانرابوون بۆ زیادتر کرندی نوسخەکانی فەرموودەکان، یان گێڕەرەوان خۆبەخۆ وتەکانیان بەلاڕێدا بردبێت و وتە ڕەسەنەکانیان لارکردبێتەوە بەهۆی نەبوونی چاپەمەنیەوە، چەندە ئاسانە وەڵامی ئەم گومانە لە رۆژگاری ئەمرۆماندا، چونکە لیکۆڵەران و نوسەران کە توراس و کتێبەکانی سەلەف بەرەحمەت بن دەکەن بە کتێبی چاپکراوی سەردەم، جا چاوپیاخشانێکی خێرا بە دەستخەتە نوسراوەکاندا بکەیت بۆت دەردەکەوێ کە گومانەکانی ئەم بەڕێزە زۆر لاوازە، چونکە وانزیکە بڵێین تەنانەت ڕستەیەك نیە کە لەم نوسخەیەدا هەبێت و لەویدی نەبێت، چ بگا بە دەقێك یان بابەتێك، ئەگەریش وتمان لەوانەیە جیاوزای هەبێت ئەوە ئەکرێ بڵێین لەوانەیە لە نێوان (حەرفی جەڕ) لێرە و لەوێ گۆڕانێك هەبێ بە بێ زیان گەیاندن بە وتەکان، یان لەوانەی (کاف التشبیه) گۆڕابێتەوە بە (مثل) یان (نحو) . . . هاوشێوەی ئەوانە کەهیچ زیانێکی نیە لە مانادا.

(١) دەتوانی سەیرێکی وتارەکەی بەی بەگشتی لە گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١١/ ١٠٨٠).

د.رۆژنامەوانی خاچپەرستان:

رۆژنامەوانی خاچپەرستانیش پشکی خۆی هەبوو لە دژایەتی سوننەتدا، لەژێر بانگەشەی ئازادی ڕادەربڕیندا، ئەمیش هەوڵێکی زۆری دا، بەڵکو کەشەکەی خۆش کرد بە ماددەی خاو بۆ بازاڕی فیکری ڕەش ئامادە دەکرد تا کەسانی فیکر خوار داهێنانی لاڕێی پێ بکەن، ئەوەتا گۆڤاری (الشرق و الغرب)ی خاچپەرست کە لە ناوەراستەکانی ساڵی ١٩١٦ هەندێ لیکۆڵینەوەی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (السنة و صحتها) پاشان ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەشیان ئاشکراکرد کە:

(ئێمە لێرەوە دەیسەلمێنین چەندە لاواز و بێ بایەخە پشت بە هەندێ صەحابە ببەستین بۆ ریوایات، ئەو کەسانەی کە سەدان فەرموودە لەسەر شایەتی و گێڕانەوەیان وەستاوەتەوە، بەڵکو شەریعەتیشی لەسەر بونیاد نراوە، لەوێشەوە سوننەت سەریهەڵداوە، بۆ نمونە بوخاری، ئەو پیاوەی ناسراوە بە ڕەخنەی لەسەر پیاونای گێڕەرەوە، هەرگیز دودڵ نەبوو لەوەی وتەکان لە هاوەڵانەوە وەربگرێت، چونکە پێی وابووە کە هاوەڵان مەعصوم و پارێزراون لە درۆکردن، هەر ئەمەش بەڵگەی لاوازی بۆچونەکەیەتی، چونکە ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە ئەبوهورەیرە و ئیبن عەباس هەرگیز لەوانە نەبوون کە پاڵاوتەبکرێن لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، ئێمەش لێرەوە دەمانەوێ ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەبوهورەیرە گومان دەخاتە دڵی تاکی ئەم سەردەمەوە و جێی ئەو هەموو متمانەیە نیە، ئەوانەشی کە دوای ئەو هاتن، سەرباری ئەمەش بوخاری سەدان فەرمودەی لێوە گێڕاوەتەوە، دواتر وتەکان

بەربلاوبوویەوە لەسەر زمانی ئەوانەی کە چوار مەزهەبەکەیان دامەزراند، ئیتر بنەماکانی شەریعەتیان لەسەری دامەزراند.

گۆڤارەکە بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت: (ئەمە ئەو پیاوەیە - ئەبو هورەیرە - کە لەگەڵ ئیبن عەبباسدا بونیاتی شەریعەتی ئیسلامییان دامەزراندوە، بەڵام ئاخۆ نرخی چی بێت؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و پێویستی بە وەڵامە لەلایەن سێ سەد ملیۆن موسڵمانی سوننییەوە کە لە ئێستادا لە جیهاندا دەژین).

لێرەوە ئاسانە ببینین چۆن یاری بەم گومانانەی خاچپەرستان کراوە لە دوای ئەوەوە، لەلایەن ئەوانەی دوای خاچپەرستان سەریان هەڵدا، چونکە ئەوەی ئەمانەی تریش وتیان هیچ لە وتەکانی خاچپەرستان لای نەداوە، وە لە وتەکانیاندا پشتیان بە بۆچوونی خاچپەرستانەوە دەبەست، چونکە کاڵای خاچپەرستان بازاری گەرمە و ئامادەیە، بۆ بەکارهێنانەوە هیچی تێناچێ ئەوەندە ڕێکبخرێتەوە و ترش و خوێ بکرێتەوە بەسە، ئەم ڕۆڵەش بێ گومان ئەوانەی بەگشتی نکۆڵی سوننەت دەکەن بینیان.

٥- بۆچوونی موسڵمانان لەبارەی ئەوانەی نکۆڵی هەموو سوننەت دەکەن:

ئەی خوێنەری بەڕێز واهەستت پێدەکەم ئێستا بڵێی باشە دەی چۆن پشتیوانی سوننەت بکرێت؟ یان ئاخۆ ئەرکی سەرشانی پشتیوانانی سونەت بەجێ هاتوە؟! وەڵامی ئەمەش بە بەڵگەی ئەمانەی خوارەوە دەدرێتەوە:

١. دوای فەزڵی خودای گەورە، ئەگەر وەڵامدانەوە و پشتیوانی لە سوننەت لە ئاستێکی گونجاوی تەواوی خۆیدا نەبووایە ئێستا تەنها لە میصردا گەورەترین بزوتنەوەی نکۆڵیکاری نەیارانی سوننەت بەرچاودەکەوتن، هەرچەندە زۆر

بەکەمی دەبینرێ نەیارانی سوننەت دادگایی بکرێن، بەڵام لانی کەم دادگا و دادوەر (أبو زيد المندهوري) و (خێزانەکەی) لەیەکتری جیادەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەو هەموو نکۆڵیەی ئەبو زەید دەیکات لە چەسپاوەکان و شتە بنچینەییەکانی ئیسلام کە لە بەدیهیەکانن، بۆیە حوکمەکە هەموارکرایەوە، و دادگاش حوکمی ئەو جۆرە باسانەی ڕاگرتووە. [1]

٢. خۆشبەختانە ئەم جموجوڵەی نەیارانی سوننەت بەرهەمێکی پێچەوانەی هەبوو، دەبینی وڵاتێکی وەکو میصر ئەوە گرێ پچڕاوەی زانستەکانی ئیسلامی لەنێوان پێشین و نەوەی نوێدا گەڕاندەوە، هەندێ لە زانایان هەموو تەمەنی وەقف کرد و تایبەتی کرد بە خزمەتی فەرموودەکانەوە، ئەوەتا (أنصار السنة)[2] و بزوتنەوە پشتیوانیەکانی تری سوننەت بەشێکن لەو بەرهەمە.

٣. هەروەها لە نمونەی پشتیوانانی سوننەت و ڕێبوارانی وەڵامدانەوەی نەیارانی سوننەت، ئاشکراکارانی ئابڕووبەرانەی نەیارانی سوننەت، نمونەی (الشيخ محمد عبدالرزاق حمزة) بە کتێبی (ظلمات أبي محمود أبو رية أمام أضواء السنة المحمدية)، و (الشيخ عبدالرحمن المعلمي) بە کتێبی (الأنوار الكاشفة لما في كتاب أضواء السنة من الزلل و التضليل و المجازفة)، کە ئەم دوانە لە تاکە و نایابەکانی کتێبەکانی پشتیوانین لە سوننەتی پێغەمبەرمانﷺ، یان هەندێ لە ڕیوایەتکارانی

---

(١) تەماشای (لاستجلاء القضية المنار) بکە، بەرگی (٢١/ ٤٩).

(٢) ڕێکخراوێکی ئایینیەروەری سەلەفی و حەدیسی و توراسیە، کە بەرهەم و کاریان ناوی هەیە، زۆرێك لە زانایانی سەردەم بە جوان و چاك وەصفی ئیش و هەوڵەکانیان دەکەن، بەڵکو یەکێکە لە گەورەترین هەوڵەکان بۆ پشتیوانی و زیندوکرنەوەی سونەتی خۆشەویستمان، ئەگەر نەڵێین تاکە کۆمەڵکی جوڵاو و ڕێکخراوی مەیدانەکەن. (بیلال جلال).

نمونەی (الشيخ محمد أبي شهبه) لە کتێبی (دفاع عن السنة) ، و (الشيخ محمد علی أحمديَن) مامۆستای پەیمانگا لە شاری ئەسکەندەریە بە لێکۆڵینەوەکانی لەژێر ناونیشانی (السنة المحدية و كيف وصلت إلينا)[1] وەکو شیکار و ڕەخنە لەسەر بلاّوکراوەکانی (محمد إسماعيل أدهم)

بەڵکو لەو ڕێکەوتە جوانانەی لە پشتیوانانی سوننەتدا بینراوە، دەستپێشخەری (مصطفی عبدالرزاق) بوو بۆ وەلاّمدانەوەی (أحمد أمين) لەسەر بانگەشەکانی کە لە گۆڤاری (فجر الإسلام)دا بلاّویکردەوە لەسەر فەرمایشتە بەشکۆکانی پێغەمبەرمان ﷺ[2]، ڕاستخەرەوەی فەرمودەی پێغەمبەر:[إِنَّ اللَّهَ لَيُؤَيِّدُ الدِّينَ بِالرَّجُلِ الْفَاجِرِ][3]، واتە: خودا هەندێ جار بەکەسانی خراپەکاریش ئەم ئاینە سەردەخات.

هەروەها لە پشتیوانانی سوننەت، ئەوانەی کە تەواوی تەمەنیان تەرخان کرد بۆ وردبینی و تحقیقی میراتی سوننەت، نمونەی (محمد أحمد شاكر) و هاوشێوەکانی، ئەو کەڵە پیاوانەی کە خامەی چەرمویان بەرهەمێکی نورانی هەیە لە کۆکراوەکانی سوننەتدا، هەرچەندە پشك و بەختی شێر تا ئێستاش لەبۆ زانایانی هیندە.

---

(١)دەتوانی ئەم لێڵینەوانە لە گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٠/ ١١١٣ – ١٢٠٣) دا ببینیتەوە.

(٢) تەماشای (الرابطة الشرقية) بکە ، لاپەرەی (٥٠) ژمارەی پێنجەم.

(٣) قد ثبت في الصحيحين عن أبي هريرةؓ قال :شهدنا مع رسول الله ﷺ خيبر، فقال لرجل ممن يدعي الإسلام: هذا من أهل النار، فلما حضر القتال قاتل الرجل قتالاً شديداً، فأصابته جراحة، فقيل: يا رسول الله، الذي قلت إنه من أهل النار، فإنه قد قاتل اليوم قتالاً شديداً، وقد مات، فقال النبي ﷺ : إلى النار. قال: فكاد بعض الناس أن يرتاب! فبينما هم على ذلك إذ قيل إنه لم يمت، ولكن به جراحاً شديداً، فلما كان من الليل لم يصبر على الجراح فقتل نفسه، فأخبر النبي ﷺ بذلك، فقال: الله أكبر، أشهد أني عبد الله ورسوله، ثم أمر بلالاً فنادى بالناس إنه لا يدخل الجنة إلا نفس مسلمة، وإن الله ليؤيد هذا الدين بالرجل الفاجر. (بلال)

٦. ئەو کەسانەی نکۆڵی بەشێك لە سوننەت دەکەن، لەناودارترینی ئەمانە :

تا ئێستا ناوداره‌کانی دژایەتی کارانی هەموو سوننەت ناسران، ناودارترین دەستانی پشتیشیان ڕون بوویەوە، لێرەوە بەشی سێیەمی ئەوانە دەخەینە ڕوو کە لە دەرەنجامی هزری داروخێنی میصری موسڵماندا توشی بوون، ئەویش نکۆڵی بەشێکی سوننەتە نەوەك هەمووی، ئەمەش بەڕاستی زۆربەی ولاتانی موسڵمان لە عەرەب، و بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی ئەم پەتایەی تێدایە، کەمێك هەیە لە بیریاران لەم نەخۆشیە ڕزگاری بووبێت.

نکۆڵی بەشێك لە سوننەت گۆرەپانێکی بەرفروانە، بۆ خستنە ڕووی هەر جۆرێك یان ولاتێك لەم ڕووەوە پێویستی بە یەك بەرگ کتێبی سەربەخۆ هەیە...

لەبەر ئەوە ناچارین تەنها لایەنەکانی لاڕێبوونە ئاشکراکان کە بەشدارن لە نکۆڵی سوننەت بەگشتی یان هۆکاری ئەم دژایەتیەبوون بەگشتی بخەینە ڕوو، بەڵام توشی شۆك و سەرسوڕمان مەیە و ئەبلەق نەبیت لەو کەسایەتیانەی کە لەوانەیە وتەکانمان لەسەریان هەندێ لە کەسایەتیان برۆشێنێت لەپێش چاوی تۆی سوننەت دۆست، چونکە (حەق لە هەمووان شایستە تەرە شوێنی بکەوین).

أ.السيد محمد رشيد رضا (١٨٦٥-١٩٣٥) :

دکتۆر مصطفى السباعي بەرەحمەت بێت دەڵێ: (ئەما سەید رسید رضا بەرەحمەت بێ، لەسەرەتای کارەکەوە ئاستێکی کەمی لە زانستی فەرموودە هەبوو، ئامرازەکانی کەم پێبوو، بەڵام هەر لە ساتەوەختی هەڵکردنی ئالای چاکسازی لەدوای کۆچی ئیمام محمد عبدەوە، ئیتر ڕۆدەچوو لە بوارەکانی فیقهی و فەرموده و جگەلەوانەشدا، ئیتر بۆ بە مەرجەعی موسڵمانان لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا

دەگەرانەوە بۆ لای لەکاتی هەر گرفتێکدا، هەربۆیە پشکی زانیاری و توانای لە فەرموودەدا زیاتر بوو، لێزانی و ئەزموونی فراوانتر بوو، کە لە کۆتاییەکاندا بووبە هەڵگری ئالای سوننەت، و لەناودارترینی زانایانی سوننەتی میصر بوو، بەهۆی ئەو خەمساردیەی زانایانی ئەزهەر بۆ بواری سوننەت و زانستەکانی سوننەت، و ڕۆچوونیان لە مەزهەبە فیقیەکان و کەلام و زمانەوانی و جگە لەوانە.

لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا سەردانیم دەکرد لەماڵی خۆیاندا، زوو زوو دەچوومە خزمەتی و سودم لێ دەبینی، لە زانست و تێگەیشتنی لە شەریعەت و بەرگری کردنەکانی لە سوننەت، لەبەر مافی ڕاستگۆیی بۆ میژوو دەیڵێم کە جەختکارترینی نێو زانایانبوو بۆ وەرگرتنی سوننەتی گوتاری، زۆریش دژی ئەو مەزهەبانەبوو کە دوورن لە سوننەتەوە، لەو باوەڕەدام ئەگەر لەکاتی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (أبو محمود أبو رية) لەژیاندا مابا، یەکەم کەس دەبوو کە وەڵامی زۆربەی بابەتەکانی بدایەتەوە لە کتێبەکەیدا)[1].

بەڵێ ئەوە بۆچوونی مصطفى السباعي بوو، بەڵام ئەوەی کە سەید محمد رەشید بۆی جێهێشتوین لە بەرهەمی زانستیەکانیدا پێچەوانەی ئەم شایەتیە تاکەکەسیەی مصطفى السباعيه، هەرچەندە قورسە لەسەر مرۆڤ بتوانێ بەراوردی نێوان شایەتی بەشێوەی گشتی و وردبوونەوە لە هەقیقەتی بۆچوونەکانی بکات، لەبەر ئەمەش من نامە بەشێك لە لایەنی ململانێ لەسەر سەید محمد رەشید، بەڵام لە میانەی دڵسۆزیەوە بۆ ئیسلامەتی، و باسی ڕاستیەکی میژوویی ناچاری ئەوەم کە باسی بۆچوونی سەید محمد رەشید رەزا بکەم لەبارەی سوننەتی گوفتارەیەوە، ئەوەی کە

(١) (السنة و مكانتها في التشريع الإسلامي) لاپەرە (٣٠) ، چاپی دووەم.

بە پەنجەکانی خۆی تۆماری کردووە و هەرگیز بەهیچ ئاماژەیەکی نوسراو لێی پەشیمان نەبووەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە.

ئەم بیرەی سەید رەشید لەوەوە هەلیگۆزیوەتەوە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ سوننەتیان نەنوسیوەتەوە، چونکە بە دینی گتشییان نەزانیوە، دامەزرێنەرانی مەزهەبە فیقهیەکانیش هەروا لێی تێگەیشتبوون، بۆیە یەکڕانین و ڕێکنەکەوتوون لەسەر جیاکردنەوەی صەحیحەکان و کردار پێ کردنی... سەید رەشید دەڵێ: (ئەگەر ئەو باسەش زیاد بکەین لەسەری کە گەورە هاوەڵان ویستیان لە گێڕانەوەی فەرموودەدا نەبووە، بەڵکۆ خۆشیان لێ پاراستووە، تەنانەت ڕێگری کردن لێی بەڵگەیەکی بەهێزە بۆت کە بزانی نەیانویستووە بکرێتە دینی گشتی بۆ خەڵك و هاوتای قورئانی پیرۆز بێت، ئەوەشی خولەفای راشدین نوسیویانە و ئەوە جێی متمانەیە و ڕێکخراوەتەوە، و ناردویانە بۆ فەرمانبەرانیان تا بیگەیەنن و کاری پێ بکەن، ئا بەم شێوەیە وتەی ئەوکەسەی دەکەوێ کە بڵێ هاوەڵان بەشێوەی زارەکی گرنگیان داوە بە گێڕانەوەی سوننەت)[1].

بۆچونەکانی پتەوتر دەکاتەوە لەشوێنی تردا و دەڵێ: (بۆ ئەم بابەتە لایەنی تری هەیە کە جێی لێ وردبوونەوەیە، ئاخۆ ئەو گوتانەی ناونراوە (سوننەتی گوفتاریی) دەتوانرێ بە دین و شەریعەتی گشتی دابنرێ؟ ئەگەر چی هەرگیز سونەتگەلێکی کارپێکراو نەبووبێت بەبێ ناکۆکی و جیاوازی.. ! بەتایبەتی لەسەردەمی یەکەمدا، خۆ ئەگەر بە بەڵێ وەڵام بدەینەوە، دەکەوینە بەر فەرمودەیەك کە لە خودی پێغەمبەر ﷺ هاتوە ڕێگری کردووە لە نوسینەوەی جگە لە قورئان، سەرباری ئەوەش

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٠/ ٧٦٨).

هاوەڵان ڕێگریان کرووە لە نوسسینەوەی فەرمودە، بەڵکو گەورە و زانایان و خەلیفەکانی نێو هاوەڵان هیچ گرنگیان بە فەرمودە نەداوە)[1].

دیدگای سەید بۆ هەندێ لە ڕاوییانی سوننەت لە هاوەڵان:

سەید تانە لە هەندێ ڕیوایەتی سەروەرمان ئەبو هورەیرە دەدات، دەڵێ: (دەڵێم ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت لەبەرکارترین و فراوانرتینی هاوەڵانە بۆ فەرموودە، و ڕاستگۆشە لە گێرانەوەدا بەڵام موسڵمانبوونی لە سااڵی حەوتەمی کۆچیدایە، بەم پێیەش تەنها سێ ساڵ و شتێ هاوەڵێتی پێغەمبەر ﷺ ی کردووە، بۆیە زۆربەی فەرمودەکانی لە خودی پێغەمبەرەوە ﷺ نەبیستووە، بەڵکو لە هاوەڵانی تر و بگرە لە تابعینەکانی بیستووە، جا ئەگەر هەموو هاوەڵان سەرڕاستن لە ڕیوایەتدا هەر وەك وتەی زۆرینەی زانایانی فەرموودەیە، خۆ تابعینەکان بەو شێوەیە نین.

دەشڵێت: (بێ گومان چەسپاوە کە لە کەعبی ئەحبارەوە ڕیوایەتی هەیە، هەروەها زۆرینەی ڕیوایەتەکانی عەنعەنەیە، لەسەر ئەوەشەوە کە ڕاشکاوانە پیشان دەدات کە ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەر ﷺ دەیگێڕێتەوە نمونەی فەرمودەی (خلق الله التربة یوم السبت...) کاتێ زانایان بێ ناکۆکی جەخت دەکەنەوە کە ئەم فەرموودەیە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیە)[2].

---

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٩/ ٩٢٩)، وەڵام و تاوتوێی ئەم وتانە لە گومانی ژمارە چواری گومانەکانی قورئانیە هیندیەکاندا هاتووە و وەڵام دراوەتەوە.

(٢) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٢٩/ ٤٣). وە بۆ زیاتر بینینی دیدگای بۆ هاوەڵان گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٢٧/ ٧٨٣).

دیدگای سەید بەرامبەر ڕاستترین کتێب لە پاش کتێبی خوای گەورە:

سەید جەخت دەکاتەوە لەسەر هەبوونی فەرمودەگەلێك کە هەڵبەستراو و ناڕاست بن لە صەحیحی بوخاریدا، سەرباری کۆڕایی لەسەر صەحیحی کتێبەکە، جا دەڵێ: (بانگەشەی هەبوونی فەرموودەی هەڵبەستراو و درۆ لە صەحیحی موسنەدی بوخاریدا بەو مانایەی کە زانستی فەرموودە ئاماژەی پێ دەکات ئەستەمە، بۆ هیچ کەسێك ئاسان نیە بیسەلمێنێ، بەڵام خۆ بێ بەش نیە لە هەندێ فەرموودە کە دەقەکانی جێی لێ وردبونەوەیە، چونکە وتەی ئەوانەی بەسەردا دەسەپێ کە دەڵێن ئەوانەی لێ بەدەربێت، وەکو ئەو ڕێوایەتەی تۆمەتی درۆیی لەسەر هەیە کە گوایە پێغەمبەر ﷺ سیحری لێ کرابێت، ئەم ڕیوایەتە هەندێ لە زانایان نکۆڵییان لێ کردووە نمونەی ئیمامی (الجصاص) لە ڕاڤەکارانی پێشینان بۆ قورئان، و نمونەی مامۆستای ئیمام (محمد عبده) لەمانەی سەردەم، چونکە ئەو ڕیوایەتە دژ و پێچەوانەی گوتەی خودای بەرزە: ﴿وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾[1]، واتە: ئێوە تەنها شوینی کەسێکی نوشتە و جادوو لێکراو کەوتوون. سەید دەڵێ سەرباری ئەمەش گەڵێك فەرموودە هەیە لە صەحیحی بوخاریدا کە لە شتە ئاسایی و غەریزەییەکانە، هیچ پەیوەندی بە بیروباوەڕ و فیقیشەوە نیە)[2].

وە هەر لەم ڕوانگەوە فەرمودەی (ئاحاد) لە بواری بیروباوەڕدا ڕەد دەکاتەوە، لێرەشدا وانازانم بەڕێز مصطفى السباعي هاوڕای سەید بێت..!

---

(١) (الفرقان: ٨).

(٢)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٢٩/ ١٠٤).

سەید دەڵێ: (ئەما لەسەر ئەو فەرمودانەی لە باسی مەریەم و عیسادا هاتووە کە گوایە دەستی شەیتانی بەرنەکەوتووە، و ئەو فەرموودەی باسی موسڵمانبوونی شەیتانی قەرینی پێغەمبەر ﷺ دەکات[1]، و ئەو فەرمودەی کە باسی لابردنی بەشی کاریگەرییەکانی شەیتان لە دڵی پێغەمبەر ﷺ دەکات، هەموو ئەمانە هەواڵ و ڕیواياتی گوماناوین، چونکە هەواڵی ئاحادن، لەبەر ئەوەش کە باسەکانی پەیوەستە بە جیهانی غەیبیاتەوە، و باسی ئیمانە بە غەیبیات، ئەم بواڕە لە بیروباوەڕ و ئیمان ناچەسپێت بە هەواڵێکی جێ گومان، ئەمیش لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز: [إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا][2]، ئێمە هیچ داوامان لێ نەکراوە کە باوەڕ بە پێکهاتەی ئەو فەرمودانە بکەین لە بواری بیروباوەڕدا)[3].

لەدوای ڕەدکردنەوانەی بۆ فەرمودەی ئاحاد، ئیتر هەندێ مامەڵە و ڕەفتاری بەحەڵاڵ دەزانی لەگەڵ فەرمودەدا، سەرباری ئەوەی زانایان بە دریژایی میژوو هاوڕابوون لەسەر شکۆی فەرمودەکان، سەید دەڵێ: (تۆ دەزانی کە بەرژەوەندی فراوانترە لە باسی پێویستی و زەڕورەت، لە بنەماکانی شەریعەتدا ئەوە ڕونە کە هەموو حەرامکراوێك زیانبەخشە، هەموو سودبەخشێك حەڵاڵە، هەر لەبەر ئەمەیە کە قورئانی پیرۆز سود و ڕیبای حەرام کردووە بەم شێوەیە ﴿لَا تَظْلِمُونَ وَلَا

(١) مەبەست شەیتانی قەرینە، کە هەموو مرۆڤێك شەیتانێکی نزیکە بۆ هاندانی خراپە، هەر چۆن خودا هۆکار و فریشتە و ئیمان و عەقڵی بە مرۆڤداوە بۆ ڕاست و هاندانی چاکەی. (بلال).

(٢) (یونس: ٣٦).

(٣)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٢/١٦٦).

تُظْلَمُونَ﴾[١] واتە نەستەم بکەن و نەستەمیتان لێ بکرێت، بەڵام ئێستا ئەگەر بڕوانینە مامەڵەی بانکەکان هیچ زوڵم و ستەمی تێدانیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەیە پڕە لە ڕەحمەت و سود بۆ مامەڵەکاران، بێ گومان کەسێ دەست کورت و بێ توانا لەکاسبی دەتوانێ ئەو پارەی کە هەیەتی بیداتە بانك و بە پێی یاسای ڕێبایی سود لە قازانجەکەی ببینێت، هەم کابرا سودی لێ دەبینێ هەم بانکەکەش)[٢].

ئا لێرەوە سەید هیچ دەرچەیەك نابینێتەوە بۆ بێ تاوانکردنی خەڵکانێك یان پیاهەڵدانی ئەوانەی کە بە ئاشکرا نەیاری سوننەتی صەحیح بوون، بەڵام ئەوەتا دێتە پیاهەڵدانی پزیشکی خێزانییەکەی، ئەو پزیشکەی کە فەرمودەی باسی (مێش و مەگەز)[٣] بە درۆ دادەنێت. کەچی سەید ڕەشید ڕەزا لە وەصفیدا دەڵێ: (بێ شەك من شارەزام بە زانستی بینین و پشکنین – نەك زانستی غەیب – کە ئەم پیاوە – پزیشك – لە باوەڕدارە ئیمان پتەوەکانە، لە بەندایەتی و عیبادەتدا زۆر پەیوەستە، لە خۆپارێزە لەوەی خودای گەورە حەرامی کردووە، جا ئەگەر نمونەی ئەم پیاوە بە کافر دابنرێت بە بیانووی ڕەدکردنەوەی فەمودەی (باسی مێش و مەگەز) کە لە بوارەکانی باوەڕدا نیە و لە بابەتەکانی لق و فیقهیەکانیش نیە، بەڵکو ئەم پیاوە

---

(١) مەبەستی ئەم ئایەتەیە لە باسی ڕیبا: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٢٧٨) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٧٨، ٢٧٩). (بلال).

(٢)گۆڤاری (الفتح) بەرگی (١٠/ ٤٣٤) ، ئەمە بۆچونێکی دیاری ئەوانەیە کە پسپۆری زانستی ئابووریین ، تەماشی گۆڤاری (السیاسة الاسبوعیة) ژمارە ١٤٣ ، پەرەی ٢٢ ، بەرواری ١ ی دیسەمبەر ١٩٢٨ز .

(٣) مەبەست ئەو فەرمودەیە کە دەفەرموێ ئەگەر مێشێك کەوتە نێو دەفری کەسێکتانەوە ، ئەوە با بەتەوای نوقمی بکات و پاشان فڕێی بدات ، چونکە یەکێل لە باڵەکانی مێش نەخۆشینی پەوەیە و و ئەویتری دژە نەخۆشینی پێوەیە . . (بلال).

پێغەمبەر ﷺ لە وتەی لەو جۆرە دەپارێزێت و گەورەتر ڕایدەگرێ، ئاخۆ لەکوێ ئیماندارانی ڕاستگۆ ببینینەوە؟)[1].

لە هەموو بۆچوونەکانی سەید ڕەشید ناتەباتر و نامۆتر وتەکانی (الشيخ يوسف الدجوي)یە، ئەندامی ئەنجومەنی گەورە زانایان، کە لە گۆڤاری (النور الإسلام)ی ئەزهەردا بڵاوی دەکردەوە، لەسەر ڕیبای فەصل، و سودبینین لە زەوی بارمتەکراو، و ڕاڤەکردنی فریشتەکان بە هێزی سروشتی، و ماناکردنی جنۆکە بە میکرۆب، و ملپێچان و لارکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ بیردۆزی پەرەسەندنی داروێن بۆ سەرەتایی بوون، و بەدرۆ زانینی ئەو فەرمودانەی باسی جادولێکردنی پێغەمبەر ﷺ دەکەن. بەڵکو لە بۆچوونە سەیروسەمەرەکانی (الدجوي) ئەوبوو کە لەبارەی سەید ڕەشید ڕەزا دەڵێ: (بەڕاستی چاوقایمی و بوێریی کردووە کە وێراویەتی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ بەدرۆ بزانێت کە لە هاوڕاییەکانی ئیمامی بوخاری و ئیمامی موسلیم لەو فەرمودەی لە ئەبی زەری غیفاریەوە دەیگێڕنەوە. . . ، لەباسی ئەوەی کە خۆر سوژدە دەبات لەژێر عەرشی خودای متعال، دەڵێ ئەم زانستانە هیچ کەس لە پێغەمبەران ﷺ نەیانزانیووە.

(نمونەی ئەمە و ئەوەش کە پێچەوانەی واقیعی بە چاو بینراون، ئەو ڕیوایەتەی باسی پرسیاری کەسێك دەکات، ئایا خۆر لەدوای ئاوابوونی بۆ کوێ دەچێت، وەڵامەکەشی ئەوەبووە کە دەڕوات سوژدە ببات لە ژێر عەرشدا، و داوای فەرمانی خوای متعال دەکات کە ئایا هەڵبێتەوە . . . . هتد، بەڵام ئێستا خۆر لەهەموو خاڵێکی سەرزەویدا هەڵدێتەوە لەکاتێکدا لەخاڵێکیش ئاوادەبێت، ئەمەش ئاشکرا و

(١) گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٢٩/ ٥٠).

زانراوە بە زانستێکی یەکلایی بێ شوك و گومان، ئەمەش واتا وتەکەی پێغەمبەر ﷺ درۆیە، و هیچ گومانی تێدانیە . . ! ، هەتا دەگاتە ئەوەی دەڵێ ڕاستێتی بانگەوازی پێغەمبەران ﷺ نەوەستاوەتەوە بەم زانستانەی ماددی و بەدیهێنراوەکانەوە لەسەر حەقیقەت، پاش ئەوەش دەگاتە ئەوەی بڵێ: پێغەمبەر ﷺ هیچ کاتێ هێندەی (الشیخ السید محمد رشید رضا)ی نەزانیووە لە بواری زانستی بەرجەستەکاندا)[1] .

ب. أحمد أمین (١٨٨٧-١٩٥٤)ز:

أحمد أمین لە میانەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و ئاینی و مێژوویەکانی دا تیشکی خستۆتە سەر سوننەت، و ئاستی گرنگیدانی موسڵمان بە سوننەت، دواتر هەنگاو هەنگاو هەوڵی ئەوەی داوە کە تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسەکان و گومانەکانیان بهێنێت لەسەر سوننەت، تەنها ئەوە بوو کە دەمامکێکی وەهای پێوە پێچابوو کە کەمجار بەیەکەم نیگا و تێڕوانین ئاشکرادەبێت کە ئەم پیاوە لە نەیارانی سوننەتە یاخود هەوڵی هەڵکوتانە سەر سوننەتی هەیە، بەڵکو وادیار دەکەوێ کە لە دڵسۆزانی سوننەتە، و ستایشی هەوڵی زانایان دەکات لەسەر بەرگری کردن لە سوننەت، و جیاکردنەوەی صەحیحەکان لە ناصەحیحەکان . .

لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە قورس دەبێت دیدگای ئەم کابرایە ئاشکرا بکرێت بەرامبەر هەموو سوننەت، یاخۆ ئەم پیاوە بە سەرچاوەی تەشریعی دەزانێت

---

(١) گۆڤاری (النور الإسلام) بەرگی (٣/ ٣٣٥ – ٣٤٠) ، دەتوانی هەموو جەختکردنەوەکانی سەید لەسەر ئەم بۆچوونە چەوتانەی ببینیت و چۆن پشتیوانیش دەکات لە خۆی لە گۆڤاری (المنار) بەرگی (٣٢/ ٦٤٠) ژمارەی مانگی جمادی الّولی ی ساڵی ١٣٥١ ك ، کەساڵێك و چەند مانگێك پێش مردنیەتی ، نوسین و دەقەکانیش هەموو صەحیحن کە هی خۆیەتی ، تەماشای گۆڤاری (المنار) بکە ، بەرگی(١٢/ ٦٩٧) ژمارەی (٣٠) ڕەمەزانی ١٣٢٧ك بەرامبەر ١٤ ی ئۆکتۆبەری ١٩٠٩ز .

هاوتای قورئان؟ ئاخۆ ملکەچی سوننەت دەبێت هەرچۆن ملکەچی بۆ قورئان. . ؟ خۆ بێ گومان نکۆڵی کردنی بەشێك لە سوننەتی صەحیح لە فیکری ئەم پیاوەدا ئاشکرا دیارە، و چەندین فەرموودەی صەحیحی مەرفوع لە هەردوو کتێبی صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، کە لەو فەرمودانەن هیچ لە زانایان و فەرمودەناسان لە میژووی ئیسلامدا ڕەخنەیان لەسەری نەبووە، ئەوەتا ئەم دێت لە میانەی وتەکانیدا لۆمەی خۆی دەخاتە سەر دوو فەرمودە لە فەرمودەکانی بوخاری کە مەرفوعە، تانەی ئەوەی لێ دەدات کە صەحیح نیە، جا دەڵێ: (لەم بابەتی زانستی فەرمودەدا هیچمان دەست ناکەوێ لە ـ ڕەخنە لەسەر دەق ـ بەڵکو دەیەکی ئەو ڕەخنانە نیە کە گەڵاڵە بووە لەدەوری ـ سەنەد ـ کە فلاّن پیاو تانەی لێدراوە و فلاّن پیاو سەرڕاستە، هەتاوەکو دەبینین خودی بوخاری سەرباری شکۆمەندی و وردەکاریەکەی گەلێك فەرمودەی بە صەحیح و ڕاست زانیووە بەڵام بە تێپەربوونی کات و ڕوداوەکان و پێشهاتەکانی تاقیکردنەوەکان سەلێنەری ناڕاستی ئەو فەرمودانەن، لەبەر ئەوەی بوخاری تەنها گرنگی بە ڕەخنەکانی سەر پیاوانی گێڕەرەوە داوە، نمونەی ئەو فەرمودەیە: (دوای سەد ساڵ یەك کەس نامێنێتەوە لەسەر ئەم زەویە کە هەناسە بدات و بژێ)[1]، یان ئەو فەرموودەیە: (هەرکەسێ

(١) لەم فەرمودەیەدا ، زانایان دەفەرموون گوتارەکەی بۆ هاوەڵان داوە و ، مەبەستیش هاوەڵانی گرتۆتەوە ، پاش لیکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زاناکانی سەردەمی یەکەم ئەو بە تەواوی ڕوون بویەوە کە هیچ لە هاوەڵان نەمانەوە ، ئەمەش ڕاتی فەرمودکەی پێغەمبەر ﷺ پشت ڕاست دەکاتەوە.

بەرەبەیانان حەوت دانە خورمای جۆری ـ عەجوە – بخوات سیحر و ژەهر کاری تێناکات بەدرێژایی ڕۆژەکە تاکو ئێوارە) . . .)[1].

ئەم پیاوە گرفتیشی لەسەر ڕاوییەکانی فەرموودە هەیە، گوایە تایبەتمەندیەکەی ئەوەیە کە مەگەر خوا خۆی بزانێ ناخ و کرۆکی ئەو کەسانە چۆنە کە ڕیوایەتیان کردووە، بەمەش ئەگەری هەیە کە شتانێکیان ئاخنیبێتە نێو ئیسلامەوە کە لە ئاینی خوادا نەبووبێت (ئەم کارەش ـ مەبەستی جیاکردنەوەی فەرمودەی صەحیح لە ناصەحیح ـ پێویستی بە زانست و زانیاریەکی فراوانی میژووی پیاوانی ڕیوایەت هەیە . . . ، هەرچۆن پێویستی بە زانیاری لەسەر مەزهەب و بۆچوونیان هەیە ئاخۆ خەوارج یان موعتەزیلە یان مورجیئە یان شیعە نەبووە؟! جگەلەوانەش، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەندازەی مەزهەب و بۆچوونی چ کارێك دەکاتە سەر ڕیوایەتی ناڕاست، ئایا مانای لارناکاتەوە بۆ مانایەکی دور لە واتا ڕاستەکەی، ئایا فەرمودەی ناڕاست ناهێنێت . . . ؟ هتد، ئەم وردەکاریانەش گرنگن، هەروەکو دەبینین ئەمەش کارێکی زۆر گرانە و ئەستەمە و ماندوکارە، چونکە زۆربەی شتەکان پەیوەندی بە مەبەستی دڵ و ناخ و پەنهانیەکانی مرۆڤەکانەوە هەیە.

دەڵێ: (سا چەند شت لە پەنهانیەکانی ناخدا هەبن لەگەڵ ڕوکاردا یەکناگرنەوە، چەند کردار و گوفتاری ڕوکاری جوان هەیە لە ناخێکی ناپاکەوە دێت، چەندێ خۆنوێن بە خەڵکانی تەقوادار وچاکەکار هەبێ، کە نواندنی کردبێتە چەکێ بۆ خۆی، چەندێ هەبێ باوەڕی خۆی لە پەنهانیدا حەشاردابێت لەبەر تیر و تانەی

(١)گۆڤاری (فجر الإسلام) لاپەرە (٢١٧ـ٢١٨) چاپی دەیەم ١٩٦٩ز ، بڵاوکراوەی (دار الكتاب العربي) بیروت.

خەڵکی، یان لە ترسی دەسەڵات و پلەداران، بەڵکو بۆ چاوبەس و خەڵەتاندن تا بگاتە جێ بەجێ کردنی هێڵەکانی پلانەکەی، بەو شێوەیە . . . .)[1].

هەروەها أحمد أمین وادەبینێت کە لەسەردەمی خودی پێغەمبەر ﷺ دا حەدیسیان بەناوی پێغەمبەر ﷺ هەڵواسیوە و درۆیان بەناوەوە کردووە، هەرچەندە لێکۆڵەران ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ ،و خەلیفەکانی دوای ئەو بەڕەحمەت بن، دەڵێ: (وادەردەکەوێ ئەم درۆ هەڵبەستنە لەژیانی پێغەمبەر ﷺ دا ڕوبیداوە، جا ئەو فەرمودەی (مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ)، گومان زیاتر بۆ ئەوە ئاماژە دەکات کە بۆ ڕووداوێك وتراوە کە وتەیەك بەدرۆ درابێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ لە ژیانیدا، خۆ بێ گومان لە دوای وەفاتی ئاسانترە درۆی بۆ هەڵبەسترا بێت، لێکۆڵینەوەش گرانتر و قورس تر دەبێت)[2].

جا قسە لەسەر فەرمودەیەکی ئیمامی (الترمذي) دەکات، لەکاتێکدا ئەو فەرموودەیە سەلامەت بووە لە ڕەخنەی زانایان بەدرێژایی میژوو، دەڵێ: (بەڵام ئەوان زۆر فراوان نەبوون لە ڕەخنەی ناوەکی دا، هەرگیز ئەمەیان بەسەردا نەسەپاندوە ئاخۆ ئەم فەرمودەیە لەگەڵ واقعدا دێتەوە یان نا؟. بۆ نمونە ئەوەی (الترمذي) لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (الْكَمْأَةُ مِنَ الْمَنِّ وَمَاؤُهَا شِفَاءٌ لِلْعَيْنِ، وَالْعَجْوَةُ مِنَ الْجَنَّةِ، وَهِيَ شِفَاءٌ مِنَ السُّمِّ) ، ئایا بۆ تاقیکردنەوەی ئەم فەرموودەیە ڕۆشتن تاقیبکەنەوە بزانن دۆمەڵان وایە؟ ئایا ماددەی چارەسەری تێدایە بۆ چاو؟ یان خورمای عەجوە، ئایا تلیاقی تێدایە؟، بەڵێ . . بەڵێ . . وادیارە

---

(١) گۆڤاری (ضحى الإسلام) بەرگی (٢/ ١١١) چاپی دەیەم ، بڵاوکراوەی (دار الكتاب العربي) بیروت .

(٢)گۆڤاری (فجر الإسلام) لاپەرەی (٢١١).

بینیویانە ئەبوهورەیرە وتوویەتی: سێ یان پێنج یان حەوت دۆمەڵانم هێنا، گوشاردم لە دەفرێکدا، چاوی کەنزیکەکەم پێ چەورکرد، ئیتر چاکبوویەوە.

بەڵام ئەمە بەس نیە بۆ چەسپاندنی ڕاستی فەرمودەکە، تاقیکردنەوەی یەکجار کە سودی لێبینرابێت نابێتە سەلمێنەری دەوایەك لە ڕوی لۆژیکەوە، بەڵکو دەبێ چەندین جا تاقیبکرێتەوە، لەوەش وردتر و باشتر ئەویە کە شیبکرێتەوە لە تاقیگەدا تا ببینرێت چ تواناێکی مادەکانی تێدایە، جا ئەگەر تاقیگەکانی ئەو سەردەمە هاوکار نەبوون، ئێستا خۆ تاقیگەکان پێشکەوتوون، دەی با تاقیبکەینەوە و خوێندنەوەی لەسەر بکەین، لەم ڕێگەشەوە دەتوانرێ ڕاستی و چەوتی فەرموودەکان دیاری بکرێت)[1].

جـــا أحمد أمین هەوڵی دەدا گومان و هەرا لە بیر و هزری خوێنەردا بوروژێنێ کە گومانی بەرامبەر هەموو سوننەت هەبێت، ئەوەش بە هۆی زۆربوونی ڕیوایات بە تێپەربوونی کات.. دەڵێ: (بەڕاستی سەیرە..! ئەگەر ئێمە هێڵکارییەك بکێشین بۆ گێڕانەوەی فەرموودە دەبینین لە شێوەی سێگۆشەیەکی هەرەمی دەردەکەوێ، سوچێکی تەواو تەسك دەبێتەوە کە هێمایە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، دواتر دەست دەکات بە فراوان بوون بەپێی تێپەربوونی کات و زەمانە تاوەکو دەگەن بە بنکەیەکی گەورە و فراوان بۆ سێ گۆشەکە بەپێی دورکەوتنەوە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام لە ڕووی لۆژیکیەوە دەبوایە بە پێچەوانەوە بێت چونکە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ زاناترین کەسان بوون بە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ، کەچی بە مردنی هەر یەکێکیان فەرموودەکان کەمتر دەبنەوە بەنەبوونی ڕاوی و گێڕەرەوە لێیانەوە، بەڵامەکو لەسەر

(١) گۆڤاری (ضحی الإسلام) بەرگی (٢/ ١٢٨).

دەمی ئەمەوییەکاندا دەبینین ژمارەی فەرموودەکان گەلێك زیاتر بوون لەچاو فەرمودەکانی سەردەمی خولەفای ڕاشیدین، هەروەها فەرمودەکانی سەردەمی عەبباسیەکان ژمارەیان گەلێك زیاترە لەسەردەمی ئەمەوییەکان)[1].

تۆ تەماشای چەوتی فیکر و نەنگی بیر و لۆژیکی ئەم کابرایە بکە! کە چ حوکمێکی بێ مانا دەبەخشێتەوە بەهاوەڵانی بەرێز؟ بەوەی کە کۆچی دواییان کردووە بەبێ ئەوەی تاکە کەسێکیش ڕیوایەتیان لێوە بکات، خۆ ئەگەر ئەم قسەیەی ڕێی تێبچێت، هێلکاری سێگۆشە هەرەمیەکە پێچەوانەکەی لۆژیکی تر دەبوو. بێگومان بە شێوەیەکی گشتی و فراوان هیچ هاوەڵێك وەفاتی نەکردووە ئیللا دوو یان زیاتر ڕاوی لێیەوە ڕیوایەتی کردووە، بۆ ئەوەی سوننەت دڵیان ئاوەدان بکاتەوە، هاندانیش بێت بۆ کارپێکردن و گوفتار پێکردنی، بەم پێیەش تا دوربکەوێنەوە لەسەردەمی هاوەڵان دەبینین ڕیوایەت و سوننەت زیاتر بەربڵاوتر دەبێتەوە، ژمارەی هەر چینێکی نوێ زیاتر دەبێت لەوەی پێش خۆی، هیچ پیاوێك شتێ نابیستێ ئیللا بۆ زیاتر لە کەسێك دەیگێڕێتەوە و ئەمەیش واقعی حاڵ وامان پیشاندەدات، پێچەوانەی هەرەمەکەی ئەو کابرایە، بێنە پێش چاوی خۆت مامۆستایەك سی قوتابی فێر بکات، پاشان هەر قوتابیەك سی قوتابی یان زیاتر یان کەمتریش فێر بکات، دەبینین هەتابێت ژمارەکان زیاترن لەوەی پێش خۆیان، نەوەی سێیەم لەوەی پێشتر زیاتر دەبێت، ئەمەش سوننەتی خودا و یاسایی کەونی خودایە بۆ بڵاوبونەوەی ئەو زانستە، تا گەشتۆتە ئەوەی پێناچێت کەسێك ببینی کە تەنها کەوتبێ یان یەك کەس زانستی لێوەرگرتبێ، بۆیە زنجیرەی یەك تاکەکەسی بەردەوام

(١) گۆڤاری (ضحى الإسلام) بەرگی (٢/ ١٣٠).

نەبووە لە هیچ زانستێکدا، بەجۆرێ کەسی تر هاوبەشی زانستەکەی نەکردبێت جگە لەیەك نەفەر. مەگەر زانستێك کە مامۆستاکە بیەوێ پەنهانی بکات و نەیگەیەنێ بە کەسانێکی زۆر، ئەوەش هەر زۆر دووە لە زانستی فەرموودەوە، چونکە ئەوکات ستەمێکی گەورە دەبێت.

دواجار لێکۆڵینەوەکان لەسەر سوننەت لای أحمد أمین دەگاتە ئەو ئاستەی بڵێ: (لەوێدا هەندی شتی نوسراو هەیە لەسەر ئەم ڕەخنەیە ـ ڕەخنە لەسەر دەق ـ بەڵام ناگاتە هێندێکی گونجاو کە گرنگی و پێویستی ڕەخنەی دەرەکی پڕبکاتەوە، خۆ ئەگەر ڕویان کردبایە ئەو ڕێگەیە و برۆشتنایەتە قوڵایی بابەتی یەکەمەوە، ئەوکاتە ڕون دەبوویەوە بۆمان کە چەندین ڕیوایەتی زۆر زۆر ناڕاست دەردەچوو کە هەڵبەستراون، بۆنمونە زۆربەی فەرموودەکانی چاکە و فەزڵی کەسەکان، نمونەی ئەو وەصف و چاکانەی لەسەر کەسایەتی و شوێن و گەل و هۆزەکان هاتووە، ئەوانەی سەربە ئەو هۆز و ئەو میللەتن پێشبڕکێیان بووە لە هەڵواسینی وەصفێکی خۆیان، ئەمەش پانتاییەکی زۆری کتێبەکانی فەرموودەی داگیرکردووە)[1].

ج. (العقيد معمر القذافي):[2]

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێش کۆتاییەکانی سەدەی چواردەیەمی کۆچی هەندێ هەواڵی بڵاوبونەوە لەسەر (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی)[3] یەکێك لەو هەواڵانە

---

(١) گۆڤاری (ضحى الإسلام) بەرگی (٢/ ١٣٢).

(٢) (العقيد) لە مانی کوردی پەتیدا بە مانای (سەرهەنگ) دێت ، ئێمەش بە کوردیەکە دەینوسینەوە. (بلال جلال حداد).

(٣) دیارە ئەو کاتەی بەڕێز نوسەری ئەم کتێبە خەریکی نوسینەوە بووە ، هەم خۆی و هەمیش (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی) زیندوو بوون ، بۆیە لەبەر دڵسۆزی نوسیبووی (خودا هیدایەتی بدات) بەڵام ئێستا کە ٢٠١٧ هەردوو ڕۆشتونەتە بەر بارەگایی خودای گەورە ، خودا ئاکامی ئێمە بەخێر بگێڕێت. (بلال)

فەرموودەی صەحیح لە لاواز جیادەکرێتەوە، هەروەها زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کردار دەکرێت بەو فەرمودانەی کە صەحیحن.

ئەوەبوو (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی) ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە باوەڕی بە زۆربەی ئەو بۆچوونانە هەیە کە وەفدەکە بۆیان ڕوون کردۆتەوە، بۆچوونی تەواوی خۆی بۆ وەفدەکە ڕوونکردۆتەوە بەرامبەر قورئان و سوننەت و فەرموودە، بە توندی نکۆڵی ئەوە تۆمەتەی کردووە کە دراوەتە پاڵی گوایە وشەی (قُلْ) لە ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ی لابردبێت، یان ئەو تۆمەتەی کە نوێژی عەسری بە دوو ڕکات کردبێت بەبێ سەفەر، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە بەتەنها داندەنێ بە سوننەتی کرداری ئەنوەی نوێژ و حەج . . . ، بەڵام بۆ فەرموودەی گوفتاری ئەوەی ڕاست و صەحیحە کاری پێ دەکات و بەڵێنی ئەوەی دابوو کە بۆچونەکانی لەبەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە ئاشکرا بکات)[1].

شێخ عبدالعزیز ئیبن باز[2] وەکو بەزەیی و سۆزێك بۆ حاڵی (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی) ئامۆگاری کردووە، فەرمووی: (لێرەدا شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە خوێنەران و موسڵمانان دەیبینن و پەیوەستە بە فەخامەتی (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی)ـیەوە، پێویستە لەسەرمان ئاگاداری ببین و حوکمەکەی ڕون بێت لامان، ئەوش ئەوەیە کە ئافرەتە نوسەری ئیتاڵی (میریلا بیانکو) باسێکی کردووە لە

(١) ئەم دەقە لە پەڕاوە وەرگیراوە کە برامان محمد صالح شریح لە نامەی ماستەریدا بەناوی (السنة باعتبارها مصدرا من مصادر التشریع الإسلامي. .) لاپەرەی ٣٥٣ ، کە پلەی ماستەرەکەی لە شەریعەتی ئیسلامی لە زانکۆی ئیسلامی لە شاری مەدینەی مونەوەرە لە ساڵی ١٤٠٠ك – ١٩٨٠ز بەدەست هێنا.

(٢) نوسەر نوسیبووی (خودا بیپارێزێ) ، دیارە ئەوکات شێخ لە ژیاندا بووە ، بەڵام ئێستا دەڵێین خودا لێی خۆش بێت و بەرەحمەت بێت. (بلال جلال حداد)

کتێبەکەیدا (قەزافی پەیامبەری بیابان) لە لاپەرەی (٢٤١) لەبارەی (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی) و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بە پەیامبەرێك لە پەیامبەرانی خودا ناویبردوون، بەوشێوەیەش وتوویژی لەگەڵدا کردووە و وتوویەتی: (ئەی پێغەمبەری خودا ئایا تۆ شوانی مەڕت کردووە؟ موعەمەریش وتویەتی: بەڵێ هیچ کەس لە پەیامبەرانی خودا نیە شوانی نەکردبێت.

ئەم وەڵامەش ئەوەی لێ تێدەگەین کە دانی بەوەدا ناوە کە پێغەمبەری خودایە، چونکە هیچ نکۆڵیەك لە وتەکانیدا نابینرێ، و نەیوتووە من پەیامبەری خودا نیم، ئەوەش لای هەمووان زانراوە کە هەرکەسێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات یان بڵێ من پەیامبەری خودام لەدوای پێغەمبەر ﷺ کوفرێکی گەورەی کردووە، گومڕاییەکەی زۆر گەورەیە، دەرچوونە لە بازنەی ئیسلامەتی بە کۆڕای هەموو موسڵمانان، چونکە ئەمە بە درۆزانینی ئایەتی خوای گەورەیە [مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ][1])[2].

کەواتە بە پێی ئەو بەیننامەی وەفدەکە بێت (سەرهەنگ موعەمەر قەزافی) نکۆڵی سوننەتی گوفتاری دەکات هەتاوەکو دەسەڵێت و دەچەسپێت، لەبەر ئەو گومانەی هەیەتی لەم وتەیەی دا: (ئایا کەس وردبینی کردووە کە ئەوەی لە صحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە هەمووی صەحیحە و کەس بابەتی درۆ و ناڕاستی تێنەکردووە؟)[3]، ئەم وتەیە لە بێ ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاخر زانایان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ پاڵاوتەکردنی فەرمودەکان، ئەوەشی پەیوەندی هەبێ بە

---

(١) ﴿الأحزاب: ٤٠﴾.

(٢) (السنة باعتبارها مصدرا من مصادر التشريع الإسلامي. .) لاپەرەی ٣٥٤ .

(٣)

صەحیحی بوخاری و موسلیمەوە و ڕەخنەی زانایان لەسەر هەندێ بابەتی، ئەوە باسەکە ڕونە لای کەسێك کە خەریکی زانست بێت، چونکە ئەو قسە و وەصفانەی دەکرێ بۆ بوخاری نمونەی ئەوەی پێی دەڵێن (ڕاستترین کتێبە لەدوای قورئان) نەوتراوە هەتاوەکو بە وردی و تەواوی لە صەحیحی بوخاری کۆلراوەتەوە، هەرگیز کەس نەیتوانیوە متمانەی موسڵمانان بەسەرچاوەکانی سوننەت کەم بکاتەوە، هەرچەندە هاوار و پچەی ناپەسەند بکەن بۆ خەڵك.

د. عبد الله عنان:

لێکۆڵەر (عبدالله عنان) بۆچوونی وایە کە (المهدي المنتظر)[1] و (المسيح)[2] دوو ئەفسانەی ئاینین، بۆیە تانەی داوە لەو فەمودانەی کە ئەم دوو بابەتە دەچەسپێنن، و نوسینەکەی لەژێر ناونیشانی (أساطير دينية عماد حوادث كبرى في التاريخ) دەڵێ: (ئەم چیرۆکانە لەو ناوچانەی کە زانست تێیدا بلاوە و گرنگە باسێکی نیە، بەڵام لەناو موسڵماناندا هەمیشە لە گەشەکردندایە، نمونەی هاتنی محمدی مەهدی لە هیچ شوێنێکی تردا باسی نیە، ئەگەر چی شیعەگەران ئەم باسەیان قۆستۆتەوە بۆ خۆیان بەدرێژایی میژوو. وتەکان و قسەکان دەیگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی خودی پێغەمبەری ﷺ عەرەب، لەوێوە کۆمەڵێك فەرموودە لە بارەی محمدی مەهدیەوە دەگێڕنەوە کە جێی تێڕامان و گومانی زۆر و تێگەیشتنی قوڵە، کۆمەڵێکی تریش لە گوفتار و هەواڵەکان لە گەورە هاوەڵانەوە ڕیوایەت کراوە، نمونەی ئەفسانەی محمدی مەهدی مونتەزەر و دابەزینی عیسای مەسیحی کە بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕیواياتی

(١) مەبەست (محمد المهدى) یە. (بلال)

(٢) مەبەست (هاتنە خوارەوەی پێغەمبەرعیسایە ﷺ). (بلال)

جولەکەکان، بۆیە بەهەمان شێوە لە ئیسلامیشدا جێگەیەکی هەیە، هەندێ جاریش هاتنی مەسیح دەبەسترێتەوە بە دەرکەوتنی مەهدیەوە، دەوترێ: عیسای مەسیحی چاوەڕێ دەکرێت، دوابەدوای سەرهەڵدانی محمدی مەهدی دەبێت، یان لەگەڵ یەکدا دێن و محمدی مەهدی ئیمامەتی بۆ دەکات)[1].

هـ. الشيخ محمود شلتوت:

محمود شلتوت لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی ڕوبەڕوی کرابوویەوە لە لایەن ئەزهرەوە بەکورتی وەڵامی دەداتەوە لەسەر بابەتی بەرزکردنەوەی پێغەمبەر عیسا ﷺ ی کوڕی مەریەم بۆ ئاسمان و هاتنەخوارەوەی لە کۆتاییەکانی زەمانە، پاش ئەوەی هەرچی فەرمودەی چەسپاوی ئەو بابەتەی ڕەدکردەوە، وەڵامەکان بەم دەرەنجامانە گەیشتووە:

(کورتەی بابەتەکە ئەوەیە کە ئەم باسە نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پاکڕاگیراودا نەهاتووە، کە هێندە پشت ئەستور بێت بۆ ئەوەی دڵ بە دڵنیاییەوە باوەڕی پێ بکات کە عیسا براوەتە سەرەوە بۆ ئاسمان و تائێستاش لەوێ بێت و لە کۆتایی زەمانیشدا دادەبەزێنرێتەوە بۆ سەر زەوی.

هەرچی لە ئایەتەکاندا هاتووە مانای ئەوەدەگەیەنێ کە خودا بەڵێنی بە عیسا پێغەمبەر ﷺ داوە کە ئەجەلی دەهێنێت، و دەیباتە سەرەوە بۆ لای خۆی، و دەیپارێزێت لەئەوانەی بێ باوەڕن، ئەم بەڵێنەش دێتە دی و دوژمنان ناتوانن بیکوژن، لەخاچیشی نادەن، بەڵکو خودا ئەجەلەکەی دێنێت و بۆ سەرەوەی دەباتەوە)[2].

---

(١) گۆڤاری (السیاسه الاسبوعیه) ژمارە ٩٥، پەڕەی ١٧، بەرواری ٣١ ی دیسەمبەری ١٩٢٧ز . الشرقیه)

(٢)گۆڤاری (الرسالة) بەرگی (١١/ ٣٦٣).

و. أحمد فورزي:

(أحمد فوزي) دەرچووی زانکۆی لەندەن بوو، لە بلاّوکراوەی (المطعم)دا پێشنیاری گۆڕینی شێوازی نوێژی کردووە، ئەویش بەدەرەنجامی لۆژیکیانە و بە نکۆلّی و ڕەدکردنەوەی ئەو فەرمودانەی لەسەر چۆنێتی نوێژ هاتووە، و بەئامانجی نزیکردنەوەی ئیسلام لە خاچپەرستی، بۆیە هەستا بەڕازاندنەوی چاولێکەی ئەوروپیەکان لە نوێژدا کە وەکو ئەوان لەسەر کورسی دابنیشن بەرامبەر سەکۆیەك و سوژدەی لەسەر ببەن، بەمەش تازەگەری دێتە کایەوە)[1].

ز.الشيخ محمد بخيت[2]:

شێخ محمد بخيت المطيعي الحنفي یەکێك بوو لە مامۆستایانی زانکۆی ئەزهەری شەریف لە میانەی لێکۆلینەوەکانیدا ئەوە بە جائیز دەزانێ کە ناموسلّمان بۆی هەبێ پۆستی خەلاّفەتی گەروە وەربگرێت، ئەمەش دوای نکۆلّی کردن و وەرنەگرتنی ئەو فەرمودانەی لەو بارەیەوە هاتووە و لارکردنەوەی ماناکانی ئەو ئایەتانەی لە باسەکەدا هەن تەنها لەبەر چاوی کالّی ئینگلیزەکان کە بیکاتە بیانوویەك بۆیان لەوسەردەمەدا کە میصریان داگیرکردبوو، سەمەرەکە ئەوەیە ئەم بیرە کۆلّەی خۆی بە ئیستنبات و وردبونەوەیەکی قولّ و سەرکەوتنێکی خودایی وەصف کردووە کە جگە لە بەندە بۆخوا موخلیصەکان نەبێت کەسانی تر نایگەنێ)[3].

---

(١) دریژەی بابەتەکەی لە گۆڤاری (المقطم) ژمارە ١٣٢٩٢ لەبەرواری ٢٠ ی جمادی الآخر ١٣٥١ .

(٢) محمد بخيت المطيعي الحنفي ، یەکێکە لە مامۆستایانی ئەزهەری شەریف.

(٣)گۆڤاری المنار المصریە ، بەرگی (٩/ ٢٣٨).

ح. عبدالمتعال الصعيدي:

گۆڤاری (السياسة الاسبوعية) وتارێکی (عبدالمتعال الصعيدي)ی مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئەزهەر بلاّوەکاتەوە بەناونیشانی (التشريع المصري و صلته بالفقه الإسلامي) کاتێ هەردو ئایەتی حوکمی دزی و زینا دەهێنێتەوە، ئەوەی وتەی خوای گەورە (فَاقْطَعُوا)[1] (بیبڕنەوە)، هەروەها فەرمانی هاتوو لەسەر حەددی زینا (فَاجْلِدُوا)[2] (جەلّدی لێبدەن)، دەلّێ با ئەم دوو ئایەتە بکرێت بە بەلّگەی جائیزبوونی ئەو حوکمانە، نەوەك بکرێت بە واجب و حەتمی، فەرمانەکەیشی با وەکو فەرمانی ئەم ئایەتە وەربگرین لە وتەی خودای گەروە [خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ][3]، چونکە بڕینی دەست قورسترین و نارەحەتترین سزایە، هەربۆیە جائیزە کە لەو حوکمە لابدەین بۆ سزایەکی تر کە سوکتر بێت، ئیتر ئەم حوکمەش وەکو هەموو ئەو حوکمە ئاساییانەی لێ دێ کە سەرکردە و وەلی ئەمر ئازاد بێت لە مامەلّەکردن تێیدا، ئیتر کاریگەری هەموو ڕۆژگار و شوێنێك وەردەگرێت و دەگەونجێ بۆ هەموو شوێن و کاتێك، بەهەمان شێوە بۆ زیناکارانیش قامچی لێدان بێت یاخود بەردبارانکردن دەتوانین بیگۆڕین بۆ شتێکی گونجاوتر)[4].

---

(١) مەبەستی ئایەتی ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٨).

(٢) مەبەستی ئایەتی ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور: ٢)

(٣)(الأعراف: ٣١).

(٤)گۆڤاری (السياسة الاسبوعية) ژمارە ٦ ، بەرواری ٢٠ ی فیبریل ١٩٣٧ ز .

ئەوەبوو پشتیوانی و بەرەی بەرگریکردن لە سوننەت زۆر بەباشی و چالاکانە بەرپەرچی ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە و بۆچوونە لاروخوارانەی دایەوە لەوانەی پێشتر، بۆیە ئەوەی خاوەن خامە و پێنووس بوو بەشداری کردووە لە بەرگری کردن لە سوننەت و بەرپەرچی نەیارانی داوەتەوە لە ڕوانگە و بەشە جیا جیاکانەوە.[1]

٨. بەراورد لە نێوان نەیارانی سوننەتی هیندی و عەرەب زمانان:

ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان بزاوتەکانی نکۆڵی کردنی سوننەت لە نێو عەرەبەکان و ئەوەی لە گۆڕەپانی هیندستاندا هەبوو، بەڕوونی دیارە کە هەردوو لا لەژێر کاریگەری ڕۆژئاوادا بوونە، ئەوەش وەکو بەرهەمی داگیرکاری و غەزوی فیکری و جۆراوجۆری سەربازەکانیەتی، بەڵام هەردوو بزاوتەکە لە چەند خاڵێکدا لەیەکتری جیاوازن، گرنگترینیان:

١. لە ناو عەرەبەکاندا هێشتا ڕێژەکانیان ڕێکخستنی نیە و کۆمەڵ و گروپ نین، بەڵکو تەنها لە تاکەکەسیە و زۆر دەبن و کەم دەبنەوە، بەڵام لە هیندستانی یەگرتوو دەبینین لەژێر بەیداخێکی ڕێکخراوی کۆمەڵکاریدان، چالاکی و دانپێدانانی فەرمیشیان هەیە.

٢. لەناو عەرەبەکاندا ترسناکترن لەچاو هیندیەکاندا، چونکە هەوڵەکان چڕبووەتەوە بۆ داڕمانی (قورئان و سوننەت و پێغەمبەر و پێغەمبەرایەتی و . .)

---

(١) بۆ ئەو مەبەستە تەماشای گۆڤاری (الفتح) بەرگی (٧/ ٢٤١) و بەرگی (٨/ ٢٥٣) و بەرگی (٨/ ٩٧٧) وبەرگی(١١/ ١٠٨٠) و بەرگی (١١/ ١١٧٧).

هەموو شتێ کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەبێت، بەڵام بەم جۆرە فراوانە لە نەنگی نایبینین لە هیندستان.

٣. ئەم بزاوتانە لە هیندستان بەرهەمیان زیاترە لە چاو میصر و وڵاتانی عەرەبی دا، بەتایبەت لە ڕووی زانستی و ژمارەی ئەندامانەوە.

٤. لە میصردا خاوەنی ئەم بۆچوونانە دادگایی کراون و سزا دراون، بەڵام لە هیندستان و پاکستان و بەنگلادش ئەوە نەکراوە بەرامبەریان، وە پێگەی ئەزهەر دەستی باڵای هەبووە لە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە.

دەروازەی دووەم

دیدی نەیارانی سوننەت و وەڵام لەسەریان

لە چوار بەش پێك دێت

یەکەم: گومانەکانی نەیارانی سوونەت دەربارەی سوننەت و وەڵامی گومانەکانیان.

دووەم: ڕێبازی نەیارانی سوننەت لە تەفیسری قورئانی پیرۆزدا.

سێیەم: بۆچونەکانی نەیارانی سوننەت لەبابەتی بیروباوەڕدا.

چوارەم: بۆچوونە تەشریعیەکانی نەیارانی سوننەت.

بەشی یەکەم

گومانەکانی نەیارانی سوونەت دەربارەی سوننەت و وەڵامی گومانەکانیان

گومانەکانی نەیارانی سوونەت دەربارەی سوننەت و وەڵامی گومانەکانیان

لە بەشی ڕابردوودا لەسەر سوننەت لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەی زانستیەوە دواین، هەروەها ئەوەشمان خستە ڕوو کە چ هێرشانێك کراوەتە سەری لە لایەن هەندێ لایەنی بەناو ئیسلامیەوە، سەرباری ئەوەی زۆرینەی زۆری موسڵمانان لەسەر ئەوە کۆڕان کە سوننەت دووەم سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامیە لە دوای کتێبی خودا (قورئانی پیرۆز)، لەباش ئەوەی ڕیوایەتەکە دەسەلێت صەحیحە و دورە لە شازی و گرفتەوە، هاوەڵانی بەڕێز ڕەزای خودایان لەسەر بێت ئەحکامەکانی شەریعەتیان لە قورئانی مەجید هەڵدەگۆزی، بەو ڕاڤەیەی پێغەمبەر کرداری پێ کردبوو، زۆر جار کە ئایەتەکان دادەبەزین بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ گشتگیر بوون، ئەویش بەوردی و درشتی ڕوونی دەکردەوە بۆ هاوەڵانی هەندێ جار بە گوفتار و هەندێ کات بە کردار، هاوشێوەی ئەو ئایەتانەی باسی نوێژ و زەکات و حەج و ئەو بابەتانە دەکات، چونکە ئایەتەکان هیچ باسی بوارەکانی دەست پێ کردن و کۆتایی هێنان، یان مەرجەکانی و پێویستیەکانی و وردەکاریەکانی، وە ئایا حوکمی ئەو عیبادەتە چی یە؟ ئایا هەموو ڕۆژ ئەنجام بدرێ؟ یان هەموو ساڵێ؟ یان لە تەمەندا یەکجار بەسە . . . هتد.

بۆیە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هاتوە بۆ ئەوەی ئەو وردەکاریانە و ئەو حوکمە گشتگیرانە ڕوون بکاتەوە بە کرداری پێغەمبەر ﷺ، و فەرمان بفەرموێ بە هاوەڵان

وخەڵکانی تریش کە چاو لە پێغەمبەر ﷺ بکەن بۆ دینداری، بۆ نمونە دەفەرموێ: (صلوا کما رأیتمونی أصلی)[1]، دواتریش ئەو کەسە پاساڵ و ڕێکانە گێڕاویانەتەوە بەو شێوازی کردار یان گوفتارەی کە گشتگیریەکانی قورئانی پیرۆزی تایبەت کردووە، ڕەهایی سنوردار کردووە، ئاخر ئەگەر سوننەت نەبا ئەو قورئانە پیرۆزە کە بە (تبیاناً لکل شیء) وەصف کراوە پڕ دەبوو لە گرێ کە نەدەتوانرا تێبیفکرێت، خۆ ئەگەر ئەو سوننەتانە نەبا نوێژ کردن و زەکات بەخشین و وردەکاریەکانی لە ئایینی ئیسلامدا نارون دەمانەوە، و جێ بەجێ کردنی ئەستەم دەبوو لە شەریعەتی ئیسلامیدا، خودای بەرز دەفەرموێ ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾[2]، واتە: ئەوە زیکرەمان بۆت نازڵ کردووە بۆ ئەوەی ئەو ئایەتانەی بۆیان دادەبەزێنرێت ڕون بکەیتەوە بۆیان.

وە دەفەرموێ: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلَا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا﴾[3]، واتە: ئێمە کتێبەکەمان بۆ نازڵ کردووی بۆ ئەوەی دادگەری و حوکم بکەی لە نێوانیاندا بەو شێوەی خودا ڕێت نیشان دەدات.

دە ئەم ڕونکردنەوە و ڕێپیشاندانە (وتە و کردارەکانی و چەسپاندنەکانی) نەبێت؟ ئەی چییە؟! ئەم سێ شتانە کۆڕایی زانایانی ئیسلامی لەسەرە کە ناوبنرێ بە سوونەتی تەشریعی.

ئەمە و شایەنی باسە سوننەت لە کۆن و نوێدا هەمیشە لەبەردەم هەندێ هێرشی نالەباردا بووە لە لایەن هەندێ بەناو موسڵمانەوە، بەڵام ئیسلام لەو جۆرە کەسانە

---

(١) بخاری

(٢) (النحل: ٤٤)

(٣) (النساء: ١٠٥)

دووەم، لە بەشی پێشوودا هەندێ باسی ئەو بوار و کەسانەمان کرد، بەڵام ئێستا لەم سەردەمە هاوچەرخەدا ئەوەی نمونەی ئەو دژایەتیانەی سوننەتە (قورئانیەکانن = نەیارانی سوننەت)، لێرەوە کورتەیەك لەسەرگومانەکانیان لەبارەی سوننەتەوە دەهێنین و لەگەڵیدا وڵامەکەشی دەنوسینەوە:

ئێستاش بۆ خستنە ڕووی گومانەکان لەگەڵ وەڵامەکانیدا..

گومانی یەکەم:

گومانی یەکەم بە دێڕێکی قسەکانیاندا کورت دەکرێتەوە کە دەڵێن: (کتێبی خودا (قورئانی پیرۆز) مان بەسە، چونکە هەموو بابەتە ئایینیەکان لە خۆی دەگرێت و ڕاڤە و شیکاری هەموو ورد و درشتێکی ئیسلام لەخۆ دەگرێت، ئیتر موسڵمانان هیچ پێویستیان بە سوننەت نیە وەکو سەرچاوەیەك بۆ تەشریع تاوەکو بابەت و حوکمە شەرعیەکانی وەربگرین.

عبدالله جەگرەلەوی دەڵێ: (بێ گومانی قورئانی شکۆدارمان، باس و خواسی هەموو شتێکی کردووە، ئەوەی پێویستی بێت لە ڕووی ئاینەوە بە وردی و ڕاڤەی تەواوەوە لە قورئاندا هەیە، و لەهەموو ڕوانگەیەکەوە ڕونکردنەوەی تێدایە، ئیتر چ پێویستمان بە وەحی پەنهان و سوننەت هەیە؟!)[1].

(١) گۆڤاری (إشاعة القرآن) لاپەرەی ٤٩، ژمارەی ٣، ساڵی ١٩٠٢ز. هەروەها (إشاعة السنة) ژمارەی ١٩، لاپەری ٢٨٦، ساڵی ١٩٢٠ز.

لە شوێنێکی تردا ئەم بۆچوونەی دوپات دەکاتەوە و دەڵێ: (کتێبی خودا تەواوە و پێویستی بە هیچ ڕاڤەکردنێك نیە. پێویستی بە تەفسیری محمدیش نیە، تەنها ئەوەی ڕونکردنەوەی دابێت یان کرداری پێ کردبێت)[1].

(الحافظ أسلم) بەهەمان مانای قسەکەی جەگرەلەوی دەکات و دەڵێ: (پێویستیەکانی ئاینی ئیسلام ئەوە دەخوازێ کە تەنها شوێنی قورئانی وردەکار و پڕ درشت بکەوین و لێی لانەدەین)[2].

وەڵامی ئەم گومانە:

هیچ جێی مشتومڕ نیە لەوەی کە قورئانی پیرۆز هەموو بنچینەکانی تەشریعی بەشێوەیەکی گشتی لە خۆ گرتووە، بەڵکو دەربڕینی ڕونیشی بۆ هەندێ بابەتی کەم هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو گروپە بانگەشەی بۆ دەکەن کە گوایە قورئانی پیرۆز لەسەر هەموو بابەتیکی گەورە و بچوك بە دورودرێژی و ورد و درشت باسی کردبێت..! لەڕاستیدا ئەوە تۆمەت و بوهتانە لەسەر قورئان، و لەگەڵ واقعی ئەحکامەکاندا نایەتەوە، خۆ ئەگەر بابەتەکە وەکو ئەوەیە کە عبدالله جەگرەلەوی و هاوڕێکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، لە کوێی قورئاندا ژمارەی نوێژە فەرزەکان لەشەو و ڕۆژێکدا هاتووە؟ دەی کوا ژمارەی ڕکاتەکانی هەر نوێژێك لە نوێژە فەرزەکان؟ باشە لە کوێی قورئانی پیرۆزدا سنوری پێویست بوونی زەکات (نصاب الزکاة) هاتووە بۆ وشتر و مانگا و مالات و زێر و زیو.....؟

---

(١) (ترك إفتراء تعامل) لاپەرەی ١٠ ، (خەواجە أحمد الدین) و (الحافظ أسلم) هەمان بۆچوونیان هەبوو. تەماشای (برهان الفرقان) لاپەرەی ٤ ، (نکات قرآن) لاپەرەی ٤٩ .

(٢) (مقام حدیث) لاپەرەی ١٤٣ ، و (نکات قرآن) لاپەری ٧١ .

نەخێر نەهاتووە، بەڵکو بۆ پێغەمبەر ﷺ ی هێشتۆتەوە بۆ ئەوە ئەو وردەکاری و شیکاریانە ڕون بکاتەوە بۆ مەردووم، خۆ ئەگەر هەموو ئەو وردەکاری و تەفصیلاتە لە قورئانی پیرۆزدا هاتبا کە لە دینداریدا پێویستمانە ئەوا خوای پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر خۆشەویست ﷺ دەنەکرد کە بۆ خەڵکی ڕاڤە و ڕون بکاتەوە چونکە شتەکان خۆیان ڕوون دەبوون، هەروەها فەرمانی بە موسڵمانان نەدەکرد کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن، و شوێنی فەرمانەکانی بکەون و دوربگرن لەوەی هۆشداری داوە و نەهی لێ کردووە علیه الصلاة و السلام.

لەم سۆنگەیەوە دکتۆر السباعی ڕاستی وتووە: (بێ گومان خوای گەورە دەقی لەسەر هەموو شتێك نەفەرموو لە قورئانی پیرۆزدا، ورد و درشتی بابەتەکانی تێدا نەهێناوە، بەڵکۆ بنچینە وڕێسا و یاسا گشتیەکانی هێناوە، لەو بنچینانەی کە پێغەمبەر ﷺ بە سوننەت و کردارەکانی ڕوونی کردۆتەوە بۆ ئومەتەکەی، هەروەکو خوای متعال دەفەرموێ: [وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا][1]، واتە: هەرچی نێرداروی خودا پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون وەریبگرن، هەرچی لێتان قەدەغە کرد وازی لێ بهێنن.)[2]

پێدەچی ئەوەی پێی خزاندونەتە ئەم لێ تێکەڵبوونە، ئەو بۆچوونە هەڵانەی خۆیان بێت بۆ ڕوانین لە فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ

(١) [الحشر: ٧].

(٢) (دفاع عن الحديث النبوي) لاپەرە ١٠٢.

﴿كُلِّ شَيْءٍ﴾[١]. واتە: بەڵکو ئەو قورئانە بەڕاست خەرەوەی ئەوەی پێشیدا هەبوو لە کتێبە ئاسمانیەکان هەروەها دریژەی باسی هەموو شتێکی تێدایە.

ئەو قورئانیە هیندیانە هەڵە لەم ئایەتە تێگەیشتن، چونکە بە هەمان تێڕوانین و دیدی زمانی ئوردویی خۆیان تەماشایان کرد و تەفسیریان کردووە نەوەك بە مانا و مەدلولاتی زمانی عەرەبی، چونکە وشەی (تفصيل و تفاصيل و تفصيلات) تەنها بە مانای وردەکاری و وردبوونەوە لە بەشە بچووکەکانی بابەتەکان دێت. بەڵام ماددەی (فَصَلَ) لە زمانی (ض = زمانی عەرەبی)دا بەو مانایەی زمانی ئوردویی نایەتەوە، بەڵکو بە مانای ئاشکراکردن و دەربڕین و ڕونکردەوە دێت، چونکە وشەی (التفصيل) دژەواتای (الإجمال) دەوەستێ، هەر چۆن (ڕاغبی ئەصفەهانی) دەڵێ: (الفصل: إبانة أحد الشيئين عن اللآخر = الفصل: بريتيە لە ڕونکردنەوەی دوو شت لەیەکتری)[٢]، هەر چۆن هەندێکی تر وا دەبینن و دەڵێن مانای (فصَّلَ الشيء تفصيلاً، جعله فصولا متمايزاة مستقلة و الأمر بينه= فصَّلَ الشيء تفصلا: بريتيە جیاکردنەوە وسەربەخۆکردن و تایبەتمەند کردنی، کە وای لێ بکات تەواو ڕوون بێت)[٣].

جـــا دانانی (تفصيل) بەومانایەی لە زمانی ئەوردوییدا هەیە لە جێگای ئەو (تفصيل)ەی کە لەزمانی عەبەربیدا هەیە، گەورەترین و بنەڕەتترین هۆکاری ئەو هەڵە گەورانەیان بوو، چونکە (تفصيل) بەواتای ورد و درشتی شتەکان نایەتەوە، بەڵکو بەمانای ڕوونی و ئاشکرایی هاتووە بەجۆرێ کە هیچ نەنگی و نارووونی تێدا

(١) [يوسف: ١١١].

(٢) المفردات في غريب القرآن، لاپەڕەی ٣٨١.

(٣) المصابيح المنير للفيومي و المعجم الوسيط للجماعة مادة (فصل).

نەبێت و تێکەڵ نەبێت، ئەوەتا (پەرویز) ڕەخنە لە (عبدالله جەگرەلەوی) دەگرێت و دەڵێ: (هەڵەی عبدالله جەگرەلەوی لەدەور خاڵی بەکارهێنانی وشەی (المفصل) و (التفصيل)دا دەخولێتەوە، چونکە لەبری ئەوەی بە مانا عەرەبیەکەی بەکاری بهێنێت، ڕۆشتووە بەمانا ئوردوییەکەی لێی ڕوانیەوە، ئەم شێوەیە یەکەمین بەردی بناغەی هەڵەکانی داناوە، بۆیە لە کۆتاییدا دیوار و بینای بۆچونەکانی بەردەوام نەبوو چونکە لەسەر بنەوایەکی لار و ناتەواو بیناکرابوو)[1].

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز مانای ئەو ئایەتە پیرۆزەیان (تفصيل كل شئ) بەو مانایە کردووە کە (ڕوونی) و باسی بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە خۆ گرتبێت، ئیمامی محمدی کوڕی جەریری (الطبري) فەرموویەتی: (ئەو قورئانە ئەوەی پێویستی بەندەکانی خودا بێت باسی کردووە، لە ڕونکردنەوەی فەرمانەکانی خودا و حەڵاڵ کراوەکانی و حەرامکراوەکانی و گوێڕایەڵی و سەرپێچیەکان)[2] هەمووی بەڕوونی باسکردووە.

وە ئیمامی شەوکانی لە تەفسیری ئایەتەکەدا دەفەرموێ: (وتراوە مەبەست لەم ئایەتە ئەوە نیە کە بەگشتی بابەتەکانی تێدا بێت، بەڵکو مەبەست بنچینە و یاساکانە)[3].

---

(١) (فرقة أهل القرآن) لاپەرە ١٢.

پەرویز ڕای جیاوازە لەگەڵ عبد الله لە بابەتی (گشتگیرێتی قورئان) دا کە هەموو شتێکی تێدا باسکرابێت، بۆیە لەم بابەتەدا وتەی پەرویز هێنراوەتەوە بۆ ڕونکردنەوەی هەڵەی عبدالله.

ئەگینا ئەم بۆچوونە پەرویز لە گروپی قورئانیەکان ڕزگار ناکات، چونکە دواجار لە بابەتی بەڵگە نەبوونی سوننەت بۆ بابەتە تەشریعیەکان یەکیان دەخاتەوە، ئەمەش چەقی خوڵگەی بۆچونەکانی ئەم گروپەیە.

(٢) (تفسير الطبري) بەرگی ١٣/ ٩١.

(٣) (فتح القدير) بەرگی ٣/ ٦١.

ئێستا لەسەر ئەو زانیارییانەی پێشوو دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم مەبەستی ئایەتەکە لە وشەی (تفصیل)دا بریتیە لە مانا گشتگیریەکەی قورئان بۆ بنەوا و (أصول)ەکان، نەوەك وردەکاری و ورد و درشتی بابەتەکان بە گەورە و بچوکەوە، جا لە ڕووی ژین بێت یان دین.

گومانی دووەم:

یەکێکی تر لە گومانەکانیان نکۆڵی کردنی ئەو هەقیقەتەیە کە پێیان وایە (سوننەت) سەرچاوەی تەشریع نیە و وەحی خوای گەورە نیە، بەڵکو وتەگەلێکە خەڵك دراونەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ بە درۆ و دەلەسە، بەبێ ئەوەی وەحی بووبێت و نازڵ کرابێتە سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ ، هیچ جۆرە وەحییەك نازڵ نەبووە بۆ پێغەمبەر ﷺ جگە لە قورئان، ئەوەتا عبدالله جەگرەلەوی دەڵێ: (ئێمە فەرمانمان پێ نەکراوە بەهیچ شتێك جگە لەوەی کە گوێڕایەڵی ئەوە بکەین کە وەحی خودایە بۆ پێغەمبەر ﷺ، بۆیە ئەگەر بۆ گریمانە وادابنێین کە ئەو وتانەی دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ صەحیح بن و چەسپاویش بن بە دڵنیاییەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، هێشتا فەرمان نەکراوە کە ئێمە گوێڕایەڵی بکەین، چونکە وەحی نازڵکراوی خودای بەرز و شکۆدار نیە)[1].

جا درێژە بەم بابەت و بۆچوونە دەدات لە شوێنێکی تردا و دەڵێ: (ئەهلی حەدیس پێیان وایە کە نازڵ بوونی وەحی خوای گەورە بۆ پێغەمبەر ﷺ دوو بەشە : ﴿ ڕوونی خوێنراوە﴾ و ﴿پەنهانی نا خوێنراو﴾، کە یەکەم جۆر بریتیە لە قوران و

(١) المباحثة لاپەرە ٨١، وەرگیراوە لە (إشاعة السنة) بەرگی ١٩/ ٢٩١ ، ساڵی ١٩٠٢ز ، هەروەها (خافظ أسلم) هەمان بۆچوونی هەیە ، تەماشای (مقام حدیث) بکە لاپەرە ١٣٩ .

دووەم جۆر بریتیە لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ . . ، جگەلەوەی وەحی ئیلاهیی ئەوەیە کە هەرگیز هاوشێوەی ناهێنرێت، لەکاتێکدا هاوشێوەی دووەم بە سەدان هەزار هێنراوە لە حەدیسە هەڵبەستراوەکان)[1].

هەروەها پەرویز پێیوایە: (ئەم دابەشکردنی وەحییە بۆ دوو شێواز باوەڕێکی وەرگیراوە لە یەهودیەکانەوە لە وشەی (شەبکەتەب) واتە نوسراو، و (شەبعەلفە) واتە گوازراو کە مانای ڕیوایەت دەگەیەنێ، بەهیچ شێوەیەك ئەم بیروباوەڕە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە)[2].

وە خاوەنی کتێبی (برهان الفرقان) دەڵێ: (ئەو بنچینە و بنەوایەی کە ناگۆڕێت و ناگۆڕدرێتەوە تەنها بریتیە لە وەحی خوای گەورە، ئایا فەرمانمان پێ کراوە کە لێکۆڵینەوە بەدوای وەحی ئیلاهیی دا بگەڕێین لە تەورات و ئینجیل . . ، یان لە بوخاری و موسلیم و تورمزی و ئەبی داود و ئیبن ماجە . . ؟ ، یان مەسانیدی ئیمامانی تر . . ؟)[3].

وەڵامی ئەم گومانە:

خوای گەورە فەرمایشتی ڕوو دەکاتە خەڵکی بۆ ڕونکردنەوەی پێگەی پێغەمبەر ﷺ لە پەیام و بانگەوازی و گەیاندنی ئاینەکەی دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ

---

(١)گۆڤاری (اشاعة القرآن) لاپەرە ٣٥ ژمارەی چواری ساڵی ١٩٠٢ز ، و گۆڤاری (اشاعة السنة) بەرگی ١٩/ ٣١٥ ژمارەی دەی ساڵی ١٩٠٢ز ، هەروەها (خافظ أسلم) هەمان بۆچوونی هەیە بڕوانە (بلاغ الحق) لاپەرە ١٩ .

(٢) مقام حدیث ، لاپەرە ٤٦ .

(٣) لە لاپەرەی ٤ دا ، نوسەر: خەواجە أحمد .

الْأَقَاوِيلِ * لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ * ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ * فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ﴾[1] .

واتە : ئەگەر تەنها چەند وتەیەکیشمان بۆ هەڵبواسێ و درۆ بکات، ئەوە بەدەست تۆڵەمان لێ دەکردەوە، پاشان دەمارەکانی دڵیمان دەپچڕان، هیچ کەس لە ئێوەش ناتوانێ ببێتە ڕێگر لە ئێمە و ببێتە پارێزەر بۆ ئەو .[2]

ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ڕاسپێردرابێت بۆ گەیاندنی وتەکانی خودا بەڵام ئەو درۆ بکات بە ناوی خواوە ـ حاشا بێت کە پێغەمبەر ﷺ وابکات ـ ، ئەوە خوای گەورە هەڕەشەی زۆر ترسناکی کردوە ئەگەر کە تێکی بشکێنێت و لەناوی بدات، ئایەتەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی درۆکردن بە ناوی ئاین و خوداوە ئاکامێکی زۆر تاڵ و ناهەمواری هەیە، باشە دوای ئەم هۆشداری و هەڕەشە و ترساندنە بە ئازار و سزایەکی بەئێش و توند ئەکرێ پێغەمبەر ﷺ ی نەخوێندەوار هەستێ بە شیکردنەوە و حەڵاڵ کردن وحەرامکردن و سنوردار کردن وتایبەتکردنی حوکمەکان لە خۆیەوە . . ؟! دەکرێ ئەم کارە زۆر هەستیارانە بکات لە سەر ئارەزووی خۆی و ویستی خۆی؟! شەرع بداتە دەستی ئارەزوو و نەفسی؟! لەکاتێکدا ئەو پێغەمبەر ﷺ ی صادق و ئەمینش بێت . . ؟!

بەم پێیەش دەگەین بەوەی کە هیچ جۆلە و وەستان و وتـە و کردارێکـی شـەرعی و تەشرعی نەبووە مەگەر لە ژێر ویست و بڕیـاری خـودای گـەورە، بـەڵکو هـەرگیز ناگونجی کە وتە یان کردار یان بێ دەنگبوون و پەسـەندکردنی لێـوە دەرچـوو بێـت

(١) الحاقة : ٤٤ – ٤٧ .

(٢) تەفسیی سێ جوزئی کۆتایی لاپەرە ٣٠ .

بەبێ ئەوەی خودا بڕیاری دابێت و ئاگادار بووبێت، ئەم ئاگاداری و بڕیارە خوداییەش بۆ بەندە و پێغەمبەر ﷺ ی خۆی بە هیچ ڕێگەیەك نابێت جگە لە ڕێگەی (وەحی) بە پێی باوەڕی موسڵمانانە و ئیسلامی پیررۆز، بەم جۆرە دەگەینە دەرەنجامی ئەوەی کە سوننەت وەحی خوای گەورە چونکە بڕیار و ئاگاداری خودابە کە بەهۆی پێغەمبەر ﷺ گەیشتووە بە بەندەکانی.

لە لایەکی تریشەوە، هاوەڵانی خۆشەویست کاریان بەو ڕوونکردنەوە و کردار و گوفتارانە کردووە کە پێغەمبەر ﷺ ی ئازیز پێی فەرموون و لە قورئاندا نەهاتوون، کەچی خودا تۆڵەی لێ نەکردۆتەوە و ئەو هەڕەشانەی کە لە ئایەتەکانی سەرەوە هاتبوون بەسەر پێغەمبەر ﷺ ی نازدای نەهێناوە، هەروەها تۆڵە و سزای هاوەڵانی نەداوە کە کاریان بە شتانێ کردووە لە قورئاندا نەهاتووە و تەنها لە سوننەتدا هاتووە، بەڵکو ژیان و گوزەران و بانگەوازیان هەمیشە بەرەوپێش دەڕۆشت و ڕوو لە گەشەسەندن دەبوو، دەجەنگان و سەردەکەوتن، هەروەکو چۆن هاوەڵانیشی دوای خۆی بەردەوام سەرکەوتنیان تۆمار کردووە کە جێی نکۆڵی نیە، ئەوەتا ئیمپراتۆری فارسەکان و ڕۆمکانیان شکاند و ڕاپێچیان کرد کە بێ گومان گەورەترین و بەهێزترینی دەسەڵاتەکانی سەرزەوی بوون لەو کاتەدا، بەبێ زیانێکی جێ ئاماژە، بەبێ ئەوەی خوای گەورە سزای ئاماژە پێکراوی سورەتی (الحاقة) بەسەریاندا بهێنێ، ئەمەش بەڕاستی بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە سوننەت وەحی خوای گەروەبووە بۆ پێغەمبەر ﷺ، هیچ وتە و کرار و بێدەنگی و پەسەندکردنی لێوە دەرنەچووە ئیللا خوای گەورە بریاری لەسەر داوە و ئاگاداری بووە، چونکە بە پێی ئایەتەکە ئەگەر وتە و کردار و پەسەندی و چەسپاندنەکانی

پێغەمبەر ﷺ وەحی نەبێت و بەناوی خوای گەورەوە بیکردایە دەبوو خودا سزا و هەرەشەکانی بەسەردا بهێنایە، ئومەتەکەشی کە بەقسەیان کردووە بەهیلاکەت و لەناوچوون ببردایە، چونکە کار و گوفتاری خۆکردیان کردووە کە خودا فەرمانی پێنەکردووە و بەناوی ئسلام و خوداشەوە کردویان، بۆیە نەبوونی تۆڵە سزای ئاماژە پێکراوی سورەتی (الحاقة) بەسەریاندا و سەرکەوتن و پێشکەوتنی بانگەوازیان بەشێوەیەکی بەردەوام بەڵگەیەکی زۆر ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی ئەنجامیان داوە جێی ڕەزامەندی خوای گەورە بووە و بەهۆی سوننەتی وەحی بووە بۆ پێغەمبەر ﷺ کە لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە.

بەمانایەکی تر، ئەگەر جێ بەجێ کردنی سوننەت هاوتای گوێڕایەڵی خوای گەورە نەبووایە، ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنەی سەرەتای ئیسلام بەدی نەدەهات، هەرگیز خودا وەصفی پێغەمبەر ﷺ ی نەدەکرد بە: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴾[1]

واتە: هەرگیز بە ئارەزووی خۆی قسەناکات، بەڵکو بریتیە لە وەحی خوای گەورە و بۆی نازڵ دەبێت.

ئیمامی قرطبي لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (بەڵگەی ئەوی تێدایە کە سوننەت هاوتای وەحی خوداییە بۆ پێغەمبەر ﷺ)[2].

هەروەها سەید رشد رضا دریژەی بەم بابەتەداوە لە ڕاڤەی (پێشەوای چاولێکراو) و شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ لە تەفسیرەکەیدا و تێدا دەڵێ: گومانی تێدا نیە کە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ لەو بابەتانەی صەحیح و چەسپان لێوەی لە

(١) النجم: ٣ – ٤.

(٢) الجامع لأحكام القرآن . بەرگی ٧/ ٦٢٥٥.

ڕوونکردنەوەی ئاین دەچێتە نێو مانای گشتی وەحی خوای گەورە کە هاتۆتە خوارەوە بۆمان لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ . . . ، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین بە شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ و هەواڵی پێداوین کە پێغەمبەر ﷺ گەیەنەری پەیامەکەیەتی، دەفەرموێ: ﴿.... وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ...﴾ (١)، واتە: وە (ذکر)مان بۆ نازڵ کردووی بۆ ئەوەی (هەرچی)یان بۆ دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە. . . ، جمهووری زانایان لەسەر ئەوەن کە هەموو ئەحکامەکانی شەریعەت کە لە سوننەتدا هاتووە بە وەحی هاتووە، و وەحی قەتیس نەکراوە تەنها لە قورئاندا)(٢).

هۆکارەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: (بەهۆی ئەوەوە قورئان کورتەی بنچینەی ئەحکامە کرداریەکانی ئاینی باسکردووە، و ڕوونکردنەوەکانی بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ سپاردووە کە ئەویش لە دەقەوە گواستویەتیەوە بۆ کردار)(٣).

لەوانەیە ئەوەی ئەو گروپەی بەو عاقارەدا بردبێت تێنەگەیشتیان بێت لە مانای وەحی بۆ سوونەت، وایان زانیوە کە ڕێگەی وەحی سوننەت هەمان ڕێگەی وەحی قورئانە، بەو شێوەی کە دەبێ هەموجارێ فریشتە بێتە خوارێ و پێی لەبەر بکات و تۆماری بکات و دواتریش بەهەمان شێوەی قورئان بە موتەواتری بگێردرێتەوە، نەتوانرێ لە لایەن مرۆڤەوە هاوشێوەی بهێنرێت، بەم جۆرەش نەزانینی جیاوازی نێوان هەردوو جۆرە وەحییەکە توشی ئەم گێژاوەی کردوون، جا بۆ نەهێشتنی ئەو

---

(١) النحل: ٤٤.

(٢) تفسیر المنار . بەرگی ٨/ ٣٠٨.

(٣) تفسیر المنار . بەرگی ٨/ ٢٥٥. هەروەها سەید وتەی وردەکاری هەیە لەسەر ئەم بابەتە دەتوانرێ بۆ بگەرێتەوە لە بەرگی ٦/ ١٥٤.

نەزانیە و نارونیە لە جیاوازی نێوان وەحی قورئانی و وەحی سوننەتی، ئەم چەند جیاوازیەمان هێناوەتەوە:

١. قورئان دەستەوسانکارە (موعجزەیە) بە گۆیەکانیەوە هەتاهەتایە، بەڵام سوننەت وانیە.

٢. خوێندنەوەی قورئان جۆرێکە بە تەعەبوود و پەرستش، بەڵام سوننەت وانیە.

٣. خودا خۆی ئەرکی پاراستنی قورئانی لەئەستۆ گرتووە، بەڵام سوننەت وانیە.

٤. قورئان نابێت بەمانا ڕیوایەت بکرێت بەڵکو پیت و وشەکان و دێرەکانی ئایەتەکانی وەکو خۆی ڕیوایەت بکرێت و بگێردرێتەوە، بەڵام سوننەت وانیە.

٥. جائیز نیە بۆ کەسێك لەشگران بێت یان پاکژی نەبێت دەست بە قورئانەوە بدات، بەڵام بۆ سوننەت وانیە.

٦. دێڕی قورئان بە ئایەت ناونراوە، بابەت و بەشەکانی بە سورەت، بەڵام بۆ سوننەت وانیە.

٧. قورئان وشەکان و ماناکانیشی لەلایەن خوای گەورەوە هاتۆتە خوارەوە، بەڵام سوننەت مەرج نیە.

ئەم جیاوازیە ئاشکرایانەی سەرەوە تایبەتمەندی (وەحی قورئانی) و (وەحی سوننەتی) لێك جیادەکاتەوە، بەمەش بێ گومان پلەی (وەحی سوننتی) بە پلەی دووەم دێت لە وەحی خوای پەروەردگار بۆسەر پێغەمبەرﷺ، هەربۆیە جبریل نەبووەتە هۆی گەیاندنی هەموو بەشێکی وەحی سوننەتی بە وردودرشتیەوە، هەرچۆن بۆ قورئانی پیرۆز تەك تەکی وشەکانی هێناوەتە خوارەوە بە فەرمانی خوای گەورە، بەمەش دەبینین وەحی سوننەتی بەشێوەی فراوانتر و گشتی

گەیشتۆتە پێغەمبەر ﷺ و جیاوازە لە شێوەی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز، بێ گومان بە شێوەی جیاوازی وەکو ئیلهام یان کەوتنە دڵ یان خەونێکی ڕاست یان لەپشتی حیجابەوە لەلایەن فریشتەوە وەحی پێ گەیشتووە.

ئەم جۆرانەش لە خودی قوئاندا ئاماژەی پێ کراوە و بەڵگەی گوفتاری خواییە لەگەڵ بەندەکانیدا: ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾.[1]

واتە: بۆ هیچ کەسێك نەبوو کە خودا لەڕوو قسەی لەگەڵدا بکات، مەگەر لەڕێگەی وەحییەوە، یان بەشێوەی خەون یان ئیلهام (خورپە)، یان لە پشت پەردەوە، وەك گفتوگۆکەی لەگەڵ موسا پێغەمبەر ﷺ، یاخود فریشتەیەکی وەکو جبریل بنێرێت تا بەفەرمانی خوا چی بوێ ڕای بگەیەنێ پێی، (ئەم ئایەتە وەڵامە بۆ کافرانێ کە وتیان: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا اللَّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ﴾، جا بەڕاستی خوایەکی بڵندە بە سیفاتی بەسەر دروستکراوەکانیەوە، گوفتار و کرداری بەجێیە.

دەبینین (وەحی سوننەت) لە ماناکانی ئەم ئایەت پیرۆزە دەرنەچووە، لەبەر ئەمەیە مامۆستا مەودودی دوای ئەم ئایەتە دەڵێ: (بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە قورئان تەنها یەك جۆری وەحی بووە، و ئایەتەکە ئاماژەی بە دو جۆرەکەی تری وەحی کردووە کە لەوێوە دریژە بە وەحی دراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ بۆ ڕێڕۆشنکردن و ڕێنمونی، بەم پێیەش مانای هەر سێ برگەکەی ئایەتەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت)[2].

---

(١) الشوری: ٥١

(٢) (سنت کی آئینی حیثیت) لاپەرە ١٢٠.

بەڵام ئەو گومانەی کە (پەرویز) وەحی پێ دەکاتە دوو جۆرەوە (الخفي = پەنهان) و (الجلي = ڕوون) گوایە ئەم پۆلینە لە جولەکەوە وەرگیراوە، بەڕاستی جێی قبوڵ و ڕەزامەندی نیە چونکە خاڵییە لە بچوکترین بەڵگە و وتەیەکی بێ بەڵگەیە، پەرویزی سەرکردەی قورئانیەکان ئەم گومانەی فڕێداوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی ئەو کەسە بکات کە ئەو پۆلێنەی هێناوەتەوە نێو ئیسلامەوە، سەردەم و سەدەی چەسپاندنی پۆلێنەکەی نەهێناوە، هەرچۆن ئەوەی لای جولەکە دەدرێتە پاڵ موسا پێغەمبەر ﷺ زۆر زۆر جیاوازە لەوەی کە موسڵمانان باسی دەکەن لە سوننەت پێغەمبەر ﷺ، چونکە وتەکانی جولەکە هیچ شێوەیەك سەنەد و ڕەچەڵەکێکی نیە تا بگاتە موسا پێغەمبەر ﷺ، لەکاتێکدا سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لای موسڵمانان بەبێ سەنەد و ڕەچەڵەکی پەسەندکراو هەرگیز وەرگیراو نیە و قبوڵ ناکرێت، سەرباری پەسەندی سەنەد دەبێ (مەتن = دەق) دوربێت لە (نەنگی = شزوز) و (نەخۆشی = عیللەت) و (دژیەواتایی= موخالەفە) و دەبێ کەسانی جێی متمانەش گێڕابێتیانەوە، بەهەرحاڵ دەشتوانین بڵێین تەنانەت ئەو پۆلێنەی لای جولەکەکان ناشبێتە ڕێگر بۆ ئەوەی زانایانی موسڵمانان بۆ جیاکردنەوەی بەکاری بهێنن بۆ بەراورد کردنی نێوان (وەحی قورئانی و وەحی سوننەتی)، و زانایان بە پشتبەستن بە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ ئەم زاراوەیان هەڵبژاردووە کە دەفەرموێ: (ألا إني أوتيت الكتاب ومثله معه لايوشك رجل شبعان على أريكته (السرير) يقول عليكم بهذا القرآن فما وجدتم فيه من حلال فأحلوه وما وجدتم فيه من حرام فحرموه ألا لا يحل لكم الحمار الأهلي ولا كل ذي ناب من السبع...)[1]

(١) سنن أبو داود: ٤٦٠٤ ، الرسالة: لاپەرە (٥١).

واتە: من قورئان و هاوشێوەکەیم پێدراوە، نەوەك کەسێکی تێری ورگن لەسەر نوێن و ڕاخەری خۆی بە ئیسراحەتەوە ڕاکشا بێت و بڵێ: تەنها پەیوەست ببنە قورئانەوە هەرچی حەڵاڵکردووە وەریبگرن و هەرچی حەرامکردووە وازی لێ بهێنن، ئەوە بزانن ئێتر گۆشتی گوێدرێژی ماڵی خواردنی ڕەوانیە و گۆشتی هەموو کەڵپەدارێکیش لە درندەکانیش...

گومانی سێ یەم:

ئەم گروپە گومانێکی تریشیان هەیە بۆ ڕەدکردنەوەی سوننەت و نکۆڵی بەڵگەبوونی سوننەت، کورتەی گومانەکەیان ئەوەیە سوننەت و دادگەری بە سوننەت دەبێتە هۆی شیرك و هاوەڵگەرایی لە حوکمی خودای گەورەدا، ئەمەش بە دەقی قورئانی پیرۆز نەهی لێ کراوە: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾[1]، واتە: حوکم و یاسا تەنها بۆ خوای گەورەیە.

جا کابرای تۆمەت داتاش دەڵێ: (پەیوەست بوون بە وتە و کرار و چەسپاندنەکانی پێغەمبەران ﷺ لەگەڵ بوونی قورئان یان کتێبەکانی خوای گەورە نەنگیەکی کۆنە و لە دێرزەمانەوە هەیە، بێ گومان خوا پێغەمبەران و نێردراوەکانی لەم جۆرە حەدیس و شتانە بەری کردووە، بەڵکو ئەم حەدیس و ڕێوایەتانەی بە جۆرێك لە کوفر و شیریك هەژمار کردووە)[2].

هەروەها خەواجە أحمد الدین لە میانەی ڕاڤەکردنی گومانەکەکەدا دەڵێ: (بێ گومان خەڵکی بۆ زیندوکردنەوەی شیرك و هاوەڵگەرایی هەنگاوی جۆراوجۆریان

---

(١) الأنعام: ٥٧

(٢) (المباحثة) لاپەرەی ١٠ و ٤٢، نوسەر: عبدالله جەگرەلەوی

گرتۆتە بەر، دەڵێن خودا بنچینەی هەموو گۆڕایەڵێکە، تەنها ئەوەیە کە خودا فەرمانی بێ کردووین کە گۆڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەین، ئەم گۆڕایەڵێەش پاشکۆی گۆڕایەڵی خوای گەورەیە، لەسەر ئەم بنچینە گەنیوە هەموو بنەواکانی شیریك زیندوو دەکەنەوە، ئاخۆ ئەوە گونجاوە پیاوێك لە خۆیەوە بە ئافرەتێك بڵێ ئەوە خێزانمە دەبێتە خێزانی شەرعی؟! خۆ ئەم بابەتە بە بانگەشە ناکرێت..! بۆیە بێ گومان خودا فەرمانی بەم شوێنکەوتن و گۆڕایەڵی سوننەتە نەکردووە بە پێی ئەم ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾[1]، واتە: حوکم و یاسا تەنها بۆ خوای گەورەیە.

وەڵامی ئەم گومانە:

ئەی هاوار ئەم نەیارانی سوننەتە چەند بوێرن بەرامبەر خوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ؟!

ئاخۆ بەڕاست ئەمانە ڕاست دەکەن پێغەمبەران علیهم السلام بۆ زیندوکردنەوەی شیرك و هاوەڵگەرایی نێردراون؟! یان بۆ ڕامالێنی شیرك؟! ئایا جێ بەجێ کردنی سوننەت جگە لە گۆڕایەڵی قورئان شتێکی تر؟! کاتێ خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾[2]، واتە: نەخێر وەك ئەوەنیە کە دووڕووەکان دەیزانن، سوێند بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر ﷺ نابنە باوەڕدار تا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان تۆ نەکەنە دادوەر، و ئەوساش بەرامبەر بەوبڕیارەی تۆداوتە هیچ نەنگیەك نەکەن لە دەرونیاندا، بەڵکو دەبێ باش تەسلیم و ملکەچی ئەو بڕیارەی دادگەریەکەی تۆ بن.

---

(١) الأنعام: ٥٧

(٢) النساء: ٦٥

ئەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەروە سوێند بەزاتی پڕ شکۆی خۆی دەخوات کە هیچ کەسێك تامی شیرینی ئیمان ناچێژێت تاوەکو ڕەزامەند نەبێت بە دادگەری و بڕیارەکانت ئەی محمد ﷺ، بەڵکو ئەوانەی داوای دادگەریت لێ دەکەن نابێ کەمترین نەنگی لە دەرونیاندا هەبێ بەرامبەر دادگاییەکەت، ئاخۆ دوای ئەو هەموو وەصف و گەورە بینین و هەواڵەی خوای گەورە لەسەر سوننەت و کاری پێغەمبەر ﷺ دەکرێ بوترێ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ زیندوکردنەوەی شیریکە؟! بێگومان نەخێر، بەڵکو حوکمەکەی پێغەمبەر ﷺ خودی تەوحید و خواپەرستیە و ملکەچییە بۆ فەرمانی خوای گەورە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە حوکمی پێغەمبەر ﷺ حوکمی خودای گەورەیە.

دوای کۆچی دوای پێغەمبەر ﷺ دەمێنێتەوە بگەڕێنەوە بۆ کارکردن و حوکم کردن بە سوننەتەکانی، چونکە حوکم کردن بە سوننەتەکانی لە پلەی دادگەری خۆیەتی لە کاتی ژیانیدا، و ڕەزامەندی بە حوکمی سوننەتەکانی هاوتای ڕەزامەندییە بە حوکمی خۆی لە کاتی ژیانیدا، و هیچ ڕێگەیەکیشمان نیە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ئایەتەکان ئیللا بەو شێوەی باسمان کرد، بەمەش ئەو مانایە لە ئایەتەکەدا دەبینین کە کارکردن بە سوننەتەکانی لە دوای کۆچی دوای خۆی هاوتای گوێڕایەڵی خۆیەتی لەکاتی ژیانی خۆیدا، خۆ ئەگەر ویستی خوای گەورە لەوە بوایە کە نەگەڕێنەوە بۆ سوننەت ڕاناوی (ك)ی لە وشەی (صحـ)ی نەدەهێنا، هەروەها ڕاناوی لکاوی (ت)ی نەدەهێنا لە برگەی (غجـ) کە ئەمەش دەقێکی زیندووی ڕوونە، ئەگەر ئەو دوو ڕاناوە نەبوایە دەکرا بەم شێوەیە بێت (حتی یحکموا القرآن) و (مما قضی فیه القرآن) یان هاوشێوەی ئەو دەربڕینانە.. !

بەڵکو ئەم شێوە فەرمایشتانەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چەندین جار دوبارە بووەتەوە، بەڵکو هەندێ لەو ئایەتانە ئیمان و باوەڕ و سەرفرازی بەستۆتەوە بە ملکەچ بوون بە حوکمەکانی پێغەمبەر ﷺ، و گوێڕایەڵی: ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1]، واتە: بێگومان وتەی ئیمانداران لە کاتێکدا کە بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی خودا و پێغەمبەرەکەی ﷺ دادگایی لە نێوانیان بکات، تەنها دەڵێن گوێبیست و گوێڕایەڵین، ئا ئەوانە خەڵکانی سەرفرازن.

هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا هۆشداری دەدات لەگەڵ سەرزەنشتدا بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵی و شوێنی پێغەمبەر ﷺ ناکەون، دەفەرموێ: ﴿ وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ﴾[2]، واتە: دەڵێن ئیمان و باوەڕمان هێناوە بە خودا و بە پێغەمبەر ﷺ و گوێڕایەڵ بووین، کەچی دوای ئەوە گروپێکیان پشت هەڵدەکەن، ئا ئەوانە ئیماندار نین.

ئەوەش ڕوونە کەهیچ ڕێگەیەك نیە بۆ ناسین و زانینی حوکمەکان تەنها بە ڕێگەی سوننەتەکانی نەبێت، بۆ چارەسەر کردنی ڕوداوەکان و پێشهاتەکانیش هەر سوننەت پێویستە، هەروەها هەرگیز ناگونجێ کە دادگەری لە نێوان خەڵکی دا کردبێت بە بێ بڕیار و فەرمان و ڕازی بوونی خوای گەورە، چونکە نێردراو پێویستە لەژێر ویست و بڕیاری نیەردا کار بکات، ئەوەش نایەتە دی بە ڕێگەی وەحی نەبێت، بەمەش وەحی خودایی لە سنوری قورئان و سوننەتدا دەبێت هەروەك پێشتریش ڕوونمان کردەوە.

---

(١) النور: ٥١

(٢) النور: ٤٧

لە کۆتایی دا حوکمی سوننەت دەگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە، پاش ئەمە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم گومانەش پەیوەستە بە گومانی پێشترەوە، بۆیە بەهەمان شێوەی گومانی پێشوو باتڵ و پوچەڵە.

بەڵام ئەوەی نەیاران دەیکەنە بەڵگە بۆ خۆیان لە فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾[1]، (واتە: حوکم و یاسا تەنها بۆ خوای گەورەیە). بۆئەی سوننەت لە حوکمی خودایی وەدەرنێن.. ! بەڵام ئەمە بەڵگەیەکە لەجێی خۆیدا دانەنراوە، چونکە ئەم ئایەتە لە سێ شوێنی قورئاندا هاتووە، لە سورەتی (الانعام) دا هاتووە بۆ وەڵامی ئەو کافرانەی کە داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد ئایەت بێتەوە خوارەوە و پەلەیان لێ دەکرد، خودای گەورە بەو دەربڕینە وەلامی دانەوە کە ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە نەوەك پێغەمبەر ﷺ، و خودا خۆی سەرپشکە لە بڕیاردانداو، هیچ یەکێك هاوەڵ و شەریکی نیە، نە فریشتەیەکی نزیك، نە پەیامبەرێکی نێردراو، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:﴿ قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ ﴾[2]، واتە: پێیان بڵێ: بێ گومان من لە لایەن خوای پەروەردگارمەوە بەڵگەی پتەوم پێیە بۆ بڕواهێنان، قورئانم بۆ هێناون، کەچی ئێوە بڕواتان پێ نەکرد و بەدرۆتان دانا، ئەوبەڵا و سزایەش ئێوە پەلەن بۆی لای من نییە، چونکە هەموو حوکم و بڕیارێك هەر هی خوایە، هەموو شتێ هەر بەدەستی ئەوە، هەر ئەویشە هەق شیتەڵ و بەیان دەکات، هەر ئەویشە دەتوانێ تۆڵە و سزای تاوانباران بدات.

---

(١) الأنعام: ٥٧

(٢) الأنعام: ٥٧

ئەو دوو شوێنەکەی تریش لە سورەتی (یوسف) یەکێکیانە کە وتەی یوسف پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە لە زیندانـدا لەگەڵ هاوەڵەکانی فەرمووی، ئامۆژگاری کردن کە واز لەشیرك بهێنن، و ئەو بت پەرستیە هەمووی درۆیە بەناوی خواوە دەکرێت، چونکە خوا (الله) تەنهایە و لە حوکم و بەندایەتی و پەرستشدا هەر ئەو شایستەی پەرستنە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ ۚ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ﴾[1]، واتە: ئەوەی جگە لەخوا دەیپەرستن هەمووی هیچ نیە جگە لە کۆمەڵێ ناو کە خۆتان و باوباپیرتان ناوتان ناون، هیچ بەڵگەی خوای گەورەی لەسەر نیە، حوکم و بڕیار تەنها لای خوای گەورەیە، فەرمانی کردووە کە تەنها خۆی بپەرستن.

هەروەها شوێنی کۆتایی و سێیەم هاتووە، باسی وتەی یەعقوب پێغەمبەر ﷺ دەکات کە ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکرد، فێریان دەکات چۆن بچنە دیداری پاشاکان، فیری کردن کە ئەوەی دێتە ڕێتان و پێتان خۆش نیە دەگەڕێتەوە بۆ قەزاوقەدەری خوای گەورە، ئەمەش ڕێگە و ڕێڕەوی پیاوچاکانە، خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وَقَالَ يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِن بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُّتَفَرِّقَةٍ ۖ وَمَا أُغْنِي عَنكُم مِّنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ ۖ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾[2]، واتە: وتی ئەی کورەکانم لە یەك دەرگاوە مەچنە ژوورەوە بەڵکو لە چەند دەرگایەکی جیاوازەوە برۆنە ژوورێ، هەرچەند من بەم تەکبیر و ڕاوێژانە

(١) یوسف: ٤٠
(٢) یوسف: ٦٧

ناتوانم هیچ لە قەزاوقەدەری خوا لەئێوە دوربخەمەوە، خوا خۆی چۆنی بوێ هەر ئەوە دەبێ و هەرگیز ناگۆڕێ، حوکمیش تەنها بۆ خوایە و بەس، پشتم بەو بەستووە، جا کەسانێك کە هەر ئەو بە شیاو و بەکارساز دەزانن ، دەبا تەنها پاڵ بەوەوە بدەن و پشت بەو ببەستن .

کەواتە ئەو سێ شوێن باسەکەی تێدا هاتووە هیچ کامیان ئاماژە بۆ بۆچوونی نەیارانی سوننەت ناکات، هیچ پەیوەندیی بە وتەکەیانەوە نیە، بەڵکو فەرمانی کردووە بەوەی مرۆڤ ملکەچی قەزا و حوکم خوا بێت، و خودا تەنها خاوەنی بڕیار و حوکمە، هیچ هاوەڵ و شەریکی نیە، ئەمەش هیچ تێگیرانی نابێت لەوە کە حوکمی سوننەت نەکرێت و پشت گوێ بخرێت، ئەو کەسەش کە حوکم بە سوننەت بکات هەرگیز ناچێتە نێو بازنەی شیرکەوە، بەڵکو کارکردن بە سوننەت خودی تەوحید و یەکخوا پەرستیە، چونکە دەگاتەوە بە خوای گەورە و بەهۆی پێغەمبەر ﷺ گەیەنراوە بە ئێمە، لەڕاستیدا حوکم کردن بە سوننەت حوکمی کردنە بە یاسای خوای گەورە بەتەنها لە بابەتەکانی بەندەکانی وە نابێت کەس بکرێتە شەریکی خوای گەورە ﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴾ [1]، واتە: دەبا گشت هۆشیار بن! کە داوەری و بڕیار هەربەدەستی ئەوە، بەخێراتر لە هەر حیساب گیرێکیش حیسابی گشتان دەکات.

بەڵکو ئەو بانگەشەی ئەو خەڵکەی نایارانی سوننەت ڕوو لە شیرك و هاوەڵگەراییە، چونکە حوکمی تەشریعییان داوەتە (ناوەندی میللەت) هەروەها بانگەشەی باتڵیان لەوەی وتیان سەرچاوەی سوننەت دەگەڕێتەوە بۆ محمد پێغەمبەر

(١) الأنعام: ٦٢

ﷺ ، ئەوەتا بەرپەرچی ئایەتەکانیان داوەتەوە کە لە پەیامی خوای گەورەدا هاتووە و فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ، بەوەی کار بە سوننەتەکانی بکەن و فەرمانەکانی بەجێ بهێنن و دوربکەونە لەوەی ڕێگری و نەهی کردووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ﴾ [1] واتە: گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر ﷺ بکەن. هەروەها: ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ﴾ [2] واتە: هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە. هەروەها: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُواْ ﴾ [3]، واتە: هەر شتێ کە پێغەمبەر ﷺ پێی ڕاگەیاندن گوێڕایەڵی بن و لێی وەربگرن، ئەوەی نەهی کرد و فەرمووی مەیکەن وازی لێ بهێنن.

ئەم فەرمایشتانەی کۆتایی زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دەکات.

گومانی چواردەم:

ئەم گومانەیان کورت دەبێتەوە لەو بۆچوونەی کە پێیان وایە (سوننەت) شەرع نەبووە لەلای پێغەمبەر ﷺ، دواتریش هاوەڵانی بەڕێز هەروەکو ئەو بینیویانە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ڕێگر بوون لە نوسینەوەی سوننەت، ئەوەتا پەرویز لەمبارەوە دەڵێ: (ئەگەر سوننەت بەشێك با لە دین ئەوکات پێغەمبەر ﷺ ڕێساو بەرنامەی بۆ دادەڕشت وەکو چۆن بۆ قورئان کردی، هەر لە نوسینەوە و لەبەرکردن و پێداچونەوە، هەرگیز کۆتایی بە ژیانی نەدەهات ئیللا لەم بەشەش دڵنیادەبوویەوە و

(١) آل عمران: ٣٢

(٢) النساء: ٨٠

(٣) الحشر: ٧

بێ خەم دەبوو، چونکە پێگەی پێغەمبەر ﷺ ئەوە دەخوازێ کە ئایەتەکەی بەشێوەی پارێزراو جێبهێڵێت بۆ ئومەتەکەی، دەبینی پێغەمبەر ﷺ هەموو کەرەستە و هۆکارێکی بۆ پاراستنی قورئان گرتۆتەبەر، بەڵام هیچ شتێکی بۆ سوننەت نەکردووە، بەڵکو نەهی کردووە لەوەی بنوسرێتەوە، (لاَ تَكْتُبُوا عَنِّي وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ)[1] [2]

واتە: لەمنەوە جگە لە قورئان مەنووسن، هەرکەس جگە لە قورئانی لێمەوە نوسیوە با بیسڕێتەوە.

هەروەها حافظ أسلم لەهەمان مانادا دەڵێ: (ئەوەی کە زۆر ڕوونە و حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کە هاوەڵان زۆر باش گەشتبوونە ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە نوسینەوەی سوننەت، ئەوەشیان باش دەزانی کە ئومەتی پێشوو هیچ هۆکارێك نەبووەتە هۆی گومڕاکردنیان جگە لە نوسینەوەی ڕیواياتی پەیامبەرانیان)[3].

هەروەها دەڵێ: (ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەگەر فەرموودە سیفەتێکی دینی هەبا ئەوکات پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیشی هێندە بە تۆندی ڕێگریان لە نوسینەوەی نەدەکرد، بەڵکو هۆکارەکانی پاراستن و نوسینەوەیان دەگرتەبەر بۆ پاراستنی سوننەت)[4]

---

(١) الحديث الذي رواه مسلم و لفظه : (لاَ تَكْتُبُوا عَنِّي وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ وَحَدِّثُوا عَنِّي وَلاَ حَرَجَ وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ – قَالَ هَمَّامٌ أَحْسِبُهُ قَالَ – مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ).

(٢) مقام حديث لاپەرە ٧ .

(٣) مقام حديث لاپەرە ١٠٤ .

(٤) مقام حديث لاپەرە ١١٠.

ئەوەتا خاوەنی بڵاوکراوەی (بلاغ القران) هۆشداری دەداتە زانایان بە گەیاندنی سوننەت. دەڵێ: (ئامان وریای ئەوەبن لەسەر مینبەرەکانەوە باسی فەرموودە مەکەن، چونکە بە گوێم نەکەن ئەوە شتانێ دەخەنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، و شتانێ زیاد دەبێت بۆ ئیسلام کە ڕەوانیە و جائیز نیە بۆی زیاد بکرێت)[1].

وەڵامی ئەم گومانە:

دەڵێم ئەم گومانەیان لەسەر عیلم و مەعریفە بونیات نەنراوە، بەڵکو لەسەر ملەجەڕێ و ئینکاری جوانیەکان بونیات نراوە، هەروەها نرکەی هەناسە برکێ و کەسی بێ چارەیە، ئەرێ نەدەکرا ئەم کەسانە بۆ خاتری نەفسی خۆیان سەیریکی وردی سوننەتیان کردبا؟ تەماشایەکی مێژووی ئیسلامیان کردبا؟ ئاستی جەختی پێغەمبەریان دیتبا بۆ فێرکردنی هاوەڵانی؟ و تێگەیاندنیان بۆ بابەتی ئاینەکەیان بە کردار و بە گوفتار. دواتر ژیانی پڕ جێبەجێکردنی پێغەمبەر گەورەترین هاندەرە بۆ سوننەتەکانی و وەرگتنی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، دەبینی هاوەڵانی ئاراستەی خێر دەکرد کاتێ پرسیاریان لێی دەکرد، وە جاری وەها هەبووە خۆی ئامۆژگای کردون بۆ چاکەکای، لە ڕۆژانی هەینی و جەژنەکان و حاڵەتە تایبەتەکاندا، هەرچۆن ژیانی خێزانی دەفتەرێکی پڕ بوو بۆ گوێزانەوەی سوننەت لەڕوانگەی ژیانی تایبەتی ماڵەوەی.

جا ئەگەر سوننەت لای خودی پێغەمبەر دین نەبوایە هێندە گرنگی پێنەدەدا، و هەرگیز ئەو هەموو هۆکارەی بۆ بڵاوبونەوە و ئاشکرابوونی بەکارنەدەهینا لەکاتی

---

(١) لاپەرەی ٣٤ ، (محب الحق عظيم آبادي) و (خافظ أسلم)یش هاوشێوەی ئەم وتەی هەیە کە هەمان مانا دەبەخشێت.

خۆیدا، ئیمامی بوخاری لە فەرموودەی وەفدی عبدالقیس دا لەدوای بەخێرهاتن پێغەمبەر بۆیان، و دوای فێرکردنی هەندێ بابەتی ئاینەکەیان، فەرمایشتی: (إحفظوه و أخبروه من وراءكم).[1] واتە: ئەمانە لەبەر بکەن و خەڵکانی دوای خۆتانیشی لێ فێربکەن. خۆ ئەگەر ژیانی دین نەبوایە و وتەکانی شەرعی خودا نەبونایە بەم شێوەیە فەرمانی نەدەکرد لەبەری بکەن و بیگەیەنن بە خەڵکی تریش، هەروەها وەکو فەرمایشتی: (صوا كما رأيتموني أصلي)[2] واتە: بەوشێوەیە نوێژبکەن کە منتان بینی نوێژم کرد. یان فەرمایشتی: (لتأخذوا مناسككم فإني لا أدري لعلي لا أحج بعد حجتي هذه)[3]، واتە: لەمنەوە مناسکی حەتان فێربن چونکە نازانم لەوانەیە دوای ئەم حەجە حەجی تر نەکەم. هەروەها بینینی تورەبوون و بیتاقەتی بۆ لەڕوو وەستان و پشت کردنی لە سوننەتێکی: (لو استقبلت من أمري ما استدبرت لم أسق الهدى)[4]. ئەگەر سوننەت شەرعی خودا نەبوایە هەرگیز پەیامبەر فەرمانی بە هاوەڵانی نەدەکرد کە ئەوانەشی کە نەهاتون بۆ وانەکانی پێیان ڕابگەیەنن و فێریان بکەن لە حەجی مالئاواییدا: (ليبلغ الشاهد الغائب)[5]، واتە: ئەوەتان لێرە ئامادەبووە با هەواڵ و زانستەکان بگەیەنێتە ئەوانەی لێرە ئامادەنەبوونەن.

---

(١) رواه البخاری ج ١/ ٣٠

(٢) رواه البخاري ج ١/ ١٥٥

(٣) رواه مسلم ج ٤/ ٧٩

(٤) رواه مسلم ج ٤/ ٣٧

(٥) رواه البخاري ج ١/ ٢٤

پێداگیری هاوەڵان بۆ کارکردن بە سوننەت بێ وێنەبوو، تەماشادەکەی دووری زۆریان بە وشتر دەبڕی بۆ دەستکەوتنی سوننەت، دوبارەکردنەوی لەگەڵ یەکتریدا بۆ جوانتر لەبەر کردنی، ئەنەسی کوڕی مالك دەفەرموێ: (کاتێ لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین و فەرمایشتێکمان لێی دەبیست، دواتر پێکەوە دوبارەمان دەکردەوە و یادی یەکتمان دەخستەوە بۆ ئەوەی جوان لەبەری بکەین)[1].

ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ دراوسێکەیدا لە ئەنصارییەکان بەنۆرە دادەبەزینە ناو شاری مەدینە بۆ لای پێغەمبەر بۆ وەرگرتنی زانست[2]، هەروەها دایکی باوەڕداران عائیشە داوای دوبارە کردنەوەی ئەو فەرموودانەی دەکرد لە پەیامبەرەوە کە پێشتر فێری نەبووبوو[3]، ئەوە ئەبوو هورەیرەیە خوای لێ ڕازی بێت: (من شەوانم کردووە بە شێ بەشەوە، بەشێکی دەنووم، بەشێکی شەونوێژ دەکەم، بەشێکیش فەرمایشتەکانی پێغەمبەر دوبارەدەکەمەوە)[4].

خۆ ئەگەر سوننەت لای هاوەڵاندا شەریعەت و دین نەبوایە بەم شێوەیە جەختیان نەدەکردەوە بۆ لەبەرکردنی، هەرگیز ناڕەحەتی سەفەریان نەدەبڕی لە پێناوی دەست خستنیدا، کردایان پێ نەدەکرد، نەدەبوو بە بەشێکی ژیانی ڕۆژانەیان، شەوگاریان بە دوبارەکردنەوەی سوننەت ڕۆشن نەدەکردەوە، ئەم هەموو گرنگی پێدانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی سوننەت پەیوەندی بەئاینەوە هەیە و بەشێکە لە ئاین، ئەی چۆن ئاین نیە کاتی فەرموویەتی: (عليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين تمسكوا بها و عضوا

(١) رواه الخطيب البغدادي في الجامع لأخلاق الراوي (مخطوط)، نقلا عن أصول الحديث ص ٦٧
(٢) رواه البخارى نقلا عن فتح الباري ج١/ ١٨٥
(٣) فتح الباري ج ١/ ١٩٥
(٤) سنن الدارمي ج ١/ ٨٢

علیها بالنواجذ) [١]. واتە: لەسەرتانە کە دەست بگرن بەسوننەتەکانم و سوننەتی خولەفائی ڕاشیدینمەوە و بە کاکیلەکاناتن بیگرن).

ئەی چۆن شەرع نیە؟ کاتێ ستونەکانی ئیسلامی لەسەرە، ئەگەر سوننەت نەبوایە ئومەت نەیدەتوانی زۆرینەی ئەحکامەکانی قورئان جێبەجێ بکات. ئەوە بەسە شانازی بێت بۆ سوننەت کە خوای گەورە بەوە وەصفی دەکات کە تاکە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە خوا و لێخۆشبوونی خوایی و بەهەشتەکەی: (لقد کان لکم فِي رسول الله) . واتە: بێ گومان لە پێغەمبەرەوە باشترین ڕێنمونیتان هەیە، بۆ هەرکەسێ کە مەبەستی خوا و ڕۆژی دوایی بێت.

جا ئەوەی ئەوانە باسی دەکەن لەوەی کە پەیامبەر نەهی کردووە لە نوسینەوەی سوننەت بە بەڵگەی (لاتکتبوا عني) ئەوە ڕوونە کە پێدەچی لەبەر گوزەران و واقعی ئەو ساتانەی سەرەتایی بووبێت، یان بۆ گرنگی زیاتر بەنوسینەوەی قورئان لەسەرتەکانی کاردا، هەروەها ئەوەش شاراوە نیە لای کەسێك حاڵی عەرەبی ئەو کاتە بزانێ لە کەمی نوسین لای عەرەب لەو سەردەمەدا، لەبەر وردی و پارێزراوی و پوخت نویسنەوەی قورئان پێغەمبەر هۆشداریداوە بۆ نەنوسینەوەی سوننەت لەو ساتانەدا، لەترسی تێکەڵ بوون بەقورئان، بەڵام دواتر ئیزنی داوە کە سوننەت بنوسنەوە کاتێ ترسی تێکەڵ بوون نەما لەگەڵ قورئاندا، هەرچۆن ئاشکرایە فەرمانی کردووە قسەکانی بنوسنەوە بۆ (أبو شاه)[٢]، سەرباری ئەمەش نەنوسینەوەی هەرگیز مانای ئەوە نیە کە نابێتە بەڵگە و بەشێك نیە لە شەریعەتی

(١) سنن أبي داود ج ٤/ ٢٨١

(٢) رواه مسلم مع شرح النووي ج ١٨/ ١٢٩

ئیسلام، چونکە نوسینەوە خۆی بۆخۆی نایکاتە بەڵگە تاوەکو نیسەتی قسە نەدرێتە پاڵ خاوەنەکەی، سوننەتە کردارییەکان باشترین بەڵگەن لەسەر ئەمە، کە زۆر باشترن لەو فەرمودانەی نوسراونەتەوە لە پەڕەکاندا و نەخراونەتە نێو موسڵمانان بۆ کارپێ کردن، لەبەر ئەمەیە کە مامۆستا مەودودی دەڵێ: (پێغەمبەری خودا گەلەکەی لەسەر سوننەتێکی ڕوون بەجێ هێشت، کە ئەم کۆمەڵگەیە لە هەزارەها مرۆڤ پێکهاتبوو، لەوانەی کە گوێیان لەفەرمایشتەکانی بووە و چاویان لە کردارییەکانی بووە لەسەر پەروەدەکەشی ڕاهێنران، ئەوانیش ئیسلامەتیەکەیان گواستۆتەوە بۆ قەومی دوای خۆیان و بەوشێوەیە دەست بە دەست گواستراوەتەوە تا گەیشتووە بەئێمە)[1].

کەسێك کە زانیاری هەبێت ئەوەی لەلا شاراوە نیە کە ڕێگری کردنی پێغەمبەر بۆ نوسینی سوننەت بۆ ئەو شێوەیە بووە کە نمونەی قورئان بنوسرێتەوە، بەڵام بەشێوازی جیا و کابرا بۆ خۆی بینوسێتەوە ئەوە بەڕاستی بەڵگە هەیە کە ڕوویداوە، لە هاوەڵان هەیە کە هەموو شتێکی لە پەیامبەرەوە نوسیوەتەوە، لە عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص ڕەزای خوایان لێ بێت هاتووە کە فەمووی: من هەموو شتێکم دەنوسیەوە کە لە پێغەمبەر بیستبام، بەمەستی پاراستنی، قورەیش هەموو ڕێگرییان لێ کردم، وتیان هەموو شتێك لە پەیامبەرەوە دەنوسی لەکاتێکدا لە کاتی تورەیی و هێمنیشدا قسە دەکات، ئیتر وازم لە نوسینەوە هێنا، تا باسم کرد بۆ پەیامبەری خوا، ئەویش بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆ زمانی کرد و فەرمووی: بنوسە،

(١) سنت کی ائینی حیثیت. ص ١٦٠

بەو خوایەی ڕۆحی منی بەدەستە جگە لە هەق نالێت)[١]، وە لە موسنەدی ئیمامی أحمد هاتووە کە هەندێ لە هاوەڵان شکاتی حاڵی خۆیان کرد کە لەبەرکردنیان لاوازە بۆ ئەو وتانەی لە پیغەمبەرەوە دەیبیستن، فەرمویان: (ئێمە فەرمودەکانت لێوە دەبیستین بەڵام ناتوانین لەبەر بکەین، ئایا ڕێگە دەدەی بنوسینەوە؟ (فەرمووی بەڵێ بنوسن)[٢] ئەمەش دواترین فەرمانیەتی بۆ نوسینەوەی سوننەت[٣].

جا ئەو بەڵگانەی پێشەوە تەواوی دەلیلمان دەداتی کە تۆمارکردن و نوسینەوەی سوننەت هەرهەبووە، وە پیغەمبەر فەرمانی بە نوسینەوەی کردووە لە دوای ئەوەی پێشتر نەهی کردووە لە نوسینەوەی فەرموودە، کاتێ کە ئەمان و بێ ترس بوون لەوەی تێکەڵ بە قورئان، بەڵام ئەوەبوو فەرمانی نەکردووە کە وەکو قورئان بنوسرێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

١. کۆمەڵگای هاوەڵان لەسەر سوننەتی کرداری وەکو کەفیلێك بۆ مانەوە و سوننەت گواستنەوەشی نەوە بە دوای نەوە.

٢. شەیدایی موسڵمانان بۆ نوسینەوەی قورئانی پیرۆز و لەبەر کردنی، هەروەها هێزی مانا و بەیان و مانەوەی بە موعیزە بەدرێژایی زەمانە، لەلایەکیشەوە سوننەت ڕاڤە و شێوازی کرداریە بۆ قورئان، لەبەر ئەمە ڕوی موسڵمانان زیاتر بەرەو نوسینەوە و لەبەر کردنی قورئان بوو لە چاو لەبەرکردنی سوننەت و نوسینەوەی.

---

(١) رواه ابن عبدالبر في جامع بيان العلم و فضله ج١/ ٧١ ، و مسند أحمد ٢/ ١٦٢ و ٣/ ١٩٢

(٢) سەچاوەی پێشوو ج ٢/ ٢١٥

(٣) السنة في الاسلام ، نوسینی د. رؤف شلبي لاثةرة ٢٧

٣ . نەبوونی کاتی تەواو بەدەست هاوەڵانەوە بۆ نوسینەوەی سوننەت، لەکاتێکدا کە دوژمنان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی دابوون، بۆیە تێکۆشان بۆ مانەوەی خۆیان و پێچەسپاوییان هۆکارێکی واقعی بووە بۆ کەمی لاکردنەوە بۆ نوسینەوەی سوننەت، لە مەککە زیاتر خەریکی پارێزگاری بوون لەنەفسی خۆیان، لە مەدینەش سەرقاڵی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن بوون کە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دابوون .

٤ . هەوڵدانیان بۆ گەیاندنی دینی هەق بۆ هەموو ئاسۆکانی زەوی بۆ کارکردن بە وتایەتەی خوای گەورە: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ) واتە : ئێوە چاکترین ئومەتن لە نێو خەڵکیدا دەرکەوتن کە فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری دەکەن لە خراپە .

هەوڵدان بۆ بەشدای پێ کردنی خەڵك هۆکارێکی گەورە بوو بۆ کەمتر نوسینەوەی سوننەت لەدوای کۆچی دوای پێغەمبەر هەروەها فراوان کردنی ولاتی ئیسلامی لەلایەکی تر، بۆیە هاوەڵان سەرقاڵ نەبوون بە نوسینەوەی سوننەتەوە نەوەك ئەو شەرەفی فراوان کردن و گەیاندنی ئیسلامەتی لەدەستیان بچێ، لەگەڵ ئەوەشدا سوننەتیان بە گوفتار و بەکردار گواستەوە لە حاڵەتەکانی جەنگ و ئاشتیشدا، لەبەر ئەو سەرقاڵیانە بە کردار پێکردنی سوننەتەوە نەیانپەرژایە سەر نوسینەوەی سوننەت، سەرباری ئەوەش دەبینین لە ژیانی خودی پێغەمبەری خوا بەشێکی زۆر لە سوننەت نوسراوەتەوە ئەگەر چی بە شێوەی فەرمی فەرمانی بۆ نەکردبێت .[1]

---

(١) کتێبی (رضية بيكم روايت تدوين حديث) لاپەرە ٣٧ لیکۆڵینەوەی ماستەر لە زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆی بنجاب لە لاهور ، ساڵی ١٩٦٧ز .

ئەما ئەوەی قسەی نەیارانی سوننەت کە دەڵێن نوسینەوەی وتەی پێغەمبەران علیهم السلام هۆکاری گومڕایی نەتەوەکەیان بووە، دواتر ئومەتی ئیسلام لەسەر گومڕایی ئومەتانی تر دەپێون، ئەمە کارێکی وەرنەگیراوە و ڕەد دەکرێتەوە، لە ژێر ئەم پەیدەیەوە گزیکاری و چەپەڵی شاردراوەتەوە، چونکە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان وتەی پێغەمبەر و پێغەمبەرانی تردا، هەورەها جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان سوننەتی پێغەمبەر لەگەڵ ئەوانی تردا علیهم السلام، چونکە وتەی پێغەمبەرانی بەسەنەدەوە پێشوو نەنوسراوەتەوە، نە زنجیرەی پیاوانی ڕاوی تێدایە تا سەردەمی نوسینەوەی دەقەکانیان، سەباری نەبونی ژیان و گوزەشتەی ڕاوییەکانی، لەکاتێکدا فەرمایشتەکانی پەیامبەرمان بە زنجیرەی کوڕ لە باوك لە باپیرەوە هاتووە، یان لە فێرخواز لە مامۆستاکەی لە شێخەکەی هەتا دەگاتەوە بە هاوەڵان کە بەڕاستەوخۆ بیستویانە، سەرباری ئەمەش سەرگوزشتە و ژیانی ڕاوییەکان هەموو شەنوکەو کراون بە پێی بنچینە تۆکمەکان بۆ وەرگرتنی سوننەت.

ئەمەش جیاوازییەکی جەوهەرییە کە ناکرێ پێشچاو نەخرێت لە چەسپاندنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەرانی پێشوو لەگەڵ فەرمایشتەکانی پێغەمبەرمان علیهم السلام، ئەم تایبەت مەندیە ناموسڵمانان پێش موسڵمانان دانیان پێدا ناوە، ئەوەتا دکتۆر (ئیسبرنجەر) لەبارەی گرنگی موسڵمانان بە حاڵی پیاوانی ڕەچەڵەکی سەنەد دەڵێ: (موسڵمانان تایبەتن لە نوسینەوەی حاڵی پێنج سەد هەزار کەس لە پێشینانیان، و وردەکاری ژیان و حاڵ و گوزەرانی میژووی تۆکمە و دامەزراویان)[1].

(١) مقام الحديث. لاثةرة ١٣٠

لەڕاستیدا سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان بە ئاشکرا لە ژیانی خۆی و هاوەڵانیشدا تۆمار کراوە، دەکرێ زانیاریامان دەست بکەوێ لە ڕێگەی ئەم تۆمارانەوە لەسەر هەقیقەتی سەردەمی شکۆدا لە میانەی سەرچاوە ئیسلامیە پەسەندەکانەوە، جگە لە سەرگوزشتەی باقی پێغەمبەران لەگەڵ ئومەتەکانیاندا کە سەنەد و ڕەچەڵەکی ڕاوی نیە بۆیە ڕێوایەتی ئاینەکانی تر پشت پێ بەستراو نیە.

گومانی پێنجەم:

ئەم گومانەشیان کورت دەبێتەوە لە: پێغەمبەری خوا ڕێنمایی هاوەڵانی دەکرد بەپێی باروگوزەرانی خۆیان، و ڕوداوەکانی سەردەمەکەیان کاریان لە چۆنێتی ئاخافتنی دەکرد بەشێوەیەك بگونجێ لەگەڵ سەردەمەکەیاندا، لەم سەردەمەدا ئەو هەلومەرجانەی سەردەمەکەی ئەوان بوو نی نیە، ئەوەتا خەواجە لەوبارەیەوە دەڵێ: (بزانە کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر تایبەت بوو بە سەردەمی خۆیەوە، شوێن کەوتنی حوکمەکانیشی لەسەردەمی ژیانی تێپەڕ ناکات، بێگومان بە مردنی ئەو دەرگایەشی داخستووە علیه الصلاه و السلام)[1].

جا خاوەنی کتێبی (تبلیغ القران) ئەم گومانە شی دەکاتەوە و دەڵێ: (بێ گومان ڕینوێنیەکانی پێغەمبەر بەپێی گوزەرانی هاوەڵان بوو، خۆ ئەگەر ئێمەش لەو سەردەمەدا بوینایە ئەو پێوست و واجبی سەرشانمان بوو بەگوێی قسەکانی

(١) گۆڤاری (البیان) لاپەرە ٣٢، ژمارەی تۆگەستی ١٩٥١، هەروەها بەهەمان شێوە خەواجە عبدالله ئەختەر لە گۆڤاری (بلاغ) لە ژمارەی تۆگەستی ١٩٢٩ لەژێر ناونیشانی (قوران و حدیث) دا.

بکەین . . ، هەرچۆن وادەزانین گوتاری قورئان گشتگیرە بۆ هەموومان، بەڵام سوننەت تایبەتە بە ئومەتێکەوە کە ئەوانیش عەرەبەکانی ئەو سەردەمەن)[1].

وەڵامی ئەم گومانە :

بێ گومان قورئانی پیرۆز ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە بانگەوازی پەیامبەر گشتگیرە و هەرگیز بە تەواوبوونی دابەزینی قورئان یان مردنی پەیامبەر کۆتایی نایەت، بەڵکو گوتارێکی گشتگیرە بۆ هەموو موکەلەفەکان و هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە بە عەرەب و عەجەمەوە، سەرباری ئەوەی زۆرێك لە گوتاری قورئانی پیرۆز بۆ موشریکەکانی سەردەمی خۆی بوو کە لەمپەریان دروست دەکرد لەبەردەم بانگەوازەکەیدا، دەبینی هەندێ ئەحکامی تایبەتی بۆ ئەو ڕێگریانە دابەزی بەپێی ڕێوشوێنی نەنگی خۆیان، ئەوش ڕوونە ئەو ئەحکامانە هەرگیز قەتیس نابن تەنها لەو چەند کەسە خراپ و ڕێگرانەی ئەو سەردەمە، بەڵکو لەوانیشەوە تێدەپەڕێ بۆسەر هەرکەسێك هەمان لاسای ئەوان بکاتەوە، سەرباری ئەوەش قورئانی پیرۆز پەیامی داوە لەسەر ئەو دروشمانەی کۆمەڵگەی عەرەبی لەسەردەمی شیرك و بت پەرستی و نەزرکردن بۆ غەیری خودا و هاوبەشی دانانەکانیان بۆ خوای میهرەبان، خۆ ناوترێ ئەو ئەحکامانە تایبەتن بەو سەردەمە و ناتوانین بۆ سەردەمانی دوای ئەوان بەکاری بهێنین، بەڵکو پەندوەرگرتن بە حوکمەکانە بەگشتی نەوەك تایبەت بکرێ بە حالەتێکەوە، بۆیە دەبینین ئەو ئەحکامانە لەسەردەمی خۆی هاتۆتە سەردەمەکانی تر و بەسەر حاڵەتەکانی دواتریشدا هاتووە بە بێ قەتیسکردنی لەسەردەم و کەسانێکی دیاری کراودا .

---

(١) لاپەری ٥ کتێبەکەی حشمت علی خلیفه عبدالله .

کەواتە مادام حوکمەکانی قورئانی پیرۆز تایبەت نین بەسەردەمێك و کەسانێکی دیاری کراو کەواتە سوننەتیش هەروەهایە، چونکە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەحکامەکانی قورئان و ئەحکامەکانی سوننەتدا نیە لەبەر ئەوەی هەردووکی لە هەمان سەرچاوەوە هاتووە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە[1]. بۆیە باوەڕهێنان بە پێغەمبەری خوا پێوەر و سەنگی مەحەکی نێوان ئیمان و کوفرە، جا خۆ ئەگەر سوننەت تایبەت بوایە بە هاوەڵانەوە بەتەنیا ، ئیتر چۆن دوای وەفاتی پەیامبەر بەڕاستزانینی هەواڵەکانی پەیامبەر جێبەجێ دەکرێت؟ ئاخۆ تەنها بە گوفتارە و بەبێ کردار؟ یان هەر بانگەشە بێت بە بێ جێبەجێ کردنی سوننەت؟!

ئەی کوا ئەو شوێنکەوتنەی کە خۆشەویستی پەروەردگار بۆ بەندەکانی بەرجەستەدەکات؟ کە لە فەرمایشتی خوای گەورەدا هاتووە؟ : ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ .. ﴾آل عمران:٣١. واتە: پێیان بڵێ ئەگەر خواداتان خۆشەوێ شوێنی من بکەون تا خوای گەورەش ئێوە خۆش بوێت.

بۆیە موسڵمانان هەموو کۆڕان لەسەر ئەوەی کە گوتاری قورئان و سوننەت و ئەحکامکانیان گشتگیرن و گشتین، هەرگیز تایبەت نین بە ئومەتێکەوە، چونکە پەیامی گشتگیری قورئان پەیوەستە بە گشتگیری سوننەتەوە چونکە دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ سبأ:٢٨. واتە: هەرگیز تۆمان نەناردووە بۆ میللەتێك بەتەنها بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی هەم موژدەبەخشی هەمیش هۆشیداری دەدەیت.

(١) لە وەڵامی گومانی دووەمدا لاپەرە

بۆیە تایبەت کردنی گوێرایەڵی کردنی پەیامبەر بە کات و کەسانێکی تایبەتەوە هەرگیز بەڵکەیەك نیە لە پشتی، هەرچۆن عەقڵی تەندروست وەریناگرێ، چونکە پەیامەکەی گشتگیرە بۆ هەموو خەڵك بە گشتی، دەی پێویستە سوننەتەکەشی بۆ گشتی بێت، لەبەر نەبوونی هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەحکامەکانی قورئان و ئەحکامەکانی سوننەت، بۆیە هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان جلاّبەجێ کردنی ئەحکام کە بەقورئان چەسپابێت یان بە سوننەت چەسپابێت بۆ خەڵکانی سەردەمی دابەزینی ئەحکامەکان یان خەڵکی سەردەمی ئەتۆم و تەکنۆلۆژیا کە ئیمانی هێنابێ بە پێغەمبەر و پەیامەکەی بەبەڵگە دەقی قورئانی پیرۆز، لەبەر ئەمەیە کە مامۆستا مەودودی دەڵێ: (هیچ جیاوازی نیە لە نێوان ڕینماییەکانی قورئان و ڕێنماییەکانی محمد المصطفی دا، بۆیە ئەگەر تایبەت بکرێن بەسەردەمێکە و قەتیس بکرێن ئەوە هەردوکیان پێکەوە قەتیسکراون، ئەگەریش دائیم و بەردەوامن بۆ سەردەمەکان ئەوە پێکەوە بەردەوام و دائیمن)[1].

گومانی شەشەم:

ئەم گومانەیان ئەوە لە خۆدەگرێت کە گوایە سوننەت لە هەردوو ڕووی (سەنەد و مەتن)ەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، و فەرمودەناسان قسەیان لە هەردوو بەشی (سەنەند) و (مەتن)یش کردووە، جا لەبەر ئەوە مادام هەندێ پیاو کەسی ئاسایی قسەیان لەسەر کردبێت ئەوە بەکەڵکی ئەوە نایەت بکرێتە دین، هەروەها هەرگیز ئیسلام نەکەوتۆتە بەر ڕەخنە و گازندە جگە لەڕێگەی ئەو فەرمودانەوە نەبێت کە موسڵمانان بە ڕاستیان زانیوە، ئیسلامیش لێی بێتاوانە. الحافظ أسلم دەڵێ:

(١) کتێبی (سونت کی ائینی حیثیت) لاپەڕە ٣٣٤.

(فەرمودەکان کەوتونەتە بەر ڕەخنەگرتن لە ڕووی زانستیەوە کە بوەتە هۆی لەدەستدانی سیفەتی ئاینێتی تێیدا، چونکە بابەتە ئاینیەکان هەرگیز ڕەخنەی مرۆڤ و پیاوان تێکەڵی نابێت)[١].

هەروەها دەڵێ: ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕوی ئیسلام بوەتەوە لەلایەن ناموسڵمانانەوە لەهیچ ڕێگەیەکەوە نەهاتووە ئیللا لە ڕێگەی ئەو فەرمودانەیە کە موسڵمانان بە ڕاستیان داناوە، کە لە ڕاستیدا هەڵبەستراوە و ئاخنراوەتەوە ئیسلامەوە و هیچ بنەوایەکی نیە)[٢]، هەروەها خاوەنی (بلاغ الحق) ئەم قسانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: (پێویستە ئەو فەرمودانەی کە ئیسلامیان خستۆتە نێو کەوان و قەفەسی تۆمەتەوە هەرهەمووی لەبن هەڵبکێشرێت، چونکە ئیسلام بێتاوانە و بەریئە لێیان)[٣].

وەڵامی ئەم گومانە:

بەڕاستی نمونەی ئەم قسە بچوکانە هیچ کەسێك نایکات مەگەر کەسێك زۆر نەزان بێت بەرامبەر مێژووی تێکۆشانی موسڵمانان بەڕووی بزوتنەوەی داتاشینی قسە بۆناو سوننەت، بێ گومان هاوەڵانی بەڕێز لەسەر ژیان و گوزەشتەیەکی پاك و ئاینپەروەری ئەم ئیسلامەیان بەو پەڕی ئەمانەت و نیازپاکی و بەوپەری خێرویستی گەیاندویانە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەشدار بێت لەخێر و بەرەکەتی ئیسلام بەشێوەیەکی یەکسان، بۆیە هاوەڵان زۆر لەوە گەورەترن کە درۆ و قسە دروست

(١) کتێبی (مقام حدیث) لاپەرە ١٥٤

(٢) کتێبی (مقام حدیث) لاپەرەی ١٥٤ .

(٣) لاپەرەی ٤٣ ، نوسینی محب الحق .

بکەن بۆ ئیسلام، ئەوان خودی ئەو کەسانەن کە لە زۆر شوێندا لە پەیامبەروە بیستویانە فەرمویەتی: (من کذب عليَّ فليتبوأ مقعدة من النار). واتە: هەرکەس درۆ بەناوی منەوە بکات شوێنی خۆی لە دۆزەخدا دابنێ.

لە کۆتایی سەردەمی ئیمامی عوسمان خوای لێ ڕازی بێت، چووەسەر هەندێ کەسدا کە بەناوی ئیسلامەوە قسەیان دەکرد، هەندێ شتیان تێدەئاخنی کە لە ئیسلامدا نەبوو، دواتر بە تێپەربوونی کات ژمارەی ئەو کەسانە ڕووی لە زیادبوون کرد و فرت و فێڵیان زۆر بوو، کە کەسیش نەبوو بەرپەرچیان بداتەوە و بیانوەستێنێ لەو ڕێگا چەوتەیان، هەرچۆن جیاوازی باری سیاسی و کەلامی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕەخسانی دەرفەتی دروست کردنی ئەو درۆیانە، ئەوەتا هەندێ لە پشتیوانانی ئیمامی موعاویە درۆ هەڵدەبەستن لە دژی ئیمامی عەلی و لە پشتیوانی ئیمامی موعاویەدا و بەناو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە، هەروەها نەزانانێ لە هاوەڵانی ئیمامی عەلی بەرپەرچی ئەوانیان دەدایەوە بەهەمان هەڵە، ئەمەش بەبێ ئاگاداری هەردوو بەڕێز ئیمامی عەلی و ئیمامی موعاویە خوایان لێ ڕازی بێت لێی بێتاوانن، هەروەها سەردارانی کەلامیەکان لە مەزهەبی قەدەرییەکان و مورجیئەکان و جەهمییەکانیش هۆکاربوون.. هەروەها موناقەشە تونددەکانی نێوانیان کەشی لەبارکرد بۆ درۆداتاشین و فەرمودە داتاشین بۆ تانە و تەشەر لەسەکردانی ئەو گروپانە.

دواتر زەندیقەکان و چیرۆکخوانەکان هاتنە ئەم گۆڕەپانە و بەنزیکترین ڕێگەیان دانا بۆ ناوبانگ و ناسراوی خۆیان، بەبێ ئەوەی هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و ئاینیان هەبێ، هەروەها پێڕی دەمارگیران بۆ وڵات و میللەت هاتنە ڕیزی ئەم درۆ

هەڵبەستانەوە، هەموو درۆکردن بەسەر پەیامبەریان بەڕەوا دەزانی و ئەم دەرفەتانەیان قۆستەوە بۆ پەیداکردنی پلەو پایەی گەورە لەناو خەڵکی موسڵماندا، پاش ئەوانیش پیاوانی خواپەرستی نەزان لە موسڵمانانیش چونە ڕێزی درۆهەڵبەستانەوە بە نیەتی دەستکەوتنی خێر و پاداشتی نەبڕاوە لای خوای گەورە، بە بیانوی ئەوەی درۆ بە پێناو پەیامبەردا دەکەن نەوەك درۆی بەدەمەوە هەڵبەستن. !)[1].

بێ گومان زانایان بەرپەرچی ئەم بەرە درۆهەڵبەسانەیان داوەتەوە، و چەندین پێوەر و ڕێسایان دامەزراندووە بۆ پشکنینی فەرمودە و ڕونکردنەوە و ناسینەوەی صەحیح لە ناپەسەندەکانی، جا هەرکەس ئەو پێوەرانە تەی بکات و خودا یامەتی بدات ئەوە بەئاسانی فەرمودەی ڕاست لە درۆهەڵبەستراوەکان جیادەکاتەوە، یەکێك لەو ڕێسایانە ئەوەیە داوای سەنەدی فەرمودەکە بکەیت، کە ناوی ئەو ڕاویەی پێشخۆی بهێنێ کە ڕیوایەتی لێوە دەگێڕێتەوە، بەم شێوەیە بەردەوام ناویان بهێنێ تا دەگاتە کۆتایی و خاوەنی قسەکە کە بۆمانی دەگێڕێتەوە، جا بەم پێیەش هیچ سوننەتێك وەرناگیرێت ئیللا بەم شێوەیە نەبێت، هەرچۆن دوای ناوهێنانی ڕاوییەکان حاڵی ڕاوییەکان لە بیژنگی علمی جەرح و تەعدیل دەدەین بۆ ئەوەی ڕاستەکان لە درۆزنەکان جیابکرێتەوە، هەروەها ئەگەری گەیشتن بەیەکتری لە نێوان ڕاویەکان و ئەوەی پێش خۆیاندا هەیە؟ یان نا، دواتر پشکنینی ناوبانگی ڕاویەکان ئاخۆ لەوانەن کە وردەکاری و پەسەندی فەرمودەیان هەبووە یان نا، وە ئاخۆ پێچەوانەی هیچ وتە و ڕیوایەتێکی تر نیە؟ لە متمانە پێکراوەکان؟ دوای هەموو ئەمانە دێینە سەر

(١) کتێبی (بحوث في تاريخ السنة)، نوسەر أكرم ضياء العمري، لاپەرە ٢٠.

پشکنینی پێکهاتەی دەقی فەرموودەکە و ئەمیش دەپێورێت بە پێوەر و ڕێسا تایبەتەکان بە دەقی فەرمودەوە بە ئوصولی ئیسلامی، ئەوەتا محمدی کوڕی سیرین دەڵێ: (پێشار پرسیاری سەنەدیان نەدەکرد، هەتا ئەو کاتانەی فیتنە هاتەکایەوە، ئیتر دەیانگوت ناوی ڕاوییەکانمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی ببینین ئایا لە ئەهلی سوننەتن تا لێیان وەربگرین ؟ یان لە ئەهلی بیدعەتن تا ڕیوایەت لێیان وەرنەگرین)[1].

ئەوەبوو سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی درۆهەڵبەستن دوای ئەوەی نزیك بوو هەموو سوننەت تێکەڵ بە درۆکانیان بکەن بە خێر شکایەوە بۆ دەرەنجامی زۆر باش و بەسوود، و کاریگەری زۆر باشی هەبوو لەسەر پاراستنی سوننەت، و هاتنەکایەوەی زانست و هونەری زۆر ورد بۆ پاڕێزگاری و چەسپاندن و پالاوتنی سوننەت لە هەموو خەوشێك، و ڕێگرتن لەهەموو بازبازانێك تێیدا، دواتریش هەنگاونانی نوسینەوەی سوننەت بەهیچ هۆکارێك نەهاتە دی هێندەی هۆکاری ئەم بزوتنەوە درۆهەڵبەستانە.

ئاخۆ دوای ئەمە کەس هەیە بڵێ ئەم فەرمودانە خراونەتە بەر ڕەخنە؟ و هەر شتێ خرابێتە بەر ڕەخنە ناکرێ بیخەینە ناو دینەوە و بۆ پەیڕەوکردنی دروشمەکانی ئیسلام ناشێ؟!.

چونکە ڕەخنە و پشکنینی سوننەت بۆ هیچ مەبەستێك نەبوو جگەلەوەی بۆ لابردنی هەموو ئەو درۆیانە کە لکێنرابوون پێوەی و لە بنەڕەتدا تێیدا نەبوو، بۆیە ڕەخنە نەهاتە کایەوە ئیللا بۆ وەلامی سروشتی لەکاتی گونجاوی سەردەمی خۆیدا، بۆ

(١) صحیح مسلم بە ڕاڤەی ئیمامی نەوەوی بەرگی ١/ ٨٤.

ڕێگرتن لە بازبازێن و یاری کردن بەناوی سوننەت چ لەو سەردەمە یان دواتریش بۆ ئایندە.

هەروەها بانگەشەی ئەوەیان کە گوایە سوننەت بووەتە هۆی تانە و ڕەخنە لەسەر ئیسلام دروست ببێت، ئەوە قسەیەکی باتڵە، چونکە خودی کیتابی مەجید وەڵامی ئەمەی داوەتەوە: [لَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ][1]. واتە: هەرگیز جولەکە و گاورەکان لێت ڕازی نابن هەتا شوێنی ڕێباز و ئاینەکەیان نەکەوی. ئاخۆ شەپۆلی ڕەخنە و گازندەکان لەکوێوە هات جگە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانی جولەکە و گاور و هاوپەیمانەکانیان نەبێت؟

جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کە بێگومان ئەوەی ڕەخنە و تانەگران لەسەر ئیسلام دەیگرن پەیوەستە بەو ڕق وقینە شاراوەی ناخیان وای لێ کردوون بیانەوێ تۆڵە لە موسڵمانان بکەنەوە، بۆیە هەرگیز نەمانبینی ڕەخنەیەکیان کەمێ مەعقول ببێت، یان بەپێی تاقیکردنەوەیەکی زانستی ببێت، یان تەنانەت لە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی ئیسلام ببێت، بەڵکو هەموو ڕەخنەکانیان لە سۆنگەی کەمی هۆشیاری خۆیانە، و نەبوونی بەرچاوڕۆشنی خۆیانە بۆ دەقەکان و نەزانی بینینی پەندە لێیان، بۆ نمونە تانەی ئەوەیان لە هاوسەرگیری پەیامبەرﷺ لەگەڵ دایکی ئیمانداران (عایشە) کاتێ شەش ساڵان بووە، و گواستنەوەی کاتێ نۆ ساڵان بووە[2]، ئا ئەمەیە کە بەرویز وەها وێنای دەکات لەگەڵ ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا دەیهێنێ، و دەڵێ: (بالغبوون مەرجی هاوسەرگیریە بە پێی ڕوونکردنەوەی قورئان، ئەزانن چ

(١) ﴿البقرة: ١٢٠﴾

(٢) فەرمودەکە ئیمامی بوخاری و مسلم ریوایەتیان کردووە (تزوجنی النبی لست سنین وبنی بی وأنا بنت تسع..)، فتح الباری بەرگی ٩/ ١٩٠، مسلم بەرگی ٤/ ١٤١.

تانە و ڕەخنەیەك دروست دەکات بۆ خاوەن جوانترین ژیاننامە و سەرگوزەشتە ئەگەر فەرمودەی هاوسەرگیریەکە بەڕاست دابنرێ؟ کە کتێبی ڕۆژهەلاتناسەکانیش دەیچەسپێنن! بەڕاستی بۆم دەردەکەوێ کە ئەم فەرموودە هیچ ڕاست نیە، تەمەنیشی کاتی هاوسەرگیریەکە لە نێوان ١٧ بۆ ١٩ ساڵان بووە)[1].

ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە وەڵام دەدرێتەوە:

یەکەم: ئەو وتەیەی کە دەڵێ کاتی هاوسەرگیریەکەی لەگەڵ پەیامبەرداﷺ تەمەنی ١٧ بۆ ١٩ ساڵان بووە دروست نیە، چونکە تەمەنی دایکمان عائیشە ١٨ ساڵ بوو کاتێ پەیامبەرﷺ کۆچی دوایی کرد.

دووەم: لەلایەکی ترەوە ئەوە سروشتیە کە هەندێ ئافرەت لە تەمەنی بچوکدا بالغ و عادەی مانگانەیان دێت، وە نیشانەی پێگەیشتنی ئافرەت سوڕی مانگانەیە، هەروەکو چۆن زانایانمان ڕوونیان کردۆتەوە، فەرمویانە: (هەرگیز سوڕی مانگانە لە پێش نۆ ساڵانەوە نایەت) هەروەکو جیاوازی کەش و ناوەندی ژیان کاریگەری هەیە لەسەر پێگەیشتنی ئافرەتان.

ئەوەش لە ئیمامی شافعیەوە دەگێڕنەوە نمونەیەکی واقعیە، کە داپیرەیەکی بینیوە تەمەنی بیست و یەك ساڵان بووە، نمونەیەکی تریش کە عبدالله کوڕی عەمر کاتێ لەدایك بووە تەمەنی باوکی تەنها یازدە ساڵ بووە، دەوترێ سیازدە ساڵان بووە.

خاوەن پەرتوکی (تفهیم إسلام) وەڵامی ڕەخنەکە دەداتەوە و دەڵێ: (ئەوانە کەوتونەتە هەڵەوە لە مانای وشەی (بنی) چونکە بە مانای جیماع تێگەیشتوون، بەڵام مانای دروست بۆ ئەم وشەیە بریتیە لە ئاهەنگی شایی و خواحافیزی لە مااڵی

(١) (شاهکارە رسالت) لاپەرە ٤٤٥.

باوان و بەرە مالی زاوارۆشتن، بەم پێیەش هیچ مانای جیماع ڕاست نیە بۆ وشەکە)[١].

هەروەها خاوەنی پەرتوکی (مقدمة تدوين حديث) بابەتەکەی لای نکۆڵیکاران وەها وێنا دەکات و دەڵێ: (لەسەردەمی السيد أحمد خان دا هەندێ خەڵکی کەمتوانام بینی هەڵدەسان بە ڕەخنە لەسەر فەرمودە، بە بانگەشەی ئەوەی گوایە دەمانەوێ ئەو هەموو عەیب و عار و پەڵە بەنێو چاوی ئیسلامەوە پاکبکەینەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەستان بە لەناوبردنی چەندین دروشمی ئیسلامی، مەگەر خودا بزانێ چەندە زیانیان بە ئیسلام گەیاند)[٢].

گومانی حەوتەم:

کورتەی گومانەکەیان: بێ گومان قورئانی پیرۆز هانیداوین لەسەر یەکڕیزی و یەکێتی وتەمان، فیری کردوین کە زاڵ ببین بەسەر هەموو ڕێگری و هۆکارەکانی پەرتەوازەیی، بۆیە پێویستە هەموو جەستەکانمان لەژێر یەك بەیداخدا کۆبکەینەوە، پێویستە سەربکەوین بەسەر هەموو ئەو بەربەستانەی ڕێگر و هۆکارن بۆ ئەو یەکڕیزییە، کە بریتیە لە (سوننەت)ی پەرتەوازەکاری موسڵمانان و (فەرمودە)ی دروستکراوی پلانەکانی سەر ئاینی ئیسلام و موسڵمانان، ئەوەتا عبدالله

---

(١) لاپەرەی ٣٠٠ ، نوسەر مسعود أحمد، ئەوەی کە باسی کردووە لە کتێبی (تفهيم)دا بە پشت بەستن بە کتێبەکانی زمان بووە، خاوەن پەرتوکی (النهاية في غريب الحديث) دەفەرموێ: الابتناء و البناء الدخول بالزوجة. بنڕەتی وشەکەش لەوەوە هاتووە کاتێ ئافرەت مێرد دەکات پیاوەکە چاتۆڵێکی بۆ دەسازێنی بۆ ئەوەی تێیدا کاری هاوسەری بکەن، لای خاوەن پەرتوکی (لسان العرب) وشەی (بنی) بە (بنی فلان على أهله بناءً ولا يقال بأهله. . . زفها وازدفها) لە ماددەی (بنی).

(٢) لاپەرەی ٥ ، نوسینی: سيد سليمان الندوي.

جەگرەلەوی دەڵێ: (هەرگیز پەرتەوازەیی و تەفرەقەی موسڵمانان کۆتایی نایەت، و ناتوانن لەژێر ئالآیەکدا یەکبگرن، ناشتوانن لە ناوەندێکی یەکگرتوو کۆنابنەوە هەتاوەکو باسی ئەم ڕیوایەتانە بکەن لە زەید و عەمرەوە بگێڕنەوە)[١]. هەروەها حیشمەت عەلی جەخت لەهەمان قسە دەکاتەوە و دەڵێ: (هەرگیز یەکڕیزی موسڵمانان نایەتە دی هەتاوەکو وازنەهێنن لەم کتێبە داهێنراوانە بەناوی شوێنکەوتنی پەیامبەر ﷺ، ناشتوانن ڕێڕەوی پێشکەوتن و شیکی و نیکی بگرنە بەر هەتاوەکو پەرتەوازەیی و تەفرەقە لەخۆیان دانەماڵن)[٢].

پەرویز دەڵێ: (بەڕاستی تەواو پیرۆزڕاگرتنی ئەم کتێبانە (کتێبەکانی سوننەت) دەرکەوتووە و خراوەتە سەرووی هەموو بیرکردنەوەکانی مرۆڤەوە، لەکاتێکدا بەشێکە لە پیلانەکانی عەجەمەکان، کە ئامانجی ژێرخستنی ئیسلامە)[٣]، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ: (خۆ خاوەنی شەش کتێبەکەی[٤] فەرموودەش بەشێکن لە پیلانەکان، هەربۆیە دەبینین هەموویان ئێرانین، و نابینین یەکدانەشیان دانیشتووی دورگەی عەرەبی بێت، ئەوش زۆر جێی سەرسوڕمانە کە عەرەب هیچ دەورێکیان نیە لە نوسینەوەی ئەم کتێبانە، بەڵکو بۆ نوسینەوە و کۆکردنەوەی فەرمودەکان

(١) گۆڤاری (اشاعة القران) لاپەرەی ٣٩ ، ژمارەی شعبان ١٣٢١ کۆچی ، نۆڤەمبەری ١٩٠٣ زاینی.

(٢) گۆڤاری (اشاعة القران) لاپەرەی ١٠ ، ژمارەی دیسەمبەری ١٩٢٦ زاینی.

(٣) کایبی (شاهکار رسالت) لاپەرەی ٤٤٦.

(٤) بریتیە لە (صحيح البخاري) و (صحيح مسلم) و (سنن الترمذي)و (سنن أبي داود) و(سنن ابن ماجه) و (سنن النسائي).

پشتیان بە عەجەمەکان بەستووە، هەتا بوونە هۆی تەواوکردن و تۆکمەکردنی بەرنامەی پیلانەکە)[١].

وەڵامی ئەم گومانە:

ئەم گومانەی جەماعەت دوو ڕێڕەوی هەیە:

١. سوننەت بووەتە هۆی تەفرەقەی ڕیزی ئیسلامی بەهۆی جیاوازی ئەحکامەکانیەوە، ئەگەر بتوانین ئەو تەقدیس و پیرۆزیەی لە دڵی موسڵمانان دەربکەین ئەوکات دەتوانن یەکڕیزبن لەژێر بەیداخ و ئاڵایەکدا.

٢. سوننەت بریتیە لە پیلانی عەجەمەکان، کە هێڵ و نەخشەسازیی فارسەکان بووە، چونکە خاوەنی شەش کتێبە پەسەندەکەی سوننەت هەموویان خەڵکی ئەوێن، و بەمەش فارس توانی پیلانەکەی دابڕێژێت و تۆڵەی ڕوخانی ئیمپراتریی کیسراکان لە ئیسلام بسێنێتەوە.

بۆ وەڵامی خاڵی یەکەم، دەڵێم: ئەم پێشنیارەتان بۆ لەناوبردنی سوننەت لەجێی خۆی نیە، ئەگەر ڕاست بوایە نەهێشتنی سوننەت یەکڕیزی دروست دەکات خۆ بەناو قورئانیەکان دەبوایە یەکڕیزبونایە، چونکە ئەوەتا لەماوەیەکی زۆر کەمدا بونەتە چەندین فیرقەوە، دوای ئەوەی لە ڕابەرەکانیانەوە تایبەتمەندی فیرقەکەیان تەواو ڕونبوەتەوە، تۆ وەرە تەنها باسی (نوێژ) بەنمونە بهێنینەوە بۆ ئەوەی واعقی خاڵیان ببینین، هەیانە ئەڵێ پێنج فەرزە، ئەوی تر دەڵێ چوار فەرزە، ئەو دەڵێ سێ فەرزە، ئەو دەڵێ تەنها دوو فەرزە لە شەو و ڕۆژێکدا، ئەوەش خۆشە هەرکەسێك لەمانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێژەکەی بەپێی قورئانە، خۆ لە وردەکاریەکانی

(١) کتێبی (مقام حدیث)، لاپەرەی ٢٢

نوێژدا کە وردبینەوەبۆ ژمارەی رکاتەکان و چۆنێتی نوێژەکەیان. . . ئەوە چی دەڵێی لەسەریان هیچ مەترسە لەوەی وانەبێ. . !

بەڵام هەقیقەت ئەوەیە کە ناخی دەرونیان ڕازی نیە بە ملکەچی بۆ ئاینەکەی خوای گەورە، چونکە ئیسلامەتی ڕێگری لە چێژی هەواو وئارەزووی بێ نرخییان دەکات، هەربۆیە بۆچوونە باتڵەکانیان بەم پەردە تەنکە پەردەپۆش کردووە بەڵام بەرگەی هەق و ڕاستی ناگرێت بەهیچ شێوەیەك، بەڵکو بە بچوکترین جوڵەی هەق پەردەیان ڕادەماڵێ، چونکە ئەوان هەڵە تێگەیشتوون لە ڕاجیاییە بچوکەکانی نێوان موسڵمانان، بۆیە وەکو شاخێکی گەورە هاتۆتە پێش چاویان کە زاڵ نەبن بەسەریدا، خۆ ئەگەر بەچاوی واقعی و ویستی پاکەوە بیانڕوانیایە بۆ جیاوازییە فیقهییەکان، کە لەسەر بەڵگەکان بونیات نراوە بۆیان ڕون دەبوویەوە کە شەریعەتی ئیسلامی چەندە ورد و قووڵە و چەندە فراوان و لێبوردەیی تێدایە، بەجۆرێ کە شەرعی خوای گەورە بە پێی قورئان و سوننەت و ئەوەی لەو دوو سەرچاوەوە هەڵگوێزراوە چەندە پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.

سەرباری ئەوەی جیاوازیی نێوان موسڵمانان هەرگیز زەفەر و زیان لە بنەوکانی ئیسلام نادات، بەڵکو تەنها لە چوار چێوەی تێگەیشتن و هەڵگوێزراوی مەبەستی بەڵگەکانە، یان فراوانی شێوازی بەکاربردنی بەڵگەکانە، بۆ نمونە جیاوازی زانایان باس دەکەین لە ئیمامەتی منداڵ کە باڵغ نەبووە بۆ نوێژکردن بەمەرجی ئەوەی خوێندنەوەی قورئانی ڕەوان بێت، دەبینی هەندێ زانا بەڕەوای دەزانن، هەندێ زاناش بە ڕەوای نازانن، هەندێکیان جیاوازی کردووە لە نێوان نوێژی سوننەت و نوێژی فەرزدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کۆڕان لەسەر بنچینەکە کە پێویستە ئیمام

هەبێت و پێشنوێژی بکات بۆ موسڵمانان. لەبەرئەمەیە پەرویز لەبارەی ئەو هەموو جیاوازیەی نەیارانی سوننەتی پێش خۆی ، چونکە چاك ئاگای لە حاڵیان هەیە، دەڵێ: (بەڕاستی ئەوانە کتێبی پەروەردگاریان تەواو پەرتەوازە کردووە کە هەرگیز ناتوانرێ یەکبخرێتەوە، هیچ کەسیش لە جیهانی ئیسلامیدا نیە وەکو ئەمانە دینداری بکات، بەڕاستی پێویست بوو لەم چوارچێوە بەرتەسکە خۆیان دەرباز بکەن (تەنها استنباط لة قورئان) ، چونکە هاوسەنگی تێکداوە و تەفرەقەیەکی مسۆگەری کردووە، لەکاتێکدا زۆرینەی زۆری موسڵمانان هەر لاشیان بەلادا ناکەنەوە) [1].

بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ڕێڕەوەکەی تری گومانەکەیان: دەڵێن سوننەت بریتیە لە پیلانی عەجەمەکان. . !

باشە با تەماشایەکی وردی ناوەڕۆکی کتێبەکانی سوننەت بکەین بزانین تا چەند وتەکەی پەرویز ڕاستە؟! کە دەڵێ شەش کتێبەکەی فەرموودە عەرەبێکی تێدانیە و عەرەبەکان هیچ بەشداریان نەکردووە لە کۆکردنەوە و نوسینەوەی سوننەتدا. با بۆمان دەرکەوێ کە قسەکەی پەرویز تەنها بانگەشەیەکی پوچە و لە واعیقدا هیچ پەیوەندی بە ڕاستیەوە نیە.

چونکە ئەوەی کەمترین زانیاری لەسەر هەبێت لەسەر مێژووی نوسینەوەی سوننەت دەزانێ بنچینەی نوسینەوەی سوننەت دەگەڕێتەوە بۆ خودی پەیامبەری خوا، نمونەی ئەو نوسینەوەی ئەو پەیامانەی دینارد بۆ سەرۆك و پادشاکان، هەروەها نوسینەوەی بڕی شەرعی لەزەکاتەکاندا. . . ، پاشان هاوەڵان پشکیان لە

(١) کتێبی (فرقة أهل القران) لاپەرەی ١٠ .

نوسینەوەی سوننەتدا هەیە ئەگەرچی بەشێوەیەکی فەرمیش نەبوبێت، هەرچۆن سەردەمی تابعینەکانیش بە نوسینەوەی سوننەت نەخشاوەتەوە، لێکۆڵینەوەکانیش ئەوەی دەردەخەن کە یەکەم پەرتوکی نوسراو لەبواری کۆکردنەوەی سوننەتدا (موطأ) ی ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەسی ئەصبەحییە کە ئیمامی خەڵکی مەدینەیە، بەجۆرێ کە لە (موطأ) دا سوننەت و وتەی هاوەڵان و تابعیانی تۆمار کردووە، بە فەرمانی خەلیفەی ناودار (المنصور) ی عەبباسیەکان، کاتی بۆ حەج هاتبوە شاری مەدینە، لەوێ داخوازی لە خزمەتی ئیمامی مالیکدا کرد کە کتێبێك بنوسێتەوە گشتگیر بێت لە زانست بۆ ئەوەی خەڵکی لەسەر کۆبکاتەوە.

دواتر کتێبەکانی سوننەت بەدوای یەکدا نوسرانەوە، ئەوەتا ئیمامی شافعی زۆرێکی لە سوننەت نوسیەوە لە چەند کتێبێکدا لەوانە کتێبی (الأم) و (الرسالة)..، و ئیمامی حومەیدی قورەیشی دوای ئەو کتێبی (مسند الحميدي) نوسیەوە، دوای ئەویش ئیمامی ئەهلی سوننەت ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کتێبی (مسند أحمد)ی نوسیەوە، هەروەها ئیمامی داریمی تەمیمی کتێبی (سنن الدارمي) تۆمار کرد، دواتر کتێبەکانی سوننەت زۆر زۆر بوو، فەرمودەناسان خوایان لێ ڕازی بێت زۆرێك لە سوننەتە پەرتەوازەبوەکانیان لە دووتوێی کتێبەکاندا تۆمار کرد، ئەمە بەبێ ئەوەی باسی صحیح و لاواز و ئەو شتانەی بکەن.

دوای ئەوان زانایانی تری ئەهلی حەدیس هاتن کە هەستان بە پاڵاوتە کردنی سوننەت و جیاکردنەوەی صحیحەکان لە سەقیمەکان، ئەمە ئەو کارەیە کە خاوەنی شەش کتێبەکەی سوننەت پێی هەستاون، هەوڵیانداوە لە کتێبەکانیاندا صەحیح و حەسەن و لاوازەکان لەیەکتری جیابکەنەوە، لێرەدا لەبەر ئەوەیە وتراوە: (کتێبی

صحیحی بوخاری ڕاستترینی نێو کتێبەکانە پاش قورئانی پیرۆز)، چونکە لە کتێبەکەیدا هەستاوە بە نوسینەوەی فەرمودە صەحیحەکان بەتەنها و جۆرەکانی تری تۆمار نەکردووە تێیدا، کەواتە سەردەمی نوسەرانی شەش کتێبەکە سەردەمی پشکنینی فەرمودەیە و جیاکردنەوەی صەحیح لە غەیری صەحیح بۆ دەرخستنی سوننەتی خۆشەویستمان ﷺ.

بەڵام ئەوەی ئەم نەیارانی سوننەتە بانگەشەی دەکەن گوایە نوسەرانی شەش کتێبەکە هەموو ئیرانین، ئەم قسەشیان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە: ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە بڵێن ئەم زانایانە نەوە و ڕەچەڵەکی فارسین ئەوە قسەیەکی باتڵ و ناڕاستە، چونکە هەرسێ ئیمامان (مسلم) و (ئەبو داود) و (تورمزی) عەرەبزمانی ڕەسەنن، چونکە خوێن و ئاوی عەرەب لەجەستەیاندا دەڕوات، بەڵام ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە لە سەرزەوی فارس هاتونەتە دونیاوە ئەوە وتەیەکی ڕاستە، بەڵام ئەوەش باتڵ و پوچە کە دەوترێ بەشێکن لە پیلان لە دژی ئیسلام، چونکە لەسەر هیچ بەڵگەیەك نەوەستاوەتەوە کە عەقڵێکی تەندروست پێی قایل بێت، چونکە لەدایکبونی کەسێك لە سەرزەمینێکدا مانای دەستەمۆیی نایەت، هەرچۆن ڕزگارکردن و فەتحی مەملەکەتێك مانای ڕقی خەڵك نایات لە شۆڕش گێڕان مادام زوڵم و ستەمیان لێ نەکەن، چۆن وانەبێت کە ئیسلام هەموو فتوحاتی بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەم و ڕزگاریی خەڵك بووە لە پەرستنی بەندەکانەوە بۆ خواپەرستی، بەڵکو بەشێوەیەکی تر بڵێین ئەم کارانە بەشداری پێکردنی خەڵکی نەتەوەکانە بە کلتور و میراتی ئیسلامەتی بە پێی توانایان.

ئەی خێرە تەنها فارس تایبەت کراوە بەم پیلان گێڕیە؟ ئەی بۆ نەتەوەکانی تری نەگرتەوە لە ڕۆمیەکان و میصریەکان و ئەفریقاییەکان؟ ئاخۆ ئیسلام ولاتانی

ئەوانیشی نەگرتەوە؟ ئاخۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەو ولاتانەشدا بلاو نەبویەوە هەروەکو ولاتی فارس؟! لێرەدا دەبینین خاوەنی کتێبی (أحكام شريعت) ئەم پیلانگێڕیە بە گاڵتەجاڕی باس دەکات و سەیری لێ دێت، دەڵێ: (بەڕاستی پیلانێکی نمونەییە، چونکە پیلانگێڕان ئاینی داگیرکەریان وەرگرت و دواتریش خزمەتی زانستەکەیان کرد و بوونە چاودێریشی)[1]. ئەی باشە ئەمە چۆن لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێ کە نوسەری شەش کتێبەکە ئەو هەموو هەوڵ و گەشت و کۆچەیان کرد لە پێناو فێربوونی زانست لە سەرچاوە پاکەکانەوە، هەر لە عێراق و شام و حیجاز و مصر، ئەو هەموو نارەحەتیەی سەفەریان چەشت، بەڵکو هەموو ژیانیان خستە خزمەتی ئەو زانستە، ئاخۆ دەتۆرێ ئەم هەموو قوربانیە بۆ پاڵاوتنی سوننەت و پشتیوانی کردنی بریتیە لە پیلانی فارس؟!

گومانی هەشتەم:

کورتەی ئەم گومانە ئەوەیە: سوننەت هۆکارەکانی پاراستن و چەسپاندن وپشتڕاست کردنەوە و یەقینی تێدا بەرجەستە نیە کە بیسەلمێنێ بە دڵنیاییەوە هی پەیامبەری خودایە ،هەربۆیە چەسپاندنی سوننەت یەکلایی نیە وەکو چەسپاندنی قورئانی پیرۆز، هەرچیش حاڵی وەها بێت ناشێ بکرێتە سەرچاوەیەك بۆ تەشریع و ناگونجێ بکرێتە بنەوای ئاین، جا قورئانیەکان ئەم گومانە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێننەوە، گرنگترینی ئەمانەیە و لەگەڵیشیدا وەڵامی دەدەینەوە:

یەکەم: سوننەت یەقینی نیە کە بیسەلمێنێ هی پەیامبەری خوا بێت.

---

(١) لاپەرەی ٢٢ ، نوسەر: محمد اسماعيل السلفي.

چونکە: درەنگ نوسراوەتەوە و ڕاویەکانیشی جێی متمانە نین، ئەوەتا عبدالله جەگرەلەوی دەڵێ: (هەرگیز سوننەت لەسەردەمی ژیانی پەیامبەردا نەنوسراوەتەوە، وە تەنها بە گێڕانەوەش نەقڵ کراوە تاوەکو سەدەی سێیەمی کۆچی، ئایا گوێگرانی وتاری هەینیمان ناتوانن وتارەکەی هەفتەی ڕابردوومان بۆ بگێڕنەوە، ئەدی کو قسەی سەد ساڵی ڕابردوو دەگێڕنەوە بەهەمان مانای خۆی؟)[١]

هەروەها حیشمەت هەمان قسەی دوپات کردەوە و دەڵێ: (ئەو شەش کتێبە پەسەندەی شانازی پێوە دەکرێت، گوایە دەتۆرێت قورئانی پیرۆز پێویستی پێیانە، هەموو ئەو کتێبانە لەسەدەی سێیەمی کۆچی نوسراونەتەوە بەدانپێنانی خودی فەرمودەناسان)[٢].

عبدالله زیاتر دەڵێت: (سەرباری ئەوەی نوسینەوەی سوننەت دواکەوتووە، ئەوە ناشاردرێتەوە کە شاری مەدینە پڕبووە لە کەسانی دووڕو، و بۆ پەیامبەر قورس بوو بیاننناسێتەوە بە پێی ئایەتی قورئان: [وَمِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ سَنُعَذِّبُهُمْ مَرَّتَيْنِ ..][٣]. واتە: لەو خەڵکی مەدینە هەیانە دوڕووە کە تۆ ناینناسی، ئێمە دەیننناسین، دووجار سزایان دەدەین). عبدالله دەڵێ ئەم ئایەتە و هاوشێوەکانی نەفی ئەوە دەکەن کە پیغەمبەر توانییێتی دوڕوەکان

(١) گۆڤاری (اشاعة السنة) بەرگی ١٩/ ١٥٢ ، ساڵی ١٩٠٢ زاینی.

(٢) کتێبی (تبلیغ القران) لاپەرە ٤١ ، هەروەها (محب الحق) هەمان قسەی کردووە لە گۆڤاری (بلاغ الحق) لاپەرەی ٢٢ .

(٣) ﴿التوبه: ١٠١﴾

بناسێتەوە، جا کێ هەیە هێندەی پەیامبەر زانا بێت؟)[١]. لە شوێنێکی تردا ئەم تێگەیشتنەی فراوانتر دەکات و زیاتر دەڵێ: (بەڕاستی لە توانای مرۆڤدا نیە بتوانێ بگاتە هەقیقەتی پشت ڕاوییەکانی حەدیس ئاخۆ ڕاستگۆبوونە یان درۆزن، چونکە ئەم سیفەتانە بابەتی پەنهانیەکانە و هیچ کەس جگە لە خودای زانا بە دڵ و دەروونەکان)[٢].

هەروەها الحافظ أسلم دەڵێ: (بێ گومان عاتیفەی مرۆیی کاریگەری هەبووە لەسەر بەصحیح دانان و بەلاواز دانانی فەرموودەکان، ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە وادەبینین کە بەڕاستگۆ دانانی ڕاوییەکان بە تەنها نەبەستراوەتەوە بە ڕاستگۆییەوە، بەڵکە تەلەبایەتی و شێخایەتی و هاوبیری و سۆز و نزیکی دڵەکان هەمووی کاریگەری هەبووە)[٣].

وەڵامی ئەم گومان:

ئەتوانین هەموو ئەو خاڵانەی کە متمانە لەسەر سوننەت کەمدەکاتەوە لای قورئانیەکان لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:

١. دواکەوتنی نوسینەوەی سوننەت تاوەکو سەدەی سێیەمی کۆچی، نوینەوەکەش بەپێی تۆماری پێشتر نەبووە.

٢. لاوازی بیری مرۆڤەکان لە هەڵگرتن و گێڕانەوەی هەواڵەکان.

٣. تێکەڵبوونی موسڵمان و دووروەکان، کە نەتوانرا لێك جیابکرێنەوە.

---

(١) گۆڤاری (اشاعة السنة) بەرگی ١٩/ ١٥٢ ساڵی ١٩٠٢ زاینی. هەروەها الحافظ أسلم هەمان قسەی هەیە لە کتێبی (مقام حدیث) لاپەرەی ١١٠.

(٢) گۆڤاری (اشاعة السنة) بەرگی ١٩/ ٢٠٠ ، ساڵی ١٩٠٢ زاینی.

(٣) کتێبی (مقام حدیث) لاپەرەی ١٢٥ ، پەرویزیش هەمان وتەی هەیە لە (مقام حدیث) لاپەرەی ٣٢.

٤ . ڕاستگۆیی و درۆزنی لە کارەکانی دەرون و ناخی مرۆڤە، کە ئەستەمە پەی پێ ببرێت و بزانرێت .

٥ . عاتیفە و سۆز کاریگەری هەبووە لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی فەرموودە .

بۆ وەڵامی خاڵی یەکەم دەڵێم: بەراستی هیچ شاراوە نیە بۆ کەسێ کە ئاگای لە مێژووی نوسینەوەی سوننەت هەبێت، ئاستی ڕاست و درۆی قسەی ئەمانەش دەزانێ، چونکە ئەوە چەسپاوە کە نوسینەوەی سوننەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خودی پەیامبەر، بێ گومان پەیامبەر بەشێك لەسوننەتی تۆمار کردووە، وەکو بەڵێننامەکان، نامەکانی بۆ پاشا و سەرۆکەکان، نیصاب و هێندی زەکات، کە پێشتر باسمان کرد، لەهەمان کاتدا هەندێ لە هاوەڵان سوننەتیان دەنوسیەوە، نمونەی عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص، کە پەڕاوەکەی ناونرابوو (الصادقة)[١]، وە ئەبوهورەیرەش تۆماری دەکرد لە لەمدواییانەدا بە تەحقیقی محمد حمید الله[٢] چاپ کرا، و هاوەڵی بەڕێز سەمرەی کوڕی جەندەب کە زانای ناودار محمدی کوڕی سیرین لە وەصفی پەڕاوەکەی سەمرەدا دەڵێ: بەڕاستی زانستێکی زۆری تێدا کۆکراوەتەوە[٣]. هەروەها پەڕاوی سەعدی کوڕی عوبادە[٤]، و عبدالله کوڕی ئەبی ئەوفا[٥]، و عبدالله کوڕی مەسعود، خودا لەهەموویان ڕازی بێت . [٦]

---

(١) کتێبی (جامع بیان العلم) بەرگی ١/ ٧٢ .

(٢) کتێبی (بحوث في تاريخ السنة المشرفة) لاپەرە ٢٢٣ ، و (مقام حديث) لاپەرە ١٧ .

(٣) کتێبی (تهذيب التهذيب) بەرگی ٤/ ٢٣٦ .

(٤) سنن الترمذي ، كتاب الأحكام ، باب اليمين مع الشاهد . بەرگی ٣ لاپەرەی٦١٨ .

(٥) صحيح البخاری بەرگی ٣/ ٢١٢

(٦) کتێبی (جامع بیان العلم) بەرگی ١/ ٧٢ .

بێ گومان هەموو ئەو نمونانە بەڵگەی تەواو ڕوونمان پێدەبەخشێت لەسەر نوسینەوەی سوننەت لەسەردەمی پەیامبەر، وسەردەمی هەڵگرانی ئیسلامەتی لەسەرەتاکانەوە، دوای ئەوانیش تابعییەکان ئەرکیان کێشاوە، نمونەی حەسەنی بەصری و محمد الباقر کوڕی ئیمامی عەلی و مەکحولی شامی و قەیسی کوڕی سەعد و هەمامی کوری مونەبیە و ئیمامی زوهری و زۆرێکی تر جگە لەمانیش . پاش ئەمانیش ئیمامی مەدیینە و محمدی کوری ئیدریسی شافعی و ئیمامی ئەحمەد، دواتریش ئیمای بوخاری کە ئیمامی هەموو فەرمودەناسانە و هاوەڵانی سەردەمی خۆی کە بەسەردەمی پاڵاوتەکردنی فەرمودە و پشکنینی ڕیوایات دادەنرێت، وەکو باسمان کرد، نەوەك وەکو ناقورئانیەکان دەڵێن لەسەردەمی ئەماندا سوننەت نوسراوەتەوە. . !

کەواتە باسی دواکەوتنی نوسینەوەی سوننەت بابەتێکی ناهەقە و ڕەدکراوەیە، چونکە هەموو بەڵگەکان پێچەوانەی ئەوەن، بەڵکو لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمیشدا نوسینەوەی سوننەت تەواو بڵاوبوبوە لە نێوان زانایاندا بەشێوەیەك کەم زانا دەبینی نوسینی نەبێت لەبارەی سوننەتەوە، یان کۆکردنەوە یان نوسین یان ئامادەکردنی هەیە بۆ هەندێ لە باسەکانی حەدیس.(١)

ئێستا دەچینە سەر خاڵی دووەم: ئەویش بریتیە لە لاوازی بیری مرۆڤ بۆ ڕیوایەت کردن، و ئەمەیان وەکو بڵێی هەندێ پەسەندە، لەوانەیە سروشتی مرۆڤ ئەم ئەگەرە قبوڵی بکات، بەڵام واقعی عەرەب بەتەواوی بەرپەرچی دەداتەوە، چونکە عەرەب لەسەردەمی دەوار نشینیدا زیاتر پشتیان بە میٚشك دەبەست بۆ لەبرکردنی شتەکان

(١) کتێبی (السنة قبل التدوين) لاپەرەی ٣٥٧.

نەوەك نوسینەوە، ئەوەتا مێشكیان كۆگای زانیاریەكانیانە لە گەشت و سەیران و نیشتن، لە جەنگ و ئاشتی، و لە ڕەچەڵەك ناسی و جوگرافیا ناسی، ئیبن شیهابی زوهری دەفەرموێ: (هیچ شتێكم بەدڵ لەبەر نەكردووە و بیرمچوبێتەوە)[١].

ئیمامی ئیبن عبدالبر فەرموی، (أبا بوردة) فەرموی: (أبو موسی بۆ هەندێ فەرمودەی بۆ دەگێڕاینەوە و ئێمەش دەماننوسیەوە، جا فەرموی: ئەوەی ئێوە هەرچیم لێ دەبیستن دەینوسنەوە؟ وتمان: بەڵێ، ئەویش وتی، دەی بۆم بێنن، دواتر داوای ئاوی كرد و هەرچیمان نوسیبوو شۆردیەوە، دواتر فەرمووی: دەی ئیتر لەبەر بكەن هەرچۆن ئێمە لەپێشخۆمانمان لەبەركردووە)[٢]. بۆیە ئەم مێشكە تیژانەی عەرەبەكان بوو كە یەكێك بوو لە سەرچاوەكانی پاراستنی سوننەت[٣].

شایەنی باشە سوننەت تەنها لەسەر مێشكەكان نەوەستاوەتەوە تا ئەگەری لەبیرچونەوە هەبێت، بەڵكو كرداری بەرجەستەش ڕێگەیەك بوو بۆ ڕیوایەت كردنی، ئەمەش بەسبوو بۆ گواستنەوەی بەوپەری ئەمانەت و دڵسۆزیەوە، چونكە كاركردنی بۆ چەسپاندنی بەهێزترە و بەردەوامترە بۆ مانەوەی لە مێشك و تەنها قسە، چونكە كردار و جێبەجێ كردن بنەڕەتی گوێزانەوە و گێڕانەوەی سوننەت بوو، نوسینەوە و كۆكردنەوەی لەدوو توێی كتێبەكاندا زیاتر و خێرتر بوو.

نوسەری كتێبی (حجیت حدیث) دەڵێ: (ئەو هۆكارانەی بۆ پاراستنی زانیاری بەكاردێن بۆ پاراستنی سوننەتیش دەرتەبەر بووبوون، بەڵكو هەموو ئامرازەكان بەرجەستەبوون، هەر لە بەهێزی مێشك و بیری ڕاویەكان، سەرناسی تەواو،

---

(١) كتێبی (تهذیب التهذیب) بەرگی ٩/ ٤٤٨.

(٢) كتێبی جامع بیان العلم) بەرگی ١/ ٦٦.

(٣) بۆ زیاتر بڕوانە (الحدیث الشریف روایة و درایة) ، نوسینی د. نعمان عبدالمتعال. لاپەرەی ١٢ بەدواوە.

گەورەیی و هەیبەت و خۆشەویستی رۆحی فیداکاری، پشت لە دونیاکردن و خۆئامادەکردن بۆ قیامەت، ویستی خودای گەورە و پشتیوانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە، هیواخوازی و دوعای خێری پەیامبەر بۆ هەڵگرانی فەرمایشتەکانی، هەروەها هاوکاری خودایی بۆ نەهێشتنی ڕێگری و ئاسانکاری بۆ لەبەرکردن)[1].

شێخ محمد طیب دەڵێ: (نکۆڵیکارانی سوننەت تەنها دوو ڕێگەیان لە پێشە، یان ئەوەتا هەموو ڕیوایەتێك ڕەد بکەنەوە، بەمەش دەبنە نکۆڵیکار و دوژمنی قورئان و سوننەتیش، یان ئەوەتا هەردوکیان وەربگرن، بەڵام تۆ بێی ڕیوایەتی قورئان وەربگریت و ڕیوایەتی سوننەت فرێبدەیت، ئەمە هەڵسەنگاندنێکی بێ بەهایە و بێ بنەمایە)[2].

بۆ وەڵامدانەوەی خاڵی سێیەم: کە بریتیبوو لەو تۆمەتەی شاری مەدیینە بەوەی تێکەڵەیەکی مونافیقەکانی تێدایە و ناتوانرێ بناسرێنەوە.. ! ئەڵێم: ئەم قسە هەندێ لە ڕاستی تێدایە کە بۆ مەرامێکی باتڵ دەوترێت، نەزانینە بە هەقیقەت و واقع، چونکە ئەگەر قورئانیەکان تەماشایەکی ژیاننامەی هاوەڵان و ڕاوییانی فەرمودەیان کردبا، هەرگیز نابینن مونافیقەکان فەرمودە ڕیوایەت بکەن، ئەگەریش ڕاست دەکەن با نمونەیەکمان بەنێ لە دووڕوەکان لە نێو کتێبەکانی فەرمودەدا کەڕیوایەتی کردبێت، یان با لە کتێبەکانی موسنەد یان سونەن نەوەك لە صەحیحەکانیش.. ! بەڵکو ڕیوایەتێکمان بۆبهێنن کە کەسێکی گومان لێکراوی تێدابێت بە نیفاق؟! چونکە هاوەڵان هاوەڵی ڕاستەقینەن و مونافیقەکانیش مونافقن، هەر گوناهە

(١) لاپەرەی ٧٩ ، نوسینی محمد إدریس کاندهلوی.

(٢) قوران و حدیث، لاپەرەی ٤٦ ، و (حدیث رسول کاقرانی معیار) لاپەرەی ٥١ .

پێکەوە باسیان بکەی و ئەم دوو خەڵکە جیاوازی ئاسمان و ڕێسمان لە نێوانیاندا هەیە، نوسەری کتێبی (ظلمات أبی ریه) دەڵێ: (ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز مونافیقەکانی تەواو ئابڕو بردووە لە سورەتەکانی البقرة و آل عمران و النساء و التوبة و النور و الحدید و المنافقین، بەجۆرێ کە هیچ دەرفەتێکی نەهێشتۆتەوە بۆ گومان کردن لێیان، هەتاوەکو سیفات و وتە و ناوەڕۆك و دانیشتنەکانیشیان و لایەنگرانیشیانی هەموو باسکردووە)[1].

بۆ وەڵامدانەوەی خاڵی چوارەمی گومانەکە: کەبریتی بوو لەوەی گوایە ڕاستگۆیی و درۆزنی سیفەتێکی ناخی و دەرونیە..

وەڵام: وادەبینم وەڵامی خاڵی پێشوو ئەمەش پوچەڵ بکاتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش دەڵێم: جا ئەو هەموو کتێبی رجال و زانستی جەرح و تەعدیلە هەر بۆ ئەوە پەیدانەبوونە کە کەسی ڕاستگۆ لەگەڵ کەسی درۆزن جیابکەنەوە؟ بەمەبەستی خزمەتکردنی سوننەت، بەڵام با هەر بڵێین ئەم وتەتان تەواوە بۆ گفتوگۆکەمان، باشە ئەی ئەم قسەی خۆتان خۆ بۆ ڕیوایەت و گێڕانەوەی قورئانیش هەمان شتە چونکە هەمان ئەو خەڵکانەی سوننەتیان گێڕاوەتەوە قورئانیش هەرئەوان گێڕاویانەتەوە، کەوایە ئەکرێ ڕاستگۆبن و ئەشکرێ درۆیان کردبێ لە گێڕانەوەی قورئانی پیرۆزدا، ئەگەر بڵێن نا، جیاوازیان هەیە..! ئەڵێین ئەم جیاوازی کردنەتان تەنها شتێکی پروپوچە، چونکە ڕیوایەت و کەسەکان هەمان حاڵەتیان بەسەردا دێت، ئیتر ئەم گومانە کەسێکی بیر و هۆش تەندروست وەریناگرێ.

(١) لاپەرەی ٣٠١، الشیخ محمد عبدالرزاق حمزة . شیخ عبدالستار حسن السلفي هەمان قسەی هەیە.

بۆوەلّامدانەوەی خالّی کۆتایی: که بریتی بوو لەوەی گوایە هەست و سۆزی مرۆڤیی کاریگەری هەبووە لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی فەرمووده.

دەلّێم: بەڕاستی ئەم قسە تەنها لە نەزانەوە دەردەکەوێ، کەسێ کە کتێبی سوننەت و زانستەکانی عیلمی رجالی بە دوو چاو نەبینیوە، خۆ ئەگەر کارەکە بەوشێوە بوایە کە ئەمانە ئەیلّێن، ئەوکات یەك فەرمودەمان نەدەبینی لە کەسانی موبتەدیعەوە ڕیوایەت بکرێن لەلایەن فەرمودەناسانەوە چونکە موبتەدیعەکان پێچەوانەی ئەهلی حەدیس دەکەن، دەی ئەمەش وانیە چونکە ئەوەتا ئیمامی بوخاری لە عمران بن حطان ی خەوارجی[1]، لە عبدالرحمن بن ملجم کە بکوژی ئیمامی عەلی بوو، وە هەردوو ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان لە عبدالحمید بن عبدالرحمن الحمانی بانخوازی ئیرجائی دەگێرنەوە، بەلکو لە خەلّکێکی زۆری تر لە کتێبەکانی سونەن و مەسانیدشدا[2].

بەلّکو ڕای پەسەند لە وەرگرتنی ڕیوایەت و وەرنەگرتنی: هەرکەسێ ڕیوایەتێکی موتەواتر لە سنوری شەرعدا کە لە چەسپاوەکانی ئاین بێت نکۆلّی بکات، ئەوە ڕیوایەتی لێ وەرناگیرێت، هەروەها لەوەش وەرناگیرێت پێچەوانەی ئەوباوەڕەی هەبێت، بەلّام هەرکەسێك باوەڕی بەنکۆلّی کردنی موتەواتر نەبێت و هێزی لەبرکردن و وردەکاریشی لەگەلّدا بێت و تەقوا و خۆپارێزی هەبێت ئەم کەسە هیچ بەربەستێك نیە لەوەی ڕیوایەتی قبولّ بکرێت)[3].

---

(١) کتێبی (الباعث الحثیث) لاپەرەی ١٠٠، ابن کثیر.

(٢) کتێبی (قواعد الحدیث) لاپەرەی ١٩٤.

(٣) کتێبی (شرح نخبة الفکر) ی ئیبن حەجەر، لاپەرەی٣٤.

هەروەها تێکەڵاوی کردنی فەرمودەناسان چ وەکو قوتابی یان شێخ و مامۆستا . . . بەڕاستی هیچ پەیوەندی بە هەقیقەتی قەبوڵ کردنی ڕیوایەتەوە نیە، چونکە ئەگەر کاریگەری هەبوایە ئەو لیستە ڕەشانەمان نەدەبینی لەناوی مامۆستا و شێخەکان لەنێو کتێبەکانی ڕیجال، کە هەرچی کەموکورتیان هەیە هەمووی باسکراوە کە هیچ جێی شوکرانەی خاوەنەکەی نین، نمونەی (سفيان بن حسين الواسطي)[١] و هاوشێوەکانی.

ئەوەی ڕاستی بێت سۆز و عاتیفە کاریگەیی هەیە لە نەفسی مرۆڤەکاندا، بەڵام زاڵ نابێت بەسەر لایەنی شەرعیدا، لەبەر ئەمەشە دەبینیی زانایانی موسڵمان پێویستیان کردووە لەسەر خۆیان کە کەموکورتی پیاوانی سەنەد باس بکەن، لەو سنورەی پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە، بەڵکو بەواجبیان داناوە لەبەر پارێزگاری لە شەرعی خوای گەورە، ئەوەتا ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: (بزانە کە جەرحی ڕاوییەکان ڕەوایە، بەڵکو بە زۆرینەی ڕای زانایان واجبە لەبەر ئەوەی کارێکی پێویستە، بۆ سەلامەتی و پاراستنی شەریعەتی پیرۆز، ئەمەش لە بابەتی غەیبەتی حەرام نیە، بەڵکو خودی دڵسۆزیە بۆ خودا و پەیامبەرەکەی ﷺ و بۆ موسڵمانانیش، وە بەردەوامیش زانایانی بەڕێزی پایەداری ئەهلی تەقوا و خۆپارێزی ئەم تانە و جەرحەیان لەکەسانی نەنگ گرتووە)[٢].

ئیمامی مسلم قسەیەکی زۆر ورد و جوانی هەیە لە ڕوون کردنەی ئەم بابەتەدا، هەرکەس ویستی بگەڕێتەوە بۆی[٣].

---

(١) کتێبی (تهذيب التهذيب) بەرگی ٤/ ١٠٧ .

(٢) کتێبی (شرح صحيح مسلم)ی ئیمامی نەوەوی بەرگی ١/ ١٢٤ .

(٣) صحيح مسلم ، بەرگی ١/ ٢١ .

هۆکاری دووەمیان بۆ نەبونی یەقین لە سوننەتدا: ئەوەش بریتیە لە گێڕانەوە بە مانا (الروایە بالمعنی)، سەرباری نەبوونی کەفالەتی خودایی بۆ پارێزگاری لێی، ئەو هەموو لێشاو و تەوژمەی وتەهەڵبەستراوەکانیش، الحافظ أسلم لەم بارەیەوە دەڵێت: (هەموو ئەو ڕیوایەتانەی دراونەتە پاڵ پەیامبەری خودا بەواتا ڕیوایەت کراون نەوەك بە خودی وشەکانی زاری پەیامبەرمانەوە..، ئەوەش ڕوونە کە گۆڕینی وشەکان ماناکانیشی پێوە دەگۆڕێت ئەگەر کەمێکیش بێت)[١].

هەروەها پەرویز دەڵێ: (بزانە بێ گومان خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك تەکلیفی پاراستنی هیچ شتێکی نەگرتۆتە ئەستۆ جگە لە قورئانی پیرۆز، هەربۆیە دەبینین خودا حەدیسەکانی کۆنەکردۆتەوە، و فەرمانی نەکردووە کە کۆبکرێتەوە و پاراستنیشی نەرگتۆتە ئەستۆ)[٢].

وە عبدالله جەگرەلەوی دەڵێ: (دوای چەند سەد ساڵێك پاش وەفاتی پەیامبەر هەندێ خەڵك هاتن لەخۆیانەوە ئەم گاڵتەجاڕییانەیان داتاشی، و دواتر دایانە پاڵ پێغەمبەری خوا)، خاوەنی (مطالعة حدیث) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێ: (پاککردنەوی فەرمودە لەو دەریا قوڵەی درۆی داتاشراو وەکو پاککردنەوەی خواردنی ژەهراویە، کە هۆشداری خۆپاراستن و وریایی پێمان دەڵی توخنی خواردنەکە نەکەوین)[٣].

دەقی گومانەکانی ڕابردوو لەم چەند خاڵەدا کورت دەبنەوە:

---

(١) (مقام حدیث) لاپەرەی ١٣١ و ١٥٦.

(٢) (مقام حدیث) لاپەڕەی ٧.

(٣) لاپەرەی ٣٤، نوسینی مقبول أحمد. الحافظ أسلم هەمان قسەی هەیە لە (مقام حدیث) لاپەرەی١٢٠.

أ) سوننەتی تۆمارکراو لە کتێبە باوەرپێکراوەکاندا بریتین لە گێڕانەوە بە مانا، نەوەك وشەکە خۆی.

ب) خودا پاراستنی سوننەتی لەئەستۆ نەگرتووە.

ج) حەدیسی هەڵبەستراوی زۆری تێکەڵ بووە.

جا بۆ وەڵامدانەوەی خاڵی (أ): ئەڵێم: ئەم تانەیان لەسەر ڕیوایەت بەماناوە سەرچاوەکەی وروژاندنی دودڵی و گومانە لەنێو دەرونی موسڵمانانداو، لەڕێگەی خۆدان لە گێڵی و نکۆڵیکردن نەهێشتنی متمانەی ئەو مەرجانەی زانایان دایانناوە بۆ ڕیوایەتکردنی فەرموودە بەمانا، جا هەرکەسێك ئاگاداری ئەو مەرجانە بێت دانەنێ بە ئاسایی بوونی گێڕانەوە بەمانا.

جا زانایان بەمەرجیان گرتووە بۆ ئەوکەسەی ڕیوایەت بەماناوە دەکات پێویستە ورد و درشتی مانای وشە و گۆیەکان بزانێ، چاوڕۆشن بێت بە هاوواتاییەکانی، ئەگەر زانیاری نەبوو بە وشە و گوتار و مەبەستەکانی، زانانەبوو بەوەی ماناکانی دەگۆڕێ و بەرچاوڕوون نەبوو بە ئەندازەی جیاوازی نێوان وتەکان، ئەوکاتە بە کۆڕایی زانایان هەرگیز ڕەوانیە بۆی کە ڕیوایەت بەماناوە بکات، بۆی نیە هیچ بگێڕێتەوە ئیللا بەهەمان وشە و پیتەکانی نەبێت کە بیستوویەتی[1]. جا ئەگەر ڕاوییەك لە تێگەیشتنی فەرموودەیەکدا هەڵەبکات و دواتر بەو هەڵەیە بیگێڕێتەوە ئاخۆ ئەمە لە چنگی زانایان دەربازی دەبێت؟ ئەو زانایانەی کە مەرجی ئەوەشیان داناوە بۆ فەرموودە کە نەشاز و نەنگ نەبێت؟ یان ئەو زانایانەی کە ڕیوایەتی کەسێکی

(١) (تدریب الراوی) بەرگی٢/ ٩٨. (الکفایة) لاپەرەی ١٩٠.

متمانەش وەرناگرن کە تەنها خۆی ڕیوایەت بکات ئەگەر بە پێوەری ڕاویە متمانەکانی تر نەپێون. [١]

جا بۆیە بەپێی بەرجەستە بوونی ئەو مەرجانە، جمهوری زانایان بەڕەوایان داناوە کە ڕیوایەت بکرێت بەواتای قسەکە، بەپێی ئەو فەرمایشتەی پەیامبەر: (إذا لم تحرموا حلالاً ولم تحلوا حراماً و أصبتم المعنى فلا بأس به). واتە: ئەگەر حەلاڵی پێ حەرامنەکەن و حەرامی پێ حلاڵ نەکەن و ماناکەی بپێکن ئەوە هیچی تێدا نیە.

هەروەها هاوەڵانی بەڕێزیش کاریان بەو فەرمایشتە کردووە و بە جائیزیان زانیوە کە بەمانا قسە و فەرمودەکان بگێڕنەوە مادام ئەوکەسە مەرجانەی هەبێ کە پەیامبەر فەرموویەتی، دایکمان عائیشە بە عروە بن الزبیری فەرمو: (پێمگەیشتوە کە تۆ فەرمودە لە منەوە دەنوسیت، و دواتر دەڕۆی دەینوسیتەوە. وتم (واتە عروة): (لە تۆی دەبیستم بەشێوەیەك ، پاشان لەجگەلە تۆشەوە دەیبیستم بەشێوەیەکی تر. ئەویش فەرموی: ئایا بەماناکەیا هیچ جیاوازییەك دەبیستیتەوە؟ وتم: نا. فەرموی: دەی کێشەیەکی تێدا نیە. [٢]

کورتەی قسەکە ئەوەیە کە ڕیوایەت بەمانای قسەکانەوە جائیزە بۆ هەرکەسێك کە مەرجەکانی تێدابێت، وە جائیز نیە بۆ کەسێك کە مەرجەکانی تێدا نەبێت.

جا بۆ وەڵامدانەوەی خاڵی (ب) کە وتیان خودا پاراستنی سوننەتی لەئەستۆی خۆی نەگرتووە، ئەڵێم: نکۆڵی کردنی پاراستنی خودا بۆ سوننەت کەس نایڵێ مەگەر ئەو کەسانەی کە هیچ لەبارەی سەرخستنی خوای گەورە بۆ ئومەتی ئیسلام

(١) (منهج النقد في علوم الحديث) لاپەرەی ٢٠٤.

(٢) أثر أخرجه الخطيب البغدادي في (الكفاية) ٢٧٢.

لە پارستنی سوننەتی پەیامبەرەکەیان، ئەوەبوو هەندێکمان لەو سەرخستنانەی خوای گەورە باسکرد لەپێشەوە، دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆی.

لێرەدا ئەوەی بۆ زیاد دەکەین و دەڵێین : ئەگەر مەبەستتان لە نەپاراستی خودا بۆ سوننەت ئەوەیە کە دەقەکان نەپاراستووە پیت بە پیت لە گۆرانکاری و ئالوگۆڕ ئەمە ڕاستە وایە، بەڵام نەوەك بەومانایەی بڵێین سوننەت بوەتە بازنەی دەستی مرۆڤ، کە بەویستی خۆیان هەرچیان ویست فڕێیبدەنە نێو فەرمودەوە، هەرچیان ویست مانا و مەبەستەکانی لار بکەنەوە، بەڵکو خوای گەورە بۆ پاراستنی زانایانی بەئەمەکی کردۆتە هۆکار، لە زانایانی فەرمودە و فەقیهەکان، ئەو بەڕێزانەی هەموو نەنگی ستەمکاران و مانگۆڕینی باتڵان ئاشکرا دەکەن، ئەمەش بریتیە لە ئەستۆگرتنی ئیلاهی بۆ پاراستنی سوننەت و ئاینەکەی خۆی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ..﴾ (النحل: ٤٤). واتە: زیکر (سوننەت)مان بۆت دابەزیوە بۆ ئەوەی پەیامی نازڵکراو(قورئان) بۆ خەڵکی ڕون بکەیتەوە. بۆیە پاراستنی زیکر پێویستی بە پاراستنی ڕونکردنەوەکەشی هەیە، خوای گەورە پاراستنی قورئانی لەئەستۆی خۆی گرتووە، ئومەتی محمدیشی سەرخستووە بۆ پاراستنی سوننەت، بۆ پاراستنی شەریعەتی ئیسلام و مانەوەی بەبەردەوامی، چونکە ئەمە کۆتا ئاینەی ئیلاهییە تاوەکو قیامەت.

بۆ وەڵامدانەی خاڵی (ت) و کۆتایی کە دەڵێن: سوننەت پڕبووە لە وتەی درۆ و هەڵواسراو..، دەڵێم: ئەم گومانە هەژارەیانمان وەڵام داوەتەوە لە وەڵامی شەشەمی گومانەکان لە پێشەوە، لێرەشدا هەندێکی بۆ زیاد دەکەین و لەو کابرایانە دەپرسین: ئایا ناسینەوەی درۆ هەڵبەستراوەکان ئەستەمە بناسرێنەوە؟ ئاخۆ هەرچی

کتێبی سوننەتی نوسراوە هەمووی درۆی هەڵبەستراوە؟ دڵنیام هەردوو حاڵەتەکە لە ڕووی واقع و عەقڵەوە مەحاڵە، چونکە ئەگەر ناسینەوەی درۆهەڵبەستراوەکان ئەستەمبوایە ئەو هەموو کتێبەی کە تەنها درۆهەڵبەستراوەکانی جیاکردۆتەوە نەدەنوسرا، هەروەها ئەگەر ئەو قسەیەش ڕاستبوایە کە هەرچی کتێبی سوننەتە هەمووی هەڵواسراو و درۆیە، ئەوکات عەقڵ و ژیری وەرینەدەگرت، چونکە هەرگیز شتی بێ کەڵك ناتوانێ بەتەنها بەها پەیدا بکات مەگەر تێکەڵ بکرێت بە هەندی شتی چاك و بەهادار بۆ ئەوەی پێکەوە خەرج بکرێن، بۆنمونە پارەی ساختە لەگەڵ پارەی ڕەسەندا تێکەڵ دەکرێت بۆ سەرف کردنی.

هۆکاری سێیەمیان بۆ نەبوونی یەقین لە سوننەتدا: ئەوەیە کە دەڵێن ئەمانە هەوالّی تاکن (خبر اللآحاد)ن ئەگەری ڕاست و درۆش هەڵدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا پێوەری پشکنینەکانی هەمووی گۆماندارن، هەروەها ئەدای شایەتیشیان نەکردوە، الحافظ أسلم دەڵێ: (سوننەت لە قۆناغی خەبەری ئاحاد تێناپەڕێ بەپێی ئەو یاسایانەی فەرمودەناسان دایانناوە، هەرگیز هیچ ڕیوایەتێك نیە بگاتە پلەی موتەواتریێ کە زانست و یەقین ببەخشێت)[1]. هەروەها دەڵێ: (هەروەکو پالاوتنی بە زانستی جەرح و تەعدیل لەسەر بنەمای گریمان و گومانە...، بۆیە سوننەت بەتەنها گوماناوی نیە، بەڵکو پێوەرەکانیشی گوماناوین)[2]. هەروەها دەڵێ: (قورئان فەرمانی کردووە کە موسڵمانان شایەت بگرن بۆ بابەتە بێ نرخەکانی دونیایان، ئەی بۆ ئەم جەخت کردنەوەیە لە بابەتە ئاینیەکەدا بونی نیە؟...، جا

(١) گۆڤاری (أهل حدیث) لاپەرە ٩ ، ژمارە ٣ ساڵی ١٩٣٦ زایینی.

(٢) (مقام حدیث) لاپەرە ١٢٧.

ئەوەی جێی سەرنجە کە هیچ راوییەك و ڕیوایەتێك نیە کە لەسەر ئەدای شایەتی گێڕابێتیانەوە)[١].

گومانەکانی ئەم بابەتە لەم چەند خاڵەدا کورت دەبنەوە:

أ) سوننەت بریتیە لە هەواڵی تاککەسی (أخبار آحاد)، دەلالەتی گومان بەخشە، ڕاست و درۆش هەڵدەگرێ.

ب) پێوەری فەرمودەناسانیش بۆ ئەو فەرمودانە هەر گوامن بەخشە، هیچ جەختدار نیە، بۆ ناسینەوەی صحیح و جیاکردنەوەی لە هەواڵە سەقیمەکان.

ج) ڕیوایەتەکانی سوننەت ئەدای شایەتییان نەکردووە، ئەمەش متمانەی لەسەری نەهێشتووە.

بۆ وەڵامدانەی لقی (أ) کە دەڵێین: هەواڵی تاکە کەس قورئان فەرمانی پێکردوین کە وەربگرین، لە شەریعەتی خوایا کاری پێ کراوە. خودا دەفەرموێ: ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ﴾ (البقرة: ٢٨٢). واتە: دوو پیاو بەشایەت بگرن. وە لەئایەتێکی تردا: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ﴾ (الطلاق: ٢). واتە: ئەوکات کەسێکی دادپەروەر بە شایەت بگرن، شایەتیش لەبەر خوا بدەن.

دەبینی لێرەدا داوای شایەتی موتەواتری نەکردووە.

هەروەکو پەیامبەری خودا لەکاتی ناردنی پەیامەکانی بۆ کیسرا و نەجاشی و موقەوقەس، چەند کەسێکی ناردووە بۆلایان کە ژمارەیان کەمە و هەواڵی ئاحادیشی لێیان وەرگرتووە، ئەو سەرکردانەش پەیامەکانیان وەرگرت بەبێ ئەوەی

(١) (مقام حديث) لاپەرە ١٣٣ـ١٣٥.

بڵێن ئێوە هەڵگری خەبەری ئاحادن و لێتان قبوڵ ناکەین، هەواڵی ئێوە نابێتە بەڵگە و حوججەی یەقین نابەخشێت[١].

ئەوەی ڕاستی بێت بنچینەکانی ئیسلام هەمووی بە بەڵگەی قەتعی و یەقینین، جگە لەوەی کە لق و بەشەکانی ئەو بنچینەیانە بە بەڵگەی گومانین، گومانیش بەومانایە نیە بڵێی لەخۆوە و هەڕەمەکە، بەڵکو ئەوە ماناکەیەتی کە ئەو بەڕێزانەی بەڵگەکەیان ڕیوایەت کردووە چەند کەسێکی کەمی متمانەپێکراو بوونە، جا نوێژ و زەکات و ڕۆژو و حەج و نیکاح و تەڵاق هەموو ئەمانە دامەزراون بە بەڵگەی یەقینی لە کتێبی خوای گەورە (قورئان)، و سوننەتی پەیامبەری ئازیز بە تەواتور، بەڵام وردەکاریی و بەشەکان و لقەکانیان بە هۆی خەبەری ئاحادەوە چەسپاوە[٢].

بەڵکو بەو هەواڵە گومانبەخشە (خبر ظني) حوکمی یەکلایی پێ کراوە، بۆ نمونە حەڵاڵ کردنی خوێنی کەسێك بە هۆی شایەتی دوو پیاوەوە لەسەر بکوژەکە بە کوشتنی کەسێك، ئەوەش ڕوونە کە هەواڵی دوو کەس (ظن)ە و لەسەر گومان بونیات نراوە، کەچی حوکمیشی پێکرا لە ڕشتنی خوێنی بکوژەکە.

بۆ وەڵامی خاڵی (ب) کە دەڵێن پێوەرەکانی پشکنینی سوننەت جێی گومانن...، ئەڵێم: ئەم پێوەرانە زانایانمان لە دوای هاتنە کایەی وتەی لاواز و هەڵبەستراوەکانەوە بوو بۆ ناو صەحیح، ئەی ئەم کارە کوێی جێی تانەیە بەوەی گوماناوییە؟ بەڵکو ئەم پێوەرانە زانایانمان بە پێی پێویستی چەسپاندویانە، دواتر

(١) کتێبی (ظلمات أبي رية) لاپەرە ١٩.

(٢) (دفاع عن الحديث الشريف) لاپەرە ٣٠. نوسینی سید سلیمان ندوی.

زیاتر و زیاتر پێشکەوت تاوەکو بووبە زانستێکی سەربەخۆ، کە ئێستا زانستێکی هێندە ورد و دەقیقە کەم کەس هەیە بگاتە لوتکەی زانیاریەکانی.

گومان لەوەدا نیە کە زانستی فەرمودە ناسی لە فراوانترین وردترین زانستەکانی ئیسلامە، بەڵکو پێوەری سەلامەتن بۆ زانستەکانی تریش، نمونەی زانستی مێژو، سەرگوزشتە و تەفسیر و هاوشێوەکانیان، پێوەرێکی جوڵاوە و هیچ وەستانی تێدانیە، هەموو شتێکی تازەی بەسود قەبوڵ دەکات و دەیکاتە بەشێك لە بنچینەکانی، مادام خزمەتی سوننەت دەکات و هاوکاربێت بۆ پاکڕاگرتنی، بۆیە واجبێکی ئیسلامیە ئەوە دەخوازێ کە سوپاسی ئەو زانابەڕێزانە بکەین کە ئەم پێوەرانەیان چەسپاندوە و بنچینەکانی ئەم زانستە ناوازەیان داناوە، چونکە بەبێ ئەم زانستە زۆرێك لە هەقیقەت لەگەڵ دۆرودەلەسەدا لەناو دەچوون، کە هیچ ئەصلیان نەبوو.

بۆوەڵامدانەوەی خاڵی (ت) و کۆتایی کە دەڵێ: ئەداکردنی سوننەت وەکو ئەداکردنی شایەتییە... ، دەڵێم: ئایا مادام ئەدای سوننەت وەکو شایەتی بێت ئیدی لە بازنەی گومان دەردەچێت و دەگاتە حەتمی و یەقینی؟ بێ گوامن نەخێر ناگاتە ئەو ئاستە، بۆیە ئەداکردنی سوننەت وەکو شایەتیشی لێ بێت گومانەکانی لەسەر لانابات، ناشیباتە بازنەی یەقینەوە، بەڵکو ئەداکردنی گێڕانەوەی سوننەت وەکو شایەتی بێت نەپێشی دەخات و نە دوای دەخات، ئاخۆ چەند کەس بە شایەتی درۆ دۆسیەیان بۆ گۆڕا و ڕزگارریان بوو بە درۆ و ستەم بە بێ ئەوەی دادوەر بتوانێ درۆکەشیان ئاشکرا بکات، لێرەدا گێڕانەوەی سوننەت زۆر لە ئەدای شایەتی وردتر و مەرجدارترە، چونکە شایەتیدان کارێکە لەبەر داواکاری پێشتر

دەکرێت، لەکاتێکدا هاوشێوەی ئەمە لە گێڕانەوەی سوننەتدا نیە، بەڵکو ئەوەی دەبینرێت لە ڕیوایەتی سوننەتدا هەستێکی ئیمانی و بەرپرسیارێتی ناخەوەی لەگەڵدایە، ئەو شعور و هەستە ئیمانیە وا لە ڕاوییەکە دەکات کە خەڵکیش لەخێر و چاکە بەشدار بکات، و پەیامی ئاینی خوای گەورە بگەیەنێت بە هەموو خەڵکی .

بەڕاستی جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان شایەتیدانێکدا کە پێشتر کابرا خۆی بۆ حازربکات ، لەگەڵ ڕیوایەتدا کە لە سەر بەرپرسیارێتی ئاینی و بەبێ داخوازی هەستی پێی، خۆئەگەر گێڕانەوەی سوننەت وەگو شایەتیدان بوایە نرخ و بەهای زۆر بەرزتر دەبوو چونکە سەلەف خۆیان لەوداواکاریانە لادەدا، بەڵکو بۆ ڕیوایەت هێندە مەرجی پتەو و وردیان داناوە زۆر بەهێزترە لە مەرجی شایەتیدان، ئیمامی صیرفی دەفەرموێ: (هەرکەسێ بەهۆی درۆوە خستبێتمان هەرگیز دوای تۆبەش ڕیوایەتمان لێ وەرنەگرتووە، هەرکەسیشمان بە لاوازدانابێت هەرگیز بەهێزمان نەکردوەتەوە، کە ئەمەش جیاوازە لە سیفەتی شایەتیدان)[1]. هەروەها ئیمامی سیوطي ئەم هۆکاری ئەم وتەی ڕوونکردۆتەوە: (ئەوە لەبەر گەورەیی خراپی درۆکردنە، چونکە ڕیوایەت لەگەڵ شەریعەتدا بەردەوام دەڕوات تا قیامەت، بەپێچەوانەی درۆکردن لەسەر کەسانی تر لەشایەتیداندا،چونکە شایەتی درۆ زیانەکەی سنورداراە و گشتگیر نیە)[2].

دوای ئەم هەموو خستنە ڕووە، ئاخۆ دەوترێ ئەگەر سوننەت بەهەمان مەرجی شایەتیدان ڕیوایەت کرابا بەهێزتر و متمانەتر دەبوو؟! خوای گەورە ڕەحم و

(١) (تدريب الراوى) بەرگی ١/ ٣٣٠

(٢) (تدريب الراوى) بەرگی ١/ ٣٣٠

میهرەبانی بباڕێنێتە سەر سەلەفی صالحمان لەبەر ئەو هەموو ڕێوشوێنە بەهێزەی دایانناوە بۆ پشکنینی سوننەت و ڕیوایەتەکانیشی، کە بنپینەی پێویستیان بۆداناوە کە هەموو ئەگەرێك بۆ یاریکردنێك دەوەستێنی بە دووەم سەرچاوەی تەشریعی ئیسلام.

بەمەش توانیمان بنچینەکانی مەزهەبی بەناوقورئانیەکان بناسینەوە، تەواوی زانستمان بە هەڵوێستیان پەیداکرد بەرامبەر سوننەتی مصطفی لەدینداریە داتاشراوەکەیاندا، دەبا ئێستاش بچین بۆ هەڵوێستیان بەرامبەر بە کتێبی مەجید (قورئان) ، با بزانین ئەو بنچینانە چین لەسەری دەڕۆن بۆ تەفسیرە فرەڕەهەند و جیاوازەکانیان.

دەروازەی دووەم

بەشی دووەم

ڕێیازی نەیارانی سوننەت لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزدا

ڕێبازی نەیارانی سوننەت
لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزدا

پێش ئەوەی دەستبکەین بە قسەکردن لەسەر هەڵوێستی بەناو قورئانیەکان سەبارەت بە قورئان، وا دەبینین پێویست بێ کە چاوپیاخشانەوەیەك بکەین بە هەڵوێستی موسوڵمانانداا بۆ شەرح و ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆز و ئەو ڕێبازانەی کە گرتویانەتە بەر بۆ ئەم کارە لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەکمان هەبێ بۆ بڕیاردان لەسەر تەفسیری نەیارانی سوننەت بۆ قورئانی پیرۆز.

گومان لەوەدا نیە کە پلەو پایەی هەر زانستێ پەیوەستە بە پلەو پایەی بابەت و ئامانجەکانی و ئاستی پێویستی ئەو زانستەوە. زانستی تەفسیر پلەو پایەیەکی گەورەی هەیە لەم ڕوەوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکانی وتەی خودان کە ڕێنمونی مرۆڤ دەکەن بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە خۆشگوزەرانیانەوە لە هەردوو ژیانی دونیاو کۆتایدا، هەرلەبەر ئەمەش لە سەرەتای دابەزینیەوە موسوڵمانانی پەیوەست کردووە بە شوێنکەوتنی ئەحکامەکانیەوە، ئەوەش بووە هۆکاری داواکردنی ڕوونکردنەوەی ئەو ئەحکامانە لەلایەن موسوڵمانانەوە. هاوەڵان پرسیاریان لە پەیامبەری خواﷺ دەکرد دەربارەی بابەتە ناڕوونەکان و ئەوانەشی کە پەییان بەتێگەشتنی نەدەبرد. پاشان ئەم زانستە پەرەی سەند وەك هەر زانستێکی تر و

هەتا ڕێبازو بنەمای تایبەتی وەرگرت کە پێویستە ئەوانەی بەم زانستەوە سەرقاڵن شوێنی بکەون، هەر بۆیە نوسین و سەرچاوەکانی ئەم بابەتە لە دوو ڕێباز دەرناچێ:

١- ڕێبازی ڕیوایەت:

بریتیە لە تەفسیرکردنی قورئان هەندێکی بەهەندێکی تری، یاخود تەفسیرکردنی بەوەی پێمان گەشتوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ و یاخود بەوەی کە لە هاوەڵانەوە پێمان گەشتوە لەهەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە ڕوونکردەوەن بۆ مەبەستەکانی خودا.

ئەم ڕێبازە بۆ تەفسیری قورئان کۆنترین و پڕبەهاترین ڕێبازە لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە پێشینەوە و بەدرێژای مێژوو بەردەوامبوە، وە زۆرلە زانایان ئەم ڕێگەیان گرتوەتەبەر بۆ تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز وەك محمد بن جریر تەبەری و ابن کەسیر و سیویتی لە در المنثور و شێخی ئیسلام ابن تیمیە و زۆرێکی تر لە زانایان.

٢- ڕێبازی دیرایەت (تێفکرین و بیریاری):

بریتیە لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بە ئیجتیهادکردن دوای ئەوەی موفەسیر زمانی عەرەبی بەباشی زانی، بەشێوازی بەکارهێنانی وشەکان و مانای گوتەکان و ڕوانگەی دەلالەتەکەیەوە.

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە ئەیەوێ بەم ڕێبازە قورئان تەفسیر بکات زانا بێت بە زمانی عەرەبی و نەحو صەرف و زانستی بەلاغەو بنەماکانی دین و فیقە و هۆکارەکانی دابەزینی ئایەتەکان و ناسیخ و مەنسوخ و ئەو فەرمودانەی کە ڕوونکەرەوەی ئایەتە گشتگیر و نارووونەکانن. وە پێویستە زانیاری تەواوی هەبێ

لەسەر کاتی دابەزینی قورئان و ئەو کارە خراپ و لەناوبەرانەی ئەو سەردەمە هەبوون، و زانیاری هەبێ دەربارەی ئەوانەی قورئانیان لەسەر دابەزی و لەکۆتاییشدا خوای گەورە بەهرەی تێگەشتنی لە کیتابەکەی پێدابێت، هەر کەس ئەم مەرجانەی تیابوو ئەوا رێپێدراوە بۆی کە خۆی سەرقاڵ بکات بە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزەوە.[1]

وە ئەم رێبازەی دوایی دوو بەشە، تیایدا هەیە باشە و هەیە خراپ، وە:

١- لە گرنگترین تەفسیرە خراپەکان بریتیە لە:

أ- تەفسیری کۆمەڵی کەلامیەکان:

خاوەنی کتێبی (التفسیر والمفسرون) دەڵێ: (هەموو چاوەکان لەسەر تەفسیر بە شوێنەواری پێشینەکان بوو هەتا دەرکەوتنی گروپە کەلامیە جۆراوجۆر و مەزاهیبە جیاوازەکان. لەنێو زانایاندا هەبوو کە هەوڵی دەدا مەزهەب و بیروباوەڕی خۆی سەرخات بەهەر رێگەو فێڵێك بێت. قورئانی پیرۆز ئامانجی سەرەکیان بوو کە بۆی دەگەڕانەوە بۆ هەمویان و هەمویان لە قورئان دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی شتێك کە بۆچونی خۆیانی پێ بەهێز بکەن ئەگەر بەرێگەی ملکەچکردنی ئایەتەکانیش بێت بۆ مەزهەبەکەی و لارکردنەوەی ئایەتەکان بۆ بۆچوونی خۆی و تەئویلکردنی ئەو ئایەتانەی کە دژی بۆچوونی بوون بەشێوەیەك کە هەڵوەشێنەرەوە و پێچەوانەی مەزهەبەکەی نەبێ)[2].

---

(١) محمد حسين الذهبي (التفسير والمفسرون) ج ١ ص ٢٥٥ و محمد رشيد رضا (تفسير المنار) ج ١ ص ٢٢-٢٤.

(٢) ج ١ ص ٣٦٣ الأستاذ محمد حسين ذهبي.

ب- تەفسیری باتنیەکان:

ئەوانەن کە دەڵێن: هەموو ئایەتێك مانای ئاشکراو مانای نهێنی هەیە. مانا ئاشکراکەی ئەو تێگەشتنەیە کە هەموو زانایان کۆکن لەسەری و مان نهێنیەکەشی مەبەستی خودایە بۆ ئایەتەکە و هیچ کەس نایزانێ تەنها کەسە تایبەتەکانی خۆیان نەبێت وەك تەفسیرکردنی بەهەشت بەخۆشیەکانی دونیا و دۆزەخیش بەنەمانی ئەرکە شەرعیەکان و هاوشێوەکانیان.[1] وەئەم کەسانە تا ئێستە نەگەشتونەتە ئەوەی کە تەفسیرێکی سەربەخۆیان هەبێ، هەموو ئەوەی هەیە لەم بارەوە چەند دەقێکی جۆراو جۆرن لەنێو کتێبەکاندا، ئەمەش وایکردووە وێنەیەکی نارووننیانمان لەبەردەست بێ سەبارەت بە بۆچوونیان لەسەر تەفسیرکردنیان بۆ سەرچاوەی ئیسلام و مەودای هێرشەکانیان بۆ سەر ئیسلام وتوانای بەرگریەکانیان بەبێ بەڵگەیەك و کتێبێکی ئاشکرا.

ج- تەفسیری فەیلەسوفەکان:

تێڕوانینی فەلاسیفەکان بۆ قورئان وەك گرووپەکانی تر وایە بۆگەڕان بەدوای بەڵگەیەك کە بگونجێ لەگەڵ بیردۆزەکانی پێش خۆیان لە فەیلەسوفەکانی یۆنان و فارسیەکان.....، بۆیان دەرکەوت کە قورئانی پیرۆز ناتوانرێ بکرێتە پێوەری دانپێدانانی بیردۆزە جیاوازەکانیان، بۆیە ئایەتەکانیان تەئویل دەکرد بەپێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامەوە و لە مانا ئاشکراکەی لایان دەدا بۆ شەرح و ڕوونکردنەوەیەك کە لەگەڵ بیردۆزەکانیان بگونجێت، وەك بیردۆزی دابەشکردنی جیهان بۆ جیهانی

(١) الفرق بين الفرق ص ٢٩٥.

ژیری و خەیاڵ و هەست، وە تەفسیرکردنی بەهەشت و دۆزەخ و گۆڕ بۆ ئەو سێ جیهانە.[١]

د- تەفسیری صۆفی هێمایی:

تەفسیری سۆفیەکان بەدرێژکراوەی تەفسیری فەلاسیفە دادەنرێت، کاتێ تێڕائەمێنی لە ڕۆڵیان بۆ قورئانی پیرۆز بۆ جێگیرکردنی بیروباوەڕیان، بۆیان دەرکەوت کە قورئانی پیرۆز ئامادە نیە بیردۆزە جیاوازەکانیان پشتڕاست بکاتەوە و ڕێك ناکەوێ لەگەڵ بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکانیان، هەوڵیاندا گونجاندنێك دروست بکەن لەنێوان ئایەتەکان و بابەتانی نامۆ کە هیچ کەس وا لێی تێنەگەشتوە مەگەر کەسانێکی دابڕاو لە عیبادەتەکان نەبێ. دەیانبینی کە زۆر کڵۆڵن لە لەتێگەشتن لە قورئانی پیرۆز و بە شێوەك ڕوونی دەکەنەوە کە دووربێ لە مانا ئاشکراکەی خۆی لەڕووی شەرع و زمانەوانیەوە، وەك تەفسیرکردنی قیامەت بە هەڵگری کات و دەرکەوتنی ئیمام وە گەڕانەوە بۆ لای خوا بە گەڕانەوەی هەموو شتێ بۆ بنچینەی خۆی.[٢]

هـ- تەفسیری بێباوەڕان (مولحیدەکان):

بێباوەڕبوون لە دین و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی دروشمەکانی و لەکارخستنی فەرمانەکانی داهێنراو نیە لە ئیسلامدا. بەڵکو کارێکی نوێیە لەم سەردەمەدا کە دەیانەوێ لە قورئانەوە وەریبگرن و بانگەشەی جێبەجێکردنی بکەن بە بیانوی ئەوەی کە ئەوە ئیسلامە. وەك گۆڕینی فەرمانی سزای دزیی و زینا بۆ موباح و

---

(١) التفسير والمفسرون ج ٣ ص ٩٣.

(٢) ابا حامد الغزالي (فضائح الباطنية) ص ٤٤.

لادانی لە واجبێتی بە کردنی جەڵد بە سەد، و بڕینی دەست بۆ نزمترین سزا و ڕێپێدانی ئەوەی سزاکەیان بۆ بکرێ بە سزای تەمێکردن تر.[١] وە بڕیاردان لەسەر نەهێشتنی مولکی کەسی لەسەر ئایەتی : ﴿ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (التوبة:)

واتە: (:ئەوانەی کە زێڕو زیو کۆدەکەنەوە و نایبەخشن لە پێناو خوادا مژدەی سزایەکی ئازاربەخشیان پێبدەن.)[٢]

وە زۆرێکی تر لە بێباوەڕی کە ناتوانین بەئاسانی باسیان بکەین[٣] و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوی تەفسیر و شێوەکانی ئەوا لەمێژودا هیچ گروپێ نادۆزینەوە کەبەم ڕێگەیەدا ڕۆشتبێ جگەلە باتنیەکان.

٢- ڕێبازی دیرایەتی باش و سوپاسکراو:

بریتیە لە ڕێبازی فوقەها و زمانەوان و چیرۆك گێڕەوەکان و ئەوانەی لەسەر ڕێگەیان دەڕۆن، کەهەموو ئەوانەی تێدایە کە پێی کاریگەر بوون لە قورئانی پیرۆزدا، و ئەوەی لەدڵیاندایە کۆیان کردۆتەوە، کەئەم ڕێبازەش خاڵی نیە لە لاوازی لە شەرحکردنی تەواو گونجا و خستنی مەبەستی خودا و پەیوەست نەبوونیان بە ریوایەت و ئەوەی کە ڕوون کەرەوەیە لە سونەتی پاکوبێگەرد. وەئەم ڕێبازە جۆری زۆرە وەك :

---

(١) (تفسیر والمفسرون) ج ٣ ص ١٩٥ و بەزوویی هەندێنی لەم باسە دێتە پێشمان.

(٢) سورة التوبة أية ٣٤.

(٣) لەکۆتای ئەم بەشە بە ڕوونی باسیان دەکەین.

أ. **تەفسیری فیقهی:** بریتیە لە ڕونکردنەوەی ئایەتەکانی حوکمە شەرعیەکان و تەرکیز خستنەسەریان و دەرکردنی حوکمەکان تیایدا، بەکردنی ئەو ئایەتانە بە کتێب هەندێ جار و تێپەڕین بەسەر ئایەتەکانی تردا بەخێرایی، کە ئیمامی جەصاص و ئیمامی قورتوبی پیاوی ئەم مەیدانەبوون.

ب. **تەفسیری زمانەوانی:** بریتیە لە ڕوونکردنەوەی وشە نارونەکان لە ئایەتەکانی قورئاندا بە ڕونکردنەوەی واتاکانیان و دەرخستنی ئیعجازی ڕەوانبێژیەکەی و هەر شتێ پەیوەندی بەزمانەوە هەبێ کە زۆربەی تەفسیرەکانی قورئان لەژێر ئەم چەترەدا کۆدەبێتەوە.

ج. **تەفسیری چیرۆکی:** بریتیە لەکۆکردنەوەی ئایەتە چیرۆك ئاساکان و هێنانی هەندێکیان بۆ لای هەندێکی و کردنیان بە یەکەیەکی تەواو، کە زۆرێ لە پێشین و نوێیەکان لەم بارەوە نوسراویان هەیە.

دوای ئەم وتوێژە درێژکراوە، کە نەمانتوانی پشتگوێی بخەین بۆ ئەوەی بزانین هەڵوێستی بەناو قورئانیەکان چۆنە لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزدا، دەگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکەمان بۆ ئەوەی بنچینە و یاساکانی بەناو قورئانیەکان ببینین کە لەسەری دەڕۆن لە تەفسیرەکانیاندا، وە ئەو ڕێبازەی کە هەڵیانبژاردوە بۆ خۆیان و ئەو یاسایانەی کە پشتی پێدەبەستن بۆ ڕونکردنەوەی قورئانی پیرۆز.

کاتی پێداچونەوەم بۆ تەفسیرەکانیان کرد دەتوانم دڵنیابم لەوەی کە بەشێوەیەك لە ئایەتەکانی قورئان دەڕوانن بۆ ڕونکردنەوەی پاش باوەڕێکی تەواو بەوەی کە قورئان تەواوە و هەموو شتێکی تیایە کە پەیوەندی ژیانێکی ئیسلامیانەوە هەبێ و گەشتنە ئەنجامێکی کۆتایی لە نکۆڵیکردنی سوننەت بۆ تەشریع و لەژێر ڕۆشنایی

ئەم نکۆلێکردنەدا سێ بنچینەیان بنیاتناوە لە تەفسیرەکانیاندا، کە هەندێکیان دەریان دەبڕن و هەندێکیشیان دەیشارنەوە بەبێ دەربڕین، ئەو سێ بنچینەش بریتین لە:

١. کتێبی خوامان بەسە و هەموو ئەوەی پەیوەستە بە ژیانێکی ئیسلامیانەوە تێیدا هاتووە.

٢. پشتبەستنی تەواو بە زمانی عەرەبی بۆ ڕونکردنەوەی وشەکانی قورئان و واتاکانیان.

٣. تەئویلکردنی هەندێ ئایەت بۆ دەرکردنی هەندێ بیردۆزی تایبەت.

بنچینەی یەکەم

کتابی خوامان بەسە :

بەناو قورئانیەکان هەموویان ئەوە دەردەبڕن کە قورئانی پیرۆز بەسە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئیسلامیانە لەهەموو بوارەکاندا و دەستورێکی تەواوە لەڕووی دابینکردنی هەموو داواکاریەکانی مرۆڤەوە لەهەموو سەردەمەکاندا، بەڵام ڕاجیان لەسەر ڕونکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەو بەسێتی و تەواویەتیەی قورئانەوە .

عبدالله و حیشمەت عەلی جێگری و کۆمەڵی بەلاغی قورئان دوپاتی دەکەنەوە کە قورئان بەسە و تەواوە بە ناوهێنانی هەموو بنچینەو بەشەکانی دین کە مرۆڤ پێویستیەتی لە ئێستاو داهاتودا، و عبدالله لەم بارەیەوە دەڵێت :

" باوەڕمان وایە قورئان لەهەموو ڕوویەکەوە تەواوە و هەموو ئەوەی پەیوەستە بە ئاینی ئیسلامەوە لە هەموویابەتەکان تیایدا باسکراوە لە فەرز و سونەت و ڕێپێدراوەکان . " [١]

وە پەرۆیز و مامۆستاکەی (الحافظ) ئەوان وایان دەبینی کە قورئان تەواوە بۆ بنچینەکانی دین و هەندێ لە بەشە ئاسانەکانی[٢] . بەڵام سەبارەت بەو بەشانەی کە

---

(١) (برهان الفرقان) ص٢ ، و (المباحثة) ص١٧ ، و ترجمة القرأن ج ١ ص ١١ ، و مجلة اشاعة السنة ج١٩ ص ١٤٢ العدد الخامس عام ١٩٠٢ ، كل ذلك لعبدالله . اشاعة القرأن ص ٤ عدد ديسمبر ١٩٢٧ م مقلة حشمت علي و مجلة بلاغ القرأن ص ٢٥ عدد فبراير ١٩٧٥م .

(٢) برويز تبويب القرأن ج ١ ص ٤٤٦ ، و سليم كي نام ج ٢ ص ١٠٦ ، والحافظ أسلم مقام حديث ص ١٤٢ .

لە قورئاندا دەستناکەوێ دەستخستەکەیان داوەتە دەست بنکەی میللەت (مرکز الملة)[١]

تاوتوێکردنی ئەم بابەتە:

لەماوەی ئەم لێکۆڵینەوەماندا نەزۆکی هەردو بۆچوونەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە باتڵی بانگەشەی (قورئانمان بەسە)، بۆچونی عبدالله و شوێنکەوتوانی دژیەکە لەگەڵ وتەی خوادا، لەبەرئەوەی زۆرێك لە بەشەکانی دین باسنەکراوە و وەك چۆنیەتی و چەندێتی نوێژ و سەرەڕای عیبادەتەکانی تر.

وە بۆچونی پەرۆیز و مامۆستاکەی کارەکە لە ئەستۆیان لابەن، کە ناتوانی بەشەکانی دینت دەست بکەوێ مەگەر لەڕێگەی بنکەی میللەتەوە نەبێ، وە لە ئێستەشدا ئەو بنکەیە بوونی نیە چونکە وڵاتێك بوونی نیە کە تەنها بە قورئان حوکم بکات، کە زۆربەی زۆری عیبادەتەکان کە قورئان ئاماژەی بە چۆنیەتی یاخود چەندێتیەکەی نەکردووە دور دەخرێتەوە لە مەیدانی کرداریدا. وە هیچ کەسێکیش بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی ئەو کارا بنچینەییانەی لەسەر نیە لەبەر نەبوونی ئەو بنکە تایبەتەی کەبۆ دیاریکردنی چەندێتی و چۆنیەتی ئەو بنچینانەی دین دیاریکراوە و کردارەکەش ناکرێ بەبێ ئەو چەندێتی و چۆنیەتیە.

لێرە پرسیارێ بە بیرو هزرماندا دێت کە ئایا هەڵوێستی خواجە احمد الدین بۆ ئەم بابەتە چیە؟

---

(١) بنکەی میللەت دەستەڵاتی باڵای بەناو قورئانیەکانە لە حکومەتێکدا کەتەنها قورئان حاکم بێت. کەلەکۆتای ئەم بەشە ڕوونی دەکەینەوە.

وەڵامان بۆ ئەمە دەڵێین کە خواجە احمد وتەیەکی ڕوونی نیە لەم بارەوە، هەرچەندە دان بە تەنها بەسبونی قورئاندا دەنێ[١]، بەڵام تا ئێستە هیچ دەقێکیم بەرچاو نەکەوتوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تەنها قورئان بەسبونە، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ ئەو بۆچوون و ووتانەی کە قوتابیەکانی پێوەی پەیوەست بوون بەپێی تیگەشتنیان بۆ بۆچوونەکانی دەتوانین لەبەرەی عبدالله ی دابنێین لەبەر ئەوەی هەندێ لە شوێنکەوتوانی توانیویانە هەندێ لە بەشەکانی دین کەلەقورئاندا بەئاشکرا نەوتراوە لەقورئان دەربهێنن. [٢]

وەلەو بابەتانەی کەبە بۆنەی ئەم بنچینەیەوە گەشەی کرد نکۆڵیکردن لە نەسخ و گشتێتی و تایبەتمەندی و هۆکاری دابەزین بوو، لەبەرئەوەی بوونی ئەم شتانە لەلایان لە مانای تەواوی قورئان کەمدەکاتەوە و دەرگا دەکاتەوە بۆ ڕاجیایی و قورئانیش نکۆڵی لە بوونی ڕاجیایی دەکاتەوە تیایدا.

﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ (النساء: ٨٢)

"ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن جگە لە خواوە هاتبێ ئەوا ڕاجیای و دژیەکی زۆری تیا دەدۆزرایەوە."

---

(١) أحمد الدين معجزة القرأن ص ٤

(٢) وەك بەدەستخستنی ژمارەی نوێژەکان و کاتەکەی و ژمارەی ڕکاتەکانی. وەك دەبینین لەبەشی بۆچوونە تەشریعیەکانی بەناو قورئانیەکان.

١- هەڵوێستیان سەبارەت بە نەسخ[١] :

هەموو بەناو قورئانیەکان یەکدەنگن کە نەسخ بەهەر سێ شێوەکەیەوە –نەسخی (حوکم) و (تیلاوە) و (حوکم و تیلاوە)- بوونی نیە لە قورئاندا و ئەوەی هەیە هیچ ئایەتێکی مەنسوخی تیانیە .[٢] وە الحافظ أسلم لەسەر زمانی هاوەڵانی لەم بارەیەوە قسەی کردووە وتویەتی : "ئەوەی گومانی تیا نیە ئەو ئایەتانەی کە شوێنی نەسخ بوون بەرزکراوەتەوە لەسەردەمی دابەزینی وەحیدا، و وەحی پچڕاوە و هیچ هیوایەك نیە بۆ گۆڕینی ئایەتێ بە ئایەتێکی تر . "[٣]

وە کۆمەڵی بەلاغی قورئان هۆکاری نەبونی نەسخ لە قورئاندا ڕوون دەکەنەوە بۆ ووتنی : "دان نان بە بوونی ئایەتی مەنسوخ لە قورئاندا قورئان توشی دژیەکی دەکات لە خۆیدا، ئەگەر وابڵێین دانمان ناوە بەوەی تانە لە زانستی ئیلاهی بدەین کە حوکمەکانی بەپێی تێپەربونی کات گونجاونابن لەگەڵ گۆڕانی کەش و بارەکاندا .[٤]

---

(١) نەسخ لەزمانەوانیدا واتە لابردن و گواستەنەوەی شتێك لە جێگەیە بۆ جێگەیە تر . بۆنمونە لەبەرگرتنەوەی کتێبێ پێی دەوترێ استنساخ واتە گواستنەوەی ئەوەی لەکتێبەکەیە بۆ کتێبێکی تر .
وەلەڕووی شەرعەوە هەڵگرتنی حوکمێکی شەرعیە بە هاوشێوەیەکی کەلەدوای ئەو هاتبێ بۆ ئاسانکاری ، ناسیخ حوکمە شەرعیەکەی دواترە و مەنسوخیش حوکمەکەی پێشوە .

(٢) عبدالله تفسير القرأن بأيات الفرقان ج١ ص ب/ ،وج ١ ص ٣٠٥، و ترجمەالقرأن الجزء الرابع ص ١ ٠ و برهان الفرقان ص د ، و مقبول أحمد مطالعة حديث ص ١٦٨ ، و الخزاجا احمد الدين تسير البيان ج٢ ص ٧٠٥، و برويز شاهكار رسالت ص٤٩٨ ، و القرأن كي خلاف جهري سارش ص ١٣ ، و تبويب لقرأن ج٣ ص ١٣١٧ .

(٣) نكات القرأن ص ١٣ .

(٤) مسألة ناسخ و منسوخ ص ٢ و ص ١٣ لأدارة بلاغ القرأن .

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم وتەیە دەڵێین: "هەموو زانایانی ئیسلام یەکڕان لەوەی کە لەڕووی ژیریەوە ڕێپێدراوە کە نەسخ لە قورئاندا هەبێت وە لەڕووی شەرعیشەوە لەقورئاندا ڕووبدات و هیچ کەس پێچەوانەیان نەبوە جگە لە أبو مسلم الاصفهانی[١]، کەلە ڕێگەی عەقڵ و ژیریەوە دانی پێدا دەنا بەڵام ڕوودانی لەقورئاندا ڕەتدەکردەوە و زانایانی ئیسلام وەڵامیان دایەوە وەك ئیبن کەسیر[٢] و شەوکانی[٣] و الامدی[٤] وەك چۆن خاوەنی کتێبی (مناهل العرفان)[٥] و کتێبی (النسخ في القرأن الكريم)[٦] زۆر بەشێوەیەکی ورد و زانستی گفتوگۆیان لەگەڵی کردوە و بەڵگەکانیان پوچەڵکردۆتەوە و ڕاستیەکانیان دەرخستوە.

وتنی بوونی نەسخ لە قورئانی پیرۆزدا بابەتێکی یەکڕایە لەنێو موسوڵمانانداو قورئانی پیرۆز خۆی ئاماژەی پێداوە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (البقرة: ١٠٦). واتە: "هەرئایەتێك نەسخمان کردبێ یاخود لەبیری تۆمان بردبێتەوە ئەی محمد ئایەتێکی باشتر یان هاوشێوەیمان بۆت هێناوە و ئایا نازانی کە خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا دەستەڵاتدارە." [٧]

---

(١) محمد بن بحر المعتزلي ٢٥٤-٣٢٢ه، خاوەنی تەفسیری "جامع التأويل مخطوط."

(٢) تفسير ابن كثير ج١ ص ١٥١.

(٣) ارشاد الفحول ص ١٨٥.

(٤) الأحكام في أصول الأحكام ج ٣ ص١١٥.

(٥) ج٢ ص ٢٠٧ و ما بعها محمد عبدالعظيم الزرقاني.

(٦) ج ١ ص ٢٦٧، د. مصطفى زيد.

(٧) سورة البقرة: ١٠٦.

خوای گەورە خۆی ئاگاداری کردوینەتەوە لەبوونی نەسخ لە کتێبەکەیدا، کە هەندێ ئایەت کە دێن ئایەتەکانی پێشتری نەسخ کردوەتەوە. وە ئەگەر یەکڕابوین لەسەر ئەوەی کە زانراوە لە کۆنەوە کە ئەوەی دابەزیوە لە قورئانی پیرۆز پارێزراوە بەتەواوی و بێ کەموکوڕیە بەڕاستگۆیی یەکڕایی زانیانی ئیسلامان بۆدەردەکەوێ کە دانیان ناوە بە بونی ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا، و هیچ داوامان لێنەکراوە تەنها ئەوەنەبێ کە ئەوەی (وادەردەکەوێ کە دژەیەکە) ڕونی بکەینەوە و گرفتی دیدگاکان چارەسەر بکرێن، دابڕانی وەحیش هیچ کاریگەریەکی نابێت لەم باسەدا چونکە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە دیاریکردنی ناسخ و مەنسوخەوە، و دیاریکردنیان دەکرێت ئەنجام بدرێن بە سونەت و کرداری هاوەڵان و زانینی کام ئایەت پێشتر و کامیان دواتر دابەزیون لەگەڵ زۆرێکی تریش لەو بنەماو یاسایانەی کەلەسەرچاوە جۆراو جۆرەکاندا باسکراون.

ژیریش پەیدەبات بە ڕودانی ناسیخ و مەنسوخ لەو بنەما و یاساییانەی کە یەکڕایی لەسەر هەیە لەبەر ئەوەی خوای گەورە مافی فەرمانکردنی هەیە بەسەر بەندەکانیدا هەرچۆن و هەرکات بیەوێ بەڕەچاوکردنی ئەو حیکمەتەی کە خۆی بۆ بەندەکانی پێی چاکە، وە زانستی خوای گەورە ڕێگر نیە لەوەی کە فەرمانێ بکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ سودێك و پاشان ئەو فەرمانە لابات بۆ سودێکی تر لەکاتێکی تردا لەبەر ئەوەی زانستی خودا پەیدەبات بەوەی کە ڕودەدات و ڕویداوە. و نەسخ هیچ نیە جگە لە ڕەچاوکردنی سودی بەندەکان و گرتنەوەی ویستی خودا بۆیان بە چاکە، بۆیە هیچ کەموکوڕی و نامۆییەك نیە بۆ زانستی خودا بە لابردنی یاسایەك بە یاسایەکی تر وەك کار ئاسانیەك بۆ بەندەکانی بەپێی ئەو

زانستەی کە خوای گەورە هەیەتی بە سەرەتاو کۆتایی هەموو شتێك کە ئەمەش پڕاوپڕی ژیریە .

٢- هەڵوێستیان سەبارەت بە بابەتە گشگیرەکان :

عبدالله و شوێنکەوتوانی وایدەبینن کە هیچ بابەتێکی گشگیر لە قورئانی پیرۆزدا نیە و قورئانی پیرۆزیش بەرییە لەهەموو کەموکوڕیەکی گشتگیری بەهەموو شێوەیەك بێت . " [١]

جا بۆ وەڵامی ئەم وتەیە دەڵێین کە بابەتی گشگیر لە قورئانی پیرۆز و سونەتدا هەیە، کەس نکۆڵی نەکردوە جگە لە داوود الظاهري[٢] کە عبدالله ش هاوهەڵوێستی ئەوبوە لەم نکۆڵیکردنەدا و هەموو کەسێکی بەرچاو ڕۆشن هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نیە جگە لەوە دانبنێ بەوەی کەئایەتی گشتگیر بوونی هەیە لە قورئاندا وەکو فەرمایشتی خوای تعالى : ﴿وَآتُواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأنعام:١٤١ . واتە : "مافەکەی لێ بدەن لە ڕۆژی دوورینەوە و کۆکردنەوەیاندا . " [٣]

وە ئایەتی : ﴿وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾البقرة:٤٣ . واتە : "نوێژ ئەنجام بدەن و زەکات بدەن و لەگەڵ کڕنووش بەراندا کڕنووش بەرن بۆ خوای

(٣) انضر ارشاد الفحول ص ١٦٨ .

(٤) سورة الأنعام أية ١٤١ .

(٥) سورة البقرة أية ٤٣ .

گەورە." [1] بەم ئایەتانە دەوترێ ڕوون و ئاشکرا؟! یان گشتگیری بێ وردەکاری؟! وە ئەگەریش گشتگیرە ئەی لەکوێیە ڕوونکردنەوەکانی لە قورئاندا؟ وە لە ڕاستیدا وتنی نەبوونی بابەتی گشتگیر لە قورئاندا دژی وتەی ڕاست و پێکراوە و پشتگوێ خستنی ئایەتی خوای گەورەیە چونکە دەفەرموێ : ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ النحل:٤٤. واتە: "ئێمە (الذِّكْرَ=سوننەت)مان بۆ دابەزاندووی بۆ ئەوەی (مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ=قورئان) بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە.

خوای گەورە ئەرکی ڕوونکردنەوەی کتێبەکەی خستۆتە سەر پەیامبەرەکەی محمد ﷺ بە وتە و کردەوە. و ئەوەی کە ڕونکردنەوەیە بۆ بابەتە گشتگیرەکانی قورئان لەلایەن کەسەوە نیە جگە لە خوای گەورە. و بابەتە گشتیگرەکان و ڕونکردنەوەکەشی هەر لەلایەن خواوەیە و هیچ کەسێ لە مرۆڤایەتی دەستی تێیدا نیە.

٣- هەڵوێستیان سەبارەت بە تایبەتکردنی بابەتێك یاخود شتێك:

بەناو قورئانیەکان ڕاجیان لە بەتایبەتکردن و بەستنەوەی قورئان بە جگە لە خۆیەوە، دامەزرێنەری بەناو قورئانیەکان و هاوبۆچونەکانی وای دەبینن کە ڕێگەدان بە تایبەتکردن لە قورئاندا ڕێپێدراو نیە (قورئانی پیرۆز پاکە لە کەموکورتی گشتگیری و ڕەهایی وەك پاکی خودا لەبەر ئەوەی وێنای ئەوە ناکەن کە شتێ گشتی تایبەت بکرێ و یاخود شتی تایبەت گشگیر بکرێ و شتێکی پابەندبوو ڕەها بکرێ یاخود ڕەهایەك پاپەند بکرێ تەنها لەلایەن قسەکەر خۆیەوە یان کەسێ لەخۆی

(٦) سورة النحل أية ٤٤ .

گەورەترەوە نەبێ نەك کەسێکەوە کەلەڕوی پلەوە هاوتای قسەکەر نەبێ و ئەی چۆن دەکرێ دروستکراوێکی ئەمانە بکات بۆ وتەی خودا؟!)[١]

وەکۆمەڵەکەی تری بەناوقورئانیەکان بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەیبینن و مافی تایبەتکردن و پەیوەستکردنی بابەتێ دەدەن بە دەستەڵاتی بنکەی قورئانیەکان و مافی هەیە کە تایبەتکردن و پەیوەستکردنی بابەتەکان بکات بەوەی کە بە گونجاو ببینێ بەپێی سەردەمیان.[٢]

هەردوو کۆمەڵەکە کە هەڵوەشێنەرەوەی یەکن و توندرەوی لەگروپی یەکەم و شلڕەوی لە دوەمیاندا هەیە لەسەر نکۆڵیکردنی سوننەت و ملکەچنەبووندا یەکڕان و کۆکن. یەکەمیان هەوڵیدا خێر و خۆشیەکانی ئیسلام بەرتەسك بکاتەوە هەتا ئەوەی نەتوانیت بە ڕاست و دروستی لێی تێبگەیت، وە دوەمیشیان هەموو ئەو مافانەیان بەخشیە کەسانێ کە شایستەی نەبوون و ئەگەر لە کۆمەڵی یەکەم بپرسیت لە تایبەتکراوی ووتەی خودا: ﴿اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ... ﴾ الزمر: ٦٢ . واتە: "خوای گەورە درووستکەری هەموو شتێکە." [٣]

ئایا خودی خوای گەورە دەچێتە ناو ئەو گشتەوە؟ وەڵامت دەدەنەوە بە نەخێر بەڵام لەکوێی قورئانی پیرۆزدا تایبەتکراوەکەیان دەست دەکەوێ؟

وەبەچی وتەی خوای گەورە تایبەت دەکەن کە حەرامی کردووە هاوشێوەکانی لە کڕین و فرۆشتنە حەرامکراوەکان. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ

---

(١) مجلة اشاعة السنة ج ١٩ ص ١٥٤ سنة ١٩٠٢م ، و تفسير القرأن ص ١٩ .

(٢) برويز قرأني فيصلي ج ١ ص ١٠ .

(٣) سورة الزمر أية ٦٢ .

وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ . واتە: "خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوە و ڕیبای حەرام کردووە. "[1]

لەڕاستیدا ئایەتی یەکەم تایبەتکراوە بە ژیری لەبەر ئەوەی ناچێت بە مێشکەوە کە شتێ خۆی دروستکەری خۆی بێت و بۆیە هەندێ لە زانایان دەڵێن بە شتێکی پێویست یان بەدیهی زانیومانە کە خوای گەورە دروستکەری خۆی نیە.[2] وە ئەو گشتیەیان لە وشەی کڕین تایبەتکردووە بە فەرموودەیەك کە ئاماژەی بە حەرام کردنی شێوەیەك لە شێوەکانی کڕین کردوە وەکو لەپێشدا ئاماژەمان پێیداوە.

وەسەبارەت بەو گومانەی کە دەڵێن تایبەتکردن پلەوپایەی بەرزە . . ، ئەمە کەموکورتیە لە تێگەشتنیان بۆ پلەو پایەی پەیامی خودا، لەگەڵ نەبوونی تێگەشتنێکی تەندروست لەو ئایەتانەی کە ئەو پلەوپایە ڕوون دەکاتەوە. تایبەتکردنی قورئان بە سوننەت سەرچاوەکەی لە خودای گەورەوەیە چونکە هەرخوای گەورەیە کە پەیامبەرانی ناردووە و ئاگاداری کردوونەتەوە وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ ، لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ﴾ (الحاقة: ٤٤، ٤٥) . واتە: "خۆ ئەگەر پەیامبەری خوا هەندێك قسەو گوفتار بەدەمی ئێمەوە هەڵبەستایە، ئەوە بەهێز و دەستەڵاتی خۆمان دەمانگرت. "[1]

---

(١) سورة البقرة أية ٢٧٥ .

(٢) الشيخ محمد الأمين الشنقيطي ، ص ٢٢٠ .

(١) سورة الحاقة أية ٤٦ .

(٢) راجع مجلة ضياء السنة ج ١ ص ١٠ العدد الرابع مايو ١٩٠٢ م.

(٣) سورة النحل ، أية ١١٦ .

ئایا دەتوانیت وێنای ئەوە بکەی کە پەیامبەری خوا شتێکی تایبەتکردبێ بە بێ فەرمانی خودای گەورە دوای بینینی ئەم ئایەتە . [٢]

وتەی نەبوونی تایبەتکردن لە قورئاندا بە جگە لەخۆی هیچ نیە جگە لە بیر و بۆچوونێکی لەرزۆك و ترسناك، کە سەردەکێشێت بۆ دەرئەنجامی بێکەڵك و بێسود، بۆیە تایبەتکردنی قورئان بە جگە لە خۆی ڕێپێدراوە لە ڕوی عەقڵ و نەقڵەوە .

بۆ وەڵامدانەوەی بۆچوونی لایەنی دووەم کە تایبەتکردنی قورئان بە بنکەی میللەتەوە بەڕەوا دەبینن، دەڵێین ئەم بۆچوونە بێبەڵگەیە و خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی بۆ دانەبەزاندوە و تەنها ئەوەندە بەسە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونەیان بەوەی هیچ کەس نەبوە لەسەردەمانی پێشودا لەنێو موسوڵمانانداا هاوشێوەی ئەم وتەیەی وتبێت و هیچ یەکێ لەزانایان ناوی بنکەی میللەتی نەهێناوە لەناو لیستی ئەو تایبەتکەرانەی کە دەتوانرێ قورئانی پیرۆزیان بێ تایبەت بکرێ یاخود پەیوەست بکرێ بەبابەتێکەوە، بەڵکو تەنها بیروباوەڕێکە بۆ ڕازیکردنی نەفسە نەخۆشەکان لە دەستەڵاتدارانی سەر کورسی دەستەڵات و هەوڵدانە بۆ پیرۆزکردنی هەموو هەنگاوێ لە هەنگاوەکانیان بەناوی دینەوە ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾ (النحل: ١١٦)

"نەکەن بە وتەی دەم و زمانتان بڵێن ئەمە حەڵاڵەو ئەوەش حەرامە بۆئەوەی درۆ لەسەر خودا هەڵبەستن و بەڕاستی درۆ بۆ خواو ئاینی خوا هەڵدەبەستان هەرگیز سەرکەوتو سەرفراز نابن . " [٣]

٤- هەڵوێستیان سەبارەت بە هۆکارەکانی دابەزین:

یەکێك لە بنەما زانراوەکانی تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بریتیەلە (پەندوەرگرتن لە گشتێتی وتەکە نەك تایبەتمەندی هۆکارەکەی) و ئەم بنەمایە دوو خاڵی گرنگ لەخۆی دەگرێت.

١. هەندێ ئایەت بەهۆکارێکی تایبەت دابەزیوە.

٢. حوکمەکانی ئەو ئایەتانە پەیوەست نیە بەو هۆکارانەوە و بەرتەسك ناکرێتەوە بۆ تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە لەبارەیانەوە دابەزیوە، بەڵکو تێدەپەڕێت و جێبەجێ دەبێ بۆ سەر هاوشێوەکانیان لە ڕووداوەکان و شتەتازە پەیدابوەکانی سەردەم.

وتنی دابەزینی هەندێ ئایەت بەبۆنەی هەندێ هۆکاری تایبەتەوە و پاشان گشتگیرکردنی حوکمەکەی بەسەر هەموو موسوڵمانانداا بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە و ناتوانرێ نکۆڵی لێبکرێت، هەرچەندە من ڕوونکردنەوەی بەناو قورئانیەکانم لە کتێبەکانیاندا نەبینیوە بۆ هۆکارێك لەو هۆکارانەی کە موفەسیرین و ڕونکەرەوانی قورئانی پیرۆز ئاماژەیان پێداوە، بەڵکو تەنها نکۆڵیکردنی ئەو هۆکارانەمان لێیان بینیوە بە گشتی و بەخراپ باسکردنی ئەوکەسانەش کە نەقڵیان کردووە لە موفەسیرین و ڕاڤەکاران رحمهم الله.

کە دامەزرێنەری بەناوقورئانیەکان دەڵێت: (پێویستە لەسەرمان ڕوونی بکەینەوە کە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان و هاوشێوەکانی کە موفەسیرین و ڕاڤەکاران باسیان کردووە تەنها قسانێکن کە هیچ سەنەدێکیان نیە چونکە قورئان بۆ پەروەردەکردنی

کۆی مرۆڤایەتی هاتوە و ناکرێ حوکمێکی تایبەت بێت بە کەسێك کە دابەزیبێ لەسەر کەسێك یاخود کەسانێکی دیاریکراو .)[١]

کەئەمەش هیچ دوودڵیەکی تێدا نیە کە ئەم وتەیە دەرخەری نەفامی و نەزانی خاوەنەکەیەتی بە قورئانی پیرۆز و تێنەگەشتنە لە شێوازەکانی و نازانم چۆن وەڵامی ئەم ئایەتانەی داوەتەوە : ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ﴾ (البقرة: ١٨٩)"پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە نوێبونەوەی مانگەکان"[٢]. و ﴿يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ ﴾ (البقرة: ٢١٥)"پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە وەی دەیبەخشن . "[٣]، هەروها ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ﴾ (البقرة: ٢١٧) "وە پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە مانگە حەرامکراوەکان . "[٤]

وە ئایا ئەو وەڵامانەی دوای ئەم ئایەتانە هاتوون بەبێ هۆ هاتون؟ بەڵکو خۆزگە بمانزانیایە چ دەڵێن سەبارەت بە ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ ..﴾ (المجادلة: ١) ، واتە"خوای گەورە وتەی ئەو ئافرەتەی بیست کە گفتوگۆی بوو لەگەڵتدا سەبارەت بە هاوسەرەکەی و گلەیی و هانای بۆ لای خوا هێنابوو . "[٥]

ئایا ئەمە بێ هۆکار دابەزیوە؟ نەخێر بەڵکو سوێند بەخوا تەنها بۆ نکۆڵیکردنە لە ڕیوایەت و وەرنەگرتنی سوننەت وادەکەن بەهەر ڕێگەیەبێت، چونکە داننان بە

(١) تفسير القرأن ص ١٣٤ ، هەروەها لای برویز لة كتێبی (شاهكار رسالت) ص ٢٥ .
(٢) سورة البقرة ، اية ١٨٩ .
(٣) سورة البقرة ، اية ٢١٥ .
(٤) سورة البقرة ، اية ٢١٧ .
(٥) سورة المجادلة ، اية ١ .

هۆکاری دابەزینی هەندێ لە ئایەتەکان شتێکە قورئان پشتگیری دەکات و هەندێ ئایەت ئاماژەی بۆ کردووە و نکۆلێکردن لێی نکۆلێیە لە حەقیقەتێك کە قورئان جێگیری کردوە.

سەبارەت بەو هۆکارەی کە دەڵێن حوکمەکانی قورئان گشتگیرن و هەموو دروستکراوەکان دەگرێتەوە، و تایبەت نەکردنی لەسەر ئەو کەسانەی کە ئایەتەکەیان لەسەر دابەزیوە، ئەمەش جگە لە بەلاڕێدا بردنێکی سادەو ساکار و نەبونی هیچ پەیوەندیەکی بە زانستە ئیسلامیەکانەوە هیچی تر نیە، لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە زانراوە لەنێو زانایانی ئیسلامدا کە نابێ ئەو حوکمانە کورتبکرێتەوە تەنها لەسەر ئەو کەسانەی کەلەسەریان دابەزیوە، بەڵکو حوکمەکە بۆ ئەوان و هاوشێوەکانیانە لەگەڵ باسکردنی هۆکاری دابەزینەکەی بەتێکڕای زانایان و بۆیە کردەوە بە وتە گشتیەکە دەکرێ نەك هۆکارە تایبەتەکەی. [1]

(١) مناهل العرفان ج ١ ص ١٢٦.

بنچینەی دووەم
پشت بەستنی تەواو بەزمانی عەرەبی:

پشتبەستنی تەواو بە زمانی عەرەبی بۆ تێگەشتن لە قورئانی پیرۆز کە مەبەست وەرگرتنی بیروبۆچوونێکی دیاریکراونەبێت، لەماوەی بەدواداچوونمدا بۆ تەفسیر و ڕونکردنەوە جۆراوجۆرەکانی بەناوقورئانیەکان بۆم دەرکەوت کە ئەوان تەنها پشت بە زمانی عەرەبی دەبەستن بۆ تێگەشتنیان لە قورئان و ڕونکردنەوەی بۆ خەڵکی، تەنانەت لە زاراوە گواستراوەکان و ئەوانەی کە شەرع تایبەتی کردون زانیاریەکەی دەخەنە سەر یەك بابەتی دیاریکراو، وەك تەواف و نوێژ بۆ نمونە، کە هەندێ لە بەناوقورئانیەکان بەئاشکرا ئەم ڕێگەیەی گرتوەتەبەر و هەندێکیش بە ناڕاستەوخۆ.

بۆیە الحافظ أسلم بە کەموکوڕی و عەیبەی دەزانێت کە موفەسیرین ئەم ڕێگەیان نەگرتوەتەبەر و دەڵێت: "ڕاڤەکارانی قورئان بەدواداچوون لەشتانی تر زیاتر دەکەن تا قورئان...، و ئەگەر تێڕامێنین لە قورئانی پیرۆز بە چاوێکی بەصیرەتەوە بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرایی دەبینین و لەخودی خۆیدا ڕاڤە و چارەسەری هەموو شتێك و ڕونکردنەوەی زاراوەکانی تیایە....، وە هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەشتن لە زمانی عەرەبی و ئەگەر کەسێك عەرەبی بزانێ لەقورئان تێدەگات بەبێ یارمەتی هیچ زانستێکی تر." [1]

---

(١) گۆڤاری (طلوع اسلام) لاپەڕەی ٢٩ ژمارەی مانگی چواری ١٩٣٩م.

وە خوێنکارەکەی پەرویز ئەم بیرۆکەیەی جێبەجێکرد لە ڕوونکردنەوە جیاوازەکانی بۆ قورئانی پیرۆز، کەبە دانانی پەرتوکی (لغات القران) دەستی پێکرد و پاشان دەستی کرد بە ڕونکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی بە پشت بەستن بە پەرتوکە زمانەوانیەکان، پاشان پەرتوکی (مفهوم القران)ی دانا لەژێر ڕۆشنای ئەوەی تۆماری کردبوو لە کتێبی (لغات القران) و بەدوای ئەمیشدا پەرتوکی (مطالب الفرقان)ی دانا بۆ ڕونکردنەوەی فەرمانەکانی خودا، وە لە کۆتاییدا پەرتوکی (تبویب القران)ی دانا بۆ گومڕاکردنی ئومەت کە هاوشێوەی فەرهەنگێکی گەورەیە بۆ ڕونکردنەوەی زاراوەکانی قورئان و ڕاڤەکردنی حوکمەکانی بەپێی بۆچوونی بەناو قورئانیەکان.

لەسەر ئەم ڕێبازە زمانەوانیە زۆربەی بەناو قورئانیەکان نکۆڵیکردنی زۆرینەی بابەتە شەرعیەکانیان بنیاتنابوو لەسەر سود وەرگرتن لە زاراوانەی کە شەرع تایبەتی کردوون بۆ شتێکی دیاریکراوی وەکو نوێژ و زەکات و سوڕانەوە بەدەوری کەعبە و هاوشێوەکانیان، کە لێرە هەندێ نمونە دێنینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێبازەکەیان:

١- ڕاڤەکردنیان بۆ نوێژ:

نوێژ لەڕووی زمانەوانیەوە واتە پاڕانەوە و لێرەشەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو شەرع بۆ ئەو کردەوە و وتانەی کە لەسەر شێوەیەکی دیاریکراوی تایبەت ئەنجامدەدرێن و بە (الله أكبر) دەست پێدەکات و بە سەلامدانەوە کۆتایی دێت، کە ئەم کۆمەڵەی بەناو قورئانیانە دان نانێن بەم ڕاستیە شەرعیەدا، بەڵکو تەنها وشەکە دەیگێڕنەوە بۆ زمان

و بەڵگەی فەرهەنگەکانی زمانی بۆ دێننەوە، نور ئەحمەد عەرەب[١] فەرهەنگی لسان العرب دەکاتە پشگیری بۆچوونەکانی ودەڵێت: "نوێژ سۆزو بەزەییەکە لەلایەن خواوە و لەسەر دروستکاوەکانی خوا و فریشتەکان و جنۆکە و مرۆڤە تەنها بوەستن و ڕکوع بەرن و بپارێنەوە و تەسبیحاتی خوا بکەن و ئەمە واتای نوێژە بە پێی ناوەڕۆکی قورئان." [٢]

٢- ڕاڤەکردنی واتای سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا (تەواف):

بەڕێوەبەرایەتی بەلاغی قورئان لە ڕونکردنەوەی وشەی تەوافدا دەڵێن: "تەواف مانای سوڕانەوە نیە بەدەوری کەعبەدا، بەڵکو واتا و مەبەست لە تەواف بریتیە لە گەڕان و سەردانکردن لەکاتێکەوە بۆ کاتێ تر[٣] چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُمْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾ (النور: ٥٨). واتە: "هیچ تاوانێك لەسەر ئێوە و ئەوانیش نیە کە بگەڕێن لەناو یەکداو بچن بۆ لای یەکتری." [٤]

وە هەرسێ بەرگەکەی کتێبەکانی وەرگێڕانی قورئان لەلایەن عبدالله و باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین، چونکە بەدەگمەن ئەگینا یەك پەڕە لە پەڕەکانی

---

(١) یەکێکە لە بانگخوازە چالاکەکانی کۆمەڵەکەی عبدالله و بەشداریەکی کارای هەبووە لە بەرگریکردن لە بۆچوونەکانی و پشتگیری حیشمەت عەلی کرد بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم کۆمەڵەیە و لە ساڵی ١٩٢٧ زاینیەوە پەیوەندی پێوە کردن و لەساڵی ١٩٣٤ بووبە ووتەبێژی ڕەسمییان دوای دەرکردنی حیشمەت علی لە کارەکەی بەهۆی گەندەڵی داراییەوە و لەکۆتای چلەکان مردووە.

(٢) سەیری پەرتوکی (برهان القرأن) ی محمد فاضل سیالکوتی بکەن لاپەرۆ ٤٥.

(٣) پەرتوکی (فریضة الحج) لاپەڕەی ١٦. وە سەیری گۆڤاری (بەلاغی قورئان) بکەن ژمارەی مانگی یەکی ١٩٧٥ زاینی.

(٤) سورەتی (النور) ئایەتی ٥٨.

بەتاڵ نیە لەگەڕانەوەی وشەیەك بۆ لای فەرهەنگێکی زمانەوانی یاخود بنچینە و یاسایەکی ڕێزمانی نەهێنابێ بۆ بەدەستهێنانی شتێکی شاراوە کە بیەوێ لە قورئانی پیرۆزەوە وەریبگرێت.

بۆ گفتوگۆی ئەم بنچینەیان دەڵێین: پشتبەستن بە زمان بۆ ڕاڤەکردنی قورئان زۆر کۆنە، بەڵام دەبێ ڕونکردنەوەی قورئان لەسەر ئەم ڕێبازە ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن کە هەموو مەرجەکانی تێدا بێت لە بنەماکانی ڕێبازی دیرایەت کە پێشتر باسمان کرد. هەرچەندە بەناوقورئانیەکان هیچ مەرجێ لەو مەرجانەیان تێدا نیە، و زۆربەیان لە نەتەوەی غەیرە عەرەبن و توانای خوێندنەوەی تەنها یەك دێڕی عەرەبیان نیە لەسەر شێوازە ڕێزمانیەکەی. ئەمە جگە لە تەواوی مەرجەکانی تر کە توانای دەست خستنیان نیە لەلایەن ئەو جۆرە کەسانەوە کەلەم لێکۆڵینەوەیا باسیان کراوە.

جا لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم کە هیچ بێباوەڕیەك لە تەفسیری قورئاندا بەم شێوەیە زمانەوانیە لە سەدەکانی پێشودا نەبوە و هیچ کەس بانگەشەی گەڕانەوەی زاراوە شەرعیەکانی نەکردووە بۆ لایەنە زمانەوانیەکەی، بەڵکو بێباوەڕانمان بینیوە تەنها ماناکەیان دەگۆڕی بەبێ ئەوەی هیچ کەسیان بانگەشەی گەڕانەوەی وشەکانی کردبێت بۆ لایەنە زمانەوانیەکەی وەك چۆن بەناو قورئانیەکان دەیکەن.

❁❁❁

بنچینەی سێیەم
بێباوەڕی و گۆڕین و بڕیاردانی ژیری لە مەبەستی خودا

بێباوەڕی ئیلحاد و گۆڕین و بڕیاردانی عەقڵ بۆ مەبەستی خودا بەبێ وردبونەوە لە زمان، و واتا ئاشکراکانی وشەکان لە زماندا، بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەیەکی دیاریکراوە کە بەناو قورئانیەکان دەیگرنە بەر بەپێی هەوا و ئارەزویان لە قورئانی پیرۆزدا، و کردنە بەڵگەی ئایەتەکان بۆیان بەهۆی گۆڕین و لادانی واتاکانی، و وازهێنان لەو تێگەشتنەی کە موسوڵمانان لەسەرین بۆ ئەو ئایەتانە بۆماوەی سیازدە سەدە لەماوەی پێشودا، وەك گۆڕینی واتای ئەو ئایەتانەی کەباس لە گوێڕایەڵی پەیامبەرﷺ دەکەن لە دروشمە ئاینیەکاندا، و بێباوەڕن پێی و بە ڕاڤەکردنی (الرسول) بە قورئان بەو پێوەرەی کە نێردراوی نێوان خوداو دروستکراوەکانی بووە، وە گوێڕایەڵیکردن پەیوەست دەکەن تەنها بەو کەسانەی کە لەسەردەمی خۆیدا بینیویانە، لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵیکردن تەنها بۆ کەسی زیندووە، هەتا دەگات بە گۆڕینی واتاکان و بێباوەڕیەکانی تریان کە لە بەشی (گومانەکانیان سەبارەت بە سونەت) بە ووردی پێیدا تێپەڕین.

هەروەها وەك بیرۆکەی (بنکەی میللەت) و پەیڕەوی حیزبی تەنها لە دەوڵەتدا و بێبەها و سووك کردنی بەرهەڵستکارانی بە بیانوی دژایەتی دینەوە و بیرۆکەی (سیستەمی ئابوری قورئان) و گواستنەوەی سەرجەم ڕێگاکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوە زیندەگیەکان بۆ لای حیزبی دەستەڵاتدار بۆ ئەوەی بتوانن زامنی

داواکاریەکانی ژیانی خەڵکەکەی بکات بۆیە لێرەوە دەچینە سەر ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی قورئانیەکان سەبارەت بە بنکەی میللەت و سیستەمی ئابوری قورئان.

١- بیرۆکەی بنکەی میللەت:

یەکەم کەس کە ئەم دەستەواژەی بەکار هێناو هەوڵی بۆدا الحافظ محمد أسلم بوو، کە وتی "مەبەست لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرﷺ کەلە قورئاندا هاتووە لە ئایەتی: ﴿أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ﴾ (الأنفال: ٢٠). واتە: "گوێڕایەڵی خواو پەیامبەرﷺ بن و پشتی تێمەکەن"[١] بریتیە لە گوێڕایەڵی بنکەی میللەت"[٢]

وە ئەم واتایە لە شوێنێکی تر دوبارە دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەو بڕیارانەی کە هاتوون بۆ گوێڕایەڵی پەیامبەرﷺ تەنها لەخۆیدا کورت هەڵنایە، و تەنها پەیوەست نیە بە محمدەوەﷺ، بەڵکو هەموو خەلیفەکان دەگرێتەوە کەلە دوای خۆی هاتوون و گوێڕایەڵیکردنیان گوێڕایەڵی پەیامبرە ﷺ و گوێڕایەڵی پەیامبەریش ﷺ گوێڕایەڵی خوایە و ئەو حوکمانەی سەبارەت بە گوێڕایەڵی پەیامبەر ﷺ هاتوون لەقورئاندا مەبەست لێی گوێڕایەڵی پێشەوا و بنکەی میللەتە"[٣].

هەرچەندە الحافظ سنورەکان و ئەرکەکانی بنکەی میللەتی کە پێی جیادەکرێتەوە لە جگە لە خۆی ڕوون نەکردوەتەوە و ڕڕونکردنەوەکەی جێهێشتوە و پشتگوێی خستوە، قوتابیە زیرەکەکەی پەرویز ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ بە ڕوونکردنەوە و وێنا کردنی ئەرکەکانی، سیفەتەکان و سنورەکانی ڕوونکردەوە و هەموو ئەوەی کەدەستەڵاتدارانی سیستەمە بەناو ئیسلامیەکەیان چێژی لێدەبینن باسکرد، لەم

---

(١) سورەتی الانفال ئایەتی ٢٠.

(٢) پەرتوکی (نکات القرأن) لاپەرە ٧٩.

(٣) پەرتوکی (مقامی حدیب) لاپەرە ١٤٤.

بارەیەوە پەرویز دەڵێت: "بنکەی میللەت بەرزترین دەستەڵاتە لە دەوڵەتدا کە قورئان حوکمی دەکات و لایەنی جێبەجێکەری بڕیارەکانی قورئانی پیرۆزە کە ئەمەش ئەوەیە کەلەسەردەمی پەیامبەرﷺ خۆیدا دامەزراوە و پاشان لەسەردەمی جێنیشینەکانیدا بە پێی سوونەت بوو کە ئەمەش ئە وێنە مەبەستدارەیە لەلامان بۆ ئیسلام و ناوی دەنێین دەسەڵاتی قورئانی یاخود سیستەمی ئیسلامی یان حکومەتی ئیسلامی یان دەستەڵاتی مەرکەزی یاخود بنکەی میللەت"[1].

پاشان کارەکانی ئەم دەسەڵاتەی ڕوون کردەوە و وتی: "کتێبی خوایی یاسایی ڕێنمونین بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەتا هەتایە و لەبەر ئەوەی جگە لە بنچینەکان هیچی تری تێدا نیە و مافی دیاری کردنی وردەکاریەکانی ئەم بنچینانەی داوەتە دەست دەستەڵاتی ئیسلامی، کە دەستەڵاتێکە مافی دیاریکردنی وردەکاریەکانی لە ئەستۆدایە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، بنچینەکان ناگۆڕێن و گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، بەڵام وردەکاریەکان بەپێی بارودۆخەکان گۆڕان و گۆڕانکاری هەڵدەگرن و هەرکات توانرا ئەو بنەما جێگیر و وردەکاریە گۆڕاوانە پێکەوە کۆبکرێتەوە ئەوا سیستەمی ئیسلامی بەبەردەوامی و بۆ هەمیشەی دەمێنێتەوە"[2].

وە لە پەرتوکی (شاهکار رسالت)دا دەچێتە نێو باسکردنی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی ئەو بنکەیە و دەڵێت: "ئەگەر دەستەڵاتی ئیسلامی وای ببینێ کە ڕێگری لە کارێك بکا بۆ هەلومەرجێکی تایبەت کە قورئان ڕێگەی دابێت ئەوا دەتوانێت، بەڵامە نابێت ڕێگریەکە بۆ هەمیشەی بێت، وە هەروەها سیستەمە ئیسلامیەکە مافی هەیەکە

(١) پەرتوکی (قرأنی) بەرگی ٢ لاپەرە ٢٢١.

(٢) پەرتوکی (شاهکار رسالت) لاپەرە ٨٤.

ئەو شتەی قورئان تایبەتی کردوە تایبەتی بکات و مەرج دابنێ بۆئەوەی لەو تایبەتکراوەدا هاتوە بەبێ هیچ مەرجێك بۆ ئەو سەردەمەی کە خۆی پێی ئاسودە دەبێت و هەروەها یەکێکی تر لە مافەکانی دەتوانێ هەندێ بڕیاری قورئان لەکار بخات "[1].

بە پێی ئەو وتانەی پێشوو بنکەی میللەت ئەم تایبە تمەندیانەی هەیە :

١ـ ئەو ئایەتانەی باس لەگوێڕایەڵی خوا و پەیامبەر ﷺ دەکەن مەبەست لێی گوێڕایەڵی بنکەی میللەتە لە ئێستادا .

٢ـ بنکەی میللەت ئەو سیستەمەیە کە بەپێی قورئان حوکم دەکات ، و هاوشێوەی ئەو ژیانەیە لەسەردەمی پەیامبەرﷺ و جێنشینەکانیدا بوە .

٣ـ لە دەستەڵاتەکانی ئەم بنکەیە کە بڕیارێکی شەرعی دەربکات بۆ ئەو کارانەی لە قورئاندا نەهاتوە بەبێ ئەوەی پەیوەست بێت بە بنەواکانی تری پێش خۆی .

٤ـ ئەو دەستەڵاتەی کە جێی دەگرێتەوە لەدوای خۆی مافی هەیە کە پێچەوانەی سیستەمە قورئانیەکەی پێش خۆی بکات لەو بڕیارانەی کە بەهۆی بەرچاوڕۆشنی خۆیەوە دیاری دەکات .

٥ـ ئەم سیستەمە قورئانیە دەتوانێ کاری حەرامکردن و ڕەهاکردن و تایبەتکردن ئەنجام بدات بۆ ئەو کارانەی کە وای دەبینێ گونجاوە بۆ سەردەمی خۆی لە حوکمە قورئانیەکان .

لە گفتوگۆی ئەمانەدا دەڵێین : بۆکەسێ کە مەبەستی دەستخستنی ڕاستی بێت گران نیە کە گەڕان و بەدواداچوون بکات لەسەر ئەم بابەتە ئەویش بەگەڕانەوە بۆ

(١) پەرتوکی (شاهکار رسالت) لاپەرە84٠ .

کتێبەکەی خوا لەو ئایەتانەی کەباس لە گوێڕایەڵی خواو پەیامبرەکەی ﷺ دەکەن: ﴿ أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنْتُمْ تَسْمَعُونَ﴾ (الأنفال: ٢٠). واتە: "گوێڕایەڵی خواو پەیامبەرەکەی بکەن و پشت لە فەرمانەکانیان مەکەن لەکاتێکدا دەیانبیستن." [١]

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴾ (النور: ٥٤) واتە: "بێبان بڵێ گوێڕایەڵی خواو پەیامبەرەکەی بکەن و ئەگەر پشتی تێ بکەن و ئەو تەنها فەرمانی خوای لەسەرەو ئێوەش سەرپێچیەکەتان لەسەر دەمێنێت و ئەگەر گوێڕایەڵی بن ئەوا هیدایەت دەدرێن و ئەرکی سەرشانی پەیامبەریش تەنها گەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرایە." [٢]

وە دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ﴾ (الجن: ٢٣). واتە: "هەرکەس بێفەرمانی خواو پەیامبەرەکەی ﷺ بکات ئەوا سزای دۆزەخی بۆ هەیە کە بۆ هەتا هەتاییە دەمێنێتەوە." [٣]

وە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ لَمْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا﴾ (الفتح: ١٣). واتە: "هەرکەس باوەڕی بە خواو پەیامبەرەکەی ﷺ نەبێ ئەوا دۆزەخمان بۆ بێباوەڕان ئامادە کردووە." [٤]

---

(١) سورەتی الانفال ئایەتی ٢٠.

(٢) سورەتی النور ئایەتی ٥٤.

(٣) سورەتی الجن ئایەتی ٢٣.

(٤) سورەتی الفتح ئایەتی ١٣.

ئەو کەسە ئەو ئایەتانە بخوێنێتەوە بۆی ڕون دەبێتەوە کەناکرێ و نابێ ئەو ئایەتانە بکرێنە بەڵگە بۆ ڕەواجدان بە بنکەی میللەت، هەرچەندە ئەمانەو هاوشێوەکانیان بەو شێوەیە ڕاڤەی بکەن و بیانەوێ سیستەمی بەهێزی شورای ئیسلامی هەڵگێرنەوە بۆ دکتاتۆریەتی تاکحزبی، کە هیچ وتە و پێکانی بۆچونێك هەڵناگرێت کە بڵێی هەرکەس پێچەوانەی بنکەی میللەت بکات کافر دەبێت و چارەنوسی بۆ دۆزەخ دەبێت وەکو چۆن ئایەتەکان ئاماژەی بۆ دەکەن.

ئەی چۆن جێبەجێکردنی ئیسلامان بۆ ڕون دەکەنەوە لەم سالانەی دوایدا؟ ئایا ئیسلام دوور دەخەنەوە لە گۆڕەپانی کرداریدا هەتا کاتی هەڵبژاردنی بنکەی میللەت بە هەڵبژاردن و دەنگدانی هەموو موسوڵمانان؟ یاخود لەهەر دەوڵەتێ بنکەی میللەتی تایبەت بەخۆی هەبێ و لەسەر موسوڵمانان واجب بێ گوێڕایەڵی بکەن؟

پێم وابێ یەکەم کەس کە بیرۆکەی بنکەی میللەتی داهێنا خواجە احمد الدین بوو بە بێ ناوهێنانی بەو ناوە، لەکاتی ڕاڤەکردنی بۆ ئایەتی ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (آل عمران: ١٣٢). واتە: "گوێڕایەڵی خواو پەیامبەرەکەی ﷺ بن ڕەحمتان پێ دەکرێت."[1]. وتی: "پێویستە کە پەیامبەری خوا ﷺ کاربەدەستی یەکەم بێت لە دەوڵەتدا بۆ بەهاناوە چوونی مالی هەژاران...، پاشان ئەم کاربەدەستی و گوێڕایەڵیکردن دریژ دەبێتەوە بۆ سەرجەم ئەوانەی کە لەدوای خۆی هاتوون لە جێنشینەکانی و کاربەدەستان هەتا ڕۆژی دوایی، گوێڕایەڵی

(١) سورەتی آل عمران ئایەتی ١٣٢.

فەرمانەکانیان گوێڕایەڵی پەیامبەرە ﷺ و بێفەرمانی کردنیان وەکو بێفەرمانیکردنی پەیامبەرە لەسەردەمی خۆیدا. "[١]

لەڕاستیدا ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتانە بەو بیرۆکەیە تەفسیرێکی شاز و نامۆیە، هیچ کەس لە پێشینان لە هاوەڵان و شوێنکەوتەکانیان و ئەوانەی دوای ئەوان هاتوون بەدرێژای سیانزە سەدەی ڕابردوو دەستپێشخەری وایان نەکردووە، کوا بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی پەیامبەرﷺ حوکمی دەوڵەتی ئیسلامی کردوە بەپێی سیفەتەکانی بنکەی میللەت و کوا بەڵگەکان بۆ ئەم بانگەشەیە، ئایا کام لە جێنشینەکانی لەدوای خۆی لەکاتی دەستەڵاتدا بانگەشەی دامەزراوەی میللەتیان کردووە؟

بۆیە هیچ ڕاستیەك لە بانگەشەکەیاندا نیە بەوەی خولەفای راشیدین تەنها حوکمیان بە قورئان کردبێ و ئەگەر بێت و پرسیار لەم کەسانە بکەین سەبارەت بە ڕاجیای هاوەڵان لەسەر خەلافەت دوای وەفاتی پەیامبەرﷺ، ئایا حوکمیان بە قورئان یان بە سونەت کردووە؟ ئایا هاوەڵان پەلەیان نەکرد لە جێبەجێکردنی وتەی پەیامبەر ﷺ کە فەرمووی بەبەردەوامی ئەم کارە بەدەست قوڕەیشەوە دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی کەس نەمێنێ تەنها دوو کەس نەبێ"[٢].

ئایا هیچ بەدواداچوونێکیان نەکردووە بۆ دەقێکی قورئانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە ئەمەش بووهتانێکی گەورەیە بۆ ئەو کەسە پاك و چاکەخوازانە.

جا ئەوەی نامۆییە ئاخۆ ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو دامەزراوەیە و ئەندامەکانی چۆنە؟ ئەوەی پەیوەستە بەم هەڵبژاردنەوە لەیەکێ لەم سێ ڕێگە تێناپەڕێت: (بە دەقێکی

(١) پەرتوکی (تفسیر بیان للناس) بەرگی ٢ لاپەڕەی ١٠٠٠.

(٢) مسلم بەرگی ٦ لاپەڕەی ٣ ، وە دارمی بەهەمان واتا بەرگی ٢ لاپەڕەی ٢٤٢.

خوایی دیاری کرابێ، هەڵبژاردنی لەلایەن موسوڵمانانەوە، یاخود مافدان بەوەی که بەزۆر هاتوەتە سەر کورسی دەستەڵات).

ڕێگەکانی دیاریکردنی خوایی نەماوە لەبەر پچڕانی سروش بەهۆی وەفاتی پەیامبەرﷺ وە ناشتوانرێ لەڕێگەی هەڵبژاردنی موسوڵمانانەوە دیاری بکرێ لەبەر ئەوەی بارودۆخی موسوڵمانان لەم سەردەمەدا بەوشێوەیە نیە کە خوا پێی ڕازیبێ بەلای ئەوانەوە چونکە لەدوای سەردەمی خولەفای ڕاشیدین ئیسلامی ڕاست و دروست نەماوە[1]، وەکو چۆن ژیانی موسوڵمانانی سەردەم هەمووی پلانگێڕی غەیرە عەرەبەکانە[2].

وە ئەگەر گەشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەهیچ کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دەستگرتوو بە قورئانمان نەبێ وەکو بەناو قورئانیەکان دەیانەوێت، کەوایە دیاریکردنی ئەو دامەزراوە خەیاڵیەش لەڕێگەی هەڵبژارنەوە نایەتەدی و هیچ ڕێگەیەك نامێنێتەوە جگە لە هەڵبژاردەی سێیەم کە دەستخستنی کورسیە لەریگەی دەستبەسەراگرتن و سەرکەوتنە بەسەر بەرامبەردا کەئەمەش بەهانەیەکی دروستە بۆ وێناکردنی ئەو گرتنە دەستی دەستەڵاتەی کە بەشێوەی شۆڕش و کودەتای چەکداری لە پاکستان ڕویدا بۆ ڕازیکردنی بەرهەڵستکارەکانی و ڕەنگردنی بە ڕەنگێکی ئاینی و پاشان ڕاکێشانیان بۆ نێو ڕیزەکانی بەناو قورئانیەکان و بردنی بەخششەکان لێیان بۆ ڕوخاندنی ئیسلام.

---

(١) بەرتوکی (مقام حدیث) لاپەڕەی ٢٧.

(٢) بەرتوکی (شاهکار رسالت) لاپەڕەی ٤٤٦، ٥١٠.

وە سەبارەت بەوەی ئەم دامەزراوەیە دەچێتە نێو کایەی شەرعەوە و دەتوانێ حەرام و رەهای و تایبەتمەندی بکات بۆ کارەکان، کارێکی دژیەکی بانگەشەی قورئانی پیرۆزە و ئیسلام دانی پێدا نانێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣). واتە: "ئەمرۆ ئەو دینەم بۆ تەواو کردن و بەخششەکانم بەتەواوی بەسەدا رژاندن و رازیم بەوەی تەنها ئیسلام ئاینتان بێت"[1].

ئەی چۆن دەبێ قورئان ئەم بانگەشەیە بکات بە تەواوی دین و لەهەمانکاتدا دامەزراوەیەکی وەها بڕیاردەر لە شەرعدا بوونی هەبێت.

دەوترێ بڕیارە تەشرعەکانی ئەم ناوەندە لەبەر تەواوکردنی پێویستی و بارودۆخەکانی سەردەمە، هەرچەندە گۆڕینی حوکمەکانی ئیسلام بەپێی کات و سەردەم هەر لە بنچینەوە پێوەرەکانی دین هەڵدەگێڕێتەوە لەبەر ئەوەی دین هاتوە بۆ خۆ گونجاندن بەپێی کات و گۆڕانکاریەکان بەڵکو دەبێ خەڵکی لەگەڵ دین بگونجێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾ (آل عمران: ٣١). واتە: "ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێ ئەوا شوێنی من بکەون و خوا خۆشی دەوێن."[2]

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر گوێڕایەڵی پەیامبەر ﷺ و دەبێ ڕوودا و پێشهاتەکان بەپێی شوێنکەوتنی پەیامبەر ﷺ هەڵسەنگێنین و ئەمەش داواکاری سەرەکی پەیامی ئیسلام و پەیامبەرەکەیەتی.

---

(١) سورەتی المائدە ئایەتی ٣.

(٢) سورەتی آل عمران ئایەتی ٣١.

وەك پێشتر ووتمان ڕاڤەکردنی گوێڕایەڵی خواو پەیامبەر ﷺ لەلای ئەم دامەزراوەوە کارێکی سروشتی بوو بۆ نکۆڵیکردنی سوونەت لە بڕیاردان و ڕونکردنەوەی وردەکاریەکانی دین، بۆیە گەڕان بەدوای جێگرەوەی سونەتدا بۆ ئەوەی خۆیانی لێبێبەری بکەن بۆیە کۆمەڵەی (بلاغ القران) قورئانی پیرۆزیان کرد بە بەڵگە بۆ هەموو ئاکارێکی گەورە و بچووك، وە لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی (طلوع اسلام) ماناکانیان گۆڕی بۆ ڕەواجدان بۆ دامەزراوەی میللەت، کەئەمەش گۆڕینێ خراپ و هەڵبژاردنێکی بێبەهابوو.

خاوەنی پەرتووکی (الحلال و الحرام) مافی بڕیاردانی شەرعی ڕونکردەوە و وتی: "هەموو شارەزایانی ئیسلام بە دڵنییایەکی تەواوەوە دەریانبڕیوە کە تەنها خوای گەورەیە خاوەنی حەقە بۆ حەرامردن یان حەڵاڵ کردن لە کتێبەکەیدا، یاخود لەسەر زمانی پەیامبەرەکەی ﷺ ، و ئەوان تەنها کاری گرنگیان لە ڕوونکردنەوەی حوکمی خوا تێبەڕی نەکردووە لە حەرام و حەڵاڵ : ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ﴾ (الأنعام: ١١٩). واتە: "بۆمان ڕوونکردونەتەوە ئەوەی کە لەسەرتان حەرامکراوە"[١]. وە کاریان بریتی نەبوە لە بڕیاردانی تەشریعی بۆ خەڵکی لەوەی کامە ڕێپێدراوە و کامەیان ڕێپێدراو نیە"[٢].

سەبارەت بەوەی کە سیستەمی ئیسلامی پێشنیارکراو لەسەری نەبێ شوێن بڕیارەکانی کۆمەڵگەی قورئانیەکانی پێشووی بکەوێت و بڕیارەکانیشی بۆ ڕژێمی دوای خۆی فەرمان نەبێ، خۆی لەخۆیدا وتەیەکی ترسناکە کە لە پشتیەوە

(١) سورەتی الأنعام ئایەتی ١١٩ .

(٣) يوسف القرضاوي ، لاپەرە ٢٤ .

شەڕێکی شاراوە و پارچەپارچە کردنێکی ڕوخێنەری کۆمەڵگەی موسوڵمانانە کە دەبێتە شتێکی مەحاڵ هەمووی یەکگرتوو بێ و لەژێر یەك ئاڵادا کۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان جیاوازن لە تێگەشتن بۆ دەقەکان و مەبەستەکانی ئەو دەقە و کەس لەتوانایدا نیە دەستبگرێ بەسەر عەقڵەکاندا بۆ یەکخستنیان لە تێگەشتنی دەقەکانی ئیسلام. کە هەر بەناو قورئانیەکان خۆیان یەکەم کەس بوون تووشی ئەم دووبەرەکیە هاتن، لەبەر ئەوەی یەکڕا نەبوون لەسەر ژمارەی نوێژە فەرزەکان لەنێو خۆیاندا هەتا ڕۆژی دوای و سەرەڕای یەکڕانەبوون لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی ڕکاتەکانی، ئیتر چۆن هیوامان هەبێت ڕێك بکەون لەسەر دامەزراندنی بنکەی میللەت و ئەو شتانەی پێشوو کە باسمان کرد.

بەڵکو هەموو ئەمانە بۆ ونکردنی وەرەقەکان و ڕەشکردنی پەڕەکان و ڕازیکردنی کاربەدەستان بوو بۆ دەستخستنی مەرام و خەیاڵەکانیان و گەشتن بەو ئامانجانەی دیاریکراوە و دارێژراون بۆ ڕووخانی ئیسلام.

٢- بیردۆزی سیستەمی ئابوری قورئان[١] (هاوبەشی مالّی):

پەرویّز لە ڕاڤە و ڕونکردنەوەی مەبەستەکانی ئەم بیردۆزەدا دەڵێت:

(واجبە لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی کە وەڵامی هەموو داواکاریەکانی خەڵکەکەی بداتەوە (هیچ زیندەوەرێك لەسەر زەویدا نیە ئیللا لای خواوە ڕزقەکەی دیاری نەکرابێت.)[٢] وەپێی ئایەتیّ حکومەت هەموو داواکاریەکانی خەڵکەکەی دەگرێتە خۆی کە دەفەرمویّ (ئێمە ڕزقی ئێوە و ئەوانیش دەدەین.)[٣][٤]

وە لەجێگەیەکی تردا دەڵێت: (لەژێر سێبەری ئەم سیستەمە (سیستەمی ئابوری قورئان)دا بەهیچ شێوەیەك کۆکرنەوەی پارە ڕێگە پێدراو نیە و سزایەکی توند چاوەڕێی ئەوانە دەکات کە کۆی دەکەنەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (التوبة: ٣٤). واتە: (ئەوانەی کە زێڕو زیو کۆدەکەنەوە و لەپێناوی خوادا نایبەخشن ئەوا موژدەی سزایەکی بەئازاریان پێبدەن)[٥]. وە لەم سیستەمە قورئانیەدا نابێت پارەی زیادەو ناپێویست لەدەستی خاوەنەکانیاندا بمێنێتەوە و ناکرێ وێنای خاوەندارێتی تاك بکەین لەژێر دەستەڵاتی ئەم سیستەمەدا، بەڵکو زەوی و سەروەت و سامانەکان و کارگەکان و و بازرگانی هەمویان گشتین و لەژێر دەستی دەستەی

---

(١) قرآنی فیصلی ج ٣ لاپەڕە ١٥١.

(٢) سورەتی هود ئایەتی ٦.

(٣) سورەتی الّسراو ئایەتی ٣١.

(٤) قرانی قوانین لاپەڕە ٥٥.

(٥) سورەتی التوبة ئایەتی ٣٤.

پاشایاندایە و تەنانەت ئەم سیستەمە دەتوانێت هەڵسێت بە دابینکردنی ئەوەی خەڵك پێویستیەتی)[١].

وە جەخت لەم واتایە دەکاتەوە لە پەرتوکی (قرانی قوانین) و دەڵێت :(بنچینەی ڕێگاکانی بەرهەمهێنان بریتیە لە زەوی و هەڵسان بە ئەرکی بەخشینی زەکات بە کۆمەڵگە لە سەرەتایترین ئەرکەکانی دەستەڵاتی موسوڵمانانە، و دەوڵەت ناتوانێت بەم کارە هەڵسێت تەنها لەڕێگەی گواستنەوەی ئەم ڕێگەی بەرهەمهێنانە لەدەستی تاکەکەسەوە بۆ دەستی کۆمەڵ و خاوەندارێتی زەوی دەکەوێتە دەست حکومەت و هەڵسوکەوتی پێوە دەکات بەوەی گونجاوە بۆ دابینکردنی داواکاریەکانی هەموو ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتیە. . . ، وە لەژێر سایەی ئەم سیستەمەی ئیسلامدا ناکرێت پارەی ناپێویست لە دەستی خاوەنەکانیاندا بمێنێتەوە، وە ناکرێ وێنای هەبوونی خاوەندارێتی تاکەکەسی بکرێت بۆ ئەوکەسانەی لەژێر دەستەڵاتی ئەم حکومەتەدا دەژین. بەڵکو هەموو زەویەکان و پارەکان و کارگە و بازرگانیەکان گشتین و دابەشدەکرێن لەژێر هەڵسوکەوتەکانی دەستەڵاتێکی هاوبەشدا بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت پێداویستیەکانی خەڵکی دابین بکات)[٢].

---

(١) قرأنی قوانین لاپەڕە ١٥٧ و ١٥٩ و سەیری پەرتوکی (أنسان نی کیا سوجا) لەپەڕە ٣٠٨ بکە (منزل به منزل) لەپەڕە ٨٨ و (اسلامی معشرات) لاپەڕە ٣٤.

(٢) پەرتوکی (قرأنی قوانین) لاپەڕە ١٥٩.

گفتوگۆکردنی ئەم باسە :

دەڵێم: (درك كردن به بیروبۆچوونه غەربیەكان لەلایەن زۆرینەی موسوڵمانانەوە شاراوە نیە وەك ئەم جۆرە بیرە شاراوانە كە پەردەیەكی تەنكیان داوە بەسەریدا چ جای دەگات به زانایانی ئیسلام، كە بەگشتیكردنی سەروەت و سامانەكان و گواستنەوەی مالّی زیادلەپێداویستی خۆیان بۆ سەر دەوڵەتێكی پادشایی دەستەجەمعی جگە لە بیرۆكەی ئیشتراكیەتی ئابووری نەبێت هیچی تر نیە، كە پەرۆیز جلوبەرگێكی قورئانیبونی بەبەردا كردوە بۆ ئەوەی لەو رێگەوە بتوانێ لەنێو موسوڵماناندا بڵاوی بكاتەوە لەژێر پەردەی قورئاندا، بۆ ئەوەی موسوڵمانەكانان پێشوازی لێبكەن و دەستەڵاتی ڕەدكردنەوەی ئەم بیرۆكەیەیان نەبێ.

بەگشتیكردنی رێگەكانی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی خاوەندارێتی تاك بەهیچ جۆرێك لە مێژوی ئیسلامدا بوونی نەبوە و بەڵكو بەگشتیكردنی سەروەت و سامانەكان بەشێكە لە بەگشتیكردنی مەزدەكی[1] كە بانگەشەی هاوبەشبونی كرد لە زەوی و مالّ و ژناندا لە پێش ئیسلام و پاشان ئەم بیرۆكەیە كوژایەوە لەكۆندا هەتا سەدەی هەژدەی زایینی كە هیگل[2] دووبارە هاوبەشبوون لە سەرەوت و مالّدای دارشتەوە

---

(١) مەزدەك ئەو كەسەیە كە لەسەردەمی قبازی باوكی انوشیروانی پادشای فارسیەكاندا لە پێش ئیسلام دەركەوت و قباز بانگەشەی بۆ مەزهەبەكەی كرد و انوشیروان درکی بە خراپی كرد و داوای گرتنی كرد و و دۆزیانەوە و كووشتیان. مەزدەك رێگری لە ڕقلێبوون و پیچەوانەبوونی یەكتری دەكرد و وای دەبینی كە زۆربەی هەموو ئەمانە بەبۆنەی ئافرەتان و پارە وە دروستە دەبێت و ژنان و پارەی بۆ یەكتر حەڵاڵ كرد و و هەموو خەڵكی لە پارەو ژناندا بە هاوبەشی یەكتر دەزانی وەك چۆن شەریك و هاوبەشن لە ئاو ئاگر و سەیری پەرتوكی (فیصل التفرقه) ی ابو ماجد محمد غەزالی بكەن لاپەرە ١٦٤ .

(٢) جۆرج ویلیام فریدریك (١٧٧٠ـ١٨٣١) كە بەیەكێك لە فەیلەسوفەكانی سەردەمی نوێی ئەوروپا دادەنرێت و هەردوو فەلسەفەی ماددی و میسالی بۆ ئەم دەگەڕێتەوە . سەیری پەرتوكی (موقف الاسلام من

بەشێوەیەکی نوێ و پاشان کارل مارکس[1] بانگەشەی بۆ کرد و زۆربەی وڵاتە شیوعیەکان جێبەجێیان کرد هەرچەندە هیچ ڕاستیەك لە بەردەستماندا نیە لە دەوڵەتە ئیسلامیەکان و ئەو خەڵکانەشی کە لەژێر سایەیاندا ژیاون بوونی هەبووبێت.

پاشان قورئانیش تەنها بۆ ئەوە هاتوە زوڵم نەهێڵێت و مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕێتەوە نەك بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری تاکەکەسی کە سەرکردەکانیان هەڵسوکەوت بە چارەنوسی خەڵکەکەیەوە بکات و ڕێگری بکات لە بەدەستهێنانی غەریزە سروشتیەکانیان لەبەرئەوەی خۆشویستنی خاوەندارێتی غەریزەیەکی سروشتیە گەر خاوەندارێتیەکە کەم یان زۆر بێت و خوای گەورە دوفەرمووێت : ﴿فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ﴾ (الروم: ٣٠) . واتە: (خوای گەورە مرۆڤەکانی لەسەر سروشتێکی پاك دروستکردوە و هیچ گۆڕانێك لە دروستکراوەکانی خوادا نیە)[2] و ئایا دەگونجێت گشتاندن لە دیندا لەگەڵ سروشتی پاکدا بگونجێت.

نظرية ماركس) ى احمد العوايشه بكەن لاپەڕە ٥٠٧ كە نامەى ماجستێرە و لە زانكۆى ملك عبدالعزيز لە مەككە.

(١) كارل ماركس (١٨١٨ـ١٨٨٣) فەيلەسوفى شوعيەتى سەردەمى نوێيە. باپيرى بەناوى ليڤى حاخامێكى جولەكەبوە وەك هەموو باوباپيرانى ترى. ياساى خوێندە لە زانكۆى بينا لە ئەڵمانيا و پاشان وازى لێهێنا و فەلسەفەى خوێند و دكتۆراى لە ساڵى ١٨٤١ زاينى تێدا هێنا. لە ئەڵمانيا دەركرا بە بۆنەى چالاكيە شۆڕگێڕيەكانيەوە و ڕۆشت بۆ پاريس و لەوێ گەشت بە ئينگليز و بەهاوكارى ئينگليز بەڵگەنامەى يەكەمى شوعيەتيان لە ساڵى ١٨٤٨ دەركرد و گرنگترين كارى نوسينى كتێبى رأس االمال بوو كە لە ژيانى خۆيدا بەشى يەكەمى بڵاوكرايەوە لە ساڵى ١٨٦٧ ى زاينى و دواى مردنيشى هاوڕێكەى ئەنجڵز بەشى دوو و سێى بڵاوكردەوە كە ئەم كتێبە بە ئينجيلى شوعيەتى سەردەم دادەنرێت . سەيرى (الموسوعه العربيه) لاپەڕەى ١٦١٥ بكەن.

(٢) سورەتى الروم ئايەتى ٣٠.

ئەگەر هاوبەشبوون لە مالّدا شەرعدا هەبوایە ئەوا پەیامبەری خوا ﷺ و ئەوانەشی دوای خۆی هاتن لەهاوەڵە بەڕێزەکانی دەستیان پێوە دەگرت، بەڵام دەبینین قورئانی پیرۆز باس لە هەوڵدانیان بۆ کۆکردنەوەی مالّ دەکات بەبێ ئاماژەکردن بۆ هاوبەشبوون لەهیچ شتێکدا و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ﴾ (الحشر: ٩). واتە: (حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان دەکەن هەرچەندە لەسەریان سەخت بێت)[1] وە لەوەش زیاتر هەندێك ڕیوایەتی ڕاستمان هەیە کە جێگیربوە و باس لە خاوەندارێتی تاکەکەسی دەکات و دەیداتە پاڵ پەیامبەری خوا و هاوەڵەکانی[2].

کە هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی ئیسلامی بەپێی فێرکاریەکانی کاردەکەن و جێبەجێیان دەکەن لەژیانی ڕۆژانەیاندا و ئەم بۆچوونە غەربیە دوور لە ئیسلامیەیان نەبیستوە و جێبەجێکردنی هاوبەشبوون لە مالّدا لەم کۆمەڵگانەدا واتا جێبەجێکردنی هاوبەشبوونی لە هەڵوێستدا و گرتنەبەری هەنگاوەکانی تری شیوعیەت.

وە دانەپاڵی ئەم بۆچوونە بۆ قورئان و ژیانی ئیسلامی پێشین جگەلە درۆیەکی شاخدار و بێبەڵگە هیچی تر نیە، بەڵکو بەڵگە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم بیرۆکە و جێگیربوونی دژەکەی لە خاوەندارێتی تاکەکەسی بەدەستهاتووە لەرێگەی شەرعیەوە هەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُمْ مِمَّا عَمِلَتْ

---

(١) سورەتی الحشر ئایەتی ٩.

(٢) وەك خاوەندارێتی فەدەك بۆ ڕەسولی خوا . سەیری صحیح البخاری بە شەرحی فتح الباری بەرگی ١٢ لەپەڕە ٥ . و تاریخ گبری بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٠٢ . وە خاوەندارێتی زوبەیر بۆ زەویە ڕەشەکانی مەدینە سەیری فتح الباری بەرگی ٨ لاپەڕە ٢٥٤ بکە. وە زۆر خاوەندارێتی کەسی کە هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی بکات.

أَيْدِينَا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ﴾ (یس: ٧١) . واتە: (ئایا نابینن کە ئێمە ماڵاتمان بۆ دروستکردون بەدەستەلاتی خۆمان و خۆیان بوون بە خاوەنی .)[١]

وە دەفەرمووێت: ﴿الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنْفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ (البقرة: ٢٦٢). واتە: (ئەوانەی کە ماڵەکانیان دەبەخشن لە پێناوی خوادا و دوای بەخشینەکەش هیچ جۆرە منەت و ئازارێ ناگەیەنن ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە و هیچ ترسێکیان لەسەر نیە و بەهیچ جۆرێکیش دڵتەنگ نابن)[٢] .

وە لەجێگەیەکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ (البقرة: ١٩٥). واتە: (ببەخشن لەماڵەکانتان لە پێناو خوادا و خۆشتان مەخەنە لەناوچونەوە)[٣] .

ئایەتی یەکەم ئاماژە بۆ خاوەندارێتی نیعمەتەکانی خوا دەکات، هەرچەندە ئەگەر مەبەست لێی گشتاندن بێت بۆ ئەوەی ئایەتەکە بە ڕاستی داناوە و راستدانانیشی داننانە بە خاوەندارێتی تاکەکەسیدا.

دەتوانین ئەوەش زیادکەین کە جۆرێك لە تەشریع لە قورئاندا بونی هەیە بۆ یاساکانی دادگا بۆ دابەشکردنی سەروەتی کەسی کۆچکردوو بەسەر کەسوکارەکەیدا دوای مردنی و ئەگەر مەبەست لێیان خاوەندارێتی گشتی بێت ئێتر بۆچی قورئان ئەم یاسایانەی داناوە؟!

---

(١) سورەتی یس ئایەتی ٧١ .

(٢) سورەتی البقرە ئایەتی ٢٦٢ .

(٣) سورەتی البقرە ئایەتی ١٩٥ .

وە دوو ئایەتەکەی تر بەخشین لەپێناوی خوادا دووپات دەکەنەوە، و ئایا دەتوانین وێنای ئەو بەخشینە لە واقیعدا بکەین لەو سیستەمە بەدرۆ دانراوەدا ئەگەر کەس نەتوانێ خاوەنی شتێك بێت؟! وە دەشبینین کە لەئایەتی دوەمدا ووشەی (سەروەتەکانیان)ی تێدایە کە بەڵگەیەکی ترە لەسەر خاوەندارێتی تاکەکەسی، بۆیە دەتوانین بڵێین کە خاوەندارێتی و دەستخستی سەروەت و سامان بەوشێوەیە کە ئیسلام دانی پێداناوە و مەرجیشە کە لەڕێگەیەکەوە شەرعی و زانراوەوە بەدەست هاتبێت و مافی خواشی بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

وەسەبارەت بەوەی کە لایەنی بەرامبەر دەیکەنە بەڵگە لە سورەتەکانی هود و الاسراء هیچ لەجێگەی خۆی نیەو بەڵکو نێتی پیسی خاوەنەکانیان و یاریکردنیان بە وشەکانی قورئان و بێباوەڕیان دەردەخات لەبەر ئەوەی ئایەتەکان بەڕوونی لەئەستۆگرتنی ڕزق و ڕۆزی زیندوان لەسەر خاوەنی ژیان دەردەخات بەلام ئەوان دەیکەنە بەڵگە بۆ دەوڵەت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ﴾ (الحج: ٤٦). واتە: (بەدڵنیاییەوە چاوەکانی سەر کوێرنابن بەڵکو دڵەکان لە سینگیاندا کوێر دەبن)[1].

وە سەبارەت بەوەی دەیکەنە بەڵگە لە سورەتی التوبة لەسەر هاوبەشبون لە مالّدا ئەوا وەڵامان بەم شێوانە دەبێت:

١ـ مەبەست (ئەوانەی زێڕو زیو کۆدەکەنەوە) لە ئەحبار و ڕەهبانەکانە کە مالّی خەڵکیان بە ناحەق دەخوارد و کۆیان دەکردەوە و هیچیان لێنەدەبەخشی لەپێناو خوادا و پاشان ئایەتەکە فەرمان دەکات بە پەیامبەر ﷺ کە موژدەی سزایەکی بە

(١) سورەتی الحج ئایەتی ٤٦.

ئازاریان پێبدات، بۆیە ئایەتەکە ئاگادارکردنەوەیەکی خواییە لەسەر ڕەهبان و هاوشێوەکانیان و ئاگادارکردنەوەی ئیماندارانیشە لەوەی کە بەو ڕێگەیەی ئەواندا بڕۆن.

٢ـ فەرمانکردن بە بەخشین بەو شێوەیە هۆکارەکەی پێش فەرزبونی زەکات بوە و پاشان ئایەتەکانی فەرزبونی زەکات دابەزی و کارکردن بەو ئایەتە بووبە سونەت نەك فەرز و واجب. چونکە عبدالله کوڕی عومەر دەفەرموێت: (ئەمە پێش دابەزینی ئایەتی زەکات بوە و کاتێ ئایەتی زەکات دابەزی خوای گەورە کردی بە پاك کەرەوەیەك بۆ ماڵەکان)[1]. بەم بۆنەیەوە زانایان دەفەرمون هەر ماڵێك کە زەکاتی بدرێت ئەوا کەنز نیە و ئەو ئایەتە نایگرێتەوە و خاوەنەکەی توشی ئەو سزایە نابێت کە ئاماژەی پێدراوە و ناکرێ بکرێتە بەڵگەی نەمانی هەبوونی خاوەندارێتی کەسی و حەڵاڵ کردنی خاوەندارێتی کۆمەڵ لە جێگەی و بەڵکو ئەوەی لەو فەرمانەدا هاتوە ئایەتەکە بەخشینی خۆشەویست کردوە و ئاگاداری کردوینەتەوە لە کۆکۆدنەوەی مالّ و نەبەخشینی و خراپی سەرئەنجامەکەی و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نیە بۆ ئەوەی کە ئەوان بۆی چوون لە لابردن و نەهێشتن و بەرەنگاربونەوەی غەریزەی مرۆڤ لەبوونی خاوەندارێتی تاکەکەسی.

بۆیە تائێرە بۆچوونی بەناو قورئانیەکانمان زانی لە تەفسیرکردن و ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز و ئەو ڕێگایانەی دەیگرنەبەر لەم پێناوەیدا، لێرەوە دەست دەکەین بە نمایشکردنی بۆچوونە یاسادانان و بیروورباوەڕیەکانیان کە لە ئەنجامێکی نکۆڵیکردنی سونەت بەتێکڕا و بەگشتی سەریهەڵداوە. کەلە دووبەشی داهاتوودا باسیان دەکەین.

---

(١) صحيح البخاري بەرگی ٢ لاپەڕە ١١١.

بەشی سێیەم

بۆچوونە بیروباوەڕیەکانیان

١-لە ئیلاهیات و خوا پەرستیدا :

أ-هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا .

ب-عەرش و ئیستوائی خوا لەسەری.

٢-لە نبوات و پەیامبەرێتیدا :

أ-دیاردە نائاساییەکان (خرق العادە)

ب-عیصمەت (پاێزراو)ی پەیامبەری خوا.

ج-کۆتایی پەیامبەرێتی.

د-عیسای کوڕی مەریەم علیه سلام.

٣-لە بابەتە نادیارەکاندا :

أ-ژیانی بەرزەخ.

ب-شەفاعەتی ڕۆژی دوای.

ج-بەهەشت و دۆزەخ.

بۆچوونی بەناو قورئانیەکان لە بیروباوەڕدا :

قورستترین کارێك بکرێت گەرانە بەدوای بۆچوونی بەناو قورئانیەکان لەبیروباوەڕدا و لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕە جیاوەزەکانیان و لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و ڕونی دەوێت لەبەر ئەم خاڵانە :

١ـ دەرکەوتنی بەناو قورئانیەکان لە گۆڕەپانی موسوڵمانانداوەك بەرگریکارێکی ئیسلام. کە دوژمنانی ئیسلام شوبهە و گومانەکانیان ڕەواج پێدەدەن و گومانەکانیش لەو سەردەمەدا زیاتر لەبواری تەشریع و یاساداناندابون نەوەك بواری بیروباوەڕ، بۆیە کتێبی بەناو قورئانیەکان زۆربەی باسیان لەبوارەکانی تەشریع و یاسادانان دەکرد هەتا بواری بیروباوەڕ.

٢ـ دەگەمەنی سەرچاوەیان لە کتێبخانەکاندا کەئەمەش بەبۆچوونی خۆم بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە :

أـ تووڕەیی زۆری موسوڵمانان لە بەناو قورئانیەکان دوای دەرکەوتنی ڕۆحیەتی بۆگەنیان لە بێڕێزیکردن بەو سونەتەی کە قورئانی لەسەر دابەزیوە، بۆیە هەموو کەسێ لە موسوڵمانان هەوڵیدەدا بەرەنگاری ئەم دوژمنە ئاشکرا ببێتەوە بە دڕاندن و لەناوبردنی کتێبەکانیان زۆرجار وەك چۆن بەسەر (ئیبراهیم بن عبدالله جەگرەلەوی) و (القاری أحمدالدین) کە مامۆستای قورئانی پیرۆزبوو لە مزگەوتی عبدالله کە خۆی باسی کرد بۆم، و هەندێ جاریش موسوڵمانان ڕێگریان لە فرۆشتنی کتێبەکانیان دەکرد.

بـ کەمی چالاکی زۆرینەی بەناو قورئانیەکان لەبواری نوسیندا، نەزانینی شێوازی ڕاکێشانی تێکڕای موسوڵمانان بە شێوەی نوسین و زیاتر شێوازی وتنیان

هەڵدەبژارد بەسەر نوسیندا . (عبدالله) و (حیشمت عەلی) و (خەواجە احمد الدین) و (أسلم) خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە وتنەوەی وانەوە و بەدرێژای ژیانیان خەریکی وتنەوەی وانەی تایبەت و گشتی بوون کەئەمەش گەورەترین هۆکاربوو بۆ کەمی بەرهەمی نوسینیان .

ج- مانەوەی زۆربەی نوسینەکانیان بەشێوەی دەستنووس هەتا ئێستا، کە (محمد حسین عرشی) پێی ڕاگەیاندم کە زۆرێك لەو دەستنوسانەی لایە بەبێ ئەوەی بتوانم بیان بینم بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو .

٣- قسەکردن لەسەر بیروباوەڕ و گۆڕینەوەی بۆچوونەکان نایەتە بوون دوای وردبوونەوەیەکی قوڵ نەبێت، و بیرکردنەوەی فیکریش هەڵناقوڵێت دوای دامەزراوی، و نەبونی دژیەکی لە بۆچوون و نەمانی ڕاجیا، بەڵام ئەم کەسانە ڕۆژێ نەبوە لەژیانیاندا کە بێکێشە بن لە نێو خۆیان یان لەگەڵ نەیارەکانیاندا و دامەزراویی بوونی نەبوە لە ژیانیاندا تەنها لە ژیانی پەرۆیزدا نەبێت . کە زۆربەی کتێب و نووسینەکانی لەبواری بیرووباوەڕدا بوە بەڵام بڕیاردانی کەسی ناکێشرێتەوە لەسەر جگە لەودا .

بۆیە دەمەوێ دەرفەت لەدەست نەدەم بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە : ئەو وردەکاریە بیروباوەڕیانەی کە پەرۆیز پەی پێبردوە و توانیویەتی کۆیان بکاتەوە لە کتێب و سەرچاوە و ڕۆژنامەکانی بەناو قورئانیەکان هەمووی پەرچەکردارێکی جێبەجێکراوی نکۆڵیکردنی سونەتە و هیچ وتەیەکیان نیە پەیوەست بە جۆری یەکتا پەرستی ئولوهیەت لەوەی کەمن بەردەستم کەوتبێ جگە لەو وتانە نەبێت کە باسی شیرك و عەرشی خوا دەکەن .

وە لەباسی نبووات و پەیامبەرێتیدا بینیومانە کە باس لە کارە ناسروشتیەکان و کەسێتی عیسای کوڕی مەریەم و عیصمەتی پەیامبەر ﷺ لەکاتی گەیاندنی پەیامی خوا و کۆتای هاتنی پەیامبەرێتی دەکەن.

سەبارەت بە بابەتە پەنهانیەکان بەزۆری باسی ژیانی بەرزەخ و شەفاعەتی ڕۆژی دوایی و دۆزەخ و بەهەشت دەکەن.

لێرەوە لەسەر هەر یەك لەم بابەتانە گفتوگۆ دەکەین و هەڵوێستی ئیسلامی ڕاستەقینەیان لەبارەوە دەخەینە ڕوو بە ئاماژەکردن بە وتەی بەناو قورئانیەکان و دەرخستنی بۆچوونی ڕاست و دروست لەبارەیانەوە بە پێی قورئان و فەرمودە.

یەکەم : ئیلاهیات:

پێشتر ئاماژەمان پێدا لەوەی کە بۆم ئاسان بوو کە دەستم بکەوێت لەو بابەتانەی پەرستراوێتی خوادا لای قورئانیەکان دووبابەت بوون: ئەوانیش هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا و چۆنیەتی عەرشی خودای گەورە:

١- هەڵوێستیان سەبارەت بە هاوبەشبڕیاردان بۆ خوای گەورە:

هاوبەشبڕیاردان بۆ خوای گەورە: بریتیە لە باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە هاوبەشی هەیە لە پەرستن یان پەروەردگاریێتیدا[١].

لەم پێناسەیەی سەرەوە وێنەی شیرك و هاوبەشی بڕیاردانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکدەنگی تێکڕای موسوڵمانانی لەسەرە، بەڵام (عبدالله جەگرەلەوی) و (خواجە احمد الدین) شێوەیەکی تریان بۆ شیرك زیادکردوە بۆ ڕێبازی بەناو قورئانیەکان کە لای موسوڵمانان شێوەی نەبوە، ئەویش بریتیە لەوەی کە کارکردن بە سونەت و ئەو حوکمانەی کە لە فەرموودەدا هاتون شیرك و هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا و دەستگرتن بەو حوکمانەوە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی زیندوکردنەوەی شیرك و ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕە شیرکیەکان[٢].

---

(١) پەرتوکی (روح المعاني) محمود الالوسي بەرگی ٥ لاپەڕە ٥١ . وە (قاموس الالفاظ و الاعلام القرانية) محمد اسماعيل ابراهيم لاپەڕە ١٩٦ .

(٢) پەرتوکی (ترك افترا ٌ تعامل) لاپەڕە١٠ . (ترجمة القران) بەرگی چوارەم لاپەڕە١٧ . (تفسير بيان للناس) بەرگی ٢ لاپەڕە ٣٩٥ و ٤٤٥ .

وە پەرۆیز وای دەبینێت کە شیرك چوار جۆری هەیە :

١ـ ئەنجامدانی ئەوەی کەتایبەتە بەخوای گەورە بۆ جگە لە خوا .

٢ـ شوێنکەوتنی جگە لە حوکمی خوا .

٣ـ دابەشبوونی موسوڵمانان بۆ گروپ و تایەفە جۆراوجۆرەکان چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ (الروم: ٣١، ٣٢) . واتە : (وەك هاوبەشبڕیاردەران مەبن لەوانەی کە دینەکەیان پارچە پارچەکرد و بەش بەش بوون و هەر حیزبێك بەوەی کەلەسەری بوو دڵخۆشبوو) [١] . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت : (بەش بەش بوون و گۆڕینی ئومەت بۆ گروپی جۆراو جۆر و داهێنانی حیزبی هەمەچەشن عادات و تەقالیدی موشریکەکان بوە و گروپ و مەزهەبی و سیاسیەکانیش دەچنە ژێر حوکمی ئەم ئایەتەوە و ئیسلام نابێ بەش بەش بکرێت) [٢] .

گفتوگۆی ئەم باسە :

دەڵێم پێشتر گفتوگۆی ئەوەمان کردوە کە (عبدالله) و (احمد الدین) پێیان وابوو کە کارکردن بە سوننەت هاوبەشبڕیاردانە بۆ خوا لە باسی گومانی سێیەمی بەناو قورئانیەکان بۆ نکۆڵیکردن لە سوننەتدا، ئەوەی لێکەوتەوە کە وتمان ئەگەر کارکردن بە سوننەت شیرك بێت خوای گەورە فەرمانی بە هاوەڵان نەدەکرد کە

---

(١) سورەتی الروم ئایەتی ٣١ـ ٣٢ .

(٢) (تبین اهم موضوعات) لاپەڕە ١٦ . (منزل به منزل) لاپەڕە ٢٤ . (تبویب القران) بەرگی ٢ لاپەڕە ٨٩٣ ، (و اسلامی معاشرت) لاپەڕە ١٨١ ، (قرانی قوانین) لاپەڕە ٣١ ، وە هاوشێوەی ئەو أسلم وتویەتی لە پەرتوکی (تعلیمات القران) لاپەڕە ٧٤ .

ملکەچ بن بۆ بڕیارەکانی پەیامبەرەکەی ﷺ چونکە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾ (النساء: ٦٥). واتە: (سوێند بەخوا بڕوادار نین هەتا تۆ نەکەن بە دادوەر لەنێو خۆیاندا.)[١]

ملکەچبوون بە بڕیاری پەیامبەری ﷺ کردووە بە مەرجی باوەڕداربێتی چونکە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (النور: ٥١) . واتە: (وتەی باوەڕداران لەکاتی بانگ کردنیان بۆ لای خوا و پەیامبەرەکەی بۆ ئەوەی دادوەری بکات لەنێوانیاندا ئەوەیە دەیان وت بیستمان و گوێڕایەڵبووین و لەڕاستیدا هەر ئەوانن سەرفرازبوان)[٢]. وە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ گوێڕایەڵی پەیامبەر تەنها بەکارکردن نەبێ بە سونەتەکانی.[٣]

وە لێرە باس لەبۆچوونی پەرۆیز دەکەین کە چۆن شیرکی دابەشکردوە بۆ سێ جۆرەکەی شیرك، کە دوو جۆرەکەی سەرەتا باوەڕمان پێیەتی و هیچ گفتوگۆیە هەڵناگرێت، چونکە ئەوەی ئەو ئاماژەی پێکردووە دەرنەچووە لە وتەی زانایانی پێشینی ئیسلام و دەقەکانیش پشتگیری دەکات لەوەی دەریان بڕیوە، بەڵام جۆری کۆتای ئەبێ کەمێك هەڵوەستەی لەسەر بکەین و دەمانەوێ بزانین تاچەند ئەوەی ئەو وتویەتی ڕاستە؟ بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز. سەرتا بابزانین ئەو ئایەتەی ئەو کرووپەتی بەبەڵگە بۆبۆچونەکەی بەجێیە؟

---

(١) سورەتی النساء ئایەتی.

(٢) سورەتی النور ئایەتی ٥١.

(٣) بگەڕێوە بۆ لاپەڕەکانی کۆتایی بەرگی یەکەم.

دەڵێین : یەکێك لە خاڵە یەکلاکەرەوەکان ئەوەیە کە ئومەتی ئیسلام یەك ئومەتەو هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان عەرەبێك و عەجەمێك و دەوڵەمەندێك و هەژارێکدا چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (الأنبياء: ٩٢) . واتە: (ئەم ئومەتەی ئێوە یەك ئومەتن و وە منیش پەروەردگارتانم وتەنها من بپەرستن)[١].

بەڵام کاتێ سەیری ئامانجەکانی پەروێز دەکەین بەم شێوەیە نیە کە باسمانکرد بەڵکو ڕێگەکانی لێتێکچوە لە جێگیرکردندا، و هەندێ دەقی کردوەتە بەڵگە کە بەڵگە نین بۆی و هەندێکیشی کردوە بەبەڵگە کە بۆ ئەو مەبەستە دانەبەزیوە، کەبوە هۆی ڕاجیای نێوان خۆیان کە ڕاجیای دینی یان دونیای بێت لە هاوبەشبڕیاردانداکە وتەی وایان هەیە کە هێندە ترسناکە پێستەکان گرژدەکاتەوە لەبەر ئەوەی شیرك گەورەترین تاوانە کە سەرپێچی خوای پێبکرێت، و خوای گەورەش لەوکەسە خۆش نابێ کە لەسەر شیرك مردبێت چونکە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ﴾ (النساء: ٤٨). واتە: (خوای گەورە بەدڵنیاییەوە لەوە خۆش نابێ کە شیرکی بۆ بڕیار بدرێت و لە جگە لە شیرك خۆش دەبێت)[٢].

وە حەق و ڕاستیش لێرەدا ئەوەیە کە ئەوەی پەروێز بۆی چووە قورئان ڕەدی دەکاتەوە بە دەقێکی ڕاشکاو دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ (الحجرات:

(١) سورەتی الانبیاء ئایەتی ٩٢ .

(٢) سورەتی النساء ئایەتی ٤٨ .

٩) . واتە : (ئەگەر دوو گروپ لە موسوڵمانان جەنگان لەگەڵ یەك ئەوا ئێوە ناوبژی بکەن لە نێوانیاندا و ئەگەر لایەکیان دەستدرێژی کرد بەسەر ئەوەی تریاندا ئەوە ئێوەش لەگەڵ دەستدرێژیکەردا بجەنگن هەتا دەگەڕێنەوە بۆ لای فەرمانی خوای گەورە)[1] ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردوو گرووپە شەڕکەرەکە برادارن و جەنگیش بەبێ بوونی دوو لایەن نابێت کە دژی یەکبن و هەردوو لاکەش بەپێی ئایەتەکە باوەڕدارن و باسکردنیان بە باوەڕدار بەڵگەیە بۆ نەبوونی هەر جۆرێکی شیرك لە هەردوو کۆمەڵ کە خوای گەورە لێی خۆش نەبێت .

وەلەوەش زیاتر ئەوەیە کە ئومەتی ئیسلامی بەهەموو گرووپە ڕاستڕەو مەزهەبی و سیاسیەکانیەوە لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا هەرگیز دژەکانیان بە موشرك و هاوبەشبڕیاردەر دانەناوە و بەو خراپەیە تۆمەتباریان نەکردوون .

کورتەی ئەم باسە ئەوەیە کە بوونی گروپەکان لە ئیسلامدا مانای موشریکیان نیە و نابێ ئەوانەی کە تەفرەقە دەکەن بە موشریك بناسرێن و تەکفیر بکرێن ، هەتا ئەوکاتەی دەستیان گرتبێت بە بەوەی کە لە ئیسلامدا زانراوە و پێویستە لە عیبادەتەکاندا ، و بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەکەی پەروێز (لە هاوبەشبڕیاردەران مەبن) بە تەکفیرکردنی ڕاجیاوازەکان بە موشریك وەکو ئەو کەسانە وایە کە ڕێگری لە نوێژ دەکەن و ئایەتی : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ﴾ (النساء: ٤٣) . واتە : (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژ مەبنەوە)[2] دەکەنە بەڵگە کە بەشێکی ئایەتەکە بەبێ تەواوکردنی دەهێنن ، بەڕاستی ئەمەش بێباوەڕیی ئیلحادێکی ئاشکرایە لە

(١) سورەتی الحجرات ئایەتی ٩ .

(٢) سورەتی النساء ئایەتی ٤٣ .

ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزدا، و بەگەڕانەوە بۆ بەشەکانی پێش ئایەتەکە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ * مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ (الروم: ٣٠، ٣١). واتە: (بەتەواوی ڕوی خۆتان بکەنە ئاینە پاکەکەی خوا کە خوای گەورە داینناوە و مرۆڤی لەسەر ئەو سروشتە پاکەش دروستکردوە و هیچ گۆڕینێکیش لە دروستکراوی خوادا نیە ئائەمەیە دینە پڕبەهاکەی خوا بەڵام زۆرینەی خەڵکی نایزانن. بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و پەیامەکەی و تەقوای خوا بکەن و نوێژەکانتان بەرپا بکەن و وەك هاوبەشبڕیاردەران مەبن لەوانەی کە ئاینەکەیان بەش بەش کرد وبوون بە تاقم تاقم و هەر حیزب و گرووپێکیش دڵی خۆشبوو بەوەی کە لەسەری بوو)[1].

خوای گەورە ڕێنمایمان دەکات بە دامەزراوی لەسەر ئاین و یەکخواپەرستی کە سروشتە پاکەکەی مرۆڤە کە لەسەری دامەزراوە و نوێژەکان بەرپا بکەین ونەگەڕێینەوە بۆ لای شیرك و هاوبەشبڕیاردەران کە ڕاجیابوون لەسەر جۆراوجۆری ئەوەی دەیانپەرست لە جگە لە خوا بە شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوە جیاوازەکانیان و لەبەر ئەم ئایەتەش دەتوانین بڵێین نەهی و ڕێگریەکە لەسەر ئینتیما و مەیلبوون بۆلای گرووپە هاوبەشبڕیاردەرەکان کە بوون بە چەند گرووپ و نەتەوەیەکەوە لە پەرستنی جگە لەخوای گەورەدا، بۆیە ڕێگریەکە و گۆڕینی حوکمەکە ڕێنمونی موسوڵمانان دەکات لەوەی کەوەسفیان بکەین بەو وەسفانە و ناکرێ هەرکەس ئەوەی تیابوو بە موشریك وێنا بکرێ لەبەر ئەوەی لێخۆشبوونی

(١) سورەتی الروم ئایەتی (٣٠-٣١-٣٢).

خـوای گـەورە هـەموو کەسـێك دەگرێتـەوە ئەگـەر نەگاتـە ئـەوەی لەسـەر هاوبەشبڕیاردان بمرن.

٢- هەڵوێستیان لەبەرامبەر عەرشی خوای گەورە (الاستواء) خوای گەورە لەسەر عەرش:

(عبدالله) و (پەرویز) وای دەبینن کە عەرشی خوا عەرشێکی حەقیقی و ڕاستی نیە بەڵکو مەبەست لێی دەستەڵات و خاوەندارێتیە، و وێنا کردنی عەرش بە شتێکی ماددی لە نەزانی و نەبونی تێگەشتنێکی دروست لە بابەتە ئاینیەکانەوە هەڵقوڵاوە، و دەڵێن مەبەست لە ئیستوائی عەرش ئەوەیە (کە خوای گەورە خاوەنی هەموو بونەوەرە و دەستەڵاتێکی ڕەها و تەنهای هەیە بەسەر هەمویدا و ئەگەر بوترێت فلّان کەس خاوەنی عەرشی فلّان دەوڵەتە تێدەگەین کە دەستیگرتوە بەسەر هەموو کاروبارەکانی ئەو دەوڵەتەدا و مەبەستیش لە ئیستیوائی بەسەر عەرشدا مانایەکی مەجازی هەیە و گونجاو نیە)[1].

گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە:

خوای گەورە بیست و یەك جار باسی عەرشی کردووە لە نۆزدە سورەتی قورئاندا: ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ (التوبة: ١٢٩). واتە: (ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوا بڵێ تەنها ئەو خوام بەسە کە هیچ

(١) سەیری پەرتوکی (برهان الفرقان) لەپەڕە ٢٦٣. (ترجمة القران) بەرگی ٢١ لاپەڕە ٢٤، (تبویب القران) بەرگی ٣ لاپەڕە ١٠٣٢، (ومن ویزدان) لاپەڕە ٢٥٧، (قران کی خلاف جهری سازش) لاپەڕە ١٨.

پەرستراوێکی حەق نیە تەنها الله نەبێ و تەنها پشت و پەنامە و خاوەنی عەرشێکی گەورەیە .)[١]

وە : ﴿وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ (الزمر: ٧٥) . واتە : (فریشتەکان دەبینی کەبـەدەوری عەرشی خوادا دەسوڕێنەوە و تەسبیحاتی خوا دەکەن بە ستایشکردنی پەروەردگاریان و خوای گەورەش بە حەق دادوەری دەکات لە نێوانیاندا و هەموو ئـەوانیش دەڵـێن سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان .)[٢]

وە ﴿وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ﴾[٣]

هەروەها شکۆمەندی لەسەر عەرشی خوایی لە حەوت شوێندا هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا، لەوانە: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا﴾[٤]

هەروەها: ﴿الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا ﴾[٥] .

هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە ئاماژەیان بە عەرش داوە هیچیان ڕوونیان نەکردوەتەوە کە مەبەست لە عەرش چیە و سیفەتەکانی چین و ئەو ماددەیە چیە کە لێی دروستکراوە و شوێنی بوونی کوێیە و ئیستوائی خوا چۆنەبەسەریدا و کەی

(١) سورەتی التوبة ئایەتی ١٢٩ .
(٢) سورەتی الزمر ئایەتی ٧٥ .
(٣) سورەتی الحاقة ئایەتی ١٧ .
(٤) سورەتی الاعراف ئایەتی ٥٤ .
(٥) سورەتی الفرقان ئایەتی ٥٩ .

فریشتەکان هەڵیانگرتووە و ئایا پێش ئیستوائی خوا بووە بەسەر عەرشدا یان دوای ئەوە؟ هەموو ئەم پرسیارانە هیچیان لە ئایەتی قورئانی پیرۆزدا وەڵامیان دەستناکەوێت.

بۆیە هەر لەسەرەتای سەدەی یەکەمی هیجریەوە ڕاجیای دروست بووە لە مەبەست لە عەرش و ناشزانرێت بە وردی کەی ئەمە ڕوویداوە و لەکاتێکدا زمان و مانا مەجازیەکان کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە لەم ڕاجیاییەدا لەبەر ئەوەی وشەی عەرش چەندین مانای جیاوازی هەیە وەك ئەو تەختەی کە پاشاکان لەسەری شکۆدەکەن و دادەنیشن، یان بنمیچی (سەقف)ی خانوو چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا﴾ (البقرة: ٢٥٩). واتە: (هەمووی سەرلەبن ڕوخاوە بەسەر یەکتردا)[1]، یان دەکرێت نازناوی خودی پاشا بە (عرش) بنرێت.

وە ڕاجیایی هەیە لە ڕاڤەکردنی عەرش بەوەی کە ئایا ماددییە یان نا، کە لەکۆتای سەدەی یەکەمی هیجریدا زۆر باس دەکرا، کە جەهمی کوڕی صەفوان هەڵوێستێکی توندی هەبووە لە دژایەتی ئەوەی کە عەرش شتێکی ماددی بێت و ئەم بۆچوونەشی کرد بەبەشێك لە بۆچوونەکانی بۆ نکۆڵیکردن لە سیفاتەکانی خوای گەورە و نکۆڵیکرد لەوەی کەخوای گەورە خاوەنی عەرشێکی ماددی بێت[2]. و ئەوەش نازانرێت کە ئایا جەهم چۆن ڕاڤەی ووشەی عەرشی کردووە.

---

(١) سورەتی البقرة ئایەتی ٢٥٩.

(٢) پەرتوکی (الغنية) عبدالقادر الجيلانی بەرگی ١ لاپەرە ٩٠.

وە نکۆلیکردنی بوونی عەرشێکی ماددی زۆر کۆنە و ڕاڤەکردنی عەرش بە دەستەڵات و خاوەندارێتیش هەر کۆنە، چونکە بغدادی دەڵێت (ئەوەی ڕاستەلای ئێمە تەئویلکردنی واتای عەرشە لەم ئایەتەدا بە واتای دەستەلآت و وەك ئەوە وایە مەبەستی ئەوە بێت کە دەستەڵات کەس ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ جگە لە خۆی و ئەم تەئویلەش لەوتەی عەرەبەوە وەرگیراوە کە بڵێن (تلا العرش فلان) واتە عەرشی فلان لەناوچوو واتە دەستەلاتی نەماوە[١].

وە پێش بەغدادی محمد علی قەفال[٢] هەمان بۆچونی هەیە، هەرچەندە کە بینیمان لە پێشدا ئاماژەمان پێیدا لە قورئانی پیرۆزدا بە ئاشکرای ئاماژەی بەهەڵگرتنی عەرش و گەڕانی فریشتەکانی بەدەوری عەرشدا کردووە، و ئەم دوو سیفەتەش تایبەتن بە عەرشێکی ماددیەوە نەك مەعنەوی، وەکو چۆن سوننەتی ڕاست و صحیح هیچ ڕێگەیەکی نەهێشتوەتەوە بۆ گومانکردن لەوەی عەرشی خوای گەورە ماددی بێت بە باسکردنی زۆرێك لە سیفەتەکانی کە بۆ هیچ شتێك ناگونجێن مەگەر ماددە نەبێت وەك :

أ) عەرشی خوا پایەی هەیە و موسا علیه سلام لە ڕۆژی دوایدا بەیەکێك لە پایەکانیەوە دێت . [٣]

ب)دەلەرزێت بەڕودانی هەندێ ڕوداو وەکو چۆن بۆ مردنی سعدی کوڕی مەعاز لەرزی . [٤]

---

(١) پەرتوکی (اصوا الدین) لاپەڕە ١١٣ .

(٢) (تەفسیری الرازي) بەرگی ١٤ لاپەڕە ١١٥ .

(٣) صحیح البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ١٧٧ .

(٤) صحیح البخاري بەرگی ٤ لاپەڕە ٢٢٧

ج) چەند لایەکی هەیە کە دەستی پێوەدەگیرێت، موسا علیه السلام دەست بە لایەکیەوە دەگرێت لە ڕۆژی دواییدا . [١]

د) دەکەوێتە سەر فیردەوس . [٢]

ه) کێشێکی زۆری هەیە . (٣)

و) لەڕۆژی دواییدا سێبەری هەیە . (٤)

ز) چەند لایەکی هەیە لای ڕاست و سەر و ژێر . (٥)

بەسەیرکردنی هەموو ئەم سیفەتانەو گەڕان بەدوای ئەوەی کە باسکراوە لە قورئان و سونەتدا کۆمەڵ و ئەهلی حەق و ڕاست بۆچوونیان وایە کە عەرش دروستکراوێکی خوایە و لا و بەش بەشی هەیە و خودا دروستی کردوە و فەرمانی کردوە بە فریشتەکان بە هەڵگرتنی و بەرز و پاکڕاگرتنی و باوەڕی تەواویان هەیە بەوەی لە خواوە هاتوە و حەقیقەت و ڕاستیەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لای خوای گەورە[٦] .

---

(١) صحيح المسلم بەرگی ٧ لاپەڕە ١٠١ . .

(٢) فتح الباري بەرگی ١٣ لاپەڕە ٤٠٤ ، وە پەرتوکی (الرد على الجهمية) ی سەعیدی کوڕی عوسمانی الدارمی لاپەڕە ١٢ .

(٣) صحيح المسلم بەرگی٨ لاپەڕە ٨٣ فەرمودەی جویرە ڕەزای خوای لێبێت . .

(٤) سنن الدارمي بەرگی ٢ لاپەڕە ٢٦٣ ، سنن التمڕی بەرگی ٣ لاپەڕە ٥٩٠ .

(٥) فەرمودەی

(٦) فتح الباري بەرگی ١٣ لاپەڕە ٤٠٥ ، (العلو للعلي الغفار) الڕهبی لاپەڕە ١٩٥ ، و الرد الجهمية لاپەڕە ١٢ .

(٣) (عرش الرحمن) ابن تيمية لاپەڕە ١٧ .

وە سەبارەت بەو بانگەشەیەی کە دەیکەن بەوەی ئیستوائی خوا مەبەست لێی کۆکردنەوەی دەستەڵاتی کەونیە گۆڕینێکی مەجازیە کە بەڵگەکانی کەموکورتی تیایە و ئەوەی ناسراوە لە زماندا کە هیچ وشەیەك ماناکەی نابڕێتەوە بۆ لای مانا مەجازیەکەی مەگەر نەتوانرێ مانا ڕاست و حەقیقیەکەی وەربگیرێ و قەرینەیەکیش هەبێت لەسەری. وە مەبەست لە ئیستیوائیش بەو شێوە نیە و هەموو ئەوەشی دەیزانین ئەوەیە کە ئێمە نازانین چۆنیەتی ئیستیوائی خوا هەرچەندە ئیستیوائ لای مرۆڤ زانراوە و باشترین کاریش لە بواری سیفەتەکانی خوادا بریتیە لە داننان بەوەی کە خوا بۆخۆی باسی کردووە یاخود پەیامبەرەکەی فەرموویەتی و دانی پێدا ناوە بەبێ لەکارخستن و چۆنیەتی بۆ دانان و تەمسیلکردنی. تەنها دەڵێین خوای گەورە ئیستوائی کردووە بەسەر عەرشەکەیدا لەسەروی ئاسمانەکانەوە.

دووەم: پەیامبەرایەتی:

لەوەی تێپەڕی ئاماژەمان بەوە کرد کە گەشتن بە بیروباوەری بەناوقورئانیەکان سەبارەت بە پەیامبەرایەتی تەنها ئەو وتانەیان نەبێ لەسەر دیاردە ناسروشتیەکان (موعجیزە) و عیصمەتی پەیامبەر ﷺ لە گەیاندنی پەیامەکەی خوای گەورە و کۆتای پەیامبەرێتی و وتەکانیان سەبارەت بە مەسیح عیسا ی کوڕی مەریەم علیه السلام.

١ـ وتەکانیان سەبارەت بە کارە لەسروشت بەدەرەکانیان (خرق العادة):

أـ هەڵوێستیان سەبارەت بە کارە لەسرووشتبەدەرەکان (خرق العادة) کە لەسەر دەستی پەیامبەری خوا ﷺ ڕوویداوە:

کارە لەسووشت بەدەرەکان (خرق العادة) بریتین لە گۆڕینی شتێك لە ئاراستەی خۆی ڕێگری کردن لەو شتەی کەلەسەری پشتی پێدەبەستێت[١].

هەموو موسوڵمانان یەکدەنگن لەوەی کە ئەم کارانە لەسەر دەستی مرۆڤ ڕوودەدەن، هەرچەندە ڕاجیان لەسەر ئەو کەسانەی کە لەسەر دەستیان ڕوو دەدات، بەناو قورئانیەکان یەکدەنگن لەسەر نکۆڵیکردنی ڕوودانی لەسەر دەستی محمدی کوڕی عبدالله علیه صەلات و سەلام و ئومەتەکەی لەدوای خۆی جگە لە موعجیزەی قورئانی پیرۆز، الحافظ أسلم دەڵێت: (پەیامبەری خوا ﷺ هیچ موعجیزەیەکی پێ نەدراوە جگە لە موعجیزەی قورئان، هەرچەندە لە فەرموودەدا هەندێ موعجیزەی ڕوونی زۆری باسکردووە، وەك کەرتکردنی مانگ و نکۆڵیکردنی لەلایەن هەندێ کەسەوە لە سەلماندنی لە قورئاندا هەرچەندە کەرتکردنی مانگ یەکێکە لە نیشانەکانی نزیکی ڕۆژی دوای و هیچ پەیوەندیەکی ڕوون و شاراوەی بە پەیامبەرەوە نیە)[٢]. وە خەواجە احمدالدین ئەم زنجیرەیە تەواودەکات و دەڵێت: (لە قورئانی پیرۆزدا ووشەی موعجیزە و (خرق العادة) بوونی نیە و لەجێگەکەی ووشەی (سنة الله) هاتووە کە ناگۆڕێت و شوێنەکەیان ناگۆڕێ و بخرێنە شوێنێ تر)[٣].

---

(١) پەرتوکی (نهایة الاقدام) عبدالکریم الشهرستانی لەپەڕە ٤٢٣.

(٢) پەرتوکی (تعلیمات القران) لاپەڕە ١٥٠، (نکات القران) لاپەڕ١٦٨، وە هەمان شێوە حافز ئەسلەم ئەم ووتەیەی هەیە لە پەرتوکی (ترجمة القران) بەرگی ٣ لاپەڕە١٧١، بەرگی چوار لاپەڕە ٢٩. پەرۆیز هەمان بۆچوونی هەیە پەرتوکی (تبویب القران) بەرگی ٣ لاپەڕە ١٢٥٢، وە گۆڤاری (طلوع اسلام) ژمارەی مانگی نۆی ساڵی ١٩٧٨ زایینی لاپەڕە ٢١.

(٣) گۆڤاری البیان لاپەڕی ٣٨ ی ژمارەی حەوتی ساڵی ١٩٥١ ی زایینی. ص٣

گفتوگۆی ئەم بابەتە :

موسوڵمانانی پێشین لە سەلەف و ئەشعەریەکان و موعتەزیلە و سۆفی و شیعە هەمویان هیچ بۆچونیان جیاواز نیە لەسەر ئەوەی کارە لەسروشت بەدەرەکان (خرق العادة) لەلایەن پەیامبەرەوە ﷺ ڕوویانداوە، وەکو موعجیزەی قورئان و هەندێکیش لەو زانایانە ژمارەی موعجیزەکانیان گەیاندوەتە زیاتر لە هەزار دانە[١]، وەکو ئەوانەی کە لەهەردوو کتێبی صحیحین دا هاتوون نمونەی هەڵقوڵانی ئاو لەنێوان پەنجەکانی[٢] و زیادبوونی خواردنی کەم[٣] و گریانی قەدی دارەخورما[٤] هەواڵدانی پەیامبەر ﷺ بۆ هەندێ لەو ڕوداوانەی کەدوای وەفاتی ڕوودەدەن لە ئاشوب و فتوحاتی ووڵاتان.

وە ڕاستیش لەم کارەدا ئەوەیە کە کارە لە سروشت بەدەرەکان (خرق العادة) ڕویانداوە لەسەر دەستی پەیامبەری خوا ﷺ بەشێوەیەك کە هیچی نەهێشتوەتەوە بۆ موسوڵمان بۆ نکۆڵیکردنیان و نەشمان دیوە لە کۆمەڵگەی موسوڵمانان نکۆڵی لێ بکەن و ناکرێ ئێمەش نکۆڵی لێ بکەین و لەبەر خاتری بۆچوونی نەنگی بەناو قورئانیەکان، وە ناشزانم ئەم نکۆڵیەیان لەچیەوە سەرچاوەی گرتوە هەرچەندە قورئانی پیرۆزیش باسی هەندێکیانی کردووە، وەك شەوڕەوی پەیامبەرﷺ : ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى﴾

---

(١) بەرتوکی (الجواب الصحیح) ابن تیمیه لاپەرە ١٤٠ بەرگی ١ .

(٢) صحیح البخاري الفتح الباري بەرگی ٦ لاپەرە ٥٨٠ ، صحیح المسلم بەرگی ٧ لاپەرە ٥٩ .

(٣) صحیح البخاري فتح الباري بەرگی ٦ لاپەرە ٥٨٦ .

(٤) صحیح البخاري فتح الباري بەرگی ٦ لاپەرە ٦٠١ .

(الإسراء:١). واتە: (پاکو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە شەوڕەوی کرد بە بەندەیەکەی لە شەوێکدا لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقسا)[١].

بڕینی ماوەی چل شەو بە بەشێکی کەم لە شەو موعجیزە نەبێ ئیدی چییە؟[٢]

وە سەبارەت بەوەی الحافظ أسلم وتویەتی: کەرتبوونی مانگ ڕەدکراوەیە هەر بەپێی قورئانی پیرۆز لە چەند ڕوویەکەوە:

أ) ووتەی خوای گەورە (انشق القمر) هەواڵێکە بە ڕوونی، و ڕوشی داوە لەبەر ئەوەی ووتەکە بە کاری ڕابردوە هاتووە، گۆڕینی لە سیاقی خۆی بەوەی لەرواڵەتی ڕونی خۆی لای دەین هیچ بەلگەیەکی لەسەر نیە.

ب) ئایەتی دوای ئەو کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُسْتَمِرٌّ﴾ (القمر: ٢). واتە: (کاتێ ئایەتێك کە پیشانیان دەدرێ و دەیبینن دەڵێن ئەمە سیحرێکی بەردەوامە)[٣]. ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەم کەرتکردنە نیشانەیەکە لەسەر ڕاستگۆیی و ڕاستی ئەوەی کە پەیامبەر ﷺ بانگەشەی بۆ کردووە لە پەیامبەرێتی لەبەرامبەر نەیارانی لە قوڕەیشیەکان، و ئەگەر ڕووی نەدابێت دەبێت چ ئاماژەیەکی ڕاستی بانگەشەکەی تیا بێت، و ئایەتی دوای ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەدرۆ دانانینی ئەم موعجیزەیە: ﴿وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُسْتَقِرٌّ﴾ (القمر: ٣). واتە: (بەدرۆیان دانا و شوێن هەواو ئارەزووەکانیان

---

(١) سورەتی الاسراء ئایەتی ١.

(٢) پەرتوکی (الکشاف) بەرگی ١ لاپەڕە ٥٤٠ جارالله محمود بن عمر الزمخشري ، (الشریغ=عه) محمد حسین الاجری لاپەڕە ٤٨١ ، (دلائل النبوة) البیهقي بەرگی ٢ لاپەڕە ١٠٦.

(٣) سورەتی القمر ئایەتی ٢.

کەوتن) [١]، بەدرۆزانینەکەیان بەڵگەی ڕوانێتی لە ڕابردودا لەماوەیەکی دیاریکراودا.

ج) بەڕاست زانینی زیاتر لە (دە) لە هاوەڵانی پەیامبەر بە ڕووداوی، کاتێ خەڵکی مەککە داوای نیشانەیەکی پەیامبەرێتیان کرد دوکەرتبونی مانگی پێنیشاندان، فەرمودەی دوکەرتبونی مانگ ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکانی صحیحین و سونەنەکان و مەسانیدەکاندا بەشێوەیەك کە مەجالی نکۆڵیکردنی لەلایەن موسوڵمانێکەوە نەهێشتوەتەوە[٢]. وەك چۆن زانیانی ئیسلام هیچ دوو دڵ نەبوون لە بەڕاستدانانی ئەم موعجیزەیە و لەڕوی عەقڵ و ژیریەوە ڕوداوەکەیان دورنەخستوەتەوە[٣].

وەسەبارەت بەوەی کە خەواجە احمدالدین باسی کردووە کە وشەی موعجیزە و خارق العادة لە قورئاندا نەهاتبێت، وتەگەلێکن کە هیچ کێشمەکێشێك هەڵناگرێت، پێشتر شیخی ئیسلام ابن تەیمیە ئاگاداری کردووینەتەوە لەم گومانە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و فراوان و گشتگیر، کە فەرموویەتی ڕاستە وشەی موعجیزە لە قورئانی پیرۆز و سونەتدا نەهاتوە بەڵام لە جێگەیان وشەی (الآیة) و (البینة) و (البرهان) هاتوە[٤].

---

(١) سورەتی القمر ئایەتی ٣.

(٢) فتح الباري بەرگی ٨ لاپەرە ٦١٧، و شرح النووي لصحیح مسلم بەرگی ١٧ لاپەرە ١٤٣، و تحفة الاحوذي بەرگی ٩ لاپەرە ١٧٥.

(٣) بۆ زیاتر سەیری پەرتوکی (تنزیه القران) القاضي عبدالجبار لاپەرە ٣٣٦، (الارشاد) ی ئیمامی الحرمین لاپەرە ٣٣٥، (احکام القران) ی جەصاص بەرگی ٥ لاپەرە ٢٩٨، (دلائل النبوة) ی بیهقی بەرگی ٢ لاپەرە ٤٠ـ٤٥، (دلائل النبوة)ی الاصفهاني لاپەرە ٣٦٧.

(٤) پەرتوکی (الجواب الصحیح) بەرگی ٤ لاپەرە ٦٧.

بۆیە شیخی پایەبەرز ووشەی موعجیزەی بۆ کارە لەسروشت بەدەرەکان (حرق العادة) بەکار نەهێناوە و بەڵکو وشەی (دلائل النبوة)ی بۆ بەکارهێناون[١] .

وە سەبارەت بەوەشی کە خواجە وتویەتی کە سوننەتی خوا ناگۆڕێت، و ئەمەش بابەتێکە کە گفتوگۆ هەڵناگرێت، و هیچ دژیەکیش نیە لەگەڵ نیشانەکانی پەیامبەرێتی چونکە پشتگیریکردنیان بە کارە لەسرووشتبەدەرەکان (حرق العادة) سونەتێکن لە سوننەتەکانی خوای گەورە بۆ پەیامبەرەکانی، موعجیزەکانیش کۆمەڵە کارێکن کە بۆ پەیامبەران ڕوودەدەن لە سونەتەکانی خودان، کارە لەسرووشت بەدەرەکانی (حرق العادة)ی پەیامبەرانیش بە دەرچوون لە سونەتی خوا دانانرێت و هەڵوەشێنەرەوەی کارەکانی خوا نین لەبەر ئەوەی خوای گەورە خوی پشتگیری پەیامبەرەکانی دەکات بەم جۆرە کارانە، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بە زۆر شت کردووە کەلە ڕێڕەوە گشتیەکەی خۆی لایداوە وەك لەدایکبوونی عیسا علیه سلام بەبێ باوك و هێنانی عەرشی بەڵقیس بە چاوتروکانێك و بەشداری فریشتەکان لەجەنگەکانی موسوڵمانانداو و چیرۆکی شەوڕەوی و کەرتبوونی مانگ بۆ پشتگیری لە پیەیامبەرەکانی .

وەکورتەی وتەمان ئەوەیە کەئەم کارە لەسروشتبەدەرە نائاساییانە (حرق العادة) بە پێی سونەتی خوا ڕویداوە بەبێ گۆڕان و جێگۆڕکێی سونەتەکانی خوا، هەموو ئەم کارانە ئەوەیە کە ڕێگەیەکیان وازلێهێناوە بۆ ڕێگەیەکی تر بۆ ڕودانیان کە هەردو ڕێگەکەش بەپێی سونەتنی خوا بوە[٢]، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ

(١) پەرتوکی (الجواب الصحیح) بەرگی ٤ لاپەرە ٦٧ .

(٢) (النبوات) ابن تیمیة لاپەرەی ٢١٩ و ٢٣٣ .

اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الأحزاب: ٦٢). واتە: (کە هیچ گۆڕانێك لە سونەتی خودای گەورەدا نابینیتەوە)[١] وکارە لەسرووشتبەدەرەکان (حرق العادة) لەژیانی ڕۆژانەشدا بینراون و دەبینرێن، بۆ نمونە لەکاتی نەخۆشیدا ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی بووە ڕێگری لێ دەکەن بۆ هەندێ خواردم لەماوەیەکی دیاری کراودا ئەگەر لە کاتی تەندروستیشدا نەیخوات لەناوی دەبات چ جای نەخۆشی، کەچی ئاساییە، کەواتە کارێکی مەحاڵ نیە کە دانەری تایبەت مەندییەك ڕێساکەی بگۆڕێت، ئاساییە واز لە ڕێگەیەك بهێنێ و ڕێگەیەتر بگرێتەبەر، وە مەبەست لەم کارەش ئەوەیە ئێمە ئەو شتە نازانین و تەنها کاریگەری گۆڕینەکە دەبینین لەسەر دەستی ئەوانەی کە خوای گەورە تایبەتی کردوون لەو کارەدا بە فەزڵی خۆی[٢].

نکۆڵیکردن لە کارە لەسرووشت بەدەرەکان (حرق العادة) بەڕەهایی لەسەر دەستی مرۆڤ و گۆڕانیان لە سونەتی خۆیان کە بۆیان دیاریکراوە بۆ سونەتێکی تر کە مرۆڤ پێشتر نەیدیبێت نکۆڵیکردنێکی ئاشکرای ژمارەیەکی زۆر لەو کارانەیە کەلە قورئاندا باسکراون.

وە سەبارەت بەڕودانی کاری لەسروشت بەدەر (خرق العادة) لەناو ئەم ئومەتەدا لەسەر دەستی جگە لە پەیامبەر ﷺ، جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن کە ڕودەدات و نکۆڵیان نەکردوە جگە لە (إبن حزم) و هەندێ لە موعتەزیلە نەبێت وەکو چۆن (إبن تیمیة) باسی کردووە.[٣] بەڵام بڕیاردانی لەسەر (إبن حزم) ئاسانکاریەکی ئاشکرای تێدایە کە دەیداتە پاڵ گروپێك کە دەڵێن کارە لەسرووشت

(١) سورەتی الاحزاب ئایەتی ٦٢.

(٢) (رسالة التوحید)ی محمد عبده لاپەڕە ٦٧

(٣) (النبوات) لاپەڕە ٣.

بەدەرەکان(خرق العادة) ڕووناداەن تەنها بۆ پامبەرێك لە پەیامبەرەکانی خوا نەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە بینیومانە کە (إبن حزم) دان دەنێت بە بوونی کاری لەسروشتبەدەر(خرق العادة) لەسەردەمی پەیامبەر ﷺ و ناشیبەستێتەوە بەو سەردەمەوە چونکە دەفەرموێت (وەئەوەی دەوترێ کە جگە لە پەیامبەران کەئەتوانن شتانێکی لەسروشتبەدەر و نائاسای بکەن درۆیە، تەنها ئەوە نەبێ لەسەردەمی پەیامبەردا ﷺ ڕوویداوە کە نیشانەیەك بووە لە نیشانەکانی خوای گەورە بۆ پەیامبەر ﷺ و ئەوانەشی کە بۆیان ڕوویداوە)[١].

وە ئەو موعتەزیلانەی کە باوەڕیان بەبوونی کەراماتی پیاوچاکان نیە دوو کۆمەڵەن: کۆمەڵێکیان باوەڕیان بە بوون و ڕوودانی کەرامات هەیە لەنێوان تاکەکانی ئومەتدا، کە وتەی قازی عبدالجبارە لە ڕوونکردنەوەی پێنج بنچینەکە کە دەڵێن لەڕوی عەقڵ و نەقڵەوە ئەگەری ڕوودانی هەیە (وە ئەوەی گێڕدراوەتەوە لە هەندێکیانەوە لە کارە سروشتبەدەرەکان (خرق العادة) و دەقەکانیش ڕاستن و واجبە لەسەرمان بە ڕاستیان بزانین و ڕێگەنەدراوە کە نکۆڵیان لێبکەین)[٢].

وە کۆمەڵێکیش نکۆڵی دەکەن کە لە جگە لە پەیامبەر ﷺ ڕوبدەن، وە بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان پەیامبەران و جگەلە پەیامبەرانی دەزانن القاضي لە (المغني) دا دەڵێت[٣].

لە وەڵامی ئەم ووتەیەدا خاوەنی کتێبی (شرح العقية الطحاوية) دەفەرموێت: (وتەی موعتەزیلە لە نکۆڵکردنیان بۆ کەرامات پووچە، لەبەرئەوەی وەك

(١) (الفصل) بەرگی ٥ لاپەڕە ٩.

(٢) شرح الاصوا الخمسة لاپەڕە ٤٩٧.

(٣) بەرگی ١٥ لاپەڕە ٢١٧.

نکۆلێکردنی شتە هەست پێ کراوەکانە، وە ئەو وتەی کەدەڵێن ئەگەر کەرامات ڕاست بێت ئەوە وەك موعجیزە وایە و سەردەکێشێت بۆ تێکەڵکردنی پەیامبەر ﷺ لەگەڵ وەلی خودا کە ئەمەش ڕێگە پێدراو نیە، کەئەم بانگەشەیەش کاتێك ڕاست دەبوو کە وەلییەکە بەکردەوەیە لەسرووشتبەدەرەوە (خرق العادة) بێت و بانگەشەی پەیامبەری ﷺ بکات کەئەمەش ڕووندادات، و ئەگەریش بانگەشەی ئەوەی کرد ئەوە وەلی خوا نیە بەڵکو خۆ بەپەیامبەرزانێکی درۆزنە)[1].

وەکورتەی وتەمان ئەوەیە کەراماتی پیاوچاکان هەبوە لەدوای پەیامبەری خوا ﷺ لەناو ئومەتدا، کەئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆی پەیامبەری خوا ﷺ، کەئەمیش ڕووندادات تەنها بەبەرەکەتی شوێنکەوتنی پەیامبەر ﷺ نەبێت و لەڕاستیشدا دەچێتە نێو موعجیزەکانی پەیامبەرەوە ﷺ، وەکو کەراماتی عومەر ڕەزای خوا لێبێت لەسەر مینبەری پەیامبەری خواوە بە ئامۆژگاریکردنی سەرکردەیەك لەسەرکردەکانی جەنگەکانی بەناوی (ساریەی کوڕی زەنیم الدئلي) کە ئیمامی عومەر فەرمووی: (یا سارية الجبل) کە هێندە بەناوبانگە کە ناتوانرێ نکۆلێبکرێت[2].

وە کەرامات بە ئیزنی خوا ڕوویان داوە و ڕوودەدەن، شێخی ئیسلام ابن تیمیە باسی زیاد لە دە کەراماتی باس کردووە لە پەرتوکی (الفرقان بين الاولياء الرحمن و اولياء الشيطان) لەسەردەمە جیاوازەکاندا لە نێو هاوەڵان و شوێنکەوتەی هاوەڵان و شوێنکەوتەی ئەوانیش ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت[3].

---

(١) لاپەڕە ٤٤٦ ی علي بن علي الحنفي.

(٢) پەرتوکی (الاصابة فی تميز الصحابة) بەرگی ٢ لاپەڕە ٣.

(٣) لەپەڕەی ١٢٧ـ١٣١. وە هەروەها بۆ ڕلستودرووستی کەرامات سەیری هەردوو پەرتوکی (شرح المقاصد الطالبين فی علم أصوا الدين بەرگی ٢ لاپەڕە ١٣٠) و (شرح الواقف تحقيق ابراهيم الدسوقی لاپەڕە ٣٧٠) کە

بـ هەڵوێستیان بەرامبەر کارە لەسرووشتبەدەرەکان (خرق العادة) پێش سەردەمی پەیامبەرێتی :

پێشتر باسی هەڵوێستی بەناو قورئانیەکانمان کرد لەسەر کارە لە سروشتبەدەرەکان (خرق العادة) ، لە موعجیزەکانی پەیامبەرمان ﷺ و کەراماتی ئومەتەکەی بەڵام باسی هەڵوێستیانمان نەکرد سەبارەت بەو موعجیزانەی پەیامبەرانی پێش پەیامبەر ﷺ ڕوویانداوە، و کەراماتی پیاوچاکانی پێش ئومەتی پەیامبەرمان ﷺ دەبینین کە نکۆڵیکەرانی ئەم موعجیزە و کەراماتانە لە کارە سروشتبەدەرەکان دوو کۆمەڵن :

١ . کۆمەڵێك دان دەنێن بە کارە لەسرووشتبەدەرەکانی پەیامبەران و پیاوچاکانی پێشوو کە لە قورئاندا باسکراون و لەسەروی هەموویانەوە الحافظ أسلم و دامەزرێنەری بەناو قورئانیەکان[1] .

٢ . کۆمەڵێکی تر نکۆڵی لە ڕوودانی کارە لەسرووشتبەدەرەکان دەکەن بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی لە قورئانیشدا باسکراون دەگۆڕن بۆ واتایەکی مەجازی یان لادانی سیاقی ئایەتەکە بۆ شێوەیەك کە بەڵگە نەبێ لەسەر کارە لەسرووشتبەدەرەکان، وە دەیگێڕنەوە بۆ لای سرووشتی خۆی کەئەمەش ڕێگەی (پەرویز[2]) و (خەواجە أحمد الدین)ە، خەواجە لە ڕوونکردنەوەی چیرۆکی زیندوکردنەوەی کوژراوەکەی سورەتی البقرة بە لێدانی گۆشتی گوێرەکە لە لاشەی دەڵێت (ئەو کوژراوە جەڵتەی دڵ لێیداوە و لاشەی خۆی وەستاندوە و لەم بارودۆخەدا ئەوەی زانراوە ئەوەیە توشبوو بە جەڵتە دەوەستێ

هەردووکیان هی سعدالدین سعود بن عمرن . (اللمع) ي ابي نصر السراج لاپەڕە ٣٩٣ . (الاربعین فی أصوا الدین) ی الرازی لاپەڕە ٣٨٤ . (مطالع الأنظار) ی الاصفهانی لاپەڕە ٤٣٧ .

(١) پەرتوکی (تعلیمات القرأن) لاپەڕە ١٣٣ـ١٣٥ ، (ترجمة القرأن) بەرگی ٣ لاپەڕە ١٧١ ، (تفسیر القرأن) بەرگی ١ لاپەڕە ٢٦٣ .

(٢) پەرتوکی (تبویب القران) لەپەڕە١٢٥٦ بەرگی ٣ .

و لاشەی ئەندامەکانی جەستەی دەجوڵێن و بە ئەم کارەش نەفسەکە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتەکەی خۆی هەندێ جار، و ئەو کارەش کە بۆی کراوە بۆ ئەو توشبووە کاریگەریەکەی بەو کارە دەردەکەوێت، وەك چۆن لە قورئاندا دەربڕاوە بە: ﴿وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا﴾ (البقرة: ٧٢).

باسکردنی ئەم بابەتە:

دەڵێم سەرچاوەی عەقیدە و بیرووباوەڕەکان دەڵێن نکۆڵیکردنی کارە لەسرووشتبەردەرەکان (خرق العادة) بەشێوەی گشتی بوونیان نەبوە تەنها لە ناو بەراهیمەکانی هیندستاندا نەبێت، وە ئەو فەیلەسوفە موسوڵمانانەی کە هەڵگری بیرۆکەی فەلسەفەکانی ئەرستۆ بوون ئەوانەی کە لەهەموو مرۆڤایەتی جیابوونەوە بە نکۆڵیکردنی ئەوەی کەسێکی ڕاهاتوو لەسەر شتێك ناتوانێت لەسەر سرووشتی خۆی لابدرێت یان ڕێگری لە سرووشتیەکەی بکرێت وەك چۆن بەراهیمەکان شاز و تایبەت بوون و لەمرۆڤایەتی جیابونەوە بەوەی کەوتیان مرۆڤایەتی پێویستی بە کتێب و بەرنامەی خوایی نیە[1].

ئایا ئەم نکۆڵیکارە نوێیانە هاوهەڵوێستی پێشینەی خۆیانن لەم دواییانەدا وەکو چۆن هەر لەسەرەتاوە هاوهەڵوێستیان بوون؟

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم کۆمەڵەیە خراپییان کەمتر نیە لە باتنیەکان لەسەر قورئان، ئایەتەکە بەئاشکرا ئاماژەیە بۆ کوشتن کەچی ئەوان دەیگۆڕن بۆ جەڵتەی دڵ، کە ئەمەش جیاوازیەکی زۆر لەنێواندا هەیە، لەبەر ئەوەی کوشتن پێویستی بە بوونی کەسێکە ئەنجامی بدات بەڵام جەڵتەی دڵ، ئەگەر ئەم ئایەتە بەو مانایە بێت کە

(١) پەرتوکی (التمهید) لاپەڕە ١١٢، ١٧٣ باقلانی، (نهایة الاقدام) لاپەڕە ٤١٧ ی شەهرستانی، (و شرح المقاصد) بەرگی ٢ لاپەڕە ١٣١، (شرح المواقف) بەرگی ٣ لاپەڕە ١٨٥، (المغني) بەرگی ١٥ لاپەڕە ١٠٩، (مختصر في اصوا الدین) لاپەڕە ٢٣٥ لە نێو کتێبی (رسائل العدل و التوحید للقاضي)

دژەکانمان دەیڵێن ئەوە قورئان کەسانێکی بێتاوان تۆمەتباری دەکات، کەهیچ پەیوەندیان بە بابەتەکەوە نیە. پاکوبێگەردی بۆ خوا لە وەها کارێك.

٣- هەڵوێستیان سەبارەت بە عیصمەتی پەیامبەرمان لە گەیاندنی پەیامەکەی خوا:

عیصمەت (بەخشش و بەزەیەیەکی خواییە کە پەیامەرێکی دەخاتە سەر ئەنجامدانی کاری باشە و دووری دەخاتەوە لە کاری خراپە لەگەڵ هێشتنەوەی ئیختیار بۆ پەیامبەرەکە بۆ بەجێهێنانی تاقیکردنەوەکانی خوا)[١].

ئومەتی ئیسلامی یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە پەیامبەرەکەی ﷺ پاراستوە، وە دەیپارێزێ لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جن کە هەوڵبدەن لەوەی شتانێ بڵێت و ڕایگەیەنێت کە خوا فەرمانی پێ نەکردبێت، بەڵکو ئەیخەنە سەر گۆڕان یان هەڵبەستن بەدەم پەیامبەرەکەییەوە[٢]، هەرچەندە عبدالله و جێگرەکەی (حیشمت عەلی) وای دەبینن کە مەبەست لە وتەی خوای گەورە: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنْسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (الحج: ٥٢). وتە: (ئەی محمد لەپێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکی پەیامدار و بێ پەیامان ڕەوانە نەکردووە، ئاواتی نەخواستبێت بە باوەڕهێنانی قومەکەی بەڵام کاتێ ئاواتی خواستووە شەیتان ئەوەی بە فرسەت زانیوە شتی نابەجێی تێکەڵ بە ئاواتەکەی کردووە، ئینجا خودا فریای کەوتووە و ئەوەی شەیتان فرێی داوەتە ناو ئاواتەکەیەوە سڕیویەتیەوە و لەوەودوا خوای گەورە ئایەت و فەرمانەکەی خۆی چەسپاو و دامەزراو کردووە، خودا خۆی زانا و

(١) نامەی دکتۆرای محمد ابو النور (عصمة الانبياء) لاپەڕە ٤.

(٢) پەرتوکی (النبوات) لاپەڕە ٢٣٥، (عصمة الانبياء) لاپەڕە ٣٣٨.

دانایە)[1]. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پەیامبەری خوا ﷺ لەسەر زمانیەوە وەك پەیامبەرانی تر سەبارەت بە دینی ئیسلام دوو شت دەرچووە:

١ـ کتێبی خوای پەروەردگار.

٢ـ یاخود ئەوەی بیری بەسەری هێناوە و دڵی ئاواتی خواستوە، کە ئەمەش مەرج نیە شەیتان پێی نەوتبێت، هەرچەندە خوای گەورە سڕیبێتیەوە و ئایاتەکانی جێگیر کردبێت، بەم پێیەش ئەو ئاواتانەی کە لەلایەن پەیامبەرەوە دەرچووە بەپێی ئەم دوو خاڵە لە هەژدە حاڵەت تێناپەڕێت وەکو:

١ـ (سوێند خواردنی لەسەر شتانێکی حەڵاڵ بە حەرامکردنی لەبەر دڵڕاگرتنی خێزانەکانی).

٢ـ حەرام کردنی ئەوەی کە یەکێك لە خێزانەکانی دەریخستووە.

٣ـ ڕێگەدان بە هەندێ کەس کە بەشداری جەنگەکان نەکەن.

٤ـ پشتکردنی لە کوێرێك لەبەر سەرقاڵبوونی بە ئامۆژگاری قوڕەیشیەکان[2].

گفتووگۆکردنی ئەم باسە:

بەڵگەکان لەسەر ئەوەن کە پەیامبەران مەعصوم و پارێزراون لە درۆکردن لە گەیاندنی پەیامی خوا و قسەکردن تیایدا، و شەیتان هیچ دەستەڵاتێکی نیە بەسەر بەندەکانی خوادا چ جای ئەوانەی کە خوای گەورە هەڵیبژاردون بۆ گەیاندنی

(١) سورەتی الحج ئایەتی ٥٢.

(٢) (المباحثة) لاپەڕە ٤٢ و ٤٣ کە ئەویش لە پەرتوکی (اشاعة السنة) بەرگی ١٩ لاپەڕە ٢٩٣ ی نقڵ کردووە، وە ووتاری (عبدالله و تبلیغ القران) لاپەڕە ١٦ ی ساڵی ١٩٠٢.

پەیامەکە: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ﴾ (الحجر: ٤٢). واتە: (بەڕاستی بەندەکانم تۆ هیچ دەستەڵاتێکت نیە بەسەریاندا)[١].

هەروەها: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣، ٤). واتە: (هیچی نەوتوە لە هەواو ئارەزووەوە و ئەوەشی دەیڵێت سروشە و لەخواوە بۆی وەحی کراوە)[٢]

وە: ﴿وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ () لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ () ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ﴾ (الحاقة: ٤٤ – ٤٦)

ئەم ئایەتانە هەمووی بەڵگەن کە پەیامبەران مەعصوم و پارێزراون بە پارێزگاریەک لەلایەن خواوە، وە هیچ لە پەیامبەران قسەیان لە دیندا نەکردوە بەپێی خۆزگە و ئارەزووەکانیان، و نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی کە پەیامبەر ﷺ ئازار نادرێ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە و پەیامبەر ﷺ هیچ شتێکی نەوتوە بەناوی خواوە لە دینەکەیدا لە ڕێی شەیتانەوە بەوەی کە هەواو ئارەزوی خواستبێتی، نە بە عەمدی و نە بە زۆر لێکردن و نەبە هەڵە و سەهو، لەبەر ئەوەی بەعەمدی کوفرە و پەیامبەران مەعصوم و پارێزراون لە کوفر و بە زۆر لێکردنیش نابێ چونکە شەیتانەکانی جن و مرۆڤ هیچ دەستەڵاتێکیان نیە بەسەر بەندەکانی خوایا و لە ڕێگەی سەهو و هەڵەشەوە نابێت چونکە پەیامبەران پارێزراون و مەعصومن لە درۆکردن لە گەیاندنی پەیامی خوادا. [٣]

---

(١) سورەتی الحجر ئایەتی ٤٢.

(٢) سورەتی النجم ئایەتی ٣ و ٤.

(٣) تەفسیری رازی بەرگی ٢٣ لاپەڕە ٥٢، (عتر النبوة محمد في القران) ی حسن ضياء الدين لاپەڕە ٢٥٥.

وە ئەگەر تەسلیم بوین بەوەی کە شەیتان توانای هەیە کە بتوانێ شت بخاتە دڵی پەیامبەرانەوە ئەوا متمانە بوون بە شەرعی خوا نامێنێت، و ئەو ئەگەرە سەرهەڵدەدات کە ئەوەی کە پەیامبەران بانگەشەی بۆدەکەن کەلە خواوە بێت پێدەچێ لەخواوە نەبێت بەهۆی بەسەردا زاڵبوونی شەیتان بەسەریدا و دەگونجێ لە نەفس و ئارەزوی خۆیەوە بێت، لەبەر ئەوەش چ ڕێگریەك هەیە لەوەی قورئانی پیرۆزیش هەمان شێوە نەبێت؟؟! – بەپێی گریمانەی خۆیان- پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی ئەم زاڵم و ستەمکارانە دەیڵێن.

واتای ڕاست و دروست بۆ ئەو ئایەتەی کە دەیکەنە بەڵگە (هیچ پەیامبەرێکمان نەناردووە پێش تۆ)

ئەوەیە کە ئایەتەکە کۆکراوەیەکە بۆ دڵدانەوەی پەیامبەری خوا ﷺ، و هەوڵدانی بێباوەڕان بۆ پوچەڵکردنەوەی ئایەتەکانی خوای گەورە کاری هەمیشەییان بووە، بۆیە هیچ پەیامبەرێکیمان نەناردووە لە پێش تۆ کە حاڵی بەو شێوەیە نەبوبێت کاتێ شتێکیان لە قورئان بخوێندایەتەوە شەیتان گومان و دودڵی دەخستە دڵی شوێنکەوتوانیەوە لەو کاتەی قورئانیان بەسەردا دەخوێنرا و بە شێوەیەکی باتڵ و پوچ موناقەشەیان دەکرد و ئەوەی پەیامبەر دەیهێنا ڕەددیان دەکردەوە، خوای گەورەش ئەو شوبهانەی شەیتانی پووچ دەکردەوە لە ڕێگەی پەیامبەرەوە یان دابەزینی ئایەتێکی موحکەم کە هیچ گومانێك لە هیچ ڕوویەکەوە هەڵنەگرێت[1].

وە سەبارەت بەوەی کە بەناو قورئانیەکان لە هەر چوار ڕووداوەکە کە باسیدەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی گومانیان لێی هەیە، یان بۆ ڕەنگدانەوەی ئەوەی باوەڕیان

(١) سەیری پەرتوکی (روح المعاني) بەرگی ١٧ لاپەڕە ١٧٣، (عصمة الانبياء) بەرگی ٣٤٦.

پێیەتی، کارێکی ڕەددکراوەیە بە هەموو شێوەیەك، لەبەرئەوەی دەقە قورئانیەکان لەسەر چوار ڕووداوەکە بەهیچ شێوەك ئاماژە نیە بۆ ئەوەی کە شەیتان بەشی هەبێ لە حوکمی پەیامبەر ﷺ لەسەر ئەو بابەتانە، یاخود دانان و خستنە دڵی حوکمێك بۆ پەیامبەر ﷺ کە کاری پێبکات، بەڵکو ئایەتەکانی چوار ڕوداوەکە جگە لە ڕوداوی گفتوگۆکە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پەیامبەر سەرزەنشت کراوە لەسەریان، ئەو چوار ڕوداوەش ئەمانەن: خوای گەورە دەفەمووێت: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾ [التحريم: ١]. واتە(ئەی پەیامبەر بۆ شتێك حەرام دەکەی لەسەر خۆت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوی...)

هەروەها ئایەتی: ﴿عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنْتَ لَهُمْ﴾ (التوبة: ٤٣). واتە: (خوا لێت ببورێ بۆ ڕێگەت پێدان..). هەروەها: ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى () أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى﴾ (عبس: ١، ٢). واتە: (ڕووی گرژ کرد و ڕوی وەرگێڕا کاتێك نابیناکە هات بۆ لای...)

ئەگەر بێت و شەیتان بیخستایەتە دڵیەوە ئەوا پێغەمبەرﷺ لەسەری سەرزەنشت نەدەکرا، جا سوێند خواردنی کە دوور بکەوێتەوە لەوەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە لە خۆشی و جوانیەکانی ژیان و و لەبەر خاتری خێزانەکانی و سوێند خواردنی بۆ خەولەی فەرموو: (پێت ڕاناگەیەنم هەتا حەرام نەبی لەسەرم) وە ڕێگەدانی بە دواکەوتوان لەجیهاد لە غەزوەی تەبوك وڕوگرژیەکەی لە ڕووی نابیناکە، ڕوداوگەلێك بوون کە پەیامبەر خۆی ئەنجامی دا بوون نەك لەڕێی شەیتانەوە.

جا ئەم چوار ڕووداوە بەشێکن لە ئیجتیهاداتی پەیامبەر لە شەرعی خوادا بۆ ئەوەی چاوی لێبکرێت، وە ئایا ڕێگە دراوە بە پەیامبەر ئیجتیهاد بکات لە حوکمی خوایا؟ دوو وتەی مەشهور و بەناوبانگمان هەیە لە لایەن زانایانەوە، وتەیەك ڕێگەدەدات و وتەیەك ڕێگری دەکات و لەهەردووڵاش بەڵگە و زانا و کتێب و ئوسوڵی خۆیان هەیە، بۆیە ناچینە نێو ئەم باسەوە مەگەر بۆ بەپێی پێویستیمان.

ڕوداوی سوێند خواردنەکەی و حەرامکردنی شتێك کەخودا ڕێی خەڵاڵی کردووە تەنها لەبەر دڵڕاگرتنی خێزانەکانی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم تەحریم کردنە حەرام کردنی شەرعی نیە لەبەر ئەوەی پەیامبەر توانای ئەوەی نیە و هەرگیز پێچەوانەی فەرمانی خوا ناکات و ئەمەش ڕێگرنیە لە پارێزراویی کەخوای گەورە پێی بەخشیوە، بەڵکو تەحریمێکی زمانەوانیە و مەبەست لێی خۆگرتنەوە و دوورکەوتنەوەیە لە شتێك و هاوشێوەی وتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ﴾ (المائدة: ٧٢). واتە: (بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کە هاوبەشبڕیاردەدەن بۆ خوای گەورە خوای گەورە بەهەشتیان لەسەر حەرام دەکات)

واتە مەنع و ڕێگریان دەکات لە چوونە ژوورەوەیان بۆ بەهەشت. یاخود ئایەتی: ﴿وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ الْمَرَاضِعَ﴾ (القصص: ١٢)

(شیر پێدانمان لەسەری حەرام کرد) واتە ڕێگریمان کرد لێیان شیری پێبدەن.

جا ئەو تاموچێژە کاتیەی لەخۆی قەدەغەکردووە بێگومان ئیجتهادی خۆی بوو، وە ئەم ڕێگریە پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو بوو لە حوکمدا، چونکە پەیامبەر هاتوە بۆ ئەوەی چاوی لێبکرێت و شوێنی بکەون و نمونەش دەبێت ئاسانکار بێت لەسە

ئوومەتەکەی نەوەك قەتیسکار، ڕێگریەکیش لەوەوە سەردەکێشێ بۆ بارگرانی، بۆیە ئاگادارکردنەوەیەکی خوای بۆ هات نەك لەبەر ئەوەی تاوانێکی کردبێت یان شوێن شتێك کەوتبێ کە شەیتان خستبێتیە دڵیەوە، بەڵکو پێچەوانەی سونەن و ڕێبازی پەیامبەرانی کردبوو.

وە ڕوورداوی خەولەی کچی سەعلەبەش : ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا﴾(المجادلة: ١). واتە:(خوای گەورە وتەی ئەو ئافرەتەی بیست کە گفتوگۆی لەگەڵ کردی..)[1] بەهەمان شێوە دەچێنە نێو ئیجتیهادەکانیەوە، پێش دابەزینی وەحی لەبارەی حوکمی خەولەی خێزانی ئەوسی کوڕی صامت کە پیاوەکەی سوێندی لێخوارد کەلێی حەرام بێت، پەیامبەری خوا پێی فەرموو (نازانم ، ئەوە نەبێ کە حەرامکراوی لەسەری)[2] ئەم ئیجتیهادەی پەیامبەر ﷺ لە بڕباردانی بۆ ئەم ڕوداوەبە پێچەوانەی کاری پەیامبەرانەی پێشینی خۆیەتی.

وە هەروەها ڕێگەدانی لە غەزوەی تەبوکدا بە هەندێ کەس کە موسوڵمان بوون بەشداری جەنگەکە نەکەن، خوای گەورە بە یەکێك لەو شتانەی کە شایستە نەبوو بە پەیامبەری خوا، و ئەو ئیزنخوازیە بۆ نەڕۆشتن بۆ جیهاد هۆکاری جیاکردنەوەی ڕاستگۆیانە لە درۆزنان، کە ئەمەش باشترین کاربوو لەو بیکردایە ﷺ، ئەوەبوو لێخۆشبونی خودایی بۆهات بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ئەوها کارێکی لێ دەرنەکەوێ، خوای گەورە فەرمووی: (خوای گەورە لێت خۆشبێ بۆچی ڕێگەت پێدان) بۆیە ڕێدانی پەیامبەرﷺ بە بەشداری نەکردن لە جیهاددا لەسەر ئیجتیهادێکی خۆی بوو

(١) سورەتی المجادلة ئایەتی ١ .

(٢) تەفسیری ابن کثیر بەرگی ٤ لاپەڕە ٣٢٠ .

نەك شتێکی تر، هەربۆیە خوای گەورە بە دەربڕینی لێخۆشبوون پەیامی ئاراستەکرد چونکە دەکرا باشتری لێ دەربکەوێ ﷺ، خۆ ئەگەر ئەو کارەی پەیامبەر لە شەیتانەوە بوایە ئەو پەیامی خودا شێوەی تری دەبوو، و ئاگادارکردنەوەکەش لەشێوەی تردا دەبوو.

وەك چۆن ڕووداوی عبدالله کوڕی ئوم مەکتوم و پشت تێکردنی پەیامبەر ﷺ لێی، بە هۆکاری سەرقاڵبوونی بە ئامۆژگاریکردنی سەرانی قوڕەیش بەوەی کە هیوای وابوو باوەڕ بهێنن، پاشان ببنە هۆکاری باوەڕهێنانی شوێنکەوتوانیان، خوای گەورە فەرمووی: (ڕووی گرژکردوو پشتی تێکرد، کاتێ کە نابیناکە هات بۆ لای)[1]، ئەمەش ئیجتیهادێکی پەیامبەری خوابوو، کە لایەنێ بانگخوازیی بەسەر لایەنێکی تردا پێش خستن، ئەویش پێشخستنی قوڕەیش بوو بەسەر عبدالله دا، کە دەکرا لەم هەنگاوە باشتر ئەنجام بدات، هەڵبژاردنی چەند کەسێك بۆ بانگەوازکردنی بۆ دینی خوا و دواخستنی کەسانێکی تر لە وەحی شەیتانەوە نەبووە، بەڵکو تەنها ئیجتیهادێکی پەیامبەر خۆی بوو بۆ سەرخستنی دینی خوای گەورە بەباشترین و بەهێزترین شێوە، هەرچەندە پەیامبەر ڕێگەیەکی گرتەبەر کەباشترین نەبوو بۆ گەیاندنی دینی ڕاستی خوای گەورە لەم حاڵەتەدا، ئەوەبوو وەحیەیکی خوایی پێگەشت کە ڕێنمونی کرد بۆ باشترین ڕێگە بۆ بانگەوازکردنی دینی خوا و گەیاندنی پەیامەکەی و ڕێبازی گەیاندنەکەشی فێرکرد کە چۆن باشترین ڕێگەیە بۆ بانگەوازی هەمووان.

---

(١) سورەتی عبس ئایەتی ١.

نامەوێ ئەو هەلە لەدەست بدەم لەم بارەوە کە بڵێم نەمتوانی هەژدە حاڵەتەکەی تر بەردەست بخەم کە عبدالله و جێگرەکەی ئاماژەیان پێی داوە، هەرچەندە هەمویان لە بازنەی ئیجتیهاداتی پەیامبەر ﷺ دەرناچن، ئەمانیش وەک بابەتەکانی پێشوویان لەو ڕووداوانەیە کە ئاماژەمان پێیدا دەرناچێت.

وە پاش ئەم کورتە باسەی چوار ڕووداوەکەی پێشوو و بڕیاری پەیامبەر ﷺ لەسەریان بە ئیجتیهادی خۆی، بۆمان ڕوون بوبەوە کە پێچەوانەکردنی پەیامبەر ﷺ بۆ باشترین ڕێگە لە شەیتانەوە نەبووە بە سەرخستی لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا، بەڵکو هەڵبژاردنی لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا لە بابەتێکدا ئیجتیهادی خۆی بووە، کە باشترین ڕێگەی نەگرتوەتەبەر بۆ بابەتەکە و یەکسەر وەحی خوایی پێگەشتوە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێگەی ئیجتیهادەکەی و ڕێنمونی کردووە بۆ باشترین ڕێگە.

٤- هەڵوێستیان لەسەر کۆتای هاتنی پەیامبەرێتی:

واتای کۆتای ناردنی پەیامەرێتی: ئەوەیە کە خوای گەورە نێردراوانی نەنێرێت بۆ مرۆڤایەتی[1].

هەموو ئومەتی ئیسلامی یەکڕان لەسەر ئەوەی کە محمد ﷺ کۆتایی پەیامبەرانە و پەیامەکەشی دواترین پەیامی خواییە بۆ مرۆڤایەتی چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ (الأحزاب: ٤٠)

---

(١) پەرتوکی (عقيدة ختم النبوة) ی احمد سعد حمدان لاپەرە ١١. کە نامەی ماجستێرە لە زانکۆی ملك لە مەککە

واتە: (محمد باوکی هیچ کەس لە ئێوە نیە بەڵکو پەیامبەری خوایە و کۆتایی پەیامبەرانە و خوای گەورەش بەهەموو شتێك زانایە)[١]

وە پەیامبەری خواش دەفەرموێت (نمونەی من و پەیامبەرانی پێش من وەك نمونەی پیاوێك وایە کە خانویەك دروست بکات بە باشترین و جوانترین شێوە و تەنها یەك خشتی لە لایەکەوە مابێت، خەڵکی بەدەوریدا دەسوڕێنەوە و بەسەرسامیەوە دەڵێن خۆزگە ئەو خشتەش تەواو دەبوو و داتدەنا؟ پاشان فەرمووی من ئەو خشتەم و کۆتایی پەیامبەرانم)[٢].

هەریەك لە (عبدالله) و (حشمت عەلی) و (خەواجە احمدالدین) و (محب الحق) و (پەرویز) و هاوڕێیانی بەلاغی قورئان و زۆربەی هەرەزۆری بەناو قورئانیەکان هەمویان دان دەنێن بەم ڕاستیەدا و کەس موخالەفەی نەکردوون جگە لە (مقبول احمد) نەبێت کە وای دەبینی کە (پەیامبەران هاتوون بەدوای یەکدا بۆ هیدایەتدانی مرۆڤایەتی بە گشتی و بەردەوام دەبێت هەتا نەزانین و گومڕایی لەسەر زەوی بوونی هەبێت)[٣] دەکرێت ئەمەش قادیانی بێت.

(عبدالله) و (خەواجە احمدالدین) هاتووچۆیان هەبوو لەگەڵ (غولام ئەحمەدی قادیانی) و زۆرجار گفتووگۆ هەبوو لەنێوات هەردوولادا بۆ چارەسەری ئەم

---

(١) سورەتی الاحزاب ئایەتی ٤٠.

(٢) فتح الباري بەرگی ٦ لاپەرە ٥٥٨.

(٣) پەرتوکی (مظاهرة القران) لاپەرە ٤٩، کە ئەمەش ووتەی مەنسوریەکانە لە شیعەی تونڕەو. سەیری پەرتوکی (شرح المواقف) لاپەرە ٤٢٠ بکە تحقیق ابراهیم الدسوقي و احمد محمد الحنبلي چاپی العلوم ١٣٥٧ هیجیری لە قاهیرە.

کێشەیە، وە (خەواجە احمد الدین) زۆر نەرموونیان بوو بۆ لابردنی کێشەی نێوانیان بۆیە زۆربەی قادیانیەکان ئامادەی دەرس و وانەکانی دەبوون.

وە لەوانەیە ئەو نکۆڵیکردنە بەکۆمەڵەی قورئانیەکان لە قادیانیەکان و بانگەوازکردنیان بۆ باوەڕهێنان بە بیروباوەڕی کۆتای هاتنی پەیامبەرێتی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ بەڕونی ئاماژەبۆکردنی قورئان بۆ ئەم باسە و دوەمیان بۆ پێداگیریان لە نکۆڵیکردن بە کارکردن بۆ سوننەت لەبەر ئەوەی کارکردن بە سوننەت لای ئەوان هاوبەشبڕیاردانە، ئەی چۆن دەبێ بانگەشە بۆ پەیامبەرێکی تری تازە بکەن کە بیروباوەڕی کۆتای پێهاتنی پەیامبەرێتی هەڵدەوەشێنێتەوە کە یەکێکە لە ئەحکامەکانی قورئانی پیرۆز.

وە تێبینی ئەوە دەکرێ کە تەفسیری قورئانیەکان تاڕادەیەك وەك تەفسیری موسوڵمانانە و هیچیان پێچەوانە نەبوون جگە لە پەرویز نەبێت کە دەڵێت: (پەیامەکەی محمد ئاشکرای کردووە کە زنجیرەی پەیامبەران کۆتاییان پێهاتوە، کە ئەمەش واتای وایە کە مرۆڤەکان لە مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانیاندا خۆیان بڕیار دەدەن لەژێر ڕۆشنای قورئاندا و مەرجە ئەو حوکمە یەکانگیر نەبێت لەگەڵ بنچینە جێگیرەکانی وەحی پارێزراو...، وە ڕاگەیاندنی کۆتای هاتنی پەیامبەرایەتی شۆڕشێك بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە سەرەتای پێدانی ڕۆڵێکی نوێبوو بە مرۆڤ، کە ڕاگەیاندنی ئەوەبوو کە مرۆڤ گەشتوەتە پێگەیشتنێکی تەواوی فیکری و هەستیی کە هیچ پێویستی بە هیدایەتی ئوصوڵی و خوایی نیە)[1].

(١) پەرتوکی (سلیم کی نام) بەرگی ٢ لاپەرە ١٠٣، ١٠٢.

وە لە جێگەیە تر دەڵێت (مەبەست لە کۆتایی هاتنی پەیامبەرێتی شۆڕیشێکە لە دونیادا کە بەدەستی کەسەکان ئەنجام نەدەدرا بەڵکو شۆڕشێکی فیکری و بۆچوونیی بوو کە دەستخستنی کارووباری کۆمەڵگای گۆڕی لە دەستی کەسەکانەوە بۆ سیسەمێکی رێکخرا)[1].

بەڵام پەرویز ئەم تەفسیرەیەی دوای لە چاپی سێیەمی کتێبەکەی (سلیم کی نام) دا سڕیەوە و نازانم ئایا پاشگەزبویەوە دوای ڕوونکردنەوەی ڕاستی بۆی لەلایەن هاوڕێانی (متفقه فتوی)، یان وەکو دەڵێن لەبەر شتێك کەمەبەستەکەی لە دڵی یەعقوبدا ماوە، جا بەکورتی لەسەر ئەوەی بەرویز وتویەتی سەبارەت بە کۆتای پێهاتنی پەیامبەران پێچەوانەی ئەوەیە کە موسوڵمانان گواستویانەتەوە لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستە، وە ئەم بۆچوونەی پەرویز دیسان دەگەڕیتەوە بۆ کورتهەڵهاتن لەسەر قورئان و وازهێنان لە سوننەت.

وە حەقیش ئەوەیە کە خوای گەورە : ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ (الأحزاب: ٤٠). واتە: (محمد باوکی هیچ کەس لە ئێوە نیە بەڵکو پەیامبەری خوایە و کۆتایی پەیامبەرانە و خوای گەورەش بەهەموو شتێك زانایە)[2].

وەلامێکی ڕوونە بۆ (مقبول احمد) و (پەرویز) و شوێنکەوتوانیان کە باوەڕیان وابوو پەیامبەر دێت لەدوای محمدﷺ، چونکە دەقەکە ڕوون و ئاشکرایە لەسەر کۆتای پێهاتنی پەیامبەرێتی بەهاتنی محمد ﷺ ، و کۆتایی هاتنەکە گشتیەو هەموو کەس و

(١) پەرتوکی (سلیم کی نام) لاپەڕە ٦

(٢) سورەتی الاحزاب ئایەتی ٤٠ .

بیروباوەڕێك دەگرێتەوە، جا هیچ پەیامبەرێك دوای ئەو نەهاتوە و نایەت، نە بەجەستەو نەبە بیروباوەڕ، ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە موسوڵمانان لێی تێگەشتوون هەر لەسەردەمی دابەزینی ئایەتەکەوە تاوەکو ئێستا.

هەروەکو چۆن گشتێتی پەیامی محمد ﷺ دەقێکی تر لەسەر ئەوەی کە پەیامی خوایی کۆتایی هاتوە بە هاتنی محمدﷺ و چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾ (الأعراف: ١٥٨). واتە: (ئەی محمد بڵێ ئەی خەڵکینە من پەیامبەری خوام بۆ هەمووتان)[1].

گشتگیری پەیامێك بۆ تێکڕای مرۆڤەکان پێویستە پەیام و پەیامبەری بەدوادا نەیەت، ئەگەرنا نابێتە پەیامێکی تەواو و گشتگیر هەتا ڕۆژی دوایی، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی پەیامبەرێتی محمدﷺ.

وەخوای گەورە ئەوەی پێڕاگەیاندوین کە دینی خوای گەورە لەسەر دەستی پەیامبەر تەواو بووە، ئەمەش بەڵگەیەکی تر لەسەر کۆتای پێهاتنی پەیامبەرێتی ﷺ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣). واتە: (ئەمڕۆ ئاینەکەتانم بۆ تەواو کرد و نیعمەتی خۆمم بەتەواوی ڕژاند بەسەرتاندا و ڕازیم بەوەی تەنها ئیسلام ئاینی هەموتان بێت)[2]. لەم ئایەتەدا خوای گەورە ئاماژە بە منەتی خۆی دەکات بەسەر بەندە باوەڕدارەکانیدا بەتەواوکردنی دین بۆیان، وە هیچ پێویست نیە بەهاتنی پەیامبەرێکی نوێ نیە بۆ ئەوەی لەو پەیامە زیاد یان کەم بکات و بۆیە هیچ پێویستمان بە پەیامبەر و بیروباوەڕێکی نوێ نیە بەڵکو دینی خوا بریتیە لەوەی کە

(١) سورەتی الاعراف ئایەتی ١٥٨.

(٢) سورەتی المائدة ئایەتی ٣.

خـوا دایبەزانـدوە لـە کتێبەکیـەدا و پەیامبەرەکـەی محمـد ﷺ بـە وتـە و کـردەوە و دانپێدانانەکانی ڕوونی کردوەتەوە .

وە زۆر فەرموودە هاتوە لەسەر دواهەمین پەیام و کۆتا هاتنی پەیامبەرێتی کە خاوەنی پەرتوکی (عقیدة خاتم االنبوة) کۆی کردوونەتەوە و دەفەرموێت (ئەم فەرمودانە لە سی و حەوت لە هاوەڵانەوە گێڕراوەتەوە و هەمویان ئاماژە بۆ دڵنیابوونەوە بە کۆتا پێهاتنی پەیامبەران و دوا پەیامی محمد دەکەنەوە .)[1]

کۆتایی پێهاتنی پەیامبەران بە محمد ی کوڕی عبدالله بابەتێکی موتواتیرە لە نێوان موسوڵمانانداا[2] وە باوەڕبوون بەوەی کەگوایە دەرگای پەیامبەرێتی بەشێوەی بیروباوەڕ و بۆچوون بە کراوەی مابێتەوە دژیەکە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلام و بابەتەکانیدا، کۆتابوونی پەیامی ئیسلام و نەهاتنی پەیامبەرێتی دانامەزرێ بە باوەڕبوون بە کۆتا پێهاتنی پەیامبەران نەبێت، و باوەڕبوون بە مانەوەی پەیامبەرێتی فیکر و عەقڵی سەلیمیش ڕەددی دەکاتەوە چونکە هیچ بیروباوەر و شۆڕشێ نیە مەگەر بە بوونی داهێنەری بیروباوەڕەکە و شۆڕشگێڕێك بێتەکایەوە، و نکۆڵیکردن لە نەبوونی پەیامبەرێك بەجەستەیی یان بوونی پەیامبەر بە بیروبۆچوون هیچ عەقڵێك وێنای ناکات چ جای بگات بە قەبوڵکردنی .

بۆیە لەژێر ڕۆشنای تەفسیری پەرویز بۆ کۆتایی پێهاتنی پەیامبەران دەکرێت بڵێین بانگەشەی پەیامبەری بیروباوەڕی و فیکری کردووە، چونکە بە بۆچوونەکانی شۆڕشێکی بەرپاکرد لەدژی ئیسلام و موسوڵمانان کە خۆی بۆخۆی داهێنراوێکی خراپ بوو لەسەر حسابی دینی ئیسلام .

---

(١) لاپەڕە ٦٥ .

(٢) تەفسیری ئیبن کەسیر، بەرگی ٣ ، لاپەڕە ٤٩٣ .

٤- هەڵوێستیان سەبارەت بە مەسیحی کوڕی مەریەم (علیهما السلام):

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە عیسای کوڕی مەریەم بەبێ باوك لەدایك بووە وەکو هێمایەك بۆ دەستەڵاتی خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا () قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا () قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا () قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا () قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا﴾(مریم: ١٧ – ٢١)

(جوبرائیلمان نارد بۆلای مەریەم لەسەر شێوەی مرۆڤێك، مەریەم فەرموی من پەنادەگرم بە خوا لەتۆ ئەگەر لەخواترسی، جوبرایلیش فەرموی من نێردراوی خوام بۆلای تۆ بۆئەوەی کوڕێکی زیرەکت پێ ببەخشم، مەریەمیش فەرموی من چۆن منالّم دەبێ کە هیچ مرۆڤێك دەستی لێنەداوم و کەسێکی خراپەکار و داوێنپیسیش نیم، جوبرایلیش فەرموی بەوشێوەیە دەبێ کەخوا دەیەوێ و خوا فەرمویەتی لەسەر من کارێکی ئاسانە و دەیکەم بە نیشانەیەك بۆ مرۆڤەکان و سۆزو بەزەییەکیش لەمنەوە و کارێکی بڕیارلێدراوە).

وەك چۆن وتەی ئەهلی عیلم بەبێ ڕاجیایی لەسەر ئەوەیە کە وەکو پەیامبەرێك لەسەر زەوی ماوەتەوە تا ئەو ماوەی خوا ویستویەتی. و پاشان بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان بە زیندویی وەکو چۆن خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ﴾ (النساء: ١٥٨). واتە: (بەڵکو خوا بەرزکردەوە بۆ لای خۆی) ، وە هاوشێوەکەی عیسا لەخاچدراوە وەك چۆن قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ﴾ (النساء: ١٥٧). واتە: (نەیان کوشتوە و لەخاچیشیان نەداوە

بەڵکو لێیان تێکچوو لەگەڵ کەسێکی تردا)، وە دوبارە پێش کۆتایی دونیا دادەبەزێتەوە وەك دادوەرێکی دادپەروەر و بەراز و دەججال دەکوژێت وەك چۆن بە سونەتی پاکی پەیامبەر جێگیربووە.

بەڵام وتەی بەناوقورئانیەکان سەبارەت بە لەدایکبوون و گەڕانەوەی پێش قیامەت پێچەوانەیە و لەسەر هەریەکێکیان قسەی لەسەر دەکەین:

أ- **لەدایکبوونی:**

(خەواجە احمد) و (پەرویز) و کۆمەڵەی بەلاغی قورئان و ئەوانەی شوێنکەوتەیانن لە بەناو قورئانیەکان پێیانوایە کە عیسا بە دایك و باوکێکی شەرعی لەدایکبوە نەك تەنها لە مەریەم و لەوکاتەی کە مژدەی کوڕی پێدەدرێت و بیانەوەکەی ئەوەبوو کە هیچ مرۆڤێك دەستی لێنەداوە و خوای گەورە وەڵامی داوەتەوە بەوەی کە (خوای گەورە ئەوەی بیەوێ ئەنجامی دەدات)، واتە کوڕیان دەبێ وەك چۆن باوەڕیان پێبووە، لەبەر ئەوە ڕون بویەوە کە کوڕەکەیان لەڕێگەیەکی شەرعی دەبێ وەك هەموو خەڵکی تر.

گفتووگۆکردنی ئەم بابەتە:

ئەوەی زانراوە بیرۆکەی لەدایکبوونی عیسا لەڕێی دایك و باوکێکی شەرعیەوە پێش ئەمان (احمد خان) لە هیندستان ئاماژەی پێداوە و کە بۆچونێکی پێچەوانەی مانای ڕاستەقینەی قورئانی پیرۆزە: چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَحَمَلَتْهُ فَانْتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا () فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَالَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا﴾ (مریم: ٢٢، ٢٣).

(مەریەم سکی پڕ بوو و پاشان دوری گرت لەکەسوکاری، پاشان ئێش و ئازاری منالّبوون ناچاری کرد و بردی بۆ لای دارخورمایەك، وتی ئای خۆزگایە پێش ئەم روداوە بمردمایە و کەسێکی لەبیرچو و باسنەکراوی لەیادکراو بومایە).

سکپڕبوونی مەریەم دوای گفتوگۆی لەگەلّ نێردراوەکەی خوادا بوو، پاشان دوورکەوتەوە لەخەلّکی لەترسی تۆمەت و تانە و تەشەر و پاشان خۆزگەی خواست هەرنەبوایە و لەناوچوایە پێش ڕوودانی ئەم کارە ناڕەحەتە، پاشان خەلّکی تۆمەتباریان کرد بە بەدڕەوشتی لەو کاتەی هاتەوە بۆ ناویان بە عیساوە: ﴿فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَامَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا () يَاأُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا﴾ (مریم: ٢٧، ٢٨). واتە: (جابەمنالّەکەوە هاتەوە بۆ لای قەومەکەی بەباوەشیەوە بوو، ئەوانیش وتیان بەڕاستی مەریەم شتێکی زۆر خراپ و ئابڕووبەرت کردوە، ئەی ئەوەی وەك خوشکی هارون وایت نەباوکت پیاوێکی خراپ و نە دایکت کەسێکی زیناکار بووە).

بۆیە هەموو ئەم ئایەتانە یەقینمان پێدەبەخشن کە عیسا بەبێ باوك لەدایکبووە و بەلّگەن لەسەر توانا و دەستەلّاتی خوای گەورە.

وە لەگەلّ ئەوەشدا قورئانی پیرۆز عیسای شوبهاندووە بە ئادەم لەشێوازی دروستبونیاندا: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ (آل عمران: ٥٩). واتە: (لەڕاستیدا وێنەی عیسا هەروەك وێنەی ئادەم وایە کە خوای گەورە لە قوڕ دروستی کرد و فەرموی ببە ئەویش دروستبوو).

ئادەم دروستبوو بە بێ دایك و باوك، وە عیسا دروستبوو بەبێ باوك وەکو چۆن ئاماژەمان پێدا، ئەگەر عیسا وەکو هەموو مرۆڤێکی تر لە دایك و باوکێك

دروستبووایە ئیتر هاوشێوە بوونی لەگەڵ ئادەمدا چ مانایەکی دەبێت و چ سودێك هەیە لەوەی کە خوای گەورە فەرمویەتی (ببە و ئەویش بوو) و ئەگەر دروستبوونی لەڕێی دایك و باوکێکەوە بوایە ئیتر چ تایبەتمەندیەکی دەبێ کە خوای گەورە بەتایبەت باسی کردووە؟!

وە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە (خەواجە) و (پەرویز) و شوێنکەوتوانیان لەبەر نکۆڵیکردنیان لە کرداری لەسروشتبەدەرەکان (خرق العادة) نکۆڵیش لە دروستبوونی عیسا دەکەن بەبێ باوك وەکو موعجیزەیەك.

وە سەبارەت بەوەی خوای گەورە بەوە دەستی پێکردوە کە دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ﴾ (آل عمران: ٤٠). واتە: (بەوشێوەیە خوا هەرکارێکی بوێت ئەنجامی دەدات) نەیارانی سوننەت دەیگۆڕن بۆ مانای ئەوەی گوایە کوڕەکە بەو شێوە لەدایك بوە کە مەریەم باوەڕی پێی هەبوە، بەڕاستی هیچ نیە جگە لە بەلاڕێدابردنێکی بێبنەما، چونکە ئەگەر ئایەتەکە تەنها بیوتایە(كَذَٰلِكَ) واتە: (بەو شێوەیە) مەجالی ئەوەی هەبوو کە بۆ ئەو بۆچونە ببێتە بەڵگە کە ئەوان بۆی چوون، بەڵام ئایەتەکە بە ئاشکرای ئەوەی ڕاگەیاندوە کە کارەکانی خوای گەورە پەیوەست نین بە هیچ شتێکەوە جگە لە ویست و ئیرادەی خودا نەبێ، وە مانا پێچەوانەکەی ئاماژەیە بۆ نەبونی کاریگەری ویستی مەریەم لە ویستی خوادا. خوا ویستی هەبوە کە عیسا بێنێتە بوون بەبێ هیچ دەستلێدانێکی مرۆیی، بونەکەی بەو شێوەیە بووە کە خوا ویستی لێبوە.

ئەوەی کە کارەکەی ویستوە بەڕوونی بە یەقینەوە بریتیە لە خوای گەورە و داویەتە پاڵ دایکی عیسا لە کاتی مژدە پێدانی فریشتەکە بۆی: (لەو کاتەی قریشتەکە پێی

وت ئەی مەریەم خوای گەورە مژدەی پێداوی بە وتەیەك لە خۆیەوە و ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەمە کە لە دونیادا کەسێکی پایەدار دەبێ و قیامەتیشدا یەکێك دەبێ لە نزیکراوەکان لە خواوە لەبەر پلەوپایە و لەخواترسانەکەی). ئەگەر دروستبونەکەی هاوشێوەی مرۆڤەکانی تربوایە، خوای گەورە دەیدایە پاڵ باوکی نەك دایکی – حاشا لەوەی کە باوکی هەبێ ـ لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز دەبێ پاك بێت لە دیاریکردنی بنەچەی مرۆڤەکان و نەدانە پاڵ باوکی گومان دروستکردنە لە دایکی و بنەچەی، وە نەدانە پاڵ باوکی لەلایەن خواوە بەڵگەیەکی قسە هەڵنەگرە لەسەر ئەوەی کە منالێك بووە لە دایکی بەتەنها (علیهم سەڵات و سەلام).

ب- گەڕانەوەی مەسیح علیه سلام بۆ سەرزەوی:

قورئانیەکانی نکۆڵیکەر لەگەڕانەوەی عیسا لەپێش کۆتایی دونیا دوو بەشن:

١ـ خەواجە ئەحمەد و سەید مقبول احمد و حافیز محب الحق و کۆمەڵەی بەلاغی قورئان و پەرویز وای دەبینن کە ناگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی جارێکی تر، باوەڕپێبووانی گەڕانەوەی عیسا لەو موسوڵمانانەن کە هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە پێشتر نەسارا بوون و ئەم بۆچونەش پێچەوانەی ژیرییە و بەڵکو پەرویز و خەواجە وای دەبینن کە عیسا وەفاتی کردوە علیه سلام لە پیریدا.

٢ـ وە حافیز ئەسلەم و عبدالله و شوێنکەوتوانیان وای دەبینن کە عیسا علیه سلام زیندوە لەسەر زەوی و جارێکی تر دەردەکەوێتەوە پێش قیامەت چونکە خوای گەورە دەفەرموێت (عیسا یەکێکە لە هێماکانی قیامەت) (وە ئەهلی کیتاب هەموویان باوەڕی پێدێنن پێش مردنی)

کە ئەم دوو ئایەتەش بۆ ڕوونیان پێویستیان بە گەڕانەوەیەتی بۆ ئەوەی یەکێك لە نیشانەکانی قیامەت ڕووبدات و ئەهلی کیتاب باوەڕی پێبێنن.

گفتووگۆی ئەم باسە:

لەوانەیە بۆچوونی وەفاتی عیسا ﷺ و نەگەڕانەوەی کە بۆچوونی ئەهلی ڕەئی پێشینان بوو یەکەم جار، موسوڵمانان بەم بۆچوونە ئاشنا نەبوون تا ئەم ساڵانەی دواییە، پێش ئەمە هیچ وتەیەك نەبووە سەبارەت بە وەفاتی عیسا ﷺ تەنها بۆ چەند کاتژمێرێکی کەم نەبێت کە دواتر خوای گەورە زیندوی کردووەتەوە و بەرزیکردوەتەوە بۆ ئاسمان[1].

وە حەق و ڕاستی لەم ئایەتەدا سەبارەت بە وشەی وەفات کە زۆرینەی زانایانی ئیسلام بۆی چوون ئەوەیە کە (بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە ئەو کارانەی پێدەکات، بەڵام کەی و چۆن پێی دەکات ئەوە لەسەر بەڵگە وەستاوە، وە لە بەڵگەکاندا چەسپاوە لەپەیامبەرەوە ﷺ کە عیسا ﷺ دادەبەزێتەوە سەر زەوی و دەجال دەکوژێت و پاشان خوای گەورە ڕۆحی دەکێشێت) کە ئەمەش بۆچوونی تەبەری و ئالوسییە، وە هەروەها وتەی گواستراوەیە لە پێشینانەوە و فەرموودە ڕاستەکان سەبارەت بە دابەزینی عیسا ﷺ لە کتێبەکانی فەرمودە و تەفسیرەکاندا هێندە زۆرن کە وای لە هەندێ لە موحەقیقین کردووە کە بڵێن بابەتەکە گەشتوەتە پلەی تەواتر.

لەبەر ئەوەشە کە موسوڵمانانی ناوچەی هیند و پاکستان گرنگیان داوە بە کۆکردنەوەی فەرمودەکان و بڵاوکردنەوەی لەم سەردەمەدا وەکو ڕەدێك بۆ ئەوەی

---

(١) ئەمە بۆچوونی (وهب بن منبه) و (اسخاق بن راهویه) و (ابن عباس)ة، تەماشای تەفسیری الطبري بکە بەرگی ٣/ ٢٩١.

کە قادیانی خۆ بە پەیامبەرزان بانگەشەی بۆی کردووە کە مەسیحی چاوەڕوانکراو بووە و لەسەروی هەموو ئەو زانایانەوە فەرمودەناس (انور شاه) (١٢٩٢ـ١٣٥٢) کشمیری بوو لە کتێبە جۆربەجۆرەکانیدا.

سەبارەت بەوەی کە بیروباوەڕی گەڕانەوەی مەسیح لەو موسوڵمانانەوە سەریهەڵدابێ کە پێشتر نەسرانی بوون وتەیەکی بێبەڵگەیە و دەکرێ لەسەری بنەمایەکی خراپ دانرێ بۆ بەخرپ دانانی هەڵگرانی چونکە لە نێو ئەوانەی ئەم بۆچونەیان دەربڕیوە زۆرێك لە هاوەڵانی تێدایە و ئایا دەکرێ و دەچێتە عەقڵی کێوە کە هاوشێوەی ئەم پیاوە پاك و خواناسانە درۆیان بەسەر خواوە لە دینی خوادا بکەن یان درۆیان بەدەم پەیامبەرەوە کردبێ یان و وتەیەکیان وتبێ لە دیندا کە بونی نەبوبێ پەنا بەخوا لە تۆمەتی وا.

وە ئەوەی ئەم کارە بەڵگەدار و دامەزراوتر دەکات و ئەم تۆمەتەش هەڵدەوەشێنێتەوە ئەوەیە کە فەرموودەکانی دابەزینی مەسیحی کوڕی مەریەم لەڕێگەی زۆرێ لە هاوەڵانەوە هاتوە، لەنێویاندا ابو هورەیرە و ابن مسعود و عوسمانی کوری ئەبی عاص و و ئەبو ئومامەی خەزرەجی و نەواسی کوڕی سەمعان و عبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص و مجمعی کوڕی جاریەی ئەوسی و ئەبو شریحەی خزاعی و حزیفەی کوڕی غیفاری هەیە کەهەموو ئەمانە هیچیان نەسرانی نەبوون پێش موسوڵمانبونیان و کەسیشیان پەیوەندیان بە نەسرانیەتەوە نەبووە.

وە لەژێر ڕۆشنای ئەم ڕاستیە جێگیرەدا دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە بۆچوونی گەڕانەوەی عیسا ﷺ هەرگیز بەو شێوەیە نەهاتوە کە ئەمانە بانگەشەی بۆ دەکەن بەڵکو لەڕێگەی هەواڵێکەوە هاتوە لە پەیامبەری خواوە و خوای گەورە خۆی

دوجار ئاماژەی پێداوە کەیەکەمیان لە ئایەتی: ﴿وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ﴾ (النساء: ١٥٩). واتە: (وە هیچ لە ئەهلی کیتاب نامێنێت ئیلا باوەڕی پێدێنن پێش مردنی) و دوەمیان لە ئایەتی: ﴿وَإِنَّهُ لَعِلْمٌ لِلسَّاعَةِ﴾ (الزخرف: ٦١). واتە: (بەدڵنیاییەوە عیسا ﷺ یەکێکە لە نیشانەکانی قیامەت) کە ئەم دوو ئایەتە پڕۆزە ئاماژەن بۆ گەڕانەوەی و کە هەموو ئەهلی کیتاب باوەڕی پێدێنن و عیساش ﷺ یەکێکە لە نیشانەکانی کۆتای دونیا.

قورئانی پڕۆز ئاماژەی بە هاتنەوەی کردوە و سونەتیش دابەزین و شێوەکەی ڕونکردوەتەوە وەکو چۆن بارودۆخی موسوڵمانانی ئەو سەردەمەی ڕونکردوەتەوە و کاتەکەی بەشێوەیەك دیاری کردوە کەهیچ مەجالێکی نەهێشتوەتەوە بۆ گومانکردن لەوەی کە عیسا ﷺ دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی وەکو پێشەوایەکی دادپەروەر کە بەراز دەکوژێت و خاچ دەشکێنێت و ئیسلام بڵاودەکاتەوە، سەبارەت بەوەی کە دەڵێن هاتنەوەی عیسا ﷺ پیچەوانەی کاری سروشتیی و کەونییە بنیاتنراوە لەسەر نکۆڵیکردنیان بۆ کارە لەسروشتبەدەرەکان (خوارق العادة) و پێشتر قسەمان لەسەری کردوە و دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەری.

لێرەشەوە دەچینە سەر گفتوگۆکردن لەسەر بۆچونی گروپی دوەم کە داندەنێن بە هاتنەوەی عیسادا پێش ڕۆژی دوای، و ئێستا بوونی هەیە لەسەر زەویدا و دوبارە دەردەکەوێتەوە لە کۆتای دونیادا لەنزیك کۆتای دونیا، دەڵێن ئەم بانگەشەیەش پێچەوانەی ئەوەیە کە جێگیربووە لە پێشینی ئومەتەوە کە دابەزینەکەی لە ئاسمانەوەیە لەلای مونارەکەی ڕۆژهەڵاتی شاری دیمەشقی سوریا لەکاتی قامەت خوێندنی نوێژی بەیانی.

هەروەها وتەکانیان بێبەڵگەیە و ژیریش وەریناگرێ لەبەر ئەوەی بابەتە عەقیدەییەکان بە هەواڵێکی ڕاست و دروست نەبێ دانامەزرێت کەلە قورئان و سونەت هاتبێت.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە هیچ فەرمودەیەکم نەبینیوە کە باس لەدابەزینی بکات لە ئاسمانەوە و لەوانەیە ئەمەش وای کردبێ لە پێشەوا بوخاری بە دانانی بەشێك لە کتێبەکەی بەناوی (بەشی دابەزینی عیسا علیه سلام) بە بێ ئەوەی ئاماژە بەوشەی ئاسمان بکات. بەڵام ئەوەی بینیومانە لە قورئانی پیرۆز ئەوەیە ئاماژەی بەوەداوە کە بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان وەك خوای گەورە دەفەرموێت (بەڵکو بەرزکرایەوە بۆ لای خوا) و سونەتیش ئاماژەی کردووە بە دابەزینی و دابەزینیش ئەنجام نادرێت مەگەر لەو شوێنەوە نەبێ کە بەرزبێت، وە هەروەها سونەت وەسفی دابەزینەکەی کردووە کە هەردوو دەستی لەسەر باڵی دوو فریشتەیە.

هەموو ئەم ئاماژانە باوەڕێکمان پێدەبەخشن و دەمانگەیەنێتە پلەی دڵنیای کە عیسای کوڕی مەریەم لە ئاسمانەوە دادەبەزێت لەنزیك کۆتای دونیا و دەججال دەکوژێت لە نزیك دەرگای لود وەك چۆن فەرموودە ئاماژەی پێیداوە و ئەمەش وایکردوە لەوە هەندێ لە زانایانی دواین لە پێشینی ئومەت وەك ابن کەسیر بەوەی کە وتویەتی دادەبەزێت لە ئاسمانەوە. خوای گەورە خۆی زاناترە.

سێیەم : بابەتە غەیبیەکان (پەنهان):

ئەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم لەپێشەکی ئەم بەشەدا کە ئەوەی پێی گەشتووم لەوتە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە بابەتە پەنهانیەکان و ژیانی بەرزەخ و شەفاعەت و بەهەشت و دۆزەخ، کە لێرەوە گفتووگۆیان لەبارەوە دەکەین:

١- هەڵوێستیان سەبارەت بە ژیانی بەرزەخ:

ژیانی بەرزەخ بریتیە لە ژیانی مرۆڤ لە دوای مردنیەوە هەتا ڕۆژی دوای و زیندوبونەوەی، و ئەوەی تووشی دەبێت لەم ژیانە لە ژیانی گۆڕدا لە خۆشی و ناخۆشی وەکو دەرئەنجامێکی سەرەتایی بۆ کردەوەکانی لەژیانی یەکەمیدا.

بیروباوەڕێکی ئیسلامی یەکلاکەرەوەیە هەر لەسەرهەڵدانی پرشنگی ئیسلامەوە تا ئێستا، لەهەمان کاتدا هەموو بەناو قورئانیەکان یەکڕان لەسەر نکۆڵیکردنی و باوەڕی پێ ناکەن، الحافیظ أسلم لەسەر زمانی هاوەڵانەییەوە قسەی لەسەر کردوە و وتویەتی: (ژیانی بەرزەخ ژیانی مردوانە، هیچ ژیانێکی تیا نیە و هیچ هەستکردنێکی تیانیە بەهیچ شێوەیەك)، و پەرویز دەڵێت: (ژیانی نێو قەبر هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە بەگوێرەی قورئانی پیرۆز چونکە لاشەی مردووی شاردراوەتەوە بۆ ئەوەیە کە نەگەنێ و بۆگەن نەکات لەسەر زەوی، و جێگەی پرسیار و وەڵام نیە، لەبەر ئەوەی لاشەی شاردراوەی مردوو لە گۆڕدا هیچ ژیان و هەستێکی نیە).

وەبۆ ئەم بیروباوەڕانەیان دەگەڕێنەوە بۆ هەندێ بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین و وەڵامیان دەدەینەوە:

١ـ بەڵگەی عەقڵیان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەڵێن: (مردن واتە دابڕینی ڕۆح لە لاشە، ئەو لاشەی کەڕۆحی لێدابڕاوە بێگیانێکە و هیچ ژیان و هەستکردنێکی تێدا نیە، بۆیە ئازاردانی شتێکی مەحاڵە و ئەوەشی گومانەکەی دروستکردوە ئەوەیە کە ئەگەر گۆڕێك هەڵکەنین دوای ناشتنی مردوەکە، هیچ نابینین جگە لە لاشەیەکی ڕوت بێ دەرکەوتنی هیچ ئازار و سزادانێك).

گفتوگۆکردن:

نکۆڵیکردن لە ژیانی بەرزەخ لەبونی خۆشگوزەرانی و ئازار تیایدا هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە لە سەدەی یەکەمی کۆچیەوە هەبوە، کە هەندێ لە موعتەزیلە و خەواریج و ڕەوافیزەکان نکۆڵییان کردووە، کە پشتیان بە هاوشێوەی ئەم بەڵگە عەقڵیانە بەستوە، بۆیە دەڵێین کە خۆ عەقڵ و ژیری ڕێگە بەوەدانات نکۆڵی لە هەموو شتێك بکرێت کە بەچاو نەبینرا ئیتر نکۆڵی بوونی بکەین، و ئایا دەکرێ نکۆڵی بوونی جن بکەین لەبەر ئەوەی نایانبینین؟ نکۆڵی بوونی فریشتەی پاك و ملکەچی پەروەردێن بکەین لەبەر ئەوەی ناتوانین نیگایان بکەین؟ وە ئایا چەندێك شتی پەنهان هەیە کە باوەڕمان پێیان هەیە و ناشیان بینین؟

وە ئەوەشی دەڵێن کە شوێنەواری ئازار و سزادان نابینین لەسەر لاشەی نێژراوان ئەگەر قەبرەکەیان هەڵبەینەوە و تەماشای جەستەیان بکەین، ئەوە دەکرێ لەو کاتەدا خوای گەورە سزای نێژراوەکە نەدات یان سزاکە بەشێوەیەك بێ کە چاوەکانی ئێمە پەی پێنەبەن لەبەر سودێك کە خوای گەورە تەنها خۆی بیزانێت. بەڵکو سزای گۆڕ و خۆشیەکانی هاوشێوەی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا و کەم هەیە کە ئاگای لێی نەبێت. پێشەوا غەزالی دەڵێت: (بزانە کە کەسێکی نەخەوتو لەتەنیشت کەسێکی

خەوتووەوە ئەگەر بێت و مارێك نەبینێ کە بە خەوتووەکەیوە داوە و ئەمەش مانای ئەوەنیە کە مارەکە بونی نیە و ئازار بە خەوتووەکە نەگەشتوە و ئەمەش هاوشێوەی ژیانی گۆڕە) بەڵکو جاری واهەیە کەسێکی بەخەبەر هەست بەئازار و تاموچێژەکێك دەکات لەکاتێ کە بیستنی شتێك یاخود بیرکردنەوەی لە بابەتێك کە هاومەجلیسەکەی تەنیشتی هیچ هەست نە بەئازار یاخود نەبەچێژی بابەتەکە ناکات.

بۆیە بەناو قورئانیەکان کەوتونەتە ئەم هەڵەیەوە بە قیاسکردنی شتە نادیارەکان بەسەر شتەبەرجەستەکاندا یاخود قیاسکردنی ژیانی دوای مردن بە ژیانی پێش مردن.

بەڵگە دەقیەکان (نەقڵییەکان):

بەناو قورئانیەکان دەڵێن کە قورئانی پیرۆز بەهیچ شێوەیەك باسی ژیانی بەرزەخی نەکردووە، بەڵکو وای دەبینن کە ماوەی بەرزەخ ماوەی مردنە بێدودڵی و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالُوا رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِنْ سَبِيلٍ﴾ (غافر: ١١). واتە: (دەڵێن ئەی پەروەردگارمان دوو جار دەمانمرێنێ و دوو جاریش زیندومان دەکەیتەوە و دانەنەین بە تاوانەکانماندا و ئایا هیچ رێگەیەك هەیە بۆ دەرچوونمان)

لەسەر ئەم ئایەتەپیرۆزە الحافظ أسلم دەڵێت:

(دوو ژیان واتە ژیانی دونیا و ژیانی ڕۆژی دوای، وە گۆڕ هیچ ژیانێکی تێدا نیە، وە دوو مردنەکەش بریتیە لە سوڕی کۆرپەلەیی پاشان دەرچونی ڕۆح لەدوای کۆتایی ژیانی دونیا، بەمەش بۆمان دەرکەوت کە ماوەی بەرزەخ هیچ ژیانێکی تێدا نیە بەپێی قورئانی پیرۆز).

گفتووگۆکردنی:

ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتە پیرۆزە بەم شێوەیە پێشتریش هەبوە، ئیمامی ڕازی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت ئەم ئایەتە نکۆڵیکارانی سزای گۆڕ کردویانەتە بەڵگە بۆ نەبونی سزای گۆڕ، پاشان وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: (ئەوەی ئەم ئایەتە باسی کردوە ئەوەیە کە خوای گەورە دەیانمرێنێ و مردنیش پێویستی بەبوونی ژیانێ هەیە پێشتر و ئەگەر مردن ڕویدابێ پێش ئەم ڕوداوە ئەوا مردنەکەش ڕونادات و بۆیە هەموو مردنێك پێویستی بە ژیانێکە)

بۆیە ئەم ئایەتە ئایەتی دوای خۆی ڕاڤەی دەکات و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنْتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ [البقرة: ٢٨] . واتە: (ئێوە چۆن بێباوەڕی و کوفر دەکەن بە خوایەك کە ئێوە مردبون و زیندوی کردنەوە و پاشان دەتانمرێنێ و دواتر زیندوتان دەکاتەوە و پاشان دەگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە)

بۆیە ئەگەر ئاماژە و بەڵگە نەبێ بۆ ژیانی بەرزەخ ، نکۆڵیشی لێناکات و ئایەتی تر و سونەتی ڕاستی پەیامبەرﷺ ئاماژەی تەواو بە بوونی ژیانی بەرزەخ دەکەن .

وە شتێکی نەپێکراوە کە ماوەی کۆرپەلەیی بە ماوەی مردن دابنرێت چونکە زانستی پزیشکی سەلماندویەتی کە زیندەوەرانی سپێرم لە دڵۆپەدان بەمەش ژیانیان تێدایە، بۆیە وتنی نەبوونی ژیان لەو ماوەیەدا وتەیەکی پێچەوانەی ڕاستیە زانستیەکانە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە دوو ژیانەکە مانای ئەوەیە کە یەکەمیان دەستپێدەکات بە کردنی ڕۆح بەبەری کۆرپەلەدا و بە مردن کۆتای دێ کە ژیانی ئەم دونیایە و ئەوی تریان بە بەرزەخ دەستپێدەکات و بە فووکردن بە سوڕدا کۆتای دێت، وە دوو مردنەکەش

بریتیە لە یەکەمیان دەرچوونی رۆحە لە لاشە لەم دونایەدا و ئەوی تریان لەکاتی فوکردنە بە سوڕدا و هەموو جیهان کۆتاییان دێت و ئایەتەکە ئاماژەی بە ژیانی مرۆڤ نەکردوە لە ڕۆژی دواییدا بۆیە هیچ پێویست بە دانپیانان و بەڕاستدانانی ناکات.

بۆیە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر داننان بە بوونی ژیانی بەرزەخ نەك نەبوونی وەکوئەوەی نکۆڵیکاران وێنای دەکەن، لەوەش زیاتر وای دەبینین کە قورئانی پیرۆز لە ئایەتی تردا[1] بەڕوونی وێنای ئەم ژیانەی بۆ کردوین بە هاوشێوەی ژیانی شەهیدان لە پێناو بیروباوەڕی ئیسلامیدا و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ () فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِمْ مِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ (آل عمران: ١٦٩، ١٧٠)

واتە: (وای دامەنەن کە ئەوانەی لە پێناو ڕێگەی خوادا دەکوژرێن مردوون بەڵکو زیندوون و لای پەروەردگارانن و ڕزق و ڕۆزیان پێدەدرێت و دڵخۆشن بەوەی خوای گەورە پێی داون بە فەزڵی خۆی و موژدەش دەدەن بەوانەی کە پێیان نەگەشتوون لە دوایانەوە کە هیچ ترس و دڵتەنگیەکیان لەسەر نیە)[2].

ئیمامی ئیبن جەریری تەبەری لە ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: (وامەزانە ئەی محمد ئەوانە مردون و هەست بە هیچ ناکەن و تاموچێژ هیچ ناکەن بەڵکو ئەوانە زیندون لای من و لەناز و نیعمەتی ڕۆزی منداڵ و

(١) پەرتوکی (شرح المواقف) بەرگی ٣ لاپەڕەی ٢٤٢.

(٢) سورەتی ال عمران ئایەتی ١٦٩-١٧٠

دڵخۆش و ئاسودەن بەوەی کە پێم داون بە فەزڵ و بەزەیی و بەخشندەی خۆم و دڵخۆشن بە بە پاداشت و بەخششەکانم)[١].

ئەم ئامۆژگاریە قورئانیە ڕاشکاوە لە باسی ژیانی کوژراوان ـ لە تێکۆشان لە پێناو خوادا ـ دوای مردنیان، هەرچەندە عبدالله جەگرەلەوی ئەم واتا ڕون و ڕاشکاوە ڕەتدەکاتەوە بۆ ئایەتەکە، لەسەر بنەمای نکۆڵیکردنی ژیانی بەرزەخ بۆ هەموو کەسێك لە مرۆڤەکان، و دەڵێت: (مەبەست لە وشەی (بَلْ أَحْيَاءٌ) زیندوو لە ئایەتەکە ئەوە نیە کە ئێستە کە بڵێی زیندووبن بەهەقیقی، بەڵکو ئاماژەیە بۆ بارودۆخیان لە ڕۆژی دوایدا لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ﴾ (الزمر: ٣٠). واتە: (ئەی محمد تۆ دەمریت و ئەوانیش هەمویان دەمرن)[٢].

واتە ئەی محمد تۆ دەمریت لەو کاتەی کە بۆت دیاریکراوە نەك لەو کاتەدا مردبێت کە ئایەتەکە دابەزیوە[٣].

ئەم ڕاڤە و تەفسیرەی عبدالله لە نکۆڵیکارانی ژیانی بەرزەخ لە پێش خۆی وەریگرتووە ، هەرچەندە فخرالدین الرازي وەڵامی ئەم بۆچوونەی داوەتەوە لە کاتی وەڵامدانەوەی بۆ نکۆڵیکاران کەئەمە کورتەکەیەتی :

أـ ئەوەی ڕوونە کە مەبەست لە وشەی زیندو ئاماژەیە بۆ هەبوونی ژیان و زیندویی شەهیدەکان لەکاتی دابەزینی ئایەتەکەدا . وە گۆڕینی مانای ئایەتەکە بۆ ئەوەی گوایە دواتر زیندودەکرێنەوە بریتیە لە لادانی دەقەکە لە ماناکەی خۆی .

---

(١) تفسير الطبري بەرگی ٤ لاپەڕە ١٧٠ .

(٢) سورەتی الزمر ئایەتی ٣٠ .

(٣) ترجمة القران بەرگی ٤ لاپەڕە ٥١ .

بـ خوای گەورە دەربارەی زیندویی خەڵکی دۆزەخ دەدوێت و دەفەرموێت: [أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا] (نوح: ٢٥) (نوقم دەکرێن و دەخرێن ئاگرەوە)(١). بۆ ئەوەی ئێش و ئازار بچەژن پێش ڕۆژی دوای، وە ئەگەر سەرپێچیکاران زیندوبکرێنەوە بۆ ئازاردان ئەوا زیندوکردنەوەی چاکەکاران پێش ڕۆژی دوای بۆ پاداشت لە پێشترە.

جـ ئەگەر مەبەست لە زیندوکردنەوەیان بۆ کاتی ڕۆژی دوای بێت چ پێویستی دەکرد ئامۆژگاریەکە ئاراستەی پەیامبەری خوا بکرێت؟ و پێی بەفەرموێ (وای دامەنێ) چونکە پەیامبەر ﷺ زانستی بەوە هەیە کە هەموو باوەڕداران هاوبەشن لەو زیندوکردنەوەیە لەگەڵ شەهیدانیشدا، هەربۆیە ئەگەر ماناکەیان بەوە لێکدایەوە کە مەبەست لە وەرگرتنی پاداشت بێ لەکاتی ژیانی گۆڕدا ئەوکات دەگونجیت کە برگەی (وای دامەنێ) لەبەر ئەوەبێت پەیامبەری خوا هەتا ئەو کاتە نەیزانیبێ کە خوای گەورە ڕێزی ناوە لە گوێڕایەڵان و نیەتپاکان لە بەندەکانی بەو ڕێزە گەورەیە.

دـ ئەو وتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت (موژدە بدە بەوانەی کە نەگەشتون بەوان) مەبەست لێی (ئەو کەسانەی کە بەوان نەگەشتوون دەبێ لە دونیادا بن، وە موژدەکەیان دەبێ بۆ ئەوانەبێ کە لە دونیادان پێش ڕۆژی دوای، وە موژدەش دەبێ لەگەڵ ژیاندا بێت و بەڵگەیە لەسەر زیندوبونیان پێش ڕۆژی دوایی)(٢).

---

(١) سورەتی نوح ئایەتی ٢٥.

(٢) التفسیر الکبیر بەرگی ٩ لاپەڕە ٨٩ـ٩٢.

٢- وەیەکێکی تر لەو ئایەتە ڕاشکاوانەی کە بەڵگەن لەسەر سزای گۆڕ وتەی خوای گەورەیە سەبارەت بە داروودەستەی فیرعەون لە بەرزەخدا: ﴿وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ﴾ (غافر: ٤٥).

واتە: (ئالی فیرعەون توشی ئازار و سزایەکی خراپ دەبن، ئاگریان پیشان دەدرێت بەیانیان و ئێواران و ئەوکاتەشی کە ڕۆژی دوای بەرپا دەبێت ئالی فیرعەون تووندترین سزا دەدرێن)[1]. ئەم ئایەتە قورئانییە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئالی فیرعەون بەیانیان و ئێواران ئاگریان پیشان دەدرێت دوای مردنیان هەتا ڕۆژی دوایی، ئەم پیشاندانی ئاگرەش سزای گۆڕە بەشێوەیەك لە شێوەکان، و سزای ڕۆژی دوایشیان لەدوای ئەم سزایەوە باسکراوە بەجیا چونکە ئایەتەکە دەفەرموێت (کاتێ ڕۆژی دوایش دێت دەخرێنە . . .) دیاری دەکات کە سزای گۆڕ دوای مردنیانە و پێش ڕۆژی دواییە[2].

دەوترێت کە ئەمەش تەنها تایبەت بوە بە فیرعەون و نەتەوەکەی، ئێمەش دەڵێین پەند و ئامۆژگاری بە گشتێتی وتەکەیە نەك تایبەتمەندێتی هۆکارەکەی، چونکە سزای گۆڕ تەنها کورت نەبوەتوە لە فیرعەون و داروودەستەکەیدا، بەڵکو توشی هەموو کەسێکە وتەی خوا بەدرۆ بزانێ و ملهوڕی بکات هاوشێوەی ئەوان دەبێت لەبەر ئەوەی حوکم و یاساکانی خوا تایبەت نین بە کەس و بارودۆخێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو گشتی و تەواون هەتا ڕۆژی دوای، هەرچەندە خاوەنی پەرتوکی (نکات القران) ئەم ئایەتەی پێشوو هیچ توشی سەرسامی نەکردوە و لە

(١) سورەتی غافر ئایەتی ٤٥ـ٤٦.

(٢) فتح القدير بەرگی ٤ لاپەرە ٤٩٥ ی محمد علي الشوكاني ، فی ظلال القران بەرگی ٧ لاپەرە ١٨٦ ی سید قوطب.

بەرپەرچدانەوەیدا دەڵێت: (خەڵکی فرمانە ڕانەبردووەکەی (پیشانیان دەدرێت) بەواتای ئێستا لێکدەدەنەوە کە ئەمەش هەڵەیەکی ئاشکرایە چونکە ئەو فرمانە ڕانەبردوە تا ئێستەش مەبەست لێی لە داهاتودا پێشوازیان لێدەکرێت وەك چۆن لە سورەتی هوددا هاتوە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ﴾ [هود: ٩٨]. واتە: (قەومەکەی دەخرێتە پێشەوە لە ڕۆژی دوای و ئاگریان بۆ دەهێنرێت.) [١] [٢]

لەوەڵامی ئەم بەرپەرچدانەوەیەدا دەڵێین:

(پشتکردنی الحافظ أسلم لەم ئایەتە لەسەر بیروباوەڕی پێشووی بەرهەم هاتوە کە نکۆڵیکردنە لە ژیانی بەرزەخ هەتا گەر لە قورئانی پیرۆزیشدا جێگیربوبێت. ئەگەر بێتو سەیری پێش وتەی (ئاگریان پیشان دەدرێت) بکەین کە ئەم ڕستەیە، ڕستەیەکی شیکەرەوەیە بۆ چۆنییەتی سزا خراپەکە کە توشی فیرعەون و نەتەوەکەی دەبێت، ڕستەی (ئاگریان پیشان دەدرێت) داڕێژراوە بۆ ڕونکردنەوەی چۆنەیتی سزاکە، ئاگر (گوزارە)ی (نیهادێکی) لابراوە وەك چۆن کە قسەکەرێك وتبێتی سزا خراپەکە چیە و ئەویش بڵێت ئاگر، وە پیشاندانەکەش پێداچونەوەی ڕونکردنەوەیەکە یان جێگرەوەیەکە بۆ سزا خراپەکە) [٣].

لێرەدا کورتەی وتەمان ئەوەیە خوای گەورە ئاماژەی بۆ سزای فیرعەون و نەتەوەکەی داوە لە دونیادا بەشێوەیەکی جیاواز لەم ئایەتەی پێشوودا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾

---

(١) سورەتی هود ئایەتی ٩٨.

(٢) لاپەڕە ١٥٧ حافظ محمد اسلم.

(٣) تفسير ابي مسعود بەرگی ٧ لاپەڕە ٢٨٧ ی محمد بن العمادي.

(الأعراف: ١٣٠). واتە: (فیرعەون و نەتوەکەیمان تووشی قاتووقڕی و کەمی بەروبووم کرد بەڵکوو بیر بکەنەوە)[١].

وە ئاماژەی بە سزاکەیان کردوە لە ڕۆژی دوایدا بەشێوەیەکی تر لەم شێوەیە کە هەموو ئەمانەش جۆراو جۆرن[٢]. بۆیە دیاری کردنی ڕانەبردوەکە بۆ ئێستەیە نەك بۆ داهاتوو، وەئەوەشی زیاتر پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات بەستنەوەیەتی بە کاتەوە کە سزاکەی ناوگۆڕیان ئێواران و بەیانیانە. بۆیە ئەو بانگەشەیەش پووچەڵ دەبێتەوە کە ڕانەبردووەکە بۆ داهاتوە دابنێ. هەرچەندە ڕانەبردوو ئاماژەی هاوبەشی هەیە لە نێوان ڕودانی کارێك لە ئێستاو داهاتوودا.

وەك چۆن قورئانی پیرۆز لە جێگەی تریشدا ڕانەبردووی بۆ کاتی ئێستا بەکار هێناوە وەك چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ (المجادلة: ١). واتە: (خوای گەورە وتەی ئەو ئافرەتەی بیست کە موناقەشەت لەگەڵ دەکات و سەبارەت بە مێردەکەی و سکاڵای بۆ لای خوا دەهێنێت و خوای گەورە گفتوگۆکەتان دەبیستێت. و خودا هەمیشە بیسەر و بینەرە)[٣]. وە هەرسێ بڕگەی (تُجَادِلُكَ) و (وَتَشْتَكِي) و (يَسْمَعُ) ڕانەبردون و ئاماژەن بۆ کاتی ئێستا چونکە ئەو ئایەتە لەکاتی گفتوگۆکەدا دابەزیوە کە دەقەکە ئاماژەی بۆ دەکات(خوای گەورە گفتوگۆکەتان دەبیستێت).

---

(١) سورەتی الاعراف ئایەتی ١٣٠.

(٢) روح المعاني بەرگی ٢٤ لاپەڕە ٧٤.

(٣) سورەتی المجادلة ئایەتی ١.

وە سەبارەت بەوەی کە نەیاران ئاماژەیان بۆی کردوە لە سورەتی هوددا ئاماژەیەکە لەجێی خۆی نیە، چونکە ئەو ئایەتەی سورەتی هود بەهیچ شێوەیەك وەك دەق و واتا ئاماژەی بۆ ئەو مەبەستە نەکردوە، بەڵکو فیرعەونی تایبەتکردوە بەوەی پێش نەتەوەکەی دێت لە ڕۆژی دوایدا و بەهیچ شێوەیەك ئاماژە نیە بۆ بابەتی سزای گۆڕ و پاشان ئایەتەکە وشەی ڕۆژی دوای تیایە کە مانایەکی ڕون و ئاشکایە کە خۆی بۆ داهاتووە و ئەو ئایەتە دەقێکە لەسەر سزای فیرعەون و نەتوەکەی لە ڕۆژی دوایدا.

٣ـ یەکێکی تر لەو بەڵگە قورئانیانیەی کە بەڵگەی بوونی سزای گۆڕن وتەی خوای گەورەیە: ﴿ مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْصَارًا ﴾ (نوح: ٢٥). واتە: (بە بۆنەی تاوانەکانیانەوە نوقم دەبن و پاشان دەخرێنە ئاگرەوە و جگە لە خوای گەورە هیچ پشت و پەنایەکیان نیە.)[١]

ڕازی دەڵێت: (زانایان لە بوونی سزای گۆڕدا ئەم ئایەتە لە دوو ڕووە دەکەنە بەڵگە:

أـ پێتی (ف) لەسەر وشەی (ادخلوا) ئاماژەیە بەوەی کە چوونە ناو ئاگریان دوای نوقمبونیانە و ناکرێ ماناکەی بە سزای دوارۆژ وەربگرین ئەگەر نا ئاماژە و مانای ئەو پێتی (ف) هەڵدەوەشێتەوە.

بـ خوای گەورە دەفەرموێ چوونە ناو لەسەر شێوەی پێدانی هەواڵێکی ڕابردوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەڕاست دانانانی ڕوداوێك کەڕوێداوە[٢].

٤ـ یەکێ تر لەو ئایەتانەی کە بەڵگەی سزای گۆڕن:

---

(١) سورەتی نوح ئایەتی ٢٥.

(٢) تفسیر الرازي بەرگی ٣٠ لاپەڕە ١٤٥.

﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ [البقرة: ١٥٤]. واتە: (بەوانەی کە لە پێناوی خوادا دەکوژرێن مەڵێن مردو، بەڵکو ئەوانە زیندون بەڵام ئێوە هەستی پێناکەن)[١].

ئیمامی شەوکانی بەڕەحمەت بێت دەفەرموێت: (مردوان و زیندوان بەرزن و هەردوکیان دوو گوزارەن بۆ دوو نیهادی لابراو کە وشەی (ئەوانە)، واتە بەوانەی کە لە پێناو خوادا دەکوژرێن بە ئەوان مەڵێن مردوان بەڵکو ئەوان زیندون، بەڵام ئێوە هەست بەو ژیانەیان ناکەن لەکاتی سەیرکردنی لاشەکانیان دوای ڕاکێشانی ڕۆحیان، لەبەر ئەوەی ئێوە بە پێی ڕوالەتیان بڕیار لەسەر مردنیان دەدەن، بەپێی ئەو زانیینەی کە پێتان گەشتوە بە نیسبەت زانینی خوای گەورەوە وەك لێدانی دەنوکی باڵندەیەکە لە ئاوی دەریا، کە لەڕاستیا وانیە و ئەوان زیندون لە بەرزەخدا، وە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر بوونی سزای گۆڕ و هیچ بەهایەك بۆ ڕایەکی دژی دانانرێ کە پێچەوانەی ئەمە بێت چونکە ئایەتی قورئان و فەرموودەی ڕاسمان زۆرە کە ئاماژە بەم باسە بکات)[٢].

٥ـ لە پەیامبەروە هاتوە کە لە ڕاقە و تەفسیری ئایەتی: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ (إبراهيم: ٢٧). واتە: (خوای گەورە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە دامەزراو دەکات لەسەر ووتەیەکی جێگیر...)[٣]. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: (کاتێ باوەڕدار لە گۆڕەکەیدا دادەنرێ فریشتە دێن بۆ

(١) سورەتی البقرة ئایەتی ١٥٤.

(٢) فتح القدير بەرگی ١ لاپەرە ١٥٩.

(٣) سورەتی إبراهيم ئایەتی ٢٧.

لای و ئەویش شایەتی دەدات کە هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نیە جگەلە الله و محمدیش ﷺ پەیامبەری خوایە . . . کەئەمەشە واتای ئەم ئایەتیە پڕوڕوزەیە)[١] .

٦ـ لە ئەبوئەیوبەوە ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: ڕۆژێك پەیامبەری خوا ﷺ دەرچوو لە دوای ئاوابونی خۆرەوە و دەنگێکی بیست و فەرمووی (یەهودیەکان لە گۆڕەکانیاندا سزا دەدرێن)[٢] .

٧ـ پێشەوا موسلم لە کتێبەکەیدا بە سەنەدێکی دانەبڕاو لە پەیامبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (ئەم ئومەتە لە گۆڕەکەیاندا تاقیدەکرێنەوە و ئەگەر بێتوو نە نێژرانایە داوام دەکرد لە خوای گەورە کە ئێوە گوێتان لەو سزای خوا بوایەکە من گوێم لێی دەبوو)[٣] .

هەموو ئەمانە بڕێکی کەم بوون لەو بەڵگە زۆر و جێگر و ڕاستانەی سەبارەت بە سزای گۆڕ و خۆشیەکانی هاتوون، بۆیە هەندێ لە زانایان فەرمویانە کە فەرمودەکانی سزای گۆڕ موتەواترن لە ڕووی واتاوە ئەگەر بێتوو لە ڕووی وشەکانەوە موتەواتر نەبن[٤]، کەئەمەش وای کرد لە قازی عبدالجبار کرد بڵێت: (هیچ ڕاجیای و خیلافێك نیە لە بایەتی سزای ناوگۆڕ لە نێو ئومەتدا تەنها شتێك نەبێ کە لە (ضرار بن عمرو) دەگێڕێتەوە گوایە بۆچونی جیاوازی بووە)[٥] .

---

(١) البخاري عن فتح الباري بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٣٢ .

(٢) رواه المسلم بەرگی ٨ لاپەڕە ١٦١ .

(٣) بەرگی ٨ لاپەڕە ١٦١ .

(٤) (مختصر لوامع الانوار) لاپەڕە ٣٠٧ .

(٥) شرح الاصول الخمسة لاپەڕە ٧٣٠، شرح المواقف بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٤٢ .

لەبەر ئەم بەڵگانە زۆرینەی هەرە زۆری ئوممەت باوەڕیان بە بوونی ژیانی بەرزەخ هەبوە، وە هیچ کەس موخالەفە و پێچەوانەی نەکردوون جگە لە خەواریج و چەند کەسێکی کەم نەبێ لە موعتەزیلە کە بەها بۆ ڕاجیاییەکەیان دانانرێت.

٢- هەڵوێستیان سەبارەت بە شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا:

مەبەست لە شەفاعەت لێرەدا: (داواکردن لە کەسێك کە سوود بگەیەنێ بە جگە لە خۆی یان زیانێکی لەسەر لابدات لە ڕۆژی دواییدا)[1]. وە یان داواکردنی چاکە بۆ جگە لە کەسەکە خۆی.

کە ئەمەش بیروباوەڕێکە کە ئوممەتی ئیسلامی یەکڕاو هاو هەڵوێستن لەسەری، لەگەڵ بوونی ڕاجیایی لەسەر ئەوانەی کە شایستەن بۆ ئەو شەفاعەتە، بەڵام بەناو قورئانیەکان هەمویان یەکڕان لەسەر نکۆڵیکردنی بەشێوەیەکی گشتی، عبدالله لەم بارەوە دەڵێت: (بابەتی شەفاعەت بەگشتی و بەتایبەت بۆ پەیامبەران وای کردوە لە خەڵکی کە بڵێن ناچینە ئاگرەوە تەنها چەند ڕۆژێکی دیاریکراو نەبێ و دواتر لێی دەردەکرێین، خەڵکی بەگشتی وەك ئاژەڵ وان و ئاگایان لەوە نیە کەچی دەڵێن، بەڵکو ئەو بیروباوەڕە بە شەفاعەت لە ئەهلی فەرمودەوە وەریگیراوە کە هەمووی درۆکردنە بەدەم ئەو کەسایەتیە بەڕێزانەوە.

(وە دەوترێ شەفاعەت دوو جۆرە: بچووك و گەورە، گەورەکەیان بۆ ئەو کاتەیە کە تەواو دەبین لە گۆڕەپانی حەشردا لەڕۆژی دوایدا، کە ئێمە نکۆڵی ئەم جۆرەی

(١) شرح الاصول الخمسة لاپەڕە ٦٨٨.

شەفاعەت دەکەین و دژبین چونکە درۆ و قسە هەڵبەستنە بەدەم پەیامبەری خواوە ﷺ کە بەڕاستی پەیامبەر لەم درۆ ئابڕووبەرە دورە.

یەکەمیان جۆری شەفاعەت:

أ- ڕزگاربوونی هەندێ لە باوەڕداران لە خستنە دۆزەخەوە کە شایستەن.

ب- سوککردن و کەمکردنەوەی سزا لەسەریان، کە ئەمەش تۆمەتێکە کە قورئان لێی بەریئە چونکە شەفاعەت کردن کارێکە دژی دەق و ژیرییە و بەڵکو زوڵم و ستەمە لەخودی خۆیدا، کە وێنای ڕودانی ناکرێت لە دادگا دادپەروەرەکانی دونیادا چ جای بگات بە ڕۆژی دوای، ئەگەر کەسێکی ژیر شەفاعەت بۆ کەسێکی تاوانبار بکات و ڕزگاری بکات.. ! بەڕاستی هیچ جێی سوپاس نیە)[1].

پەرویز بۆ ئەم وتە و بیروباوەڕی بەناو قورئانیەکان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە:

یەکەم: ﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا لَا تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ﴾ (البقرة: ٤٨)

واتە: (لەو ڕۆژە بترسن کە هیچ کەس ناتوانێ پاداشتی کەسێکی تر باتەوە و شەفاعەتیش لەهیچ کەس وەرناگیرێ، هیچ لادان و سەرخستنێکی تێدا دەستەبەر نابێ)[2] وە لەکۆتای وەڕگێڕانی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (ئەوەی ئەم ئایەتە بە ڕاشکاوی دەریبڕیوە لە دونیادا لەکاتی هەستان بەکاری سیستەمێکی دادپەروەری قورئانیی کە بنچینەی دادپەروەریی ڕۆژی دواییە چونکە دادگەری لەو ڕۆژەدا بەپێی یاسای

(١) ترجمة القران بەرگی ٣ لاپەڕە ١٢٥-١٢٦. تبویب القران بەرگی ٣ لاپەڕە ١٠٢٢، بەرگی ٢ لاپەڕە ٨٨٦، و تفسیر بیان للناس بەرگی ٢ لاپەڕە ٤٩٤ و ٣١٣ و ٧٢٠ و ٧٢٣ و ٨٤٣.

(٢) سورەتی البقرة ئایەتی ٤٨.

پاداشته و وەرگرتنی پاداشتیش بەپێی ئەو کردەوانەیە کە کەسەکە لە دونیادا خۆی ئەنجامیداوە)[1].

گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە:

لەهیچ گرووپێکی ئیسلامیم نەدیوە کە نکۆڵی لە شەفاعەت بە شێوەیەکی گشتی کردبێ جگە لەوەی کە (الباقلانی) لە هەردوو پەرتوکی (الانصاف) و (التمهید) دا ئاماژەی بەوەداوە کە موعتەزیلەکانی نکۆڵیکاری شەفاعەت دوو کۆمەڵەن: کۆمەڵێ کە بەشێوەیەکی گشتی نکۆڵی دەکەن و دان نانێن بە فەرموودەکان و قورئانیشدا لەو بارەیەوە، ڕەتیدەکەنەوە. و کۆمەڵێکیش کە دان دەنێن بە شەفاعەتدا بەڵام سنووردارى دەکەن بۆ تەنها سێ کۆمەڵ لە بڕوادارانی[2].

وە لەڕاستیدا هیچ زانایەکمان نەدیوە کە پشتگیری ئەم بۆچونەی باقیلانی کردبێ کە باسی کردووە، وە لە پەرتوکەکانی موعتەزیلەدا ئەم بۆچوونەیانمان بەردەست نەکەوتوە و نەیارانی موعتەزیلەش شتی وایان نەداوەتە پاڵیان و پێدەچێ دەرئەنجامی باقیلانی خۆی بێ دەربارەی هەندێ بۆچوونی موعتەزیلە تووندڕەوەکان بەرامبەر دژەکانیان، وەك نمونەی فیرقەی (الثمامیة) کە سەرۆکەکەیان لەبەر لاری ڕێبازەکەی تەکفیر کرا، چونکە زۆر ڕۆچوون لە بابەتی سزاکاندا وای کرد کە بڵێن هەرکەس لە موسوڵمانان بمرێ و پێداگربووبێ لەسە تاوان بە هەتا هەتایی لە

(١) قرانی قوانین لاپەرە ٣١.

(٢) الانصاف لاپەرە ١٦٩ و التمهید لاپەرە ٣٧٤ کە هەردوکیان هی ابا بکر محمد بن طیب الباقلانین.

دۆزەخدا دەبێت لەگەڵ فیرعەون و ئەبو لەهەبدا و موعتەزیلەکانی پێشووی باوەڕیان وابوو کە تاوانباران دەکرێ خوای گەورە سزاکانیان لەسەر کەمبکات[1].

وە پێدەچێ باقیلانی بە تەماشاکردنی ئەم بۆچوونانە وای دانابێ کە ئەمانە نکۆڵی بوونی شەفاعەت دەکەن و باوەڕبوون بە هەتا هەتایی بوون لە ئاگر و کەم نەکردنەوەی سزا لەسەریان هەڵوەشێنەرەوەی شەفاعەتە، کە ئەمەش ئەو دوو خاڵەبوون لە دەوری شەفاعەت و نکۆڵیکردنی بە شێوەیەکی گشتی.

وە کورتەی وتەمان ئەوەیە کە لەنێو ئوومەتی ئیسلامیدا لە نێو هەموو گرووپەکاندا نکۆڵیکردنی شەفاعەت بە شێوەیەکی گشتی بوونی نەبووە لە سەردەمەکانی پێشوودا و ئەمەش وای کردووە لە ئەشعەری و ڕازی و قازی و خاوەنی پەرتوکی (شرح المواقف) کە بە ڕاشکاوی بڵێن ئوممەتی ئیسلامی یەکڕا و کۆدەنگن لەسەر شەفاعەتی پەیامبەری خوا ﷺ[2]، وە لەژێر ڕۆشنای ئەم کۆدەنگیەدا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێن کە لە نکۆڵیکردنی گشتی شەفاعەت لای بەناوقورئانیەکان بەتەنهایە و هیچ کۆمەڵێکی تری موسوڵمانان هاوهەڵوێستیان نین.

بالێرەوە بچینە سەر ئەو بەڵگانەی کە نەیارانمان دەیکەنە بەڵگە بۆ نکۆڵیکردنی شەفاعەت و دەبینین کە بەڵگەکانیان یان بەڵگەی عەقڵی یان نەقڵی و دەکرێ بڵێین بەڵگە عەقڵیەکانیان دوو بەشن:

---

(١) الانتصار لاپەڕە ٦٦ ی عبدالرحیم محمد الخیاط، المعتزله لاپەڕە ١٢٩ ی زهدي جار الله

(٢) مقالات الاسلامیین بەرگی ٢ لاپەڕە ١٤٧، والابانه لاپەڕە ٧٤، و الاربعین فی أصوا الدین لاپەڕە ٤١٩، و شرح الأصوا الخمسة لاپەڕە ٦٨٧، و شرح المواقف بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٢٩.

أ- دەڵێن خوای گەورە حەکیم و دادپەروەرە لەهەموو کاروبارەکانیدا، داننان بە شەفاعەتدا ئەم دوو بنەمایە هەڵدەوەشێنێتەوە، پێیانوایە کە لێبوردن لە تاوانبار لە دونیادا کارێکی قێزەونە و لە کۆتای دونیاشدا لەپێشترە.

ب- وە قورئانی پیرۆز هیچ ئاماژەیەکی بە چەسپاندنی شەفاعەت نەداوە.

لەوەڵامی بەشی یەکەمدا دەڵێم:

کە بەڵگەیەکی موعتەزیلەییە کە هێندەی تاڵە مویەك لەژێر پێدا بەهای نیە، کە قازی عبدالجبار لە نکۆلێکردنی شەفاعەتدا ئاماژە بەم بەڵگەیە دەکات سەبارەت بەتاوانبارانی نوێژ ئەنجامدەران و دەڵێت: (پاداشتدان بە کەسێك کە شایستەی نیە کارێکی ناشرینە، و کەسی موکەللەف ناچێتە بەهەشتەوە بە فەزڵ و چاکەی خۆی)[1].

وە ئەوەی گرنگە ئاگاداربین کە ئەم نکۆلێکردنە وەکو دەرئەنجامی فەرزکردنی پاداشت و سزادانە لەسەر خوای گەورەوە سەریهەڵداوە، وە پێوانەکردنی کاروبارەکانی ڕۆژی دوای لەسەر واقیعی دونیایە، پاکو بێگەردی بۆ خوای گەورە لەم کارەی ئەوان دەیڵێن، جا شەفاعەت کردن لە ڕۆژی دواییدا وەك شەفاعەت کردنی دونیایی نیە لەلای لەم بەندەیەکی خودا، و پێویست بە ڕەزامەندی شەفاعەتکار نیە کە بۆ شەفاعەت بۆکراوەکە، چ جای ئەوەی بوترێ مەشفوع لە ترسی شافیعدا شەفاعەتەکە وەردەگرێت، کە خوای گەورەش بێنیازە لەهەموو ئەم شتانە، لەلای خوا هیچ شەفاعەتکەرێ نیە ئیللا بە ویستی خودا خۆی نەبێ و تەنها خوای گەورە خۆی ڕێدەدات بە بە شەفاعەتکەر و ڕازیدەبێ بە شەفاعەتەکەی، وەك

(١) شرح الاصول الخمسة لاپەڕە ٦٨٩.

چۆن وەڵامی داواکاری کەسێکی پارِاوە دەداتەوە کە داوای داواکاریەکی لێدەکات، یان لەکەسێك خۆشدەبێ لەو شتانەی کە مافی خوای گەورەیە و داوای لێخۆشبوون دەکات، یان سزای کەسێك دەدات لەسەر تاوانێك کە لەیەکێك لەبەندەکانیەوە دەردەچێت و هەموو ئەم کارانەش تەنها بەدەستی خوای گەورە خۆیەتی، شوێنکەوتەی ئایەتە قورئانیەکان ئەم هەورەی گومرِایی لا دەرِەوێتەوە لەبەر ئەوەی هیچ پاداشتێك نیە مەگەر بە فەزڵ و چاکەی خوای گەورە خۆی نەبێ و هیچ سزایەکیش نیە مەگەر بە دادپەروەری بڕیارەکانی نەبێت بۆ درووستکراوەکانی بەو شێوەی خۆی دەیەوێت: ﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الأعراف: ٥٤). واتە: (تەنها خوای گەورە خۆی خاوەنی دروستکردن و فەرمان کردنە و پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگاری جیهانیان)[١]. گوێرِایەڵان بە فەزڵ و بەخششی خوای گەورە پاداشت وەردەگرن و سزادانی تاوانبارانیش بەپێی تاوانەکەی لە دادپەروەری و ڕِاستودروستی فەرمانەکانی خوای گەورەوەیە. وە ئەگەریش لێی خۆشببێت ئەوا بە ڕِەحم و بەزەیی خۆیەتی و ئەگەری سزای بدات لەبەر ئەنجامی کارەکانی دەستی خۆیەتی[٢].

وە هیچ مەرجێك نیە بۆ پاداشت و سزا بەڵکو یەکەمیان چاکەکاریە و ئەویتریان دەکرێ خوای گەورە لێی خۆشببێت ئەگەر بێت و تاوانەکەی هاوبەشبڕِیاردانان نەبێ بۆ خوای گەورە.

---

(١) سورەتی الأعراف ئایەتی ٥٤.

(٢) غاية المرام في علم الكلام لاپەرە ٣٠٦ سيف الدين الامدي.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ (النساء: ٤٨). واتە: (خوای گەورە تەنها لە هاوبەشبڕیاردانان خۆش نابێ، ئیتر لە هەر تاوانێکی تر کە خۆی بیەوێت خۆش دەبێت)[١].

وە بۆ وەڵامی بەشی دووەم کە دەڵێن قورئانی پیرۆز هیچ ئاماژەیەکی بۆ بوونی شەفاعەتکردن نەکردوە دەڵێین ئەمە تەنها بانگەشەیەکی بێبەڵگەیە و بەڵکو لە دەرئەنجامی کورت هەڵهێنانی بۆچونیانە لەسەر هەندێ ئایەتی قورئان بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرجەم ئایەتەکان لەو بابەتەدا.

بەگەڕانەوەمان بۆ قورئانی پیرۆز دەبینین کە خوای گەورە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ بوونی شەفاعەت کردووە و دەفەرموێت: ﴿لَا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا﴾ (مریم: ٨٧).

واتە: (کەس خاوەنی شەفاعەتکردن نیە مەگەر کەسێك نەبێ کە پەیمانێکی لەلایەن خوای گەورەوە وەرنەگرتبێت).[٢]

وە لەجێگەیە تر دەفەرموێت: ﴿يَوْمَئِذٍ لَا تَنْفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلًا﴾ (طه: ١٠٩). واتە (لە ڕۆژێکدا کە شەفاعەت سوود بەکەس ناگەیەنێ مەگەر کەسێك کە خوای گەورە ڕێگەی پێدەدات و لەووتەو کردەوەی ڕازی بێت)[٣].

ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە بەڵگەن لەسەر ڕاستی و دروستی شەفاعەت و ڕێگەدان پێی لە ڕۆژی دوایدا بەکەسێك کەخوای گەورە ڕێی پێدەدات و لەکار و کردەوەی ڕازیبێت، شەفاعەت بە پێی قورئانی پیرۆز جێگیرە و هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ

(١) سورەتی النساء ئایەتی ٤٨.
(٢) سور﴿مریم: ٨٧﴾.
(٣) سورة ﴿طه: ١٠٩﴾.

نکۆلێکردنی و هەرکەسیش نکۆلی بکات نکۆلی لە قورئان کردوە . خوای گەورە لەو جۆرە کەسانەمان بپارێزێت .

٢- بەڵگە نەقڵیەکانی نەیارانی سوننەت بۆ نکۆلی شەفاعەت:

ئەوانەی کە نکۆلی لە شەفاعەت دەکەن ئەم ئایەتانە دەکەن بە بەڵگە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا لَا تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ﴾ [البقرة: ٤٨] . واتە: (لەو ڕۆژە بترسن کە هیچ کەس ناتوانێ پاداشتی کەسێکی تر باتەوە و شەفاعەتیش لەهیچ کەس وەرناگیرێ، هیچ لادان و سەرخستنێکی تێدا دەستەبەر نابێ) [١]

هەروەها: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ [البقرة: ٢٥٤] . واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەلەومااڵ و سامان وداراییی و (عیلم و زانست و توانایە)ی کەپێمان بە خشیوون؛ ببەخشن، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە کڕین و فرۆشتن و تکاکاری و دۆستایەتی تێدا نیە، لەو ڕۆژەدا بێ باوەڕان هەرخۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە) [٢].

خەواجە أحمد الدین لە تەفسیری ئایەتی یەکەمدا دەڵێت: (خوای گەورە ئەو وتەیەی دابەزاندوە کە دەفەرموێت: (هیچ تکاو شەفاعەتێك وەرناگیرێت) لە وەڵامی ئەوانەی کەباوەڕیان وایە شەفاعەت دەکرێت دوای ڕێپێدانی خۆی و بەڵام بەم وتەیە هەموو شێوەیەکی شەفاعەت ڕەتدەکاتەوە، وەکو چۆن بابەتی بارمتەوەرگرتنیش

---

(١) سورەتی البقرة ئایەتی ٤٨ .

(٢) سورە ﴿البقرة: ٢٥٤﴾.

ڕەتدەکاتەوە و پاشان نکۆلێکردنەکە دووپات دەکاتەوە بەوەی کە دەفەرموێت بەهیچ شێوەیەکیش یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن)[١].

وە سەبارەت بە ئایەتی دووەم دەڵێت: (خوای گەورە قسە لەگەڵ بەندە باوەڕدارەکانیدا دەکات و بەئاشکرا نکۆڵی بوونی شەفاعەت دەکات لەبەردەم دروستکراوەکانیدا و بەهیچ شێوەیەك شەفاعەتکردن و هاوڕێیەتی لەو ڕۆژە قورسەدا نامێنێ کەهیچ کڕین و فرۆشتنی تێدانیە و بەڵکو هەموو کەسێ پاداشتی کار و کردەوەی دەستی خۆی وەردەگرێتەوە)[٢].

ئێمەش لەوەڵامدا دەڵێین: ئایەتی یەکەم بۆ نکۆڵێکردنی شەفاعەت و تکا بۆ بێباوەڕانی جوولەکە و نەسرانیەکان هاتووە، لەبەرئەوەی پێش ئەم ئایەتە و دوای ئایەتەکەش گفتوگۆیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ نەوەکانی ئیسرائیل و ئەمەش وایکردووە کە بۆچوونی پەسەند ئەوەبێت کە ئەم ئایەتە بۆ نکۆڵێکردن لە ئەو بیروباوەڕەی جولەکەکان بێت کە باوەڕیان هەبوو بە بنەمای خۆشەویستی چاکێتی جوولەکە، وەکو چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَىٰ نَحْنُ أَبْنَاءُ اللَّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ﴾ (المائدة: ١٨)

واتە: (جولەکە و نەسرانیەکان دەڵێن ئێمە کوڕو خۆشەویستانی خواین)[٣].

﴿وَقَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدًا فَلَنْ يُخْلِفَ اللَّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٨٠)

---

(١) تفسیر بیان للناس بەرگی ٢ لاپەڕە ٤٩٤ .

(٢) تفسیر بیان للناس بەرگی ٢ لاپەڕە ٨٤٤ .

(٣) سورة ﴿المائدة: ١٨﴾ .

واتە: (جوولەکەکان دەڵێن: (چەندەگوناهباربین) تەنها چەند ڕۆژێکی کەم لە دۆزەخدا دەمێنینەوە!! پێیان بڵێ: باشە، ئێوەپەیمانتان لەخوا وەرگرتووە، تا هە ڕگیز خوای گەورەپەیمان شکێنی نەکات؟! یان هەر دەتانەوێت شتێك بڵێن بەدەم خواوەکەهیچ بناغەیەکی نیەو هەر نازانن (چی دەڵێن)!!

خۆ ناکرێت ئەم ئایەتە بکرێتە بەڵگە بۆ نکۆڵیکردنی شەفاعەتکردن بەشێوەیەکی گشتی و کۆتایی، چونکە ناکرێ چەند ئایەتێ وەربگرین بەبێ ئایەتەکانی تر و هەندێ ئایەتمان هەیە نکۆڵی دەکات و هەندێ ئایەتی تر دانی پێدادەنێت، وە لەژێر ڕۆشنای ئەم دیاریکردنەدا کە دانپیانانە نەوەك کۆڵیکردن و گەر وانەکەین ئەوا قورئانی پیرۆز تووشی دژیەکی دەکەین کە لێی بەریە و خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ [النساء: ٨٢]. واتە: (ئایا قورئانی پیرۆز ناخوێنەوە، ئەگەر لەلایەن جگە لەخوای گەورەوە بوایە ڕاجیایی و دژیەکیەکی زۆری تێدا دەبوو)[1].

هەروەها بە بەڵگە هێنانی ئایەتی دووەم بۆ نکۆڵیکردنی شەفاعەت لەشێوەی کورت هەڵهێنانی هەندێك لەقورئان و وەلانانی هەندێکی تریەتی چونکە کۆتایی ئایەتەکە دیاری کردووە کە شەفاعەت سوود بە کێ ناگەیەنێت کە دەفەرموێت (بێباوەڕەکان ستەمکارن)، بۆیە نکۆڵیکردنەکە تایبەتە بە بێباوەڕان بەبەڵگەی کۆتای ئایەتەکە، و لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر دووپاتکردنەوەی شەفاعەت بۆ جگە لە کافران، و بۆ باوەڕدارە تاوانبارەکانە و ئەوەشی ئەم بۆچوونەی ئێمە پشت ئەستورتر دەکات ئایەتی دوای ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ﴿ اللَّهُ

(١) سورة ﴿النساء: ٨٢﴾.

لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ (البقرة: ٢٥٥) .

واتە: خوا زاتێکە جگە ئەو هیچ خوایەکی ترنیە کە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندوە و ڕاگر و سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە)، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستا و داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕووەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندوی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرزو بڵند و گەورەیە[1].

ئەمەش بەڵگەیە کە خوای گەورە شەفاعەت وەردەگرێت بەڵام بە ڕێپێدانی خۆی.

پێشەوا ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: (ئەم بابەتە ڕاجیایی نێو خەڵکی بوە و دابەشی کردبوون بۆ سێ کۆمەڵ: دوو کۆمەڵی (شلرەو) و(تووندڕەو) و کۆمەڵێکیش نێوەندیاندا (میانڕەو)، هاوبەشبڕیاردەران و ئەوانەی لە ئەهلی بیدەع کە

(١) سورة ﴿البقرة: ٢٥٥﴾

هاوهەڵوێستیانن وەك نەسرانیەکان و بیدعەچیانی ئەم ئومەتە شەفاعەتێ جێگر دەکەن کە قورئان نکۆڵی دەکات، و خەواریج و موعتەزیلە شەفاعەتکردنی پەیامبەرﷺ ڕەت دەکەنەوە بۆ خاوەن تاوانە گەورەکانی ئومەتەکەی، بەڵکو کۆمەڵێك لە بیدعەچیان نکۆڵی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ سودمەند بێت لە شەفاعەت و دوعای جگە لەخۆی . . .

وەسەبارەت بە پێشینانی ئەم ئومەتە و پێشەواکانیان و ئەوانەی شوێنیان کەوتون لە ئەهلی سونە و جەماعەت دانەنێن بەوەی کە لە قورئان و سونەتدا لە پەیامبەرەوە ﷺ پێیان گەشتوە بە شەفاعەتکردنی بۆ خاوەن تاوانە گەورەکان لە ئومەتەکەی و شەفاعەتەکانی تری و جگە لەو لە پەیامبەران و فریشتەکان) [1].

وە لە بەڵگە ڕوونەکان بۆ بوونی شەفاعەت ووتەی پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ﴾ [محمد: ١٩]

(دەی کەواتا چاك بزانە و دڵنیابە جگە لەخوا (الله) هیچ خوایەکی ترنیە شایستەی پەرستن بێت، داوای لێخۆشبوونی گوناە بۆ خۆت و ئیمانداران لەپیاوان و ئافرەتان هەر لەو بکەو دڵنیابە کەخوا دەزانێت لەڕۆژدا بەچی یەوە خەریکن و، لەشەویشدا لەکۆی دەحەوێنەوە و ئارام دەگرن، یاخود دەزانێت چی دەکەن لەدونیاداو، دەرەنجامەکەشی لەقیامەتدا چۆنە) [2].

---

(١) کتێبی (اقتضاء صراط المستقیم) لاپەڕەی ٤٤٣ .

(٢) سورة ﴿محمد: ١٩﴾

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پەیامبەرەکەی ﷺ کە داوای لێخۆشبوون بۆ تاوانەکانی خۆی و تاوانی بڕوادارانی نێر و مێ بکات داواکردنی لێخۆشبوون لە تاوان جۆرێکە لە شەفاعەت بۆ لابردنی سزایەك لەڕۆژی دواییدا، و داواکردنی لێخۆشبون بۆ تاوانێك کە شایستەی سزا دان بێت خۆی بۆخۆی شەفاعەت کردنە[1].

وە لەو بەڵگانەی تر : ﴿ يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَنِ وَفْدًا () وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَى جَهَنَّمَ وِرْدًا () لَا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا﴾ (مریم: ٨٥ – ٨٧).

واتە: (ڕۆژێك دێت ئێمە دەستە دەستە خواناس و پارێزکاران بۆ لای خوای میهرەبان بە ڕێ دەکەین (تا بەدیداری شادبین و بیانخاتە بەهەشتەوە). تاوانبارو گوناهکارانیش بەپەلەو بەتینویەتی ڕابێچ دەکەین بۆ ناو دۆزەخ. ئەوانە خاوەنی تکا نین و کەس تکایان بۆ ناکات، مەگەر ئەو کەسەی کە لەکاتی خۆیدا خوای میهرەبان بەڵێنی پێداوە کە تکا بکات یان تکای بۆ بکرێت)[2].

ئیمامی فەخری ڕازی دەڵێت: (ڕواڵەتی ئایەتەکە ئەوەیە کە تاوانباران خاوەنی شەفاعەتکردن نین بۆ جگە لە خۆیان، و جگە لەخۆیانیش خاوەنی شەفاعەتکردن نین بۆ ئەمان، چونکە سەرچاوەکە هەرکات چاك بداتە پاڵ بکەرێك و چاکەکە بۆ کردەوەکەش دەگەڕێتەوە، بۆیە دەڵێم وەرگرتنی ئایەتەکە بەم شێوەیەی یەکەم کارێکی ڕێپێدراونیە چونکە ئایەتەکە وەك ئەوەی لێ دێت کە ڕونکردنەوەی

(١) کتێبی (شرح المواقف) لاپەرە ٣/ ٢٢٩ ، کتێبی (الاربعون) لاپەڕە ٤١٩ .

(٢) سورة ﴿مریم: ٨٥ ـ ٨٧﴾.

شتێکی ڕوون و ئاشکرا بکات که هەموو کەس دەزانێ تاوانباران که دەخرێنە دۆزەخەوە توانای شەفاعەتیان بۆ جگە لە خۆیان نیە، ئەگەر ئەم بۆچونەمان پوچەڵکردەوە دەبێ ئایەتەکە بەشێوەیەکی تر تەفسیر بکەین، ئەگەر ئەمە جێگیربوو ئەوا دەڵێین ئایەتەکە بەڵگەیە بۆ بوونی شەفاعەت چونکە خوای گەورە دەفەرموێ (جگە لەوانەی که خوای پەروەردگار بەڵێنی پێداون)[1].

وە سەبارەت بەبەڵگە لە سونەتدا بۆ بوونی شەفاعەت زۆر زۆرە کەهیچ کتێبێك نیە لە کتێبەکانی ئەهلی سوونە ئەو بەڵگانەی تێدا نەبێ، وەك چۆن پەیامبەر ﷺ دەفەرموێت : ﴿ لِكُلِّ نَبِيٍّ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ فَتَعَجَّلَ كُلُّ نَبِيٍّ دَعْوَتَهُ وَإِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَفَاعَةً لأُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَهِيَ نَائِلَةٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِي لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا﴾[2]. واتە: (بۆ هەموو پەیامبەرێك دوعایەکی وەرگیراو هەیە، هەموویان دوعاکەیان کردووە بەڵام من دوعاکەم هەڵگرتوە بۆ شەفاعەتکردن لە ڕۆژی دواییدا کە بە ویستی خوا بۆ ئەو کەسانە دەبێت لە ئومەتەکەم کە وەفات دەکەن و هیچ هاوبەشێکیان بۆ خوای گەورە بڕیار نەداوە).

وە لەژێر ڕۆشنای ئەم بەڵگانەی پێشوودا دەتوانین بڵێین کە هەستاوین بە بەیان کردنی هەقیقەتی بوونی شەفاعەت لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکاندا، کە هەموو ئەو جۆرانەی کە لە پەیامبەری خواوەﷺ جێگیر بوە لە فەرموودە ڕاست و صەحیحەکاندا، لە (شەفاعەتی گەورە)[3] و شەفاعەت بۆ تاوانبارانی ئومەتەکەی

---

(١)کتێبی (الارعین) لاپەڕە ٤١٩ .

(٢) صحيح مسلم للنيسابوري (١/ ١١١).

(٣) بریتیە لە شەفاعەتی پەیامبەر بۆ هەموو خەڵکی لە مەیدانی مەحشەردا بۆ ئەوەی خوای میهرەبان دادوەری بفەرموێ بۆیان، لەکاتەی هەموو پەیامبەران خۆیان لەو کارە نادەن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئایەتی : (عسى أن يبعثك ربك مقاماً محموداً) ، هەروەها ئەو فەرمودەی پێشەوا بوخاری دەیگێڕێتەوە کە تێدا هاتووە: (خەڵکی دەچنە

که تاوانەکانیان له هاوبەشبڕیاردان کەمترە که شایستەن به سزادان بەئاگر بەڵام ناخرێتە ناو دۆزەخەوە[1]، و شەفاعەتێکیش بۆ دەرکردنی کۆمەڵێکی تر له ئاگری دۆزەخ[2] یان شەفاعەتێك بۆ کەمردنەوە و سووك کردنی سزا لەسەر هەندێ کەس[3]، وەك شەفاعەتکردنی بۆ مامی خۆی ئەبوو تاڵیب که له فەرموودەی سەحیحدا هاتوە. هەروەها جۆرەکانی تری شەفاعەت که لەنێو کتێبەکاندا له بابەتی شەفاعەتدا هاتووە.

ولەسەر ئەم بەڵگە زۆر و ڕاستانە ئوومەتی ئیسلامی به کۆدەنگی دانیان به بوونی شەفاعەتدا ناوە له ڕۆژی دواییدا ئەگەر بێتوو لەهەندێ شێوەیدا یان ئەوانەی که شایستەتی شەفاعەتن ڕاجیاییان هەبوبێ[4] که نامانەوێ باسیان بکەین چونکە بابەتی ئەم کتێبەی ئێمە نیە.

لای عیسا که پێیان دەڵێ من بۆ ئەوە ناشێم، بەڵام برۆن بۆ لای محمد، خەڵکیش دێن بۆ لای من، دەڵێم من بۆ ئەوکارەم، داوا لەخوای پەروەردگار دەکەم، ئەویش ڕێگەم پێ دەفەرموێت و ئیلهامی گەڵێك له سوپاسگوزاریم پێ دەبەخشێت که سوپاسی خودای پێ دەکەم. . . ، دواتر پێوم دەوترێ ئەی محمد سەربڵند بکەوە، بڵێ و دەبیسترێت لەتۆوە، داواکاری بکە و لێت وەردەگیرێت، شەفاعەت بکە و لێت گیرا دەکرێت. .) به فتح الباریەوە بەرگی ١٣ لاپەرەی ٤٧٣ .

(١) بەپێی فەرموودەی: (هەیە بەسۆز و میهرەبانی خوای گەورە دەچێتە بەهەشتەوە، هەشیانە دەچێتە بەهەشتەوە بەهۆی شەفاعەتی منەوە، بۆیە منیش بەردەوان تکای شەفاعەت دەکەم تاکو ژمارەیەك لەخەڵکی ڕزگاریان دەبێت که پێشتر حسابیان بۆ دۆزەخ بوو. . .) صحیحی بوخاری به فتح الباریەوە بەرگی ١٣ ، لاپەڕەی ٤٧٤ .

(٢) بەبەڵگەی پێشوو.

(٣) بەڵگەی فەرموودەی: (باسی ئەبو تاڵبی مامی پەیامبەر کرا، پەیامبەریش فەرمووی: پێدەچێ شەفاعەتی من هەندێ سودی پێ بگەیەنێت له قیامەتدا، که سزای کەمدەکرێتەوە بۆ دانانی ئەسکەلە ئاگر لەژیر پێیدا بەڵام گڕی گەرمیەکەی مێشکی دەکوڵێنێ) . . رواه مسلم بەرگی ١ ، لاپەڕەی ١٣٥ .

(٤) (آراء الخارج) دکتۆر عمار الطالبي، لاپەڕەی ١٨٠ . (شرح العقائد النسفية) مسعود عمر، لاپەڕەی ٨٩ . (لمعة الاعتقاد) لاپەڕەی ٢٣ . (أصول الدين) لاپەڕەی ٢٤٤ . (نهاية الإقدام) لاپەڕەی ٤٧٠ . (فقه الاكبر)

٣- هەڵوێستیان سەبارەت بە بەهەشت و دۆزەخ:

بەهەشت و دۆزەخ ئەو شوێنانەن کە بڕیاری پاداشتن ئەرکدارانی دونیا لە ژیانی دونیایاندا لە کردەوەی باش و خراپ پێی هەڵدەستن، کەس حەقیقەتیان نازانێ جگە لە خوای گەورە خوای گەورە هەندێ لە شێوە و تایبەتمەندیەکانیانی بۆ باس کردووین، وەك چۆن پەیامبەرەکەی ﷺ هەندێ تایبەتمەندی و شێوەی باس کردووە و هەردوکیان دوو دروستکراوی خوای گەورەن لەلای زۆربەی زۆری موسوڵمانان ئەمە چەسپاوە.

بەڵام بەناو قورئانیەکان بەپێچەوانەوە سێ کۆمەڵن لەم بارەوە:

أ- عبدالله و هاوشێوەکانی دەڵێن: (بەهەشت و دۆزەخ دوو جێگەی ڕاستین کە لە ڕۆژی دواییدا دروست دەکرێن و ئێستە هیچ بونێکیان نیە چونکە بونیان لە ئێستادا دورە لە هەموو عەقڵ و ژیریی و پێویستیەك کە خوای گەورەش بەریە لەم جۆرە کارانە)[1].

ب- الحافظ أسلم و سید مقبول أحمد و شوێنکەوتوانیان دەڵێن: (بەهەشت و دۆزەخ و ئەوەی لەبارەیانەوە دەوترێت لە شێوە و تایبەتمەندیان لە سزا و پاداشت و خۆشی وێنای نمایشین بەو شێوەیە کە زانراو هەستپێکراو بوە لای مرۆڤایەتی لەکاتی دابەزینی قورئاندا بەڵام هەستی مرۆڤایەتی بۆ سزا و پاداشت و خۆشی گۆڕاوە و ڕاجیاییە لەم سەردەمەدا و بۆیە پێویستە پێناسە و واتای نوێ دابنرێت بۆ بەهەشت و دۆزەخ و ناکرێ سوتانی ئاگر مەبەستی سوتانی لاشە بێت بەڵکو دەکرێ مەبەست

لاپەرەی ٦ . (مطالع الأنظار) لاپەرەی ٤٦١ . (الفصل) بەرگی ٤، لاپەرەی ٦٣ . وە (التفسیر اکبیر) بەرگی٣ ، لاپەرەی ٥٥-٦٦ .

(١) (ترجمة القران) بەرگی چوار، لاپەرە ٣٢.

لێی بارگرانی و دڵتەنگی بێ کە مرۆڤ والێبکات کە هەست بە سوتانی ناخی بکات)[١] .

ج- پەرویز و خەواجە أحمد الدین و جعفر شا بلواری[٢] و هاوشێوەکانیان وای دەبینن کە بەهەشت و دۆزەخ سەردەمێکن لەسەردەمەکانی مرۆڤایەتی و ئەگەر ژیان گەشە بکات و خۆش و ڕازاوە بێت واتا ژیانی بەهەشت، و وەستان لە گەشەکردن و نەبونی خۆشگوزەرانی واتە ژیانی دۆزەخ. وە هەروەها بەهەشت و دۆزەخ دوا زنجیرەی ژیانی مرۆڤایەتی نین، وە شتانێکیش نین هەتا دوای مردن نەبێ پێی نەگەین بەڵکو ژیان کارێکی هەتا هەتاییە و خۆشگوزەرانیەك لە پلەو پایەیەکدا بۆ پلەو پایەیەکی تر لەسەری وەستاوە و بۆ هەتا هەتای دەمێنێتەوە، وە بەهەشت و دۆزەخ دەستەواژەیەکن بۆ چۆنیەتی ژیان نەك ناوی دوو شوێنی تایبەت.[٣]

گفتوگۆکردنی:

ئەم بیرۆکانە هەموویان دژ و پێچەوانەی ئەوەن کە پێشینی ئومەتی لەسەر بوە، عبدالله و لایەنگرانی وتەکانیان جیاواز نیە لە وتەی زۆربەی موعتەزیلەکانی نێو موسڵمانان کە بنچینەی بە بەڵگە کردنی عەقڵ و ژیریان لە دیندا داهێنا، کە عباد

---

(١) (مطالعة حدیث) لاپەرە ١٧٦ . (تعلیمات قران) لاپەرەی ٢١٢ و ٢٢٥ .

(٢) یەکێك بوو لە بەرپرسانی گروپی (طلوع إسلام) و یەکێکە لەوانەی نوسینی زر بوو لەسەر بۆچوونەکانی نەیارانی سوننەت لەم سەردەمەدا، زۆرێك لە پێگە حکومیەکانی بەدەست هێنا لە پاکستان، لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا یەکێك بوو ئە ئەندامانی بەرێوبەرایەتی ڕۆشنبیری ئیسلامی لە لاهور، کە لەژێر چاودێری حکومەتدا خەریکی پالاوتنی کەلەپوری ئیسلامی بوون! ، نوسینی زۆرە لەوانە: (مقام سنت) و (ریاض سنت) و (الدین یسر) و (قرانی سبق).

(٣) تەماشای (گلستان حدیث) ی شاە بلواری بکە، لاپەرەی ٦٦ ، وە گوفاری (طلوع إسلام) لاپەرەی ٢٤ ، ژمارەی ئۆکتۆبەری ١٩٥١ . (تبویب القران) بەرگی ٢ لاپەرەی ٢٥٥ و ٥٥٧ . کتێبی (أسباب زوال أمت) لاپەرەی ١٣٥ .

الضميري و ضرار بن عمر و ابو هاشم و القاضي عبدالجبار بۆچوونیان وابوو که بەهەشت و دۆزەخ لە ڕۆژی دوایدا دروست دەکرێن لەبەر ئەوەی بونیان لە ئێستەدا پێویست نیە وئەگەر بێتو ئێستە هەبن ئەوا دەبێ لەناو بچن لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت :

(هەموو شتێك لەناو دەچێت جگە لە وەجهو ڕووی خوای گەورە) لایەنی پوچەڵکردنەوەی بەڵگە بریتیە لە بەردەوامی خواردنەکانی بەهەشت و سێبەرەکانی و هەتا هەتایەکەیەتی)[1].

بۆیە دەتوانین عبدالله و لایەنگرانی بخەینە پاڵ موعتەزیلەی موسڵمانەکان، زانایان ڕەتیان داونەتەوە که هەر ئەوە وەڵامی ئێمەشە لەگەڵ هەندێ زیادەی تردا. خاوەنی پەرتوکی (شرح المواقف) هەستاوە بە وەڵامی ئەم بیرۆکەیەی موعتەزیلە و بەڵگەی زۆری هێناوە سەبارەت بە بوونی بەهەشت و دۆزەخ لە ئێستادا :

أ- چیرۆکی ئادەم و حەوا و نیشتەجێبوونیان لە بەهەشتدا و پاشان دەرکردنیان بەبۆنەی تاوانێکەوە وەك چۆن قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێی داوە، وە ئەگەر بەهەشت دروستکرابێت کەوایە دۆزەخیش بەهەمان شێوە چونکە وتەیەك نیە جیایان بکاتەوە[2].

ب- ئەو وتانەی خوای گەورە کە دەفەرموێت ﴿أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٣) یان ﴿عِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴾ (آل عمران: ١) بە شێوەی ڕابردو زۆر ڕون و ڕاشکاون بۆ

(١) (شرح المواقف) بەرگی ٣، لاپەرەی ٢٣٠.

(٢) ئەمە لەسەر ئەوەبەندە کە دەڵێ بەهەشتەکەی ئادەم بریتیە لە جیهانی پاداشت، ئەوەی ئایەتەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و دەوترێ ئەو بەهەشتە لەسەر بەشێك لە زەوی بووە.

بونیان لە ئێستادا و بەگەڕان بە فەرموودە صەحیحەکاندا زۆر بەڵگەمان دەست دەکەوێ کە بەڵگەن لەسەر بوونیان بەشێوەی ڕوون)[١].

وەکو پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە پەیامبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە ئەویش لە خوای گەورەوە دەگێڕێتەوە کە خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿أَعْدَدْتُ لِعِبَادِيَ الصَّالِحِينَ مَا لاَ عَيْنٌ رَأَتْ وَلاَ أُذُنٌ سَمِعَتْ وَلاَ خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ﴾[٢].)[٣]

واتە: (ئامادەم کردووە بۆ بەندە چاکەخوازەکانم شتانێك کە هیچ چاوێك نەیدیوە و بەگوێی هیچ کەس نەبیستراوە و بەدڵی هیچ مرۆڤێکیشدا نەهاتوە) وە لەوەش زیاتر دەڵێم:

ئەو (ال) کەلەسەر وشەی (الجنة) دا هاتوە لە بەهشتەکەی ئادەم (ال)ی (عهدي ذهني)یە ناشکرێ و ناشبێ مەگەر بەهەشتی پاداشت نەبێت و دیاریکردنی مانەوەی ئادەم لەو بەهەشتەدا دیاریکردنیەتی بە دروستکراوێك لەو کاتەوە و هیچ ئەگەرێکی تر هەڵناگرێت.

سەبارەت بە بەڵگەی عبدالله لەبارەی بوونی بەهەشت و دۆزەخ لە ئێستادا هیچ پێویستیەکی تێدا نیە...

ئەمیش بەڵگەیەکی وەرگیراوە لە موعتەزیلەوە و خاوەنی پەرتوکی (غاية المرام) و (الإرشاد) وەڵامیان داوەتەوە و نکۆڵی بوونی مەبەست دەکەن لە کاروکردەوەی خوا، چونکە کارو کردەوەی خوای گەورە مەرج نیە پەیوەست بێ بە ئامانج و پێویستی بەپێی بنەماکانی ڕاستخوازان، لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئەوەی بیەوێ

(١) (شرح المواقف) بەرگی٣ ، لاپەرەی ٢٣٠.

(٢) صحيح مسلم للنيسابوري (٨/ ١٤٣).

(٣)کتێبی (شرح المواقف) بەرگی٣ ، لاپەرەی ٢٣٠.

دەیکات و بڕیار دەدات لەوەی خۆی بیەوێت و گومانیش نیە کە کاروکردەوەی خوای گەورە بێ حیکمەت نیە[1] . چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێت : ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا﴾ [ص: ٢٧]. واتە : (ئاسمان و زەویمان بە بێ هۆ و بە پووچەڵی درووست نەکردووە)

جا لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا دەڵێین : (لە دروستکراوەکانی خوای گەورەدا پەند و حیکمەتی زۆر هەیە کەهەندێکی دەزانین و هەندێکیشیان شاراوەن و خوای گەورە بەشتێك لەو جۆرەی کە ئاگاداری کردوینەتەوە لە چیرۆکی خێزانەکەی فیرعەوندا : ﴿إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ ﴾ [التحريم: ١١]. واتە: (ئەی پەروەردگارم ماڵێکم لە بەهەشتدا بۆ بنیات بنێ) بائیمەش بپارێینەوە بەو شێوەیەی ئەو بۆ دروستکردنی ماڵێك لە بەهەشتدا وەکو چۆن ئەم ئافرەتە باوەڕدارە داوای کرد، بەهەشت دروستکراوە و ماڵ و کۆشکەکانی تەواو دەکرێن بە پارانەوەی بەندەکانی خوداو کاروکردەوە چاکەکانیان)[2] .

وە پەندیش لەبوونی لە ئێستادا هاندانە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و ترسان لە سزاکانی دۆزەخ، ئەوەش ئاشکرایە کە ترسان و هاندان بە شتێك بونی هەبێ توندتر و کاریگەرترە وەکو لەو ئایەتەی خوای گەورە سەبارەت بە ئیبراهیم دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾ [البقرة: ٢٦٠] . (پەروەردگارم پێم پیشان بدە کە چۆن مردوو

(١) (غاية المرام) لاپەرەی ٣٠٥ . و (الارشاد) لاپەرەی ٣٧٧ .

(٢) سەرچاوەی پێشی چوارەم لاپەڕی ٨٢ .

زیندوو دەکەیتەوە و خوای گەورەش فەرمووی ئایا باوەڕت نیە و ئەویش فەرموی بەڵی بەڵام بۆ ئەوەی دڵم زیاتر دڵنیا ببێتەوە و دامەزراوتر بێت).

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەرەوە[1] بەهەشت و دۆزەخی پێڕاگەیاندیوین و لەو شەوەی شەو ڕەوی پێکراوە[2] بۆ هەوڵدان بۆ ئەوەی کاربکەین بە فەرمانی خوای گەورە و دووربکەوینەوە لەوەی ڕێگری لێکردوین.

وەیەکێکی تر لە پەند و سودەکانی بونی بەهەشت و دۆزەخ لە ئێستادا ئەوەیە کە پەیامبەری خوا ﷺ پێی ڕاگەیاندووین کە: (هەرکەس بڵێ سبحان الله و بحمده دارخورمایەکی بۆ دەچێنرێت لە بەهەشتدا)

وە ئەوەی کە پەیامبەر لە پەیامبەر ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە لە شەوی شەوڕەویدا پێی ڕاگەیاندوە

(ئەی محمد سڵاوم بگەیەنە بە ئومەتەکەت، پێیان ڕاگەیەنە کە خۆڵی بەهەشت چاکە و ئاوەکەی سوێرە بەسودە و بەپیتە و ئەوەی سەوز و بنیاتی دەنێت بریتیە لە سبحان الله و الحمدلله و لا اله الا الله و الله أكبر)[3].

لێرەوە دەچینە سەر گفتووگۆی کۆمەڵەی دووەم کە وێنای و لێکچوونی بەهەشت دەکەن:

دەڵێم:

لە پێشدا هیچ کۆمەڵێکم نەدیوە کە هاوهەڵوێستی ئەمانەبێت جگە لە فەیلەسوفەکان، وەك چۆن ابن سینا وای دەبینێ کە بۆ (ڕزگاربون) نێردراو لەسەر

(١) صحيح مسلم. بەرگی ٣، لاپەرەی ٢٨.

(٢) صحيح مسلم بەرگی ١، لاپەرەی ١٠٢.

(٣) رواه الترمذي، بەرگی ٥، لاپەرەی ٥١١.

واجبە کە زیندوبونەوە دڵنیابکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بۆلایان نێردراوە بەشێوەیك کە وێنای چۆنیەتەیکەی بکەن، و دڵ و دەرونیان پێی ئاوبخواتەوە و و نمونەیەك بۆ خۆشگوزەرانی و دڵتەنگی بێنێتەوە کە لێی تێبگەن و وێنای بکەن[1].

جا ئەگەر ووردتر بینەوە لەم بۆچوونە دەبینین کە پەیامبەران بەپێی بۆچونی ئەوان نەهاتون بۆ دەستخستنی ڕاستی و ڕونکردنەوەی شتەکان لەسەر شێوەی ڕاستی خۆیان و لەسەر ئەو شێوەیەی کەلەسەرین بەڵکو بۆ ئاسانکردنەوەی کارەکان لە ژێر هەست و تێگەشتنی مرۆڤایەتیدا هاتوون و ئەمەش پێویست دەکات لەسەر پەیامبەران کە شت بشارنەوە لە ڕاستیەکان و خۆیان بەدوور نەگرن لە درۆکردن بەدەم خواوە و لەسەریانە هەقیقەتی شتەکان ئاسانتر بکەن بە وێنا کردن و لێکچواندن..

وە هیچ گومانی تیا نیە کە ئەم وێنا کردنە بۆ پەیامبەران پێچەوانەی ڕون و ئاشکرایی قورئانی پیرۆزە لەسەر پارێزراویان لەو جۆرە کارانە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ () لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ () ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ﴾ [الحاقة: ٤٤ – ٤٦].

واتە: (خۆ ئەگەر محمد صلى الله عليه وسلم هەندێك قسەو گوفتار بەدەم ئێمەوە هەڵبەستایە. ئەوە بەهێزو دەسەڵاتی خۆمان دەمانگرت. لەوەودوا ڕەگی دڵی دەپچڕێنین و دەیمرێنین)[2].

---

(١) لاپەری ٣٠٥.

(٢) سورة ﴿الحاقة: ٤٤ ـ ٤٦﴾.

قسەکردنی و درۆکردنی بەدەم خواوە پەیامبەری خوا لێی بەریە چونکە پەیامبەر هەم ڕاستگۆ و هەمیش دەستپاکبوە و هیچ سزایەکیش بۆ پەیامبەر ﷺ لە قورئاندا بوونی نیە لەو بارەیەوە و بەڵکو پێچەوانەکەی بوونی هەیە، کە وتەی ڕاست و دروستە، وە ئایا پەیامبەران بۆ ئەوە نەهاتوون کە ڕاستیەکان پاك بکەنەوە لەوەی کە کراوە بەبەریاندا، وە بۆ لابردنی ئەوەی هەڵیان دەوەشێنێتەوە، وتەی پەیامبەران سەنگی محەکە بۆ ناسینەوەی شتەکان لەسەر شێوەی ڕاست و دروستی خۆیان چونکە لەلایەن خواوە پێیان ڕادەگەیەنرێت: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الملك: ١٤).

واتە: (ئایا ئەوەی زاتەی بەدیهێناون پێتان نازانێت؟! کە خۆی خوایی زۆر وردەکار و زانایە بەهەموو پەنهانیەکان)[1].

پەیامبەر ﷺ ئەوەی لەخوای گەورە پێی دەگات ڕایگەیاندوە و لەسەر شێوەی دروستی خۆی ڕونی کردوەتەوە و بەمرۆڤەکانی ناساندوە لەسەر شێوە و تایبەتمەندی خۆیان و بەم شێوەیەش بەهەشت و دۆزەخی ڕون کردوەتەوە کە دوو دروستکراوی ڕاست و دروست و هەست پێکراون بەو شێوەی کە وەسف کراون لە قورئان و فەرموودەدا.

وە ئەوەی کە دەوترێت هەستی مرۆڤ جیاوازە لە کۆن و ئێستادا بۆ خۆشی و ناخۆشی هیچ نیە جگە لە قسەیەك کە بوونی نیە چونکە مرۆڤایەتی هەر لەسەرتای بونیەوە هەموو کۆمەڵەکان لەنێوان هەستپێکردنێکی بینراو و دەستورێکی نوسراودا هەستی بەبونی خۆشی و ناخۆشی کردووە، وەلەژێر ئەم هەستپێکردنەشدا

(١) سورة ﴿الملك: ١٤﴾.

دەمێنێتەوە هەتا مرۆڤایەتی بەردەوام بێت وەك چۆن خوای گەورە گفتوگۆی لەگەڵ باوکی مرۆڤایەتیدا کردووە بەشێوەیەکی مەعنەوی و هەستپێکراو و فەرمویەتی: ﴿وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ..... فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٣٨)﴾ (البقرة: ٣٨).

واتە: (ئەی ئادەم خۆت و خێزانەکەت نیشتەجێبن لە بەهەشتدا ..... هەرکەس شوێن ڕێنماییەکانم بکەوێ هیچ ترسێکی لەسەر نیە و هەرگیز دڵتەنگیش نابێت)[1].

تووش نەبونی ترس و دڵتەنگی خۆشگوزەرانیەکی مەعنەویە، و مانەوەی لە بەهەشت و خواردنی بەوبومەکانی بەهەشت خۆشیەکی هەستپێکراوی بینراوە، هەتا ئێستاش مرۆڤایەتی لەسەر ئەم بارودۆخەیە بەبێ هیچ گۆڕانێك، بەردەوامیش دەبێ هەتا ژیانی هەتایی و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ () فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ () يَلْبَسُونَ مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ () كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ ﴾ (الدخان: ٥١ – ٥٤).

واتە: (بێگومان پارێزکاران لە جێگایەکی هێمن و ئاسایشدان لەناو چەندان باخ و سەرچاوەدان لە ئاوریشم و حەریری ناسك و ئەستوور لەبەر دەکەن، هەموو بەرامبەری یەکن لە کۆڕی دانیشتنەکانیاندا دەبن هەروەکو وەسفمان کردووە بۆت، هاوجوتمان کردون، بەژنانی سپی و جوان و چاو گەش)[2].

خوای گەورە بۆ ئەهلی بەهەشت خۆشی و ئارامی و تاموچێژی هەستپێکراوی پێکەوە کۆکردوەتەوە. وە خوای گەورە سەبارەت بە سزای ئەو ڕۆژە دەفەرموێت:

---

(١) سورة ﴿البقرة: ٣٨﴾.

(٢) سورة ﴿الدخان: ٥١ ـ ٥٤﴾.

﴿ الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ لِلرَّحْمَنِ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى الْكَافِرِينَ عَسِيرًا () وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَالَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا ﴾ (الفرقان: ٢٦، ٢٧).

واتە: (لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایەتی تەنها بۆ خوای میهرەبانە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر سەختە لەسەر بێ باوەڕان. وە ڕۆژێکە کە ستەمکار قەپ دەکات بە هەر دوو دەستی خۆیدا و دەڵێ کاشکا لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێگای ڕاستم بگرتایەتە بەر).

وە لە جێگەیە تر دەفەرموێت: ﴿تَصْلَى نَارًا حَامِيَةً () تُسْقَى مِنْ عَيْنٍ آنِيَةٍ () لَيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِنْ ضَرِيعٍ () لَا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِنْ جُوعٍ ﴾ (الغاشية: ٤ – ٧)

(دەگەن بە ئاگرێکی هەرە گەرم. ئاو دەدرێن لەسەرچاوەی لە کوڵ و هەرە گەرم. خۆراکیان هەر درکی حوشتر خواردنی ئاگرین)، نەتێریان دەکات لە ڕزگاری لە برسێتی).

لێرەشدا هەردوو سزاکەی بۆ کۆکردونەوتەوە سزای هەست پێکراو و مەعنەوی وەکو ڕوونە لە قورئانی پیرۆزدا.

لەسەر ئەم ئایەتانەی پێشوو دەتوانین بڵێین کە سزا و پاداشتی ڕۆژی دوای سزای بەرجەستە و مەعنەوین و هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ بڕوادار بە قورئان و سونەت کە تەنها کورتیان هەڵبێنێ لە شێوەی مەعنەویدا.

بۆیە سزا و پاداشت بەهەردوو جۆری بەرجەستە و مەعنەویەوە هەتا ئێستاش بەو شێوەیە بووە، هەر لەسەرەتای بونی مرۆڤایەتیەوە. بەم شێوەش دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی دوایی و سونەتی خوایە بۆ دروستکراوەکانی کە هیچ ڕێگەیەکیش نیە بۆ گۆڕینی سوونەتی خوای گەورە.

وە بەسەیرکردنی نوسینەکانی بەرامبەر کە ئەوان نکۆلّی پاداشتی ئەو دونیا دەکەن بەشێوەیەکی گشتی بەرجەستەبێت یان مەعنەوی پاداشتی چاکەبێ یان سزای خراپە. چونکە ئەوان بە ئازاری ڕۆحی لەیەکی دەدەنەوە کە لە ئەنجامی بارگرانی و ناخۆشیەوە دروست دەبێت، کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەهەقیقەتدا ئەوان ڕاست و دروستی بوونی بەهەشت و دۆزەخ ڕەت دەکەنەوە.

وەلە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە باسمان کرد بۆمان دەرکەوت بۆچوونی دووەم و سێیەم دەچنە ژێر یەك بەرەوە.

کۆمەلّی سێیەم و کۆتای کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا تەفسیری بەهەشت و دۆزەخ دەکەن بە گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و ڕازاندنەوەی ژیان و دۆزەخیش بەوەستان لە گەشەسەندن و نەمانی خۆش گوزەرانی، کە هەردوکیشیان لەم دونیایەدان و بەژیانێکی هەتا هەتایی دەیزانن. بەلاّم بێباوەڕەکان پێش ئەمان دانیان بە بوونی بەهەشت و دۆزەخ لەم دونیایەدا نابوو، عبیدالله ی کوڕی حسین القیروانی کە یەکێکە لە باتنیەکان سەبارەت بە مامەلّەی پەیامبەر ﷺ لەگەلّ هاوەلّانیدا دەلّێت: (مامەلّەی پەیامبەر لەگەلّ هاوەلاّنیدا جار جار بە کاشبووە، جارجاریش بە قەرز.. ! جا پەلەپەلی لێدەکردن بۆ فیداکردنی ڕۆحیان لەبەر بەلّێنی وەها کە هەرگیز بەدەست نایەن، ئاخۆ بەهەشت و جگە لە خۆشیەکانی دونیا شتێکی تر دەگرێتەوە؟! ئاخۆ دۆزەخ جگە لە ئەو هەموو فەرمانەی شەریعەت هەر لە نوێژ و ڕۆژوو و جیهاد و حەج شتێکی تر هەیە ناوی دۆزەخ بێت؟!)[1].

جا ئەوەی چاوبخشێنێتەوە بە بیردۆزە نوێیەکانی ڕۆژئاوادا دەتوانێت بلّێت ئەم بۆچوونانە سەبارەت بە بەهەشت و دۆزەخ لە ئەنجامی پێکەوە بەستنی ڕاستیەکانی

(١) کتێبی (الفرق بین الفرق) لاپەرە ٢٨٩.

وە بەسەیرکردنی نوسینەکانی بەرامبەر کە ئەوان نکۆلی پاداشتی ئەو دونیا دەکەن بەشێوەیەکی گشتی بەرجەستەبێت یان مەعنەوی پاداشتی چاکەبێ یان سزای خراپە. چونکە ئەوان بە ئازاری ڕۆحی لەیەکی دەدەنەوە کە لە ئەنجامی بارگرانی و ناخۆشیەوە دروست دەبێت، کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەهەقیقەتدا ئەوان ڕاست و دروستی بوونی بەهەشت و دۆزەخ ڕەت دەکەنەوە.

وەلە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە باسمان کرد بۆمان دەرکەوت بۆچوونی دووەم و سێیەم دەچنە ژێر یەك بەرەوە.

کۆمەڵی سێیەم و کۆتای کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا تەفسیری بەهەشت و دۆزەخ دەکەن بە گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و ڕازاندنەوەی ژیان و دۆزەخیش بەوەستان لە گەشەسەندن و نەمانی خۆش گوزەرانی، کە هەردوکیشیان لەم دونیایەدان و بەژیانێکی هەتا هەتایی دەیزانن. بەڵام بێباوەڕەکان پێش ئەمان دانیان بە بوونی بەهەشت و دۆزەخ لەم دونیایەدا نابوو، عبیدالله ی کوڕی حسین القیروانی کە یەکێکە لە باتنیەکان سەبارەت بە مامەڵەی پەیامبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵانیدا دەڵێت: (مامەڵەی پەیامبەر لەگەڵ هاوەڵانیدا جار جار بە کاشبووە، جارجاریش بە قەرز.. ! جا پەلەپەلی لێدەکردن بۆ فیداکردنی ڕۆحیان لەبەر بەڵێنی وەها کە هەرگیز بەدەست نایەن، ئاخۆ بەهەشت و جگە لە خۆشیەکانی دونیا شتێکی تر دەگرێتەوە؟! ئاخۆ دۆزەخ جگە لە ئەو هەموو فەرمانەی شەریعەت هەر لە نوێژ و ڕۆژوو و جیهاد و حەج شتێکی تر هەیە ناوی دۆزەخ بێت؟!)[1].

جا ئەوەی چاوبخشێنێتەوە بە بیردۆزە نوێیەکانی ڕۆژئاوادا دەتوانێت بڵێت ئەم بۆچوونانە سەبارەت بە بەهەشت و دۆزەخ لە ئەنجامی پێکەوە بەستنی ڕاستیەکانی

(١) کتێبی (الفرق بین الفرق) لاپەرە ٢٨٩.

ئیسلام و بیرۆکەکانی ماددەگەراکانە کە ئەم کەسانە پێی کاریگەربون لە بیردۆزی ماددەگەراکانی ڕۆژاواوە سەریهەڵداوە. ئەوەتا (سبیرکن و یاخوت) دەڵێت: (ئەم گەردوونە سنوری نیە، نەسەرەتا و نەکۆتایی. و جیهان هەتا هەتاییە و هیچ سەرەتا و کۆتاییەکی نیە)[1].

بۆیە وتنی بەردەوامی ژیان بێ دابڕان باوەڕبوون بە ڕۆژی دوای لەناودەبات و بەهەموو شێوەیەك خزمەت بە بێباوەڕی دەکات، وەك چۆن دژی لەناوچونی دونیایە پێش ڕۆژی دوایی کە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێی دراوە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦) وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾ (الرحمن: ٢٦، ٢٧).واتە: (ئەوەی لەم گەردونەدایە لەناو دەچێت تەنها خوای گەورە نەبێت).

هەروەها: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ﴾ (إبراهيم: ٤٨).

واتە: (لە ڕۆژێکدا کە ئەم زەویە دەگۆڕێت بە زەویەکی ترو هەروەها ئاسمانەکانیش دەگۆڕێن بە شێوەو شێوازێکی تر. هەموو ئەو خەڵکە دەردەکەون و ئامادەن لە بەردەم دادگای خوای تاك و تەنها و بەدەسەڵات و خەشیمگیر لە کافران)

هەروەها: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنْسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا (١٠٥) فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا (١٠٦) لَا تَرَى فِيهَا عِوَجًا وَلَا أَمْتًا﴾ (طه: ١٠٥ – ١٠٧)

واتە: (پرسیارت لێدەکەن دەربارەی کێوەکان (لە بەرپا بوونی قیامەتدا چیان بەسەر دێت)، ئەی محمد ﷺ تۆ بێیان بڵێ: پەروەردگارم هەڵی دەتەکێنێت و وردو خاشی

(١) کتێبی (المادية الديالتيكية) لاپەرەی ٢٩. وەرگێڕانی (محمد الجندي) چاپی دار التقدم، مۆسکۆ.

دەکات. . .جا پەرش و بڵاوی دەکاتەوە و دەیکاتە زەویەکی پان و تەخت و بەرین. هیچ خوارو خێچی و بەرزی و نزمیەك لەسەر ڕووکاریدا نابینیت)

هەموو ئام ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم گەردونە ماددیە کۆتاییەکی هەیە و هیچ ئەگەرێکی تری بۆنیە و چۆن دەکرێ بەردەوام بێت و هەتا هەتای بێت لەگەڵ کۆتای پێهاتنیشدا. . وە زانایانی گەردون ناسی پشتگیری ئەم ڕاستیە قورئانییە دەکەن لەم سالانەی دواییدا لە لێکۆڵینەوە و تاقیکرنەوە و دۆزینەوە زانستییە نوێیەکانیاندا.

ئیدوارد لوسەر کیسیل دەڵێت: (زانست سەلماندویەتی بەشێوەك ئاشکرا ئەم گەردوونە ناکرێ و نابێت هەتا هەتای بێت و هەمیشە گواستنەوەی بەردەوامی گەرمی هەیە لە تەنە گەرمەکاندا بۆ تەنە سارەدکان، ناکرێ و ناگونجێ پێچەوانەکەی ڕووبدات، لەبەر ئەوەی کە گەرمیەکە دەگەڕێتەوە.

واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەم گەردونە بەرەو پلەیەك دەچێت کە پلەی گەرمی هەموو لاشەکان وەك یەك یەکسان بێت و وزەیەکی دیاریکراوی تێدا نەمێنێت و لەو ڕۆژەدا هیچ کالێکێکی کیمیاوی و سروشتی تیا نامێنێت و هیچ شوێنەوارێکی ژیانیش لەم گەردونەدا بوونی نابێت)[1].

لێرەشدا کورتەی کۆتا وتەمان ئەوەیە کە دەقە ئاینیەکان کە سەبارەت بە بەهەشت و خۆشیەکانی و دۆزەخ و ناخۆشیەکانی هاتوون زۆر زۆر و ڕوونن کەبەشێوەیەك هیچ ئەگەرێك بۆ تەئویل و لادانی ماناکەیان نایەڵێت و نکۆڵیکردنیش لێیان نکۆڵیکردنە لە شتانێك کە لە دیندا بەبەدیهی دانراوە.

---

١ كتيبي (الله يتجلى في عصر العلم) لاپەرەی ٢٧، وەرگێڕانی (دکتور: الدمرداش عبدالمجيد سرحان).

بەشی چوارەم:

بۆچونە تەشریعیەکانی بەناو قورئانیەکان

أ-لە پەرستشەکان

١-هەڵوێستیان بەرامبەر نوێژ

٢-هەڵوێستیان بەرامبەر زەکات

٣-هەڵوێستیان بەرامبەر ڕۆژوو

ب-لە مامەڵەو هەڵسوکەوتەکاندا

١-هەڵوێستیان بەرامبەر سنووورە ئیسلامیەکان

٢-هەڵوێستیان بەرامبەر فرەژنی

٣-هەڵوێستیان بەرامبەر میرات

بۆچوونە تەشریعیەکانی بەناو قورئانیەکان

لەبەشی پێشودا ئاماژەمان بەوەدا کە بەناوقورئانیەکان لەنێو مووسوڵمانانداا سەریان هەڵداوە وەکو بەرگریکارێك لە ئیسلام بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانە درۆییانەی دەخرایە پاڵ ئیسلام، بۆیە زۆربەی زۆری ئەو گومانانەی دەخرانە پاڵ ئیسلام لەو سەردەمەدا لە بواری یاسادانان و تەشریعدابوو زیاتر لەوەی لە بواری بیروباوەڕدا بێت، ئەمەش بوە هۆکاری بۆ زۆری و هەمەجۆری بۆچوونە تەشریعیەکانیان.

بۆیە دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە بۆچونە تەشریعیەکانی بەناو قورئانیەکان زۆر زۆرن و ناتوانرێ سنوردار و باس بکرێن لە ماوەیەکی سنوردار و دیاریکراودا، لەوەش زیاتر ئەوەیە کە ئەوانەی لەم بارەیەوە تا ئێستە قسەیان کردووە خۆیان پەیوەست نەکردوە بەوەی کە هەموو بۆچونی بەناو قورئانیەکان باس بکەن لە بابەتێکی دیاریکراودا، جگە لە بابەتی نوێژ نەبێ کە خاوەنی کتێبی (تقابل الاربعة)[1] هەوڵیداوە بۆچونیان لەسەر نوێژ کۆبکاتەوە، هەرچەندە ئەویش زۆرێکی باس نەکردوە، جگە لەباسکردنی بۆچوونی عبدالله و حشمت علي و محمد رمضان و رفيع الدين نەبێ باسی بۆچوونی زۆرێکی تریانی نەکردوە کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەین.

(١) الخطيب نور كهرجاكهي

لەسەر ئەم بنەمایە نامەوێ جگە لە ئموونە هەڵبژێراو و دیارەکانی بۆچوونیان لە عیبادات و موعامەلاتدا باس بکەم و تەنها شەش بەشی سەرەکیم هەڵبژاردوە، لە بابەتی پەرستشەکان باس لە بۆچونیان بەرامبەر نوێژ و ڕۆژو و زەکات و لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنیشدا باس لە بۆچوونیان بۆ سنورە ئیسلامیەکان و فرەژنی و میرات دەکەین و هەریەکەیان بەپێی ئیسلامی ڕاست و دروست هەڵدەسەنگێنین پشت بەخوا:

یەکەم:
عیبادەت و پەرستشەکان

هەڵوێستیان بەرامبەر نوێژ:

خوای گەورە دەفەرموێت (وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ)[١] واتە (نوێژ بکەن و زەکات بدەن و ڕکوع بەرن لەگەڵ ڕکوع بەراندا.)

وە پەیامبەری خوا دەفەرموێ ﷺ: "بني الإسلام على خمس: شهادة أنْ لا إله إلا الله، وأن محمداً رسول الله، وإقام الصلاة، وإيتاء الزكاة، والحج، وصوم رمضان"[٢] واتە (ئیسلام لەسەر پێنج شت دامەزراوە، شایەتیدان بەوەی هیچ پەرستراوێك شایستە بە پەرستن نیە جگە لە خوا و محمدیش پەیامبەری خوایە، ئەنجامدانی نوێژ و بەخشینی زەکات و ئەنجامدانی حەج و ڕۆژوی ڕەمەزان).

موسوڵمانان لە پێشینەوە بۆ دوای خۆیان شێوازێکی ڕوون و ڕەوانی نوێژکردنیان گواستوەتەوە هەتا ئەمڕۆ هەر لەسەردەمی هاوەڵانەوە، ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە لە نوێژە دووانی و سیانی و چواریەکان هیچ جێگەی ڕاجیای نێوان موسوڵمانانداا نەبوە، کە بەپێی ویستی خوای گەورە و شێوەی ڕوونکردنەوەی پەیامبەری خوا ﷺ بە ووتە و کردەوە بوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە بەناو قورئانیەکان لەهیچ شتێکا بەقەد نوێژ ڕاجیای و دژیەکیان تێدا نەبوە و نیە هەر لە ژمارەی ڕکاتەکانیەوە بگرە هەتا دەگات بە سەلامدانەوەی نوێژ.

---

(١) سورة البقرة اية ٤٣

(٢) رواه البخاري بەرکی ١ لاپەڕە ٨.

بۆیە دەتوانین بۆچوونەکانیان بەپێی زیانیان بۆ نوێژ پۆلین بکەین بۆ چوار کۆمەڵ، کۆمەڵی عبدالله و کۆمەڵی احمد الدین و کۆمەڵی رفیع الدین و کۆمەڵی گشتگیرەکان (المجملین) کە هەر کۆمەڵێك ژمارە و شێوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەریەکە و بەشێك لە قورئان دەخوێنن، وە لێرەوە دەست دەکەین بە ئاماژەکردن بۆ ئەو شێوە و کردەوەیەی کەهەرکۆمەڵێك لە کاتی ئێستایا لەسەری دەڕۆن و ئەوەی لەماوەی دوو ساڵی پێشوودا لە هەندێکیانم بینیوە:

١- کۆمەڵی عبدالله:

جەگرەلەویەکان بە سێ قۆناغی جیادا بۆ لابردنی نوێژ تێپەڕین، قۆناغی عبدالله و قۆناغی جێگرەکەی حیشمت علی و قۆناغی دوای حیشمت هەتا ئێستا.

یەکەم کێشە کە ڕووبەڕوی عبدالله بویەوە لەدوای نکۆڵیکردنی لە سوونەت و فەرموودە، بریتی بوو لە بەدەستخستنی نوێژ بە هەموو وردەکاریەکان و ژمارەی ڕکاتەکانیەوە لە قورئانی پیرۆزدا، لەبەر ئەوە عبدالله تووشی سەرگەردانی و ناڕەحەتیەکی زۆر هات لەئەنجامدا قسەگەلێکی کرد کەلەیەك کاتدا جێگەی گریان و پێکەنین بوو لە دەرکردنی وردەکاریەکانی نوێژ لە قورئانی پیرۆزەوە.

جەگرەلەوی باوەڕی بە پێنج فەرزەکە هەبوو لە شەو و ڕۆژێکدا و ئەم ئایەتەی دەکردە بەڵگە: (وَأَقِمْ الصَّلَاةَ طَرَفَيْ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنْ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ.)[1]

(١) سورەتی هود ئایەتی ١١٤.

واتە: (نوێژەکانت ئەنجام بدە لەرۆژوو شەودا و چاکەکان بە دڵنیایەوە خراپەکانتان دەسڕێتەوە ئەمەش یادخستنەوەیەکە بۆ ئەوانەی یادی خوا دەکەن.)

لەکاتی کردنی ئەم ئایەتەدا بەبەڵگە دەڵێت: (ئەی بڕوادار دەست بگرە بەو نوێژانەی کە خوای گەورە ڕێنمونی کردووی بۆ ئەنجامدانی لە قورئاندا لە نێوان ماوەی ڕۆژ-بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر، وە دوو بەشی شەو – مەغریب و عیشا)[1]

وە عبدالله جەگرەلەوی باوەڕی بە ژمارەی ڕکاتەکان هەبوو لە دوانی و سیانی و چواری وەکو هەموو موسوڵمانان بە تەواوی و ئەم ئایەتەی دەکردە بەڵگە: (الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلائِكَةِ رُسُلاً أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ).

دەڵێت: (بیخوێنن ئەی خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی (الحمدلله) لە پێنج نوێژە فەرزەکاندا بۆ ڕازیکردنی خوای گەورە... ئەو خوایەی کە پەیامبەرانی خۆی دەنێرێ بۆ لاتان بە فریشتەکاندا کە نوێژەکانتان بۆ دێنن، کە پێك دێن لە شەش بنەما[2]، بۆ هەر بنەمایەك دەبێ دوو جار و هەندێ جار سێجار و چوار جار ئەنجام بدرێن بەپێی قورئانی پیرۆز.)[3]

هەروەها واجبە دەستنوێژ بگرین پێش نوێژەکان لەکاتی دەستکەوتنی ئاودا چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ)[4]

واتە (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەرکات هەستان بۆ ئەنجامدانی نوێژ، دەموو چاو و دەستتان بشۆن و....)

---

(١) پەرتوکی (برهان الفرقان) لاپەڕە٩٢.

(٢) شەش بنەماکە بریتین لە وەستان و رکوع و هەستانەوە و سوجدە بردن و دانیشتنی نێوان سوجدەکان و دانیشتنی کۆتای. سەیری پەرتوکی (ترجمة القران بەشی چوارەم لاپەڕە ٦٥، وە بنەمای کۆتای نازانرێ..

(٣) پەرتوکی (ترجمة القران) بەرگی ٤ لاپەڕە ٦٣ و بەرگی ٥ لاپەڕە ٧٦ و ٨٣.

(٤) سورەتی المائدە ئایەتی ٦.

وە جائیز و ڕەوا نیە مەسحی سەر گۆرەوی و هاوشێوەکانی بکەین لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز فەرمانی کردووە بە شۆردنی هەردوو قاچ (قاچەکانتان هەتا قاپەڕەقە). شۆردن لای ئەو فەرزە و ئەگەر کەسەکە نەعلی لەپێبێت یاخود پێی پەتی بێ و دەڵێت (هەموو ئەو فەرمودانەی لەسەر مەسح کردنی قاچ هاتوون هەمویان باتڵن و هیچ بنەمایەکیان نیە و بۆ پەیامبەر ﷺ نیە و نەبوە کە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بکات)[١] وە وای نابینێ کە دەستنوێژ بشکێت بە دەسبەرکەوتن بە عەورەت و دەرچوونی خوێن و هاوشێوەکانی و هەموو ئەوانەی کە دەدرێتە پاڵ پەیامبەر ﷺ لەسەر بەتاڵبوونەوەی دەستنوێژ بە درۆ و بووهتانی دەزانی[٢] و وە بانگیش بە مەرجی نوێژ نابینێ چونکە قورئان هیچ ئاماژەیەك و فەرمانێکی بەبانگدان نەکردوە و ئاگادارکردنەوەی دروست لەلای ئەو بۆ نوێژ تەنها چوونە ناو کاتی نوێژەکەیە نەك بانگدان. [٣]

وە بۆچۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژ لەلای عبدالله واجبە ڕووبکەیتە قیبلە و دەبێ دەستەکان هەتا لای گوێیەکان بەرزبکرێنەوە لەکاتی (الله أکبر) کردنەکانی نێو نوێژەکاندا لەبەر ئەوەی بە بەشێك لەچۆنیەتی نوێژی دەزانێ و ئاماژەیەکیشن بۆ دانپێدانان بە تاوان و هەڵەکردن[٤]، وە هەروەها وایدەبینی کە دەبێ دەستی ڕاست

(١) پەرتوکی (ترجمة القران) بەرگی ٥ لاپەڕە ٢١، و (برهان الفرقان) لاپەڕە ٦٣.
(٢) پەرتوکی (برهان القران) لاپەڕە ٦٢.
(٣) پەرتوکی (ترجمة القران) بەرگی ٤ لاپەڕە ٧١، و (برهان الفرقان) لاپەڕە ١٣٦.
(٤) پەرتوکی (برهان الفرقان) لەپەڕە ٣٠٦

بخرێتە سەر دەستی چەپ و و لەسەر دڵ دابنرێ لەکاتی هەستاندا چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ)[١]

(واتە دەستەکانت بخەرە سەر دڵت بە ملکەچی و خشوعەوە لەبەردەم خوای گەورەدا.)

وە عبدالله لەپێش دانان و پلەبەندی شوێنەکانی بەسەر یەکتریدا بەڕاست نەدەزانی و بەڵکو ئەوەی کە لە پەیامبەرەوە ﷺ گێڕراونەتەوە لەو بارەیەوە بە درۆی دەزانی سەبارەت بە لە پێش بوون و باشتر بوونی مزگەوتی مەککە و مەدینە و قودس بۆ ئەنجامدانی نوێژ چونکە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەم پلە بەندیە نەکردوە.[٢]

وە سەبارەت بەوەی دەخوێنرێ لە نوێژدا بەهەموو شێوەیەك جیاوازبوو لەوەی موسوڵمانان لە نوێژەکانیاندا دەیخوێنن جگە لە خوێندنی سورەتی فاتیحە و ئەو بەشەی قورئان کەلەدوای فاتیحە دەخوێنرێت، لەبری (الله أكبر) ی سەرەتای نوێژ[٣]ئایەتی (وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ.)[٤]واتە (خوای گەورە بەرز و گەورەیە.) دەخوێند و سەلامدانەوەشی[٥] بریتی بوو لە ئایەتی (سَلامٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ)[٦] واتە: (سەلامتان لێبێ خوای گەورە ڕەحم و سۆز و بەزەیی لەسەر خۆی نوسیویەتی و واجبی کردوە). چونکە وای دەبینی جایز و ڕێپێدراو نیە جگە لە قورئانی پیرۆز بخوێنرێ لە ناو نوێژدا.

---

(١) سورەتی القصص ئایەتی ٣٢.

(٢) برهان الفرقان لەپەڕە ١٤٣.

(٣) برهان الفرقان لەپەڕە ١٢٨.

(٤) سورەتی الحج ئایەتی ٦٢.

(٥) برهان الفرقان لەپەڕە ١٤٢.

(٦) سورەتی الانعام ئایەتی ٥٤.

هەموو ئەمانە کورتەی تێڕوانینەکانی عبدالله بوو بۆ نوێژە فەرزەکان و پێداویستیەکانی. سەبارەت بە تەواوی نوێژەکانی تری وەك نوێژی تەروایح و نوێژی مردوو، دەڵێت: (نوێژی تەروایح بیدعە و گومڕاییەکە کە دەتبات بەرەو ئاگری دۆزەخ) [١]. وە هەستا بەدانانی کتیبێك بۆ باسکردنی تێڕوانینی بۆ نوێژی تەروایح بەناوی (البیان الصریح لاثبات کراهة التراویح) واتە (ڕوونکرنەوەیەی ئاشکرا سەبارەت بە خراپی نوێژی تەراویح).

وە سەبارەت بە نوێژی مردوو دەڵێت هیچ شێوەیەکی تایبەت و دیاریکراوی نیە و بەڵکو ئەوەی واجبە پارانەوەیە بە پارانەوە قورئانیەکان و پێویستی بە وەستان و ڕوکردنە قیبلە و دەستنوێژ نیە و بەڵکو هیچ لێکچونێك نیە لەنێوان نوێژی جەنازە و نوێژە فەرزەکاندا.)[٢]

بەم شێوەیە چۆنیەتی نوێژ لای عبدالله و شوێنکەوتوانی بەردەوامبو کە لەشیوەی دەرەوەیدا لە نوێژی موسوڵمانان دەچوو لە جووڵە و وەستانەکاندا جگەلەوەی کەتیایدا دەخوێنرا، ئەمەش وای کرد لە هەندێ لە زانایان کە گفتوگۆی لەگەڵ بکەن لەسەر ئەوەی کە لە قورئاندا دەخوێنرێت لە نوێژدا، وە مولانا شیخ ثناء الله و محمد حسین بەڕێوەبەری گۆڤاری (اشاعة السنة) وەڵامی دایەوە لە بابەتی (الله اکبر)ی سەرەتادا و پێشنیاریان بۆی کرد کە ئایەتەکە بگۆڕێت بە ئایەتی (و لذکر الله أکبر) [٣] واتە (وە یادی خوای گەورە بکەن).

---

(١) اشاعه السنة بەرگی ١٩ لاپەڕە ٢٩٣ ساڵی ١٩٠٢ نوسینی عبدالله.

(٢) برهان الفرقان لاپەڕە ٤٠٦.

(٣) سورەتی العنکبوت ئایەتی ٤٥.

هەروەك چۆن شێخ پرسیاری کرد لە دامەزرێنەری بەناو قورئانیەکان (ئایا زیکرەکانت لە نوێژدا لەسەر بەڵگەی قورئانی بنیات نراوە یاخود بۆچوونێکی ئیجتیهادیە؟ وە ئایا بۆ جگە لە جەگرەلەوی هەیە کە زیکرێك هەڵبژێرێت جگە لەوەی ئەو هەڵیبژاردووە یان ئایا دەتوانرێ زیکری ڕکوع لە شوێنی زیکری هەستان و سوژدەدا دابنرێ و بخوێنرێ وە بەپێچەوانەوە؟)[1].

لەسەر ئەم شێوەیەی نوێژ کۆمەڵەی (اهل الذکر و القران) بەردەوام بوون هەتا ساڵی ١٩١٦ی زاینی، لەو کاتەدا و نامیلکەی (صلاة القران)ی حیشمت عەلی چاپکرا کە دەبوایە کورتەی کتێبەکەی عبدالله بووبێ (برهان القران).

حافظ عنایة الله وزیر ئابادی ڕەخنەی گرتوە لێی لە کتێبی (احسن البیان)ی کە بەپێی مەنهەج و ڕێبازی خۆی بەرپەرچی داوەتەوە بەبەڵگەوە و دەڵێت: (ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ کە قورئان ئاماژەی پێکردووە لە سێ نوێژ تێناپەڕێ، بەیانی و نیوەڕۆ و عیشا، وە ئەنجامدانی هەریەکێ لەو نوێژانە پێویست ناکات ئەنجامدەری نوێژ ڕووبکاتە قیبلە و بەپێوە دەوەستێ و بەدەنگێکی مامناوەند قورئان دەخوێنێت و پاشان کرنووش دەبات و پاشان سوژدە دەبات لەسەر زەوی و کەسەری بەرزکردەوە لە سوژدە سەلامدەداتەوە و نوێژەکەی تەواو دەبێ.)

ئەم کتێبەی عنایت الله لێدانێکی پشتشکێن بوو لە کۆمەڵەی جەگرەلەویەکان، کەوای لێیان کرد چاوپیاخشاندنەوەیەك بکەن بە بۆچوونیان بۆ نوێژ و پێکهاتەکانی و لەئەنجامدا یەکێك لە قوتابیەکانی عبدالله کە ناوی محمد رمضان بوو هەستا بە

---

(١) سەیری پەرتوکی ثناء الله، پنائی ترجمه لاپەرە ٤٩٦ بکە.

(٣) پەرتوکی (احسن البیان) عنایت الله وزیر ابادی لاپەرە ٣٠-٣١.

(٤) پەرتوکی (صلاة القران) لەپەرە ٣٢-٣٥.

دانانی کتێبێ بەناوی (صلاة القران کما علم الرحمن) لەساڵی ١٩٢٢ و هەندێ لە بۆچوونەکانی عبدالله ی گۆڕی و ڕاستکردەوە بۆ کۆمەڵەی (اهل الذکر واقران) :

١ . فەرزەکان سیانن و ئەنجامدانی عەسر و مەغریب شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزوە . (١)

٢ . وەهەموو نوێژێ دوو ڕکاتە و زیاد لەو دوو ڕکاتە زیادەی مرۆڤ خۆیەتی . (٢)

٣ . دەستکردن بەنوێژ بریتیە لە ئایەتی (ان الله کان علیا کبیرا)

٤ . هەستانەوە لە کڕنووش پێچەوانەی فێرکاریەکانی قورئانە و واجبە ڕاستەو خۆ لە کڕنووشەوە بڕۆی بۆ سووژدە بێهەستانەوە .

٥ . بۆ هەر ڕکاتێ یەک سوژدەی تیایە نەک زیاتر .

٦ . لەکاتی تەواوبوونی زیکرەکانی سووژدە نوێژ تەواو دەبێت .

پێویستە ئاماژەبەوە بکەین کە ئەوەی (محمد رمضان) وێنەی کردووە بۆ چۆنیەتی نوێژ کۆمەڵەی (بلاغ القران) لەم سەردەمەی ئێستەدا بە پڕاوپڕی و بێکەموکوڕی ئەنجامی دەدەن کە سێ فەرزە و هەر فەرزەی دوو ڕکات و بەو شێوانەی پێشوو کە باسمان کرد و وە هەر ئەم کۆمەڵەیە هەستان بە چاپکردنەوەی کتێبەکەی محمد رمضان بە بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی بکەن بەڵکوو ناوەکەشیان گۆڕی بۆ (بقراني صلاة) ، هەروەک چۆن هەستان بە چاپکردنی کتێبێ تر بەناوی (الصلاة) کە کتێبێکی زۆر چڕو پڕ تر بوو لە کتێبەکی محمد رمضان بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاواز نەبوو، وە تیایدا باسی نوێژی جەنازەش کرا وەک نوێژێکی فەرز- بەڵای ئەوانەوە-

(١) (الصلاة القران)لاپەڕە ٣٥ .

(٢) (الصلاة القران)لاپەرە ٣٢ .

بە پێی مەرج و شێوەی خۆی جگە لە بوونی ڕکوع و سجود تیایدا و کەمکردنەوەی ئەو ئایەتانەی کە لە فەرزەکانی تردا دەیان خوێند .

ئائەمە ئەو شێوەیە بوو کە خۆم –نووسەر– بینیم لە بنکەکەیان لە لاهور، کاتێك ئیمامەکەیان لەنێویاندا دەوەستا نەك لە پێشیانەوە و پاشان دەستی دەکرد بە قورئان خوێندن بە ئایەتی (وقل رب أدخلني مدخل صدق) .

پاشان لەبری الله اکبری سەرەتا ئایەتی (ان الله کان علیا کبیرا) دەخوێند و پاشان لەو بیست و پێنج ئایەتەی کە محمد رمضان لە کتێبەکەیدا لە سورەتە جیاوازەکان بۆی دیاری کردبوون چەند ئایەتێکی دەخوێند و پاشان بەهەمان ئایەتی سەرەتای نوێژ دەچووە کرنووش و لە کرنووشدا سێ ئایەتی دەخوێند و و پاشان بەبێ هەستانەوە لە کرنووش دەچووە سوژدە و لە سوژدەدا پێنج ئایەتی جیاوای دەخوێند و بەم شێوەیە ڕکاتی یەکەم تەواو دەبوو پاشان هەمان شێوە ڕکاتی دووەمی دەکرد و دوای سوژدەش یەکسەر نوێژەکەیان تەواو دەبوو .

وە ئەوەی زۆر جێگەی تێڕامان بوو کە نوێژی ئیمامەکەیان هەمووی بەشێوەی دەنگی بەرز بوو هەر لە هەستانەوە و کرنووش و سوژدەدا بەهیچ شێوەیە هیچ شتێکیان بە نهێنی نەدەخوێند و هەر کەسیش بیەوێ ئایەتەکانی نوێژ بزانێ لای ئەم کۆمەڵەیە دەبێ کتێبەکانی (قراني صلاة) یان (الصلاة) یان (صلاة القران کما علم الرحمن) بخوێنێتەوە .

٢- کۆمەڵی أحمد الدین :

بەداخەوە هیچ دەقێکی قسەبڕم دەست نەکەوتوەکە هەڵوێستی أحمد الدین ڕوون بکاتەوە بەڕوونی سەبارەت بە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژە فەرزەکان لەکاتێکدا

ئەوانەی کە بابەتەکانیان گواستوەتەوە لە بەشی یەکەمی تەفسیرەکەی(بیان للناس)[١] بەبێ هیچ دوو دڵیەك دەڵێن خەواجە تەنها دانی بە دوو نوێژی فەرزدا ناوە، خاوەنی کتێبی (قران سی قران تك) کە پوختەی تەفسیرەکەی خەواجەیە – لەم بارەوە دەڵێت: (خواجە بیست و چوار ئایەتی لەم بارەوە کۆ کردوەتەوە کە پێنج ئایەتیان ئاماژەن بۆ سێ نوێژ کە ئاراستەی کەسێك بە تەنها کراون، وە دوازدە ئایەت بەشێوەی کۆ هاتوون کە ئاماژەن بۆ فەرز بوونی دوو نوێژ نەك زیاتر، وە خەواجە ئەو پێنج ئایەتەی تایبەتکردوە بە خاوەن پەیامەکەوە محمد ﷺ کە نوێژی سێیەم لەسەر سوونەت بوە و چاولێکردنی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵی موسوڵمانانەوە کارێکی باش و سونەتە بەڵام فەرز و واجب نیە.)[٢]

هەروەها گۆڤاری (بلاغ) هەڵوێستی خەواجەیان لە تەفسیرەکەی کورتکردەوە سەبارەت بە نوێژ پێش مردنی بەم شێوەیە: (تەنها دوو کاتی نوێژمان هەیە بەیانیان و عیشا و هەرچی نوێژێ تر جگە لەم دوانە نابێ کەس هەستێت بە ئەنجامدانیان.)[٣] هەروەك چۆن شێخ ثناء الله بەڕونی ئاماژەی بەوەکردوە کە خەواجە دانی بە زیاتر لە دوو نوێژدا نەناوە لە شەو و ڕۆژێکدا. [٤]

وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئاماژانەدا دەتوانم بەدڵنیایەوە بڵێم کە خەواجە تەنها دانی بە دوو نوێژی فەرزدا ناوە.

---

(١) هەوڵمدا ئەو بەشی تەفسیرەی بەدەست بێنم بەڵام نەمتوانی دەستی بخەم. (نوسەر)

(٢) محمد حسین عرشی لاپەرە ٢٩٦.

(٣) لاپەرە ٧٧ ی ژمارەی مانگی چواری ١٩٣٦.

(٤) پەرتوکی (حجیت حدیث و اتباع رسول) لاپەرە ١٠.

وە سەبارەت بە ژمارەی ڕکاتەکانی ئەم دوو کاتە خەواجە بە هیچ شتێك پەیوەستی نەکردووە و بەڵکو لەچەندین جێگە بینیمان کە بەئاشکرا دەڵێت: (هەرکەس چوار ڕکات بکات پێکاویەتی و هەرکەسیش یەك ڕکات بکات بە خشوعەوە بەهەمان شێوە پێکاویەتی. بۆیە نوێژەکانتان بکەن لەگەڵ هەمو خەڵکی)[1].

وە سەبارەت بەوەی کە دەخوێنرێ لە نوێژدا زۆر گرنگ نەبوە بەلایەوە هەربۆیە هیچ ڕێگریەکی نەبینی لە نوێژەکەیدا لەگەڵ عبدالله جەگرەلەوی کە بەشێوەی تایبەت بە خۆی ئەنجامیدا لەیەکێك لەسەردانەکانیدا بۆ لای.

وەلەوەش زیاتر خەواجە ڕووکردنە قیبلەی لەنوێژدا بە شتێکی واجب نەدەزانی و بەڵکو بەلایەوە جایز و ڕێپێدراوبوو ڕوو بکەیتە خۆرهەڵات و خۆر ئاوا چونکە نوێژ گفتوگۆیە لەگەڵ خوادا و پێویستی بە ڕووگە و ئاراستە نیە.[2]

بەم شێوەیە خوێنکارەکانی خەواجە ڕاجیابوون دوای مردنی سەبارەت بە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ و بوون بە دوو بەشەوە:

١ـ بەشێکیان لەسەر پەیمانی شێخەکەی مایەوە وەك عبدالله أختر[3] کە دانی بە دوو نوێژدا نابوو و نوێژی هەینی بۆ زیادکر لەهەموو هەفتەیەکدا.

٢ـ کۆمەڵێك کە لایاندا و ژمارەی نوێژەکان لایان بریتی بوو لە سێ نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا وەك سید مقبول احمد، کەوای دەبینی نوێژی نیوەڕۆ و مەغریب لە

---

(١) پەتوکی (تفسیر بیان للناس) بەرگی ٢ لاپەڕە ٧٢٩.

(٢) پەتوکی (تفسیر بیان للناس) بەرگی ٢ لاپەڕە ٧١٠ و ٧٢٠ و ٧٤٠.

(٣) یەکێك بوو لە خوێندکارە دیارەکانی خواجە و یەکێك بوو لەوانەی کە سەرپەرشتی گۆڤاری البیان یان پێ سپارد و یەکێك بوو لەوانەی زۆرترین نووسینی هەبوو سەبارەت بە بۆچوونەکان (أمة مسلمة) خاوەنی کۆمەڵێك پەرتوکی زۆرە لەوانە (بیدل) (اصول فقه الاسلامی) (مذاهب الاسلامیة) (خلافت الاسلامیة) (علم التصوف) (اسلام مین حریت مساوت) (اسلام أور حقوق أنساني) لەکۆتایی شەیتەکان لە لاهوور مرد.

ئەنجامی پێشخستن و دواخستنەوە (التقديم و التاخير) دروستبونە.[١] وە ئەوەی فەرز و واجبە لە نوێژەکان بریتین لە نوێژی بەیانی و عەسر و عیشا.

وە سەبارەت بە ژمارەی ڕکاتەکانی بەهەمان شێوەی موسوڵمانان قسەی کردووە بە دوو ڕکاتی و چوار ڕکاتی. هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەنجامدانی پێنج نوێژەکە فەرزکراوە لەسەر موسوڵمانان لەسەردەمی دانان و دروستکردنی فەرمودەی میعراجەوە لەسەردەمی حەوتی کۆچی[٢]، وە چۆنیەتی نوێژەکەی پەیوەست نەکردبوو بە شێوازێکی تایبەتەوە[٣] و بەڵکو وای دەبینی کەنوێژ بکرێ هەرکەس بەو شێوەیەی پێی خۆش و جوانە.

وە لەم سەردەمەی دوایدا ئەوانەی کە خۆیان بە لایەنگری خەواجە (امت مسلمە) دەزانی پێنج فەرزەکەیان ئەنجام دەدا، کە زۆر لە شێوەی نوێژی مەزهەب حەنەفیەکان دەچوو و کۆمەڵەی بەلاغی قورئان تۆمەتباریان دەکردن بەوەی کە لایانداوەتەوە بەلای حەنەفیەکاندا و ئەوەشی کە زۆر دڵنیام لەوبارەوە ئەوەیە کە چەندین جار بینیومن کە نوێژیان ئەنجامدەدا لەکاتی سەردانەکەم بۆ لاهور و نەمبینی هیچ جیاوازیەك هەبێ لەنێوان نوێژەکەیان و نوێژی موسوڵمانانداا لە شێوازی دەرەوەیدا.

---

(١) (مطالعة الحديث) لاپەڕە ١٤٩.

(٢) پەرتوکی (مظاهرة القران) مقبول احمد لاپەڕە ١٣٤.

(٣) پەرتوکی (مطاعة الحديث) لاپەڕە ١٥٥.

٣- کۆمەڵەی رفیع الدین[١]:

ئەم کۆمەڵەیە سید رفیع الدین الملتانی کە یەکێك بوو لەوانەی لایەنگری (ال بیت)ی دەکرد ڕابەرایەتی دەکردن. کە هەڵوێستێکی ناوەندی هەبوو لە ژمارەی نوێژەکان لەنێوان ئەوانەی کە بە پێنج نوێژ و ئەوانەی بە دوو نوێژیان دەزانی و وتی: (ژمارەی نوێژی داواکراو بریتیە لە چوار نوێژ کە بریتین لە نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و شەو نوێژ و مەغریب.)[٢]

وە ئەوەی ڕاست و دادپەروەری بێت لە نوێژی شەو نوێژ و بەیانیدا ڕووبکرێتە خۆرهەڵات و لە نوێژی نیوەڕۆ و مەغریبدا ڕووبکرێتە خۆرئاوا[٣]لەبەر وتەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿لِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ﴾[٤] واتە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا موڵکی خوایە).

وە هۆکاری نکۆڵیکردنی بۆ نوێژی عەسر بنیات ناوە لەسەر ئایەتی: ﴿وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾[٥]. واتە (ئێمە هەموو شتێکمان بە جووت دروستکردوە.) کە ئاماژەی بەوە کردووە (نوێژی بەیانی هاو جووتی(دوانە)ی

---

(١) ناوی سید محمد رفیع الدین الملتانی یە و لەسەردەمی محمد رمچان و حشمت عەلیدا ژیاوە بەبێ ئەوەی پەیوەندیان پێوە بکات. هاتووچۆی زۆرێ لە زانایانی سەردەمی چلەکانی کردووە و کۆمەڵێ بەرهەمی هەیە لەوانە: (الصلاة لله و الصیام للرحمن) و (خاتم النبیین)

(٢) (الصلاة لله و الصیام للرحمن...) سید رفیع الدین لاپەڕە ١٣

(٣) (خاتم النبیین) سید رفیع الدین لاپەڕە ١١٩ و (الصلاه لله) لاپەڕە ١٤.

(٤) سورەتی البقرة ئایەتی ١١٥.

(٥) سورەتی الذاریات ئایەتی ٤٩.

عیشایە و نیوەڕۆ و مەغریبیش دوانەی یەکن و عەسر خۆی بەتەنهایە و هاوجووتی نیە .[١]

وە سید وای دەبینی کە هەموو نوێژێ دوو ڕکاتە و لەیەکەم ڕکاتدا سێ سووجدە و لە دووەم ڕکاتدا چوار سوجدە دەبرێت[٢] ، وە واجبە کاتی نوێژەکان دابەش بکرێ بە یەکسانی لەنێوان هەموو نوێژێ لەگەڵ نوێژە هاوجووتەکەی(دوانە) لەماوەی شەو و ڕۆژدا .[٣]

وە بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەستی دەکرد بە نوێژ و بە ئایەتی : ﴿ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ﴾[٤]. سەلامی دەدایەوە وای نەدەبینی کە پێویست بە دەستدان لەگوێ هەبێ و پێویست بکات دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ دابنرێ لەسەر سنگ لە نوێژدا[٥] ، وە جایز و ڕێپێدراو نیە جگە لە قورئان بخوێنرێ لە نوێژدا و دیاریکردنێکی تایبەتی هەبوو بۆ ئایەتەکانی نوێژ ، هەرکەس دەیەوێ زیاتر بەدواداچوون بکات لەو بارەوە با سەیری هەردوو کتێبی (الصلاة لله و الصيام للرحمن) و (الصلاة للرحمن جاء في القران) بکات .

وەئەوەی گرنگە بووترێت کە ئەم کۆمەڵەیە لەناوچوون و چۆنیەتی نوێژەکەشیان لەگەڵیان لەناوچوو و هیچ کاریگەریەکیان لەبەر چاو نەما و تەنها لەنێو لاپەڕەکانی میژوودا باس دەکرێن بەبێ بوونی هیچ شوینەوارێکیان لە سەردەمی ئێستادا .

---

(١) (خاتم النبيين) لاپەڕە ١٢١ .

(٢) (الصلاة لله) لاپەڕە ١٤ و ١٨ .

(٣) (خاتم النبيين) لەپەڕە ١٢٠ .

(٤) سورەتی الانعام ئایەتی ٥٤ .

(٥) (الصلاه لله) لاپەڕە ٢١ .

٤- کۆمەڵەی گشتگیرەکان (المجملين):

ئەم کۆمەڵەیە زۆربەی ژمارەی پیاوانی نێو بزوتنەوە قورئانیەکانی لەخۆگرتوە وەك محب الحق و پەرویز و هاوشێوەکانیان لە بەناو قورئانیەکان.

وە ئەگەر بمانەوێ هەڵوێستی محب الحق بزانین سەبارەت بە نوێژ دەبینین کە لەژێر ڕیزی موسوڵمانان دەرنەچوە سەبارەت بەم پایەیەی ئیسلام و دەڵێت: (نوێژەکان پێنجن و کارێکی تەواتوری پشتاوپشتن لەلای هەموو گروپە ئیسلامیەکان و هەموو موسوڵمانان بە درێژای چواردە سەدە ئەنجامیان داوە.)[1]

بەبێ ئاماژەکردن بۆ چۆنیەتی و ژمارەی ڕکاتەکانی.....هتد، هەرچەندە ئەو دەقەی پێشوو ئاماژەن بۆئەوەی کە ڕاجیا نەبوە لە موسوڵمانان لە هیچ شتێکدا بۆ ئەنجامدانی دووەم پایەی ئیسلام، هەربۆیە محب الحق ناسراو و کاریگەر نەبوە لە گۆڕەپانی بەناو قورئانیەکاندا لەبەر نەبوونی جیاوازی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا لە زۆربەی بابەتەکانی ئیسلام هەرچەندە نکۆڵی بوونی بەبەڵگەبونی سونەتی دەکرد لە دیندا و وای دەبینی ئەم کارانە بە قورئان و تەواتوری کرداری جێگیر و دامەزراوە لەلای موسوڵمانان.

بەڵام سەبارەت بە پەرویز وای دەبینی کە (نوێژ ووشەیەکی کۆکراوەیە قورئانی پیرۆز بەکاری هێناوە کەمانای شوێنکەوتنی یاساکانی خوایە ومەبەست لێی بەجێگەیاندنی واجباتەکانە بە ووردی.....، وە دەرئەنجامە دیار و هەست پێکراوەکەی ئەم شوێنکەوتنە بریتیە لەو نوێژە زانراوە.)[2]

---

(١) (بلاغ القران) لاپەڕە ١٢٤

(٢) (تبويب القران) بةرطي ٢ لاپەڕە ٩٥٦.

وە هەروەها وای دەبینی کە لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتوە کە پەیامبەری خوا نوێژی کردبێ ڕوە و مزگەوتی قودس و پاشان گۆڕیبێتی بۆ مەککە، بەڵکو قورئان بە ئاشکرا ئاماژەی نەکردوە بۆ ڕووکردنە کەعبە لە نوێژەکاندا، هەرچەندە دەستگرتنی ئومەت بە ڕووکردنە مەککە وای کردووە کە قورئانی پیرۆز بەو شیوەیە ڕاڤە بکرێ بۆ یەکڕیزی موسوڵمانان.)[1]

وە پەرۆیز ئاماژەی کردووە بەوەی کە نوێژەکانی وەك هەر تاکێکە کە خۆی بە شوێنکەوتە و لایەنگری پێشەوا ئەبو حەنیفە دەزانێ.[2]

ئەوەی گرنگ بێ لە بۆچوونی پەرۆیز ئاماژەی پێ بکەین دەڵێت: (حکومەتی قورئانی ڕێگەیدراوە بۆ دەستکاریکردن و گۆڕینی ئەو ووردەکاریانەی نوێژ کە قورئانی پیرۆز دیاری نەکردوون.)[3]

ئەمە نوێژبوو لای بەناو قورئانیەکان و ئەگەر بمانەوێت وەسفی بکەین ووتەکانمان لەوە تێناپەڕێت کە بڵێین: (نوێژ پرۆژەیەکە قابیلی کەم و زیاد کرنەوە، هەموو ئەتوانێ بۆچوونی خۆی پێشنیار بکات بۆ ئەوەی شێوازی نوێژ بگۆڕێت و دواتریش لە جێبەجێ کردنی واقیعیدا کاری پێ بکرێت، هیچ گومانی تێدانیە کە ئەمەش دەرەنجامی نکۆڵیکردنی سوننەت و دانپێدانەنانی سوننەتە لە شەریعەتی خودای میهرەباندا، وەپێشینیان بۆ ئەم بیرۆکەیە خەواریجەکانی کۆن و قورئانیەکانی پێشووبون، ئیمامی شافیعی لە پەرتوکی (جماع العلم) لە کاتی گفتوگۆی لەگەڵیاندا ئەم وتەیانی داوەتە پاڵ، و دەفەرموێ: (هەرکەس شتێك بکات هەرئەوەندە پێی

(١) (تبویب القران) بەرگی ٢ لاپەرە ٦٠٥

(٢) (قرانی فیصلی) بەرگی ٢ لاپەرە ١٨

(٣) (قرانی فیصلی) بەرگی ١ لاپەرە ١٠

بوترێ نوێژ، یان شتێك ببەخشێت هەر ئەوەندە پێی بوترێ زەکات، ئەوە ئەرکی ئاینی لەسەر کەوتووە، هیچ کاتێکی دیاریکراوی نیە، ئەگەر تەنانەت تەنها دوو ڕکات بکات لە ڕۆژێکدا، یان وتبووی لە هەموو ڕۆژگاریدا ئەو نوێژەی بەسە، مادام لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە ناتوانرێ بکرێتە فەرز بەسەر کەسەوە)[1].

هەروەها ئیمامی ابن حزم وتەکەیەك لە اسماعیل البطیحي و هاوەڵانی لە خەوارج دەگێڕێتەوە کە وتویانە: (هیچ نوێژێکی واجب بونی نیە جگەلە یەك ڕکات لە بەیانیان و یەك ڕکات لە ئێواران)[2].

کەواتە بەناوقورئانیەکان خەوارجەکان سەلەفیانن لەم بۆچونەدا، ئیمامی المطلبي یەکێکی ترە لەوانەی گفتوگۆی لەگەڵ کردوون، بەڵام گفتوگۆکەی ئیمامی شافیعی چەسپاو ترە، کە ئەویش بریتی بوو لەوەی ئەمانە هیچ بە بەڵگە دانانێن جگە لە قورئان.

ئەگەر بە وردی تاماشای وردەکاریەکانی نوێژ بکەن کە ئەمان ئاماژەیان بۆی کردووە، یاخود پێویستیەکانی نوێژ، یان ئەو ئایەتانەی کە کردویانە بە بەڵگە، بۆمان دەردەکەوێ کە قسەکانیان هیچ پەیوەندی بە سیاقی ئایەت و ناوەرۆکی ئایەتەکانەوە نیە کە دەیکەن بەبەڵگە، جابۆیە ناچینە نێو وەڵامدانەوەی ئەم وردەکارییانەوە و بەناو بەڵگە نالۆژیکیەکانیان، مەگەر بە خستنەڕووی دوو نمونە نەبێت، ئەمەش لەبەر بێ بەهایی بۆچونەکانیان لەلایەك و گەوجی و بێئاگایی خاوەن بۆچونەکە لەلایەکی ترەوە. چونکە بەناولێکۆڵەری قورئانی سەرەتا

(١) کتێبی (جماع العلم) کە لەگەڵ کتێبی (الام). بەرگی ٧ لاپەرە ٢٧٥.

(٢) (الفصل) لاپەرەی ١٨٩.

بڕیاردەدات و دواتر بە دوای ئایەتێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگە بۆ بڕیارەکەی، بۆیە قسەکانیان بە وتەیەکی پتەوی دامەزراو دانانرێت، هەربۆیە خوێنەر بۆ وەڵامدانەوەی گومانەکانیان تەنها بۆ سیاقی ئایەتەکان دەبینێ کە بابەتەکە زۆر ڕونە و تەنانەت قسەکانیان لەگەڵ ئەوانەشدا نایەتەوە کە دەڵێن (تەنها قورئانمان) بەسە، بەبێ هیچ ماندوبون و بیرکردنەوەیەك.

- نمونەی یەکەم:

دەرکردن و دەرخستنی ڕکاتەکانی نوێژ لە ووتەی پەروەردگار: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾ (فاطر: ١). و کردنە بەڵگەی (مثني و ثلاث و رباع) بۆ ڕکاتەکانی نوێژ کارێکە جێگەی ڕازیبوونی عەقڵ و ژیری نیە چونکە ئایەتەکە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە نوێژەوە نیە و بەڵکو باس لە دروستکراوەکانی خوا دەکات لە فریشتەکان کە خاوەن دوو یان سێ یان چوار باڵن و پێشخستنی ووشەی (الاجنحة) لەپێش ووشەکانی (مثني و ثلاث و رباع) حوکم و بریارێکی یەکلاکەرەوە و ڕوونە چونکە ووتەکە سەبارەت بە فریشتەکانە نەك نوێژ، وە سەبارەت بەبونی (الحمدلله) لەسەرتای ئایەتەکەوە و کردنی بەبەڵگە و قەرینەیەك بۆ نوێژ وەك کردنە بەڵگەی (زي) لە ووشەی (زیتون)دا بۆ بەڵگەی زید لە نەوەکانی ئادەم لەبەر بوونی (زي) لە هەردووکیاندا، ئایا ئەم وتەیە لەلایەن کەسێکی ژیرەوە دەوترێت؟ ئا ئەمەیە ئەو ئافات و سەرگەردانیەی کە خوای گەورە بەبۆنەی بێ ئەقڵی خۆیانەوە تووشی کردوون.

- نمونەی دووەم:

کردنە بەڵگەی دەستی ڕاست خستنە سەر دەستی چەپ لەسەر سنگ لەنوێژدا بە وتەی پەروەردگار کەدەفەرموێ: (وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ) کە بەڵگەبێت لەسەر ئەو شێوە زانراوەی ناو نوێژ. دەڵێین ئەم بەشەی ئایەتەکە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە نوێژەوە بەڵکو بەشێکە لەو ووتەیەی حوای گەورە کە گفتوگۆی لەگەڵ پەیامبەری خوا موسادا (علیه سلام) کردووە: ﴿اسْلُكْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ فَذَانِكَ بُرْهَانَانِ مِنْ رَبِّكَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾ (القصص: ٣٢). دەستت بخەرە ناو باخەڵ (و ژێر باڵت) (کاتێ دەری دێنی) دێتە دەرەوە بەسپێتی و تیشك دەداتەوە بێ ئەوەی بەڵەکی و نەخۆشی بێت دەستت بلکێنە بەخۆتەوە (و بیخەرە سەر دڵت) بۆ (نەهێشتنی) ترس و بیم ئا ئەم دووانە (گۆچانەکەت و دەستت) دوو موعجیزەن لەلایەن پەروەردگارتەوە (نێرراوە) بۆ فیرعەون و دارو دەستەکەی بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵێکی لە سنوور دەرچوونە (وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ) یەکێك بوو لەو بەڵگە و موعجیزانەی خوای گەورە بەخشیبووی بە موسا، کەیەکێکیان گۆڕینی گۆچانەکەی بوو بۆ مارو ئەوی تر بریتی بوو لە خستنە دەستی بۆ ناو گیرفانی بۆئەوەی کە دەری هێنا سپی بێ و بدرەوشێتەوە بێئەوەی نەخۆشی و بەڵکی بێت دەستی، کە ئەم دوو بەڵگە و موعجیزەیە بۆ دەرخستنی ڕاستگۆی موسا بوو (علیه سلام) کە لە ئایەتێکی تردا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت و خوای گەورە دەفەرموێ: (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى).

دەستت بخەرە بن باڵت (پاشان دەری بێنە) کە دەبینیت سپییە (وەك کافور دەدرەوشێتەوە) بێ ئەوەی بەڵەکی و نەخۆشی بێت (ئەمەش) موعجیزەیەکی تر لە جگە لە گۆچانەکەت .

ئایەتەکە بەهیچ شێوەیەك نەبە ئاشکرا و نەبە نائاشکرایی ئاماژەی بە نوێژ نەکردووە چ جای بگات بەوەی کە ئاماژە یان بەڵگەبێ بۆ دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لەسەر سنگ لەکاتی نوێژدا .

هەربۆیە تەواوی بەڵگەکانی تریان بپێوین بەم شێوەیە دەبینین کە زۆر نابابەتین لەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردون . هیچ ئایەتێ نیە کە هێنابێتیان وەك بەڵگە بۆ بەشێك لەبەشەکانی نوێژ یاخود خوێندنی یەکێك لە پایەکانی نوێژ ئیلا کۆمەڵێ هەڵەیان کردوە و خۆیان خستوەتە بارگرانی و زەلیلیەوە بەبێ ئەوەی ووتەکانیان تێکەڵ بە ژیری و ووتەی بابەتی ببێت . ویستویانە لە یەك خشت کۆشکێك بنیات بنەن یاخود لە هەندێ پەڕ باڵندەیەك دروست بکەن .

ئەگەر بگەڕانایەتەوە بۆ سونەت و دانیان بە سونەتدا بنایە ئەوا دوور دەبوون لەو هەڵە و بارگرانیە و بە ئاسانی دەقی ڕوون و ئاشکرایان دەست دەکەوت کە ژمارەی ڕکاتەکان و ڕوونکردنەوەی هەموو وردەکاریەکان و هەموو ئەو بابەتانەی کە پێشتر دەبوایە دەستیان خستایە دەدۆزیەوە و هیچ مەجالێك نەبوو بۆ بۆچوون و ڕادەربڕین سەبارەت بە نوێژ بەڵکو مانا و مەبەستی قورئانی پیرۆزیان بەشێوەیەکی دروست و کرداری ڕوونەکردەوە بەبێ ئەوەی خۆیان بخەنە نێو شتانێك کە هیچ کەس .

وەك ئەم دەقانە :

١ـ لەبارەی فەرزبوونی پێنج نوێژەکەوە کۆمەڵێك فەرمودە هاتون لەگەڵ کۆدەنگی موسوڵمانان لەسەری، سەرەڕای ئەوەی کارێکی تەواتورە بۆ ماوەی چواردە سەدەیە و هیچ کەس دژایەتی نەکردوە جگە لەم کەسانە نەبێ. هەندێ لەو فەرمودانەی کە لە بوخاری و موسلمیدا هاتون وەك :

أـ پیاوێ لە خەڵکی نەجد هاتە لای پەیامبەری خوا و پرسیاری لێکرد سەبارەت بە ئیسلام و پەیامبەریش وەڵامی دایەوە و فەرموی : (خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ .قَالَ : هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُنَّ ؟ قَالَ : لَا ، إِلَّا أَنْ تَطَوَّعَ)[١]

واتە (پێنج نوێژت لەسەرە لە شەو ڕۆژێکدا، پیاوەکە ووتی ئایا جگە لەو پێنجەم لەسەرە؟ پەیامبەری خواش فەرموی نەخێر مەگەر نوێژی سونەت نەبێ (واجب نیە))

بـ یەکێکی تر لە فەرمودەکان فەرمودەی موعازە کاتێ پەیامبەری خوا ناردی بۆ یەمەن و پێی فەرمو : (إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمِ أَهْلِ كِتَابٍ فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبَادَةُ اللَّهِ فَإِذَا عَرَفُوا اللَّهَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ)[٢]

واتە : (تۆ بۆ لای قەومێك دەچیت کەلە ئەهلی کیتابن و یەکەم شت کەبانگیان دەکەی بابریتی بێ لە پەرستنی خوای گەورە، کە ئەگەر خوایان ناسی پێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە فەرزی کردوە لەسەریان پێنج نوێژ لەشەو ڕۆژێکدا .)

---

(١) حيح البخاري ج١ ص ١٧

(٢) صحيح مسلم ج ١ ص ٣٨ .

ج- وە وەك فەرمودەی ئیسا و میعراج کەتایدا: (فقال موسى ماذا فرض ربك تبارك وتعالى على أمتك قلت فرض عليهم خمسين صلاة فقال لي موسى صلى الله عليه وسلم راجع ربك تبارك وتعالى ..... قال فراجعت ربي عز وجل فقال هي خمس وهي خمسون)[1]

واتە (موسا فەرموی ئایا پەروەردگارت چی فەرز کردوە لەسەر ئومەتەکەت ، پەیامبەریش فەرموی پەنجا نوێژی لەسەر فەرزکردون ، موساش پێی فەرمو بگەڕیوە لای پەروەردگارت . . . ، پەیامبەریش دەفەرموێ گەڕامەوە لای پەروەردگار و فەرموی پێنج نوێژە بەڵام بە ئەندازەی خەیری پەنجا .)

وە وەك فەرمودەی پێشنوێژی جبرایل بۆ دیاریکردنی کاتە فەرزەکان[2]، وە فەرمودەی لێکچواندنی نوێژەکان بە ڕووبارێك بۆ سڕینەوەی تاوانەکان بە خۆشۆردن لە ڕووبارەکە پێنج جار لە شەو و ڕۆژێکدا[3] و چەندان فەرمودەی تر .

وە سەبارەت بە چۆنیەتی نوێژ و ئەنجامدانی بەو شێوەی کە خوای گەورە وێنای کردووە، کتێبەکانی سونە پڕن لەو فەرمودانەی کەباس لە هەموو وردەکاریەکانی ئەم کارە داواکراوە دەکەن . هەر لە پاکێتی ئاو و جلوبەرگ و شوێن و تاراتەوە هەتا دەستنوێژ و بانگ و قامەت و ڕوکردنە قیبلە و الله أكبرى سەرەتا . . . . . هتد .

هەمو ئەمانەش هاوەڵان وەسفیان کردوە بەو شێوەی لە پەیامبەری خوایان دیوە و ئەنجامیانداوە لەژیانی خۆیاندا و ئەوەی بە چاوی خۆیان لە پەیامبەری خواوە بینیویانە و بیستویانە لە جوڵە و وەستانەکانی لە نوێژدا گێڕاویانەتەوە وەك

(١) صحيح مسلم ج١ ص١٠٣
(٢) صحيح مسلم ج٢ ص١٠٣
(٣) فتح الباري ج٢ ص١١

دەستگرتنێك بەفەرمایشتی پەیامبەر ﷺ کە فەرمویەتی : (صلوا كما رأيتموني أصلي) .
واتە : (نوێژ بکەن وەك ئەوەی کەمن چۆن دەیکەم) کە هیچ هەڵبژاردەیەك لەبەردەم موسوڵمانانداا نیە جگە لە گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی سونەت نەبێ بۆ زانینی چۆنیەتی نوێژی داواکراو لەسەر ڕێباز و مەمهەجی خوای گەورە .

هەڵوێستیان سەبارەت بە زەکات :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ﴾.
واتە : (نوێژەکانتان بکەن و زەکاتی ماڵەکانتان بدەن و کڕنوش ببەن لەگەڵ کڕنوش بەراندا .)

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾. واتە (لە سەروەت و سامانەکانیاندا بەش و مافی هەژار و نەدارەکانی تێدایە .)
زەکات یەکێکە لە پێنج پایەکەی ئیسلام . بریتیە لە خاوەندارێتی ماڵێکی تایبەتمەند بۆ ئەو کەسانەی کە شایستەن بە مەرجە دیاریکراوەکانیەوە . و فەرزە لەسەر هەموو تاکێکی موسوڵمانی ئازادی باڵغی ژیر کە خاوەن ماڵێك بێت بگاتە ڕێژەی زەکات دان بە خاوەندارێتیەکی تەواو .
بۆچوونی بەناو قورئانیەکان سەبارەت بەم پایەیەی ئیسلام جیاوازە، زۆربەیان ڕەخنەیان لەهەموو ئەو شتانە گرتوە لەبابەتی زەکات کە لە پەیامبەرەوە هاتوە و هەندێکیان زۆر سنویان بەزاندووە و هەوڵیانداوە بەدیلێکی شوێنگرەوەی بۆ بدۆزنەوە .
لەژێر ڕۆشنای هەموو ئەمانە یەکەمجار بۆچوونی دیارترین وتەبێژەکانی بەناو قورئانیەکان سەبارەت بە زەکات دێنین و گفتوگۆکردنیان دوا دەخەین بۆ دوایی .

١- بۆچوونی عبدالله و هاوڕێیانی (بلاغ القران):

هیچ وتەیەکی ڕوون و ئاشکرام دەست نەکەوتوە لە عبدالله وە سەبارەت بە زەکات، بەڵکو ئەوەی پێی گەشتوم کۆمەڵێ دەقی گشتین کە تایبەت نەبوون بەم بابەتەوە، بۆیە عبدالله ڕونی نەکردوەتەوە کە ئایا ڕێژەی زەکات چەندە؟ وەکەی واجب دەبێت؟ وە ئایا واجبێکی ڕۆژانەیە؟ یان مانگانەیە؟ یان ساڵانەیە؟ بەڵکو تەنها ئەوەمان لێ بینیوە سەبارەت بە بڕی ئەو ماڵەی کە واجبە بدرێت بە هەژار و نەدارەکان و وای دەبینێ کە (زەکات بەشی دەیەکی ماڵە واتە لە دەیا یەکی مالێ و سامان، کە ئەگەر بە ئیش دەستی کەوتبێت یان لە زەویەکی کشتوکاڵیەوە بەرهەمی هێنابێت، پێویستە نیوەی پێنج یەکی ماڵەکەی بە زەکاتدان ببەخشێت.

کە بەم ڕەهاییە مرۆڤەکان دەخاتە حاڵەتی قەتیس بوونەوە، کە ئایا زەکاتی کشتوکاڵی وەك جگە لە کشتوکاڵیە؟! لەکاتی کۆکردنەوەیدا زەکاتی فەرز دەبێت وەکو بەرهەمی دامەزراوە ئابوریەکان..؟

بۆیە ناڕونی هەیە لە بۆچونی دامەزرێنەری دامەزراوەی (أهل الذكر و القران) لە ئەنجامدانی ئەم پایەدا کە یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام.

وە سەبارەت بە هاوڕێیانی (بلاغ القرآن) هەستاون بە ڕوونکردنەوەی بابەتی زەکات و ڕاڤەکردنی وردەکاریەکانی، ڕەخنەیان لەهەموو ئەوانەی گرتوە کە بەسوونەت هاتون و وای دەبینن کە (ئەو کەسەی زەکات نادات موشریك و هاوبەش بڕیاردەرە لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: (وَوَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ الَّذِينَ لا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ) واتە (وەیل و دۆزەخ بۆ هاوبەشبڕیاردەر و موشریکان، ئەوانەی کە زەکات نادەن و بێباوەڕن بە ڕۆژی دوایی.)

وە سەبارەت بە زەکات دەڵێن (زەکات واتە گەشەسەندن و زیادکردنی ئەو ماڵەی کە دەدرێت بە نەداران و بێچارەکان و گۆڕینی بارودۆخی ژیانیان بۆ خۆشگوزەرانی بە پێدانی ماڵی زەکات کە بتوانن سەربکەون بەسەر گرانی ژیاندا .)[١]

وە سەبارەت بەڕێژەی زەکات و کارکردن پێی دەڵێن (ئەو ڕێژەیەی کە فیقە داینناوە بۆ زەکات یادخەرەوەی سیستەمی سەرمایەداریە ، هیچ پەیوەندیەکی بە سیستەمی قورئانەوە نیە بۆ زەکات .)[٢]

وە لەوەش زیاتر دەڵێن (ئەوەی زانرا و ناسراوە لە نێو موسوڵمانانداز زەکات بریتیە لە ڕێژەی چل یەکی مالێ، بەڵام لە ڕاستیدا دیاریکردنی ئەم بڕە فێڵ و چاوبەستیە لە هەژاران . . . ، ئەوەی حەق و ڕاستی بێت ئەوەیە زەکات بەپێی باری خاوەن ماڵەکان دەگۆڕێت لە (١/ ١٠٠) بۆ (١/ ٣٠٠)، جا ئەگەر تەماشا بکەین لە چل سەر مەڕ یەك دانە دەکرێتە زەکات کە ئەمەش واتە (٢.٥ ٪)، وە لە (٤١ سەر تاوەکو ١٢١) هەر یەك سەرمەڕ زەکاتە کە ئەمەش دەکاتە (٠.١٣ ٪) بەنزیکەیی دەکاتە (١/ ١٢٠) ، وە لە (١٢١ سەر تاوەکو ٢٠٠) دوو سەر مەڕ دەکرێتە زەکات کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٪)، وە لە (٢٠٠ سەر تاوەکو ٣٠٠) زەکاتەکەی دەکاتە (٠.١٢ ٪) کە بکاتە (١/ ١٣٧)[٣] .

لەسەر ئەو شێوازەی سەرەوە ڕەخنەکانیان لەسەر چۆنێتی زەکات دەخستە پێش چاو هەر لە زەکاتی ڕەشە وڵاخ و وشتر و زێڕ و زیویش .

---

(١) مسألة الزكاة لاپەڕە ١٨ .

(٢) مسألة الزكاة لاپەڕە ٢١ .

(٣) مسألة الزكاة ص ٢٥ .

لەکۆتاییدا سەبارەت بەو ڕێژەی کە پێویستە بدرێت لە زەکاتدا قسەیان کردووە، بەبێ ئەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراوی هەبێت لەو ماڵەی کە زەکاتی لێ دەکەوێت و دەڵێن (لەسەر هەموو موسوڵمانان واجبە کە کۆببنەوە لە نوێژی بەیانی مزگەوتەکەی ناوچەی خۆیان هەموو ڕۆژێك، لەکاتی نەبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا، هەرکەسێك بڕی دەیەکی (١٠) ی ئەوەی کە لە ڕۆژی پێشوو بەدەستی هێناوە وەك زەکاتێکی واجب دەیبەخشێت بە ئەمیر و پێشەواکەی، بۆ ئەوەی ئەمیریش بیخاتە(بیت المال)ەوە و خەرجی بکات بۆ بڵاوکردنەوەی قورئانی پیرۆز و دابەشکردنی بەسەر تاکە نەدارەکاندا.)

بۆ بڕی دە یەکەکە ئەم بەڵگانە دێننەوە:

١ـ ئایەتی (إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنْ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ). واتە: (ئەگەر ئێوە بیست کەسی خۆڕاگربن سەردەکەون بەسەر دوو سەد کەسدا، وە ئەگەر سەد کەس بن ئەوا سەردەکەون بەسەر هەزار لەوانەی کە بێ باوەڕن و ئەوانە قەومێکن لە هیچ تێناگەن.)

دەڵێن: (چ ڕێژەیەك هەیە لە نێوان بیست و دوو سەد دا؟ وە سەد و هەزار؟ بێ گومان ڕێژەکە بریتیە لە ڕێژەی لە دە یا یەك، بۆیە ڕێژەی ئامادەبوونی کەسەکان لە گۆڕەپانی جیهاد و جێگیربوو بەرامبەر بە دوژمنان بریتیە لە دە لە سەد. وە ڕێژەی کەسەکان و سەروەت و سامان لەژێر یەك بنچینەی سەرەکیدان بەپێی ئایەتی خوای گەورە کە دەفەرموێت (إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنْ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمْ الْجَنَّةَ.) واتە (خوای گەورە بەهەشت دەبەخشێت بەو باوەڕدارانەی کە مالّ و لاشەیان دەبەخشن لە پێناو خوادا.)

وە ئەوەشی زانراوە کە زەکاتی مالێ وەك لاشە وایە، بۆیە بڕی دیاریکراو بریتیە لە دەیا یەك کە واجبێکە لەلایەن خوای گەورەوە.)

٢ـ ئایەتی (وَكَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُوا مِعْشَارَ مَا آتَيْنَاهُمْ فَكَذَّبُوا رُسُلِي فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ) واتە (پێش قوڕەیشیەکان خەڵکانێك پەیامبەرانیان بەدرۆ دەخستەوە کە قوڕەیشیەکان نەدەگەشتنە لە دەیا یەکی ئەوان، پەیامبەرانیان بە درۆ دەخستەوە، جا تۆڵەسەندمان چۆن بوو لێیان؟!)

کە لێرە مەبەست (پەیامبەرانیان بەدرۆ دادەنا خەڵکانی پێش ئەوانەی سەردەمی تۆ ئەی محمد، نەیاندەبەخشی لە دە یا یەکی ئەو مااڵەی پێمان بەخشیبوون، بۆیە بەدرۆ زانینەکەیان بەشێوەیەکی کرداری بوو بۆ پەیامبەرانی خوا.)

کە ئەمە کوورتەی ئەوەیە کە هاوڕێیانی (بلاغی قورئان) دەربارەی زەکات و کاتی ئەنجامدانی و بڕی ئەو ڕێژەیەی کە واجبە بیبەخشن وەك ئەرکێك بۆ بەجێهێنانی فەرمانێکی خوای گەورە.

٢- بۆچوونی خواجە احمد الدین و شوێنکەوتوانی:

خواجە سەبارەت بە زەکات قسەی کردووە، ڕەخنەی لە ڕێژەکەی و مەرجی بەسەرداچوونی سااڵنێك بەسەر مااڵەکەدا لەلای موسوڵمانان گرتووە و دەڵێت (دەوترێت ڕێژەی زەکاتی زێڕ بریتیە لە ٧،٥ مسقالێ و بۆ زیو بریتیە لە ٥٢ مسقالێ و بەهاوشێوەی ئەمانە سەبارەت بە ڕێژەی زەکاتی وشتر و مەڕو مااڵت وتراوە، بەشێوەیەك کە گوایە ئەم ڕێژانە شتێکی نەگۆڕن و فەرز و واجب کراون تیایاندا، هەرچەندە ئەم دیاریکردنە بۆ ئێستە ناگونجێ و باش نیە، لەگەڵ تەواوی و گونجانی بۆ سەردەمانی پێشو، بۆ ڕاگرتنی یەکسانی لەنێوان ئەو جۆرانە ناکرێ کار بەو

ڕێژانە بکرێت لەم سەردەمەدا، لەبەر ئەوەی بڕی ٧، ٥ مسقاڵ زێڕ بەرامبەر ٥٢ مسقاڵ زیو نیە لە ئێستادا، بۆیە لەسەر بنەمای ئەم جیاوازیە لەنێوان ئەم دوو بڕەدا یەکێك لە جۆرەکان بە جۆرەکەی تر بگۆڕین بۆ خۆڕزگارکردن لە زەکات، وە دوور کەوتنەوە لە ڕێژە واجب و فەرزکراوەکەی. . . . ، وەك چۆن ئامێرەکان و خشڵ و ئەسپ و کەر بەهەمان شێوە زەکاتیان لێ دەکەوێت.

وە بەرووبومە کشتوکاڵیەکان بڕی زەکاتەکەی لە ڕۆژی دوورینەوە و کۆکردنیدا دەدرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت (وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ) واتە (زەکاتەکەی بدەن لە ڕۆژی کۆکردنەوەیدا.)

لەهەمان کاتدا سەبارەت بە واجبیەتی زەکات دەڵێت (خاوەن خانوو و شوێنی کرێ واجبە زەکاتەکەی بدات لەڕۆژی وەرگرتنی کرێیەکەی. . . . ، بۆیە هیچ پێویست نیە ماوەی ساڵێك چاوەڕێبکات.)

وە ئەوەی گومانی تێدانیە وەرگرتنی کرێی کار(مووچە) لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، کەسی وا هەیە هەموو ڕۆژێ کرێی کارەکەی وەردەگرێ، کەسی تر هەیە کۆتای هەموو هەفتەیە و کەسی تر هەیە کۆتای هەموومانگێك. . ، بۆیە خواجە بەم بیرۆکەیە بە ووتە و کردەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە زەکات وەربگیرێت لەهەموو ڕۆژێکدا.

وە ئەوەی کە شایستەی هەڵوەستە لەسەر کردنە لەوەی کە خواجە سەبارەت بە زەکات تۆماری کردووە بریتیە لە دیاری نەکردنی بڕی ئەو ڕێژەیەی کە وەردەگیرێت لە ئەو ماڵەی کە واجبە زەکاتی لێوەربگیرێت بەڵکو دەبینین قسەی کردووە دەربارەی ئەو ماڵەی کەزەکاتی لەسەر دەکەوێت، بەڵام بۆ دیاریکردنی

بڕەکەی بەو دیاریکردنە وادەردەکەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە هەموو ئەوەی لێوەربگیرێت کە لە پێداویستی کەسەکە خۆی زیاترە بەڵام بەبێ ئاماژەکردنێکی ڕاشکاوانە.

بەهەمان شێوە شوێنکەوتوانی خواجە شوێن هەمان ڕێبازی ئەو کەوتن دەربارەی زەکات، کتێبیان نووسی بەهەمان ئەو شێوەی کە شێخەکەیان قسەی کردووە، لەو قوتابیانەی وەك (عبادالله أختر) و (سید مقبول أحمد) کە یەکەمیان دەڵێت (پێویستە ڕزق دابەش بکرێت بەسەر پێویستیەکانیدا بەبێ ئیسراف و زیادەڕەوی، بەپێی پێوانەیەك کە شایستە بێت بە ژیانی کەسێکی دەرەوە، پاشان ڕاگرتنی ئەو یەکسانیە واجبە لەسەر هەموو تاکێکی ڕاوێژکاری موسوڵمانان (شوری المسلمین) لەسەر بنەمای پێداویستیەکانی ژیان بەرزونزمی نرخەکان و ئەمەش وادەکات کە شورا یاسای نوێ بۆ زەکات دابنێت، لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز بڕ و ڕێژەی زەکاتی دیاری نەکردووە و ئەو دیاریکردنە کارپێکراوەی ئێستە بریتیە لەوەی کە ئیمامی عمر ﷺ دوای شورا جێبەجێی کردووە.....، چونکە ئەم دیاریکردنە ئیجتهادێك بوە لە عمرەوە ﷺ، هەر بۆیە شورا مافی تەواوی هەیە ئێستا لە دیاریکردنی بڕو ڕێژەی زەکات بەپێی بارودۆخ و پێداویستیەکانی.)

وە سید مقبول دەڵێت (لەسەر موسوڵمانان چوار شت واجبە دوانیان هەموو ڕۆژێك و دوانیشیان هەموو ساڵێك، نوێژ و زەکات دوو واجبی ڕۆژانەن و ڕۆژوو و حەج دوو ئەرکی ساڵانەن.....، زەکات وەك نوێژ وایە هەموو ڕۆژێك ئەنجام دەدرێت، بەبێ بەمەرجگرتنی ڕێژە و بەسەر چوونی ساڵێك بەسەر ماڵەکە و هیچ کاتێکی دیاریکراو تیایدا بۆ ئەنجامدانیان.)

٣- بۆچوونی پەرویز:

پەرویز بەشێوەیەکی فراوانتر سەبارەت بە زەکات قسەی کردووە، ژمارەیەکی زۆر لە لاپەڕەکانی کتێبەکانی و گۆڤارەکەی تەرخان کردبوو بۆ ڕاڤە و شەرحی زەکات، بەپێی ئەوەی کەلە قورئاندا وای دەبینی، زۆر کەمە کە کتێبێکی ببینی لە کتێبەکانی کە باسێکی زەکاتی تێدا نەبێت لەگەڵ جیاوازی ناونیشان و هەمان واتایی ناوەڕۆك و بۆچوونەکانی تیایاندا، جارێك دەبینی بەناونیشانی زەکات و جارێك بە ناونیشانی دابەشکردنی رزق و ڕۆزی لە قورئاندا و جارێك بەناوی سیستەمی ئابووری قورئان و جارێك بە ناوی باجە حکومیەکان و پەیوەندیان بە زەکاتەوە و جارێك بەناوی ئەرکەکانی بنکەی میللەت و جارێ بە ناونیشانی ئابووری و وە جارێك بەناوی مالێ بەخشین لە پێناو خوادا و زۆرێك لە ناونیشانی بریقەداری فریودەرانەی تر.

بۆچوونەکانی بەزنجیرەی بریتین لە :

(ووشەی زەکات پێکهاتوە لە (زکـو) و واتای زیادبوون و گەشەسەندنە، قورئانی پیرۆز فەرمانی کردووە بە پێدانی زەکات (و آتوا الذكاة) کە واتاکەی برتیە لە پێدانی شت و مەك و مالێ بەکەسێك کە بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و زیاتر خۆشگوزەران بێت، کە واجبێکی بنچینەیی لەسەر کۆمەڵی بڕوادارانە بەرامبەر مرۆڤەکانی تر، کەببێتە هۆی گەشەسەندن و هێنانی خۆشگوزەرانی و گەشەپێدانی بەهرەکانی لاشە و سروشتی، هەر بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (إن مكنهم في الأرض أقاموا الصلاة وآتوا الزكاة)[1]. واتە: (ئەوانەی کە

(١) سورەتی الحج ئایەتی ٤١.

دامەزراو و توانادارمان کردوون لەسەر زەویدا نوێژ ئەنجامدەدەن و زەکاتیش دەدەن .)

که قورئانی پیرۆز پێدانی زەکاتی کردووە بە واجب و ئەرکێك لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی . . .

ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە ئایا چۆن دەوڵەتی ئیسلامی ئەتوانێت خۆی بەری بکات لەوەی کە لە گەردنیدایە لە ئەنجامدانی ئەم واجبەی خوای گەورە؟ لە پێشینەترین پەیوەستیەکان لەم بەرپرسیارێتیەدا بریتیەلە گەرانەوەی سەرجەم بەرهەمەکان بۆ دەوڵەت، بۆئەوەی بتوانێت پێداویستی ئەوانەی کە پێویستیانە دابین بکات، بەمەش دەتوانرێ بیرکردنەوە وبەهرە سروشتی و لاشەییەکانیان گەشەپێبدرێت .

(لەوەش زیاتر هەڵگرتن و پاشەکەوتکردنی ئەو ماڵەی کەلەپێداویستی خاوەن ماڵ زیاترە رێپێدراو نیە، بەڵکو واجبە لەسەری ماڵی زیادەی بداتە دەوڵەت، کەلێی وەردەگرێت بەپێی پێویستی بۆ پێدانی زەکات (گەشەی ماڵی کەسانی تر) و بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە قورئانی پیرۆز هیچ رێژەیەك و برێکی دیاریکراوی تایبەتنەکردوە، بەڵکو هەموی لەچواردەوری دابینکردنی پێداویستیەکان دەسورێتەوە، کە پەیوەستە بەهەلومەرجی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەوە . لەبەر ئەمەشە قورئان بەئاشکرا ئاماژەی داوە بەوەی ئەوەی کە زیادە لە پێداویستی تاکەکان دەنێردرێت بۆ دەوڵەت بۆ ئەوەی بتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی پێدانی زەکات، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَيَسْأَلونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآياتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ﴾ . واتە : (ئەی پەیامبەر ﷺ پرسیارت لێدەکەن کە چی

دەبەخشن، بڵێ لێبوردەی و بەمشێوەیە خوای گەورە ئایات و نیشانەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆتان بەڵکو بیربکەنەوە.)

ئەمە شێوەیەی فەرمانەکانی زەکاتە لای بەناوقورئانیەکان. و دەتوانین دەقەکانی پێشوو کوورت بکەینەوە بۆ ئەم چەند خاڵە سەرەکیانە:

١. بڕی زەکاتی دراو لەلای دامەزرێنەری (أهل الذكر والقران) و هاوڕێیانی (بلاغ القران) بریتیە لە پێدانی لە دەیا یەکی مالێ، لە پارە و کشتوکاڵ و بەروبوم.

٢. مالّی زیاد لە پێویستی کەسەکە بریتیە لە زەکات لەلای بەناوقورئانیەکانی دواین.

٣. هیچ ڕێژەیەك نیە لە زەکاتدا.

٤. پێدانی زەکات لەلای پەرۆێز و هاوڕێیانی (بەلاغی قورئان) گۆڕاوە لە کەسەکانەوە بۆ دەوڵەت لەکاتی بوونی دەوڵەتێك کەحوکم تەنها بە قورئان بکات.

پێدەچێ باشترواببێت کە لە گفتوگۆکردنێکی تێروتەسەلی ئەم چوار خاڵە تێنەپەڕین، وەسەبارەت بە بۆچوون و گومانەکانی تریان لە دەقەکانی پێشوو کە پێشتر گفتوگۆمان کرد وەکو بیردۆزی گەڕانەوەی بەرهەمەکان بۆ لای دەوڵەت و پێناسەی زەکات لەڕووی زمانەوانی و شەرعەوە، وە هەندێکیش کە شایستە بەوەڵامدانەوە نین وەکو بۆچوونی زەکاتی ڕۆژانە چونکە خاوەن ئەم بۆچونانە هیچ بەڵگەیەکی قورئانییان نەهێناوەتەوە بۆ بۆچوونەکەیان، یان بۆ ئەو درۆ ئاشکرایەیان کە دەڵێن ڕێژەی زەکات لەسەردەمی ئیمامی عمر ﷺدا بە پرس و ڕاوێژ دانراوە، یاخود فەقیهەکان دایان ناوە، وتنی ئەم جۆرە وتانە درۆیەکی ڕوونە لەبەر ئەوەی بە تەواتور پێمان گەشتوە کە دیاریکردنی ڕێژەی زەکاتی وشتر و مەڕومااڵت و مانگا و

زێڕ و زیو لەلایەن پەیامبەرەوەﷺ بووە، وە پێشەوا عمر ﷺ جێبەجێکەری ئەو دیاریکردنەی پەیامبەرﷺ بووە و فەقیهەکانیش جگەلە گێڕانەوەی ئەو ڕیوایەتانە هیچی تریان نەکردوە و ئەوەشی ئاماژەمان پێکرد لە سوونەت وەڵامی ئەو گومانانەیە کە ئەیوروژێنن سەبارەت بە زەکات وەك نەبوونی مەرجی تێپەڕینی ساڵ بەسەر ماڵدا بۆ دەرکردنی زەکات لێی.

وە هەروەها زۆر هەڵوەستە ناکەین لەسەر ئەو وتەیەی کە دەڵێن ئەو ڕێژەی دەگێڕدرێتەوە لە ڕیوایەتەکان بۆ زەکات لەتوانادا نیە جێبەجێ بکرێت، لەبەر نەگونجانی لە نێوان نرخ و جۆری شتومەکەکان کە زەکاتیان لێدەدرێت، کە ئەم ڕەخنیە لەجێی خۆی دەبوو ئەگەر ملکەچبوین بەوەی ڕێژەی زەکات دانراوە بەپێی گونجان لەنێوان نرخەکانی ئەو جۆری شتە، بەڵکو بەو شێوەیە نیە لەبەر ئەوەی بەڵگە و قەرینەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ڕێژەکە دانەنراوە بۆ گونجان لەنێوان جۆری ئەو شتانە بەڵکو هەر لەسەرەتاوە دانراوە بەبێ ڕەچاوکردنی گونجاندنی جۆرەکانی شتوومەك لە ڕووی نرخ و بەهاوە، کە هەموو جۆرەکان کە زەکاتیان لێدەدرێ ڕێژەیەکی دیاریکراو و تایبەت بە خۆی هەیە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە جگە لەخۆیەوە هەبێ لە ڕووی گونجان و نرخەوەو لەسەر ئەم پێوەرانەش دەتوانین وەڵانی گومانەکانی تریان بەینەوە

گفتووگۆکردنی ئەم چوار خاڵە :

١ـگفتووگۆی بۆچوونی (دە یەك)ـەکان :

ئەوانەی دەڵێن زەکات لە دەیا یەکی مالێ و هاوشێوەکانیەتی هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایان پێشکەش نەکردوین لە قورئانی پیرۆزدا، هەموو ئەوەی دەیهێننەوە لە بەڵگەکان جگە لە بەڵگەی نابابەتی و پێوانەکردنی شتەکان لەگەڵ بوونی جیاوازی لە نێوان پێوانەکراو و پێوانەکەردا هیچی تر نیە .

پێوانەکردنی ئایەتەکانی جیهاد و تێکۆشان و بەرپەرچدانەوەی دووژمنانی خوا بە ڕێژەی دە بەرامبەر سەد و دەرکردنی ئەنجامەکەی بە لە سەدا دە بۆ دەرکردنی زەکاتی مالێ و کشتووکاڵ، پێوانەکردنێکی نالۆجیکیە لە واقیعدا چ جای بگات بەوەی کە خاوەن عەقڵە ژیرەکان قەبوڵی بکەن .

وە سەبارەت بەو ئایەتەی کە دەیکەنە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرموێت (كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ....) ئەو کەسانەی پێشوو دە یەکی داواکراویان نەدەبەخشی، تەحریف و گۆڕینێکی ڕوون و ئاشکرای ئایەتەکەیە، چونکە ئایەتەکە لە بنەڕەتەوە هیچ پەیوەندیەکی بە زەکات و مالێ بەخشینەوە نیە، بەڵکو ووتەی خوای گەورە لە ئایەتەکەدا (مِعْشَارَ مَا آتَيْنَاهُمْ) ئاماژەیە بەوەی موشریکنی مەکە ناگەن بە دەیەکی ئەوەی کە خوای گەورە بەخشیبووی بە خەڵك کە دواتر خوای گەورە توشی سزای خۆی کردن بەبێ ئەوەی هێزەکەیان سوودی هەبێ بۆیان، ئایەتەکە باس لە بێ هێزی موشریکینی سەردەمی دابەزینی قوئان دەکات کە نەدەگەشتن بە دەیەکی مرۆڤە بە هێزەکانی پێش خۆیان، وەلەوەش زیاتر ئەوەیە کە ئایەتەکە بەهیچ جۆرێ

ئاماژە ناکات بۆ زەکات چ جای ئەوەی کە ڕێژەکەی بەو شێوەیە ووردە دیاری بکات!!

٢ـگفتووگۆی (مالّی زیاد لە پێویست بریتیە لە زەکات):

ئەوانەی کە خاوەن ئەم وتەیەن ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەکەنە بەڵگە کە دەفەرموێت: [وَيَسْأَلونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ] کە ئەوەی زیاد لە پێویستی کەسەکەیە حوکمی زەکات دەیگرێتەوە.

تەفسیری ئەو ئایەتە بەو شێوەیە شتێکی نوێ نیە، چونکە ڕازی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (زانایان ڕاجیابوون لەسەر مەبەست لەو بەخشینە، کە ئایا بەخشینێکی واجب کراوە یان سونەت؟ وە ئەوانەی کە وتویانە بەخشینی واجبکراوە دوو وتەیان هەیە:

١. ووتەی (ابي مسلم) کە دەڵێت دەکرێ مەبەست لە ووشەی (العفو) بریتی بێت لە زەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئایەتەکەدا هاتوە و وردەکاریەکانی لە سوونەتدا باس کراوە.

٢. کە دەکرێ ئەم ئایەتە پێش دابەزینی ئایەتی خەیر و صدقات بێت، کە خەڵکی فەرمان پێکراوبن بەهەڵگرتنی ئەوەی کە بەدەستیان دەهێنا بەبڕی ئەوەی کە پێویستیان بوو بۆ سالّێك و پاشان ئەوەی مایەوە دەیان بەخشی و پاشان ئەم ئایەتە نەسخکرایەوە بە ئایەتی زەکات و دەکرێ ئەم ئایەتە مەنسوخ بێت.[1]

ئەوانەی کە ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە بۆ زەکاتی واجبکراو لە زانایانی پێشوو، یەکڕاو کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئایەتی (العفو) بە یەکێك لەم دوو جۆرە تەئویل

(١) تفسير الرازي بەرگی ٦ لاپەرە ٤٩.

دەکرێت، یان کارکردن بە ئایەتەکە پەیوەستە بە ڕوونکردنەوەی سونەتەوە، یان نەسخکراوەتەوە بە ئایاتی زەکات، بەڵام کار کردن بەو ئایەتە بەو شێوەیە هەتا ئێستەش بەردەوامە لەلای بەناو قورئانیەکان لەبەر دان پێدانەنانیان بۆ بوونی نەسخ لە قورئانی پیرۆز لە لایەك و نکۆڵیکردن بە کارکردن بە سونەت لە لایەکەوە تر‌ەوە. وە بەگەڕانەوە بۆ سیاق و ناوەڕۆکی ئایەتەکە و ئەو هەلومەرجەی کە ئاماژەی بۆدەکات و ئەو زاراوانەی کە گرتویەتیە خۆی، ڕوون دەبێتەوە کە ئایەتەکە تایبەتە بە بەخشین و نەفەقەی سونەت و خەیر بەسەر نەداراندا، بەبێ ڕەچاوکردنی زەکاتی واجب کراو لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. وتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت (ینفقون) وا دەردەخات کە پرسیارکەران کەسانێکی چاکەخوازبوون، کە ئارەزووی بەخشین بوون بەسەر برا هەژارەکانیاندا و زیاتر لەوە ببەخشن کەخوای گەورە واجبی کردووە لەسەریان، خوای گەورە وەڵامی داواکاریەکەی دانەوە بەوەی کە ببەخشن بەو شێوەیەی کە نەفسیان پێی خۆشە لەوەی کە زیادەیە لە پێویستیەکانیان و ئەگەر وتەکە ئاراستەکرابێ بۆ ڕوونکردنەوەی زەکاتی واجب ئەوا بەو شێوە سادە و ناڕوونە نەدەبوو.

٢. هاتنی فەرمانی (ینفقون) ئاماژەیە بەوەی کە پرسیارەکە سەبارەت بە بەخشین و نەفەقەیە، و بەخشین و نەفەقەش بەهیچ جۆرێك زەکات نیە، لەگەڵ جیاوازی حوکم و بنەماکانی بە پێی ئەوانەی کە شایستەن پێیان بدرێت، لە واجبەوە بۆ سونەت و بۆ ڕێگەدان.....

٣. ئەگەر بێتوو ئایەتەکە مەبەست لێی زەکاتی واجبکراو بوایە، ئەوا بەڕەهایی دەریدەبڕی و ڕێژەکەی دیاری دەکرد، لەبەر ئەوەی سورەتی (البقرة) لەو سورەتانەیە کە لەدواین کاتەکانی دابەزینی قورئاندا دابەزیوە.

بە سەیرکردن بۆ ئەو بەڵگانە دەتوانین بڵێین کە مەبەست لە ئایەتەکە بریتیە لە بەخشین و نەفەقەی خەیر و سونەت، کە ئەو بەخشین و نەفەقەیە پەیوەست نیە بەهیچ مەرج وبەندێکەوە.

٣ـگفتووگۆی (هیچ ڕێژەیەك نیە بۆ زەکات):

ئەگەر بێت و ملکەچبوین بەوەی قورئانی پیرۆز تەنها سەرچاوەی بڕیاردان و تەشریعی ئیسلامیە، ئەو کاتە وتەی نەبوونی ڕێژە بۆ زەکات وتەیەکی گونجاو دەبوو. وتەکە خاڵی دەبوو لە ڕەخنە و دژبوون، هەرچەندە موسوڵمانان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی سونەت سەرچاوەی دووەمی سەرچاوەکانی بڕیار و تەشریعی ئیسلامیە و هیچ کەس ململانێی ئەم بنەمای نەکردووە جگە لە بەناو قورئانیەکان نەبێت.

بەگەڕانەوەمان بۆ کتێبەکانی سوننە، ژمارەیەکی زۆر فەرموودە دەبینین کە هەموو وردەکاری بنەماکانی زەکاتیان دیاری کردووە، لە دیاریکردنی ڕێژە و بڕ و کاتی دەرکردنی زەکات وەك هەندێ لەم فەرمودانە:

١ـ لە بوخاری و موسلیمدا هاتوە کە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ :(لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ .وَلَا فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ ،وَلَا فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ.) [١]

(١) صحيح مسلم بەرگی ٣ لاپەرە ٦، و صحيح البخاري بەرگی ٢ لاپەرە ١١١

٢ـ وَعَنْ عَلِيٍّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ : (إِذَا كَانَتْ لَكَ مِائَتَا دِرْهَمٍ وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا خَمْسَةُ دَرَاهِمَ وَلَيْسَ عَلَيْكَ شَيْءٌ يَعْنِي فِي الذَّهَبِ حَتَّى يَكُونَ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا ، فَإِذَا كَانَ لَك عِشْرُونَ دِينَارًا وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا نِصْفُ دِينَارٍ)[١]

٣ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ :(لَيْسَ فِي مَالِ الْمُسْتَفِيدِ زَكَاةٌ حَتَّى يَحُولَ عَلَيْهِ الْحَوْلُ)[٢].

٤ـ وە لە دیاریکردنی ڕێژەی زەکاتی وشتر و مەڕومااڵتدا، ئیمامی بوخاری ئەو نامەیەی پێشەوا ئەبوبەکر ﷺ دەگێڕێتەوە کە ناردویەتی بۆ ئەنەسی کوڕی مالك ﷺ، کاتێ ناردی بۆ یەمەن بۆ کۆکردنەوەی زەکات و تیایدا دەفەرموێت (هَذِهِ فَرِيضَةُ الصَّدَقَةِ الَّتِي فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى الْمُسْلِمِينَ....)[٣] واتە(ئەمە ئەو فەرزەیە کە پەیامبەری خوا فەرزی کردوە لەسەر موسوڵمانان . .)

١ـ عَنْ سَالِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ أَبِيهِ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: (أَنَّهُ سَنَّ فِيمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ عَثَرِيًّا الْعُشْرَ ، وَفِيمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ نِصْفَ الْعُشْرِ.)[٤]

٤ـ گفتگۆی (پێدانی زەکات لەلایەن دەوڵەتەوە):

ئەوانەی دەڵێن زەکات لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت ئەم ئایەتە دەکەن بە بە ڵگە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (إن مكنهم في الأرض. .) بە تەفسیر کردن و ڕاڤەکردنی ووشەی (التمكين) بە دەستەڵات و دەوڵەت و بەوشێوەیەی کە قورئان فەرمانی کردبێ بە پێدانی زەکات لەلایەن دەوڵەتەوە بە خەڵك، وە ئەوەی کە دەوڵەت و کاربەدەستێکی موسڵمان لەسەری بێت بە ئەنجامدانی زەکات بابەتێکی

(١) رواه ابو داود بەرگی ١ لاپەرە ٢٢٨ .
(٢) رواه الدارقطني بەرگی ٢ لاپەرە ٩٠ .
(٣) فتح الباری بەرگی ٣ لاپەرە ٣١٧ .
(٤) رواه البخاري بەرگی ٢ لاپەرە ١٣٣ .

جێگیر و دامەزراوە بە پێی قورئان و سونەت و کرداری پەیامبەر و هاوەڵانی، وە لەگەڵ ئەوەشدا واجبێکە لەسەر تاکی موسوڵمان بە پێی قورئان و فەرمودە، بەڵام وتنی ئەوەی کە دەوڵەت خاوەنی هەموو ڕێگەکانی بەرهەمهێنان بێ بە پێی ئەم ئایەتەی ئاماژەمان پێکرد هیچ نیە جگە لە بیرووباوەڕی شوعیەت نەبێت کەبە زۆر بیانەوێ ئایەتەکەی بۆ بکەنە بەڵگە، وە هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی کە مانای (إیتاء الزکاة) بریتی بێت لەوەی کە کاربەدەست یان دەوڵەتی ئیسلامی لەسەری بێت زەکات بدات، بەو شێوەی کە کاربەدەست لەسەری بێت کاربکات بۆ دامەزراندن و جێبەجێکردنی حوکمە شەرعیەکان، وەك چۆن ئەبوبەکر هەستا بە جەنگ کردن لەگەڵ ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا، ئەمەش دژ نیە لەگەڵ ئەوەی زەکات واجب و فەرز بێت لەسەر هەموو تاکێکی موسوڵمانان.

وەلەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین ئەگەر بێتوو وەك ئەگەرێك ملکەچ بوین بەوەی کە جێبەجێکردنی زەکات ئەرکێکە لە ئەرکەکانی دەوڵەتێکی قورئانی وەك ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئایا هاوشێوەی ئەو دەوڵەتە لە مێژوی ئیسلامدا بوونی هەبوە لە ڕۆژی هاتنی پەیامبەرەوەﷺ هەتا سەردەمی ئێستە؟ بەڵکو ئەوەی کە دەڵێن زەکات دەبێت دەوڵەت بیدات بە خەڵکی هیچ نیە جگە لە خەیاڵ و خەون نەبێت کە کاتێ هەڵدەستێ دەبینێت هیچ نەماوە.

هەڵوێستیان سەبارەت بە ڕۆژوو:

خوای گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)[1] واتە (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژوتان لەسەر فەرز کراوە هەروەك چۆن لەسەر نەتەوەکانی پێش ئێوە فەرز کرا بۆ ئەوەی تەقوای خوا بکەن .)

ئاینی ئیسلام ڕۆژوگرتنی مانگی ڕەمەزانی بەیەکێك لە پێنج پایەکانی داناوە، بەدورکەوتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جوتبون لە ڕۆژدا، لە دەرکەوتنی فەجرەوە بۆ ئاوابوونی خۆر .

کەسایەتیەکانی بەناو قورئانیەکان هاوڕای موسوڵمانانن لەسەر گرتنی مانگی ڕەمەزانی بەپێی ڕۆژمێری مانگی (القمري)، لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە ڕۆژوگرتنەکەی کردووە، هیچ کەس لە بەناو قورئانیەکان ڕاجیا و نامۆنەبوە تەنها (خەواجە احمد الدین) و (سید محمد رفیع الدین) نەبێت، کە یەکەمیان وای دەبینێ کە (ئەوەی داواکراوە گرتنی مانگێکە لە مانگەکانی سالێ، بەبێ پەیوەست کردنی تەنها بە ڕەمەزانەوە، هەرچەندە پێشینانی ئومەت دەستگرتوو بوون بە گرتنی ڕۆژوو لە مانگی ڕەمەزاندا لەبەر دابەزینی قورئانی پیرۆز تیایدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی مرۆڤ لە پێشترە لە پەیوەستکردنی ڕۆژو تەنها بە مانگی ڕەمەزانەوە، موسوڵمان بۆی هەیە پێش یان دوای بخات بۆ مانگێکی سالێ بەپێی پێویستی خۆی .)[2]

---

(١) سورةتي البقرة.

(٢) تفسير بيان للناس بەرگی ٢ لاپەرە ٧٧١-٧٧٢.

وە ئەوەی دووەمیان دەڵێت (ئەوەی واجب و فەرزە گرتنی سی ڕۆژە، بە مانگی هەتاوی لەبەر ئەوەی لەسااڵێکەوە بۆ سااڵێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام سیستەمی مانگی (القمري) لەهەموو سااڵێکدا دەڕۆژ کەم دەکات، وە ئەو سیستەمە سیستەمی بێباوەڕانە (انما النسيئ زيادة في الكفر.)، بۆیە ڕەمەزان لە بیست و دووی مانگی دەوە دەست پێدەکات و لە بیستی مانگی یانزە کۆتای دێت لەبەر ئەوەی ڕۆژوگرتنی ئەو ماوەیە زیانی نیە بۆ تەندروستی مرۆڤ، وە بە ڕۆژوگرتنەکە مەبەستەکە بەدەست دێت و خوای گەورە دەفەرموێت (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمْ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمْ الْعُسْرَ)[١] واتە (خوای گەورە ئاسنکاری لێتان دەوێ نەك گرانی بکات لەسەرتان.))[٢]

وە لەو کەسانەی تر کە وتەی نامۆیان کردووە بریتین لە (سید مقبول أحمد) و (خەواجە عباد الله اختر)، کە وای دەبینن: (بەدڵنییایەوە ئەو ڕۆژوەی کە فەرز و واجبە لەسەر موسڵمانان بە پێی ڕۆحی قورئان لە بیست و یەکی مانگی ڕەمەزانەوە دەست پێدەکات و بە بەیانی ڕۆژی جەژن کۆتای دێت لەبەر وتەی پەروەردگار کە دەفەرموێت (أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ)[٣] بۆیە وشەی (أيام) کۆی وشەی (يوم)، کە یەکێکە لە شێوازەکانی کۆی کەم (جمع القلة)، کە لە ژمارە سێوە دەست پێدەکات بۆ ژمارە نۆ.)[٤]

---

(١) سورەتی البقرة.

(٢) الصلاة لله لاپەڕە ١٨٥.

(٣) سورە البقرة.

(٤) سەیری (مطالعة الحديث) لاپەڕە ١٦٦-١٧٠ و مجلة البيان لاپەڕە ٢ ی ژمارەی مانگی یەکی ساڵی ١٩٥١ بکە.

گفتوو گۆکردنی

دەڵێم ئەگەر تەماشای ئەو بەڵگە پووچ و بەتاڵ و یاریکردنە ڕوون و ئاشکرایانە بە قورئانی پیرۆز بکەین، هیچ مەجالێکمان نیە تەنها ئەوە نەبێ کە بڵێین هەموو ئەوانە تەئویل و بەلاڕێدا بردنێکی ئایەتەکانی قورئانە و لابردنی قورئانە لە ژیانی ڕۆژانەی موسوڵمانانداء، لەبەر ئەوەی ڕێگەدان بە پێش خستنی ڕۆژوو لەلایەن کەسێکەوە ناووتریت کە خاوەن بیرێکی ژیرانە و تەواو بێت لەکاتێکدا ئەوان تا ئێستە دانیان بە فەرزیەت و واجب بونەکەیدا نەناوە.

وە سەبارەت بەوەی کە دەڵێن پێشینان بۆیە لە مانگی ڕەمەزاندا گرتوویانە چونکە قورئانی تێدا دابەزیوە کارێکی ڕەددکراوەیە لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت (فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ) واتە (هەرکەس لە ئێوە مانگی بینی با بە ڕۆژوو بێت) و ئایەتەکە ئاماژەیە بۆ دوپاتکردنەوەی ڕۆژو لە مانگی ڕەمەزاندا بەبێ ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ئایا قورئانی تێدا دابەزیبێت یاخود نا.

وە هەروەها دیاریکردنی ڕۆژو لە نێوان بیست و دووی مانگی دە و بیستی مانگی یانزەدا هیچ پەیوەندیەکی بە یاسا و بڕیار و تەشریعەکانی قورئانەوە نیە، بۆیە ئێمە پرسیار لە سەید و شوێنکەوتوانی دەکەین –ئەگەر هەبێت– سەبارەت بەو ئایەتەی کە بەبەڵگە دەیهێننەوە بۆ ئەم دیاری کردنە؟ کە گۆڕین و تەحریفێکی مەبەستداری قورئانی پیرۆزە و دەرخەری بێعەقڵی و ساویلکەیی خاوەن قسەکەیە و نیشانەی نەبوونی هۆشیاریەیتی بەوەی کە تۆماری کردووە لەبەر ئەوەی لەسەرەتای ئایەتەکە ئەوەی تێدایە کە هەڵوەشێنەرەوەی ئەو بۆچونەیە کە بۆی چووە و خوای پەروەردگار دەفەرموێت (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنْ

الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمْ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمْ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[1]

واتە (مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی پیرۆزی تێدا دابەزیوە کە هیدایەت و ڕێنموونیکەرە بۆ مرۆڤایەتی و هەرکەس لەئێوە مانگی بینی با بەڕۆژوو بێت و هەرکەس نەخۆش بوو یان لە سەفەردا بوو با لە ڕۆژانی تردا بیانگرێتەوە و خوای گەورە ئاسانکاری لێتان دەوێ و نایەوێ گران و ناڕەحەتی بکات لەسەرتان بۆ ئەوەی ئەو ماوەی مانگە تەواو بکەن و پاشان خوا بەگەورە بگرن و الله اکبر بکەن لە جەژناندا لەسەر ئەوەی ڕێنمونی کردوون و سوپاسگوزاربن بۆ خوای گەورە.)

بۆیە ئاسانکاریەکە بۆ ئەوە هاتوە کە ڕێگە بدات بە نەخۆش و ڕێبواران بە نەگرتنی ڕۆژوو لە ڕەمەزاندا لەبەر ئەو بەهانەیان، لەگەڵ گرتنەوەی ڕۆژووەکە لە ڕۆژانی تردا کە عوزر و بەهانەکەی نەما، وەك ئاسانکاریەك بۆ ئەوەی تیایدان، نەك گواستنەوەی ڕۆژوو لە ڕەمەزانەوە بۆ مانگی دە و یانزەی زایینی.

وە ئەوەی زۆر گرنگ و قسەبڕە ئەوەیە کە ئایەتەکە بەڵگەیەکی قسە هەڵنەگرە بۆ ڕۆژووگرتن لە مانگی ڕەمەزاندا (شَهْرُ رَمَضَانَ ..... فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ) هەرچەندە ئەو کەسانە گۆڕیویانە بۆ مانگەکانی ساڵی زایینی هەتاوی، وە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەڵگەش تەنها بریتیە لە قورئان بە تەنها، ئایا هاوشێوەی ئەم کارانە ئەگەر پێچەوانەی ئاشکرای قورئانی پیرۆز نەبن ئەی چ پێچەوانەیەتی؟!!

(١) سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٥.

وە سەبارەت بە کۆمەڵەی دواین کە دەڵێن ڕۆژو فەرزە لە دە ڕۆژەکەی کۆتای مانگی ڕەمەزاندا، ئەمانیش ترسناکییان لەوانی پێشوو کەمتر نیە، وە سەید مقبول دەستیکرد بە وتنی قسەکانی سەبارەت بە ڕۆژو لە کاتی ژیانی خواجە احمد الدین دا کە کاتێ سید کتێبی (مطالعة حديث)ی بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٣٢ دا، کە وای کرد لە خواجە وەڵامی ئەم بۆچوونە پێچەوانە ئاشکرای قورئانەی باتەوە و بڵێت (هەندێ لە خەڵکی وای بۆچوون کە مەبەست لە (أياما معدودات) بریتیە لە ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ، بەڵام ڕاستی ڕوون دەبێتەوە کە ووشەی (الصيام) لە ووتەی پەروەردگاردا کە دەفەرموێت (كتب عليك الصيام)[1] سەرچاوەیە (المصدر)، وە ووشەی (أياما معدودات) لە حاڵەتی نەصبدایە و تەواوکەری ئەو سەرچاوەیە (المصدر)، وە ئەگەر وای دانێین ڕاست بێت کە (أياما معدودات) خۆی بکەر بێت هێشتا بەڵگەی ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ نیە، لەبەر ئەوەی فەرمانەکانی جێبەجێکردن بۆ تەواوکردنی ژمارەکە و ڕێپێدان بە جووت بوون لەگەڵ هاوسەردا لە شەودا و ڕێێ نەدانی لە کاتی ئیعتیکافدا، هەموو ئەم کارانە دەبن بەشتێکی بێ بەها و هیچ سوودێکیان نابێت، بۆیە سەلێنرا کە (أياما معدودات) تەواو کەرە(مفعول به)، وەلەوەش زیاتر جێناوی ووشەی (فليصمه) دەگەڕێتەوە بۆ (شهر) و ئەو دیاریکردنە بە سێ ڕۆژ بەدرۆ دەخاتەوە.

وە سەبارەت بەوەی کە دەڵێن کۆی کەم(جمع القلة) هاتوە لەو شوێنەیا ، ئەوە بۆ هاندان بوە چونکە ڕۆژوو کاتێکی درێژ نیە، بەکار هێنانی کۆی کەم (جمع القلة) لە شوێنی زۆر (الكثرة) و زۆر (الكثرة) لە جێگەی کەم (القلة) بابەتێکی کارپێکراوە لە

(١) سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٣ .

قورئانی پیرۆزدا، هەروەك چۆن خوای گەورە دەفەرمویّت (ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ)[١] ووشەی (القرؤ) کۆی زۆرە (جمع الكثرة) هەرچەندە دەستەواژەی سێ لەگەڵ هیچی تردا نایەت جگە لە کۆی کەم نەبێت (جمع القلة).[٢]

وەڵامی خواجە بۆ خاوەنی ئەم وتەیە کە دەڵێت ڕۆژو لە دەڕۆژی کۆتای مانگی ڕەمەزاندایە لە سێ خاڵی سەرەکی پێك دێت:

١ـ (أياما معدودات) تەواوکەرە (مفعول به) و تەواوکەریش ئاماژە بە ژمارە ناکات بەڵکو ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات کە ڕوداوەکەی بەسەردا هاتوە.

٢ـ کۆی کەم و زۆر (جمع القلة و الكثرة) بەڵگە نین لەسەر ژمارە، بەڵکو هەردووکیان لەبری یەکتری بەکاردێن.

٣ـ ووتەی پەروەردگار (فليصمه)بەڵگەیەکی قسەبڕە لەسەر ڕۆژوی مانگێك لە مانگەکانی سال، نەك سێ ڕۆژ لەبەر ئەوەی جێناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (الشهر) لە ئایەتی (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ)[٣]

گفتووگۆی بۆچوونی خواجەمان کرد لە خاڵی کۆتایی لە پێشدا کە دەتوانی بۆی بگەڕێنەوە، وە خەواجە لەبری ئێمە وەڵامی (سید مقبولی) دایەوە، هەروەك چۆن (محمد حسين عرشي) لەبری ئێمە وەڵامی (عبادالله اختر) داوەتەوە، بە ئاماژەکردن

(١) سورەتی البقرة.

(٢) تفسير بيان للناس بەرگی ٢ لاپەرە٧٧٢ـ٧٧٣

(٣) سورەتی البقرە ئایەتی ١٨٥.

و پیشاندانی ژمارەیەك لە نموونە قورئانیەکان کە بەشێوەی کۆی کەم (جمع القلة) هاتوون و ناکرێ بکرێنە بەڵگە بەو شێوەیە .[1]

❁❁❁

(١) وەك (أصحاب الجنة) (أصحاب النار) (أربابا من دون) هەموو ئەم (أصحاب) و (أرباب) کۆی کەمن (جمع القلة) ناکرێ سنووردار بکرێن لە نێولن ژمارە سێ بۆ نۆ دا . بۆ زیاتر بگەڕێوە بۆ (مجلة البيان) لاپەرە ٤ ی ژمارەی مانگی یەکی ساڵی ١٩٥١ .

دووەم
مامەڵەکردن وموعامەلات

ووتەکانیان سەبارەت بە سنورە شەرعیەکان:

(الحدود) کۆی ووشەی (حد)ە لە زمانەوانیدا و واتای ڕێگریە، لە شەرعیشدا واتا (سزایەکی دیاریکراوە بۆ مافێکی خودای گەورە.) [1] قورئانی پیرۆز و سونەت سزای سنورداری دیاریکردووە بۆ تاوانێکی دیاریکراو کە پێی دەوترێت سنوورەکان. تاوانەکان وەك داوێن پیسی و دزی و سەرخۆشی و تۆمەت دروست کردن و دژایەتی دینی خوا و هەڵگەڕانەوە و ستەم کردن.

بۆ چوونی بەناوقورئانیەکان سەبارەت بەم سنورانە دابەشبوون بەسەر دوو کۆمەڵدا:

١ـ عبدالله و ئەوانەی لایەنگرین دان بەزۆربەی سزای ئەم سنور و تاوانانەدا دەنێن، بەو شێوە دیاریکراوەی کە لە شەرعدا هاتوە و هەوڵیانداوە ئایەتی قورئان بکەن بە بەڵگە، بەڵام بە بەلاڕێدابردن یاخود گۆڕینی واتاکانی.

٢ـ ئەوانەی دوای ئەوان تەنها دان دەنێن بەو سزایانەی کەلە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە وەك داوێن پیسی و تۆمەتبارکردن و دزی و دژایەتی دینی خوا، بە بێ دانپێدانان بە سزای سەرخۆش و هەڵگەڕاوە لەدین لەبەر ئەوەی سزاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سوونەت بەبێ ئەوەی قورئان ئاماژەی بۆ کردبن.

---

(١) الفقه على المذاهب الاربعة بەرگی ٥ لاپەڕە ٨.

ئەوەی گرنگە بڵێم لەلای ئەمانەی دوایی لە بەناو قورئانیەکان یەکڕانین لەسەر ئەو سزایانەش کەلە قورئاندا هاتوون-ئەوەی من بزانم- جگە لە سزای کەسێك کە کەسێکی تۆمەتبار کردبێت بە داوێن پیسی و سزای دژایەتی دینی خوا، بەڵام سەبارەت بە داوێن پیسی و دزی ڕاجیای هەیە لە نێوانیاندا کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین.

لەژێر ڕۆشنای ئەوەی باسمان کرد دەتوانین ئەو سزایانە دیاری بکەین کە لە نێو بەناو قورئانیەکاندا ڕاجیای و لەنێو موسوڵمانانداا کۆدەنگی لەسەرە، وە ئەو سزایانەی کە ڕاجیان لەگەڵ موسوڵمانانداا لەم سزایانە تێناپەڕێت: سزای داوێن پیسی هاوسەردار و سەرخۆش و دزی و هەڵگەڕاوە لە دین.

لێرە بەدواوە دەچینە سەر باسکردنی ئەم چوار سزایە و باسی بیروڕای بەناو قورئانیەکان دەکەین و بەراوردی دەکەین بە بیروباوەڕی ئیسلامی دروست.

یەکەم: سزای داوێن پیسی

پەرۆیز و هاوڕێیانی بەلاغی قورئان(بلاغ القران) باسی داوێن پیسی و سزاکەیان کردوە بەم شێوەیە و دەڵێن: (قورئانی پیرۆز ڕێگری لە هەموو شێوەکانی پەیوەندی جنسی کردوە و بە داوێنپیسی ناوی بردووە جگە لە هاوسەرگیری شەرعی نەبێت.)[1]

(وەلە قورئانی پیرۆزدا بەردباران کردنی داوێن پیسی هاوسەردار[2] باس نەکراوە و لەسەر ئەم بنەمایەش سزاکەی زیاتر نیە لە سزای کە سێکی داوێن پیس.)[1]

---

(١) تبویب القران بەرگی ٢ لاپەرە ٨٥١، وروایت افك کاتجزیە لاپەرە ١٤.

(٢) عبدالله سزای هاوسەرداری بە لە سێدارەدان داناوە و ئایەتی: [إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ] [المائدة: ٣٣] دەکات بەبەڵگە و دەڵێت(خەڵکی مزگەوتی چرار و ڕێگەبڕان و داوێنپیسی هاوسەردار و

وە شێوەکانی داوێن پیسی لەلای کۆمەڵەی (بەلاغی قورئان) بریتین لە نێربازی و دەستبازی ژن لەگەڵ ژن و چوونە لای ئافرەت لە دواوە و دەستپەڕ و چوونە لای حەیوانات و گیانداران.

وە وتەی هەردوو کۆمەڵەکە دژیەکن بۆ سەلماندنی سزای داوێن پیسی بە شایەتیدان، کۆمەڵەی (بەلاغی قورئان) دانی پێدا دەنێن و پەرۆیز ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێت: (هیچ نەهاتوە بۆ سەلماندنی داوێن پیسی بە شایەتیدان لە قورئانی پیرۆزدا.)

وە سەبارەت بەووتەی پەروەردگار کە دەفەرموێت (وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ)

پەرۆیز بەشێوەیەك تەفسیری دەکات لە بەڵگە بوون بۆ سەلماندنی داوێن پیسی بە شایەتیدان دەریدەکات و ووشەی (فاحیشە) بەو کردارانە ڕاڤە و تەفسیر دەکات کە سەردەکێشن بۆ داوێن پیسی، وەك وشەی نەشیا و جنسی و هاوشێوەکانی. وە ئەو شایەتیدانەی کەلە ئایەتەکەدا هاتوە بە مەرجێك بۆ سزای ئەو ئافرەتانە دادەنێت کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن.

دەتوانین ئەوەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا کورت بکەینەوە بەم شێوەیە:

نێربازان هەموویان لە خراپەکارانن لە زەویدا، کە خوای گەورەش بەباشترین شێوە ووتویەتی کە پاداشتی خراپە هەر خراپەیە بەهاوشێوەی خۆی، هاوسەردارەکان دەکوژرێن و نێربازان لەخاچ دەدرێن و ڕێگا بڕەکان دەست و قاچیان دەبڕرین بە پێچەوانەی یەکترەوە) ترجمة القران بەرگی ٦ لاپەڕە ٣٨.

(٣) تبویب القران بەرگی ٢ لاپەڕە ٨٥٠، و گۆڤاری بلاغ القران لاپەڕە ٢٢ ژمارەی مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٩زاینی.

١ . هەموو پەیوەندیەکی جنسی کە لەڕێی هاوسەرگیری شەرعیەوە نەبێت داوێن پیسیە .

٢ . سزای داوێن پیسی بەهەموو جۆرەکانیە جگە لە لێدانی سەد قامچی زیاتر نیە .

٣ . شایەتیدان داوێن پیسی ناسەلێنێ بەلای پەرویزەوە .

گفتووگۆکردنی ئەم سێ خاڵە :

یەکەم :پێناسەی داوێن پیسی:

ئەگەر تەماشای پێناسەی داوێن پیسی بکەین لە خاڵی یەکەمدا دەبینین کە زۆر جیاواز نیە لەوەی کە هەندێ لە زانایانی ئیسلام بۆی چوون، لەلای مالکیەکان بریتیە لە(جووت بوونی کەسێك لەگەڵ کەسێکی تر کە لە ڕووی شەرعیەوە بۆی ڕەوا نیە و بەمەرجێك هەردووکیان سەربەستانە ڕێکەوتبن .) وە لەلای شافعیەکان بریتیە لە (جووتبون بە دامێن لەگەڵ کەسێکدا کە لەڕووی شەرعەوە بۆی نەشێت و ئارەزووی بۆ بجوولێت .) وە لەلای حەنەفیەکان بریتیە لە (جووتبوونی پیاو لەگەڵ ژن لە پێشەوە بە بێ ئەوەی لەڕووی شەرعەوە مافیان هەبێت و هیچ گومانێکی حەڵاڵیەتی شك نەبەن بۆ ئەو کارە .) وە لەلای حەنبەلیەکان بریتیە لە (ئەنجامدانی کاری سێکسی ناشەرعی لەڕێگەی پێش یان پاشەوە بێت .) وە لەلای زاهیریەکان واتە (جووتبوونی کەسێك لەگەڵ کەسێك کە نەزەر لێی حەرام بێت و بیزانێت کە حەرامە .) وە لەلای زەیدیەکان واتە (جووتبوونی کەسێك لەگەڵ کەسێکی زیندوو کە بۆی حەرام بێت لە پێش یان پاشەوە بەبێ هەبوونی هیچ گومانێك .) [1]

---

(١) سەیری پەرتوکی (التشريع الجنائي الاسلامي) عبدالقادر عودة بکە بەرگی ٢ لاپەڕە ٣٤٩ .

هەرچەندە زانایان ڕاجیا نەبوون لەسەر ئەوەی کە ئەو داوێن پیسیەی کە سزای لەسەرە بریتیە لە جووت بوون و بردنە ناوەوەی سەری زەکەری پیاو بۆ ناو دامێنی ئافرەتێك کە لەسەری حەرام بێت و ئارەزووی بۆی هەبێ و هیچ گومانێکی هاوسەرگیریان نەبێت[1]، تەنها لەسەر ئەم شێوەی داوێن پیسی سزا هەیە و سەبارەت بە جۆرەکانی تری داوێن پیسی کە کۆمەڵی (بەلاغی قورئان) ئاماژەیان بۆکردووە هەموویان تاوانن و سزاکەیان بریتیە لە ئاگادارکردنەوە و سزای مەعنەوی، کە بەشێوەیەك نەگات بە سزایەکی جەستەی، هەربۆیە زانایان نەگەشتونەتە کۆدەنگیەك بۆ سزایەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە لە نێربازی و دەستبازی ژن لەگەڵ ژن و . . . . هتد.

دووەم: گفتووگۆی سزای داوێن پیسی:

ئوومەتی ئیسلامی یەکڕا و کۆدەنگن لەسەر ئەوەی سزای داوێن پیسی گەنج بریتیە لە سەد قامچی، وە هاوسەردار بەردباران کردنە هەتا مردن بە پێی بەڵگە لە قورئان و فەرموودە، هیچ کەس پێچەوانەی بەردباران کردن نەبوە جگە لە خەواریجەکانی (ئەزاریقە) نەبێ بە بیانووی ئاماژە پێنەکردنی لە قورئاندا[2]، بەڵام سونەتی صەحیح ئەم سزایەی سەلماندوە بۆیە پێشەوایان ڕاجیا نەبوون لەسەر بەردباران کردنی هاوسەردار ئەگەر مەرجەکانی هاوسەرداری تیا بێت لەبەر بەڵگەکان لە سونەتی ووتە و کردەوە.

---

(١) (فقه السنة)ي سيد سابق بەرگی ٩ لاپەرە ١١٠، والتشريع الجنائي بەرگی ٢ لاپەرە ٣٥٠، و كتاب الفقه علي المذاهب الاربعة بەرگی ٥ لاپەرە ٤٩، و بداية المجتهد بەرگی ٢ لاپەرە ٣٩٦.

(٢) الملل و النحل بەرگی ١ لاپەرە ١٦٤، و الفصل بەرگی ٤ لاپەرە ١٨٩، والفرق بين الفرق لاپەرە ٨٤، كه نقاو هاوڵانی له خەواریج نكۆلییوونی بەردباران كردن دەكەن فقه السنه بەرگی ٩ لاپەرە ١١٨.

بەڵگەی سونەی کرداری فەرمان کردنی پەیامبەری خوایە بە بەردباران کردنی (الاسلمي)[١] و دوو جوولەکەکە[٢]ـ پیاو ژنێك ـ و ماعز[٣]و غامدیە[٤]و جهنیە[٥] و ئەو کەسەی کە داوێن پیسی کردبوو لەگەڵ (عەسیف) دا .[٦]

وە لە سونەی گوفتاریدا، وەك ئەوەی کە هاتووە لە عبادەی کوڕی صامتەوە کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: ﴿خُذُوا عني ، قد جعل الله لَهُنَّ سَبِيلا : الْبكر بالبكر ، جلد مائَة وَنفي سنة ، وَالثَّيِّب بِالثَّيِّبِ ، جلد مائَة وَالرَّجم ﴾[٧] .

واتە(لە منی وەرگرن کە خوای گەورە رێگەیەکی بۆ داناون، داوێن پیسی گەنج لەگەڵ گەنج لێدانی سەد قامچی و دوورخستنەوەیانە بۆ شوێنێ دوور بۆ ماوەی یەك ساڵ، وە داوێن پیسی هاوسەردار و هاوسەردار لێدانی سەد قامچی و بەردباران کردنە .)

کورتەی ووتەمان ئەوەیە کە سزای بەردباران کردن سەلێنراوە بە سوننەتی کرداری و گوفتاری، جێنشینەکانی پەیامبەر ئەنجامیانداوە بەبێ ڕێگری و نکۆڵی کردنی

---

(١) صحيح البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ٢١ ، و مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١١٨ .

(٢) صحيح البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ٢٢ ، و مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١٢٢ .

(٥) صحيح البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ٢٤ ، و مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١١٧ـ١١٩

(٤) مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١١٩ .

(٥) مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١٢٠ .

(٦) صحيح البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ٢٤ ، و مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١٢١ .

(٧) مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١١٥ .

(٨) تنوير الحوالك بەرگی ٣ لاپەڕە ٤٢ .

لەلایەن هاوەڵانەوە، بۆیە سزای بەردبارانکردن کۆدەنگی نێوان ئوومەت بووە و بە سوونەت دانراوە وەك ئاماژەمان پێ کرد، وە لەقورئانیشدا ئایەتی (" الشيخ و الشيخة . . ")[1] هەبوە و نەسخ بوەتەوە لەگەڵ مانەوەی حوکمەکەی وەك لە سونەتدا ئاماژەی بۆ کراوە و کەس نکۆڵی نەکردووە و کەسیش لای بەلای نکۆڵیکارانیدا نەکردووە.

سێیەم: شایەتیدان داوێن پیسی ناسەلێنێ:

پەرۆیز شاز و نامۆ بوە لە نێو بەناو قورئانیەکاندا و نکۆڵی سەلماندنی داوێن پیسی کردوە بە شایەتیدان، ڕاڤە و تەفسیری ووشەی (فاحیشە) ی لە ئایەتی ﴿وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ﴾[2] کردوە بەو کارانەی سەردەکێشن بۆ داوێن پیسی.

ئەمەش وەك ئەوە وایە کە گومانی هەبێ قورئانی پیرۆز هیچ ئاماژەیەکی تێدا نە بێت بۆ سەلماندنی داوێن پیسی بە شایەتیدان تەنها ئەو ئایەتەنەبێ، بەڵام کاتێ سەیری قورئانی پیرۆز دەکەین بەڵگەمان هەیە لەسەر سەلماندنی داوێن پیسی بە بینین و شایەتی لەزۆر ئایەتدا، بەشێوەیەك کە هیچ ئەگەرێ هەڵناگرێ بۆ لابردن و گۆڕینی واتاکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾[3]

---

(١)

(٢) سورەتی النساء ئایەتی ١٥ .

(٣) سورەتی النور ئایەتی ٤ .

واتە(ئەوانەی کە تۆمەت بۆ ئافرەتە پاکەکان هەڵدەبەستن و ناتوانن چوار شایەت بێنن هەشتا قامچیان لێدەن .)

یان : (لَوْلَا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَئِكَ عِنْدَ اللَّهِ هُمْ الْكَاذِبُونَ)[1]

واتە (ئەی بۆچی بووختان چیەکان چوار شایەتیان نەهێنا بۆ سەلماندنی تۆمەتەکەیان و ئەگەر نەیان هێنا ، ئەوا ئەوانە لای خوای گەورە لە درۆزنانن .)

کە ئایەتی یەکەم بە ئاشکرا بڕی سزای تۆمەت درووستکەری دیاریکردووە کە ئەگەر نەتوانێت چوار شایەت بێنێت لەسەر ئەو تۆمەتەی کە دەیڵێ بە تۆمەتی داوێن پیسی و ئەنجامدانی تاوان ، کە ماناو مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەگەر توانی چوار شایەت تەواو بکات سزاکەی لەسەر نامێنێ کە هەشتا قامچیە و بەشایەتیدانی ئەوان تاوانەکە دەسەلمێ و ئەنجامدەرەکەی سزا دەدرێت .

وە ئایەتی دووەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەداوێن پیسی تەنها بە تۆمەت ناسەلێنرێ، بەڵکو دەبێت چوار شایەت هەبێت لەسەری ، لەحاڵەتی تەواو نەکردنی چوار شایەتدا تاوانەکە جێگیر نابێ و سزا نادرێ ، کە ئەم دوو ئایەتە بە ئاشکرا ئاماژەن بەوەی کە شایەتیدان بەڵگەیە بۆ سەلماندنی کاری داوێن پیسی کە مەرجەکانی شایەتیدانی تێدا بێت و پێدەچێت بەرویز چاوی داخستبێت لەم دوو ئایەتە کە بابەتی شایەتیدانیان بەڕوونی تێدایە و هیچ بەلاڕێدابردن و گۆڕینی واتایەك هەڵناگرێت .

(١) سورەتی النور ئایەتی ١٣ .

وە سەبارەت بەوەی کە لەو ئایەتەی سوورەتی(نسائدا) هاتوە کە شایەتیدانی تایبەت کردبێ بە بەڵگە بۆ ئەوکارانەی پێش داوێن پیسی ڕووەدەن، کارێکی پووچ و وەرنەگیراوە، لەبەر ئەوەی ووتەی خوای پەروەردگار لەو ئایەتەدا (أو يجعل الله لهن سبيلا) بە سوونەتی صەحیح ڕوون کراوەتەوە بە لێدانی سەد قامچی لە گەنجان و دوورخستنەوەیان بۆ ماوەی ساڵێك و لێدانی قامچی و بەردباران کردن هەتا مردن بۆ هاوسەردارەکان وەك چۆن لە فەرمودەکەی عبادەدا پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

وە لەوەش زیاتر لە سونەت هاتوە بۆ دووپات کردنەوە و جێبەجێکاری قورئانی پیرۆز بۆ سەلماندنی داوێن پیسی بە شایەتیدان، کە سەلێنراوە لە سعدی کوڕی عبادە بە پەیامبەری خوا دەفەرموێت ئایا وادەبینی کە(إِنْ وَجَدْتُ مَعَ امْرَأَتِي رَجُلا، أَأَمْهِلهُ حَتَّى اَتِي بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاْءَ ؟ قَالَ : (نَعَمْ) .)[1]

واتە (ئەگەر پیاوێکم بینی لەگەڵ خێزانەکەم گوێی پێنەدەم هەتا چوار شایەتم نەبێ، پەیامبەریش فەرمووی: بەڵێ.)

وە لە بوخاریدا هاتوە کە هیلالی ئومەیە تۆمەتی داوێن پیسی دایە پاڵ خێزانەکەی و پەیامبەری خوا پێی فەرموو (البينة أو حد في ظهرك .)[2] واتە (بەڵگە بێنە ئەگەرنا سزا لە پشتت جێبەجێ دەکرێ.) لەسەر ئەم بەڵگانە و چەندین بەڵگەی تر

(١) رواه المسلم بەرگی ٤ لاپەڕە ٢١٠ .

(٢) البخاري بەرگی ٦ لاپەڕە ٤ .

موسوڵمانان ڕاجیا نەبوون لەسەر ئەوەی کە داوێن پیسی بە شایەتیدان دەسەلمێنرێ بەمەرجە زانراوەکانیەوە[١]، وەك چۆن بە دان پێدانانیش جێگیر دەبێ.

وە ئەوەی من بزانم بەرویز تەنها کەسی لادەرە کە نکۆڵی سەلماندنی داوێن پیسی بکات بە شایەتیدان لەنێو ئەوانەی کە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن. کەسی ترم نەدیوە لەنێو سەرچاوە ئیسلامیەکانیشدا لە هەموو کۆمەڵەکانی پێشین و دواین.

دووەم: سزای شەراب خواردن

خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)[٢]

واتە(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە شەراب و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ جگە لەخوا لەو شوێنانەی کە لای خەڵکی پیرۆزن نەك ئیسلام و بورج بە حەڵاڵ و حەرام زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە، ئەمانە هەمووی پیسن و لە کار و کردەوەی شەیتانن و لێیان دوور بکەونەوە سەرفراز دەبن لە هەردوو دونیادا، ئایەتی: (إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ) . واتە: (بەڕاستی شەیتان هەر دەیەوێت لەڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و ڕق و کینە بخاتە نێوانتان و لە زیکر و یادی خوای گەورە

(٣) بۆ زیاتر لەسەر مەرجەکانی شایەتیدان سەیری (مدخل الفقه الجنائي الاسلامي) أحمد فتحي بهنسي لاپەڕە ٥٦ بکە، بداية المجتهد بەرگی ٢ لاپەڕە ٤٠١، والفقه علي المذاهب الاربعة بەرگی ٥ لاپەڕە ٧٠، و الفقه السنة بەرگی ٩ لاپەڕە ١٣، و التشريع الجنائي بەرگی ٢ لاپەڕە ٣٩٦ بکە.

(٢) سورەتی المائدة ئایەتی ٩٠-٩١.

دوورتان بخاتەوە و لە ئەنجامدانی نوێژەکان تەمەڵتان بکات و ئایا ئیتر بەس نیە وِ واز ناهێنن.)

هەموو موسوڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی بەپێی ئەم دوو ئایەتە خواردنی ئارەق حەرامە، پێویستی بە سزایە بۆ ئەو کەسانەی دەیخۆنەوە بە پێی سونەتی صەحیح بەڵام ڕاجیان لەسەر سەرخۆشکەرانی تری جگە لە ئارەق، کە ڕای جمهور و زۆرینەی زانایان ئەوەیە کە خواردنی سەرخۆشکەرەکان کە ئەگەر ئارەق بێت یان هەرجۆرێ تر و لەهەر ماددەیەك بێت پێویستی بە سزایە، بەڵام لای حەنەفی مەزهەبەکان سزا نیە تەنها بۆ خواردنی ئارەق (خمر) نەبێت کە ئەویش بریتیە لە (ئاوی تریێ کە کاتیێ دەگەنیێ.)[1]

وەبەناو قورئانیەکان خواردنی ئارەق و شەراب بە حەرام دەزانن وەك موسوڵمانان[2]، کە پەرۆیز بە ئاشکرا خواردنی هەموو سەرخۆشکەرێکی حەرام کردبوو و بەڕێگە پێنەدراوی دەزانی تەنها بۆ کاتی پێویست نەبێت[3]، وە ووتەی بەناو قورئانیەکانی دواین ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز هیچ جۆرە سزایەکی دانەناوە بۆ ئەم تاوانە و خۆیان ئیجتیهادیان کردوە بۆ سزادانی ئەنجام دەرانی، کۆمەڵەی (بەلاغی قورئان) دەڵێن (سزای ئەو کەسانەی شەراب دەخۆن قامچی لێدانە، وە

(١) تشریع الجنائي بەرگی ٢ لاپەڕە ٤٩٨.

(٢) (ادارة بلاغ القران شرا أزروئی قران لاپەڕە ٢، و تفسیر بیان للناس بەرگی ٢ لاپەڕە ٦٩٦.)

(٣) قرأنی فیصلی بەرگی ٣ لاپەڕە ١٩٩، بەرگی ١ لاپەڕە ٢٤٥، و قرانی قوانین لاپەڕە ١٣٦، و تبویب القران بەرگی ٢ لاپەڕە ٦٩٦.

دەوڵەتی ئیسلامی بەدەست خۆیەتی ژمارەی قامچیەکان دیاری بکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی باروودۆخ و هەلومەرج و جۆری کەسەکان.)[1]

وە پەرۆیز وای بۆچووە کە (قورئانی پیرۆز هەندێ شتی حەرام کردوە و هەندێکیشیانی بە تاوان و دەستدرێژی وێنا کردوە و فەرمانی بە دوورکەوتنەوە کردوە لێیان، بۆیە سزای ئەم هەموو تاوانانە دەگۆڕێ بە پێی جیاوازی تاوانەکە بەپێی هەموو یاسایەك.....، بۆیە واجبە لەسەر ئەو لیژنەیەی کە تایبەتن بەدانانی یاسا ئیسلامیەکان لەکاتی دانانی یاساکاندا جۆری تاوانەکە و پلەکەی دیاری بکەن بۆ ئەوەی دەست بگیرێت بە سزاکەیەوە لەژێر ئەو ڕۆشناییەدا.)[2]

ئەوەی ووترا دەتوانین کورت بکەینەوە بۆدوو خاڵ:

١. سزای شەرابخۆر بریتیە لە قامچی لێدان لەگەڵ جێهێشتنی بڕی ژمارەی قامچیەکان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی.

٢. شەرابخۆر سزای لەسەرە بەڵام سزاکەی دەوەستێنرێ هەتا دامەزراندنی دەوڵەتێکی قورئانی و دانانی یاساکانی.

گفتووگۆکردنی:

لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ بیرووڕای کۆمەڵە کۆنەکان دەبینین کە نجدەی کوڕی عامری حەنەفی کەیەکێك بوو لەسەرانی خەواریج سزای شەرابخواردنی لەسەر

---

(١) شراب ازروئی قران لاپەڕە ٣.

(٢) قرانی فیصلی بەرگی ١ لاپەڕە ٢٤٤، وە بەرگی ٣ لاپەڕە ١٩٨.

هاوەڵانی هەڵگرتبوو، بە بیانووی نەبوونی بەڵگە لە قورئانی پیرۆزدا[١]، وە موبشر بن حرب المعتزلی وای دەبینی کە کۆدەنگی هاوەڵان لەسەر سزای شەرابخۆر هەڵەبوە لەبەر ئەوەی پەند لە سزاکان بریتیە لە بوونی دەقێکی چەسپاوی نەگۆڕ.[٢] نکۆڵیکردن لە سزای شەرابخواردن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکی کۆچی لەلای موعتەزیلە و خەواریجەکان، کە پێشینی بەناو قورئانیەکانن، هەردوو لایان هەمان گومانیان هەیە، کە ئەویش نەبوونی ئاماژەیە لە قورئاندا بۆ ئەو سزایە، بەڵام دەبینین زانایان یەکدەنگن کە سزای شەرابخۆر لە چل قامچی کەمتر نیە لەبەر ئەوەی پەیامبەری خوا کەسێك هێنرا بۆ لای کە شەرابی خواردبوو، چل قامچی لێدا، وە گێڕەرەوەی فەرمودەکە دەڵێت دوای وەفاتی پەیامبەری خوا ئەبوبەکریش ئەنجامی دەدا و دوای ئەویش کاتێ عومەر ڕاوێژی بە خەڵکی کرد، عبدالرحمن فەرمووی سوکترین سزا هەشتا قامچیە، بۆیە عومەریش فەرمانی کرد بە هەشتا قامچی.[٣] وە لە صحیحی موسلیمدا هاتوە کە عوسمان ﷺ کوڕی عەفان، وەلیدﷺ هێنرا بۆ لای کە دوو ڕکاتی نوێژی بەیانی کردبوو، پاشان ووتی ئایا زیاتر بکەم بۆتان؟ دوو پیاو شایەتیان لەسەریدا...، پاشان وتی ئەی عبدالله ی کوڕی جەعفەر هەستە و قامچی لێبدە، ئەویش قامچی لێدا، عەلی ﷺ کوڕی ئەبو تالب دەیژمارد تاگەشت بە چل قامچی و وتی بەسە، پەیامبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر ﷺ چل

---

(١) الفرق بين الفرق لاپەڕە ٨٩، و أصوا الدين لاپەڕە ٣٣٤، وە شەهرستانی وای دەبینێت کە نەجدە زۆر تۆند بوە لەسەر سزادانی شەرابخۆر سزایەکی تۆند سەیری الملل بکە بەرگی ١ لاپەڕە ١٦.

(٢) الملل بەرگی ١ لاپەڕە ٧٥.

(٣) رواه المسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١٢٥، و سنن ابي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ١٦٣ و الدارمي مختصرا بەرگی ٢ لاپەڕە ١٧٥.

قامچیان لە شەرابخۆر داوە و عومەر ﷺ هەشتا کە هەموویان سونەتن بەڵام من ئەمەیانم بەلاوە خۆشەویست تر بوە کە چل قامچی لێدەن .)[1]

وە لە سونەنی ئەبو داودا هاتوە کە خالیدی ﷺ کوڕی وەلید نامەی نووسی بۆ عومەر ﷺ بەم شێوەیە :

(خەڵکی کەوتونەتە ناو شەرابخواردنەوە و سنور و سزاکەی بەکەم دەزانن، وە لەلای تۆ شارەزا زۆرە و پرسیاریان لێ بکە لە موهاجیرینە یەکەمینەکان، لێیان بپرسە، ئەوانیش کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی بڕی هەشتا قامچیان لێ بدرێت .

وە هەروەها لە عەلییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویتی کەسێك کە شەراب دەخواتەوە درۆ و بووختان دەکات، وای دەبینم کە سزاکەیان وەك سزای بووهتانکەر بێت کە هەشتا قامچیە .)[2]

بەسەیرکردنی ئەم بەڵگەیە و هاوشێوەکانی زانایان ڕاجیان لەسەر بڕی سزای کەسێکی شەرابخۆر، مەزهەبی زۆرینە هەشتا قامچیە، لەبەر کۆدەنگی هاوەڵان لەسەری، کۆدەنگیش یەکێکە لەسەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی، وە شافیعی و ابو سەور و داود زاهیری دەڵێن سزاکە چل قامچیە، چونکە ئەوەیە کە لە سەردەمی پەیامبەر ﷺ و ئەبوبەکر ﷺ و لە سەرەتای خەلافەتی عمر ﷺدا کاری پێکراوە، ڕێپێدراو نیە واز لێهێنانی و کۆدەنگی نابێ پێچەوانەی دەقێکی شەرعی بێت . [3]

---

(١) رواه المسلم بەرگی ٥ لاپەرە ١٢٥ ، و سنن ابي داود بەرگی ٤ لاپەرە ١٦٣ و الدارمي مختصرا بەرگی ٢ لاپەرە ١٧٥ .

(٢) بەرگی ٤ لاپەرە ١٦٦ .

(٣) التشريع الجنائي بەرگی ٥ لاپەرە ٥٠٧ ، و الفقه على المذاهب الأربعة بەرگی ٥ لاپەرە ٣٢

وەلەڕاستیدا دەکرێ کۆدەنگیەك لەنێوان هەردوو ووتەکەدا بکەین، که سزاکه چل بێت و لەسەروی ئەو چلەشەوه بۆ چاوترسانی زیاتر بێت هەتا دەگات به هەشتا قامچی که ئەمەش کۆکردنەوەیەکی جوانه هەندێ له زانایان ئاماژەیان بۆ کردووه. (١)

بەم شێوەیه ڕوون بوێەوه که سزای شەرابخۆر دیاریکراو و زانراوه له شەرعی خوادا، هیچ بژاردەیەك لەبەردەست دەوڵەتی ئیسلامیدا نیه له دیاری کردنی جۆری سزاکه و ژمارەی قامچیەکان مەگەر له ژێر ڕۆشنایی ئەوەدا نەبێت که له پێشەوه ئاماژەمان پێدا.

سێیەم: سزای دزیکردن

ابن رشد دەڵێت: (دزی بردنی ماڵێکه به نهێنی له کەسێکی تر بەبێ ئەوەی پێی ڕاسپێردرابێت.)(٢)

سزای ئەم تاوانەش بۆ ئەنجامدەرەکەی بریتیه له بڕینی دەستی ڕاستی له مەچەکیەوه چونکه خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنْ اللَّهِ وَاَللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (٣)

واتە(دزیکەرانی نێر و مێ دەستەکانیان ببڕن لەپاداشتی ئەو تاوانەی دەیکەن، ئەمەش سزایەکه لەلایەن خواوه که بەڕاستی خوایەکی دانا و بەدەستەڵاته.)

---

(١) التشريع الجنائي بەرگی ٥ لاپەڕە ٥٠٥ ، و الفقه علي المذاهب الأرلعة بەرگی ٥ لاپەڕە ٣٢

(٢) بداية المجتهد بەرگی ٢ لاپەڕە ٤٠٨ .

(٣) سورەتی المائدة ئایەتی ٣٨ .

هیچ کەس دژایەتی سزای بڕینی دەستی دزی نەکردوە لەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام- ئەوەی من بزانم- بەبڕینی ئەو ئەندامە دیاریکراوەی ئایەتەکە، وە کارپێکردنی پەیامبەری خوا و جێنشینەکانی دوای خۆی، جگە لە بەناو قورئانیەکانی ئەم دواییە نەبێت، پەرۆیز دەڵێت: (سزا دزی بڕینی دەستە و بڕینیش بۆ بڕین و لێکردنەوە بەکاردێ هەروەك چۆن بۆ ڕێگری کردن لە شتێکیش بەکاردێت وەك بڕینی ڕێگە وبڕینی زمان و بڕینی پەیوەندی خزمایەتی، وەك ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿قَطَعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾ [1] واتە (ڕێگری کرد لێیان لە خواردن نەك ئەوەی کە دەستی خۆیان قرتاند بێت.)

دەردەکەوێت ئەوەی کە باسکرا مەبەست لێی بڕین و لێکردنەوە نیە بەڵکوو سزادانی تاوانباڕە بە شتێك کە ببێتە بەربەست لەوەی ئەو تاوانە ئەنجام بداتەوە، وە سەبارەت بە دزی و جۆری سزاکەی ئەوا دیاریکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی.) [2]

وە کۆمەڵەی(بەلاغی قورئان) دەڵێن: (مەبەست لەووتەی پەروەردگار (فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا) بریتیە لە بڕینی ئەوپاڵنەرانەی وای لێکردوە ئەو دزیە بکات، وە بە واتایەکی تر ئاگادار کردنەوەی دەستەڵاتدارانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکانە بۆ دابین کردنی پێداویستی ژێر دەستەکانیان..، دەست لێرە بەمانای هێز دێت، وەك ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُد ذَا الْأَيْدِ﴾ [3]

واتە(با بارودۆخی بەندەیەکی خۆمانت بەیاد بێنینەوە کە خاوەن دەستەڵات بوو.)

---

(١) سورەتی یوسف ئایەتی ٣١.

(٢) تبویب القران بەرگی ٢ لاپەرە ٨٨٠.

(٣) سورەتی ص ئایەتی ١٧.

بۆیە بڕین بۆ واتای لێکردنەوە و ڕێگری کردن دێت . . . . . ،لێرە واتاکەی ئەوەیە کە هێز و دەستەڵاتی دزیکەرانی ژن و پیاو ببڕن کە وای لیکردوون دزی بکەن، ئەگەر هیچ چارەسەرێك نەبوو بە سزا دەستەڵاتیان مەیەڵن و بە زیندانی کردن چارەسەریان بکەن بە پێی بڕی ئەو دزیەی کە کردوویانە و خواش زاڵ و دادگەری ڕەهایە، بەڵام بڕینی ئەندامێکی لاشە سزایەکی درندانەیە و ئایەتەکە بەهیچ شێوەیەك مەبەستی نیە و نەبوە .)[1]

کورتەی ووتەیان لەپێشەوە باسمان کرد ئەوەیە کە :

١ـسزای دزیکردن واتە نەهێشتنی دەستەڵات و توانای، بە سزادانی تاوانبار بەوەی کە ڕێگری بکەیت لەوەی ئەو تاوانە بکات، نەك بە بڕینی دەستی .

٢ـبڕینی دەست لە دزیدا واتە بڕینی ئەو هێزەی کە وای کردوە دزی بکات، بە دانانی بەربەست لەبەردەم هۆکارەکانی دزی و ڕێگری لێکردن و باشکردنی بە زیندانی کردن .

گفتووگۆکردنی :

وا نازانم کە هیچ کەسێك ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە بەلاڕێدا بردبێ و تەئویلی کردبێ، کە بەناو قورئانیەکانی دوایین لێیانەوە وەریان گرتبێ، بە تێڕامان لە سەرچاوەکانی تەفسیر و فیقە و کۆمەڵەکان[2] ئەوەی کە لەو سەرچاوانەوە دەستم کەوت بریتی بوو لە :

---

(١)گۆڤاری بلاغ القران لاپەڕە ١٨ـ١٩ ژمارەی ساڵی ١٩٧٩ زایینی، نظام المصطفي لاپەڕە٧ .

(٢) تفسير الطبري بەرگی ٦ لاپەڕە ٢٢٨ ، والرازي بەرگی ١١ لاپەڕە ٢٢٢ ، والكشاف بەرگی ١ لاپەڕە ٦١١ ، و ابن الكثير بەرگی ٢ لاپەڕە ٥٥ ، و حاشية الشهاب على البيضاوي بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٤١ ، و روح المعاني بەرگی ٦ لاپەڕە ١٣١ ، و تفسير الجواهر بەرگی ٣ لاپەرە ١٨٠ ، و التشريع الجنائي بەرگی ٢ لاپەڕە ٦٢٢ ، و

١ـ سەرسام بوونی معری شاعیر بوە بە بڕینی دەستی دز بە دزیەکی کەم ، سەرەڕای سەرسامبوونی بە خوێنبایی بڕینی دەستێك کە دەڵێت :

يد بخمس مئين عسجد وديت فما بالها قطعت في ربع دينار

تحكم ما لنا الا الســـكوت لة و أن نعوذ بمولانا من النـــار[١]

٢ـ وە شیعەی زەیدی وای دەبینن کە :

أ ـ پێشەوا لەگەڵ واجب بوون لەسەری کە هەستێت بە ئەنجامدانی ئەم سزایە بەڵام مافی ئەوەشی هەیە کە سزاکە جێبەجێ نەکات بەسەر هەندێك کەسدا ، لەبەر بەباش زانینێك یان دوای بخات بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەبەر بەرژەوەندیەك .

ب ـ سزای بڕینی دەست لەکاتی لێخۆشبوونی خاوەن مال جێبەجێ ناکرێ . [٢]

٣ـ وە شیعەی ڕافیزەی دوانزە ئیمامی وای دەبینن بڕینەکە تەنها چوار پەنجەکانی دەستە و دەبێ پەنجە گەورەکەو لەپی دەستی بۆ بهێڵرێتەوە . [٣]

٤ـ وە ئەزاریقە خەواریجەکان وای دەبینن بڕینەکە لە بن باڵەوە بێت نەك لەمەچەکەوە . [٤]

كتاب الفقه على المذاهب الاربعة بەرگی ٥ لاپەڕە ١٥٣ ، و بداية المجتهد بەرگی ٢ لاپەڕە ٤٠٨ ، و فقه السنة بەرگی ٩ لاپەڕە ٣٠٨ ، والملل و النحل و الفرق بين الفرق و الفصل فی فرق المعتزلة و الخوارج و الشيعة .

(١) روح المعاني بەرگی ٦ لاپەڕە ١٣٤ ، کە تیایدا بەشێوەی هۆنراوە و ووتە وەلامی داوەتەوە .

(٢) التشريع الجنائي بەرگی ٢ لاپەڕە ٦٢٢ ، و فقه السنة بەرگی ٩ لاپەڕە ٣٠٩ .

(٣) روح المعاني بەرگی ٦ لاپەڕە ١٣٢ ، و التشريع الجنائي بەرگی ٢ لاپەڕە ٦٢٨ .

(٤) الفصل بەرگی ٤ لاپەڕە ١١٩ .

بەڵام نەمانبینوە نکۆڵی ئەو سزایە بکرێت بەو ئاسانیەی هاوشێوەی نکۆڵیکردنی بەناو قورئانیەکانی دواین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئایەتەکە دەبینین بانگەشەکەیان ڕەت دەکاتەوە و بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی بۆی چوون لەبەر ئەم هۆکارانە:

١ـ نابێت هیچ ووتە و دەستەواژەیەك لەمانای ڕاستی خۆی لابدەین بۆ مانایەکی خوازراو مەگەر لەکاتێکدا نەتوانین بەمانا ڕاستیەکەی خۆی وەری بگرین، لەگەڵ بوونی بەڵگەیەك کە بەڵگە بێت بۆ ئەو لادانی مانایە، لەو ئایەتەدا هیچ ڕێگرێك نیە لەوەی ماناکەی بە ڕاستی و حەقیقەتی خۆی وەرنەگرین، بەڵکو دەبینین سونەت ئەو سزایەی بە کردار ڕون کردوەتەوە، وە هیچ دەرفەتێکی نەهێشتوەتەوە بۆ گۆڕین و لادانی مانا ڕاستەکەی کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین.

٢ـ ووتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنْ اللَّهِ وَاَللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[1]

وەڵامی ئەو تەئویل و گۆڕینی واتایەیان دەداتەوە، چونکە ئەگەر مەبەست لێی بڕینی ئەو دەستەڵاتە بێت کە بوەتە هۆی دزیەکە، بەپێی ئەو بانگەشەیەی ئەوان دەیکەن ئەوا هیچ پێویست بە ووشەی پاداشت و هەقدەست نەدەبوو بەڵکو پاداشت و بەخشین دەبوو، وە ئایەتەکەش گونجاو نەدەبوو کە بە (عَزِيزٌ حَكِيمٌ) واتە (خوای گەورە خاوەن دەستەڵات و دادگەری ڕەهایە) کۆتای بێت چونکە بەپێی ئەو واتایەی ئەوان خوای گەورە خاوەن دەستەڵات و دادگەر نەدەبوو، لەبەر ئەوەی کارەکانی لە جێگەی خۆی دانەناوە، پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەو جۆرە کارە، بۆیە

(١) سورەتی المائدة ئایەتی ٣٨.

کاتێ که أصمعی ئەم سورەتەی دەخوێندەوە و کەسێکی دەشتەکی لەگەڵ بوو لە لادێوە هاتبوو، هەڵەی کرد و ئەو بەشەی ئایەتەکەی لە کۆتای ئایەتەکەدا بە (وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) خوێندەوە واتە (خوای گەورە لێخۆشبوو و میهرەبانە) و دەشتەکیەکە اصمعی وەستان و وتی: ئەمە وتەی کێیە؟ اصمعیش وتی وتەی خوای گەورەیە و دەشتەکیەکە وتی دووبارەی بکەوە، اصمعیش وەك یەکەمجار خوێندیەوە، دەشتەکیەکە ئاگاداری کردەوە و هەڵەکەی بۆ ڕاست کردەوە، دەشتەکیەکە بە اسمعی وت ئێستە پێکات، اصمعی وتی پێم وت چۆن زانیت؟ ئەویش وتی ئەوە دەبێ خاوەن هێز و دادگەر بێت کە فەرمان بە بڕین بکات ئەگەر لێخۆشبو و میهرەبان بێت چۆن دەبێ لەهەمان ئایەتدا فەرمان بە بڕین بکات. [1]

٣ـ لە سوونەتی کرداری و گووفتاریدا جێبەجێکردن و ڕوون کردنەوەی ئایەتی دزی هاتوە وەك:

أـپەیامبەری خوا فەرمانی کردوە بەبڕینی دەستی (المخزومية)[2]و دزیکەری قەڵغانەکە[3] دزیکەری جلەکەی صەفوان[4] لە مەچەکەوە وەك لە کتێبەکانی سونەتدا هاتوە.

---

(١) تفسير الرازي بەرگی ١١ لاپەڕە ٢٢٩.

(٢) موڕەی کچی سفیانی کوڕی عبد الاسد لە بەنی مەخزوم بوو، کە یەکەم ئافرەت بووە دەستی بڕابێت لە ئیسلامدا، سەیری (فقه على المذاهب الاربعة بەرگی ٥ لاپەڕە ١٥٣، و صحيح البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ١٦، و صحيح المسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١٤، و سنن أبي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ٣٢، و سنن الدارمي بەری ٢ لاپەڕە ١٣٢ بکە.

(٣) سنن أبي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ١٣٤.

(٤) سنن أبي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ١٣٨، و الدارمي بەرگی ٢ لاپەڕە ١٧٢.

بـلە عائیشەوە دەگێڕنەوە کە پەیامبەری خوا فەرمویەتی (تقطع يد السارق في ربع دينار)[1]. واتە(دەستی دز دەبڕرێت لە دزینی ڕوبعێك دینارەوە.)

جـلە سوونەنی ئەبوو داودا هاتوە کە پەیامبەری خوا فەرمویەتی (تَعَافَوْا الْحُدُودَ فِيمَا بَيْنَكُمْ ، فَمَا بَلَغَنِي مِنْ حَدٍّ فَقَدْ وَجَبَ.)[2]

واتە(لە سزاکان خۆشبن لە نێوان خۆتاندا، ئەوەی بەمن بگات لە هەر سزایەك واجب دەبێت ئەنجامدانی.)

جگە لەچەندین بەڵگەی زۆری تر کە هیچ مەجالێك نایەڵنەوە بۆ نکۆڵیکردن و بەلاڕێدا بردنی واتاکەی، بۆیە یەکرایی و کۆدەنگی نێوان موسوڵمانان بوە کە سزای دزیکردن بڕینی دەستە، بڕینی ئەو جەستەیەی کە ڕاستەخۆ بەشداربوە لە بردنی ماڵەکە لەبەر ڕاشکاوی ئاماژەکردنی قورئان و جێبەجێکردنی سونەت و کرداری موسوڵمانان بەدرێژای چواردە سەدەی پێشوو، وە هیچ نکۆڵیکردنێکی نەبوە مەگەر لەلایەن کەسانێکی شاز و نامۆ نەبێ لە کۆمەڵە کۆن و نوێیەکان، چونکە تاوان و سزا دوو شتی زانراون و پێویستیان بەهیچ نیە مەگەر بە جێبەجێکردن نەبێت.

چوارەم: سـزای هەڵگەڕاوە:

پەرۆیز شاز و نامۆ بوە کە بە ئاشکرا نکۆڵی سزای هەڵگەڕاوەی کردوە و کوورتەی بۆچوونەکانی بریتین لە:

---

(١) رواه البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ١٧ ، و مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ١١٢ ، و سنن أبي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ١٣٦ ، و سنن الدارمي بەرگی ٢ لاپەڕە ١٧٢ .

(٢) بەرگی ٤ لاپەڕە ١٣٢ .

١ـ مرۆڤ خاوەن ویست و هەڵبژاردەیە، نابێت زۆر لەکەس بکرێ بۆ باوەڕهێنان و بێباوەڕی[١]. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾[٢]. واتە: (بڵێ ئەمە ووتەی حەق و راستە لەلایەن پەروەردگارتانەوە هەرکەس ئەیەوێت باوەڕ بێنێ و هەرکەسیش دەیەوێ با بێباوەڕ بێت.)

٢ـ هەڵگەڕانەوە لە دینێکەوە بۆ دینێکی تر تاوان نیە، مرۆڤ مافی هەڵبژاردنی دینێکی هەیە لەنێو دینەکان کە بە گونجا و ژیرانەی دەزانێ بۆ خۆی و نەفس و ڕۆحی پێی خۆشگوزەران دەبێت، بۆیە هەڵگەڕانەوە تاوان نیە و هیچ سزایەکی لەسەر نیە.[٣]

٣ـ ئەوەی هاتوە سەبارەت بە کووشتنی هەڵگەڕاوە لەدین ئەوانە بڕیاری ڕیوایەتەکانن کە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزن.[٤]

گفتووگۆکردنی ئەم باسە:

نکۆڵیکردنی سزای هەڵگەڕاوە لەدین کارێکی سرووشتی نکۆڵیکارانی سوونەتە، کە بەڵگە لە جگە لە قورئاندا نابینن، هەرچەندە پێشتر سەلماندمان کە سوونەت بەڵگەیە لە دینی خوادا، بڕیار و حوکمەکانی لێوەردەگیرێت وەك چۆن لە قورئانەوە وەردەگیرێت.

---

(١) سەیری (دوأهم مسائل غلام أور لوندیان) لەپەڕە ٧.

(٢) سورەتی الکهف ئایەتی ٢٩.

(٣) سەیری (دوأهم مسائل غلام أورلوندیان) لەپەڕە ٢٥ و ٣٧.

(٤) سەیری (دوأهم مسائل غلام أورلوندیان) لەپەڕە ٩٤.

وە سەبارەت بەوەی کە لەسورەتی (کەهف)دا دەیکەن بە بەڵگە بۆ ئازادی هەڵبژاردنی بیروورا لە باوەڕ و بێ باوەڕیدا، بۆ کاتێکە پێش هاتنە ناو ئیسلامەوەیە، مرۆڤ ئازادە و بەدەست خۆیەتی بە هەڵبژاردنی هەر ئاینێك پێش هاتنە ناو بازنەی ئیسلام بەڵام کە موسوڵمان بوو ئەو ئازادیەی نیە و نابێت هەڵگەڕێتەوە لێی لەبەر بەڵگەکان لە قورئان و سونەت.

لەسەر ئەم بنەمایە نامەوێ زۆر درێژی بکەمەوە سەبارەت بەوەی پەرویز بۆی چووە، بەڵکوو تەنها بەڵگەکان دەخەینە ڕوو کە کووشتنی هەڵگەڕاوە واجب دەکەن لە سوونەتی صحیحی پەیامبەردا.

١ـ پێشەوا دارمی لە سونەنەکەیدا دەگێڕێتەوەکە (قَالَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ : رَجُلٌ زَنَى بَعْدَ إِحْصَانٍ ، أَوْ كَفَرَ بَعْدَ إِيمَانٍ ، أَوْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ.)[1]

واتە(پەیامبەری خوا فەرموویەتی خوێنی موسوڵمان حەڵاڵ نیە مەگەر لە سێ حاڵەتدا نەبێت، کوفرکردن دوای باوەڕ هێنان، داوێن پیسی دوای هاوسەرگیری، یان کووشتنی کەسێك بە ناحەق.)

٢ـ لە سوننەنی ئەبی داودا هاتوە کە قَالَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : (مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ.)[2]

واتە (پەیامبەری خوا فەرمویەتی ئەوەی دینی گۆڕی بیکوژن.)

(١) بەرگی ٢ لاپەڕە ١٧١ و ١٧٢، و سنن أبي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ١٢٦.

(٢) بەرگی ٤ لاپەڕە ١٢٦.

٣ـ جێبەجێکردنی سزای کووشتن بەسەر ئەوانەی کەلەدین هەڵدەگەڕانەوە لەلایەن هەندێ لە هاوەڵانەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەس نکۆڵی کردبن[١]، هەتا زۆر بەڵگە و ڕوونداوی تر لە سزادان بە لە سێدارەدان بۆ ئەوانەی کە لە ئیسلام هەڵدەگەڕانەوە.

ئیسلام ئازادی هەڵبژاردنی داناوە بۆ ئەوانەی کە موسوڵمان دەبن یان نا، بەڵام دوای هاتنە ناو ئیسلامەوە ئەو ئازادیەی لێ دەسێنێتەوە.

(وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)

وە کورتەی ووتەمان ئەوەیە کە هەڵگەڕانەوە تاوانە، سزاکەی کووشتنە لە ئیسلامدا، بەپێی ئەو بەڵگانەی پێشوو بە مەرجە ناسراو و زانراوەکان لای زانایانی ئیسلام، کە لە ئەنجامی کۆکردنەوە و ووردبوونەوەی بەڵگەکانەوە بنیات نراون.[٢]

ووتەیان سەبارەت بە فرەژنی:

ئیسلام ڕێگەی داوە بە فرە ژنی، کۆمەڵێ بەند و یاسای بۆداناوە کە بەبێ ئەوانە ڕاست و دروست نیە، وەك بەرپاکردنی دادپەروەری لەنێوان خێزانەکانی و تێنەپەڕینی ژمارەکە لە چوار ژن لە یەك کاتدا، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنْ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا)[٣]

---

(١) وەك مەعازی کوڕی جەبەل کە فەرمانی کرد بەکوشتنی یەهودیەك کە موسوڵمان بوو پاشان هەڵگەڕایەوە. سنن أبي داود بەرگی ٤ لاپەڕە ١٢٨.

(٢) بۆ زانینی مەرجەکان بۆ هەڵگەڕانەوە سەیری فقه السنة بەرگی ٩ لاپەڕە ٢١١، و التشريع الجنائي بەرگی ٢ لاپەڕە ٧٠٦، و والفقه علي المذاهب الاربعة بەگی ٥ لاپەڕە ٤٢٣ بکە.

(٣) سورەتی النساء ئایەتی ٣.

واتە(ئەگەر ترسان لەوەی دادپەروەربن لەگەڵ ئافرەتە هەتیوەکاندا بیانهێنن لەو ئافرەتانەی کە بۆتان حەڵاڵە دوان و سیان و چوار و ئەگەریش ترسان لەوەی دادپەروەر نەبن لە نێوانیاندا یەك ژن بێنن یان کەنیزەکەکان کە هەتانن کەئەمەش نزیکترینە لەوەی کە ستەم نەکەن .)

بەناو قورئانیەکان کە لەسەر فرەژنی قسەیان کردووە دوو کۆمەڵن :

١ـ کۆمەڵێ کە ڕێگە بەفرەژنی بەهیچ جۆرێ نادەن .

٢ـ کۆمەڵێك کە دان دەنەن بە فرە ژنیدا بەو شێوەیەی کە ئایەتەکەی پێشوو ئاماژەی بۆ کردووە .

عبدالله و خواجە احمد الدین و لایەنگرانیان لە پێشینانی بزوتنەوەی بەناو قورئانیەکان بەهیچ جۆرێ ڕێگە بە فرەژنی نادەن لەبەر ووتەی خوای پەروەردگار دەفەرموێت : (وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ)[١]

واتە : (هەرگیز ئێوە ناتوانن دادپەروەر بن لەنێو خێزانەکانتان هەرچەندە سوریش بن لەسەر دادپەروەری .)

ئەم ئایەتە بەپێی تێگەشتنی ئەوان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (لەتوانای مرۆڤدا نیە دادپەروەری بەرپا بکات لەنێوان لە یەك ژن زیاتردا، بۆیە ڕێگری دەکەن لە هاوسەرگیری دووەم لەکاتی بوونی یەکەمدا بە هۆکاری نەتوانینی دادپەروەری کە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کردووە .)[٢]

---

(١) سورەتی النساء ئایەتی ١٢٩ .

(٢) ترجمة القران بەرگی ٥ لاپەرە ٩٣ ، و بەرگی چوار لاپەرە ٨٤ ، و تفسیر البیان للناس بەرگی ٢ لاپەرە ١٠٥٣ ، و قرأن سی قرأن تك لاپەرە ٢٦٧ .

وە بەهەمان واتا عبدالله دەڵێت (ووتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى﴾. ڕێگەدان بە فرەژنی بەستوە بە شتێکی مەحاڵەوە، وە ئەگەر وەك گریمانەیەك بڵێین موسوڵمانان دەتوانن دادپەروەر بن لە نێو ژنەکانیاندا و بۆیە مافی فرە ژنیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێپێدانەکەی بەستوەتەوە بە کارێکی مەحاڵەوە کە مەحاڵ بێ دەستخستنی کە ئەویش دادپەروەریە بۆیە هاوشێوەی نەهی کردن و ڕێگری کردنە.)

لەوەش زیاتر دەڵێت: (هەموو ئەوەی کەدەدرێتە پاڵ پەیامبەران لە فرەژنی هەمووی درۆ و بووهتانە لەسەر ئەو کەسایەتیە پاکانە، ئەوان لێی بەرین و ئەوەشی دەدرێتە پاڵ پەیامبەر ئەویش هەر بووهتان و درۆیە، لەبەر ئەوەی پەیامبەری خوا یەکەم کەسە کە ئایەتەکەی خوای گەورە ئاراستەی کرابێت کە دەفەرموێت: وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء)

واتە(ئیوە ناتوانن دادپەروەر بن لەنێو هاوسەرەکانتاندا) ناکرێ وێنای ئەوە بکەین کە پەیامبەری خوا پێچەوانەی ئەو ئایەتەی کردبێت.)

وە کۆمەڵەکەی تر بەڕابەرایەتی پەرویز، کە کۆمەڵەی (بەلاغی قورئانی)ش چووبونە ژێر ئاڵاکەیەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێگە بە فرە ژنی دەدەن و ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانیان بەم شێوەیە:

١- پەرویز دەڵێت: (مەبەست لە هاوسەرگیری گرێدانی خۆشەویستی و هاوەڵێتیە لەنێوان هەردوو لادا، بە پێی بارووددۆخێکی گونجاو و تەبا منالێ و نەوەکانی تێدا پەروەردەو گەشە دەکرێت کە ئەمەش نایەتە جێ مەگەر لە سیستەمی تاك هاوسەری لە هاوسەرگیریدا نەبێ، لەبەر ئەوەی فرەژنی ئەم مەبەستە نایەڵێت،

بەڵکو مالّ دەگۆڕێت بۆ گۆڕەپانێکی سوتێنەر و پڕ کێشە، کەوایە هێنانی هاوسەری دووەم ڕێگە پێدراو نیە مەگەر بە مردنی یەکەم نەبێت.

٢ـ مەرجی سەرەکی بۆ ڕێگەدان بە فرەژنی کە ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەیگرێتەوە (کە گەر ترسان لەوەی دادپەروەربن لە هەتیوان کە بیانکەن بە هاوسەری خۆتان. . . .) ئایەتەکە شتێکی ڕوون و بەرجەستەیە کە فرەژنی ڕێگەدراوە لەکاتی ئەنجامنەدانی نایەکسانی و نادادپەروەری لەنێوانیاندا، وە هەروەها بارووددۆخی ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵێك لە موسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا چەندین جەنگیان کردووە، ئەمەش بوە هۆکارێکی سروشتی بۆ کەمی پیاوان و زیادبوونی ئافرەتانی هەتیو. . . . . ، بۆیە ئەم چارەسەرە نموونەییە بۆ ئەم بارووددۆخە لەناکاوە هاتە ئاراوە.

٣ـ لەگەڵ ئەم بارە لەناکاوەدا(کەمی پیاوان و زیادبوونی ئافرەتان) مەرجی دادپەروەری لەنێو هاوسەراندا بوونی هەیە، وە هەرکات پیاو ترسا لە نەمانی یەکسانی لەنێو ماڵدا بۆی دروست نیە کەلە یەك هاوسەر زیاتر بێنێت.

٤ـ ئەمە هەموو ئەوەبوو کە هاتوە لە قورئاندا لەسەر فرەژنی ، بەڵام موسوڵمانان ڕێگەیان داوە بە فرەژنی و ژنی زۆریان هێناوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو مەرجە قورئانیانە، بەباش دانەری فرەژنی ناویان هۆکارەکەی گەڕاندوەتەوە بۆ نەبوونی منالّ و نەخۆشی خێزانەکەی بۆ بە ئاسایکردن و یاسای کردنی ئەوەی کە ئەنجامی داوە، بەڵام شوێنکەوتەی مەزهەبەکان هیچ بەهانەیەکیان نەبوە بۆ

لابردنی چونکە مەزهەبەکەی ڕێگەیداوە بە فرەژنی هەتا چوار ژن بەبێ هیچ مەرج و بەندێك .

٥ـ فرەژنی ڕێپێدراو نیە مەگەر لە بارودۆخێکی لەناکاودا نەبێ، وەك ئەوەی لەسەردەمی دابەزینی قورئاندا ڕوویدا، پێوانەکردنی سەردەمی ئێستا بە ئەو سەردەمە بۆ هەموو تاکەکان گونجاو نیە، بەڵکو پێوانەکردنەکە بۆ ڕێگەدان بە فرەژنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە، بۆیە لەسەر ئەمە دەتوانین بڵێین فرەژنی بۆ کەسەکان نیە مەگەر بە بڕیار و حوکمی کۆمەڵگە نەبێت .

٦ـ وە لەوەش زیاتر پەرۆیز دەڵێت: (قورئانی پیرۆز ئاماژەی کردوە بە فرەژنی پەیامبەری خوا، بەبێ ئەوەی ژمارەکەی سنووردار بکات، وە ئاماژەشی بەژمارەی خێزانەکانی نەکردووە لەیەك کاتدا کە لەلای بوبن، ئەگەر بێت و لەچوار زیاتر بوبن پێویستە بڕیار بدەین کە ئەو ژمارەیە پێش دابەزینی ئایەتی سنوردار کردنی فرەژنی بە چوار بوبێت، وە پەیامبەری خوا لەو سنووره تێپەڕی نەکردووە دوای دابەزینی ئایەتەکە، بۆیە گرنگە چاوەکانمان بخەینەسەر ئەوەی دەدرێتە پاڵ پەیامبەر لە میژوودا (کتێبەکانی سوونە) کە پێچەوانەی قورئان بوبێت ئەوا هەڵەیەکی میژوویی و لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە کە ووتە و کرداری پەیامبەر بەهیچ جۆرێ دژ و پێچەوانەی بڕیارەکانی قورئان نەبوە .

گفتوگۆکردنی :

ووتەی بەناو قورئانیەکانی سەرەتا ڕێگریکردن بوە لە فرەژنی بەشێوەیەکی گشتی- کە لە پێش ئەمانەوە موعتەزیلە موسوڵمانەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوای مەئموندا ئەم بۆچوونەیان هەبوە-کە ئەم بڕیارەیان لەسەر چەند ئایەتێك بنیات ناوە کە

مەبەستی لەوە نەبوە، وەك بەڵگەهێنانەوەیان بە ئایەتی: ﴿وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ﴾ واتە(ئێوە ناتوانن دادپەروەربن لەنێو هاوسەرەکانتاندا ئەگەر بێت و سوریش بن لەسەر دادپەروەری.)

کە بەڵگەهێنانەوەیەکی بڕاوە و وەك ئەوە وایە کەسێك ئایەتی ﴿يَأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى﴾[1]. واتە (نزیکی نوێژەکانتان مەکەونەوە) بکاتە بەڵگە لەسەر ڕێگریکردن لە نوێژ، ئەو بەشەی کە لە ئایەتەکە ماوەتەوە کە باس لە نەبوونی دادپەروەری دەکات بەڵگەهێنانەوەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە خوای گەورە دوای ئەوە دەفەرموێت: ﴿فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِن تُصْلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُوراً رَّحِيماً﴾.

واتە(نەکەن هەر ڕوو لە یەکێکیان بکەن و بەتەواوی ئەوی تر واز لێ بێنن وەك هەڵپەسێڕراو (نەئەوەیە مێردی هەبێ نە بێ مێرد بێت)، خۆ ئەگەر چاکسازی بکەن و ڕێك بکەون و خۆتان بپارێزن لە ستەم، ئەوا خوا بەڕاستی هەمیشە لێخۆشبوو و میهرەبانە.)

ڕێگری کردن لە هەموو یەکێکیان و واز هێنان لەوی تر و وێناکردنی هاوسەر وەك هەڵپەسێڕراو (نەمێردی هەبێ و نە مێردی نەبێ) ڕووبادات مەگەر لەکاتی فرەژنیدا نەبێت، هەروەك چۆن مانای فەرمان کردن بە چاکەخوازی و خۆپارێزی پەیوەست تر و شایستەترە بەباسی فرە ژنی نەك سیستەمی تاك هاوسەری.

ئەگەر مەبەست لە ئایەتەکە ڕێگریکردن بێ لە فرەژنی، ئەو فەرمان کردن و ڕێگری کردنە بەدەست نەدەهات، بۆیە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (اللَّهُمَّ هَذَا قَسْمِي فِيمَا

(١) سورەتی النساء ئایەتی ٤٣.

أملك ، فَلَا تلمني فِيمَا تملك وَلَا أملك.)[١] واتە(خوایە ئەمە دابەشکردنی منە لەوەی کە هەمە و تکا دەکەم لۆمە و سەرزەنشتم نەکەی لەوەی کە تەنها تۆ دەتوانی و من ناتوانم .)

دادپەروەری نەتوانراو بریتیە لە دادپەروەری خۆشەویستی و ڕووکردنی دڵ، کە ئایەتەکە باسی دەکات، بەڵام سەبارەت بە دادپەروەری لەدابینکردنی خواردن وماڵ و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و هاوشێوەکانی مرۆڤ بەپێی توانای خۆی دەبێ دادپەروەر بێت تیایاندا کە ئەمەش ئەوەیە کەبەشی کۆتای ئایەتەکە تیشکی دەخاتە سەر .[٢]

پێوانەی داواکراو لە دادپەروەری لەنێوان هاوسەرەکاندا بریتیە لە نەهێشتی خراپەکردن بەرامبەر یەکێکیان یاخود گوێ پێ نەدانی هەندێکیان یان جیاکردنەوەی یەکێکیان لەوانی تر، لەو توانایەی کە هاوسەرەکە هەیەتی لە دادپەروەری و یەکسانی لە نێوانیاندا چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾[٣] واتە(خوای گەورە ئەرکێ ناسپێرێ بەکەسێك لەتوانایدا نەبێت .)

بۆیە ڕوون بویەوە کە ئایەتەکە باس لە نەبوونی دادپەروەری بە شێوەیەکی کۆتای و گشتی ناکات لەلای پیاو، بەڵکو باس لەو دادپەروەریە دەکات کە لەتوانا و دەستەڵاتیدا هەیە، وە باسکردنی نەبوونی ئەم دادپەروەریە دژیەکی نیە لەوەی کە

(١) رواه دارمي بەرگی ٢ لاپەرە ١٤٤ .

(٢)فقه علي مذاهب الاربعة بەرگی ٤ لەپەرە ٢٣٩ .

(٣) سورەتی البقرة ئایەتی ٢٨٦ .

لەسەرەتای سورەتی النسائدا هاتوە لە بەمەرجگرتنی دادپەروەری لە فرەژنیدا، چونکە مەبەست لێی دادەپەروەریەکە کە لەتوانای مرۆڤدا هەبێ.

وەسەبارەت بەوەی کە ئەم کۆمەڵەیە بانگەشەی بۆ دەکەن لەوەی کە ووتەی خوای گەورە وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا واتە(ئەگەر ترسان دادپەروەر نەبن) کە گوایە ئایەتەکە ڕێدان بە فرەژنی بەستوەتەوە بە کارێکی مەحاڵەوە، بانگەشەیەکی ڕەتکراوەیە، چونکە ووتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ واتە(ڕوومەکەنە یەکێکیان و ئەوانی تر واز لێبێنن) بڕی دادپەروەری داواکراوی ڕوون کردوەتەوە کە لەتوانای پیاوەکەدا هەبێ بەدەستی بخات، وە ئەگەر مەبەست لێی نەهێشتنی فرەژنی بوایە بە هەڵواسینی بە کارێکی مەحاڵەوە، ئەی چی لەو شێوازی فەرمانکردنە بە فرەژنی و ئاماژەکردنی بۆی لەکاتی بوونی مەرجی دادپەروەری لەنێو خێزانەکانیدا بکەین و دەست گرتن بە یەك خێزانەوە بۆ کەسێك کە توانای نەبێت دادپەروەری بکات لەنێوانیاندا چونکە خوای گەروە دەفەرموێت: (فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنْ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً)

واتە: (مارەی بکەن لەو ئافرەتانەی بۆتان حەڵاڵن دوان یان سیان یان چوار و ئەگەر ترسان لەوەی کە دادپەروەر بن لەنێوانیاندا ئەوا تەنها یەك ژن بێنن.)

هەموو ئەم بەڵگە قورئانیانە دڵنیایی تەواومان پێدەبەخشێت کە فرەژنی بە بێ سنوور لەنێو نەتەوەکانی تردا هەبوە و قورئان سنووردارى کردووە، سنووڕێکی بۆ داناوە کە موسوڵمانان تێپەڕیان نەکردووە، پێشەوا تەبەری دەفەرموێت: (بۆیە بترسن لە خوا لە ماف پێدان بە خێزانەکانتان، مارەی مەکەن لەوان مەگەر لە کاتێکدا ترستان نەبێ لە زوڵم کردن لەنێوانیاندا، لە یەکەوە بۆ چوار، وەئەگەر ترسان زوڵم و تاوان

بکەن بەرامبەر یەکێکیش ئەوا مارەی مەکەن، دەست بگرن بە کەنیزەکەکانتانەوە کە ئەوان باشترن لەوەی کە فرەژنی بکەن و بێ توانا بن لەوەی کە زوڵم نەکەن بەسەریاندا.)[1]

وە سەبارەت بە کۆمەڵی دووەم، نامەوێ بچمە نێو باسکردنێکی دوور و درێژەوە تەنها سێ خاڵ نەبێت، خاڵەکانی دووەم و چوارەم و شەشەم، سەبارەت بە جگە لەو خاڵانە کە باس لە نەبوونی دادپەروەری دەکەن لەنێوان موسوڵمانانداندا هیچ جێگەی ڕاجیایی نیە، وە ڕێپێدان بە فرەژنی لەکە ئەوەی ئەم کۆمەڵە ناویان ناوە بە حاڵەتی لەناکاو و پێویست، کەسێك کەمترین بەرچاوڕوونی هەبێت لە مەبەستەکانی هاتنی شەریعەتی ئیسلام نکۆڵی بوونی فرەژنی ناکات لەو حاڵەتانەدا، هەرچەندە ڕێپێدان بە فرەژنی لەو بارانەدا ناگەڕێتەوە بۆ بڕیاری کۆمەڵگە، بەڵکو بۆ بڕیاری شەرع دەگەڕێتەوە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردوە، کە بەخراپە باس کردنی فرە ژنی لە دەرئەنجامی نەبوونی دادپەروەری لەنێوان هاوسەرەکاندا بوە، دەکرێت دوور بکەوینەوە لەو ڕاجیای و کێشمەکێشانە ئەگەر بێتوو پیاو دەست بگرێت بەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوە لە دادپەروەری و یەکسانی لەنێو هاوسەرەکانیدا، فرەژنی لەگەڵ دادپەروەری توانراو جێگرەوەی ئەو حاڵەتە خراپەیە و گەڕانەوەی بارودۆخی ماڵە بۆ سروشتی خۆی.

(١) تفسير الطبري بەرگی ٤ لاپەڕە ٢٣٥.

گفتووگۆکردنی ئەو سێ خاڵە :

یەکەم: خاڵی دووەم

پەرۆیز و شوێنکەوتوانی وای دەبینن لەو خاڵەیا کە فرەژنی ڕێپێدراو نیە مەگەر لەکاتێکدا کە ژمارەی ئافرەتە هەتیوەکان زیاد نەکەن کەـ شوو نە کردوو یان بێوەژن[1] ـ ئەوەی دەبینین ئەوەیە کە پەرۆیز بۆچوونی خۆی ڕوون نەکردوەتەوە بۆمان سەبارەت بە ئایەتەکە، کەئایا سنووردارى دەکات تەنها لە هەتیوەکاندا یان بۆ هەتیوان و جگە لەوانیش؟ هەرچەندە ئایەتەکە ڕێگری فرەژنی دەکات لەکاتی نەتوانینی دوورکەوتنەوە لە زوڵم کردن لەگەڵ هەتیوەکاندا، کە مەرجی سەرەکی بۆ فرەژنی پارێزراوی بونە لە زوڵم و تاوان، وە پەیوەست کردنی هەتیوان لە دوورکەوتنەوە لە زوڵم کردن بەرامبەریان پەیوەست کردنێکی بێ مانایە لەلای زانایانی لێکۆڵەرانی ئیسلام[2]، لەبەر ئەوەی دادپەروەری مەرجە بۆ هەموو جۆرەکانی فرەژنی کە خێزانی دووەم هەتیو بێ یان نا، هەرچەندە هەتیوەکان لەپێشترن بۆ لەبەرچاوگرتن بۆ ئەم پەیوەستیە.

بەڵام تایبەتکردنی فرەژنی بەو پەیوەستیەوە جێگەی کێشمەکێش و ڕاجیای نێوان پەرۆیز و ئەوانی تر بوە، کەوای دەبینین ئەوەی قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردووە یەکێکە لە هۆکارەکانی فرەژنی و جۆرێکە لە جۆرەکانی، بەڵام پەرۆیز فرەژنی سنووردار دەکات لەو حاڵەتەدا و بۆ جگە لەو بە ڕێپێدراوی نازانێت، گران نیە بۆ باوەڕدار کە بڵێت ئەگەر مەبەست لە ئایەتەکە سنووردار کردنی فرەژنی بێت لەو شێوەیەدا، بۆچی پەیامبەری خوا شێوەی تری فرەژنی ڕێپێداوە، کە سەلێنراوە لە

(١) سەیری (ضاهره کی نام) لاپەڕە ٩١ بکە.

(٢) فقه السنة بەرگی ٦ لاپەڕە ٢٤٥.

هەندێ لە هاوەڵانەوە کە هەندێ لە هاوەڵان کاتێك موسوڵمان بوون زیاد لە چوار ژنیان هەبوە کە لەگەڵیاندا موسوڵمان بوون[1]، پەیامبەری خوا پێیانی فەرموە (اختر منهن أربعا .)[2] واتە(چواریان هەڵبژێرن .)

وەئەگەر ئایەتەکە تایبەت بێ بەو شێوەیەی پەرویز ئاماژەی بۆ دەکات چۆن پەیامبەر ڕاوێژیان پێدەکات و هەڵبژاردن دەدات بەدەستی خۆیان لە هەڵبژاردنی چواریان کە حاشا لەوەی پەیامبەری خوا فەرمان بە شتێك بکات پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بێت .

بەم شێوەیە ڕوون بویەوە کە ئەوەی ئایەتەکە ئاماژەی بۆ دەکات لە فرە ژنی جۆرێکە لە جۆرەکانی نەك ئەوەی کە فرە ژنی سنووردار بێت تیایدا- بەڵکوو باروودۆخی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانیە لە نێر و مێ- باشترین پێوانەی تەواوە بۆ فرە ژنی .

٢- گفتوگۆی خاڵی چوارەم

لەم خاڵەدا تانە دەدات لە فرەژنی موسوڵمانان و بەکارێکی خراپی دەزانێت، نکۆڵیەکی خراپی زانایان دەکات، کەئەمەش لە دەرئەنجامێکی سرووشتی و دروستی سنوردارکردنی فرەژنیە لەوەی کە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کردووە، هەرچەندە پەرویز بەم هێرشانەی چاو دادەخات لە فیترەت و واقیع وەك لە باسکرنی ئافرەتی نەخۆش و نەزۆکدا ئاماژەی بۆ دەکات!!

هاوسەری نەخۆش کە نەخۆشیەکەی بەو شێوەیە بێت توانات نەبێ لەگەڵی جووت ببی لەدوو بار تێ ناپەڕێت: یان ئەوەیە کە تەڵاقی بدات و لێی جیا بێتەوە، ئەم

(١)وەك(حارث بن قيس، غيلان الثقفي، نوفل بن معاوية) سەیری تفسير ابن كثير بەرگی ١ لاپەڕە ٤٥٠ . بکە .
(٢) سنن ابي داود بەرگی ٢ لاپەڕە ٢٧٢ .

کارەش لە پیاوەتی و وەفا و باشی هەڵس و کەوتی پیاو کەم دەکاتەوەو هەروەها دەبێتە هۆی بەکەم سەیرکردن و لەناوچوونی ئەو هاوسەرە نەخۆشەی، وە یان ژنی تری بەسەردا دێنێ و لای خۆی دەیهێڵێتەوە و لەسەریەتی پێداویستیەکانی خۆی و نەخۆشیەکەی . . . . . هتد دابین بکات.

هیچ گومانی تێدا نیە کە حاڵەتی دووەم باشترین و بەرێزترینە بۆ دڵخۆشکردن و بەدەمەوە چوونی هاوسەرە نەخۆشەکەی و خودی مێردەکەشی.

هەروەك ئافرەتی نەزۆکیش لەیەکێك لەو دوو بارە دەرناچێت، یان جیابوونەوە و تەڵاقدانی و هێنانی ئافرەتێك بۆ ئەوەی منااڵی لێ ببێت، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی نەوە غەریزەیەکی دەروونی مرۆڤایەتیە، وە یان ژنی بەسەردا دێنێ.

ڕۆژگار سەلماندویەتی کە هاوشێوەی ئەم ئافرەتانە مانەوە لە لای مێردەکانیان لەپاڵ خێزانێکی تری هاوسەرەکەی بەباشترین بار دادەنەن لەوەی کە ماڵەکانیان لەدەست بدەن لەبەر ئەوەی هیچ کەس ئارەزووی ئەوە ناکات ئافرەتێك بێنێت کە تەڵاقدراوە لەبەر نەزۆکیەکەی(منداڵ نەبوونی).

وە لەوەی دکتۆر مستەفا سەباعی تۆماری کردوە جوان ترم نەدیوە لەبارەی فرە ژنیەوە کە دەڵێت:

(شەریعەتی خوای گەورە لەو کاتەی فرەژنی حەڵاڵ کردوە دەرگایەکی فراوانی کردوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی پێویستیەکانی تاك و کۆمەڵگە، نەهانی داون بۆ فرە ژنی و نەرێگری لێ کردوون، لەبەر ئەوەی سرووشتی مرۆڤ پێویستی بەم هاندان و ڕێگرییە ناکات، لەبەر ئەوەی فیترەتی مرۆڤ وایە تەنها توانای گوێڕایەڵی یەك هاوسەری هەیە، کە بەبێ ئەوە هێمن و دامەزراو نابێت، بەڵام شەریعەتی هەتا

هەتای ئیسلام هەموو ئەو پێویستیانەی مرۆڤی لەخۆ گرتوە، لە هەموو ئەوەی کە نەتەوەکان داوای دەکەن بەپێی جیاوازی باروودۆخ و باریان .)[1]

٣-گفتووگۆی خاڵی شەشەم:

لەم خاڵەیا گفتوگۆی پێشینان و نوێی بەناو قورئانیەکان دەکەین لە نکۆڵیکردنی بوونی فرەژنی پەیامبەرانی خوا، بەتایبەت فرەژنی پەیامبەری خوا محمد ﷺ.

بەناو قورئانیەکانی پێشوو بوونی فرەژنی لای پەیامبەرانی پێشوو ڕەت دەکەنەوە . . . ، کە بانگەشەیەکی پووچ و بێ بەڵگەیە و بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە چونکە لە صحیحی بوخاریدا هاتوە کە پەیامبەری خوا سولەیمان چووەتە لای نەوەد و نۆ لە خێزانەکانی لەیەك شەودا، بۆ ئەوەی نەوە زیاد بکات بەیارمەتی خوای گەورە بۆ جیهادکردن لە پێناو خوادا، [2]

وە لەگەڵ ئەوەشدا لەو تەوراتەی کەلە بەردەستماندایە بەڵگە هەیە لە بوونی فرەژنی لەلای پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل لە ئافرەتی ئازاد و کۆیلە . [3]

کەئەمەش بەڵگەی بوونی فرەژنی بوون لەلای پەیامبەرانی پێشوو، وە سەبارەت بەبوونی فرەژنی پەیامبەری خوا، دەبینین کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەوەداوە کە لەکاتی دابەزینی قورئانی پرۆزدا ژمارەیەك خێزانی لە لابوە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ﴾[4] واتە (ئەی پەیامبەر ئێمە ئەو ئافرەتانەمان بۆ حەڵاڵ کردویت کە مارەیت پێداون .)

---

(١) المرأه بين الفقه و القانون لاپەرە١١٦ .

(٢) صحيح البخاري بەرگی ٣ لاپەرە ٢٠٩ .

(٣) سەیری پەرتوکی(تعدد الزوجات) ی عبدالناصر العطار بکە لاپەرە ٨٢ .

(٤) سورەتی الأحزاب ئایەتی ٥٠ .

یان : ﴿يَأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَك تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِك وَاَللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[1] واتە(ئەی پەیامبەر بۆچی شتێك حەرام دەکەی کە ئێمە بۆمان حەڵاڵ کردویت لەبەر بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خێزانەکانت .)

لە سەرچاوەکانی شەریعەتدا بوونی ژمارەی خێزانەکانی پەیامبەر ڕوون کراوەتەوە لەسەرەتای ژیانی هاوسەرێتیەوە هەتا وەفات کردنی، ئیبن هیشام دەڵێت : (هەموو خێزانەکانی پەیامبەر بریتی بوون لە یانزە خێزان، پێنج وەفاتی خۆی دوانیان وەفاتیان کردوە کە ئەوانیش خەدیجە و زەینەبی کچی خوزرەیمە بوون، وە نۆیان دوای خۆی وەفاتیان کردوە، کە لە سەرەتای فەرمودەکە باس کراون[2]، دوانیان پەیامبەری خوا نەچوەتە لایان کە ئەسمائی کچی نعمانی کندیە بوو، پەیامبەرﷺ مارەی کرد بەڵام نەچوە لای و گەڕاندیەوە بۆ لای کەس و کارەکەی لەبەر ئەوەی پەڵەیەکی سپی پێوە بینی، و ئەوی تریان عمرەتەی کچی یەزیدی کلابیە بوو کە تازە موسوڵمان بوو بوو، کاتێ پێشکەش بە پەیامبەرﷺ کرا پەنای گرت بەخوا لە پێغەمبەری خوا، پەیامبەری خواش فەرمووی "منيع عائذ الله فردها الي أهلها."

واتە : ڕێگر و پەنابەخودا دەگرێ؟! ، ئیتر ناردیەوە بۆ نێو خێزانەکە .

وە ئەوەشی سەلێنراوە ئەوەیە کە کاتێ وەفاتی کردووە زیاد لە چوار ژنی لەدوا بە جێماوە، کە پەیامبەری خوا لەبەر ئارەزوی بۆ ئافرەتان نەیهێناون بەڵکوو وەك سۆز و بەزەییەك بوە بۆیان، بۆ گرێدانی کەس و کارەکانیان پێکەوە و بەهیوای

---

(١) سورەتی التحريم ئایەتی ١ .

(٢) بریتین لە (عائشة بنت أبي بكر، حفصة بنت عمر، أم حبيبة بنت ابي سفيان، أم سلمة بنت أمية، و سودة بنت زمعة، و زينب بنت جحش، و ميمونة بنت الحارث، صفية بنت حي بن أخطب، و جويرية بنت الحارث .)

موسوڵمان بوونیان، کە هەموشیان ئافرەتی بێوەژن بوون پێش مارەکردنیان لەلایەن پەیامبەرەوە شووی تریان کردبوو جگە لە کچەکەی ئەبووبەکری صدیق ی هاوڕێ و جێنشینی نەبێت ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەمویان بێت.

لەژێر ڕۆشنای ئەوەی کەباسمان کرد دەتوانین بڵێین کە بەدرۆخستەوە و بەدرۆدانانی هەوالّی مارەکردنی لەیەك یان چوار زیاتر، یان ووتنی لە چوار زیاتر پێش دابەزینی ئایەتەکەی سووڕەتی نیسائ کە سنووورداری دەکات نەك لە دوای ئەو ئایەتە، بەدرۆخستەوەی بەڵگە موتەواتر و سەلێنراوەکانە بەڵکوو بەدرۆخستنەوەی خودی قورئانی پیرۆزیشە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا خَالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ﴾.

واتە: (ئەی پێغەمبەرﷺ ئێمە ئەو هاوسەرانەمان بۆ حەڵاڵ کردوویت کە مارەییت پێبەخشیون، وە ئەو ئافرەتانەش کە کەنیزەکی تۆن و لەجەنگدا بەدیل گیراون، هەروەها کچە مامەکانت و کچە پووڕەکانت وکچە خاڵەکانت و کچی ئەو پوورانەت کە کۆچیان لەگەڵ کردوویت، یان هەر ئافرەتێکی بڕوادار کە ویستی خۆی پێشکەش بە پێغەمبەر بکات و پەیامبەریش ویستی مارەی بکات کە ئەمەیان تایبەت بە تۆیە نەك هەموو بڕواداران.)

ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ حەڵاڵ بوونی ئەوانەی کە لەژێر ڕکێفی ژیانی هاوسەرێتی پەیامبەردا بوون، کە زیاتر لە چوار خێزانی لەلا بوە پێش وەفات کردنی، بەهیچ

جۆرێکیش جیابوونەوە لە هیچ کەسێکیان نەسەلمێنراوە و باس نەکراوە دوای ئەوەی چووبێتە لایان، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە زیاتر لەچوار هاوسەربوون لە یەك کاتدا یەکێکە لەو کارانەی کە خوای گەورە تایبەتی کردوە بە پەیامبەرەوە، ـ وەك چۆن بابەتی پێکەوە بەستنی دوو ڕۆژ لە ڕۆژوودا و واجب بوونی شەونوێژ لەسەری ـ سنووردار کردنی ئایەتەکەی سوورەتی نیسائ پەیامبەر ناگرێتەوە.

وتەیان سەبارەت بە میراث:

میراث واتە (گواستنەوەی خاوەندارێتی شتێك لە مردوویەکەوە بۆ میراتگرە زیندوەکانی. جائیتر مالێکی بەجێما و یان موڵك و مالێ یاخود مافێك لە مافەکان بێت.)[1]

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾[2]

واتە (خوای گەورە ئامۆژگاریتان دەکات بۆ منداڵەکانتان کە بۆ نێر بەشی دوو لە مێیەکانی بۆ هەیە.)

وە ووتەی پەیامبەری خوا کە دەفەرموێت: (ألحِقُوا الفرائض بأهلها فما تركت فهو لأوْلى رَجُل ذَكَر.)[3]

(ئەوەی لەسەرتان واجب کراوە میراتی بگەیەنن بە خاوەنەکانیان و ئەوەی مایەوە لە میراتەکە نزیکترین نێرینە لە مردوەکەوە لەپێشترە بۆ وەرگرتنی.)

ئەو هۆکارانەی کە میراتگر شایستەیەتی بە بەشێك لە میراث سێ هۆکارە، هاوسەرگیری و دۆستایەتی و نەسەبن. هاوسەرگیری بریتیە لە بەندێکی

---

(١) پەرتوبك (المواريث في الشريعة الاسلامية) محمد على الصابونى لاپەرە ٢٩.

(٢) سورەتی النساء ئایەتی ١١.

(٣) رواه البخاري بەرگی ٨ لاپەرە ٨، و مسلم بەرگی ٥ لاپەرە ٥٩.

هاوسەرگیری ڕاست و دروست، ئەگەر چی جووتبوون و ژوانیش لەنێوانیاندا نەبووبێت، وە وەلاءْ واتە کۆیلەی ئازادکراو.

وەنەسەبیش بریتیە لە خزمایەتی نزیك. کە پەیوەندیەکی نێوان دوو مرۆڤە بە هاوبەشیبوون لە لەدایکبوونەوە نزیك بێت یان دوور، بەشێوەیەك کەسە نزیکەکان میرات وەردەگرن لە باوان و نەوە و وەچەوە.

بەناو قورئاینەکان بەسەیرکردنی یاسا کار پێکراوە ئیسلامیەکان لەبواری میراتدا بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە و لە دوو ڕووەوە ڕەخنەیان لەم یاسایانە گرتوە:

١ـ ڕەخنەگرتن لە هەندێ بنچینەی گشتی کە بنەمای زانستی میراتن، لەگەڵ هەوڵدان بۆ دانانی یاسا و بنچینەی نوێ.

٢ـ ڕەخنەگرتن لە هەندێ بابەتی دیار و گرنگ.

ئەوەی کەلەم کۆمەڵەیە بۆ یەکەم جار ڕەخنەی لە یاساکانی میرات گرت خواجە احمد الدین بوو، کە پێش ئەویش حافز ئەسلەم ڕەخنەی لەهەندێ بابەتی میرات گرتبوو، وە ئەوەی کە لێکۆڵەر ناتوانێ نکۆڵی بکات ڕەخنەی بەناو قورئانیەکان لە یاساکانی میرات زۆر زۆرن و گرنگترینەکانیان ئەمانەن:

١ـ خواجە دەڵێت: (جیاوازی ئاینی نێوان میرات وەرگر و میرات بەجێماودا ڕێگری لە میرات ناکات. لەبەر ئەوەی قورئان ڕێگەی داوە بە هێنانی ئەهلی کیتاب و مەسیحیەك کە لەژێر پاریزگاری موسوڵمانان بێت و بە ژنی دادەنرێت و هاوسەریش میرات وەردەگرێت بەپێی دەقی قورئان، وە ئەگەر جیاوازی ئاین

ڕێگر بوو بێت لە میرات چۆن ڕێگەیداوە ئەهلی کیتاب بن بە دایك و هاوسەری موسوڵمانان .)[١]

٢ـ لەوەش زیاتر دەڵێت : پەیامبەران میرات وەردەگرن چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : (يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ)[٢]

وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُدَ [٣] واتە : (سولەیمان بوو بە میراتگری داود .)

وەکو چۆن ئایەتەکانی میرات لە نێو لیستی میراتگرەکاندا جیای نەکردونەتەوە)[٤]

٣ـ وە دەڵێت : (کۆیلە بوون ڕێگر نیە لە میرات چونکە قورئانی پیرۆز بە ڕێگری دانەناوە .)[٥]

٤ـ دەڵێت : (ئەولوئەرحام (نزیکەکان) ئەوانەن کە پەیوەندیان بە مردوەکەوە هەیە بە پەیوەندی ڕەحم و نزیکایەتی ، کە باوك و دایك و منداڵ و خووشك و براو مام و منالّی برا دەچنە نێو ڕیزیانەوە ، بەڵام یاساکانی میرات لە ڕیزی ئولولئەرحام دووری خستوونەتەوە بە تایبەتکردنی هەندێکیان لەژێر ناوی میراتگر و هەندێکیش لەژێر ناوی ماوە لە میرات وەرگر .)[٦]

---

(١) (معجزة القران در بيان ميراث مسلمانان) لاپەڕە ١٧ .

(٢) سورەتی مریم ئایەتی ٦ .

(٣) سورەتی النمل ئایەتی ١٦ .

(٤) معجزە القران لاپەڕە ١٨ .

(٥) معجزە القران لاپەڕە ١٨ .

(٦) معجزە القران لاپەڕە ٢٥ .

٥ـ حافز ئەسلەم لە ڕەخنەگرتنی لە یاساکانی میراتدا دەڵێت: (ووشەی ولد بۆ نێر و مێ دەگەڕێتەوە، هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان کوڕ و کچ و منالّی کوڕ و کچدا لە میراتدا.)[1]

٦ـ وە حافز لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (یاسای ڕێگریکردن و نەدانی میرات پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە، بەڵکو دەبێتە هۆی تێکچوونی خێزان و هەندێ جاریش دەبێتە هۆی کووشتن.)[2]

٧ـ وە پەروێز دەڵێت: (کاتێ سیستەمی ئابووری قورئان دەگات بە مەبەستی خۆی هیچ مالّێك نامێنێتەوە لە میرات، بۆیە ئەو یاسایانەی کە هەن بۆ میرات و مالّی بەجێماو بڕیارێکی گواستراوەن و جێگەی گۆڕانن، حوکمەکەی پەیوەستە بە پێش ئەوەی ئەو سیستەمە بگاتە تەواویی و ئامانجی خۆی.)[3]

وە سەبارەت بەوەی کە ڕەخنەی لێدەگرن زۆر زۆرن و گرنگەکانیان بریتیەلە:

١ـ بابەتی وەسیەت سەبارەت بە میرات پێش مردن ڕێپیدراوە بۆ میراتگر و جگە لە میراتگر بەبێ هیچ مەرج و بەندێك، بۆ ئەوانەی پەیوەندیان بە مردوەکە یان پەیوەندیان پێوەی نیە، لەبەر دووبارەکردنەوەی قورئان لە ئایەتەکانی میراتدا زیاتر لەیەك جار، وە ئەگەر وەسیێتی پێش مردن بۆ پێدانی میراتی بۆ جگە لە

(١) (محجوب الارث) لاپەڕە ١٦.

(٢) (محجوب الارث) لاپەڕە٢٥

(٣) تبویب القران بەرگی ٣ لاپەڕە ١٣٨٦.

نزیکەکان رێپێدراو نەبوایە، چی هانی مرۆڤی دەدا پێش مردن وسێت بکات بۆ کەسێ نەلەخوێن و نە لە گۆشی ئەم بێت و ماڵەکەشی باتێ؟!)[1].

٢ـ بابەتی وەرگرتنی میرات بۆ کورەزا لەکاتی بوونی مامەیدا لەوەی لە باپیرەیەوە جێماوە، وە دەبێ کار بە یاسای باری کەسێتی پاکستانی بکرێت، کە ئەیوب خان لە کاتی دەستەڵاتەکەیدا جێبەجێی دەکرد. [2]

گفتووگۆکردنی:

یەکەم: میراتگیری ناموسوڵمان:

ئەگەر بەووردی سەیری ئەو یاسا و بابەتانە بکەین کە ڕەخنەیان لێی گرتوە بۆمان دەردەکەوێت بە ڕوونی کە ئەو جۆرە ڕەخنانە لە ئەنجامی نکۆڵیکردنی سونەتەوە سەرچاوەی گرتوە، دەرئەنجامی مەزهەبەکەیان لە ڕەخنەگرتن لە بنچینەی یەکەم ئەوەیە کە هەموو هاوسەرێك میرات دەبات، وە پێویستیشە ئافرەتێکی ئەهلی کیتاب لە مێردە موسوڵمانەکەی میرات ببات لەبەر ئەوەی بە خێزانی وەسف کراوە، ئەمەش لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە قورئانی پیرۆز رێگەی داوە بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئەهلی کیتابدا، ئێمەش لەوەڵامدا دەڵێین کە حەڵاڵ بوونی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەهلی کیتابدا مانای وانیە کە مافی هەبێت لە میراتدا وەك هاوسەرێکی موسوڵمان، وە لەسەر ژنێك کەلە ئەهلی کیتاب بێت هەموو

---

[1] (تفسیر القران الفرقان) لاپەڕە ٣١٥، و (ترجمة القران) بەرگی ٤ لاپەڕە ٩٣، (معجزة القران) لاپەرە ٥، ونکات القران لاپەڕە١٨، و قران فیصلی بەرگی ٣ لاپەڕە ١٠٥، و تبویب القران بەرگی ٣ لاپەڕە ١٣٨٤

[2] اداره بلاغ القران، عائلی قوانین لاپەڕە ١٦، محجوب الارپ لاپەڕە ٣ الحافظ محمد اسلم، مجله طلوع اسلام لاپەڕە ١٥ ژمارە ٧ی یەکی ١٩٥٦م، تبویب القران بەرگی ٣ لاپەڕە ١٣٨٦، و قرانی فیصلی بەرگی ٣ لاپەڕە ١١١.

ئەحکامەکانی موسوڵمانان جێبەجێ ناکرێت و مامەڵەی وەك موسوڵمانان لەگەڵدا ناکرێت لە هەموو شتێکدا.

پاشان ئەوەی ئەیسەلێنێ بەپێی بە بەڵگە کردنیان بریتیە لە ڕاستێتی وەرگرتنی میراتی بۆ ئافرەتێکی ئەهلی کیتاب لە هاوسەرە موسوڵمانەکەی و مانای وایە جیاوازی ئایین ڕێگر نیە لە میرات بەو مەرجەی کە ئەو کەسەی جیاوازە ئاینەکەی ئافرەتێکی ئەهلی کیتاب بێت، ئەی چۆن ڕاست بێت کەلە قورئانەوە ئەم بابەتە گشتیە وەرگرین-کە جیاوازی ئایین ڕێگر نیە لە میرات؟- کە ئایین جیاوازەکە ئەهلی کیتاب بێت یان جگە لە ئەهلی کیتاب و خێزانی بێت یان خێزانی نەبێت؟!

کەوایە مەرجی موسوڵمان بوون لە میراتدا لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی سوونەت ڕوون کەرەوەی قورئانە و فەرمان کردن بە گوێڕایەڵی پەیامبەر سەڵێنراو و جێگرە لە قورئاندا، وە مەرجی موسوڵمان بوون بەڕوونی سوونەت ئاماژەی پێی داوە، وەك لە فەرموودەی پەیامبەری خوادا ﷺ هاتوە: قَالَ :﴿" لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ وَلَا الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ ﴾ [1].

واتە: (بێباوەڕ لە میراتی موسوڵمان نابات و موسوڵمانیش لە بێباوەڕ.)

وە پێشەوا عومەر ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێ: (بێباوەڕ لە میراتی باوەڕدار نابات.) [2]

فەرموودەکە گشتیە و خێزان و جگە لە خێزانیش دەگرێتەوە، بۆیە زانایان کۆدەنگن لەسەر نەبوونی میرات بۆ بێباوەڕ لە مالی موسوڵمان، وە بەپێچەوانەشەوە-

(١) رواه البخاري بەرگی ٣ لاپەڕە ١١ و مسلم بەرگی ٥ لاپەڕە ٥٩ و والدارمي بەرگی ٢ لاپەڕە ٣٧٠.
(٢) فتح الباري بەرگی ٣ لاپەڕە ٤٥٠

وەرگرتنی میراتی موسوڵمان لە بێباوەڕ- زۆرینەی هەرەزۆری زانایان و خولەفای ڕاشیدین و هەر چوار پێشەواکە ڕێگرییان لێی کردووە لەبەر فەرموودەکەی ئوسامە ﷺ کە پێشتر ئاماژەمان پێی دا، هەرچەندە هەندێ لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانی هاوەڵان ڕێگەیان پێی داوە. [1]

دووەم: میراتی پەیامبەران

دەرئەنجامی مەزهەبەکەیان لەم بنەمایەدا ئەوەیە کە هەموو کەسێکی نزیك لەو مردووەوە میرات وەردەگرێت، وەئەمەش وادەگەیەنێ کە پەیامبەرانیش میراتیان لێوەردەگیرێت.

وەلەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین سوننەت ڕوون کەرەوەی قورئانی پیرۆزە و لە فەرموودەدا هاتوە پەیامبەری خوا فەرموویەتی: (إنما العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا دينارًا ولا درهمًا، وإن ورثوا العلم، فمن أخذه أخذ بحظ وافر.) [2]

واتە(زانایان میراتگری پەیامبەرانن، وە پەیامبەرانیش هیچ دینار و درهەمێکیان بەمیرات جێنەهێشتوە، تەنها زانستیان بەمیرات جێهێشتوە و هەرکەس بەشی بکەوێت بەشێکی پڕ خێری بەرکەوتوە.)

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە کە فاتیمە و عباس هاتن بۆ لای ئەبوبەکر داوای میراتیان کرد لەمالّی پەیامبەر و لەو کاتەیا داوای زەویەکەیان دەکرد لە فدەك و

(١) العذب الفائض بەرگی ١ لاپەرە ٣٠، التحفة الخيرية على الفوائد الشنشورية لاپەرە ٥٨.

(٢) رواه ابو داود فی السنه بەرگی ٣ لاپەرە ٣١٧.

بەشیان لە خەیبەر، ئەبوبکریش پێی فەرموون کە گوێی لە پەیامبەری خوابوە کە فەرموویەتی (لَا نُورَثُ ، مَا تَرَكْنَاهُ صَدَقَةٌ و انما يأكل ال محمد من هذا المال.)[١] واتە ئێمە میراتمان نیە و ئەوەی جێمان هێشوە خێر و سەدەقەیە، بەڵکوو ئال و بەیتی پەیامبەریش لە بەیتولمال دەخۆن.

وە سەبارەت بەو بەڵگەیەی کە لە ئایەتەکە لایەنی بەرامبەر دەیکەن بەبەڵگە دوو ئەگەر وەردەگرێت:

١ـ پێدەچێت میراتگری ڕێپێدراو بووبێت لە بەرنامەو شەریعەتی پەیامبەرانی پێشودا، وە ڕێگریەکە تایبەت بووبێت بە پەیامبەری خۆمان.

٢ـ وە دەشکرێ میراتگریەکە میراتی جگە لە سەروەت و سامان بێت، وەك چۆن فەرموودەی یەکەم ئاماژەی بۆ کردووە و لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاما ژەی بۆ کراوە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ[٢] فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُواْ الْكِتَابَ﴾[٣]

ئەم بۆچوونەش پێشەوا ئالوسی لە تەفسیرەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە.[٤]

سێیەم: میراتگری کۆیلە

دەرئەنجامی مەزهەبەکەیان لەم بنەمایەشدا ئەوەیە کە کۆیلایەتی ڕێگر نیە لە میرات، لەوەڵامدا دەڵێین کۆیلەی تەواو ئەگەر میراتیش ببات ئەوا میراتەکەی دەبێت بە هی گەورەکەی و کۆیلەکە کەسێکی نەناسی مردووەکەیە، بۆیە میرات نابات لەبەر

(١) رواه البخاري بەرگی ٨ لاپەڕە ٣.

(٢) سورەتی الفاطر ئایەتی ٣٢.

(٣) سورەتی الاعراف ئایەتی ١٦٩.

(٤) روح المعاني بەرگی ١٩ لاپەڕە ١٧١.

ئەوەی خاوەنی هیچ دەستەڵاتێك نیە لەبەر ئەو ووتە بەناوبانگەی فوقەها کە دەڵێن : (کۆیلە و ئەوەشی بەدەستی دێنێ بەدەستی خۆی، هی گەورەکەیەتی .)

بەڵام زانایان ڕاجیان لەسەر کۆیلەی پشکدار و هاوشێوەکانی، کە ئەویش لەدەرەوەی ئەم باسەی ئێمەیە و هەرکەس دەیەوێت زیاتر بزانێ دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان .(١)

وە سەبارەت بەوەی قورئان کۆیلەبوونی بە ڕێگر دانەناوە بۆ میرات بەڵگە نیە، چوونکە دوو ڕێگری تریش هەبوون کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ نەکردوون و بەڵکو لە سوونەتدا ڕوون کراونەتەوە کە ئەوانیش-کووشتن و جیاوازی ئایین- بۆیە باشترین وایە دان بنێین بە سەرچاوەکانی یاسادانانی بڕیار و تەشریعی ئیسلامیدا نەك تەنها بەسبوونی قورئانی پیرۆز .

چوارەم: میراتی ئولول ئەرحام(نزیکەکان)

دەرئەنجامی مەزهەبەکەیان لەم بنەمایەشدا ئەوەیە کە میراتگران گشتی تر و زۆرترن لەوەی سنووردار بکەرێن تەنها لە (میراتگر و ماوە لە میرات وەرگر) دا، بۆیە ئەم ناو نانە بۆ هەموو کەسێکی نزیکە کە بەپەیوەندیەك بگاتەوە بە مردووەکە، لەوەڵامدا دەڵێین، ووشەی زولئەرحام ئەگەر بێت و بۆ نزیکایەتیش بەکار بێت ئەوا تایبەتکردنی بەکارهێنانی بۆ ئەوانەی کە (میراتگر و ماوە لە میرات وەرگر) نین ووشەیەکە کە زانایان بەکاریان هێناوە بۆ جیاکردنەوەی (میراتگر و ماوە لە میرات وەرگر) لە زولئەرحامەکان، کە هیچ دەمەقاڵێیەك لە زاراوەکاندا نیە، بەڵام بانگەشە کردن بە گرتنەخۆی (میراتگر و ماوە لە میرات وەرگر) بۆ ژێر ئەم ناو و زاراوەیە

(١) العذب الفائض بەرگی ١ لاپەرە ٢٦-٣٠ و التحفة الخيرية لاپەرە ٥٥ .

هیچ پێویست نیە، ئەگەر بێت و بزانین کە زۆرینەی زانایان میراتگرانیان دابەشکردووە بۆ سێ کۆمەڵ:

١ـ میراتگر.

٢ـ ماوە لە میرات وەرگر.

٣ـ میراتێك کە بە نزیکایەتی و ڕەحم بێت.

زۆلرەحم میرات وەردەگرێت لەکاتی نەبوونی کۆمەڵەی یەکەم و دووەمدا لەسەر ڕای پەسەند لەبەر گشتێتی ووتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: (وَأُولُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ) [١]

واتە: (ئولولئەرحام هەندێکیان لەپێشترن بۆ هەندێکی تریان لە کیتابی خوادا.)

وەلەبەر ووتەی پەیامبەرﷺ و جێنشینەکانی دوای خۆی بە میراتگرتنی نزیکەکان، کە وتەی هەرسێ پێشەواکەی ئیسلامیشە جگە لەپێشەوا مالیك و شافیعی لە مەزهەبی کۆندا کە وایان دەبینی کە میرات نابەن لەبەر هەندێ بەڵگە کە لەدەرەوەی ئەم باسەی ئێمەیە و هەرکەس زیاتری دەوێت دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان. [٢]

بۆیە نزیکەکان (ذو الارحام) میرات نابەن لەکاتی بوونی (میراتگر و ماوە لە میرات وەرگر) مەگەر مردووەکە وەسیەتی کردبێ پێیان بدرێت، وە ناشبێت میراتگرەکان ڕێگری بکەن لەوەی ئەو میراتەیان بدرێتێ لەدوای مردنی وەسیەتکردوو کە دەتوانێ

(١) سورەتی الانفال ئایەتی ٧٥.

(٢) العذب الفائض بەرگی ٢ لاپەرە ١٧١.

سێ یەکی ماڵەکەی ببەخشێ بە یەکدەنگی زانایان وە بە زیاتر لە سێ یەك ئەگەر میراتگرەکانی ڕازی بن.(١)

پێنجەم: میراتی کەسە ناڕاستەوخۆکانی مردوو.

دەرئەنجامی مەزهەبەکەشیان لێرەدا ئەوەیە کە کوڕ و کچی مردوو هەردووکیان دەچنە ژێر ناوی (ولد) وە پێویستە لەماڵی بەجێماو میراتیان بدرێتێ، وە پێویستە بڵێین کە ئەم ڕەهاییە پێویستی بە لەسەر وەستان و لێوردبونەوە هەیە، پاشان گرتنەخۆی کەسە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی مردوو لە نێر و مێ لەژێر ناوی (ولد)دا هیچ ڕاجییایەکی تێدا نیە بەڵام میراتگری هەردوو لقەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە:

١ـ میراتی کەسی ڕاستەوخۆ بە مردوو بە جۆرێك هیچ ڕاجییایەکی تێدا نیە لە نێوان دووکەسدا ئەگەر بێت و ڕێگرێك نەبێ، هەروەك چۆن میراتی بۆ کەسە ناڕاستەوخۆکان ئەگەر بە ڕیزبەندی نێر دەست پێبکات و کەسێ نەبێ لەڕووی پلەوە لەو بەرزتر بێت هیچ ڕاجییایەکی تێدا نیە.

٢ـ وە ئەگەر ڕیزبەندیەکە لە کەسە ناڕاستەوخۆکاندا بە مێ دەستی پێکرد یان مێیەك تێکەڵ بە بەشی نێرەکان ببێت لە بەشی ناڕاستەوخۆ بە مردوو کەئەمەیان جێگەی ڕاجیای نێوان موسوڵمانان و حافز ئەسلەم وهابیرانیدا بووە.

وە ئەو کەسانەی کە بە هۆی مێیەکەوە لە ڕیزبەندی ناڕاستەوخۆکاندان بەهیچ شێوەیەك میرات نابەن، وەك چۆن ئەوەی کە لەدوای مێیەکەوە دێت لەو بەشەیا بێت کەلە ڕیزبەندی نێرەکاندا بێت، کە ئەگەر بە نێر یان مێش دەست پێ بکات کە

(١) بداية المجتهد بەرگی ٢ لاپەرە ٣٠٦.

هەموو ئەمانەش میرات نابەن لەلای موسوڵمانان بەڵام هەموو ئەمانە میرات وەردەگرن لەلای حافز ئەسلەم بەپێی یاساکانی کە داینـاوە.

وە ئەوەی کە نوێیە لەم بارەیەوە کە ئەم تەفسیرە بۆ ووشەی (ولد) بە گرتنەوەی کچەزا و بەشداربوونی لە میراتدا نەبوە لە نێو بیرووڕای ئیسلامیدا مەگەر لای کەسانێك نەبێ کە بەڵگەگرتن سنوردارەکەن بە قورئان بەتەنها و واش نابینێ کە پێویست بێت شوێن موسوڵمانانی پێش خۆی بکەوێت، کە ووتەی نەبوونی میرات بۆ لقێکی نارِاستەوخۆ بەمردوو بە هۆی مێیەکەوە کە ئاماژەمان پێ کرد کۆدەنگی موسوڵمانانی لەسەرە و کۆدەنگیش یەکێکە لە بەڵگەکانی بریاری شەرعی لە ئیسلامدا.

وەلەوەش زیاتر ئەوەیە کە زمانەوانەکانیش دان نانێن بەوەی کە کچەزا بچنە نێو خێزانی دایکانیانەوە چ جای بگات بەوەی کە میرات ببەن و شاعیرێك دەڵێت:

بنونا بنو أبنائنا وبناتنا بنوهن أبناء الرجال الأباعد

شەشەم: یاسای رِێگریکردن

دەرئەنجامی مەزهەبەکەیان لەم بنچینەیەشدا بریتیە لەوەی کە رێگریکردن لە میرات بە هۆکاری جیاوازی لە نێوان خێزانە پەیوەندیدارەکان دەبێتە هۆی دابڕینی یەکتر لەیەك، بۆیە پێویستە کار بەم یاسایە نەکرێ و دەبێت هەموو کەسەکان هاوبەش بکرێن لەو میراتەی کە جێماوە، و لە وەڵامی ئەم بۆ چوونەشدا دەڵێین:

پێدەچێت حافز ئەسەلم کاتێ رِەخنەی لەم یاسایە گرتوە بابەتی وەسیەت کردنی لە لا شاراوەبووبێت یان خۆی لێ بێ ئاگا کردبێ بۆ جوولانی هەست و ویژدانی ئەوانەی کە بەرگری لەم بۆچوونەی دەکەن چونکە شەریعەتی ئیسلام رِێگەیداوە

بەکەسێ لەژیانیدا وەسیەت بکات بەبەخشینی سێیەکی ماڵەکەی بۆ ئەوکەسانەی دوای مردنی میراتیان ناکەوێت لە ماڵەکەی وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەتوانێ ئەم دەستپێشخەریە بکات لەم ڕێگەیەوە بۆ بەخشین لەماڵەکەی پێیان، یاساکانی شەریعەت لە ڕاستیدا نابنە هۆکار بۆ دابڕان لە یەکتر، ئەگەر بێت و بەباشی و لەجێگەی خۆیاندا بەکار بهێنرێن.

چارەسەری گونجاو بۆ پەیوەستکردن و پەیوەندی لەنێوان میراتگرانی مردوو بە لابردنیی یاسای ڕێگری دروست نابێت بەڵکو بە باشی هەڵسوکەوت بە وەسیەت و جۆرەکانی دەبێت، وەئەگەر وامان دانا کە یاسای ڕێگریمان لادا ئەی چۆن بتوانین بڕی ماڤی تەواو بدەین بە خاوەنەکانیان کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێیداوە، وەك پیاوێك دەمرێت و ژنێك و برایەکی دایك و باوکی و کوڕێك و کچێکی هەیە بۆ نمونە، ژنەکەی هەشت یەکی دەکەوێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ کەسەکانی مردووەکەیە و بەجۆرێ کە کووڕ دوو هێندەی کچەکان دەبات بەپێی قورئانی پیرۆز و هیچ بۆ براکەی نیە لەبەر ئەوەی ڕێگرێك هەیە لەوەی پێی بدرێت و ئایا حافزچ پێدەدات؟

باشترین چارەسەر بۆ ئەم نمونەیە بریتیە لە وەسیەت کردن، نەك لابردنی یاسای ڕێگری لە میراتدا لەبەرئەوەی ڕێگری سەلێنراوە بەپێی قورئان و سونەت و کرداری هاوەڵان وکۆدەنگی موسوڵمانان.

حەوتەم: میرات دابەش ناکرێت ئەگەر نەبێ :

دەرئەنجامی مەزهەبەکەیان بۆ ئەم بنەمایەش ئەوەیە کە حوکمەکان سەبارەت بە مالّی بەجێماو و وەسیەت کاتین و کارکردن پێیان دەوەستێت لەکاتی بەدەستهێنانی سیستەمی ئابوری قورئان. . . .

لەوەڵامی ئەم بانگەشەیەدا دەڵێین:

کەئەمە خەون و خەیاڵێکە کە بەرۆژ لەکاتی بێهۆشی و بێداریدا ئاماژەی پێداوە، کەبەشێکیمان گفتوگۆکرد لەوەی کەوتویەتی لە بەشی (سیستەمی ئابوریی قورئان) لێرەش ئەوە زیاد دەکەین و داوای لێدەکەین بەڵگەمان بۆ بێنێت لە قورئانی پیرۆز بۆ ئەم بانگەشەیە لەکاێکدا کە هیچ بەڵگەیەکی بۆ شتی وا تێدا نیە.

وە گریمان ئەوەی بەرۆژ خەیاڵی دەکات بەڕاست بزانین ئایا لەشێوەی ئەو کۆمەڵگەیە لەکوێدا بوونی هەیە کە هیچ مالێکی بەجێماویان نەبێت کە بەش یان وەسیەتی لە بارەوە نەکرێت. کە لەپێشترین کەسیش بۆ ئەم دەستخستنی ئەم ئامانجە پەیامبەری خوایە پاشان جێنشینەکانی دوای خۆی و پاشان ئەوانەی کە سەرۆکایەتی دەوڵەتانی ئیسلامیان کردووە هەتا ئەمڕۆ. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەرچاوەیەکی ئیسلامی ئاماژەی بۆ ئەم شتە نەکردووە کە قسەی لەبارەوە دەکەین، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا باسی بەشکردنی مالّی بەجێماومان کرد بەدەستی پەیامبەری خوا[1] و پاشان بەدەستی جێنشینەکانی[2] و هاوەڵە بەڕێزەکانی و هەرگیز رۆژێك

(١) سنن الدارمي بەرگی ٢ لاپەرە ٣٨١.

(٢) سنن الدارمي بەرگی ٢ لاپەرە ٣٨١.

نەبوە لەناو ئومەتدا کە هەوڵ نەدرێت بۆ دەستخستنی مالّی بەجێماو بۆ خاوەنەکانیان هەتا ئەمڕۆ .

ئەوەی کە ئەوترێت کە مالّی بەجێماو بوونی نیە بۆ ئەوەیە کە دەوڵەت خاوەندارى هەموو ئەوەی زیاترە لەپێویستی کەسەکە بکات کە ئەمەش بنەمای بیری شوعیەت و ئیشتراکیەتە لە سەروەت و ساماندا و دانەپاڵی ئەم بیرەش بۆ قورئان بێباوەڕیە و کردنە بەڵگەی قورئانە بۆ شتێك بەشێوەیەك پێچەوانەی مەبەستی خوای گەورەیە .

گفتووگۆکردنی دوو بابەت (وەسیەت و میراتی نەوەزاکان کوڕەزا و کچەزا .)

ئەگەر لەگەڵمان پێکەوە تەماشای بیروڕای بەناوقورئانیەکان بکەین بۆ ئەم دوو بابەتە ، بۆمان دەردەکەوێت وای دادەنەن کە ئەم بیروڕایەیان لە دڵنەرمی و باش هەڵسوکەوت کردنەوە سەری هەڵداوە و بەم بۆچوونەیان وای وێنا دەکەن کە پەیوەستکردنی سونەت بە وەسیەت کردن ئەم دڵنەرمی و باش هەڵسوکەوت کردنە نایەڵێت کە داواکاری ئیسلامن .

هەروەك ڕێگری کردن لە نەوەزاکان لە میرات کە تادوێنێ پێویستی بە مالّی بەجێماوی باپیری بوە دوای مردنی باوکی لەکاتی بوونی مامەیدا هیچ جۆرە پاساوێك هەڵناگرێ چونکە نەوەزاکان لە پێشترن بۆ ئەو مالّە لە مامەی لەبەر ئەوەی هەتیو دەکەون و باوکیان لەدەستداوە ، بەڵام یاساکانی میراتی ئیسلامی ڕێگر دەکەن لە میرات پێدانی ، لەبەر ئەوەی نەوەکانی کوڕ لەگەڵیدا ئەوەی لەڕووی پلەوە لەخوار خۆیەوەتی میراتی ناکەوێت .

ئەوان لەژێر ئەم پەردەیەدا لەڕێگەی وەسفێکی درۆینەوە هێرش دەکەنە سەر متمانەپێکراوترین زانستی ئیسلامی لەگەڵ نەزانینیان بە بابەتی وەسیەت کردن بۆ

هاوشێوەی ئەم جۆرە نەوەزا هەتیوە، ئایا وەسیەت دانەنراوە بۆ ئەم بارووداوخە نەبێت، کە ڕێگریەك هەیە لەوەی میراتی بکەوێ لەماڵێك کە تادوێنێ پێویستی پێی بوە و ژیانی لەسەر ئەو ماڵە بوە، هەروەك دیاریکردنی وەسیەت بە سێیەك دانەنراوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە میراتدەر میراتگرەکانی پەیوەست بکات بە وەی ماڵەکەی بەڕێکی بەش بکەن و ماڵەکەی بەفیڕۆنەدەن، کە لە هەردوو بابەتەکەدا بە ڕێگری کردن لەوە و پەیوەست کردنی ئەمیان دوو پڕن لە دانای و کابەجێی . .

وەسیەتی شەرعی بۆ ئەو کەسانەیە کە میراتگر نین و لە نزیکەکانی مردوون، کە بڕەکەی هەتا نزیکەی سێیەکە، چونکە پەیامبەری خوا دەفەرموێت (إِنَّ اللَّهَ أَعْطَى لِكُلِّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ ؛ لَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ)[1].

واتە(ئایا خوای گەورە مافی تەواوی نەداوە بەهەموو خاوەن مافێك، وەسیەتکردن نیە بۆ میراتگر .)

وەلەبەر ئەو فەرموودەی کە پەیامبەری خوا بە سعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەکاتی نەخۆشی مردنەکەیدا کە پەیامبەر سەردانی دەکات دەفەرموێت :

(خوای گەورە ڕەحم بە کوڕی عەفرا بکات، سعدیش ووتی ئەی پەیامبەر ﷺ وەسیەت بکەم بە هەموو سەروەت و سامانەکەم، پەیامبەریش ﷺ فەرمووی نەخێر، سعد ﷺ وتی ئەی نیوەی ، پەیامبەریش ﷺ فەرمووی نەخێر، پاشان سعد ﷺ فەرمووی ئەی سێیەکی ، پەیامبەریش ﷺ فەرمووی (إنك أن تدع ورثتك أغنياء خير من أن تدعهم عالة يتكففون الناس)[2]

(١) سنن الدارمي بەرگی ٢ لاپەرە ٤١٩ .

(٢) رواه البخاري بەرگی ٣ لاپەرە ١٨٦ .

(سێیەك باشە و هەرچەندە زۆرە، چونکە میراتگرەکانت بە دەوڵەمەندی جێبێڵێت باشترە نەك بەشێوەیەك جێیان بێلیت کە داوا لە خەڵکی بکەن وپێویستیان بە خەڵك ببێت.)

بۆیە نەوەزاکان و هاوشێوەکانیان شەریعەت هەموو دەرگایەکی بەڕوویاندا دانەخستوەلە خاوەندارێتی، ئەگەر لە میراتیگران و ماوە لە لەمیرات وەرگران بێبەشی کردبن ئەوا ڕێگەی داوە بە میراتدەرەکان کە بە سێیەکی مالەکانیان لەڕێگەی وەسیەت کردنەوە بەشیان بدات بەبێ هیچ مەرج و بەندێك، وە بەزیاتر لە سێیەك بە ڕەزامەندی میراتگرەکانی کەبەمەش لەڕێگەی سێیەکی وەسیەتەوە نەوەزاکە لە مامەکەی زیاتری دەکەوێت-کە کوڕی مردوەکەیە- وە باپیرەی وەسیەتی کردووە بەو سێیەکە، ئەو دوو سێیەکەی تر کە دەمێنێتەوە لە ماڵە بەجێماوەکە بەپێی بەشەکانیان کە واجب کراوە بەش دەکرێن، کە سێیەکی وەسیەتکراو بۆ نەوەزاکان لە بڕی هەمومیراتگرەکان زیاتر دەبێت، وە ئایا دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە بۆ یاسای ڕێگری دەکرێ بڵێین کە ئەم یاسایە ڕەچاوی باروودۆخی ئەوکەسانەی نەکردووە کە پێویستیان پێیە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾. واتە: (تۆمان نەناردووە ئەی پەیامبەری خوا وەك ڕەحمەتێك نەبێ بۆ خەڵکی).

وتەی کۆتای

لەکۆتاییدا دەمەوێت چاوێك بخشێنمەوە بە کوورتەیەکی ئەوەی کە ئەم لێکۆڵینەوە لەخۆی دەگرێت، دوای ئەوەی کە هەستاین بە پووچەڵکردنەوەی بانگەشەکانیان بۆ بە تەنها بەسیەتی قورئان بەتەنها لەژێر ڕۆشنای بەڵگە ئەقڵی و نەقڵیەکان.

لێرەوە ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوە لە خۆی گرتوە :

١ـ ئەوەی پەیوەستە بە مێژووی بەناو قورئانیەکان و ئەو هەلومەرجانەی کە بوە هۆکاری گەشەسەندنی بۆچوونی بانگەشەکردن بۆ پشت بەستن بە قورئان بە تەنها دەرئەنجامەکەی گەشت بەمانەی خوارەوە :

أ) بەناو قورئانیەکان بەروبومی ئەو بیرو بۆچونانە بوون کە ئەندامەکانی بزوتنەوەکەی سەید ئەحمەد خان بڵاویان کردەوە، بۆ پەیوەندی نێوان بیردۆزە زانستیەکان و ڕاستیە ئاینیەکان.

ب) هەڵسوکەوتکردنی داگیرکەرە ئینگلیزیەکان بە سیاسەت (پەرت بکە وسوود ببینە) و هاندانیان بۆ بیردۆزە نامۆکان بە ئیسلام یەکێکی تربوو لەو کارانەی هانیان دەدات.

ج) هەڵەی وێناکردنی بەناو قورئانیەکان لە ڕاجیاییە مەزهەبیە سادەکان و گومانبردنیان بەوەی که هۆکاری ئەم ڕاجیاییە دەگەڕێتەوە بۆ سونەت بە شێوەیەك لە شێوەکان.

وە سەبارەت بەوەی کە پەیوەستە بە گرنگترین بانگخواز و کۆمەڵە نوێیەکانیان وام بۆ دەرکەوتوە کە پەیوەندی عبداللەدامەزرێنەری بەناو قورئانیەکان- بە داگیرکەرانەوە نهێنی و نادیاربووە وەك چۆن جێگرەوانی کۆمەڵەکەی (أمت مسلم أهل الذكر و القران) لە لاهور دەرنەچوەو، دەستی کردووە بە لەناوچوون زوو بێت یان درەنگ.

وە سەبارەت بە خواجە احمد الدین کە کەسێکی زۆر بیر فراوان و خوێنەرێکی لە ڕادەبەدەر بوو و بەتوانا بوو لە دامەزراندنی (أمة مسلمة) دا و پارەی زۆربەی کتێبەکانی سەردەمی خۆی دابین کرد و کۆمەڵەکەی هەوڵیاندا چالاکیەکانی بگەڕێننەوە لەماوەیەکی نزیکدا، وە حافز ئەسلەم ئەندامێکی کاریگەر بوو لە نێو گەنجانی زانکۆدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرووڕاو بۆچوونی بەناو قورئانیەکان و بەیەکێکیش لە پایە زانستیەکانی کۆمەڵەکەی پەروێز دادەنرێت، بەڵام بۆ خۆی کۆمەڵێکی دیاریکراو جیاکراوەی نەبوو، بەڵام تەنها کارەکانی کوورت هەڵهێنا لە پێشوازی گرووپی (طلوع اسلام)ی خویندکارە بەوەفاکەی و هەروەها دەستێکی خراپیشی هەبوو لە گواستنەوەی بیرووڕای بەناو قورئانیەکان بۆ سەربازگەی ڕۆژهەڵات و ئەوانەی کەلە دوای ئەو هاتن بەرگریان لە بۆچوونەکانی کرد و تائێستەش بۆچوونەکانی جێگەی بایەخ و قسەلەسەر کردنن لەلای هەندێ لە گەنجانی سەردەمی زانکۆ.

وە سەبارەت بە پەروێز و یانەکانی (طلوع اسلام) کاریگەریەکی بەرجەستەی هەبوو لە نێو پاکستان و دەرەوەیدا، لەهەموو بەناو قورئانیەکان کاریگەرتر و خاوەنی بەرهەمی نووسینی زیاتریش بوو، وە لەهەموشیان ڕەوانبێژ و ڕەخنەگر تربوو و

کۆمەڵەکەشی لەهەموو کۆمەڵەکانی تر ئەندامی زۆرتر بوو، وە ئەم بزووتنەوەی (تعبیر انسانیت) ی نوێیە لقێکی ناڕاستەوخۆی (طلوع اسلام) بوو.

٢ـ سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە بنەما مێژوویەکانی بەناو قورئانیەکان بۆم ڕوون بویەوە کە شیعە و خەواریج و موعتەزیلە کە نکۆڵی زۆرێك لەو شتانە دەکەن کەلە سونەتدا باسکراوە کاریگەریەکی ڕوونیان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی بەناو قورئانیەکانی پێشوو.

وە سەبارەت بە دەرکەوتنی بزووتنەوەی نکۆڵیکارانی سونەت لە نیمچە کیشوەری هیند ، بۆم دەرکەوتوە کە سەید احمد خان و جراغ علی و بزووتنەوە ئاشتیخوازەکانیان بوون کە بڕەویان بە گومانەکان دەدا لەدەوری سوونەت، بۆ درز خستنە نێو بیرووباوەری ئیسلامەوە و لە بەرووبومە تاڵەکەیان کۆمەڵەی (تەنها بەس بوونی قورئان) کە نکۆڵیکارانی سونەت بوون ئەستێرەیان دەرەوشایەوە.

٣ـ بەشی دووەمان تەرخان کردوە بۆ بابەتە گرنگەکە، کە لە بەشی یەکەمیدا گفتوگۆی گومانەکانیانمان کرد سەبارەت بە سونەت و لێکۆڵینەوەی زانستیمان خستە بەردەست بۆ هەڵوەشاندنەوەی بانگەشەکانیان، کە زۆرێ لە گومانەکانیان پشتی نەبەستوە بە تێگەشتنێکی ڕاست بۆ دەقە شەرعیەکان، بەڵکو کردنە بەڵگەی زۆر نابابەتی و خراپ بوون.

٤ـ لە بەشی دووەمیدا هەوڵمداوە ئەو بنەمایانە سنووردار بکەم کە بەناو قورئانیەکان لە تەفسیرە جیاوازەکانیاندا بنیاتیان ناوەو یەکەم بنەماش بانگەشەکردن بوو بەوەی کە قورئانی پیرۆز تەنها بەسە بۆ ڕێکخستنی تەواوی ژیانی

موسوڵمانان، کە بێ پێویستە لە جگە لەخۆی کە ئەویش لە دەرئەنجامێکی سرووشتی نکۆڵێکردن لە بەڵگە وەرگرتنی سونەوە بوو.

وەلەسەر ئەوەی بنیاتیان ناوە تەفسیری ئایەتەکانیان کردووە بە تەئویلاتێ کە بە شتێکی گشتگیر و پڕاوپڕ بۆ هەموو شتێ کە بوە و دەبێت، بۆ هەموو بابەتە بنچینەی و ووردەکاریەکان کە واجب یان سونەت یان ڕێ پێدراون لە حوکمە ئیسلامیەکان.

وە دووەم بنچینەیان بۆ تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بریتیە لە پشت بەستنی تەواو بە زمانی عەرەبی بەتەنها تەنانەت لە زاراوە گواستراو و وەرگیراوەکان وەك نوێژ و زەکات و سورەانەوە بەدەوری کەعبەدا.

وە بنەمای کۆتاییان بریتی بوو لە لادێدا بردنی هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان بۆ دەستخستن و بوون بەڵگە بۆ هەندێ بیردۆزی تایبەت وەك بیردۆزی ناوەندیی میللەت و سیستەمی ئابوری قورئان (الاشتراكية)، هەموو ئەمانەمان گفتووگۆکرد و پووچەڵکردنەوەکەیمان ڕوون کردەوە بەبەڵگەی قورئان و سوونەت و لۆژیك.

٥- سەبارەت بە بەشی سێیەم کە تایبەتمان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە بۆچوونە بیرووباوەڕیەکانی بەناو قورئانیەکان، کە لە بابەتی یەخواپەرستیدا تەفسیری هەندێکیانمان بۆ شیرك و هاوبەشبڕیاردان باس کرد- کە وای دەبینن ڕاجییای لە نێوان تاکەکانی ئوومەتدا بە جۆرێك لە جۆرەکانی شیرك و هاوبەشبڕیاردان دەزانن- وە بۆچوونی هەندێکیان لەسەر عەرشی خوای گەورە و ئیستوائبوونی خوای گەورە لەسەری- کە وای دەبینن هەردووکیان مەجازین.

وە لەبابەتی پەیامبەرێتیدا گفتووگۆی کۆدەنگی بەناو قورئانیەکانمان بۆ نکۆڵیکردن لە ڕووداتی دیاردە لەسرووشتبەدەرەکانمان کرد لەلای پەیامبەر و ئومەتەکەی و نکۆڵیکردنی هەندێکیان بۆ ڕووداتی کاری لەسرووشتبەدەر لەپێش سەردەمی پەیامبەرێتی، وە هەروەها بۆچوونی عبدالله و جێگرەکەی حیشمەت علیمان سەبارەت بە پارێزراوی پەیامبەرمان لە گەیاندنی پەیامەکەیدا پووچەڵکردەوە – کە لەلایان پەیامبەر پارێزراو نیە و بە زمانی دوو شتی ووتوە دەربارەی ئیسلام: قورئانی پیرۆز و ئەوەی کە زادەی میشك و ئارەزوو خۆزگەی دڵی بومـوە هەروەها گفتوگۆی بۆچوونی هەندێکیانمان کرد بۆ بابەتی کۆتا پێهاتنی پەیامبەرێتی و کە لای ئەوان واتای ئەوەیە کە (مرۆڤایەتی گەشتوەتە گەشەسەندنێکی فیکری و هەستیاری تەواو کە پێویستی بە هیچ ڕێنماییەکی ئوسوڵی نیە.

وە هەروەها باسی ووتەی هەندێکیانمان کرد لەسەر لەدایکبوونی پەیامبەر عیسای کوڕی مەریەم کە لە دوو باوانی شەرعی بوە، وە نەهاتنەوەی بۆ زەوی جارێ تر پێش ڕۆژی دوای و پووچی ئەو بۆچونەمان ڕوون کردەوە بەبەڵگەی عەقڵی و نەقڵی.

وە لەبابەتە پەنهان و نادیار و بیستراوەکان گفتوگۆی کۆدەنگیانمان کرد لە نکۆڵیکردنی بەرزەخ و نکۆڵیکردنی شەفاعەت و تکا لە ڕۆژی دوایدا و بۆچوونە جۆراو جۆرەکانیان بۆ ڕێناکردنی بەهەشت و دۆزەخ کە هەردووکیان لەڕۆژی دوایدا دروستدەکرێن و و هەردووکیان وێنەیەکی لێکچواندن بوون بەو شێوەی کە مرۆڤایەتی زانیویەتی لەسەردەمی دابەزینی قورئانی پیرۆز، یان سەردەمێك بن لە

سەردەمەکانی ژیانی مرۆڤایەتی- کەوای دەبینن ژیان هەتا هەتای بێت- وە چۆنیەتیان .

٦- لەبەشی کۆتاییدا باسی هەندێ بۆچوونی تەشریعی بەناو قورئانیەکانمان کرد، کەلە پەرستشەکان ووتەکانیانمان کۆ کردەوە سەبارەت بە نوێژ و مەرجەکانی و ڕۆکنەکانی و ژمارەی ڕکاتەکانی ، گفتوگۆیانمان کرد و ڕاستیمان دەرخست لەو بارەوە، وە لە زەکاتدا ووتەکانیانمان کۆکردەوەـکەوای دەبینن بەشی دەیەکی مالێ بێت، یان ئەوەی کە زیادەیە لە پێداویستیە پێویستەکانی کەسێك، کە هیچ کاتێك و بڕێکی دیاری کراو نیە بۆ ئەنجامدانی کە بەبێ بوونی ئەنجام نەدرێ، وە باوەڕیان وایە کە زەکات یەکێکە لەو کارانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی پێی هەڵدەستێ لەڕێگەی ئەوانەی کە خۆی ڕێکیان دەخات بۆ ئەو کارەـ گفتوگۆیانمان کرد و پووچەڵمان کردەوە بە پێی قورئان و سونەت .

وە لە ڕۆژوودا باسی یۆچوونە شازەکانیانمان کرد کە لە موسوڵمانان جیاوازبون، هەندێکیان دەڵێن ڕۆژوو لە مانگی دە و هەندێ لە مانگی یانزە و هەندێکیشیان دەڵێن لە مانگێك لە مانگەکانی سالێ بەبێ پەیوەستکردنی بە مانگی ڕەمەزانەوە، هەردوو بۆچوونەکەشمان پووچەڵکردەوە بەپێی قورئان و سونەت .

وە لەبابەتی مامەڵەکردندا باسی ووتەی هەندێکیانمان کرد لەسەر هەندێ سنووری ئیسلامی وەك بەردباران کردنی زیناکەری هاوسەردار، وە ئایا شایەتیدان زینا دەسەلێنێ یاخود نا؟ وە سزای کەسێکی شەراب خۆر چیە یان دز یان کەسێك کەلە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە؟ وە ئایا مەبەست لە بڕینی دەست لە ئایەتەکەدا بڕینی بەشێکی لاشەیە یاخود ڕێگریکردن و دانانی بەربەستە بۆ نەکردنی دزی؟

وەك چۆن باسی ووتەکانیانمان کرد لەسەر بابەتی فرەژنی و کە کۆمەڵێکیان بەشێوەیەکی گشتی ڕەتی دەکەنەوە و هەندێکیشیان ڕێگەی پێنادەن مەگەر بەو شێوەیە نەبێ کە ئایەتی سوورەتی نساء باسی دەکات، وە گفتوگۆی ئەو بۆچوونەمان کرد کەباس لەڕێگری فرەژنی دەکات لەلای پەیامبەران بەشێوەیەکی گشتی یان پەیامبەر دەخەنە ناو داواکاریە سنووردارەی ئایەتەکەی سورەتی نساء.

وە لە کۆتاییدا بۆچوونی هەندێ لە بەناو قورئانیەکانمان گفتووگۆ کرد لەسەر میرات، وەك ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت کۆیلە و جیاوازی ئاین کەس لە میرات بێبەش ناکات، وە پەیامبەران میراتی جێدەهێڵن وەك جگە لەخۆیان و ووشەی (اولو ارحام) بە ڕەهای تایبەت نیە بەوانەی کە میراتگر یان میرات لە ماوە وەرگر نین وە کچی کچ وەك کچی کوڕ میرات دەبات، وە لە دامەزراندنی سیستەمی قورئانی لە وڵاتدا میرات و دابەشکردنی میرات نامێنێ.

هەموو ئەم بۆچونانەمان پووچ کردەوەبەبەڵگەی قورئان و سونەت لەلایەك و بەبەڵگەی عەقڵی لەلایەکی تردوە.

وە لەکۆتای ئەم لێکۆڵینەوەدا ناتوانم کەوای دابنێم هەموو ئەوەم پڕکردوەتەوە کە جگە لەمن نەیان کردوە و گەشتومەتە پلەی تەواویەتی لەم بابەتەدا، چەندین نووسەر و خاوەن فیکر هەبوە ئەمڕۆ شتێکی نوسیوە و سبەینێ پەشیمان بوەتەوەلێ کە کاتێ پێشنیاری پێشخستنی ئەم و بەچاك دانانی دواخستنی شتێتریان لێکردوە، وە ئەگەر بێت و ئەوەی بۆ زیادکرایە باشتر دەبوو یان ئەوەی لێ لابرایە سەلامەت تر دەبوو، وە مەبەست لەم ووتانەشم ئەوەیە کە من هەوڵی خۆم داوە و ماوەیەکی درێژ کە نزیکەی دوو ساڵ و چەند مانگێك هەوڵی ئەوەم داوە کە بابەتەکە بەباشترین

شێوە بخەمە بەردەست و ئەگەر پێکابێتم ئەوە مەبەستم بوە و ئەگەر واش نەبوو خۆشەویستانم دەرگام کراوەیە لەپێش هەموو لێکۆڵەرێك بۆ تەواوکردنی ئەوەی کە کەموکورتی هەیە و پەیم پێ نەبردووە. وە داواکارم لەخوای گەورە کە ئەم کردەوەم بە خالصی لە پێناو خۆیدا لێوەربگرێ.

خوایە گیان لە دونیا و دوارۆژدا چاکەمان تووش بکەیت و لە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزیت.

رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ

﴿ لە وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە بوویناوە بەیارمەتی خوای گەورە﴾

٢٠١٧/٣/١٠

پێرست

پێشەکی وەرگێڕ ٧

پێشەکی نوسەر ١١

دەروازەی یەکەم ١٩

بەشی یەکەم ٢٠

میژووی سەرهەڵدانی قورئانیەکان ٢١

ئەلف : سەرهەڵدانی قورئانیەکان ٢١

بـــاء : ژیاننامەی ناودارترین بانگخوازەکانیان ٢٩

جیم : گروپی قورئانیەکانی سەردەم ٦٩

دال : هەڵوێستی حکومەت و زانایان و میللەتان لەسەریان ٨١

دەروازەی دووەم ٨٥

یەکەم : پێناسەی (سوننەت) لە ڕووی زمان و زاراوە ٨٦

دووەم : هەڵوێستی شیعە لەسەر سوننەت ٩٥

سێیەم : هەڵوێستی خەواریج لەسەر سوننەت ١٠٠

چوارەمەم : هەڵوێستی موعتەزیلە لەسەر سوننەت ١٠٧

پێنجەم : هەڵوێستی (قورئانیان)ڕابردوو لەبارەی سوننەتەوە ١١٣

شەشەم : نکۆڵی کردن لە سوننەت ، لەنیمچە کیشەوەری هندی ١٢١

أ . سەید أحمد خان ١٢٣

ب . چراخ عەلی ١٣٢

حەوتەم : نکۆڵی کردنی سوننەت لە ناو عەرەبەکاندا ١٣٩

١ . کاریگەری ڕۆژاواگەریی بۆنکۆڵی کردنی سوننەت ١٣٩
٢ . ئەو ئەدیبانەی بانگەوازیان دەکرد بۆ گومان لەسەر ئیسلام ١٤٨
قورئانی پیرۆز ١٥٤
دژیەکەکانی کتێبە ئاینیەکان ١٧٥
گاڵتەجاڕی بە بەدیهێنەرمان (الله) ١٧٨
کۆچکردن ١٨٠
محمد شۆڕشگێڕی ئیشتراکی ١٨٢
تێکۆشان لە پێناو خودا ١٨٣
٣ . هەڵوێستی موسڵمانا لەبارەی گومانکاانەوە ١٩١
٤ . نکۆڵیکردنی هەموو سوننەت ١٩٧
ئەوکەسانەی نکۆڵی سوننەتیان کرد و نوسینی سەربەخۆیان نەبوو ٢٤٠
بۆچوونی موسڵمانان لەبارەی نکۆڵیکارانی سوننەت ٢٤٥
ئەوکەسانەی نکۆڵی بەشێك لە سوننەت دەکەن ٢٤٨
دەروازەی دووەم ٢٧٣
گومانەکانی نەیارانی سوننەت لەسەر سوننەت ٢٧٥
گومانی یەکەم ٢٧٧
گومانی دووەم ٢٧٢
گومانی سێیەم ٢٩١
گومانی چوارەم ٢٩٨
گومانی پێنجەم ٣٠٨

گومانی شەشەم ٣١١
گومانی حەوتەم ٣١٨
گومانی هەشتەم ٣٢٥
بەشی دووەم ٣٤٥
ڕێبازی نەیارانی سوننەت لە تەفسیری قورئاندا ٣٤٧
بنچینەکانی تەفسیریان ٣٤٩
بنچینەی یەکەم ٣٥٥
بنچینەی دووەم ٣٦٩
بنچینەی سێیەم ٣٧٣
بەشی سێیەم ٣٩٣
بۆچونی بیروباوەریان ٣٩٤
١ . ئیلاهییات ٣٩٧
٢ . نبووات و پەیامبەرێتی ٤٢٠
٣ . لەبابەتە غەیبیەکان ٤٤٢
بەشی چوارەم : بۆچونی تەشریعاتی ٤٨٣
١ . پەرستشەکان ٤٨٦
نوێژ ٤٨٦
زەکات ٥٠٨
ڕۆژو ٥٢٥
٢ . لە مامەڵە و هەڵسوکەوتدا ٥٣٢

سنورەکانی شەرح (الحدود)..... ٥٣٢
فرەژنی..... ٥٥٥
میرات..... ٥٧٠
وتەی کۆتای..... ٥٨٧
پێرست..... ٥٩٥

قورئانیەکان

گومانەکانیان لەبارەی سوننەت

لەم کتێبەدا چەندین زانیاری گرنگ بخوێنەوە، لەوانە:

- گومانی قورئانیەکان دەربارەی سوننەت و وەڵامی گومانەکان
- ڕێبازی قورئانیەکان لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا
- بۆچوونەکانی قورئانیەکان لە بابەتی بیروباوەڕدا
- بۆچوونە تەشریعیەکانی قورئانیەکان

ناوەندی تیشک

بۆچاپ و بڵاوکردنەوە

07701432113

07501178680

Tishk

9 642021 000877

بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمی بەشین محمد